# ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک
## بەرگی سێیەم

### دەسپێك

لەبەرگی دووەم دا رونکردنەوەیەکم پێشکەش بەخوێنەرانی ئازیز کردبوو بەپێویستم نەزانی لێرەدا زیاترلەسەری بدوێم یاشتێکی کەی لەوبابەتە بۆبەرگی سێ یەم یش بنوسم، جگە لەهەندێك هەڵەی وێژەیی و چاپ نەبێ وەهەروەها لەسەر داوای زۆر لەوبەرێزانەی نامەیان بۆناردوم و پێشنیازی دڵسۆزانەیان کردووەو داوای پەلە کردن لەبەرگەکانی کە دەکەن و داوای هەرچی زیاتر نامەکان وخستنە روی دۆکۆمینت و بەڵگەنامەکان زیاتر بێت باشترە منیش هەر لەسەر راوبۆچونی ئەو بەرێزانە بەپێ ی مێژوو کاتی نامەکان زیاتر لەساڵەکان رەچاو کراوە لەکتێبەکەدا، دەربارەی ئەوەی هەندێك وەڵامی لێرەو لەوێ دەدرێتەوە ئەو وەڵامانە لای من زۆر لاوازەو نەم ویستووە چەند لاپەرەیەکی پێوە خەریك بکەم وەهەر وەڵامێکی کەش دەهێڵمەوە بۆئەو کاتەی هەر چوار بەرگەکە ئەگەر خوا یاربوو، ئەوە بەپێداچوونەوە بەهەر چوار بەرگەکەدا دەتوانم ئەو وەڵامانەش هەرلەو پەراوێزەدا رون بکەمەوە بۆخوێنەر بەبەڵگەوە، جار جاریش دەبیستم لێرەو لەوێ باس لەوە دەکەن یارەخنە لە بەرگی یەك و دوودەگرن وەیا دەگاتە ئەوە نکوڵی تا ئینکاری لەراستی بەڵکو نکوڵی لەنامەو کارەکانی خۆیان دەکەن یادەڵێن خۆنابێ هەموو راستیەك باس بکرێ یا ئێستا وەختی نیە، من هەر ئەوەندە دەڵێم.

1- هەرکەسێك کەقسە دەکات دەڵێت پێویستە مرۆڤ لەراستیەکانی خۆی لانەدات و هەرچی راستی هەیە بیڵێت باجەماوەرو داهاتووی چەواشە نەبێ، نازانم بۆلەئاستی رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك دەبێ هەموو راستیەك نەوترێ ، باسی ئەوە دەکرێ باشە بەلاّم حەق نیە ئێستاو هێشتا کاتی نیە ئەو مەسەلانە باسی بکرێ، من پێم وایە ئەو دوو رەخنەیە باوی نەماوەو هەردوکی کۆن بووەو باروبنەی خۆی پێچاوەتەوە بەتایبەتی لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیست دا رۆیشتووە یاخۆ ئەوە قسەی کەسانی بێ دەسەلاّتە، کابرای جافە ووتی تاخاوەنی ئەولولەروتە بم دەبێ بەکاڵ بڵێم کاڵ و

بەکولاو بلێم کولاو ئەوەی راستی بێت بیَ دوودڵی دەیلێم ئەویش بەقەناعەتی خۆم و ئەو بەڵگەنامەو قسەو باسانەی خۆمی تێدا بوومە، لەوانەیە زەرەری شەخسی هەبێ بۆخۆم بەلام سودێکی گەورەی بۆمێژوی گەل و نەتەوەکەمان وبەئاگا هێنانەوەی نەوەکانی داهاتوو گرنگ دەبیَ من هەمیشە هەرلەدوای سودی گەلەکەم بومەو هەرواش ئەو تەمەنە کەمەی بەرێکەوت یاخوا یارمەتی داوم لەو هەموو دەردی سەری و شەرو ئاگر باران و روداوە سەیرانە رزگارم بووە تەمەنی گەنجی خۆم ناوەتە سەری لەپێناوی حەق و راستی و دژ بەچەوسانەوەی نەتەوەکەم و مرۆڤایەتی کارم بۆکردووە تالەو چەند ساڵە کەمەی مانی تەمەنمدا لەهیچ کارێکی چاك و خراپی خۆم کەکردومە پەشیمان نیم و ناشبمەوە چونکە هەر کارێکم کردووە بەقەناعەتی خۆم بەچاکم زانیووە وەمێژوی نەتەوەکەشم لەهەموو شت لا گرنگ ترە، دەربارەی ئەوەی ئێستا وەختی نیە ئەوشتانە بۆباس بکریَ من روو لەو کەسانە دەکەم و دەڵێم بۆ وەختی نیە خۆئێستا من ماوم و ئەو کەسانەش ماون، دەشیَ خوێنەر لەدڵی خۆیان دا بەدوو دڵی دەڵێن هەمووی راستە بەلام بۆناو جەماوەری ئێستاو لەپلەوپایەی ئەو کەسانە شەرمیان لەنوسینە دەست خەتەکەی خۆی دیَ یاپیَ ی ناخۆشە ئەقڵی (20) ساڵی پێش ئێستای خۆی ئاشکرا ببێت و خەڵکی بیبینیَ، ئەوە کێشەی من نیە ئەوە کێشەیە کەراستی بزانم و بیَ دەنگ بم لیَ ی و یابەپێچەوانەوە باسی بکەم ئەگەر من نەمام خۆم دەزانم چۆن گۆڕان لەراستیەکانی نوسینەکان دەکریَ یائەو کەسانەی باسیان کراوە ئەگەر نەمان هەزار قسە دەکریَ وانیە یائەگەر بمایە وانەدەبوو، ئێستا من ماوم و هەم ئەو کەسانەش زۆربەیان ماون ئەگەرواش نیە بابڵێن وانیە ئەو کاتە من قسەناکەم وهیچ ناڵێم بەلام بەنامەکانی خۆیان دەخەمە بەردەم خوێنەران بائەوان بێن و وەلام بدەنەوە، من دەنوسم بائەوانیش بنوسن و وەلامی هەبیَ ئەگەر گومانێکیان هەبوو، بەلام من جارێکی کە دەڵێم ئەو کەسانە ناویان هاتووە سەروەریە بۆیان کەبەشداری مەسەلەی رەوای میللەتەکەیان بون و هەرکەسەش رادەی هوشیاری خۆی یارمەتی داوەو دەیدات وەهەر کەس لەنامەی خۆی پاش گەز ببێتەوە وەکو ئەوە وایە کەسێك باوکی بەکەم بزانیَ و لەناو کۆمەڵ دا خۆی لەباوکی حاشای لیَ بکات پیَ ی

عەیب بێت ئەو کەسە باوکی ئەوە، من دژی کەس نەبومەو نیم هەرگیز کەس بەدژی خۆم نازانم، بۆیە پێویستە ئێمەش لەگەڵ ئەقڵیەتی سەردەم و سەدەی (21) دا جێ نەمێنین لەتەکنەلۆژیاو ئەنتەرنێت و هەموو بوارەکانی تەکنەلۆژیا مرۆڤ دروستی دەکات، دەبێ ئەقڵ و هۆش و بیری مرۆڤ لەپێش ئەو ئامێرانەوە بێ کەمرۆڤ خۆی دروستی دەکات وەدەبێ چەك و هەرەشەو گورەشە و چاوسورکردنەوە و کوشت وزەمانی درندەیی بەلاوە نێین و بەگفتوگۆ و ئەقڵی سەردەم و رێگای مەنتیقەوە بۆیەکلا کردنەوەی هەموو مەسەلەکان بڕۆین و بەچەکی مەنتیق و پێشکەوتن و بەچەکی ئەقڵ و هۆش وبەچەکی سەردەم کەئەویش قەڵەمو گفتوگۆی هوشیاریە بۆبیناکردن و پێشخستنی مێژوی میللەتەکەمان و وڵاتەکەمان و دەرس وەرگرتن لەکەموکوریەکان چارەسەر بکەین، من ئەگەر هەر لەسەر ئەوقەناعەتە ئەبم کەلەسەرەتای هەست کردنم بەچاکەو خراپە وەباوەرم وابووە هەمیشە زمانی گوڵ بەکار بهێنم و هەمیشە لەوەڵامی چەکی تردا چەکی بیرو باوەرو مەنتیق بەکار بهێنم ئەویش گفتوگۆیە وەئەو کۆلکە خویندەواریەی پەیدام کردووەو ئەو قەڵەمە لاوازە هەمە، بەسوپاسێکی زۆرەوە ئەو هەڵانەش راست دەکەینەوە .

لەگەڵ رێزمدا

محمدحاجی محمود

ئەگەر من شێتم گەر بێ ئیمانم

ئەطەر سەرخۆشي مەيخانەكانم

هەریەك بەجۆرێ لەمن تێ ئەگات

منیش هەرئەوەم کەخۆم ئەیزانم

((<u>خەیام</u>))

------------

سەیری رەنگی خۆم دەکەم خۆم ناناسمەوە
نازانم من کێم..
لەبەردەم راستیەکان خۆم ناگرم هەڵدێم
لەرۆژانی فەرحانەدا غوررورم نابینم بەرپێم
لەرۆژانی سەختتا خۆم ناناسمەوە
نازانم من کێم
لەبەردەم راستیەکان  خۆم ناگرم
هەڵدێم ...هەڵدێم
2000/3/1– سلێمانی

## (( کورتەیەك لەژیانی نووسەر ))

چەند جارێك بەنامە داوام لێ کراوە لەبەرگەکانی کەش بۆ من باسی خۆم و بنەماڵەو تیرەو تایفەو عەشیرەت وعێلی خۆم نەکردوە، وا لێرەدا باسێکی کورتی دەکەم ..

ناو.. محمد کوری حاجی محمود کوری مەلامحمد کوری سان ئەحمەد کوری عبدالقادر کوری شامان کوری حمەرەش کوری کلاٌورەشی کوری نادر شا،

لەدایك بونم لە(1953/6/26 )زایینی یە لەسەر گردە لەت لەناورەش ماڵدا لەگوندی قەدەفەری سەر بەناحیەی خورماڵ قەزای هەڵەبجە، وەئێستا لەسەر جادەی گشتی سلێمانی – هەڵەبجەیە... لەتیرەی نادرشایی م، نادرشایی تیرەیەکە لەتیرەکانی عەشیرەتی هارونی لە عێلی جاف... دوای ئەوەی بۆیەکەم جار تیرەو هۆزەکانی جاف دێنە ناوچەی

شارەزوور ئێمەش لەگوندی قەدەفەری گواستومانەتەوە بۆ گوندی گوڵەخانە کەئەو کات من تەمەنم شەش مانگ بووە، ئاوەدان کردنەوەی شارەزوور لەلایەن عێلی جافەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی سەرکەوتنی جاف لەشەری سەر شیوی سەقزو مەریوان بەسەر بڵباس و کافرۆش ومەنمیدا.

حاجی محمودی باوکم لەشەوی یەك شەممە رێکەوتی 13-1974/1/14 لەگوندی گوڵەخانە لەپاش پێنجەم حەجی (3) سەعات لەماڵی خۆی و لەناو ئێمەدا ژیاو کۆچی دوایی کرد، من ئەوکاتە گەورەی ماڵ بووم تەمەنم (21) ساڵ بوو، وەباوکم (3) ژنی هێناوە، لەپاش خۆی ئەم کورو کچانەی لێ بەجێ ماوە .

(محمد حاجی محمود، عەلی ، عبداللە، ئامین، روقیە، پرشنگ، ئایش، گەلاوێژ، خاوەر، فانۆس).

## رون کردنەوەیەك بۆخوێنەری خۆشەویست

خوێنەرانی ئازیز...

زۆر لەبرا خوێنەرو نووسەرەکان راوبۆچونی خۆیان دەربریوەو زیاتر پێ لەسەر ئەوەش دادەگرن گوایا لەروی ئەدەبی و زمانەوانیەوە پێویستە پسپۆری خۆی پیابچێتەوەو زیاتر گرنگی پێ بدات و بیرازێنێتەوە، ئێمەش راکانیان بەئیعتیباری نەزەر وەردەگرین، بەڵام من شەخسی وام نوسیوە بەزمانێکی پاراو سادەی کوردەواری و ئەو زمانەی کەزۆربەی کورد پێ ی قسە دەکات و لەیەك تێ دەگەن و حاڵی دەبن، هەر بەو لەهجەیە بینوسمەوە چونکە منیش هەندێك شارەزایم هەیە لەرووی زمان و وێژەوە کۆمەڵێك وشەی داتاشراوی نوێی ئەو سەردەمەی تێ بئاخێنم، وەکۆمەڵێك وشەی بێگانەش وەکو (سایکولۆژی وستراتیژی و کوسمۆپۆلیتی مێژو جوگرافی و استراتیژی و جیوپۆلۆلیتیك و رەوان شناسی و دایەلوگ و کۆنتاك و جۆبوگراف و هونەری ...هتد، وشەی ئەدەبی و رێکخستن و دارشتنێکی ئەدەبی. یازۆر برای دڵسۆز ئامادەیی خۆی پیشان داوە، زۆر کتێب لەو وشانەی تێدایەو

وەزۆر کتێب بەرگی جوان و رەنگاو رەنگ بەلأم بەسەدان لەو کتێبانە لەماڵ خاوەنی یا لەکتێبخانەکاندان و کەس تاقەتی کرین و خوێندنەوەی نیە، گرنگ تێگەیشتنی جەماوەرو خوێنەرێتی و ناوەرۆکی ئەو کتێبە تاچەند جێگای ممتمانەی خوێنەرەو جەماوەری خوێنەرێتی و چەند ناوەرۆکەکەی بەهێزە، هەتا ئەو کەسانەش پێیان خۆش نەبێ لەدڵی خۆیان دا دەڵێن ئەو کتێبە واقیعە بەلأم نایانەوێ هەموو کەس گوێ ی لەو وشەیان بێ، هەربۆیە منیش بەو زمانەو لەهجەیەی خۆم و ناوچەکەم و زۆری کوردەواری پێ ی ئاخافتن دەکەن خۆمانی لێ هەڵە نەکەین و لەناو کۆرو کۆمەڵ و بن دیوارو سەر مەرەزەو چاخانەوتەقەی دۆمینەو سەرخەرمان و کۆبونەوەی شەوانەو قسەو باسی ئەوانەی پێکەوە لەدوکانێك یا لەجێگا گشتیەکان کۆدەبنەوەو یەك کەس بۆ هەموانی دەخوێنێتەوە بەو زاراوەیە منیش پێشکەش خوێنەری بکەم و زۆر وشەش لەبیر نەچێتەوە، هیوادارم ئەوخۆشك وبرایانە لێمان دڵگران نەبن بەراستی خاڵێکی کەش هەبوو ئەویش زۆربەی زۆری یاهەموو پیاچونەوەکان و رێکخستنەکان لەسەر شانی خۆم بووەو هەرخۆم کردومە لەگەڵ کاك سالاری کۆمپیوتەردا، وەبەرگی دووهەمیش راگەیاندن پێداچونەوە ومانـدوبون لەگەڵیداو سوپاسیان دەکەم، لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی کتێب ئەوەی خۆم ویستومەو مەبەستمە دەست کاری نەکرێ هەربۆیەش زیاتر خۆم ئەو ئیشانەم لەئەستو گرتووە چونکە بەهەر کەسی بدەیت شتێك هەر دەست کاری دەکات منیش نامەوێ لەقەناعەتی خۆم لادەم، دەمەوێ راستیەکان بێ گرێ وگۆڵ و بێ هیچ دوو دڵی یەك مەسەلەکان ساکارانە بخەمە بەردەم خوێنەرانی ئازیز بێ گومان هیچ کتێبێك بێ کەموکوری و هەڵەنابێ بەلأم هەوڵم داوە هەڵەکان کەمتر بکەمەوە، بەرێزو سوپاسەوە .

محمد حاجی محمود

## (( پۆزش ))

خوێنەرانی خۆشەویست... لەبەرگی دووی (ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك) دا هەندێك هەیە بۆیە بەپێویستمان زانی ئەو هەڵانە ڕاست بکەینەوە ....

1-عەلی عەسکەری پارەی برد بۆبارزانی رەحمەتی بۆئەوەی نەرواتە تورکیاوە.

2-محمد نظیف لەساڵی شەستەکان کوشتویانە، نەك محمد نظیف قادری کەدەیناسم و نامەیەکی لەبەرگی دووهەم دا هەیە .

3-گوندی نەویٚ جگە لەبەگ زادەکان، زەردۆیی و پەرخی دانیشتوانی پێك دەهێن.

4-گوندی وەڵەسمت زەردۆی یە .

5-لە 1981/10/3 مام ئاراس کەوتە کەمینەوە لەگوندی سۆیلەمیش نەك لەساڵی 1983.

6-لەرۆژی 1981/5/31 کەمینێکیان بۆدانابن لەگوندی ناوگردان ، نەك ئێمە کەمینمان داناوە .

7–قادرکۆکۆیی لەشەری پارتی و بزوتنەوە شەهید بوو لەگەڵ یەکێتی کردیان لەنزیك گوندی تەپەرەش ی سیدصادق .

## له پێشوازی کریسمسدا

سەری هەموو ساڵێك لەدنیای شارستانیەت بەگشتی و دنیای مەسیحیەت بەتایبەتی سەری ساڵ هەموو کەس لەگەڵ ماڵ و منالی دەچێت بۆئاهەنگ و بەسەرکردنەوە، ئێمە نەلەبۆنە دینیەکان و نەلەبۆنە میلیەکان و نەلەبۆنە نەتەوەییەکان و هەموو جەژنەکانی کەی وەکو رۆژەکانی مناسەبات وەکو رۆژی مامۆستاو رۆژی نیشتمانی و رۆژی کرێکاران و رۆژی ئافرەتان و رۆژی خوێندکاران ولاوان و رۆژی منالآن و رۆژە هەینیەکان ، ئێمەش وەکو ئەوەی کەجەژنمان نەویٚ و زۆرجار لەو رۆژانەو لەو مناسەبانە لێمان دراوەو لێمان کوژراوەو لەناوچووە ئێمەش کەلەناخۆشترین روداوەکانی کوردستان و عێراقداو لەژێر تەپوتۆزی شەرێکی گەورەدا بوین لەنێوان عێراق و ئێراندا و خۆراکەکەشی خەڵکی کوردستان وعێراق وئێران بووە، ببوین بە بەشێك لەو شەرە کەلەشۆرشدا پێشتر هەروا لەوبارە ئالۆزەدا دەژیاین لەسەری ساڵ و لەجەژنەکان هەر لەسەر رێگاو هەورازونشیوی و کەمین ولەغم و ناخۆشی و هەر رۆژەی لەجێگایەك بوین بەسەرمان دەبرد، لەرۆژی 1987/1/1 شەوەکەی شەوی رابردوی بەناو کەمین و گولە تۆپ وجاش دا تێدەپەرین، لە1987/1/1 لەگوندی شەشکی خوارو بوین و لەمالآن دابەش بوین و ئاگامان تەنها لەوەبوو شەوی داهاتوو چۆن لەناومەعەسکەروکەمین ورەبایە و تەلبەندو تەلی درکاوی و دەیان خەتەریات و یاری کردن بەمەرگی خۆمان بکەینەوە، نەك بیر لەژیان بەڵکو بیر لەمردن لەپێناوی ژیان تیاچونی بەشێکی کەم لەپێناوی زۆرینەی گەلدا، لەشەشکەوە چوینە گۆمەلارودێکۆن نانی ئێوارەمان لەدێکۆن خوارد، سەعات (11)ی شەو کەوتینە رێگا بەلای گوڵپ و دەرە سولان و سەرگەت و هانەی دنەوە لەباخەکەی جمیل بەگەوە چوینە هانە نەوە بەلآم لەبەر نەبونی جێگاو سەرمای زۆر تابەیانی نەخەوتین، شەوی 1–1987/1/2 کەزۆرکەس لەژیانی خۆش دا ناخەون بەلآم ئێمە لەبەر بێ چاو بێ

گەرماوسەرمای زۆرو زەبەندو نەبونی جێگای وشك تابەیانی بەو عەرەقەوە كردبومان نەمانتوانی بخەوین بەلاّم نەخەوتن ئەوانەی لەشیراتۆن و جێگاخۆشەكان ئاهەنگ دەگێرن و ناخەون، شەوی 1-1/2 /1987 هەر سالێك ئێمە لە 100٪ بەپێچەوانەی ئەوانەوە نەخەوتین، لەرۆژی 1987/1/2 گەراینەوە بۆقەلەخانی بەفرێكی زۆربوو لەرێگادا، لەرێگای دزلی توشی پێشمەرگەی یەكێتی و پارتی بوین، پاسدارلەكاك حامید حاجی خالیدیان پرسی بوو تۆ چیت، ئەویش وتبوی من كۆمەڵەم لەسەر ئەوە رێگایان نەدابوو بێتە دزڵی ئەویش كردی بەگریانەكەی بۆماو لەمەریاوەكەی لای میری سورودەرەكۆرە منیش پێم ووت بۆوات وتووە ئەویش ووتی من مەبدەئیم و كۆمەڵەم قابیلە لیٚ ی پەشیمان ببمەوە منیش پێم ووت بۆیە حاڵت خۆشە لەناوئەوبەفرە دانیشتوی، هەرئەو رۆژە چوینە دزڵی تا 1987/1/5 هەرلەدزڵی بوین، لەرۆژی 1987/1/6 (66) ساڵ تێدەپەری بەسەردامەزراندنی سوپای عێراقدا ئەو سوپایەی جگە لەتاوان تائەمرۆ شتێكی بۆگەلانی عێراق بەگشتی و گەلی كوردبەتایبەتی نەكردوە، هەر لەدزڵی بوین تارۆژی 1987/1/9 پاشان چوینە سنە بەلاّم لەرێگا ناخۆش بوو شەری عێراق ئێران لەخوارووی عێراقەوە بەگەرمی بەردەوامە من لەسنە بوم لەماڵەوە بەلاّم رۆژانە ئیشی حزبم دەكرد، شەری خوارووی عێراق بەناوی كەربەلاوە بەگەرمی دەستی پێكردبوو، لە1987/1/10 لەسنە بوم تا 1987/1/13، لە1987/1/14 جیهازێكی فۆتۆ ئستێنسڵی تازەمان كڕی بۆراگەیاندن بە (73)هەزار تومەن و كۆنەكەمان دا بەراگەیاندنی لقی كەركوك و ئەمەمان ناردەوە بۆراگەیاندنی لقی سلێمانی بۆ ئیشوكاری حزب لەگەڵ (2) رۆنیۆی جۆری گێسەندەرو (2) تابیعەی برازەرو ئۆلمپیكدا، لە رۆژانی 16و1987/1/17 هەر لەسنە بوم ماڵمان لەكوچەی كەمالی غەفاری بوو لەسەر شەقامی مردۆخی لەسنە (مردوخی مێژو نوس و فەرهەنگ نوسی كوردی سنە بوو)، لە987/1/18 بەرێ كەوتین بۆ دیوان دەرەو سەقزوبۆكان لەسەعات (3)پاش نیوەرۆ دوای ئێمە تەیارەی عێراق لەشاری سنەی دابوو یەك هەزار كەسی زیاتر شەهیدو بریندارێكی زۆرودوو قوتابخانەی سانەوی كچان بەتەواوی لەناوچوبوو، شاری سنە یەكێك بوو لەو شارانەی زۆر قەڵەباڵغ بووخەڵكی زۆری مەریوان و ناوچەكانی كەش رایان كردبوو دەچونە شاری سنە ئەوكات بەهۆی شەری

پارتی وديموكرات و كوردی ئێران دژی لایەنە سیاسیەكان بوون خەڵكی سەر بەعێراق و هەندێك لەلایەنە سیاسیەكانی ئێران وایان قەناعەت هەبوو لەبەر خاتری كۆمەڵەو لەبەر ئەوە سنە دژی كۆماری ئیسلامیەو تەرەف داری عێراقەو شوێنی ئەوانە ولەلایەن عێراقەوە بۆردومان ناكرێت و رژێمی عێراق وەعدی داوە بەكۆمەڵە بۆردومانی ناكات ئەیانوت دەترسین ئێران خۆی بۆردومانمان بكات رۆژانە لەو كوردە عێراقیانە پەناهەندە بون یا پێشمەرگە بون یاماڵ و رێگایان لەوێ بوو قسەیان دژ دەكردن پێیان دەوت باوە بۆ هاتون (صدام حسێن) قەشەنگەو سنونیەو خودموختاریشی داوەو برنج و رۆن و سێڤ زەمینی هەرزانە و ئیتر بۆناڕۆنەوە من زۆرجار حەزم دەكردبەتەنها بگەرێم بۆئەوەی رەئی خەڵكی بزانم لەتەكسی سوار دەبویت  لەبازار لەقاوەخانە هەمووی دژی ئێران و دژی ئەو كوردە عێراقیانەی لەوێ بوین بەهەمویان دەوت قیادە مەبەستیان قیادە موەقەتە بوو، رۆژێك لەسەرتاشخانەیەك سەرم چاك دەكرد كابرا هەرنەی دەبریەوەو قسەی كرد دژی مەلاكانی ئێران و وەسفی صدام حسێنی دەكردودەیوت  ئەم كوردانە بۆناڕۆنەوە، وتم كاكی برا تۆ خۆت دژی رژێمی وتی هەموو شاری سنە دوژمنی خوین خۆری خومەینین، وتم بۆپشتیوانی لەكۆمەڵەو دیموكرات ناكەن وتی دیموكرات هیچ نیەو كۆمەڵە هەیە، ووتم باشە بۆیارمەتی كۆمەڵە نادەن كابرا ووتی چۆن ئەوە نیە هەموو كورەكان و كچەكان كۆمەڵەن ووتم بەقسە یابەكردەوە ووتی بە كردەوە وتم بۆ (4) رۆژ پێش ئێستا(3) پێشمەرگەی كۆمەڵە هەموو شاری سنە گەران كەس جێ ی نەكردنەوە كە (500)هەزار كەسی لێ یەو كەتەكسیش نەی دەگواستنەوە تا پێیان زانین وخەبەرتان لێدان و یەكێكیان كوژراو دووانیان گیرا، وتی جا لەهەر ماڵێ بیان گرن ماڵەكە بەدبەخت ئەوێ ، ووتم ئەوانە بەد بەختتان نەكردن وتی بۆچی من بەد بەختم كردن وتم برۆیشتایەت بتهێنایەتەوە ماڵەكەی خۆت و ئاگاداری 3-4 دراوسێت بكردایەو شەو دەست نیشانی پیاوانی حكومەتتان بكردایا بۆیان بائەوان دەستیان بوەشاندایەو دەربچونایەوە بۆئەوەی جارێكی كە باشتر دەهاتنەوە بۆچالاكی ئێستا ئاوا نەدەكوژران و كەسی كە ناوێرێ بێتەوە، كابرا ووتی جا دراوسێكەم بزانێ گوزارشم لێ ئەدات، ووتم ئەی تۆ نەتوت  هەموو شاری سنە كۆمەڵەیە، ووتی با بەڵام خۆنابێت هەمووامان خۆمان بەدبەخت بكەین،

کوردایەتی پێ خۆش بوو داخی دڵی خۆی بەئێمە برێژێ بەڵام زەرەر نەکات و ئێواران لەبلوار گەشت بکات بەڵام قەیناکە بگێرێن، رۆژێکی کە لەگەڵ کاک شەوکەتی حاجی مشیر هەردوکمان دەگەراین ووتم وەرە بابروین بزانین کوردایەتی ئەو خەڵکە وکۆمەڵەو رەئی ئەوخەڵکە چۆنە، چوینە دوکانێك کابرا وتی من کۆمەڵەم دوای قسەومناقەشەیەکی بێ سەروبەر کابرا لەدوکانەکەی رەسمێکی شێخ محمد شێخ عبدالکریم کربچنەی هەڵواسی بوو ووتی کاکەگیان توخوا شێخ چۆنە، ووتم باشە.. ووتی ئێستا لەکوێ یە ..ووتم لەو جێگای ئیرشادی تێ دا دەکات ..ووتم تۆچۆن شێخ محمد دەناسی ..ووتی من مریدی ئەوم دەروێشی ئەوم.. ووتم تۆ چەند سەعاتە باسی مارکس بۆمن دەکەیت..مارکس ودەروێشی چەندی بەچەندە..ووتم تۆلەکامیان تێگەیشتوی..ووتی لەهەردوکیان تێ گەیشتوم..ووتم ئەگەر وا تێگەیشتویت لەهەردووکیان وادیارە بەئێمە تێناگەیت و بەجێمان هێشت، جارێکی کە لەخیابانی سیروس لەدوکانێك لەمەکتەبی خانوو بەئیجاردان ووتیان ئەوە ئێوە کەی هاتوون لەعێراق..ووتمان (10-15) رۆژە.. ووتی توخوا ئەو هەموو مەشروبە جوانەی صدام ئەو عێراقە خۆشەتان بەجێ هێشتووە هاتون بۆلای ئەم مەلایانە باوەگیان خۆت بۆنارۆنەوە ئێمە زۆرنەمان دەویست برۆینە ناوقسەکانی ئەوانەوە..من ووتم ئەم برادەرە بەکاك شەوکەت سەربازی فیرارەو ئەیگرن ئەم لەترسا هەڵهات و منیش وابەبۆنەی ئەوەوە هاتووم بۆئێرە..ووتی خۆتان تەحویل بدەنەوە کەس رێگاتان ناگرێ..کاك شەوکەت ووتی من لەعێراق هیچم نیەو لێرە پەتاتەو قەندورۆغن و کرێ ماڵم پێ ئەدەن بۆبرۆمەوە کابرا هەرئەوەی مابوو پەلامارمان بدات ئەوە وابلاو بوەوە بەقەناعەتەوە صدام حسێن تەلاقی خواردووە نەیزانیوە تەیارەکانیان لەسنەی داوە ئەو دعایانە وای کرد شاری سنە لەروی زیانی گیانیەوە لەهەموو یازۆر شاری کە زەرەری زیاتر بێت، شەوی 18-1987/1/19 لەبۆکان بوین ولە 1987/1/19 چوینە مهابادو سەردەشت و میراواو ئالوتان وکاولان بۆمەکتەبی سیاسی حزب ئەوکاتە لەوێ بوو، لە 1987/1/20 هەر لەمەکتەبی سیاسی بوین خەریکی کۆبونەوەو وەزعی خوارەوەو ئەوماوەیە چی کراوەو چی کەش بەدەستەوەیە بکرێت، لە1987/1/21 لەکاولانەوە چوینە خانەو نەغەدەو شەولەوێ بوین، لە987/1/22 چوینە رەزائیەو

شەولەماڵی خاڵە حاجی بوین، لەڕۆژانی 23و1987/1/24 هەرلای دکتۆروچاك کردنی ددان بوین، لە1987/1/25 دەعوەت بوین لەماڵی مامۆستا مەلاناصح لەئورمیە، لە1987/1/26 هەر لای دکتۆرمحمود عێراقی بوین، لە1987/1/27 لەئورمیە بوین هەواڵ بلاوبوەوە کە (سعدصالح جبر) حزبێکی دروست کردووە بۆدیفاع لەگەلانی عێراق باوکی لەزەمانی مەلیکیەتدا رەئیس وەزەرا بووە، لە1987/1/28 هەر لەئورمیە بوین، لەڕۆژی 1987/1/30 من وکاك رەسول وخاڵە حاجی لەماڵی کاك مەلاناصح بوین پاشان چوین سەردانی کاك فەرەیدون عبدالقادرمان کرد لەئورمیە وابزانم لەماڵی کاك عەلی کەمال بوو، لەوانەی علاقاتی یەکێتی بون بەسیارە لەرێگای سنەو دیواندەرە وەرگەرابوون بەلأم سەلامەت بون، لەڕۆژی 1987/1/31 لەگەڵ ماڵەوەمان لەئورمیە بوین لەلای دکتۆرێك بۆچاك کردنی ددان لەگەڵ ماڵەوەمان پێکەوە لەتەختی جەمشید لەئورمیە لەخیابانی خیام(شەقامی خیام) لەسەعات(10)ی سەرلەبەیانی تەیارەی عێراقی هاتە سەری و لیٚ ی داو زەرەرێکی زۆری ماڵ و گیانی داو دەیان سیارە سوتاو دەیان مرۆڤ کوژرا زۆربەیان لەپشتی سوکانی سیارەکەوە سوتابوو، ئێمەلای دکتۆربوین کەمتر بەری ئەوبینایە کەوت بەلأم هەموویازۆری شوشەکانی هاویشتە خوارەوەوزۆر لەدیوارەکەی روخاندو چەندجارێك ئێمەشی دا بەدیوارەکەدا بەلأم بەسەلامەت دەرچوین و لەچەند جێگایەکی شاری ئورمیەدا خوا رەحمی کردو بیٚ وەی بوین دەرباز بوین لەمردن لەو کارەساتە هەر لەورۆژانەدا شەری عێراق ئێران توند بوو کۆنفرانسی ولأتانی عەرەب لەکوێت گیرا دژی ئێران و تاوان بارکردنی ئێران بەلأم سەرکەوتوونەبوو ولأتانی ئیسلامی و عەرەبی بون هەموو رازی نەبوون لەسەر یەك رەئی ودژی ئێران، هەرلەڕۆژی 1987/1/31 تەیارەی عێراق لەئورمیەی داو لەئێمەی دابوو هەرهەمان رۆژیش کاك ادریس بارزانی لەئورمیە بەسەکتەی دڵ کۆچی دوایی کرد، لەکارەساتی تەیارەی عێراق لە1/31 دای لەئورمیە هەرئەوجادەی کە ئێمەی لیٚ بوین زەرەری زۆربوو لەسنوری (450)کەس کوژرا، تەرمەکەی کاك ادریس بارزانی دوای نیوەرۆ بردیانەوە دیٚ ی سلڤانە لەنزیك راژان لای ئورمیە لەسەر سنوری عێراق ئێران تورکیا لەخاکی ئێران شتێکی زۆر ناخۆش بوو مردنی کاك ادریس بارزانی چونکە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان پێویستی

بەهەموو کەسێکی شۆرشگێر هەیە بەتایبەتی یەکێکی وەکو کاک ادریس کەهەموو ژیانی لەشۆرش و دەربەدەری ومالْ وێرانی تەواو کردووە هەموو کوردبەتایبەتی عەشیرەتی بارزانی لەدێر زەمانەوە وزەوپشتی شێخ عبدالسلام ومەلا مستەفاو ادریس بارزانی بەقارەمانێتی هێناویانەو تیاچونی (8) هەزاربارزانی لەئۆردوگای قوشتەپەی لای هەولێرو لەلایەن رژێمی فاشی بەغداوە هەر لەسەر ئەمانەبوو وەهەڵەشی بووە هەرکەس ئیش بکات بەتایبەتی شۆرش تووشی هەڵەش دەبێت، لەرۆژی 1987/2/1 چوینە راژان لەوێوە بۆزێوە، زێوە ئۆردوگای بارزانیەکانی لیٚ بوو، بەنگەڵەی لیٚ بوولەوکاتە ئالأی شۆرش کاک سالار لەیەکێتی وکاک قادرعزیز لەسۆسیالیست تازە ئینشقاقیان کردبوو ئەوان پەیوەندییان لەگەلْ اطلاعاتی ئورمیە بووهەردوویان لایان بردبون لەبەنگەڵە دایان نابون وجارجاریش ئازوقەو شتیان ئەدانیٚ، کاک قادر دژی سۆسیالست وکاک سالار دژی یەکێتی بەکاریان دەهێنان هەردووباڵی مارکسی ناویەکێتی وسۆسیالست ئاخری سەریان لەبەنگەڵەکانی زێوەی لای راژان واطلاعاتی ئورمیەوە دەرچوو، لەوێشەوە بۆ هەلاج کەگۆرستانی بارزانیەکان لەویٚ بون و گۆری رەحمەتی بارزانی لەویٚ بوو کاک ادریس بارزانیش لەتەنیشت گۆری بابی نێژراو زۆرکەس نارەحەت بوو بەلأم ئەوەی لەویٚ خۆی زیاتر پیشان دەدا نارەحەت بێت کاک نادر هەورامی بوو لەهەموویان واخۆی پیشان دەدا، کاک مسعود لەویٚ نەبوو لەبادینان بوو کەناشتمان هەموو گەراینەوە ئێمە چوینە مەکتەبی سیاسی پارتی کاک عەلی عبدالله و کاک فاضل مطنی وکاک فرەنسۆحەریری وکاک ئازاد بەرواری وکاک مەلا محمدو کاک رەشیدعارف وکاک رۆژنوری شاوێس و زۆری کە لەلێپرسراوانی پارتی، کاک شێخ محمدخالید هات کاک فەرەیدون عبدالقادریش لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان لەویٚ بوو چونکە رۆژی پێشو واتا 1/31 لەدوای سەفەری کاک مەلا ئەحمەد بانی خیلأنی بۆ یەخسەمەر دوای ئەو هەموو روداوەو لەدوای رێکەوتنی پارتی و یەکێتی لەتەهران ودوای سەردانی وەفدی پارتی بۆیەخسەمەر ئەوانیش لەئێران لەئورمیەوراژان لەمەقەری پارتی لەگەلْ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و شیوعی کۆبونەوەو رێکەوتن لەوکاتەش وەفدی پارتی لەیەخسەمەربوو ئەوکات هەموو پارتی جیهازێکی راکاڵیان نەبوو جیهازی کۆنیان هەبوو بەلأم پەیوەندی

رۆژانەی یەکێتی وپارتی، یەکێتی یامام جەلال جیهازێکی راکاڵی دابوو بەپارتی بۆئەوەی پەیوەندی پێوە بکەن لەگەڵ یەکێتی و حزبەکانی کەش، ئەوە بوو لە 987/1/31 حزبی شیوعی و یەکێتی رێکەوتن بەلاّم حزبی شیوعی زۆرجار دوای ئەحداسەکان دەکەوت بۆیە توشی زۆرگیروگرفت دەبوو لەشەر لەگەڵ یەکێتی دوای هەموان کردی لەئاشتیش دوای هەموان لەگەڵ عێراق دوای هەموان و لەجەبهەکەی عێراق دوای هەموان تێکی دا لەگەڵ پارتیش دوای هەموان و لەگەڵ زۆر روداوی ناوخۆودونیاو ناوچەکە کەچی بەجیٚ دەما یادرەنگ بریاری دەدا ئەو روداوانەش پەلەبوو ئەوەش یەکیٚ بوو لەکێشەکانی حزبی شیوعی عێراق واتە لەجیاتی ئەوەی لەدوای هەرەس بۆشاییەك پر بکاتەوەو ئەیان توانی هەرچەندە حزبی عێراق بوون بەلاّم عەتفی کورد رابکێشن، بەلاّم دوای کۆمەڵەوبزوتنەوە لەناوەراستی مانگی 1976/6 دەستی پیٚ کرد ئەوان تا ساڵی 1979 کەلەسەر خۆشیان خەتەربوو کێشەی خۆیان نەك هەر میللەت دەیان ئیعدام و گیراو پەت پەتی ئەوکات هاتنە دەرەوە وەکو پەراگەندەو هەریەکە لەجێگایەك ئەوهەموو چەکەی عێراقیان لابوو چەکەکانیان نەهێنابووە دەرەوە هەتا کاك ئەبو حکمەت و هەندێکیان دەمانچەو چەکەکانیان تەسلیم کردبووە بەعێراق هاتبوون بۆشاخ و بەیانیان دەرکردبوو بەناوی قوتابیان رژێمیان لەوکاتەوە بەتاوانبار دەزانی، کەلەگەڵ خۆیان عاجزبووە یاتێك چووە، ئێمە کاك رەسول وخاڵەحاجی ومامۆستا مەلاناصح و من وچەند کەسێکی کە کەگەراینەوە بۆرەزائیە لەماڵی خاڵەحاجی بوین، شەوی 1-1987/2/2 کاك دکتۆرنوزاد صاڵح رفعت تازە هاتبوو بۆدەرەوە لەئورمیە بوو من و خاڵەحاجی چوینە سەردانی و بەخێرهاتنی تامین خان لەگەڵمان بوو کە(7) ساڵ بوو پێشمەرگەو چەکی پیٚ بوو لەهەموو ناخۆشی و شەرەکاندا بەشداری کردوەولەو شۆرشەدا بۆیەکەم جاربوو (شۆرشی حوزێران) ئافرەت بەشداری بکات وەکو پێشمەرگەوبەو شێوەیە بەچەکەوەو لەشەردا زیاتر لە(7)ساڵی بیٚ وچان بەردەوام لەبرسێتی وتینویەتی ونارەحەتی دا بەشداری کردوە لەگەڵما، لەرۆژی 1987/2/2 پۆلێك فرۆکەی عێراق هاتنە سەر ئورمیەو لەچەند جێگای ناوشاری داو زەرەری گیانی وماڵی داو لەبازاریش لەمەرکەزی شارو چەند جێگای کەشی دا، لە1987/2/4 ئێمە دەگەراینەوە بۆسنەو زۆر لەخەڵکی ئورمیە چۆڵی دەکرد ماڵی

خاڵەحاجیش چون بۆ بۆکان ماڵی حاجی جمعەوکاك عزیز لەوێ بون، هەرئەو رۆژە بۆئێوارەکەی گەیشتینە بۆکان و ئێمەش شەو ماینەوە لەوێ، لە1987/2/5 بەرێ کەوتین بۆسەقزودیواندەرەو سنەو شوێشەو نگلێ وسەولآواو پردەکەی دزڵی کەئەم درێژی رێگایە(370) کیلۆمەتربو، لەگەڵ وەزعی کوردستان وشەری عێراق ئێران وکێشەی دووبەرەکی لەنێوان فەلەستینیەکان وزەختی لێیان یامیلیشاکانی لوبنان لەسەر فەلەستین، لەرۆژانی 1تا1987/2/10 دازۆر خراپ بوو لەلوبنان بزوتنەوەی ئەمەل بەقیادەی (نبیل بری) دەوری گرتبوون هەرچوارلای ئۆردوگای فەڵەستینیەکانیان گرتبوو بۆماوەی (3)مانگ بۆیە لەو رۆژانەدا برسێتی زۆری بۆهێنان کەگۆشتی مشك وپشیلەیان خواردوو داواشیان لەمەلا دینیەکان کرد کەوا گۆشتی مرۆڤ یان بۆحەلآڵ بکات و بیخۆن، مەلا خەلیل ناوێك فتوای دا کەهەندێك شتی بۆحەلآڵ کردن فەڵەستینیەکان (35)هەزار کەسن لەژن ومناڵ و پیروگەنج عەرەبن و خەڵکی فەڵەستینن و ئاوارەی ئۆردوگان لەلوبنان، نبیل بریش هەر عەرەبەولوبنانیەو بەلآم ئەوان بزوتنەوەی ئەمەل سەر بەسوریایەو فەڵەستینیەکان سەر بەیاسرعرفاتن گوایە لەسەر هەندێك هەڵسوکەوتی فەڵەستینیەکانە بەلآم هەمووی بەرژەوەندی سیاسیەو بەتەوجهی سوریا بوو دەرکرابوو بۆیە نبیل بری دەوری فەڵەستینیەکانی لایەنگری یاسر عرفاتیان گرتبوو چونکە هەندێك لەفەڵەستینیەکان جیابونەتەوە لەرێکخراوی تحریری فەڵەستین و ئەحمەد جبریل و هەندێکی کەیان جۆرج حەبەش و نایف حەواتمە، لەو کاتە ئێمە لەدزڵی بوین خەریکی ئیشوکاربوین، لەرۆژی 1987/2/11 تەیارەی عێراق لە(11) شاری ئێرانی دا کەمزاهەرەبوو بوو بەبۆنەی (22 بهمن)ە وە (3)ملیۆن خەڵکی تهران هاتە سەر جادە، لە1987/2/12 تەیارەی عێراق دووجار لەتهرانی داو لەتبرێزومۆراغاوسنە و چەندین جێگای کە، لە1987/2/13 لەدزڵی بوین (3)پێشمەرگەی پارتی شەهید ببوون لەسەر لوغما رێگایان لێ تێك چوبوو هەر لەدزڵی ناشتیان، لە1987/2/14 هەر لەدزڵی بوین و بەفروسەرمایەکی زۆر بوو لەو رۆژانەدا عێراق وئێران هەردوولایان هەرلەشارەکانیان ئەداو جەیش و دەزگاسەربازیەکان ئیسراحەت و لەشارەکان دەدرا کەشتی وا لەپاراستنی ماڤ مرۆڤ ویاسای دا شتێکی خراپە سەرەتا عێراق دەستی پێ کردو ئێرانیش دەستی پێ

کرد، له1987/2/19 هەردوولا لێدانی شارەکانیان وەستاند، له1987/2/20 لەدزڵی بوین تا2/24 لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران رێکەوتبوین لەسەر چەند شتێکی جیا جیا، نەبونی رێکەوتنێکی سیاسی لەنێوانماندا، ئێران داوای چالاکی گەورەی لەسەرکردایەتی لەناوچەکانی کە دەکرد جگە لەسلێمانی بۆیان نەدەکرا کێشەی ناو برادەران و رەئی جیا جیا لەکوردستان ودەرەوە لەسەر ئێران و دەرکردنی بەیان دژی گرتنی فاو و شەری عێراق ئێران و دەکردنی لێپرسراوانی ئێرانی و قەرارگالەلایەن کاک عادل مراد وبرادەران لەکاولان، داوا کردن بۆمەشق واستعرازێکی عەسکەری هێزە عێراقیەکان لەکرماشان و کۆبونەوەی هەمووی لەکرماشان و ئامادە نەبونی سەرکردایەتی حزب هەرچەندە لەلقی سلێمانی (250) پێشمەرگەمان نارد بۆمەشق لەدزڵی بەڵام بۆمەسەلەی دووهەم لەمانوری سەربازی لەکرماشان لەگەڵ یەکێتی و مجلسی ئەعلاو پارتی دا بەڵام پارتیش زۆر هێزی بۆکۆ نەدەبوەوە بۆمەشق، یەکێتی لەهەموولایەك دەستی پێ کردو کاك جەبارفرمان لەکرماشان بۆئەو مەبەستە دیاری کرابوو کاك شیروان شیروەندی بۆئەو مەبەستە لەلایەن سۆسیالیستەوە دیاری کرابوو مولازم بابەکرلەلایەن پارتیەوە دیاری کرابوو لەمجلسی ئەعلایش شێخ علی مەولانا دیاری کرابوو وەلەبزوتنەوەی ئیسلامی مامۆستا مەلاعلی بوو وەلەیەکێ لەکۆبونەوەکانە کاك شیروان گەرایەوە باسی کرد ووتی لەلایەن سەید حکیمەوە تەرحی ئەوە کراوە کە ئاڵای عێراقی بگۆرین چونکە پێ دەچوو لەوکاتە مجاهدین ئاڵای ئێرانیان گۆریەوە کاك جەبارفەرمانیش وتبوی ئێمە مانعمان نیە ئەگەر بگۆرێ پارتیش بێ دەنگ بووە بەڵام مامۆستا مەلاعەلی بەتوندی دژی ئەو کارە بووە هەرچەندە ئەوکاتە حەرەکەی ئیسلامی هێزی وایان نەبووبۆ مەشق لەسەر ئەوە گەیشتبوە سنورێکی توند، ئاغای کوی سەردانی کاولانی کردبووکە مەسئولی قەرارگابوولەکاولان وئالوتان قسەیان پێ وتبوو، بروسکەی مەکتەبی سیاسی بۆئێمە هات کەئەوکات هەر کاك عادل لەوێ بوو زۆر بەتوندی دژی ئێران و ئەومەشق وبەشداربون لەو مانۆرە سەربازیە بوولەولاشەوە خۆمان بۆشەرێکی هاوبەش لەدەربەندیخان ئامادە دەکردو مەسەلەی گرتنی هەڵەبجەش تەرح بوو لەبەردەستاو لەگەڵ هێزە عێراقی و کوردیەکان بەتایبەتی یەکێتی وپارتی

وسۆسیالیست وحەرەکەی ئیسلامی بەڵام هەر یەکە بەجیا بەرنامەوقسەی لەگەڵ دەکرا ئەو رەئیەی سەرکردایەتی واقعیانە نەبوو لەوکاتەدا ئێمە گلا بوین بەشەرەکەوە .

## هاتنی نامەی رژێم بۆگفتوگۆ

لە 1987/2/20 چەند نامەیەك بۆهێزەبەرهەڵست کارەکان نوسرابوو وادیاربوو نامەکەی لایەنەکان ئێران پێ ی زانیبوو چۆن ئێمە دەمان زانی نامە بۆهەموویان نوسراوە واش نامە بۆئێمە نوسراوە ئەوان زانیویانە بەلأم نامەکە لەمانگی (3) دا گەیشتبوو لە1988/3/10 دا نامەکان لەسەرداوای صدام حسێن.. کاك مکرم تاڵەبانی نوسیبوی لەرێگای کاك شێخ عەتا تاڵەبانیەوە ناردبوی نامەی بۆکاك رەسول نوسرابوو بەناوی سەرۆکی عێراقەوە صدام حسێن نامەیەك بۆ کاك عزیز محمدو نامەیەکی بۆ مام جەلال و نامەیەك بۆ کاك مسعود نامەکەی کاك مسعود هەرباسیان نەکرد و حاشایان لێ کرد، نامەکەی مام جەلال کەوتە لای کاك عزیزمحمد لەبەر ئەوەی حزبی شیوعی خۆیان پێیان خۆش نەبوولەگەڵ عێراق بکەونە گفتوگۆ بەمەزەنەی من مام جەلال لەوکاتەدا لەسوریا بوو یالەدەرەوە بوو کاك عزیز وحزبی شیوعی بەعەمدی نامەکەیان دوا خستبوو کەنەگاتە یەکێتی ومام جەلال بۆئەوەی ئەوان زوو بریاری گفتوگۆ نەدەن نامەکە دوولایە نەبوو لەلایەك داوای کردبوو بۆئاشتی و گفتوگۆو چارەسەری کێشەی کوردی کەعێراق خەتەری لەسەرە و لەلایەکەی کەشەوە هەرەشەبوو ئەگەر ئێستا ئامادە نەبن و نەیکەن دوایی دەستمان لەشەر بەتاڵ بوو ئەوکات هیچ قبوڵ ناکات و هیچ شتێك داد نادات پەشیمان دەبنەوە تەفسیری ناوەرۆکی نامەکە وابوو، کاك شێخ محمد شاکەلی گەرایەوەو لەگەڵ من قسەی کردو بەبروسکە ئەوکات مەقەرەکەی لەتەپە گەروسی گەرمیان بوولقی کەرکوك خۆیشی چوو بۆ مەکتەبی سیاسی کەعێراق محاولەی ئاشتی دەکات لەگەڵ لایەنە کوردیەکان من رای خۆم ووت ..ووتم من گفتوگۆم پێ باشە ئەگەر بکرێت هەموو لایەنەکان بیکەین باشترەو لەو شەرەی عێراق ئێران هەندێك کەنار گیرببن لەهەر حاڵەتێکدا هەر باشە بکرێت و پێم باشە وەڵامەکەی بدەنەوە کاك رەسول یش ئەوکات ودوایش پەشیمان بوو بەڵام هەمان رەئی منی هەبوو وەپێ ی باش بوو، یەکێك لەخاڵەکان کەمەکتەبی سیاسی پێ ی لەسەر دادەگرت ئەوەبوو هاوکاری ئێران نەکات لەسەر ئەو نامەیە بوووەڵامی

درایەوە کەئێمە ئامادەین بەناوی کاك رەسولەوە کاك شێخ محمد وەڵامی دابووەوەو دوایش کاك رەسول خۆی هەروەڵامی دایەوە بەڵام شەری هەڵەبجەو فەجری (10)و کیمیاباران ئەوەی بەسەردا هات کەس فریای نەکەوت وا دیاربوو ئەوەی پێی باش بوو یەکێتی بوو ئەویش نامەکەیان نەدابونێ، لە1987/2/24 لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر رێك نەبوین، لە1987/2/25 چوینە مەریوان وبانەوئارمەردەو لەماڵی کاك جەلالی کوێخا عبداللەی چوخماخ بوین و چوینە ماڵی کاك جەمالی حەلاو لەئارمەردە دوای چوینە بانەو سەردەشت وبێژوێ، وەدیاری کردنی جێگای مەقەربۆ لقی کەرکوك مەقەرێکیان چووە بێژوێ بۆهاتووچۆی سەرئاوەکەو برادەرانمان نزیك چوینە بێژوێ و گەراینەوە بۆسەردەشت ئەو کاتە کاك سلێمان لەبێژوی بوو ئەندامی لقی کەرکوکی حزب بوو، لەگەڵ کاك شێخ محمدچوینە سەردەشت و لە1987/2/27 چوینە کاولان لای مەکتەبی سیاسی لە1987/2/28 لەکاولان بوین بەفرێکی زۆر باری رێگامان نەبوو بگەرێینەوە، لە1987/3/1 لەکاولانەوە بەرێ کەوتین بۆ خانەونەغەدەو مهابادو میان دواو بۆکان لەگەڵ کاك شێخ محمد و برادەران لەئوتێل بوین بەڵام حاجی جومعە وکاك عەزیز هاتن بەزۆر و سوێندیان خوارد نەیان هێشت لەئوتێل بین وای پێ دەچووخاڵەحاجی لەئورمیەوە تەلەفونی کردبوو کەئێمە لەوێین و خۆشیان زۆریان خزمەت کردین و لەگەڵمان ماندووبون و احترامیان نواند، لە1987/3/2 لەبۆکانەوە بەرێ کەوتین بۆ سەقزودیواندەرەو بۆشاری سنە لەوێ چوینە ماڵی کاك شێخ محمدو بۆلای مجیدی وکاك شیروان دوایی چوینەوە ماڵی خۆمان لەسنە، لە3ی ئازارلەگەڵ کاك شیروان کەپێکەوە بوین لەسەفەرەکە فرسەتمان وەرگرت لەوهەموو سەرقاڵی و ئیشەدا هەندێك پیاسەمان کردلەبازاردا، لە1987/3/4 لەسنە بوین ئێران لای حاجی عمرانەوە بەناوی کەربەلای (7)وە هێرشی کردبوولای سیدەکان و ئەوناوە، ئەمرۆ 6ئازاری 1987 (12)ساڵ تێدەپەرێت بەسەر ئازاری 1975 کۆبونەوەی صدام حسێن و شای ئێران و سەرۆکی جەزائیری هەواری بۆمدێن لەجەزائیرو رۆژی هەرەسی شۆرشی کورد بەقیادەی مەلا مستەفا بارزانی، لە1987/3/11 لەدزلی بوین لەگەڵ شێخ محمد شاکەلی وکاك شیروان شیروەندی دا، لە1987/3/12 لەگەڵ کاك شێخ محمد وکاك شیروان لەماڵی کاك نوری

بوین لەقلاجی، لە1987/3/13 لەدزلێیەوە بەرێ کەوتین بۆ مەریوان وگۆخلاّن و سوراو وکانی خان وبانەو شەولەئوتێل مروەتی بانە بوین خاوەنی ئوتێلەکە دەروێش بوو پرچی درێژبوو شمشێرودەف و تیغی لەئوتێل و ژوری لەئیدارەوژوری هۆڵەکەش هەڵواسی بوو شتێکی سەیرو سەمەرە بوو لەجیاتی کلاشنکۆف لەهەندێك جێگا هەبوو ئەوەی ئەو خەتەرتر بوو، لە1987/3/14 چوینە سەردەشت و میراواو ئالوتان و لەئوتێل کوردستان بوین قوربوو ئوتێلەکە خراپ بوو زۆرساردبوو بەلاّم لەئالوتان باشتربوو کەهەر جێگانەبوو لەمەقەرەکانیش، لە1987/3/15 لەمیراوا بەو بەفرو سەرمایە گەراینەوە ئالوتان، کاك رەسول جوابی ناردبوو ئێمە لەئالوتان بین چونکە ئەویش سەفەری هەیەورێگای ئالوتان سێ مەتر بەفری لێ بوو رێگا خراپ بوو چوینە ماڵی کاك عبداللەی رانیەیی کەئامرکەرت بوولەمەکتەبی سیاسی دوای ئەوەش کاك رەسول هات و ئیشەکان تەواو بون، چوینە خانەو بۆنەغەدە زۆر بەزەحمەت و ساردو سەرماوسیارەش گەرمی تێدا نەبوو ئێمە شەو لەنەغەدەماینەوە، لەرۆژی 1987/3/16لەنەغەدە وە چوینە بۆکان و سەقزو دیواندەرەو شاری سنە بۆ ماڵەوە، لە1987/3/17 لەسنەبوین ، لە1987/3/18 چوینە مەریوان و بۆدزلی، لەرۆژانی 19و1987/3/20 خەریکی گۆڤاری سورێن بوین چاپیان دەکردو سەروتاری مابوو بۆم نوسین و بەمناسەبەتی ئەو رۆژەوە بوو سەری مانگ دەردەچوو بەلاّم ئەو جارە لە 3/21 رۆژی نەورۆز دەکات دەرچوو لەوساڵەی کوردی دا گۆڕانی دنیا زۆربووناوچەکەو شەری عێراق ئێران گەرم بوو ئاژاوەی لوبنان و شەری کۆلاّن بەکۆلاّن سوریا زیاتر چوە لوبنان و ئەمریکا تێك شکا لەلوبنان و سەفارەتیان تەقیەوە و چاوپێکەوتنی رێگان سەرۆکی ئەمریکاو گۆرباشوف سەرۆکی سۆڤیەتی و شەری کوردستان بەردەوام بوو، نەورۆزی 1984 لەمیری سوربوم و نەورۆزی 1985 لەدۆلاّش وناوگردان و یەکەم کۆبونەوەی سۆسیالست و یەکێتی و هەنگاوی ئاشتی کەئێستا هەموو لایەکی گرتۆتەوە لەنێوان سۆسیالست و یەکێتی دا پاشان لە 1987/11/23 بەیانی هاوبەشی سوسیالست و یەکێتی مانگی (7) هەردوومەکتەبی سیاسی و چونی کاك رەسول بۆیەخسەمەرو ئاشتی پارتی و یەکێتی، نەورۆزی 1986 لەیەخسەمەر بوم و نەورۆزی 1987 لەدزلی بوم، هێرشی ئێران و عێراق بەردەوام بوو لای بصرەش شەر بوو،

شاری بەصرە تا 1987(1330) ساڵە دروست کراوە، وەگۆڕانی کەش هەروا زۆربوو لەسەرناوچەکان لەروی فکریەوە، مامە رەشەی کەچە کەشەهید بوو لە1984 لەهێرشێك لەدەشتی شارەزوور بەبریندارى لەگێڵەك گیرابووناردوبویانە قەرەداغ و لەوێش ئێمە وامان دەزانی کەیەکێتی بۆکوشتنی هەوڵ دەدەن دوا هەواڵ بۆدۆزینەوەی بکوژەکانی ئەو هەواڵانە بەئێمە گەیشت شەولەچەمی سموری سنوری قەرەداغ بوەو ئەو ناوانە هەوڵی کوشتنیان داوە.

1-سەربازی حمە تەقی تەپە گەروسی.

2-محمودی قادر بانی خێلانی .

3-صلاح محمد حسێن قلینجەیی.

4-عمری علی چەلەبی ئامۆزای سەرباز رشید محمودی عبدالله هۆرێنی لەرێگای ئافرەتێك بەناوی سەعدە لەچەمی سمور شەهیدیان کردوە ئەوانە هەندێکیان جاش بون لای رژێم لەدەربەندیخان و هەندێك لەو ناوە بون، لە1987/3/21 لەدزلی بوین چوینە کانی دینار لەوکاتەدا ماڵمان چووە کانی دینار چونکە هەموو دزلی چۆڵ کردبووجگە لەمەقەرات کەسی لێ نەبوو ئێمەش ماڵەکەمان ناردە کانی دینار، لەرۆژانی 22و1987/3/23 هەر لەکانی دینارودزلی بوین، لە1987/3/24 لەدزلیەوە بەرێ کەوتین بۆسنە، لە1987/3/25 لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆ دیواندەرەو سەقزوبانە بەلام بەفردەباری بەزۆر گەیشتینە بەردەم تونێری کەلی خان لەنێوان سەقزو 15 کیلۆمەتری بانەدا لەرۆژهەلاتی بانەوە لەچەند مەترێ بۆتونێرەکە چاو نەیدەبینی و بەهێزی بەفرەکەو بۆران و رەشەبای توندو هەر لەبەرزییەوە بەفرەکە بێ ئەوەی بگاتە زەوی دەی بەست و سیارەکەی ئێمەش کۆلکە سیارەیەکی جێبێکی خراپ بوو گەرمی تێدانەبوو ساردبوو لایتی شۆرتی کردبوو وەئەگەر نەش سوتایە بەفر لایتەکانی بەتەواوی گرتبوو سیارەکە کوژایەوە تاسلفمان لێ دا بۆیەکەم جاربووبیبینم و بیبیستم بەنزین بیبەستێ گازو شتی کە دەیبەستێ بەلام نەمدیبوو بەنزین بیبەستێ و بگاتە ئەو پلەی ساردیە و لای بۆریەکەو جەتەکانیدا بەستبووی بەنزینەکە سپی دەبوو یەك سەر وەکو کاربۆنی لێ دەهات چەندجارێك وام زانی بەفرەکەیە تەوەقوعم نەدەکرد بەنزین بێت کەسەیرم کردو لەمەسفیەکەوە کردمەوەو

هەندێك بەنزینیم كردە ناودەستم تادەستم دەرهێنا لەناودەستم وەكو كاربۆن یاخویٚ یەكی تازە لەگوی بەحر، سیارەكە جگە لەوەی دەیبەست لەسەر جادە دەخزاو یاسەر نەدەكەوت بەهەر فەلاكەتێك بوو نزیك تونیرەكە وناو تونیرەكە بوینەوە چوینە ژوورەوە بەلاٚم تونێرەكەش باشتر لەدەرەوە نەبوویخچە یاچلورەی $2-3$ مەتری لەتونێرەكە دروست ببوو ئاوی لیٚ دەهاتە خوارەوە بكەوتایە خەتەری لەسەرسیارەكەش هەبوو كابرایەك هات داوامان لیٚ كرد رامان بكێشت تابانە كابرا سەیری وەزعی كردین وكات درەنگە و مانەوە لەو سەرمایە رەق دەبینەوە سەرەرای ئەوەش بەودەردە چوین تونیرەكە دابەزی و بیٚ قسە سیارەكەی بەست و رایكێشاین تابەردەم فیتەرەكان لەبانە لەرێگای سەردەشت بەلاٚم زۆر بەزەلالەت چوین هەر لەو دەرچوین هەوا خۆش گەیشتینە لای فیتەر باوەری نەبوو بەنزین بیبەستیٚ كەسەیری سیارەكەی كردوبۆنیتەكەی هەڵدایەوە فیتەرەكە سەیری كردو پەرۆیەكی گەرمی دا لەبۆریەكە یەكسەر بەنزین رژاو سلفمان لێداو سیارەكە ئیشی كردو رۆیشتین ئەو كابرایانەی لەبانە لەو دوكانەدا بون یەكەم جاربوو شتی وا ببین لایان سەیر بوو بەحساب چواررۆژ دوای نەورۆزبوو، كەلی خان چیایەك یاملەیەك یاگردێك یاشاخێكە لەشمالی رۆژهەلاٚتی شاری بانەوەیە ئەوشاخەیائەو كەلە ناویان ناوە كەلی خان وادیارە یەكیٚ لەخانەكانی بانە لەكۆنەوە لەوناوە بوە یالیٚ ی مردوە یالەسەرما وەكوئێمە بەگیری هێناوەو ئەوكاتە جادەوسەیارە نەبووە یاهاوینان بۆسەیران رۆیشتوە دەبێت شتێكی وا روی دابێت بۆیە ناو نراوە كەلی خان وەخانەكانی بانەش كەناسراوترینیان حمە رەشید خانی بانەیەو لەدوایدا لە شلێر دانیشتوەو مجیدخان كوری وكاك داراش كوری مجیدخان وكاك بەختیاریش پێشتر باسمان كردوە بۆیە لەو $2-3$ پشتە كۆن ترە كەلی خان چونكە حساب گر یاهەستێرە ناسی یائەوكەسانەی حسابی رۆژو ساڵ و مانگ و وەرزیان كردوە حسابی كەلی خانیش یەكێكە لەو حسابانە كەكۆن كراوە، وەكو حسابی شێخ حسن گڵەزەردە لای جنوبی رۆژهەلاٚتی شاری سلێمانی وحسابی لیلاخ و حسابی سەوزولاٚخ و حسابی حاجی فتح الله وەیسەیی وحسابی حاجی كەرەم ویسی وحسابی كەلی خان وحسابی كوری سەیاد كەلی خان مەشهورە بەحسابی بێشكەوەكۆڵ واتە لەورۆژەدا مەترسە چونكە ژن بەبێشكەی منالەوە لەورۆژەدا لەكەلی خان دەداو ئیتر بەهارە

کەبەزۆری ناوچەکان زیاتر حسابی کەلی خان بەکار دەهێنن، برجەکانی پیرەژن ولەق لەق وزۆری کەش حسابی گەرمیانی لای کەلاروخانەقین واتە لەدەربەندیخان بۆخوارەوە جیاوازی زۆری لەگەڵ ناوچەکانی کەش هەیە، لەشەوی 25-1987/3/26 لەبانە بوین بۆبەیانیەکەی چوینە سەردەشت و بۆ بێژوێ و مەقەری لقی کەرکوك لەوێ بوون لەشەوی 26-1987/3/27 بەفردەباری دنیازۆرساردوناخۆش بوو، لەرۆژی 1987/3/27 لەگەڵ کاك شێخ محمد وخاڵە جوتیاروبرادەران کاك سەیدقادرو وکاك عبداللە هەمزە وهەموو برادەران بەسیارەکەی ئێمەو سیارەکەی کاك شێخ محمد چوین بۆزرواو و سەردەشت و میراواو ئالوتان و کاولان تازە لەبەر رەبایەی سەرشاخ رێگاکەشیان بەبلدۆزەر بۆئێمەش پاك کردبوەوەو چوینە کاولان و مەکتەبی سیاسی لەوێ ماینەوە تارۆژی 1987/3/30، لە 1987/3/31 هەرلەمەکتەبی سیاسی بوین لەکاولان (53) ساڵ تێدەپەری بەسەر دامەزراندنی حزبی شیوعی دا بروسکەمان دانێ بەو بۆنەیەوە رۆژێکی خۆش و هەتاوبوو، لە1987/4/1 کۆبونەوەی ئیستسنائی کۆمیتەی مرکزی هەبوو لەسەر زۆر روداو یەکێك لەوانە چالاکیەك بەدەستەوە بوو بکرێت یەکێکی کە رەئی هەندێك برادەر کەئێمە ئەچینە ژێر باری ئێران و لیستی ناوی پێشمەرگەیان نەدەینێ و مەشق نەکەین و لەمانۆری سەربازی بەشداری نەکەین و ئەگەر ئێران زەختی کردئەوە مەقەر بەرینەوە کوردستان یانۆکان بێ منەت بیت من وکاك سەیدکاکەو کاك شێخ محمدڕژی ئەو رەئیە بوین کەئێمە لەخورایی خۆمان دور بخەینەوە لەئێران و گۆڕران کاریەکان نازانین بەرەو کوێ دەروات وشەری عێراق ئێران بۆکوێ دەروات هەرئەو برادەرانە بون بەخاڵە سەید کاکەشەوە کەدڕژی رێکەوتن بون لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی لەسەرەتاوە دەیانوت ئەوە ناوچەی ئازادکراو هەیەو پێویست بکات هەموومان دەچینەوە کوردستان یەکێتی نیشتمانی مەقەری لەیەخسەمەربوو بەڵام لەو قسانەی کەبرادەرانی ئێمە دەیان کرد ئەو قسانەیان دەکرد کاك عدنان ووتی ئەو پاسدارە کەناوی کویە هات ئەو رۆژە هەندێك قسەی باشم پێ وت، کاك عادل وتی لێرە بوایەم هەرچی پێویست بوو پێم دەکردوو ئەم جارە بێتەوە هەرنای بینم یابەپێشمەرگە دەڵێم لە پرسگاکە رێگای نەدەن من ئەو قسانەم لاسەیربوو ئەوان بەقەناعەتی خۆیان هەرچی هەبێت هەربۆ لقی سلێمانیە بۆئەو پەیوەندییە کەهەر

نەبوو تێك نەچێت خاڵەحاجیش لەترسی مزائیدە جارجار شتی ئەووت کاك رەسولیش بێ دەنگ قسەی نەدەکرد من ووتم زۆرم لاسەیرەئەوە ئەو قسانە دەکەن ئێوە ماڵەکانتان لەئورمیەو لەکەرەجە، کاك عادل ماڵەکەی لەکەرەج بوو ئەوکاتە ئەوە لایەنەکانی کەو بەتایبەتی یەکێتی ئێوە باسی دەکەن ئەوەتا ئێستا پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروست دەکات ئەگەر ئێوە بەلاتانەوە باشترە ئەوە هەموو دەچینەوە کوردستان و کەس لێرە نەمێنێتەوەو منیش لەخوارەوەم کاك شێخ محمد لەوێ یە لەوکاتەدا کاك قادرجەباری لەلقی هەولێربوو ووتم ئێوە رەئیتان خراپە ئەگەر ئەتانەوێت درێژە بەشۆرش دژی رژێمی عێراق بدەین ئەگەر ئەتانەوێت لەگەڵ عێراق رێکەوین ئەوەش بابریاری لێ بدەین ئەگەر شۆرش ناکەن ئەوە شتێکی کەیە.. ووتم من ئامادەم بۆهەر کامیان بریاری لێ ئەدەن بەلاّم کەس خۆی نەشارێتەوە..وتیان ماوەیەکە یەکێتی مان نەدیوەو لەو بریارانەش کەدراوە هەندێکیان جێ بەجێ نەکردووەوبەشداربون لەشەری قەیوان ماوەت بەشتێکی باشیان داناولەو شەرە چەندین شەهیدو بریندارمان هەبوو لەوانە شەهیدمحمد عبداللە وەکاك صابر پێنجوێنی بریندارببوو هەرلەو شەرەداو رێگای بێژوی و ئەوناوە گیرابوو بریاردرا لقی کەرکوك برواتە گەرمیان و بریاردرا کەمن جەولەیەکی گەرمیان بکەم وەبریاردرا وەفدێك لەمن وکاك شێخ محمد وماموّستاسعد سەری یەکێتی نیشتمانی بدەین وباسی جەبهەی کوردستانی بکەین و وردەکاری خۆمان ویەکێتی باس بکەین، هێزەکان زیاتر بەرەو قولاّیی کوردستان بروات کاك قادرجەباری لەلقی هەولێرەوە جەولەیەکی کردبوو بۆناوچەی جەباری خۆی جەولەکە شتێکی باش و هێزێکی گەورەی سۆسیالست لەهەولێرەوە بۆناوچەکانی شوان و هەموو جەباری کارێکی زۆر باش بوو بەلاّم برادەران پێیان ناخۆش بوو دەیانوت ئەو حەق نیە برواتە ئەو سنورەو قسەی لەو بابەتە بەلاّم واقعی نەبون هەرچەندە کاك قادر لەمەسئول لقی دا بەعام سەرکەوتوونەبوو، لەشەرێکیدا تەحسینە شەل کەفەرماندەی هەرێمی(10)ی سەفین بوو کورێکی ئازاولێهاتووبەتوانابوو شەهیدبوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەی کەدا لەرێگاشەوە رۆیشتبون لای مەکتەبی عەسکەری یەکێتی لای دابوو لای کاك کۆسرەت و هێزەکەشی ناردبووەوە بۆدەشتی هەولێر کەجێ هێشتنی پێشمەرگە لەوکاتانەدا شتێکی خراپ بوو بۆمەسئول کاك قادر ئیدارەیان نەکرد لەوێ بن ئەوانیش هەموویان رویشتون و

کاك قادریان بەتەنها یا 2-3 کەسەوە بەجێ هێشتبوو کاك کۆسرەت پێشمەرگەی لەگەڵ ناردبوەوە ئەو کاتە کاك کۆسرەت مەسئولی مەڵبەندی چوار بوو مەسەلەکە ئەوەبوو کاك قادر دژی برادەران وبەتایبەتی کاك رەسول بوو لەسەرئەوەی خۆی کەس دانی خێری پیا نەدەنا لەسەر ئێران هەرسوربون و هەروامایەوە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی سێ رۆژی درێژە کێشاو کۆتایی هات و رەئی مامۆستامەلاناصح باش بوو کاك رەسول حاسم نەبوو قسەی وای نەکردوەکو ئەوەی کاس ببوو تەرحی هاتنەوەی کاك دکتۆر محمود کراو کاك رەسول خۆی تەرحی کرد وای زانی هەموو دەڵێن بانەیەتەوە ئەم جارە هەموی وتیان باشەو بابێتەوەو خۆشت نامەی بۆبنوسە وادیار بوو پێ ی خۆش نەبوو بریاردرا کاك عدنان قسەی لەگەڵ بکات و تەلەفۆنی بۆبکەن، ئێمە بەهۆی زۆری بەفر ئەوچەند رۆژە رێگانەبوو سیارەکەش لەکاولان بوو بریاردرا وەفدەکە لەسنە یەك بگرین لەوکاتەدا هەندێك لەکادرەکانی ئیعلام وکادرەکانی فەنی ورەسام و هەمویان بریاریان دا بوو بەهۆی ئەو رۆژەوە ئاهەنگ وشانۆگەری و هەندێکش کۆمیدی ئامادە بکەن و داواشیان لەئێمەکرد چۆن بۆکۆبونەوەو پاشان دووسێ رۆژبوو بەفرو رێگا دوورۆژیش لەبەر ئەوان لەوێ بین و بەشداری بکەین ئێمەش دڵی ئەوگەنجانەمان نەشکاند کاك هەردی و کاك زیرەك و کاك پشکۆو کاك بابەعلی وکاك هونەری حمەصالح دیلان وکاك سامی هونەری راگەیاندن و زۆری کەش ناویانم لەبیرنەماوە ئەگەر لێمان عاجز نەبن باشە بەڵام ئەوەی هەبوو لەو دووسێ رۆژەدا کاك شێخ عمری عەواڵ تازە کتێبێکی چاپ کرابوو شیعروکاك سەیدقادر جەباری وکاك عبدالله هەمزەش لەوێ بوون لەناخی دڵەوە یەکیان خۆش نەدەویست بەڵام دژی یەك زۆر نەبون خاڵەجوتیار لەرێخکستنی شارەوە تازە هاتبووە دەرەوە رێزو تەقدیری تایبەتی خۆی لای هەموان هەبوو خۆیشی پیاوێکی رووخۆش و قسەو نوکتەو شتی لابوو کاك سەید قادریش هەروا سەبر وتەحەمولی سەیدقادر زۆربوو درەنگ تورە دەبوو کاك عبدالله هەمزەش هەر زوو تورە دەبوو لەقسە زوو هەڵدەچوو زوش کەف وکوڵی دادەمردەوە لەگەڵ کاك سەیدقادر رێك نەبون بەڵام هەردوکیان بەحسابی کۆنی و لە1976 وە سەرەتای شۆرش لەدەرەوە بون، کاك سەیدقادر لە 1975 ولەهەرەس هەرلەئێران نەگەرابوەو لەسەرەتای شۆرش خۆی گەیاندبووە کوردستان و لەدۆڵەتوو و ناوزەنگ لای

برادەران، کاك عبدالله هەمزەش هەر لە1976 وە لەگەڵ شەهید ئەحمەد فتح الله لەماوەت هاتبونە دەرەوە لەو شەرەش کەکاك ئەحمەد شەهیدبوولەگەڵ خانی کوردی ئێران بوو ئەویش لەوێ بوو بەسودفە دەربازببوو خوابوٚم نەکات بەگوناح دووجاریش یەکێتی چەکیان کردبوو جارێك لەگوندی بێوەك من لەوێ بووم وابزانم جارێکی خوٚم لەبلەکی چەکم کردبوو، ئەوچەند روٚژەخاڵە جوتیار وکاك سەیدقادرو کاك عبدالله شەرە شیعریان بوو بەقسەو بەنوسین خوالێم هەڵناگرێ کاك شێخ محمد شاکەلیش دەستێکی باڵای لەهاندان هەبوو جارجار نوکتەیەکیان بوو دژی یەك بەشیعر دەریان دەبری، شیعر لەئەدەب دەرچوبوو بەڵام خاڵەجوتیار هەردووکیانی بوٚردابوو لەروٚژی ئاهەنگەکەدا خاڵەجوتیار قاچی کەوتبوو بەلادا دەستیان دەگرت هەڵیان دەستان هەردووکیان کێ یارمەتی دابوون هەندێك شیعریان هەرلەشیعرنەدەچوو دانابوو لەسەر خاڵەجوتیارووتیان.. خاڵەجوتیار هاتە دەر لەپێشە هەروەکو نەهەنگ هاتەدەر لەمەقەر هەروەکوپورەی هەنگ بوٚسەر مەسرەح دەبەن خاڵەجوتیار وەکوتەیموری لەنگ وازیان لێ نەهێنا خاڵەجوتیاریان تووره کردبوو لەروٚژانی دوایدا برادەرانیش ئاهەنگێکی خنجیلانەیان سازکردو زوٚرباش بوو بەو کەم ئیمکانەتەوە، هەرلەکاولان ماینەوە تاروٚژی 1987/4/6 بەفردەباری هەرئەو روٚژە میشیل عفلق بەبوٚنەی (40)ساڵ بەسەردامەزراندنی حزبی بەعسەوە قسەی کرد، ئێمە هەر لەکاولان بوین بەفرێکی زوٚر دەباری کاك دکتوٚرعەلی ومرێم خانیش هەردوکیان دووشوٚرشگێربوون لەسەرەتاوە بزوتنەوەوپاشان سوٚسیالست و لە1976 وە لەدەرەوە بوون بێ وچان لەرانیەش تەنها خانوی ئەوان رژێم تێکی داوروخانی لەگەرانەوەش دوای 1991 و لەشەری ناوخوٚش چەندجارێك تالاَن کران، لەروٚژی 1987/4/7 لەکاولانەوە کەوتینەرێ بوٚئالوتان وخانەو نەغەدەو بوٚرەزائیە چوینە ئوتێل حافز لەمرکزی شارو لەخیابانی تەڵەقانی بوو لەرەزائیە دووکەس زوٚر عەنتیکەوسەیر بوون عەموجان بووئەو ئوتێلە مەقەری حزبی سوٚسیالست وعلاقاتی ئێران هەمووی لەوێ بوو ئەوەی سوٚسیالست بوایە هەر لەئوتێل حافز دەبوو ماوەیەك کاك قادرعەزیز و برادەران دەیانوت بریارەکانی ئوتێل حافز قبوڵ ناکەین دەبێت بریار لەسەر ئەرزی واقیع بدرێت کەئەوەش لەوکاتەدا دەبوو منیش لەگەڵ برادەران دا، شەوی 7-

لای عەموجان بوین، لە1987/4/8 لەرەزائیەبوین زۆر ماندبووم 1987/4/8 بەئیشوکارەوە، لە1987/4/9 لەئورمیە چوینە مهابادو میان دواو بۆکان و سەقز و شەو لەوێ ماینەوە، لە1987/4/10 لەسەقزەوە بۆبانەو بلەکی وچەم پاراو و سیاگوێزو شاوەڵی و مەریوان و دزڵی، ئەم رۆژە زۆرماندو بوین یەکێ بوو لەورۆژانەی لەشۆرش دا ماندوی لەش بووم وەلەکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا مێشکم ماندوبوو وەلەرێگای چەم پاراویش سیارەکەمان کەوتە چاڵێك ئەوەی کە ماندوی کردین، لە1987/4/11 لەدزڵی بووم، لە1987/4/12 لەگەڵ برادەرانی خوارەوە قسەم کرد لەمڵەخوردەوە بەجیهاز ووتیان رژێم پیێ ی دەچێت گوندەکانی شارەزوور چۆڵ بکات و خەڵکی زۆر دەترسن بەلاّم جاشەکان و دۆستەکانمان قسەمان لەگەڵ کردون ئامادەن دژی ئەو کارەی رژێم رابوەستن منیش پێم ووتن بەردەوام بییان بینن و قسەیان لەگەڵدا بکەن گەرامەوە دزڵی، لە1987/4/13 لەدزڵی بووم، لە1987/4/14 لەدزڵیەوە بەرێ کەوتم بۆسنە وکاك نوری چوو سیارەکە چاك بکات بۆنیتەکەی دای لەسەری و برینداری کرد، لە15تا1987/4/17 لەسنەبوین، شەر لای شارباژێرو شاخی گۆجارو لای ماوەت و ولاّخ لووهەبوولەرەبایەکانی لای مێرگەپان وبەرامبەری شەدەڵە لەکۆتایی پیرەمەگرون شەربوو پێشمەرگەیەکی هەرێمی چواری سۆسیالست شەهیدبوو وەپێشمەرگەیەکی پارتیش شەهیدبوو عوسمان سەرگەڵویی بوو، هێرشی رژێم لەهەموو لایەکەوە هەبوو، لە1987/4/18 لەگەڵ مامۆستا سعدو برادەران گەراینەوە بۆدزڵی تا 1987/4/20 هەرلەوێ بوین، لە1987/4/21 لەگەڵ مامۆستا سعدو کاك شێخ محمد شاکەلی چوینە کەرەجاڵ بۆمەقەری ئیعلام ئەوکاتە لەوێ بوو، لە1987/4/22 هەرلەکەرەجاڵ بوین خەریکی هەندێك کاری راگەیاندن بوین لەگەڵ برادەران، لە1987/4/24 لەگەڵ برادەران چوینە سەرچاوەی زەڵم جێگایەکی خۆش و ئاوێکی سارد لەبەردەکەوە دێتە دەرەوە بۆئێوارەکەی گەراینەوە کەرەجاڵ، لە1987/4/25 هەر لەکەرەجاڵ بوین، لە1987/4/26 کۆبونەوەیەکی پەلە هاتە پێشەوەو من گەرامەوە بۆدزڵی لەرێگا هەورازەکە دووسیێ کەسمان تووش بوو زۆر هەوڵیان دا سواری هێستربم ناچار بۆئەوەی زووبرۆم سواریان کردم، من سواری ولاّخ و شت لەرێگا نەدەبوم گەشتینەجێگاو بەردەلان ناخۆشێك وتیان کاك نادرهەورامی لێرە کەوتوەتەوە خوار

لەهێستركولوكی شكاوە كەئەوەیان باس كرد من ئەم ووت بادابەزم كورەكان قسەكەیان تەواو نەكرد هێسترەكە بەدوادا هاتەوەو كەوت و منیش هەندێك ئازارم پێ گەیشت و بەدەگمەن بوو لەو (15) ساڵەی واتا لە1976 بۆ1991 دووجار پێ بزانم جارێكی بەرۆژوو بوم كاك رووف شەهید بوو ئەو رۆژە بوو ئەوجارەش چوینە دزلی، لە1987/4/27 لەدزلی گەرامەوە بەئێرانیەكانم ووت حزبی سۆسیالست راپەرینێكی بەدەستەوەیە لەناوچەی شارەزوورو بەرنامەی داناوە ئێوەش هاوكاریمان بكەن بۆسەركەوتنی ئەو راپەرینە ئامادەیی خۆیان پیشان دا بەڵام قەناعەتیان نەبوو راپەرین بكرێت وەیا نفوزی سۆسیالست بتوانێ ئەو راپەرینە ئامادە بكات، لەرۆژی 1987/4/28 لەهەورازی ناخۆشی كەرەجاڵەوە سەركەوتین بەرەو وەنە ناو لەپشتی دەرەی مەرەوە چوینە هانە نەوە لەوێ گولە تۆپ بەهەزاران دانرابوو لەسندوقدا و چادری لەسەردانرابوو شەوانە باردەكران بۆشارەزوور وقەرەداغ مامۆستا سعد ئەوەی دی ئەقڵی نەی دەبری ئەوشتانە بگەنە قەرەداغ و ئەوناوە، لەشەوی 28-1987/4/29 لەهانە نەو لای گوڵپ و سەرگەت بۆخوارەوە چوینە گوندی دێكۆن وكاك سعد و كاك شێخ محمد بەمنیان ووت تۆ نابێت برۆیتە ماڵان ئێمە دابەش دەبین و دوای نان خواردن دەكەوینە رێگا باهەندێك نان بۆتۆ بهێنن لەبنی دیوارێك لەسەر قسەی ئەوان دانیشتم وتیان تۆ ببینن بەیانی حكومەتمان بۆدێت وتوشی شەر دەبین كەشتی وانەبوو بەڵام ئەوان شارەزا نەبوون و یەكەم جاربوو لەوێ وە بەتایبەتی مامۆستا سعد برواتە دەشتی شارەزووریان لەسەر سورێنەوە بینیبوو وایان دەزانی دوژمن هەمیشە بەئاسانی تێدایە هەرچەندە لەرێگاعەرەقمان كردبوو بەرێگادا هاتبوین و لەوێش هەوایەكی ساردی هەبووزۆر سەرمام بوو من چاوەرێم كرد تاهاتنەوەو چوینە گۆمەلارولەوێ دەرچوین بەشەهید مەلانوریم ووت لەرێگایەكەوە واتا رێگای ئەسڵی نەبێت لەنێوان زەویەوە بۆشەشكی سەرو برۆن چونكە لەسەروی شەشكەوەبۆشەشكی خوارو چەمی بیارە دێتە خوارەوە لەوكاتە بەهاربوو ئاوێكی زۆر هاتبوو ئەوناوە پربوولەئاوێكی زۆربرادەرانمان پەراندەوەو منیش ویستم بازبدەم پێش بازەكە پێلاوەكەم پۆتین بوو لەكەناری ئاوەكە خزام و كەوتمە ئاوەكەوە بەجل و فەروەو گۆچان و ئاوەكەش سەریع بوو هەموو لەشم تەربوو پێشمەرگە هاتن و دەستیان گرتم

لەئاوەکە و جۆگاکە سەرکەوتین ووتم مەوەستن برۆن یەکەم جاربوو بکەومە ئاو بەوشێوەیە جارێکی کەش لای قەلاًی چەمەك تەربووم لەپردی دۆلاًش نەك تێکەوتم بەوەزعێکی قۆرولەرێگاش قوربوو شەهید مەلانوریش لەرێگایەکی ناخۆشەوە بردینی قورو وەردی کێلاًو هەرچی ووتم لەرێگایەکی باشەوە لەفلاًن جێگاوە مەلانوری رێگای هەڵبژاردبوو لێ ی شارەزابوو هەموو کاتێك بۆخۆی و (10) کەسێك لەوێ وە رۆیشتون بەلاًم ئێمە نزیکەی (50)کەس و لەو ناوەوە ناخۆش بوو دوای ئەوەی بەناو باخە چناروداریکدا بردینی باخەکە برابوو بەلاًم وەچی لێ دابووەو ئەوداره کەبرابوو دیارنەبوو قاچی پێشمەرگەی لێ هەڵدەکەوت لەناوگیاو داردا تەرناخۆش چوینە ناو گەنمێکی بەرز کەپێشتر بریاربوو نەچینە ناوئاوایی تانزیك نیوەرۆ لەدەرەوەی دێ بین بەلاًم من بەوتەری و وەزعەوە پێم نەدەکرا زۆر لەمەلانوری نارەحەت بووم بەلاًم دڵم نەدەهات قسەی پێ بڵێم خۆتوشی ئەو رێگا ناخۆشەت کردین لەبەر میوانەکانیش هات و ووتی کاکە حمە لەو گەنمەدا زۆر باشە بخەوین نزیکەی سەعات چواری سەر لەبەیانی بوو منیش دەزوی وشکم تێدانەبوو بۆشەشکی سەرو وتی مەجال نابێت مەگەر بۆشەشکی خوارو چوینە شەشکی خوارولەوێ چوینە ماڵی کاك عەبدول عبدالرحمن شەشکی هاتن و جلیان هێناو خۆم گۆری و لەوێ تارۆژ بوەوە، لە1987/4/29 برادەرانمان لەسیروانەوە ناردیان هەرچۆن بووە من ببینن و بەرنامەی راپەرین هەیە لەشەشك ماینەوە هاتنە لامان و قسەمان کرد ئێمە بۆئەو مەبەستە لەگەڵ چەکدارەکانی دۆستمان لەسیروان و رێکخستنی سنورەکان کاك حسێن خەلیفەوکاك مەلانوری وکاك ئەحمەد قەدەفەری وهەندێك لەوبرادەرانە کاك عبدالخالق هەورامی دانرا بۆسەرپەرشتی و هاوکاری کارەکان و هەوڵ بدەین ئەو رۆژە دەست بەسەر سیدصادق و خورماڵ و هەڵەبجەو سیروان و تەواوی جادەو رەبایەکان دا بگرین، لەشەوی 29-1987/4/30 چوینە تەپی سەفاوتەپەتۆڵەکەو کیشەدەری لەوێش هەندێکی کە خەڵك هاتن و قسەمان لەگەڵ کردن ، لە1987/5/1 چوینە قاجروگردی شەریف و شەو لەدۆلاًش بوین لەماڵی کاك محمد دۆلاًشی، کاك محمد دۆلاًشی وکاك مەلانوری لە1983 وە ئەندامی لقی سلێمانی بوون پێکەوە ئەمرەکەیان بۆدەرچوو من لە1987/5/1 رەمەزان بوو بەرۆژووبووم، لە1987/5/2 چوینە ناوگردان وبێرەشکە بەتراکتۆر چوینە لای کەڵتەکە و

کەڵوران و بۆدارەکەی هەیاس مامۆستا سعد بەکاك شێخ محمدی ووت باشە ئەم برادەرە بۆ بەم نیوەرۆیە ئێمەی بەپەنای سید صادق و ئەم هەموو رەبایە رەد دەکات وای دەزانی یەکەم جارە پێشمەرگە لەوێوە رەدبێت تراکتۆریش دەرۆیشت شەوی پێشتر لەشارەزوور هێزەکانمان ئاگادار کردبووهاوکاری لەگەڵ یەکێتی بکەن و لەگەڵ پارتی وحزبی شیوعی بۆئەوەی پێکەوە شتێکی باش بکەین برادەران ئاگاداری هەموولایان کردبوو ئەقڵیان نەی بریبوو هەتا کاك جەبارفرمان لەدەوری شارەزوورو شەشك دەبێت پێ ی دەڵێن کەشتی واهەیە ئەویش باوەری نەکردبووهەر لەوناوەش نەوەستابوو چوبوە دەوری تەپەکەل و ئەوناوە، پارتیش کەسیان لەوناوە نەبون و مەفرەزەیەکی (6) پێشمەرگەی یەکێتی کاك صاڵحی مەجی لان لەوناوەبوو بەکاك رەمەزان دێکۆنی ووتبوو من لێرەم ئەگەر شتێك بوو خەبەرم بەرێ ئێمە هەرچەند برادەران هەوڵیان دا من لەشاروزوور بم مامۆستا سعدو کاك شێخ محمد قەناعەتیان نەکردو ووتیان ئەوە ئێمە وەفدین و دەبێت لەیەك دانەبرێین و پێکەوە برۆین، لەشەوی 2-1987/5/3 لەتەپەکەل و حاصڵ و کانی کەوەی کۆن و لەجادەی دەربەندیخان سلێمانی لەنزیك زەرایەن بۆزەلەرەش و بۆ قەرەداغ بۆکانی هەنجیر و بۆمەقەری هەرێمی (5) ئەوکات لەنێوان کانی هەنجیرو وسێ تەلان وکۆرەودا بوو، شەوی 3-1987/5/4 لەهەرێمی (5) بوین، لە1987/5/4 سەرکەوتین بۆ بلکان مەقەری لق بەشکی لە بلکان بوو لەدۆڵی قەرەداغ و بۆدیوی شارەزووریش دور نەبوو، لە1987/5/5 لەبڵکان کۆبونەوەی لق هەبوولەسەر روداوەکانی کوردستان و هەرەشەی رژێم لەگوندەکانی شارەزوور کەدەبێت خۆیان چۆڵی بکەن بۆهەر جێگایەك ئارەزویانە برۆن بەلآم رژێم خۆی پێیان چۆڵ دەکات هەرجێگایەگی رژێم ئارەزویەتی، ئێمە چی بکەین یەکەم ئەو بەرنامەیە هەیە خەڵکی هان بدەین و پشتیوانی لێ بکەین بۆراپەرینێکی گەورەو ئەگەر ئەوە وەکو پێویست نەکرا لەگوندە چۆڵەکان شەر لەگەڵ رژێم جەیش و جاش بکرێت و بەهەر شێوەیەك بووە عێراق بەبێ عەرەق دەرنەچێت و هەروا بەئاسانی گوندەکان چۆڵ بکات بەڵکو دەبێت رەدێکی توند لەلایەن پێشمەرگەوە هەبێت، لە1987/5/6 هەرلەبلکان بوین کۆبونەوەی لق هەبوو، لە1987/5/7 نامەم بۆرێکخستن و چەکدارەکان نوسی لەسیروان و هەڵەبجە وسیدصادق و بۆرێکخستنەکان کاك عبدالخالق

هـەورامی وکـاك ئەحمـەد قەدەفـەری وکـاك حـسێن خەلیفـە و برادەرانمـان نـارد کـەخۆیان ئامادە بکەن بۆراپەرین بریاردرا لە1987/5/13 لەسەعات (2) ی پاش نیوەڕۆوە لەسیروان دەسـت پـێ بکـات و لەسیدصـادق و پێـشمەرگەش بڕواتـە هاوکـاری و پـەلاماری هـەموو ڕەبایەو حمایەی جادەکان بدەن و بەرنامـەی نـاو هەڵەبجە وخورمـاڵ لەوماوەیەدا هەرچـی هـەوڵمان دا نەیـەکێتی ونـەپارتی ئامـادە نـەبون کـەهێزێکی هاوبـەش و پێکەوەبەرنامەکـە دابنــێین برادەرانــی ئێمــەش هــەر هاواریــان دەکــرد کــەمن نــەڕۆم بۆیەخــسەمەر لەگــەڵ وەفدەکەداو بگەڕێمەوە شارەزوورو هێزێکی باش ئامادە بکەین مامۆستاسعدو کاك شێخ محمـد پێیـان داگـرت کـەمن لەگـەڵ ئـەوان بـڕۆم منـیش بـەوانم ووت چـاوەڕێ بکـەن تـا 1987/5/13 ئەگەر نەبوو ئەوە پێکەوە دەڕۆین وایان لـەمنیش کرد لەبەرنامەکە گۆمان پەیــدا بکــەم، لــەبارانی ڕۆژی 1987/5/5 (120) کــەس لەســلێمانی و دەوروبــەری ئـاوبردبووی لـەوباران و تەرزەیـەدا هـەر لەوڕۆژانـەش برادەرانمـان کـەمینێکیان لای یـەخی ماڵی لەسەرجادەی عەربەت سلێمانی دانابوو هەندێك سیارەو دیلیان گرتبوو بەهاوبەشـی لەگــەڵ یــەکێتی و برادەرانــی ئێمــەش دووســیارەیان هێنــابوو، لــەڕۆژانی 7و1987/5/8 هەرلەبلکان چاوەڕێ بوین برادەرانمان خەڵکی شارو ڕێکخستن و چەکدارەکانیان دەبینی و بڕیاریان دابوو لەسیروانەوە دەست پێ بکـات هـەتا چـەند جارێك بـەجیهاز لەڕێخستنەکان لای برادەرانمانەوە لەتەپی سەفاو تەپەتۆڵەکەو سیدصادق و سیروان قسەیان لەگەڵ کردم و مسۆگەریان دەکرد هەموو دامودەزگاکانی ڕژێم دەگرین هەواڵی ترساندنی خـەڵك و وردە وردە جەماوەرەکە باریان دەکرد گوندەکان بـەرەو شـارەزوورو ئۆردوگاکـان، لە1987/5/9 چوینە دوکـان و دوکـەڕۆ لـەدۆڵی قـەرەداغ بۆمـاڵی کـاك حامیـد حـاجی خالیـدو گەراینـەوە لەگــەڵ ئــەوانیش باســمـان کــردو ئاگــاداری کــاك شــەوکەت مــان کــرد کەشــتێکی واهەیــە هــەرباوەریان نــەبوو، لــە 10و1987/5/11 لــەئیمامی زامنــەوە تاگەیــشتینە عەنــەب و دێکۆن وشەشك و تەپی سەفا و بەشارەت و واتە بەتەواوی شـارەزوور کـەس لەگونـدەکانی شارەزوورنەماوچۆڵیان کرد کـاك جـەبارفرمان لەشەشـك بـو کەچۆڵیان کردبـوو ئـەویش گەرابووە بەرەو شارەزووری لای تەپەکەل وسۆیلەمیش هەموو سەعاتێك بـەجیهاز قسەمان دەکرد لەگەڵ برادەران وتیان لەشەوی 12-1987/5/13 قسە لەگەڵ مـن بکـەن قسەم کرد

داوایان کرد من ئەوشەوە برۆمە خوارەوە برادەران ڕێگایان نەدا ئاگاداری کاك عبداللە ئاغامان کرد ئامادە نەبوو ئاگاداری کاك شەوکەت مان کرد ووتی باوەر ناکەم شتێکی وا هەبێت من تەئکیدم کردەوە لەبرادەران،

## را پەرینی شارەزوور 1987

لە1987/5/13 لەدوای نیوەرۆوە دەست پیێ بکەن بەلاّم وادیار بوو لەرێکخستنەکانی حزب و لەچەکدارەکانیش پەلەیان کردبوو دەستیان بەتەقە کرد لەناوسیروان و هەندێك لە دەزگاکانی رژێم دەستیان بەسەردا گرتبوو هەندێك لەجاشەکان حمە ئەمین شەمێرانی و هەندێکی کەیان چوبونە مەرکەزەکەو هەموو ئەمن و ئەوانەی ترسابوون لەویێ کۆبوبونەوەو مقاوەمەیان کردبوو لەسەعات (10)ی سەرلەبەیانی دەستی پیێ کردبوو پێشمەرگەی ئێمەش بیێ وەستان پەلاماری سەرجادەیان دابوو دەستیان بەسەر گردی گۆو لامەرکەزی و تەپەگولاّوی وخورمالّ داگرتبوو هەرچی لەخورمالّ بوو(26) پۆلیس و ئەمن یان هێنابوو واتا حکومەتی خورمالّیان بەتەواوی هێنابوو رژێم بۆ احتیات دووناقیلەیان بۆخورمالّ هێنابوو هەردوو ناقیلەکەش گیرابوو بەدۆشکەو تەواوی شتەکانەوە وادیاربوو بۆیان ئیشی نەکردبوو بەلاّم هەموو چەکەکانی ناوناقیلەکانیان هێنابووچوبونە ئەحمەد ئاواو لەوێش جاشێکی زۆری لای بادینان لەویێ ببوون کاك رەمەزان پیێ ی وتبون ئەوە راپەرینەو ئێوە وەرن تەسلیم بن ئامر لیوایەك لەویێ بوو ئامرلیوایەکەش وتبوی باشەو باسیدصادق و هەلّەبجە تەواو بکەن وائێمەش بەهەموو چەك و شتی خۆمانەوە ئامادەین بیێ تەقە ئێمە هەموومان براین خۆئێمە لەمیللەتەکە جیا نین کاك رەمەزان نزیکەی (50) کلاشنکۆف و چەکی هێنابوو لەوماوەیەشدا چەند سەربازێك لەسلێمانیەوە هاتبون و ئاگایان لەوەزعەکە نەبوو هەمووی گیرابوو برادەران (5) ئیڤای سەربازی و 6–7 لاندگرۆزریان لەرێگای تەپەتۆلّەکەوە هێنابووە خوارەوە لەسەعات (11) ی پێش نێوەرۆەش لەسیدصادق جموجۆلّ دەستی پیێ کردو لەسەعات (2) لەهەلّەبجە دەستی پیێ کرد ولەهەلّەبجە مامۆستایانی ئاینیش بەشداریان کرد و لەسیدصادق کاك مەلا ابراهیم ی مامۆستا مەلا عوسمان خەتیبی مزگەوتێك بوو زۆربەی رێکخستنەکانی سۆسیالیست هاوکارییان کردبوو قسەی باشی لەموکەبەرەوە کردبوو

بەلام تەقە دەستی پێ کرد بەجێیان هێشتبوو لەسەعات (1)ی پاش نیوەڕۆ مامۆستا لەرێگەی رێکخستنەکانی ئێمەوەمامۆستایان هێنا هەر خۆی و کلاشنکۆفێکی بەستبوومانگی رەمەزان بوو ووتی بەخوا من ناتوانم رۆژو بگرم من بەرۆژوو بوم ئەو نانی خۆی لێ خوارد و شەو مامۆستا لەوێ خۆی شاردبوەوە تا هێنایان بۆلای من و شەری ناوجادەو سیروان و هەڵەبجە گەرم بوولەسەعات (12) هەلیکۆپتەر هەڵسا بۆناوسیروان دەستی بەقەسف کردو لەسەرجادەکان زۆرلەو سیارانەی سوتاند کەپێشمەرگەی سۆسیالست هێنابونی، برادەرانیش بەهۆکی تۆکی هەموو دەقیقەیەك لەسەرخەت لەناوخورماڵ و لەناوسیروان و لەسیدصادق و لەسەر گردی گۆ کەجێگایەکی گرنگ بوو لەتەپەتۆڵەکەو سەرجادەی لامەرکەزیەوە قسەیان دەکردو ناقیلە دەگیراو (300)کەسی چەکدار پەیوەندی بەحزبی سۆسیالیستەوە کردوەو هەرچی جیهازی یەکێتی و پارتی و حزبی شیوعی بون هاتنە سەر خەتەکانی جیهازی سۆسیالیست بۆهەواڵ و هەر هەموشیان پێشمەرگەیان بەرەو لای مەقەری ئێمە لەقەرەداغ ناردو داوایان لەمن دەکرد چاوەرێ بکەم تائەوانیش دەگەن ئەو رۆژە رۆژی 1987/5/13 بوو لەهەموولایەك شەربوو بەهەلیکۆپتەر لەهەموو گوندەکانی ئەو ناوەی دەدا لەشەشك هەرئەوەندەی نەمابوو کاك عبدالخالق هەورامی بەربکەوێت (20)کەس بریندابوون، حمە عارف پێشمەرگەی قوەی هەورامان شەهید بوو.. حمەعارف حمەوەیسی خەڵکی دێکۆن و کاك ئەحمەد قەدەفەری بریندابوو نزیکەی چوار پارچەی بەرکەوتبوو رۆژی شەرەکەش کاك حمەی صالح و چەند کەسێکی کەش لەسیدصادق بریندابوون و چەند کەسێك شەهید بوو لەوانەخوشکی شێخ توفیق و خوشکەزای لەتیف قاینجەیی و عومەرە سور رێکخستنی سۆسیالیست و خالیدحمە غەریب دەستی پەری و چەندین پێشمەرگەی رێکخستنی ناو سید صادق سۆسیالیست شەهید وبریندار بوون و زۆریان هاتنە دەرەوە، هێزی زۆری عێراق هاتە سەرجادەکان و لەناو هەڵەبجەش دەبابە دابەزینە ناوشارو بریندارو کوژراو هەبوو رژێم سەیتەرەی کردە ناو هەڵەبجە یەکێ لەشەهیدەکانی هەڵەبجە شەهید مەریوان بوو مامۆستا مەلاعەلی و مامۆستاکانی کەش لەهەڵەبجە بەشداریان کرد پاشان هەڵەبجەیان بەجێ هێشت و بەرەو سنوری ئێران ولەوکاتەدا خالید خولەسور

مستەشاربوو لەسنوری هاوارو ئەوناوە ئەحمەد حمەعزەت جێگری موستەشاربوو بەهۆی لەبەریەك هەڵوەشاندنی هێزی رژێم و سەیتەرەی پێشمەرگەو جەماوەرەوە و خزمایەتی مامۆستاعەلی وشێخ خالید رێگایان دابوو زۆری ئەو خەڵکە لەوێوە بەرەو سنوری ئێران و پاوە بروات و خۆشیان هەڵهاتن و بەرەو لای سلێمانی وئەوە زۆربەیان رۆیشتون ئێمە داوامان کردبەپەلە هێزێك بۆلای سورێن بێت و دەست بەسەر رەبایەو ئەو جبەخانانەی لای بناردا بگرین، لە1987/5/13 من لەکانی هەنجیر بوم کاك شەوکەت وعبداللە ئاغا و هەندێك لەبرادەرانی حزبی شیوعی هاتن و بەرێ کەوتین لەپشتی زەرایەنەوە عێراق هێزەکەی دایە بەرتۆپ پێش ئەوەی بەرێ بکەوین کاك عبداللە ئاغا ووتی بەمن ..من ناتوانم ونایەم وپاشان ووتی من لەرێگای جاشەکان و صاڵح خەیاتەوە لەجادەوە ئەو شەو یابەیانی بەسیارە دێم من بەپێ ناتوانم و ماندوم من زۆر هەوڵم دا لەگەڵی کە سیقە بەوجاشانەو صاڵح خەیات نەکات زۆرم لەگەڵی ووت تاقەناعەتم پێ کرد کەلەسەر خۆ دەرۆین و پەلەناکەین و لەپشتی زەرایەن یالەزەرایەنەوە عەسر داینییە بەر تۆپ و تۆپێکی زۆری لێ داین ئێمە شەو پەرینەوە بۆشارەزووری خوارەوەو تەپەکەل و بەیانی زوو گەیشتینە کەڵتەکە حمەی سۆڤی عەلی لەوێ بوو خۆی و 4-5 کەسێ بەچەکەوە بەمنی ووت وەزعەکە بەرەو کوێ دەروات ووتم وەڵا وایەو چاوەرێ دەکەین ئەگەر ئەم برادەرانە هاوکاریمان بکەن حمە سۆڤی عەلی خەڵکی بەپارتی دەزانی بەلاّم لەرێکخستنی سۆسیالست ئیشی دەکردو بەمنی ووت ئەگەرشت وابروات ئێوە مشوری جێگای ماڵەکانمان لەئێران بۆبخۆن ئێمە دێینە دەرەوە، ووتم هەر کاتێ هاتن جێگا تەئمین کراوە ئەو رۆژەش لەشارەزوور (7) پاسدارمان لەگەڵ بوو لەوێ بەچاوی خۆیان وەزعەکەیان دیبوو ئێمە گەیشتینە کیشەدەری و قاجروتەپەسەرقوڵە و لای برادەرانمان تەیارەی هەلیکۆپتەر دەگەراو ورەی جەماوەر بەرزبوو ئەوانەی دەوریان هەبوو لەراپەینەکە عبدالرحمن حسن کریم کانی شێخی و عبدالرحمن بەچە تەپی سەفایی و حمە سعیدو محمودی حاجی صاڵح و ئەحمەدی مام نوری و بەرزانی کاکل و براکانی حسێن و حمەی حسن و علی حمە یوسف وبەختیارحمە رەشید بەگ وزۆری کەش دەوری کاریگەریان هەبوو لەسید صادق خالیدو عمر سۆیلەمیشی کەشەهیدبوو زۆری کەش لەتەپەکەل بوو

پـێش ئێمـه گەیـشتبوو کـاك حامیـد وکـاك شـەوکەت و زۆری کـەبون، لـەو (300) چەکدارو جاشه کەس نەچوە لای یـەکێتی وکـەس لای پـارتی نەچووبوو (4-5) کـەس دوای لـەرێگا برادەرانـی ئێمـه هـاتبون لەگـەڵ بـەختیار حمـه رەشـید بـەگ چـوبونه لای پـارتی ولـەلای هەڵەبجەشـەوەکاك سـابیری حمـه ئـەمین بـارام وکـاك عمـری حمـه ئـەمین وازۆڵـی و کۆمـەڵێك دەرچـوبون وکـاك توفیـق رەحـیم تائەوکاتـه پەیوەنـدی بەئێمـەوه هـەبوو دوای ئـەوەش پەیوەندی بەپارتیەوه کردبوو بەڵام هەموویان بەرەولای جوانرۆ رۆیشتبون و کاتێك هـاتن برادەرانـی یـەکێتی وپـارتی ئـەو هـەموو چـەکدارەیان بـینی و ئـەو خەڵکـەی شـارەزوور بەجارێك نان وخواردن لەشارەزوورەوه بەعارەبانه ئاردورۆن و شەکروئازوقەیان بـەتراکتۆر بۆدەهێنایـن هەرواقیان ورمابوو ئـەوان لەوەزعەکه زۆر نارەحـەت بـوون، مـن و کـاك عبداللـه ئاغاوکــاك شــەوکەت چــوینه تــەپی ســەفاو ئێــوارەی رۆژی 14-1987/5/15 چــوینه ئۆردوگـای خورمـاڵ دابـەش بـوین ئـەوان نـەهاتن و ئێـواره رادیـوی تهـران بـەناوی یـەکێتی وپارتیەوه خوێندیەوه که ئەوان ئاگایان لێ نەبوو ئیشەکان پاسدارەکان زۆر نارەحەت بون ئەوانـەی لەگـەڵ ئێمـەدا بـون وادیـاربوو یـەکێتی وپـارتی لـەرێگای علاقاتـەکانی خۆیانـەوه کەلعادە ئاگاداریان کردون هەر ئـەوان لـەوێ بـون لـەئیخباری هـەمان شـەودا رادیـوی تهـران داوای لــێ بــوردن و پۆزشــی کــردو ووتــی تــەنها هێزەکــانی سۆسیالــست و جــەماوەرو پێشمەرگەی سۆسیالـست ئـەو راپەینـەیان کـردووەو هـەموو دەسـتکەوتەکانی لای ئەوانـەو ئـەو خەڵکـەی پەیوەنـدی کـردووه هـەمووی زیـاتر لـە(300) کەسـه لای ئەوانـه برادەرانـی یەکێتی داوای ناوی هەندێك چەکداریان کردبوو بۆئـەوەی بدەینـه رادیـوو بـڵاوی بکەنـەوه ئێمـه دیلـەکانمان بـەرێ کردبـوو بـەرەو قـەرەداغ و بۆسـجن، رۆژی 1987/5/15 خـەڵکی لەشارەکان دەترساو عێراق سەیتەرەی لەزۆر جێگـا، هەرئـەو رۆ لـەکوڵکنی بـوین ئـەو رۆژه لـەقاجر کـاك جـەبار تـوره بـوو لـەکاك حامیدومـسئولینی یـەکێتی و کادرەکـان کـەئێوه ئـەو هـەموو قسەیه دەکـەن دەرکـەوت نـه رێکخستنتان هەیـەو نەکەسـتان هەیـەو نەچـەکدارتان هەیه لەشارو ئەوەتا خەریکه لەبرسا دەمرین نانتان نیەو کاك حامید وەڵامـی کـاك جـەباری دایەوەو کاك جەبار ویستی کاك حامیـدو برادەرانـی چـەك بکـات بکـات جنێوو قسەی پـێ ووتـن بـەڵام کـاك لوقمـانی بـرای شـەهید عمـری حمـه صـاڵح کەحمایـەی کـاك حامیـد بـوو

سـەنگەری لـەکاك جـەبارو حمایـەکانی گـرت و خـەریك بـوو تەقـە دەسـت پـیّ بکـات پێشمەرگەی ئێمەو یەکێتی کەوتنە بەینەوە، حسك هەموو جەماوەرەیان لەگەڵ دایەو ژن و منالّ و خەڵکی بەجارێك روی تیّ کردون، پارتیش هـەمان دەردە دڵـی هـەبوو کـاك عبداللـە ئاغـاش قسەی بـەبرادەرەکانی خـۆی وتبـوو کەهیـچیان نـەکردووە، هەرئـەو رۆژە بریـاردرا شـەو بـۆگرتنی سیدصـادق بـروات و هەڵەبجـەش هێـز ئامـادە دەکـەین پـشتیوانی تـەواو لەجـەماوەرو راپــەرین وەکـو بـەرەی کوردسـتانی بکـەین، لـە1987/5/16 لەچـەمەکەی کیـشەدەری بـوین، لـە1987/5/17 لەچـەمی کـۆڵکنی ونـاو کـۆڵکنی بـوین بـەڵام هـەموو گونـدەکان چـۆڵ بـوون راپـەرین لەهـەموو شـارەکان بـەردەوام بـوو پـارتی و یـەکێتی دەیانویست وەزعەکە کپ ببێتەوەو درێـژە نەکێشیّ لەبەر ئەوەی بەسودی سۆسیالست شکاوەتەوە، لەشەوی 1987/5/18 لەقەدەفەری بوین جەماوەر و خەڵکی شارەکان داوایان کردبـوو سـاردن پـارتی و یـەکێتی پێیـان خـۆش نـەبوو رێگایـان نەئـەدا بەبۆنـەی ئـەوەی پێویستە خۆمان پێکەوە بین و بەرنامە دابنێین نابێت لەیەك جیا ببینەوە من لەگـەڵ ئـەوان مەجالم نەبوو بەڵام هەر پێشمەرگەمان دەناردبۆ جێگا جۆربەجۆرەکان و پەیوەنـدی کـردن، یـەکێتی و پـارتی هـەردوولایان رێککـەوتبون کەلـەم ناوچـەیە بکـشێنەوەو تـەرحێك بکـەن زەرایـەن بگـرن، مـن ووتم کاکـە لێـرە جـەماوەری ناوچـەکان ئامـادەن هاوکاریمـان بکـەن لەشـارەزوورو سیدصـادق و هەڵەبجـەو تەوێڵـەو بیـارەو سـیروان وخورمـاڵ وئۆردوگاکـان هەرئـەوە مـاوە ئێمـە بـونی پێـشمەرگە لـەناو شارەکان، کـاك عبداللـە ئاغـاش هـات ووتـی خۆئـەم راپەرینـە هـەمووی بوبـەخێر بۆحسك منـیش ووتم کـاك عبداللـە ئێمـە شـەهیدمان هەیـەو برینـدارمان هەیـەو لەسـەرجادەو لەسیدصـادق زەرەرمـان لـیّ کـەوتووە ئێمـە (15) رۆژە هاوارتـان لـیّ دەکـەین ئێـستاش دەتانـەوێت مەسـەلەکەو هەڵـچونی جەماوەرەکـە بمـرێنن، لـە1987/5/19 هـەردوولا داوای کۆبونـەوەیان لـیّ کـردین واتـە پـارتی و یـەکێتی لەقاجر منیش لەویّ بوم وتیان برۆین بۆگرتنی زەرایەن من ووتم برایان ئێمە ئەوە زیندووە لەبەردەستمان ئێوە بەدوای مردووە دەگەرێن بالێرە دەست پیّ بکەین ئەو شەوە هێزێك بۆ هەڵەبجەو هێزێك بۆسیروان و هێزێك بـۆ سیدصـادق ئامـادەکراو بـەرۆژ لـەویّ بمێنینـەوە و دەسـت بەسـەر تـەواوی دام و دەزگاکـانی بگـرین، کـاك حمـە مۆریاسـی فـەوجی جاشـی

خەفیفی هەبوو لەسید صادق لەنزیك سید صادقی كۆن سەر بەیەكێتی بوو وتمان داوای هاوكاری لیَ بكەن هێزیَ بۆسید صادق یەكێتی لەگەڵ بوو هێزی سیروان سۆسیالست و هێزی هەڵەبجە پارتی هەر سیَ هێزەكەیان شەو راگرت و برادەرانی ئێمە ئاگاداریان كردین كەیەكێتی وپارتی خۆیان لادەدەن و هەتا بەجاشەكانی تەرەفداری خۆیان وتووە نەیێنە دەرەوە تائاگادارتان دەكەین ئەو شەوە هەموو كارەكانیان لەباربرد هەتا جەماوەرەكە دەیانوت بۆهاوكاریمان ناكەن بەشەرتیَ هێزەكان گەیشتنە جێگای خۆیان بەلاَم نەیان هێشت كارەكە بكەن ئەو كاتە هێزی بەرە بوو ئەبوایە بەبریاری هەر سیَ لا بكرایە.هەرچی لەخۆی ترسا لەشەوی 19-1987/5/20 شارو جێگاكانی چۆڵ كردو هەڵهاتن وەكو بۆمان دەركەوت پارتی و یەكێتی لەسەر هاوكاری هەردوولایان بریاریان دابوو وەزعەكە ئارام ببێتەوەو كەس نەرواتە هاوكاری شارەكان و راپەرینەكە وەنەیان هێشت منیش دور بكەومەوە و دەیانوت ئەبیَ پێكەوە بین و منیان لەگەڵ خۆیان بەناوی گرتنی زەرایەنەوە بۆبەری قەرەداغ بەرنەوە، ئێوارەكەی كاك عبدالله ئاغاناردبوی بەشوێنی كاك محمد صۆفی عەلی كەكۆن دەیناسی و پێشمەرگەبووە لەگەڵی دا هەر بەماڵی خۆیانی دانابوو ئەو كاتە بانگی كردبوو نامەی دابونیَ بۆشاروبۆئەو جاشانەی سەر بەئەوان و وتبوی برۆ پێیان بڵیَ كەس مزاهەرە نەكات و نەشیەنە دەرەوەو بەناوی بەرەوە قسە نەكەن چونكە من وەكو پارتی پێیان رادەگەیەنم و برادەرانی یەكێتیش وتیان حمە مۆریاسی وتبوی بەس من ناتوانم ئێستا بێمە دەرەوەو لەوناوەوە یاگوندەكان چۆڵ بون شارەكانیش چۆڵ نەبن دوای كاك حمە صۆفی عەلی وتی وەلاَ عبدالله ئاغا هات وای بەمن ووت.. ووتی باهەر نەی كەین ئەو حسكانە سودی لیَ وەردەگرن هەرلەویَ  بن باشترە واتە لای عێراق بن باشترە نەك لای حسك ووتی هەردولا پێكەوە رەئیان وایە ئەمە كاك حمەی صۆفی عەلی بەمنی ووت یەك جاش لای برادەرانی ئێمەبوو ئار.بی.جی پیَ ببوو لێیان سەندبوو دوای بەبیَ چەك چوبوو بۆلای یەكێتی كاك جەبار فرمان نامەیەكی بۆمن ناردبوو داوای ئار.بی.جی یەكەی كردبووبۆئەو جاشە بدەینەوە منیش وەلاَمم دایەوە..ووتم باشە ئەگەر حەزدەكەن دوو ئار.بی.جیت بۆ دەنێرم و چەك و شت هەموو هی بەرەی كوردستانیە و هی كوردە و چەندت دەوێت بۆت دەنێرم لەگوندی كۆرەش لەماڵی كاك جەلال كۆلَكنی كەچوم

بۆسەردانیان جارێکی کە باسی کردەوە زۆربەتوندی منیش بەپێکەنینەوە ووتم باشە چەند ئار.بی. جیت دەوێت، ووتی هەر یەك دانەیە ناردم وتم بۆی بهێنن زۆرلای من ئاسایی بوو نەمزانی ئەوان نارەحەتن لەوەی سۆسیالست سەرپەرشتی ئەوراپەرینانەی کردوە.. راپەڕینەکە لای قەلاَدزەو رواندوزیش هەر برادەرانی ئێمە کردیان و لەوێشەوە هاتنە دەرەوە مامۆستامەلاعوسمان و مامۆستامەلاعەلی و ئەوان ئیشی باشیان کردبوو، لەرۆژی 1987/5/20 من لەتەپەگولاَوی بوم داوایان کرد بگەرێمەوە بۆ چەمی زەڵم ولەوێشەوە بۆ دەوری زەرایەن من هەرلەبەر ئەوان رۆیشتم بۆدۆلاَش و بۆبێرەشکەو بۆکەڵتەکە کاك حمە صوفی عەلی ووتی کاکە پارتی وتویانە لەگەڵ یەکێتی قسەمان کردوەو هەوڵ دەدەین هێزەکان بگەرێنینەوە بۆئەوەی راپەرینەکە زیاد نەکات و ئەوان نایەڵن مەگەر هەرخۆتان شتێك بکەن ئێمە چوینە سۆیلەمیش و سواری و ئاوایی شێخ حسێن و لەجادە پەرینەوە، لە1987/5/21 لەمەقەری کانی کەوە بوم لەقەرەداغ و زۆر هیلاك بوم لەمەقەری ئێمە کۆبونەوە کرا لەنێوان ئێمەو یەکێتی وپارتی و شیوعی دا بۆئەوەی زەرایەن بگرین ئەوەندەی پیَ نەچوو کاك سید عبدالرحمن تاوگۆزی لەزەرایەن ناردبووی بیستومە ئەو پیَ ی داگرتوە لەسەر گرتنی زەرایەن و داوا دەکەم کەئەگەر شتێکی واهەیە بابەتەگبیرورا بێت چونکە خەڵکی زۆر دەکوژرێت و تیادەچێت هەمووی هەر کوردە من زۆرم لاسەیربوونامەیەکی ناردبوو وەلاَمم دایەوە ووتم شتی وانیەو ئەگەر هەبێت ئێمە بۆمەقەری جاش و سەرجاش دەرۆین و ئەوان بەتایبەتی تاوگۆزی و ئەوەی خەڵکی دەوری زەرایەنەو هەرکەس لەماڵی خۆی بێت ئەگەر شتێکی وابوو بەلاَم شتی وامان لەبەرنامە بەتایبەتی بۆسەر ئێوە نیەو نەبووە، وادیاربوو برادەران ناردبویان کە ئاگاداربن ئیترزەرایەن هەموی زانیویەتی و دەبابەو جەیشی زیادو هەموو جاش لەسەنگەردایە ئەگەر بکەین زەرەری تیادا دەکەین دوای ئەوە لایەنەکانی بەرەی کوردستانی ناردیان بۆلای من بۆئەوەی نەکرێت من زووتر تێگەیشتم کەدەیانەوێت نەکرێت و وەزعەکە لەباربەرن هەموو گوندەکان چۆڵ کرابون بەلاَم(83) هاولاَتی خەڵکی شارەزووروخورماڵ و هەورامان و سیروان و سیدصادق هەندێك لەراپەرینەکەو هەندێك

تـەیارە لـێ ی دابـون و برینـداربون و هەنـدێك گیرابـون  بەشـێكیان كـرد بەژێرخاكـەوە زیندەبەچاڵ كران ئەمەش ناوی هەندێك لەو هاوڵاتیانەیە :-

1-ئەحمەد عبدالكریم   خەڵكی خورماڵ .

2-ئەحمەد عبدالكریم  خەڵكی سیروان دێ ی غوڵامی .

3-نوری محمد حسێن خەڵكی خورماڵ .

4-نادر قادر صالح خەڵكی خورماڵ (دێ كۆن) .

5-حاجی مجید هەورامی خەڵكی خورماڵ دێ ی هانەی قوڵ .

6-عبدالرحیم گولە خەڵكی هەڵەبجە .

7-حاجی سەید رەحمان خەڵكی خورماڵ .

8-حسن سعید خەڵكی خورماڵ .

9-ئازاد حسن خەڵكی خورماڵ (زەڵم) .

10-فاضل كوێخا محی الدین خەڵكی خورماڵ  هانەی قوڵ .

11-حمە نەجیب كاكە برا محمد خەڵكی سیروان .

12-خلیل ابراهیم محمود خەڵكی سەید صادق .

13-محمود دیوانە رەسول خەڵكی سیروان  دێ ی گورگو چیا .

14-ئەحمەد شێخ محمد خەڵكی سیروان دێ ی گونە .

15-ئەحمەد اسماعیل خەڵكی خورماڵ ئەحمەد ئاوا .

16-نەوزاد خەڵكی خورماڵ ئەحمەد ئاوا.

17-حاجی صالح زەڵمی لەگەڵ كورێكی دا خەڵكی خورماڵ .

18-عەلی خەڵكی خورماڵ .

19 رەمەزان حمە سعید خەڵكی خورماڵ .

20-بورهان خەڵكی بیارە دێ ی دەرگا شێخان .

21-سامان شمس الدین خەڵكی خورماڵ (زەڵم) .

22-عوسمان خاوەر خەڵكی خورماڵ .

23-حمە كەریم حمە شەریف خەڵكی خورماڵ (دەرەی مەر) .

24–رەحمان قادر خەڵكی خورماڵ .

25–یونس رەحیم خەڵكی خورماڵ (دەرەی مەر) .

26–حمە نەجیب حمەخان خەڵكی خورماڵ (دەرەی مەر) .

27–زین الدین صالح خەڵكی خورماڵ ئەحمەد ئاوا .

28–حاجی صالح خەڵكی خورماڵ ئەحمەد ئاوا .

29–جەمال حاجی حامید خەڵكی خورماڵ – ئەحمەد ئاوا .

30–عبدالكبری قادر خەڵكی خورماڵ تازەدێ .

31–حمە كەریم صۆفی خەڵكی هەڵەبجە دێ ی تریفە .

32–حمەخان حمە ئەمین خەڵكی خورماڵ (ئێلاڵن پێ ).

33–عبدالله(عەبە ریشە سەرگەتی ) خەڵكی خورماڵ .

34–عبدالله قادر خەڵكی خورماڵ تازەدێ .

35–جەمال عەلی خەڵگی سەرگەت (بیارە) .

36–جەمال حامد صالح خەڵكی خورماڵ (ئێلاڵن پێ ) .

37–سەلام حمە ئەمین خەڵكی خورماڵ (ئێلاڵن پێ ).

بەشێك لەو تەرمانە لەلای مەعەسكەری سیدصادق كە لەساڵی 1991 دوای راپەرین دەریان هێنایەوە هەندێكی لای بامۆكی پشتی هەڵەبجە زیندە بەچاڵی كردبوون بەلاّم هێزەكانی ئێمە زۆری هەر لەشارەزوور مانەوە بۆبەرێ كردن و رێكخستنی ئەو خەڵكەی هاتبونە دەرەوە بۆلامان و ماڵەكانیان بۆئێران بەرێ بكەین و پەیوەندی بەردەوام هەبێت و جیهازمان لەناوشارەكان دانابوو بۆپەیوەندی شتی رۆژانە و پێشمەرگە بەئاسانی دەچووە شارەكانەوە و مەقەرێكمان لەكیشەدەری چەند ماڵی لێ بوو هەمووی پێشمەرگە كردی بەمەقەر و لەقاجریش وەكو جاران نەبوو خەڵكی لێ بێت لەبەر خەڵكەكە تەقە نەكەین دۆشكەمان داناو هاوان و ناردمان (150) فەردە ئاردو هەمو ئازوقەیەكمان هێناودامان نا لەچەمەكان تاكە تاكە كەس خەڵكی بەدزیەوە دەهاتە سەر زەراعەت بەلاّم قەدەفەری وگردەنازێ مابون لەسەرجادەكان، كاك شێخ محمد شاكەلی و كاك سعد هەر دوای ئەوەی من چومە شارەزوور ئەوان بەرێ كەوتبون كاك قادر چاوشین ئامر هەرێمی

(4) یـان لەگـەڵ دا ڕۆیـشتبوو لەگـەڵ مەفرەزەیـەك پێـشمەرگە و لـەڕێگا توشـی هەنـدێك ناخۆشی ببـون تاگەیشتبونە دۆڵـی جافـەتی ومەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی، لەشـەوی 24-1987/5/25 لەمەقـەری هــەرێمی(5) وە بــۆ ســەرجادەی زەرایــەن لــەنێوان زەرایــەن و مەشـروعەکەوە بـۆلای ئـاوایی شـێخ حـسێن و هەلاجـەکان و محمودخـانی و مـالوان و سۆیلەمیش هەرئـەو شـەوە گەیشتینە خواروی کەڵتەکەو بۆدۆلاش و لـەدۆڵاش ماینـەوە، لـە1987/5/26 ئێـوارە کـەی چـوینە نـاوگردان و گـامێش تەپـە ئـاوادان بـوو هـەر شـەو گەراینەوە بۆدۆلاش، لە1987/5/28 ڕۆژی جـەژنی ڕەمـەزان بـوو بـەیانی زوو تـەیارە هاتـە سـەر سیدصـادق و دەورو بـەری و تەقـەیان لەخـەڵکی بێرەشـکە کـرد، ئەوانـە سـەر بەسۆسیالـست بـون لەسـەر ڕێگـاوە دەڕۆیـشتن بەعەلاگـە نـان و تەماتـە دانرابـوو لـێ ی نوسرابوو ڕێکخراوی سیدصادق و حسك و کەسی لانەبوو هەڵمان دەگرت و لـەوەدا چـەند برادەرمـان هەرکـەس لـەدەرەوەی شـاربوایە ڕژێـم بـە تـەیارە تەقـەی لـێ دەکـرد کـورێکی سیدحمەامین محمدی ناوبوو شەهید بوو سەر بەحزبی سۆسیالـست بـوو ڕۆژی جـەژن بـوو هیچمان لانەبوو جگە لـەنانی وشـك زیـاتر، دۆڵاشـیش وەکـو هـەموو گوندەکانی شـارەزوور چۆڵ ببوو بەلاّم هەموو گوندەکان خانوەکان مابون، لە1987/5/29 لەدۆلاش بـوین چـوینە قـاجر، لـە1987/5/30 چـوینە کیـشەدەری، لـە1987/6/1 لەکیـشەدەری بـوین هــەموو گوندەکانی شارەزوور چۆڵ کرابون ناوچەیەکی ناخۆش بوو بۆنی ولاّتێکی بـێ مرۆڤـی لـێ دەهات گەنم و گوڵە بەرۆژەو دەغڵو دان هەمووی پـێ گەیـشتبوو کەسـی لا نـەبوو لـەو ولاّتـە چۆڵەدا کەروێشك وسەگ و پیشیلە چاویان پێمان دەکـەوت خۆیـان دەشـاردەوە بـەلاّم لـەو ڕۆژانەدا سەگ و پیشیلە بەدوامانـدا دەگەران لەدۆڵاش پیشیلەکان گیانیان دەداو برسـییان بوو هەروەکو ئینسان هاواریـان دەکـردو دەهاتنـە لامـان سـەگەکان بـێ سڵ کردنـەوە وەکـو ئـەوەی خاوەنیـان بین دەهاتنـە لامـان ئـەو تەیرانـەی هـی گوندەکە بـون بـێ تـرس دەهاتنـە لامان لەدێ دەرچوین پیشیلەکان سەگەکان لەگەڵمان دەهاتن، بەهادین 5-6 پیـشیلە بـوو لەگەڵ خۆی دەیگەراندن، ماین و هێسترو هەرچی بەرببوو لـەخاوەنی یـاخی ببـون دەهاتنـە لامان و هەستیان دەکرد کەولاّتەکە چۆڵە، مانگاوبەرازو سـەگ و چـەقەڵ پێکـەوە هـەمووی دەگـەران، بـزن و سـەگ هـەردووکیان پێکـەوە دەگـەران هەرشـتێ لەترسـی دوژمـنی خـۆی،

چەقەڵ وبزن و سەگ پێکەوە، ماین و هێسترو مانگاو سەگ پێکەوە مرۆڤ لەبیر کردنەوە لەئاستی ئەوهەموو جانەوەرە وەحشیە کەچۆن یەکی گرتووە هەریەکە لەجۆرێکی جیاواز لەزۆرجار دوژمنی یەك بون هەر لەوکاتانەش دا هەندێك جاشی خراپ نەبێت جاش و پێشمەرگەو هەتا عەسکەریش یەك دەبینن و لەرەبایەکان جاش و پێشمەرگەی لێ دەمایەوە ئەو زەخت و زۆرە هەموو کەسێ هەستی پێ کردبوو ئەوانەی من باسی دەکەم هەموو پێشمەرگەی لایەنەکان لەشارەزوور لەدوای ئەنفالەکان وکیمیاباران لەگەرمیان و شارباژێرو شارەزوور دیویانە کەچۆن هەموو گیاندارەکان پێکەوە دەگەران وەیاچۆن سەگ و بزن و مەر چاویان بەتەیارە یازەلام دەکەوت پێکەوە هەڵدەهاتن، مەڕ لەهەموویان زیاتر وزوتر کەژی دەبوو، من لەسورێن مەڕێکمان کەژی بوو بەحاڵ کۆشتیان نەدەگیرا مرۆڤ لەخۆیەوە لەو دەشتە بێ تاقەت و ناخۆش بوو، 200 یا300 پێشمەرگە بەجارێك دەگەرا بەلاّم ئەو وەزعە وابوو هەر پێشمەرگە بێزار دەبوو لەورۆژانەدا کیشەدەری مان کرد بەبارەگای خۆمان و لەگوندەکانی دەورو بەریش مەقەرمان داناو پێشمەرگەش بلاّو بوەوە لەناوچەکەدا ئەمرۆ 1987/6/1 ئەو وەزعە دەبینم (9) ساڵ پێش ئێستا لەگوندی بازێ و لەکوردستانی تورکیاو لەهەکاری بوین شەری قیادەی موەقەتەو عەشائیری تورکیا هاتبونە سەرمان، خوا دەزانێ 1997/6/1 لەکوێ دەبم (لەدمشق بوم)، هەر لە1987/6/1 رشید کرامی سەرۆك وەزیرانی لوبنان کوژرا محمود ناوێك کوشتوویەتی لەهەلیکۆپتەردا تەقیەوە، لە1987/6/2 لەکیشەدەری بوین، لە1987/6/3 ئەحمەدحاجی کەریم لەراپەینەکەی سیدصادق و شانەدەری بەشداربوون لەسەر داوای حزب هەر ئەو رۆژە بەخۆیی و (22) کەسەوە بەچەکەوە هاتنە دەرەوە بەماڵەکانیانەوە بەرێمان کردن بۆئێران، شەوی 3-1987/6/4 لەقاجروکیشەدەری بوین و ئەمرۆ چەك و دۆشکاو بێ کەی سی و سامی (7) مان پێ گەیشت و زۆر بێ منەت بوین لەتەیارەو هەلیکۆپتەر چونکە لەزەمینەوە جەیش ئەو کاتە ئەو هێزەی نەبوو بەئاسانی بێتە سەرمان خۆمان ئامادەکرد بۆهەموو هێرشێکی دوژمن چەك و شتەکانمان لەکیشەدەری و ئەوناوە دامان نان، لە1987/6/5 لەکانی حمەوەیسی بەردەمی وگێڵەك دا بوین چاوەرێ ی ئەوەمان دەکرد درەنگ بکات وبرۆینە سەرجادە، لەسەعات (2/30) حەوت هەلیکۆپتەر هاتە سەرمان ئێمە هیچ ئامادە

نـەبوین کەشـەرێك بکـەین پێـشمەرگە خـۆی دەشـۆری  و لەچـەمەکەدا چـایان لـێ نـابوو وادیـاربوو لەرەبایەکانـەوە چـاویان لێمـان بـوە (2)سـەعات ئـەو هەلیکۆپتەرانـە بەچـەپ و راست بێ ئەوەی کەسێ ببینن ناو ئەوچەمەیان داگرتەوە لـەوێ رەوفە سـورمان لەهـەرێمی (3) بریـنـــدار بـــوو لەگـــەڵ (1-2) پێــشمەرگەی کـــەش بریـنـــداربوون  لەوکاتـــەدا مـــن لەسـەرکانیەکە بـووم رادیۆمـان کردبـوەوە ئیزاعـەی سۆسیالـست شـوان پـەروەر گـۆرانی دەووت ئـەوەی کـەدەڵێت پێـشمەرگەنا پێـشمەرگەنا حەماسـەی هەیـە لەوکاتـەدا نزیکـەی (100)کـەس بـوین هـەموی خـۆی نـابوە نـاو چـەمی زەڵـم و قورولیتـەو تـورك رادیۆکـە هـەر دەیقیران بەتەنها پێشمەرگەیەکمان حمە ئـەمین وتم ئـەو رادیۆیـە چی دەڵێت .. ووتـی چی دەڵێت ئەونازانێ وەزعی پێشمەرگە چەند خەتـەرە ئـەو رۆژەش کـەس تەقە نـەکات چـونکە ئێمە دوربوین  لەچەکەکانی کەو بۆ ئەوەش هاتبوین کەس نەزانێ لەو ناوەین بەهەزار حاڵ فیـشەك و سـاروخیان پـێ نـەمابوو لـەکۆڵمان بونـەوە ئێمـە هـەروا لەگونـدە چـۆڵ کراوەکـان دەگەراین و رۆژانەش جاش هەڵدەهات و دەهاتە لامان و رۆژانە تەیارەی عێراق لەدەشت و گوندو چەمەکانی دەدا، لە1987/6/6 لەکیشەدەری بوین لەمەسـەکان تـەیارە تراکتـۆرێکی سوتاند، لە6/7 هەر لەکیشەدەری بوین تەیارە لەدەوری تەپی سەفای داوتەقەی زۆری کرد کاك عبدالخالق وکاك نوری و کاك حسێن لەوێ بون دووبریـنـداریان هـەبوو، لە1987/6/8 رژێم چەند ماڵێك و تراکتـۆرێکی لەتەپەتۆڵەکە سـوتاند، لەشـەوی 9-1987/6/10 مامـە رەشـەی هـەورامی و هەنـدێك پێشمەرگەی ئیسلامی هاتنـە لامـان شـارەزانەبون  مەسئولی ئیسلامیەکان ناوی مامۆستا ئەمین بوو داوایان کرد شارەزایان بدەینێ و (10) ولأخ لامـان بون شتیان بۆ هێنابوین بیان بەنەوە مەسئولی ئیسلامیەکان ناوی کاك ئەمین بـوو مهنـدس بـوو خـەڵکی کـەرکوك بـوو ناردمـان لـەوێ شـارەزاکەمان لـەنێوان تەپەرێزینـەو گـردی قـازی کەوتـــە نـــاو لوغمـــەوەو شـــەهیدبوو، مامـــە رەشـــە هـــەورامی خـــەڵکی ئەحمـــەدئاوابوو کەپێشمەرگەیەکی چـاك و شـارەزاو دڵـسۆزو گـوێ رایـەڵ بـوو کـاتی خۆیشی لەگـەڵ کـاك رەوف بوو کە لە1981/7/22 دا لەقەدەفەری کەوتبونە کەمینەوە ئەم دەرچوبووکاك رەوف شەهیدبوو جەنازەکـەی بـەجێ مـابوو دوای ئـەو جاشـانەی لـەوێ بـون لەرەبایـە ئاگاداریـان کردین جەنازەکەیان بردۆتە لای خۆیان و دەیبەنە تەپە رێزینـە و لەگـەڵ چـەك و شـتەکانی

دەی نێرنەوە شەو لەرێگای حمەئەمین حاجی حامید لەتەپە رێزینەوە ناردیانەوە بەخۆی و چەك و ئەوەی پێ ی بوو کەئەوەش کارێکی باش بوو بۆئەو چەکدارانە وە ئێمەش لەزۆر شتمان پاراستن چەکدارەکان سەربەفەوجی سید تاهیر جەباری بون، لە1987/6/11 جەنازەکەیمان لەتەپەسەرقوڵە لەگردەکە بەخاك سپارد کەبەراستی جێگای داخ بوو(2–3) پێشمەرگەش پارچەیان بەرکەوتبوو هەرئەو شەوە پاسدارێك کوژراو لەگەڵ مامەرەشەدا و چەندکەس بریندرابوو، لە1987/6/12 لەقاجربوین حاجی عبداللەو شێخ توفیق و عوسمان حاجی ئەحمەدو چەند پێشمەرگەیەکمان نارد بۆتاقیبی مەعەسکەری بەرکەورگان لەنێوان پێنجوین و سیدصادق لەبناری سورێن لای هۆڵەسمت پاشان کاك عەلی و کاك صاڵح (3) جار ناردمان بۆسەیری هەر لەو دووسێ رۆژە هاتنەوە وتیان تۆپخانەیەکی(6) تۆپی تێدایەو لەنێوان دۆڵەکەدایەو مەعەسکەرەکە (6) رەبایە حمایەی دەکات و یەك فەوجی جاش لەوڵەسمت و نزیکەی (4) سیارەی تێدایەو خانوی زۆری تێدایەو رەبایەکان (4)دۆشکای (4) لولەیی و دوودۆشکای دیمترۆف و (57) و چەند دۆشکای کەی تێدایە و خەستەخانەو حانوت و جیهازی راکاڵی گەورەی تێدایەو رەبایەی حمایەکان بی.کەی. سی. یان دەگاتە یەك و درێژی مەعەسکەرەکە (2/30)کم دەبێت لەگوندی بەرکەورگان تاگوندی چۆڵ کراوی ئوچ قوبە هەیە، ئوچ قوبان سێ تەپان وەجگە لەو بەرزایانەی کەرەبایەکانی لەسەرە بەرزای کەش هەیە کەمسەیترە لەسەر رەبایەکان بەلاَم کەوتۆتە نێوان توتاقاچ و یاجادەی قیرو مەعەسکەرەکە بەتەقدیری ئەوان (100) سەربازی تێدایەو ئەو مەعەسکەرە لایەکی جادەی قیری شانەدەری یاپێنجوێن سیدصادق بوو، لەشەوی 12–1987/6/13 لەقەدەفەری بوین، قەدەفەری بەهۆی چۆڵ بونی هەمووگوندەکانەوە هەموی چۆڵ ببوو قەدەفەری و ئەو دووسێ گوندەی سەرجادە مابونەوە زۆر قەڵەباڵغ ببوون، لەشەوی 13–1987/6/14 چوینە گامێش تەپە و گەراینەوە، لە1987/6/14 لەقاجربوین بۆشەوەکەی چوینە قەدەفەری و شەو لەماڵی عەلی مام رۆستم بوین کاك حامیدی حاجی خالیدیش ئەو شەوە هاتە قەدەفەری لەگەڵ ئێمەدا، لەرۆژانی 15تا1987/6/17 هەر لەکیشەدەری و قاجر چاوەرێ ی گەرانەوەی ئەو برادەرانەمان دەکرد کەچاودێری مەعەسکەرەکەیان دەکردو گەرانەوەو وتیان مەعەسکەرەکە فەوجێکی

جاش لای دۆڵی بالیسان هەیە ئەگەر ئەوانە کەمین دابنێن ڕێگای گەرانەوەمان لەحاڵەتی گرتنی مەعەسکەرەکەدا خەتەرە من ووتم مەعەسکەرەکە دەگیرێت ئەوانەش شارەزانین و خەڵکی دەوری سلێمانی نین و لای خۆشناوەتی ناتوانن کەمین دابنێن چارنەبوو برادەران ئیسراریان دەکرد لەرێگای مەلانوری یەوە وەلاّممان بۆ کاك حمەلاوی وڵەسمتی نارد، کاك حمەلاو زیاتر هەواڵی ناومەعەسکەرەکەوعمر قاینجەیی و عمری حمە ئەمین هەواڵی بۆ دەهێناین حمەلاو علاقەی لەگەڵ جاشەکان دروست کردبوو بەناوی منەوە پێ ی وتبون وادیاربوو ئەنوەر بەگی بالیسان مەسئولیان بوو ئەوانیش ئامادەیی خۆیان بۆهاوکاری پێشمەرگە دەربری بوو بەلاّم ئەگەر لەوشەرەدا کەسێکیان لێ گیرابۆیان بەر بدەین و ئەوان سقەیان بەوەعدی سۆسیالست هەیە ئەویش لێ ی دڵنیا بوین ئەو دووسێ شەوە دەچوینە قەدەفەری وگامێش تەپە بۆئەوەی نەزانن بەرەو کوێ دەرۆین، لەشەوی 18-1987/6/19 لەکیشەدەریەوە بۆقاجروقەدەفەری و بۆچەمی خواروی ریشێن ناردمان لەسیدصادق مریشك و شتیان بۆهێزەکە هێنا قادری مام دێوانە هێنای لەگەڵ هەندێك برنجی سوردا لەعەلیاوا(116) پێشمەرگەو(7) پاسداریشمان لەگەڵ دابوو ناوی مەسئولی پاسدارەکان ئاغای رەجائی بوو وەیەکێیکان ناوی ئاغای گوڵزاربوو، ئەو تۆپخانەیە پارتی (4-5) مانگ بوو هەر لەدەوری دەهاتن بۆیان نەدەکرا تۆپەکانی ئەو تۆپخانەیە لەئێمەی دەدا لەسورێن و لەشارەزوورو لەمەریوانیشی دەدا ئەو شەوە لەگێڵەك بوین لەوێوەو لەدەوروپشتی عەبابەیلێوە تۆپی لێ دەداین کاتی خۆشی لەبانی شارومێری سوری دەداو لەدواییدا لەمەریوانی دەدا لەرێگای قادری مام دیوانەمان نارد بۆهێنانی نان و خەیارو شت لەعلیاواش دووسێ فەردە خەیارمان کۆکردەوە هەرپێشمەرگەی (5) سەمون و(2) خەیارمان دایێ

## گرتنی تۆپخانەی بەرکەورگان

شەوی 19-1987/6/20 لەعلیاواوە بەرێ کەوتین بەرەو شانەدەری پێشمەرگە وای دەزانی بۆئۆردوگای شانەدەری دەرۆین لەرێگا زۆری نانەکانیان خواردبوو وتبویان ئێستا لەوێ دابەش دەبین چاوشتمان پێ نەبوو نەشمان ووت بەکەسێك کەرێگا دورەو ئەوانە بۆئەوەی چالاکیەکە زۆر بەئاسانی بکرێت کەنزیك شانەدەری و کارەبا بوینەوە لەپشتی

شانەدەری سەرەوە راست سەرکەوتین بۆ توتە قاچ چۆڵ کراوکەس نەیدەزانی بۆکوێ دەرۆین لەرێگا توشی (2-3) قاچاغچی بوین رایان کرد وایان دەزانی سەیتەرەیە یاکەمینی مەعەسکەرەکەیە دوای حاڵی بون گەرانەوە لای بارەکانیان حاجی عبدالله شارەزابوو عوسمان حاجی ئەحمەد وکاك صالح و هەمووی شارەزابون ئەو رۆژە لە دۆڵەکەدا بەری لای خەرنوك بۆ بەرکەورگان لەئەشکەوتەکان خۆمان شاردوە و بەنهێنی حەرەسمان دانا مێشولەیەکی یەکجار زۆرو ناخۆشی هەبوو ئاونەبوو ئاوی مەتارەش کەم بوو کانیەکی لێ بوو پیس و ئاوەکەی کەم بوو ئەو هەموو خەڵکەش کەس خۆی دەرنەخات و دوای نیوەرۆ هەمووی برسی بوو لەگەڵ شەهید حاجی عبدالله چوینە سەروە تفەنگێکی( فلچەیی) شاردبوەوە هێنای و من و مەسئولەکان سەعات (5) چوینە خوارەوە لەناوگوندەکۆنەکەی بەرکەورگانەوە سەیری مەعەسکەرو رەبایەکانمان کردئەورۆژە کاك نەوزاد عەلی نان وشتی لای صدقی گوڵە کەسەربەرێکستنی ناوشاربوو بۆهێنابوین بەجێبەکەی کاك صالح حاجی ئەحمەد بۆعلیاوا وەهەندێك پاقلاوەشی بۆمن هێنابوو، پاش سەیرێکی ناوچەکە وتمان نان نیە مەعەسکەر گیرا ئەوکات حانوتەکەتان گرت نان بخۆن و جگەرەوشت بۆخۆتان بهێنن هێزەکەمان دابەش کرد قوەتێك بە(5) بەشەوە بۆ هەر(4) رەبایەکە یەکێکیان کاك ابراهیم قاجری و یەکێکیان کاك نوری و یەکێکی کاك عەلی و یەکێکی کاك صالح حاجی قادرو یەکێکی شێخ توفیق، رەبایەی لای کاك صالح چۆڵیان کردبوو پێشتر قوەتەکەش لەگەڵ نوری و ئەحمەد و ئەوان بۆمەعەسکەرەکە هەر بی. کەی.سی و ئار.بی.جی و چەك و(40) کەس لەگەڵ من بۆ ئەو بەرزاییەی نێوان بەرکەورگان و جادەی قیر، قوەتێك لەگەڵ ئەحمەد بچکۆل بۆرێگای شانەدەری وڵەسمت و لەسەعات (9/30) ی شەوی 20-1987/6/21 بەنەخشەیەکی دیاری کراو دەستی پێ کردو ئێمە زووجێگای خۆمان گرت و ئێوارەش پێش ئەوەی تاریك بکات تۆپەکان تۆپی دەتەقاند بەرەو سورێن دەبوو سەرەتا لای ابراهیم قاجری و مەلافائق وە تەقە دەست پێ بکات هەرچوار دەوری تەل بەن بوو هەندێك جێگاش لوغمی هەبوو پێش دەست پێ کردنی تەقە گرێك بەرزبوەوە لەپر دامرکایەوەوئێمە واتێ گەیشتین کەئەوتەڵقە تەنویرانە دادەنرا لەدەوری رەبایەو مەعەسکەرەکە وادیارە پێشمەرگە خۆی لێ

دابێت تەقیەوە ئەوە کەس ناکوژێ هەربۆئاگادار کردن وکەشفی شتە ئێمە خۆمان ئامادەکرد لەژێر رەحمەتی چەکی ئێمەدا بون لەهەر لایەك پێشمەرگە تەقەبکەن ئێمە لەسەرەوە لێیان دەدەین بەڵام وادیاربوو هەر بەسودفە فیشەکێ لەرەبایەکەوە تەقیبوو گولەیەك دابوی لە حەشوەی ئار.بی.جی یەك لەبەر پشتۆینی کاك پشکۆ وە بوو، کاك پشکۆ ناوی عمربوو خۆی ناونابوو پشکۆ کورێکی فەقیرو بەئیلتزام و باش بووبەڵام خوا لێم هەڵناگرێ عینادبوو ئەویش گری گرتبوو خۆی دابوە بەخۆڵی چواردەوری رەبایەکەدا بۆپاراستن، رەبایەکە بەشۆفلێ خۆڵی لەدەور کۆدەکرایەوە هەرچەندە دەستی سوتابوو بەهاوکاری هاورێیەکانی کوژاندبویانەوە وادیاربووکۆڵێك گولە ئار.بی.جی ش هەر بەکۆڵیەوە بوە باش بوو هەمووی ئاگری نەگرتبوو بتەقێتەوە کەخەتەربوو لەسەر پێشمەرگەو چالاکیەکەش بەهەرحاڵ لەکاتی دیاری کراودا دوای چەند دەقیقەیەك تاخیربون لەسەرخاڵە پشکۆو بەئار.بی.جی لەهەموو لایەکەوە تەقەدەستی پێ کردوو هەموی (20) دەقیقە مقاوەمە نەبوو ئێمە لەسەرەوە لێمان داو جبەخانەو گولەراجیمە و لەوتۆپانە هەموی تەقیەوە لەناو خۆیان ژێر زەمینی هەبوو (50)مەتر درێژبوو تەقەمان لێ دەکرد بەدرێژایی هەزارمەتر ئاگری گرتبوو هەموو ناوچەکەی روناك کردبوەوە لەپاش نیوسەعات پێشمەرگە گەیشتە ناو مەعەسکەرەکەولەناو خانوەکان شەری گەرم دەستی پێ کرد بەدوو سەعات تۆپەکانیش تەقێنرانەوە رومانە وتی ئێن تی بەلولەکانیاندا دەکراو دەتەقیەوە لەلایەن پاسدارەکانەوە دۆشکەکان بەئار.بی.جی شکان سیارەکان ئاگریان تێبەر بوو مەعەسکەر ئاگری تێ بەردرا زەرەر لەدوژمن کەوت (110)کلاشنکۆف گیرا وچەندین ئار.بی.جی گیرا ئەوچەکە قورسانەی هەڵنەدەگیران شکێنران جیهازێکی راکاڵ بەمجەفیرەو هەموو پارچەکانیەوە گیرا (11) سەربازی دەرەجەدار بەدیل گیرا و(6) جاش گیرا و (4)جیهازی راکاڵی بچوك و (PRS) گیراولەگەڵ کۆمەڵێك موستەمسەکات، زیانی ئێمەش بریندداربونی کاك رزگار خانەقینی ( تالیب سعید) رانی شکا زۆرخراپ وکاك تالب یەکێ بوو لەپێشمەرگە ئازاکان و لێ هاتوبوو لەهەرێمی (5)ی شەهید رەوف بوو بۆچارەسەر ناردمانە قەرەداغ لەوێ یەکێتی زۆر هاوکاریان کردین بەتایبەتی کاك دکتۆر فائیق حمە گوڵپی و دوای تەداوی لەکیشەدەری و بۆسورێن وئێران لەوێشەوە

بۆبەریتانیاو تائێستاش هەر پێوەی دیارە، محمود ئەحمەد برای شەهید نجم، شێخ توفیق، خاڵەپشکۆ، زاهیر برای شەهید عەتای حاجی فریق نەوێی  برینداربون وەکاک جەمال محمد جمیل دەربەندیخانی شەهیدبوو  پێشمەرگەی هەرێمی (5)بوو کورێکی ئازابوو،  جگە لەخاڵە پشکۆ پێشمەرگەی هەرێمی (1) بوو زاهیر پێشمەرگەی قوەی پارێزگاری  بووهەموو بریندارەکان  سەر بەهەرێمی (5)بون هەر ئەو شەوە گەراینەوەو ناردمان لەشانەدەری دوای ماوەیەك بەکۆڵ بریندارەکان و جەنازەکەمان برد بەتراکتۆر من خۆم مامەوە تاهەموی و دواکەس تێپەری لەرێگای وڵەسمت و ونەوێ وە ئەو شەوە تەقەیان نەکرد ئەو پێشمەرگانە بۆکەمین دامان نابون نزیکەی (25) کەس دەبون لەنێوان شانەدەری و هۆڵەسمت کەئەحمەد بچکۆڵ مەسئولیان بوو قوەتێکی سەربازی رژێم لەسیدصادقەوە هات بەلاّم کەمینەکەتەقەیان نەکرد هەر چەندە ئێمە ئەوکات (3) سەعاتی پێ چوبوو تاقوەت هات بەکەمینەکەم ووت بۆتەقەتان نەکردوە پێ دەچوو لەبەر دەبابەکان نەیان وێرابێ تەقەبکەن، کاك صاڵح حاجی قادر زاهیری بەجێ هێشتبووکەبریندرابوو کاك ابراهیم چوبووبۆتراکتۆر بهێنێ بەلاّم نەیتوانی بوو تراکتۆر بهێنێ بۆبریندارەکان کەس بەگوێ ی نەکردبوو من کەرۆیشتم رۆژ بوەوە گەیشتمەوە علیاوا کاك رزگارلەوێ دانرابوو چومە لای و برادەرانی لابوو وتم من دەچمە قەدەفەری وئەوبەری جادە بۆئەوەی ئەگەر شتێك بو بزانین دوژمن لەوبەری جادەم باکاك رزگارکەبریندارە وجەنازەی شەهیدەکەش لەم بەربن تائیوارە بەرێیان بکەین، من چومە ناو قەدەفەری وادیاربوو خەڵکەکە لەئێوارەوە کەس نەخەوتوەو کەس ئیسراحەتی نەکردوە وچاوشت حازربوو لەوێ نانی بەیانیمان خواردو بەرێ کەوتین چوینە سەر چۆگەی نادر لەنێوان گردەنازێ و قاجر یاقەدەفەری ومەسەکان رژێم (85)کوژراوی هەبوو جگەلە (17)دیل، لە1987/6/21 لەسەر جۆگەی نادربوین ئەوشەرە لەوکاتەدا گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆحزب بەخوێنی شەهید جەمال و بریندارەکان تۆماری کردو ئەوەش هەنگاوێکی گەورەبوو شەوی 21-6/22و رۆژی 1987/6/22 رادیۆی تهران سێ جار ئەو شەرەی بەناوی حزبی سۆسیالستەوە خوێندەوە کەگەورە ترین شەربوو لەوکاتەدا مەعەسکەرو تۆپخانەو ئەو هەموو دەستکەوتە بگرێت لەوکاتەدا وەزیاتر ورەی خەڵکی بەرز دەکردەوەو خەڵکی

ئۆردوگای شانەدەری و سیدصادق و شانەدەری سەرو هەموو لەسەربانەوە سەیری هەڵمەتی پێشمەرگەیان دەکرد،پێشمەرگەو چەکدار بەرەو روی حزب دەهاتن و دۆست و دوژمن حسابێکی تایبەتی بۆسۆسیالست دەکرد، لە1987/6/22 لەقاجربوم رژێم بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری قاجروگردی شەریف ومسەکانیان تەقاندەوە  تۆپی ئێران لەلای قاجر لیٚ ی دان رژێم نەیتوانی هەمووی بتەقێنێتەوە دەبابەکان و هەلیکۆپتەر بوو هەڵهاتن بەلاٚم گردی شەریف و مسەکانیان هەموو تەقانەوە لەگەلٚ خاك یەکسانیان کرد هەرهەمان رۆژ زابتێکی عێراقی لەرێگای رێکخستنەکانی ناو خۆوە پەیوەندی بەحزبەوە کردبوو لەسلێمانیشەوە بەنامەیەکەوە بەباجی حەلاودا ناردوبویانە لامان ناوی اسماعیل ابراهیم حمودی موقەدەمی تەیاری هەلیکۆپتەربوو، لە1987/6/24 لەکارێزەکەی زەلەرەش بوم لەنێوان قەدەفەری و مەلاوەیسەدا، لە1987/6/27 لەدۆلاٚش  وقاجربوین هەلیکۆپتەر دای لەقاجروکیشەدەری زەرەری لیٚ داین (3) پێشمەرگەمان برینداربوو بی.کەی.سی یەك سوتا یەك دەمانچە سوتالەگەلٚ (6) کلاشنکۆف و  پێشمەرگەکانیش لەخەوابون تەیارە رێك لەو خانووەی دابوو ئەوان لیٚ ی خەوتبون ئەوانیش لەخانوە مصلەحەکان نەخەوتبون گوایە خانویەکی بەقورودار دروست کراوەو نزیك چەمەکەش بوو تێدا بون، لە 1987/6/28لەقاجربوین، لە1987/6/29 لەچەمی ریشێن پشتی  قاجرەوە بوم کاك عەلی بچکۆل وکاك ئەحمەد قەدەفەری وکاك مەلانوری وکاك شێخ توفیق وکۆمەڵێك  بوین تێپەربوین جاشەکان هاتنە دەرەوە بەدوربین سەیریان دەکرد برادەران وتیان ئەوە دۆشکەکەیان روو کردە ئێرە ئێستا تەقە دەکەن خۆ کلاٚشنکۆف دەگەیشت بەوانم ووت ئێوە لەلای چەمەکەوە برۆن من لەناو وەردو گوڵە بەرۆژەو مەرەزە بوو لەوێوە دەرۆم ئەوان وادەزانن سەیری زەراعەت دەکەم من دارم بەدەستەوە بوو دووکەسیان لەرەبایەکە دەرچوو و ئەوان وتیان ئەوانە بۆئێمە دێن و ئێستا تەقەمان لیٚ دەکەن و لەوانە عەسکەریەش بێت لەپێشەوە تەواو رۆیشتن و ئەم جارە رویان کردە لای ئێمە من ووتم ئێوە دابەزن بۆچەمەکە من دەوەستم بزانم بۆلای ئێمە دێن و منیان ناسیبێت ئەوان لایان سەیربوو نزیك بونەوەو دەستیان بەرز کردەو وتیان بۆلای تۆدێن منیان بانگ کرد منیش دانیشتم تاهاتن  یەکێکی لەرێکخستنەکانی حزب بوو ناوی سەرحەدبوو ئەوی کەشیان

هەر لەرێکخستن بوو وتیان ئێوەمان ناسیوەو ئێمەیان ناردووەبۆلاتان هەموویان حسك بون و وتویانە دێهاتەکان چۆڵە نەوەك نان و شتتان لێ برابێت ئێمە هەر (7)کەس بوین لەوێ دا هێزەکان لەچەمدا بون من ووتم هیچ پێویستمان نیە و برادەران هەر حەزیان دەکرد تاقییان بکەنەوە وتیان برسیمانە چیتان هەیە وتیان (10) دەقیقەی کە ئیڤاکە دێت و مریشك و شت دەهێنن یەکێکیان گەرایەوەو لەگەڵ دوانی کەیان (4-5) مریشك و نان و ئەوەی پێویست بوو هێنایان هەر لەوێ دانیشتوبوین پۆرێك لەو لاوە دەیخوێند من فیشەکێکم لێ داو کوشتم لەوکاتەدا دەستم راست بوو قسەمان لەگەڵ کردن و شێوەی کارکردن و بەرنامەمان بۆدیاری کردن سەرحەد خەڵکی کانی کەوە بوو دەستێکی کۆڵ بوو، لەرۆژی 1987/6/28 لەقاجر جارێکی کەش رادیۆی تهران ناوی حزبی سۆسیالست و لقی سلێمانی و ئێمەی هێنا لەسەر ساحەی کوردستان هێزێکی کاریگەرن و تەوازنی هێز دەگۆرن لەراپۆرتی سیاسی هەفتانەی تهران دا، لەکانی سەیدی قاجر بوین لەکیشەدەری تەیارە تەقەی لێ کردین و تەقەمان لێ کردەوەو تەیارەکان هەڵهاتن هەرچەندە لەدورەوە ساروخیان پێوە دەنایین لەسەر قەدەفەریەوە بۆکیشەدەری ساروخەکانی سیمی پێوە بوو موەجە بووبەلاَم دور بوو تەقەی لێ دەکردین، لە1987/7/1 تەیارە هاتە سەرمان و تەقەمان لێیان کردو ئەوانیش تەقەیان کرد بەلاَم تەیارەکان هەڵهاتن هەر ئەو رۆژە خەریکی دانانی چالاکیەیەکی گەورە بوین لەسورێن بۆئێوارەکەی چوینە تەپەتۆڵەکەو بۆتەپی سەفا لەناو گەنمەکان دەنگی ئێمە هات گوێرەکەیەکی ساوا دەرپەری و بەرەولای ئێمە بەراکردن هات و دەی قۆران لەدایکی دابرابوو، بەرەشە ولاَخ دەڵێن قۆراندی واتا بەمانگاو گوێرەکە بەلاَم بەگا دەڵێن بۆراندی بەمەڕ دەڵێن قاراندنی بەبزن و کار دەڵێن باراندی بەماین و ئەسپ دەڵێن حیلاندی بەگوێ درێژ دەڵێن زەراندی یالوشکاندی بەسەگ دەڵێن وەری بەپیشیلە میاواندی، گوێرەکەی ساوا هەمیشە لەمرۆڤ هەڵهاتوەو دور کەوتۆتەوە ئەو بۆلای ئێمە هات و ماوەیەك چوین دایکەکەشی هەر چاوی لەئێمە بوو هات تابە یەکمان گەیاندن، لە1987/7/2 لەتەپی سەفاوە گەراینەوە بۆقاجرو لای برادەران لەهەمووﻻیەکەوە هێرشی عێراقمان لەسەر بوو هەموو لایەنەکان لەشارەزوور نەمابون ئێمەش حەزمان نەدەکرد ناوچەکە واجێ بڵێن عێراق بێ ترس لەگەڵ جاشەکان

گوندەکان بتەقێننەوە، لە1987/7/3 من و هەندێك لەبرادەران مەوعیدمان هەبوو لەگەڵ هەندێك ئامر سریە و حسێن حاجی دەروێش ناردمان بێن کەئەگەر لەو لاوە وەزعەکان گۆران ئەوان چی بکەن و بەرنامەیان بۆدیاری بکەین و ئەو رۆژە رژێم لەهەموو لایەکەوە هێرشی بۆشارەزوور کردبوو لەوێشەوە بەتۆپ و هاوان لەناوچەو باخ و دارەکانی دەداو چوبون بۆسەر جۆگەی نادر من چەند رۆژێك لەوە پێش لەو ناوە بوم لەدوای نیوەرۆ سەعات(3)، هەر ئەو رۆژە کاك صاڵح حاجی قادر لەلای خواروی زەڵم بوو جیهازی کرد ووتی مەلانوری رۆیشت بۆلای جەمال کەلەشەری بەرکەورگان شەهیدبو زانیمان کە مەلانوری شەهید بووە بەبرادەرانی رەبایەکەمان ووت جەنازەکەی دەهێننە ئێرەو ئێوە بیبەنە لای رەبایەکەی خۆتان و ئێستاش برۆن خەبەریان بدەنێ باکاك محمودی برای وکاك عمر حاجی فتاح یاهەواڵێکی بۆبەرن جەنازەکەی سبەینێ بەرنەوە بۆسیدصادق ئەگەر نەیان هێشت هەرلەوێ بن براکانی شەهید هەندێکیان هاتن و رایان وابوو نەیبەنەوە بۆسیدصادق هەر لەعلیاوا لای قوڵخورد بینێژن هەر لەعەلیاوا ناشتیان و خێزانەکەشی لەگوندی قەڵاجێ بوو لەئێران کۆرپەیەکی ماوەی دووسێ مانگ بوبوبووناوی نزاربوو، کاك مەلانوری لە1976/8/1 لەشلێرلەهەرێمی (2) ببوو بەپێشمەرگەو کادرێکی بەتواناولێهاتوبوو جگە لەکاری رێکخستن شارەزای لەکاری عەسکەریش هەمیشە بەشدار بوە شەهید بونی جگە لەوەی وەکو براو هاوسەنگەرو کادرێکی دڵسۆزو وشارەزاوقاڵبوی شەری پارتیزانی لەروی کاری حزبیشەوە بۆشاییەکی گەورەی لەریزی حزب و رێکخستندا دروست کرد، کاك مەلانوری لەساڵی 1983 بو بەئەندامی لقی سلێمانی حزب و لە مەسئولیەتی جۆربەجۆری بریوەو لەناوجەماوەرداخۆشەویست و دڵسۆزبوو بەداخەوە لەرۆژی 1987/7/3 چوە ریزی شەهیدانی حزبەوە بەتۆپ لەنزیك سیروان لای زەردیان و حاجی رەقە شەهیدبوو لەسەرچەمی زەڵم پێشمەرگەیەکی لەگەڵ بوو ناوی کاك فاتیح گلاڵی بوو، لە1987/7/4 لەقاجربوین، لە1987/7/5 چوینە شەشك و بۆگۆمەلارو دێکۆن، شەوی 6-1987/7/7 چوینە دەرەسۆلان و لای گوڵپەوە بۆهانە نەوە سەرکەوتین بۆبەیانیەکەی لەهانە نەوە بۆکەرەجاڵ و بۆدزلی، لە1987/7/8 لەدزلی بوین، لە1987/7/10 ماڵەکانی کاك صاڵح پارەزانی و حاجی عمرو ئەوان هاتنە دەرەوە (30)

مالٚ بون، توفیق پارەزانی لەرەبایەی کلکەسماق لەرەبایە دابون (10)سەربازو(1) ئەفسەری لیٚ بوو ئەوانیشیان لەگەڵ جیهازەکە هێنابوو هەمویان هاتبونە ریزی حزبەوە ماڵەکانیشیان هێنایە دزڵی و لەگەڵ ئێران قسەمان کردبوو ئۆردوگایەك بەتەنها بۆسۆسیالیست بکەنەوەو جێگاکەشمان دیاری کرد لەبارام ئاوا لەنێوان بیٚ کەرەودزڵی دا جێگایەکی باش بوو خەریکی گواستنەوەی ماڵ بوین لەسورێن و لەرێگای هانە نەوە دوای ئەوەی هەموو دێهاتەکان کەوتە خەتەرەوە کاك عەلی برام وکاك عەلی مام رۆستم وکاك عمرو کاك محمدحاجی حسن وکاك کاوەی شەهید رەووف و کاك نەوزادو (20)ماڵێك هاتنە دەرەوە، لە11و12 ماڵەکان گەیشتن دەبوو بۆهەمویان خانوو بگرین و ئازوقە وبەتانی وشتیان بدەینیٚ، لە1987/7/13 لەدزڵی بوین بۆبەیانیەکەی چوینە سنە، لە1987/7/15 لەسنەوە چوینە کامیران بۆئەوەی سەر لە ئۆردوگای ئاوارەکان بدەین و کۆیان بکەینەوەو قسەیان بۆبکەم، لە1987/7/19 ئۆردوگای دەربەند دزلیم کۆکردەوەو قسەم بۆکردن لەسەر روداوەکان کەلەوکاتەدا بەئاسانی کۆماری ئیسلامی رێگایان نەئەدا بروینە ناویان دەبوو موافەقەت وەربگرێت ئەویش لەکاتی پێویستا لەناو ئێران قەرار زۆربوومنیش دەبوو بۆبەسەر کردنەوەی ئۆردوگاکان و ئەو کوردانەی لەویٚ بون سەری ئۆردوگای سەریاسمان داو کۆکرانەوەو قسەمان بۆکردن پاشان بۆسەردان و بۆبەخێرهاتنی مامۆستامەلاعەلی ومامۆستا مەلاعوسمان و ئەوانی کەش چوینە ئۆردوگای سەریاس و لای ئەوان و بەخێرهاتنمان کردو زۆرمان پیٚ خۆش بوو پیاوانی ئاینی هاتون و من جگە لەوەی وەکو حزب وەکو شەخسی پەیوەندی دۆستانەمان لەکۆنەوە هەبوەو رێزێکی تایبەتمان بۆدانان منیش هەر بەوشێوەیە چووم یەکەم کەس وەکو حزب سەردانمان کردن و ئامادەییمان پیشان دا بۆهاوکاری و یارمەتی دانێکیان هەرچەندە مامۆستا مەلاعوسمان و ئەوان ئەو رۆژە لەتهران گەرابونەوەو دعوەتیان کردبون بۆتهران ئاغای رەفسنجانی و مەسئولینی ئێرانیان دیبوو سیارەیان دابونیٚ و وادیاربوو وەعدی زۆریان پیٚ دابون و یەکەم جار مامۆستا هاتبوە ئێران هێشتا ئاگای بەقەراروباسی قەرارنەبوو هێشتا بەتەواوی شارەزای ئێران نەبوو هێشتا شەری عێراق ئێران گەرم بوو ئێمەش ئەوە (7) ساڵ بوو شەری عێراق ئێران بوو بەدەستی پاسدارو فەرمانداری و

هەریەکە بەجیا و ئیتلاعات و وامان گیرخواردبوو سەرمان دەرنەدەکرد و هەریەکە وەرەقەی لای ئەوی کە نەدەخوێندرایەوە و قەرگای رەمەزان شەرنەبوایە دەسەلاتی نەبوو لەناو ئێران وەرەقەی نەیدەخوارد وەعدی زۆرو عەمەلی کەم بەلام مامۆستا تازە لەتهران گەرابوەوە زەوقێکی باشی هەبوو باسی ئەوەی دەکرد کەهەموو شت بەدڵی خۆتانەو هەرچی ئێوە بتانەوێت وادەکەن چۆن ئاغای رەفسنجانی ماچ کردوەو دەستی گوشیوەو وەعدی پێ داوە، ئێمەچوین مەجلیسێك لەو خەڵکانەی لەگەڵیان هاتبون زۆریان موستەشاروجاش ببون لەهەڵەبجە و هەندێکیان بەبۆنەی ئەوانەوە هاتبون عەلی محمد کوساواڵی برای شەهید عمر دولولە و ئەحمەد ئاوبەکی دوژمنایەتیان هەبووئەوی لێ بوو عەلی کاتی شۆرشی ئەیلول سەرپەل بوو ، ئێمە چوینە سەردانیان یەکەم بەیانی هاوبەشی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و سۆسیالیست پێکەوە دەرچوولەکاولان لەمەکتەبی سیاسی سۆسیالیست لەنێوان سەردەشت و خانەدا لەچیای قەندیل، سۆسیالیست ئەوکاتەی ئەوان هاتن بزوتنەوەیەکی کە هەبوو کەمامۆستا شێخ محمد بەرزنجی(شێخ محمد نجم) یامەلا محمدی نەویێ ئەومەسئول بوو  ئەندامی مجلیسی اعلای ئیسلامی عێراقیش بوو زۆر لەمەسئولینی ئێرانی  دەناسی و خۆشی پیاوێکی شارەزاو بەتوانابوو بەلام ئەوخەڵکەی بەمامۆستا مەلاعوسمان کۆدەکرایەوە کاك شێخ لەتیف وهەندێکی کەش مەلای لەگەڵ بوو وابزانم مامۆستا مەلاعەلی بیارەیش لەدەرەوە بوو کاك شێخ محمد بەرزنجی کەزانی مامۆستایانی هەڵەبجە هاتنە دەرەوە جگە لەوەش مامۆستا مەلا عوسمان لەروی تەمەن شارەزایی عولومی دینیەوە لەپێش بوو کاك شێخ محمد بەرزنجی زۆرلەسەرخۆبوو ئاقلانە هەڵسوکەوتی  ئەکردو سەری لێ دان و تەرحی ئەوەی کرد بەهەموویان شتێك دروست بکەن و ئەو مەسئولی یەکەم وازلی دەهێنن پێش ئەوەی هەرچی روبدات ئەو هەنگاو وشتێکی  تازە بوو لەناو حەرەکە کوردیەکان دوای ئەوە بەراوێژ لەگەڵ ئێران   ودۆستەکانیان بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراقیان دامەزراند ئەوکات ئێمە چوینە سەردانیان تەنها وەعدیان لەئێران وەرگرتبوو ئیتر شتێکی وایان نەکردبوو  ناویان نەنابوو بەتەمابوون بزوتنەوەی ئیسلامی و چەکدار دروست بکەن دژی رژێم شەربکەن لەراپەرینەکەش دا هانی خەڵکیان دا دژی رژێم لەهەڵەبجە باش بوون،

وەختێك لەشار بون من هەر جواب و جارجاریش نامەم بۆمامۆستا مەلاعەلی دەنوسی و مامۆستا مەلاعەلیش نامەی بۆ دەناردم، لە 1987/7/16 لەسەریاسەوە گەراینەوە بۆسنە، لە1987/7/18 لەسنەوە گەراینەوە بۆدزلی، لە1987/7/19 ئێران داوای کرد کەچادربۆئۆردوگای بارام ئاوا هەڵدەین و ماڵەکان بەرێتەوە لەسەر میلاکی مانگی سورو ئێرانیش جیهادی سازندەگی دروست کردنی (120) خانوی گرتە ئەستۆ هەر خانویەك بۆخێزانی (8) نەفەری کەبریتی بوو لە دوو ژورو هەیوانێك و هۆڵێك یابۆ دووماڵ دەستیان بەخانوو کردوهێنانی ئاو پێویستیەکانی و لەبەسیارەیش چادر بۆئەو کەسانەی سۆسیالیست بون یەکسەر لەسەر حدودەوە دەهاتن بەرێیان دەکردن بۆبارام ئاوا لەدەربەندی دزلیش نزیکەی (80) ماڵمان لەوێ بوو کاك عەتا سەراوی و کاك حمەصوفی عەلی و کاك حمە کەریم بانی شاریی و زۆری کەش لەوێ بون، لەدزلی وقەلاَجێ و کانی دیناریش هەرماڵی سۆسیالیستی لێ بوو لەمەریوان و سنەش هەبون واتا لەرۆژی 1987/7/19 ئۆردوگای بارام ئاوا کرایەوە و بەردی بناغەی دانرا، من و کاك نوری وکاك مەلانوری لەسنە بوین، دانانی بناغەی ئۆردوگا بۆحزبی سۆسیالیست ئەهمیەتێکی زۆری لەناو ئێران و ئەوەش هاندەرێك بوو بۆبرادەرانمان و هەموشی کارتی سەوزوکارتی سپی یان پێ دەدان و هاتوو چۆیان بۆئاسان دەکردن باش بوو کێشەی ماڵ و مناڵمان لەکۆڵ بوەوە و پێشمەرگەش ئەو یارمەتیە کەمەی هەیبوو پێ ی دەژیاو ئازوقەو هەموو شتی وەردەگرت لەئۆردوگا کێشەکانی کەم کردبوینەوە زۆری لە ئۆردوگاش چەکی لابوو لەئۆردوگا هەرکەس دەیتوانی بروات و دەرچێت وەکو ئۆردوگاکانی کە نەبون ئازادتربون و قسەش وەردەگیرا بەناوی حزبەوە خەڵکی ئۆردوگاش سیارەیان دەکری و هاتوچۆی خەڵکی ئۆردوگا نەقلیاتیان دروست کردوو دوکانیان دانابوو بۆبژێوی رۆژانەیان ئەوەش ئەوەی تاقەتی نەبوایەت و لەوێ مەسئولمان بۆکاروباری ئۆردوگا داناو بریارم دا سەردانێکی مەکتەبی سیاسی بکەم و لەدەنگوباس و گۆرانەکان و وەزعی خۆمان ئاگاداریان بکەینەوە جگە لەوەش ئازوقەی (3)هەزار کەس بۆحزب واتە لقی سلێمانی سەرف دەکرا مانگانەو بەو ماڵانەش کەئەوەی بەشی نەدەکردن ئازوقەیان پێ دەدرا، لە1987/7/20 چومە مەریوان و بۆشاوەلی و(50) کلاَشنکۆف و یەك بی.کەی.سی و یەك

ئار.بی.جی ودۆشکای (12/5)و فیشەك و شتەکانی زەروریەوە بەلاندکرۆزێکی پیکابمان هەبوو ئێستاش ماوە  چادرمان بەسەریاداو وەرەقەمان بۆکردو لەگەڵ خۆمان بردمان بۆ مەکتەبی سیاسی، لە1987/7/21 لەشاوەڵی وە بۆبانەو سەردەشت و ئالوتان و بۆکاولان مەکتەبی سیاسی لەوێ بوو، لەرۆژانی 22تا1987/7/24 هەرلەکاولان بوین خەریکی کۆبونەوە بوین لەسەر هەموو روداوەکان، لە1987/7/25 لەکاولانەوە بەرێ کەوتین بۆخانەو نەغەدەو رەزائیە، لە1987/7/26 لەرەزائیە وە بۆسنە، لەرۆژانی 27و1987/7/28 لەسنەبوین هەرئەو رۆژە بەرێ کەوتین بۆدزڵی، لەرۆژانی 29تا1987/7/31 هەرلەدزڵی بوین، لەسعودیە حاجیەکانی ئێران موزاهەرەیان کرد دژی ئەمریکاو ئیسرائیل پۆلیسی سعودیە (400) حاجی لێ کوشتن لەسەر ئەوە نێوان ئێران وسعودیە تێك چوو زۆرتوندبوو هەرلەورۆژانەدا کاك قادرحاجی عەلی مەسئولی مەڵبەندی یەکی یەکێتی بوو هێرشی کرد بۆسەر مەعەسکەری دودارەی لای چنارەی دەربەندیخان یانێوان میرەدێ و دەربەندیخان بۆیان نەگیراو (17) پێشمەرگەیان شەهیدبوو جەنازەکانیان زۆری بەجێ ما لەناومەعەسکەرەکەدا، لە1987/8/1 لەمەریوانەوە بۆدزڵی چوین لەرۆژەکانی 2تا1987/8/7 خەریکی خۆئامادەکردن بوین  بۆ هێرشێکی بەربلاو بۆ سورێن هەرلەو رۆژانەدا جاشەکانی لای رەبایەکانی ئەحمەدئاواو هانەی قوڵ دایان بەزاندبون بۆشەری ناوچەیەکی کەیان بردبوو ناوچەکەیان چۆڵ کردبوو کاك نادرهەورامی زانیبوی  هێرشی بۆکردبون هانەی قوڵ و ئەحمەدئاوای گرتبوو شەربوو ئەحمەدحسێن کەپێشمەرگەیەکی ئازای پارتی بوو شەهیدبوو لەگەڵ چەند کەسێکی کەشیان ئێمەش هێزێکمان لە1987/8/5 چوبونە خۆرنەوەزان لەگەڵ مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی دا بۆبانی شاروئەوناوەو داوای هێزیان کرد کەئێمەش زوو بگەینە لایان، لە1987/8/8 لەدزڵیەوە بۆمەیدان و هانە ئەحمەد لەسەرشاخەکە بوین شوتی و شتمان پێبووهاوینەو لەو جێگا فێنکەوە دەگمەن بوو بەڵام ئێمەش بەهێزێکی گەورەوە رۆیشتین کاك عەلی بچکۆل لەسەرجیهاز بوو ووتی کاك ئەحمەد لەدۆڵی خۆرنەوەزان برینداربووە برینەکەشی خەتەرەو (2–3) سەعاتە بەرێمان کردوە دووپێشمەرگەی پارتی شەهیدبووە خەڵکی گردەنازێ و یەکێکی شیوعی بریندارە و کاك ئەحمەدودووکەسی تر بریندارە ئێوە ئاگاتان

لەئەڵغام بێت هێزی جاش تەقەی بۆناکرێت وزۆرجێگایان چۆڵ کردوە کاک غەفور هەر هەواڵی بیست لەخوارەوە بریندارو شەهید هەیە داوای روخسەتی کردو کاک کاوەوکاک نەوزاد وتیان بۆپێش شوتیەکە نەرۆیشتەوە ئەو شەوە هاتینە خوارەوە لەلای ئەشکەوتی حمەشێت و دەرەکۆرەش پێشمەرگە چوبونە پێشەوە، شەوی 8-1987/8/9 لەناولوغمەوە کاک نوری زۆری هەڵگرتەوە لەوێوە چوینە سەرکانیەکەو ناو گوندی چۆڵ کراوی بانی شارو یەکمان گرتەوە، لە 1987/7/21 ئەو هێزانەی ئێمە دەستیان بەسەرزۆری ناوچەکەدا گرتبوو لەدەرەکۆرەو تادەرەگولآن و هەرمێڵە و بانی شار، لە1987/8/12 عبدالرحمن محمد سلێمان تەپی سەفایی (عبدالرحمن بەچە) برینداربوو لەرێگا شەهیدبوو، لە 1987/8/9 لەبانی شارەوە چوین بۆمیری سور، لە1987/8/10 لەسوڵتان بوین دەنگی لوغم هات هاواریان کرد خۆشمان چوین کاک محمد حاجی عبدالله بیٚ سەڵمێنی بوو کەوتبووە سەر لوغمو قاچی پەری چوین لەبانی شارەوە بەرێمان کرد بۆدزڵی زۆربەی لوغمەکان لوغمی ئێران بوو بەخۆماندا دەتەقیەوە لەرێگای هەرمێڵە دازۆری لوغمەکان دەتەقیەوە، لە1987/8/11 جەیشی عێراق لەهەمو لایەکەوە هێرشی کرد پێش ئەوە لەمنجەرو دەرەگولآن تائەحمەدئاوا ئازادکرابوو پارتی لەئەحمەدئاواو هانەی قولٚ ئێمە لەخۆرنەوازان تانزیك چنارە بوین لەهێرشی جەیشدا لەنێوان شیرەمەرو بانی شارو چاڵە رەشدا شەر دەستی پیٚ کردو کاک حمەی حاجی حسن وکاک شێخ توفیق وکاک عەلی بچکۆل چوە سەر سەربازەکان و (2) سەربازی لەخەودا گرت هێزەکەش لەهەموو لایەکەوە چون بەدەمیانەوەعێراق شکا بەرەو شیرەمەرو خورماڵ لەبەردەم ئێڵاٚ پیٚ وە کوشتار لەعێراق هەبوو (4) دیل گیرابوو لەکاتی تەقەدا حمەی حاجی حسن تەنهابوو هاوانێکی (60) ملم یان گرتبوو پیٚ ی بوو چەکی خۆیی و هەردوو سەربازەکەش هەریەکە بەلایەکداو ئەویش نەیویستبو بیان کوژیٚ حمە ئەمین هادی لەگەڵدا بریندارببوو دووسەربازەکە هەڵهاتبون بەڵام چەکەکانی هێنابون و هاوانەکەش و دوو هێستریان هێنابوولەگەڵ دوو سەربازدا دوژمن بەخراپی شکابوو ئێمەش هەردوو بریندارەکەمان ناردەوە بۆ ئەودیو (ئێران)بە یەکیٚ لەهێسترەکانداوکاک صاڵح پارەزانی سواری یەکیٚ لەهێسترەکان بووبۆدەرەکۆرە لوغمێك تەقیەوە هێسترەکەی کوشت و خۆشی بریندارکرد،

**لای ئێمەوە رژێم بەتەواوی شکا بەلاّم لەهانەی قولّ و ئەحمەدئاوا پارتی شکاو هەڵهاتن 3-4 شەهیدیان هەبوو عێراق هەموو جێگاکانی گرتەوە ئێمە لەهەرمێڵەوە بۆبانی شارو دەرەکۆرەو میری سوروئەشکەوتی هەورامی و حمەشێت و منجەرودەرەگولاّن و هەموی پاکمان کردەوەو مەقەراتمان لیّ داناو رێگامان کردەوە بۆشارەزوورو جێگاکانی کەش ئێمە هەرلەحمەشێت و ئەو ناوە بوین و مەقەری لیّ بوو بەلاّم زۆر ئاشکرانەبوو ئەو رۆژانە بەتەواوی پاکمان کردەوە، لە1987/8/12 بە بەشێك لەهێزەکەمان ووت برۆنەوە دەرەکۆرەو میری سور چونکە بانی شار جێگای مانەوەی هێزی زۆری لیّ نەبوو بەلاّم چەند جارێك کۆم کردنەوەو لێم تەئکید کردنەوە لەرێگای هەرمێڵەوە نەرۆن واتە بەپەنای رێگادا نەك لەسەر رێگادا برۆن دوای لەنێوان بانی شاروهەرمێڵە چوبونەوە سەر رێگاکە عبدالرحمن لەدوای هەمویانەوە ببوو لوغمەکەی پێیانە تەقیبوو لەبانی شارەوەش ئەوەی**

بطاتة سةر كاني هةرميَلَة خةتةربوو لةريَطا ي هانة ئةحمةدة شةهيدبووثيَش ئةوةي بطاتة دكتؤر، كاك حاجي عبداللة

جيهازي كردو ووتي لةريَطا شةهيدبووة كةزؤرناخؤش بوو، كوريَكي باش و ئازاوليَهاتوو بوو مالَ و منالَةكةشي لةدزلَي

بوو، لة12/ 8 /1987 لةباني شاربوين جةيشي عيَراق بةرامبةرمان هاتبووة سةرنةيجةكؤلَةي ليَ طرتبوين، لة1987/8/13

ئيَمةش طةراينةوة ميري سورو دةرةكؤرة و سولَتان ساق بةلاَم ئةو ضةند رؤذة لوغم هةراي ثيَ كردين و زؤري دةست و

قاضي ثةراندو بريندارى كردو ترساندينى

**ئەوناوەش پربو لەلوغم، لە1987/8/14 لەسوڵتان بوین، لە1987/8/15 لەمیری سورو دەرەکۆرە وتەرتیبی هێزەکان لەوجێگایانەی تازە لەرژێم وەرگیرابونەوە، لە1987/8/16 لەمیری سورو ریشێن و علیاوا و قەدەفەری بوین، لە17/ 8/ 1987 لەسەرجۆگەی نادر نێوان قاجروگردی شەریفدا بوین بۆشەوەکەی چوینە گامێش تەپەو گەراینەوە دۆلاّش، لە18و1987/8/19 چوینە دۆلاّشی کۆن و گەراینەوە دۆلاّش شەوەکەی چوینە**

کیشەدەری من جەماعەتم لەکیشەدەری بەجیٚ هیٚشت و بەتەنها چوم بۆقاجرودەمویست کەسیٚك ببینم چاوم لەنەوزاد بوو لەناوزەرعات بوو لەگەڵ کەسوکاری پیٚش ئەوەی من بگەمە لایان تەیارەی هەلیکۆپتەر هات زۆر نزم بوو هەرخەریك بوو هەڵمان بگریٚت گەیشتینە ئەوەی ووتم ئەگەر نیشتەوە ئەوەستم تاتەقە لەسائیق و سەربازەکانی ناوی بکوژریٚت نەنیشتەوەو هەر لەولاوە لەنەوزادی داو لەتراکتۆریٚك تەقەی کردو نەوزادحمە عەلی کەئەویش سۆسیالست بوو  بریندار‌بوو بەلاٌم برینەکەی سوك بوو بردیانەوە بۆسیدصادق زۆرم پیٚ ناخۆش بوو بۆنەوزاد، چونکە نەوزاد یەکیٚ بوو لەریٚکخستنەکانی سۆسیالست و ناوی نهیٚنی هەژاربوو(نەوزاد حمەعەلی حاجی عبداللە) رۆژی 1987/8/20 برینداربوو، لە1987/8/21 لەتەپەسەرقوڵە بوین، لە1987/8/22 چوینە گوندی علیاوا و لەویٚ لەریٚکخستنی حزب لەسیدصادقەوە هاتن بۆلامان، شەوی 22-1987/8/23 لەریشیٚنەوە بۆمیری سورچوین بۆبەیانیەکەی لەسەر حەوزەکەی میری سوربوم ناردمان بەدوای برادەران، گوندەکانی شارەزوور چۆڵ کرابوو جگە لەسەرجادەکان ئەویش بەکەمی، شەوی 23-1987/8/24 گەراینەوە ریشیٚن و علیاواو گامیٚش تەپە و بۆدۆلاٌش، بۆبەیانیەکەی لەدۆلاٌشەوە چوینە سۆیلەمیش و مالوان و قازاوشەو لەجادە پەرینەوە بۆسیٚ تەلان، لە1987/8/25 چوینە مەقەری هەریٚمی(5) لەکانی هەنجیرو لەویٚ ماینەوە، لە1987/8/26 چوینە بلکان ومەقەری لق بەشیٚکی لەویٚ بوولەو ناوە ماینەوە تا شەوی 30-1987/8/31 کەوتینە ریٚ بۆجادەی زەرایەن و پەرینەوە ئاوایی شیٚخ حسیٚن و هەلاجەکان و مالوان و سۆیلەمیش و کەڵتەکەو کەڵوران، لە1987/8/31 و شەوەکەی لەسیدصادق بوم سەری چەند ماڵمان داو کاك عبدالحسیٚن و کاك محمد حاجی بەرببوو و سەری چەند کەسیٚکمان دا لەسید صادق و شەو گەراینەوە لای شاتوان و لەویٚوە بۆخواروی دۆلاٌش لەگردی ئەحمەد کاکە وەیس ئیٚوارە دۆشکای سەرسیدصادق تەقەی زۆری لیٚ کردین شەو گەراینەوە بۆشاتوان، لە1987/9/1 لای بیٚرەشکەو خواروی دۆلاٌش و دۆلاٌشی کۆن بوین ئیٚوارەکەی سەرکەوتینەوە بۆبناری سوریٚن و گەیشتینەوە دەرەکۆرە، لە1987/9/2 لەدەرەکۆرەو میری سوربوین، لە1987/9/3لەدەرەکۆرەوە لەسەعات (3)ی پاش نیوەرۆوە سەرکەوتم بۆسەر سوریٚن و

لەسـەعات (7)ی ئێـوارە چـوینە سەرشـاخی سـورێن وبۆکـانی خـەیاران و بـۆدزڵی و شـەو چوینە بـارام ئاوا، لـە1987/9/4 لـەئۆردوگای بـارام ئاوابووم بۆسـەردانیان وچاك کردنـی رێگـای ماڵـە پێـشمەرگە کەشـتێکی باشـیان بۆکرابـوو، لـە1987/9/5 لەدزڵێیەوەچـوین بۆسنە، لە1987/9/6 لەسنە بوین، لە1987/9/7 لەسنەوە چوینە سەقزومهاباد و بۆکان و ئورمیـە لـەو سـەفەرە ماڵـەوەو عەتیـەی کـچم لەگـەڵ بـوو بـۆلای دکتـۆر، لـەرۆژانی 8و1987/9/9 هـەرلای دکتـۆر ماینـەوەو کـاك ئەحمـەد قەدەفـەری وەزعـی زۆر خـراپ بـوو لەئورمیە بوو ئازاری زۆربوو بۆیە بردمان بۆتەبرێز کاك نەوزاد رۆژبەیانیشی لێبوو بەدوای دکتۆری باشدا دەگەراین تەکسیەکمان راگرت و بـەکابرای سائیقمان ووت بۆخیابـانی امام مان بەرە کابرا سەیری کردین لەورۆژەوە هەر لەئورمیە بوین ، لە1987/9/11 بوو کابرای سـائیق قەڵایـەکی پیـشان دایـن نـاوی قـەڵای سـتارخان بـوو هەنـدێکم پێـشتر بـەناوی سـتارخان و قەڵاکـەی و بـەرگری بیستبوو ئـەورۆژەش بـرای خـاوەن تەکسیەکە هەسـتی کردبـوو دەمـەوێت شـتێکی لـێ تـێ بگـەم وەسـتاو سـەیری کـردو ووتـی دیوارەکـەش زۆر قایمـەو بەخـشتی سـورکراوە وە وتـی لـەجیاتی گـەچ یاقـسڵ ئەوکاتـە هـەموی زەردێنـەی هێلکەی تێ کراوە نێوان چینەکانی و نێوان خشتەکان، کاك نەوزاد رۆژبـەیانی ئـەقڵی نـەی دەبـری وتـی خۆئـەم بەیانیـە نانمـان نـەخواردووە ئێـستا هەنـدێکی لـێ دەربکـەین بەهێلکەورۆن وادیاربوو تەمەنی لە(300)ساڵ زیاتربوو قەڵاکە منیش بەموبالەغەم دەزانی بـەڵام لـە(2-3) کەسـی کـەش پرسـیارم کردهـەمان وەڵامیـان دامـەوە ئـەو تەکسیە، خـاوەن تەکسیەکە ناوی ئاغای بارامی بووئەوزۆر بەلوتف بووزۆرمان لەگەڵ گـەرا وپاشان بـەدوای بیمارسـتانی امـام دەگـەراین و تەکـسیەکمان راگـرت ووتـی کوێتـان دەوێـت وتمـان بیمارستانی امـام.. کـابرا وادیـاربوودڵی پربووپێ دەچوو سـەر بەشـا بـێ یاشـتێك لـێ ی روداوە بەپێچەوانەی ئێرانـی کەسـەبرو تەحـەمولیان هەیـە بەتونـدی ناوچاوی دابەیەکـداو تـورە بـوو لێمـان بەدەسـتەکەی پەنجـەی دەسـتەکەی دەژمـارد وتـی پێمـان امـام خومـەینی خیابـانی امـام خومـەینی کوچـەی امـام خومـەینی وبـازاری امـام خومـەینی رێگـا امـام خومەینی، قاوەخانە امام خومەینی، ئێران امام خومەینی، زەمین امام خومەینی، ئاسمـان امام خومەینی، ...هتد، بەتوندی پـێ ی نـا بەسیارەکەی دا خـوارەحمی کـرد بەردوچەوی

تێدانەبوو ئەگینا بەفەتارەت دەچوین هەموی دەدا بەسەروچاوماندا و زەحمەتی دەداین لەتەبریێز بەدوای دکتۆری باشدا دەگەراین بۆعەمەلیاتی کاك ئەحمەد، لەنەخۆشخانەی امام خومەینی بوین دوای چوین بۆخیابانی امام خومەینی، لە رۆژانی 12و1987/9/13 دکتۆرێکی دەمارمان بۆپەیداکرد بەناوی دکتۆر حسن لەعەیادەکەی خۆی و دوایی بۆی نوسین لەخەستاخانەی ابن سینا وەریان گرت، لە1987/9/14 هەرلەویێ بوین و لەرۆژی 1987/9/15 (8)سەعات لەژێر عەمەلیاتدابوو زۆرنارەحەت بوو بەلاّم سەرکەوتوبوو لەعەمەلیاتەکە، لە1987/9/13 پێرێزدیکۆیار سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چوە تهران و داوای وەستاندنی شەری لەئێران کرد، لەسەعات (4)ی دوای نیوەرۆوەبەرەو بەغداد بەرێ کەوت بۆراگرتنی شەرەکە هەولێ و تەقەلای بۆراگرتنی شەربووبەپیێ ی بریاری (589)، لە1987/9/16 لەتەبرێزەوە چوینە ئورمیە، لە1987/9/17 لەئورمیەوە بۆنەغەدەو خانەو کەوپەروئالوتان و بۆکاولان و بۆمەکتەبی سیاسی، لە1987/9/18 لەکاولان بوین و کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی هەبوو من لەویێ بوم بۆرۆژی دوایی هەرکۆبونەوەمان هەبوولەسەر روداوەکان و ئەو چالاکیەش کەلەدەربەندیخان بکەین، لە1987/9/20 لەکاولانەوە بەرێ کەوتین بۆخانەومهاباد وبۆکان و سەقز لەوێش لای کاك شەوکەت حاجی مشیر بوین لەسەقزو زۆریش گەراین لەناوشار، لە1987/9/21 لەسەقزەوە چوینە سنە، لە1987/9/22 چوین بۆدزڵی و ئەمرۆش شەری عێراق ئێران پیێ ی نایە (8)هەمین ساڵرۆژی خۆیەوە بەلاّم ئێران ماندو دیارە لەشەرەکە، لەرۆژانی 23و24و1987/9/25 هەرلەدزڵی بوین هەندێك پێشمەرگەی ئێمەو خەڵکی دزڵی هەراهەرایان و پاشان شەریان ببوو خەڵکی دزڵی هەمویمان لیێ کۆبونەوەو شەرمان پیێ بفرۆشن پێشمەرگەی ئێمەش دامەزراو دابەش بون بەلاّم مەسئولی سوپاکەی دزڵی کەوتە نێوان هەرچەندە کابرایەکی منالێ و بیێ ئەقلێ بوو بەلاّم کەوتەنێوان و خەڵکی دزڵی لیێ ی دەترسان و مەسەلەکە کپ بووەوە کاك قادرجەباری وکاك شیروانیش لەویێ بون، خەڵکی دزڵی بەعام خەڵکی باش بون بەلاّم خەڵکی خراپیان تێدابوو خۆیان بەکورد نەدەزانی ئەسڵەن روحیەتی قەومیان لیێ رەچاو نەدەکرا بەلاّم هەر ئەوەبوو بەکوردی قسەیان دەکرد بەلەهجەی هەورامی بەهەرحالێ خەتای برادەرانی ئێمەشی تێدابوو بەتایبەتی کاوەی کاك

رووف، کاک قادرجەباری بەمنی وت تێکەڵی ئەو هەرایە مەبە چونکە کاتی خۆی شێخ سەعید باوکی شێخ محمودلەموصڵ هەرلەشتێکی واوە تیاچوو، لەرۆژانی 26و27و1987/9/28 هەرلەدزڵی بوین و پاشان چوینە سنە و بۆسەقزو بۆکان و مهاباد و رەزائیە، لە1987/9/30 لەرەزائیە بوین لەگەڵ ماڵەوەمان لەبازار گەراین، لە1987/10/1لەسەعات(12)ی نیوەرۆوە بەعەمەلیاتی (قەیسەری) کچێکی بوو کەدوایی ناونرا (رێژین) لەنەخۆشخانەی ئورمیە، لە1987/10/2 هەرلەوێ بوین وکلثوم خان خێزانی کاک قادرزۆر زەحمەتی لەگەڵ کێشاین، لە1987/10/3 لەرەزائیە بوین لەگەڵ کاک دکتۆر محمودو کاک رەسول مامەند نیوەرۆ دەعوەتی ماڵی کاک مەلاناصیح بوین و پاشان سەردانی تامین خانیان کرد لەنەخۆشخانە، لە1987/10/4 لەنەخۆشخانە دەرچوو، لە1987/10/5 لەئورمیەوە بەرێ کەوتین بۆسنە کەماوەی (475)کم لەرێگاخۆم سیارەکەم لێ دەخوری خەوم دەهات ماندوبوم، لە1987/10/6 لەسنەبوین لەماڵەوە ماڵی گەردە خان لەوێ بوو، لە1987/10/7 لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆ دزڵی و کاک جەمیل حمە بەگ هاتبوەوە بۆکودستان لەدەرەوە بوو لەسەر زۆرشت قسەمان کرد، لەرۆژانی 8و9و1987/10/10 هەرلەدزڵی بوین، لە1987/10/12 دەست کرا بەدیواروخانوی ئۆردوگای بارام ئاوا بۆسۆسیالیست و بەمەشروعی کارەباش بۆئۆردوگاکە دەست پێ کراو بەجدی ئەو ئۆردوگایەیان گرت و دەست بەکاربون بۆسۆسیالیست و بەهاوکاری دەوڵەت و جیهادی سازندەگی دەستی پێ کرد، لەرۆژانی 11تا1987/10/12 هەر لەدزڵی و مەریوان و بارام ئاوابوین سەرپەرشتی ئەوماڵە ئاوارانە بوین و کەموکوریيان چارەسەربکەین، لە1987/10/15 گەردەخانی هاوسەرم لەسنە کچێکی بوو ناوی نرا(شارا)، شاراش (15)رۆژ لەگەڵ رێژین بەینیان هەیە، لە1987/10/17 لەدزڵیەوە چوینە کانی خەیاران و بۆسورێن ومەقەری هەرێمی (21)و لای کاک حاجی عبداللە ئەوکاتە هەرێمی (21) لەئەشکەوتی حمەشێت بون، هێزەکانمان زۆری زیادکردو چەند هەرێم و قوەتی ترتەشکیل کرا بۆحزب، لە1987/10/18 لەمیری سوروسورێن بوین، لە1987/10/19 لەدەرەکۆرەومنجەروسوڵتان سەرکەوتین بۆئەشکەوتی حمەشێت و تەقەمەنیەکی زۆرمان لەوێ دانابوو ، لە1987/10/20 لەئەشکەوتی حمەشێت بوین بەلأم

خانوو چادر بون و مەقەراتی لیٚ بوو بۆبەیانیەکەی هەرلەحمەشێت و سورێن بوین و بەتەمای باربوین،

## پاش روخاندنی گوندەکانی شارەزوور پەرینەوە بۆقەرەداغ

لە1987/10/22 لەمیری سورەوە بەباران و باوسەرمایەکی زۆر ناخۆش (119) ولاٚخ مان بارکرد لەگولەتۆپ وفیشەك لەگەلٚ کاك حسێن خەلیفەدا وە(50) پیٚشمەرگەو (40)کەس بۆبارکردنی ولاٚخەکان کەئێرانی بون چوینە ریشێن وعلیاوا لەعلیاوا (2)فەردە خەیارو(2)سندوق تەماتەوهەندێك نانمان بار کرد لەئەسپەکەی توفیقی محمودی کاری ولاٚخ داری دەکرد بەلاٚم دۆستی حزب وزیاتر شتی بۆحزب دەکردوجارجاریش رژێم دەیگرت خەبەرێکی شتی دەدانیٚ ئەوەنەی دووکەلە شەکری تێدا بێت بۆمناڵەکانی، زۆری لەوبابەتەمان هەبوو بەمنیان ووت سوار بە من هەر سواری ولاٚخ نەدەبوم لەرێگا من سوار نەبوم وکاك سید قادرجەباری سوار بکرێت و هەندێك بۆرێگا باش ناروات بە3-4 کەس بەرزمان کردوە بۆسەر ئەسپەکە بەلاٚم ئەسپەکە خۆی زۆربەرزبوو دوو باریشمان لیٚ نابوو ئەوەندەی کەش بەرزببوەوە شتێکی خەتەربوو نازانم سەید چۆن خۆی راگرتبوو لەسەری بەوباو بارانێکی وادەباری دەتوت کوندەی سەربەرەو ژێرە هەمومان دەزوی وشکمان تێدانەمابوو هەموو تەروهەوای ساردیش لەسەربووکاك سەیدقادر لەسەر ئەوولاٚخە نازانم چۆن نەرچابوو لەتاریکیەکەوە سەری ولاٚخەکەو کاك سەیدقادر لەسەری دەتوت کەژاوەیە و بەقەدەر 4-5 مەتر بەرز پیشانی دەدا لەدورەوە، بار دەکەوت بار باردەکرایەو ولاٚخ دەکەوت و کاك سەیدیش بەسواری ولاٚخ دەی دا بەلامانا بەوشێوەیە باران وقورە ماندو بارکەوت و دەگەیشتە ئاستمان سلام علیکم چۆنن چاکن وجارجاریش خرمەی دانی دەهات خەیاری دەخواردیاتەماتە ئەو شەوە(50)جار داویەتی بەلاماناو دواکەوتووەو بارکەتووە هەلێگرین لەناوقورولیتەی جێگای دەریاچەی دەربەندیخان لەچەمی دۆمان و تانجەرۆدا هێستر غەرق دەبێت ئەویش سلامی خۆی دەکات، سەید پیاوێکی محترەم و بەتەرتیب و موئەدەب ودڵسۆزە، من هەر قسەم نەکرد لەرێگاش توشی پەڵەیەك شوتی بوین هەرپیٚشمەرگەیەك شوتیەکی خستەر سەر بارەکەی ئەوەندەی کەش قورسیان کرد لەسەرولاٚخ و شوتی دەکەوت پیٚشمەرگە زۆر هیلاك بون بەبارەکانەوە هەندێك

پاسداریـشمان لەگـەڵ بـوو وابەوشـەوە لەودەشـتە واپێـشمەرگەو پاسـدار وقاچاغـچی یـا ولأخدار وهێسترو هەموو باروگولەتۆپ تێکەڵ ببوین ئـەوجێگای دەریاچەی دەربەنـدیخان کـەئاو کشابوە دواوەجێگاکـەش لەبنـەوە قوربـوو لەسـەرەوەش باران لـیٚ ی دابـوو قوربـوو ئیترتـابن دەسـتی تـیٚ دەکـەوت لەسـەرجادەی قیریـش یاجێگـای بـەرداوی هێـستروبارگیر تەقـەی سمـی دەهـات ئـەو شـەوە لەوهـەموو بارکـەوتن وبـار کـردن و بـارانی زۆر وئـاوی تانجـەرۆ و بیرم لـەوە کـردەوە لای شـنۆ هەنـدێك عەرەبانـەی گـەورەم بینیبـوو لـەگامێش بەسـترابوو بۆناوئـەوقوروئاوە ناچـەقیٚ و لەسـەرجادەش تەقـەی سمـی نـەدەهات بۆیـە بیرم لەوەکردەوە هەرعەرەبانەیەك یەك گامێش رای بکێشت باری (10)هێسترزیاتری دەبرد و دەی گواستەوە بۆیە ئەوەم لاپەسەند بوو بریارم دا بروسکەیەك بکەم و بنێرم (6)عەرەبانە مان بۆدروست بکەن و(6)گامێش مان بۆبکرن وهەمووی بە(10) پێشمەرگە و(2-3)کۆڵ بـەر یاحـەماڵ بـاردەکراو بـەریٚ دەکراودەگوێزایـەوە وحمایـەی دەکـرا بـۆرۆژیش گـامێش لەولانـەوە کـەس لـیٚ ی نەدەپرسـی بۆچیە شـتی واهەیـە ئەوشـەوە بیرم لـەوە دەکـردەوە لەتانجـەرۆ پەرینـەوە چـوینە گونـدی قەڵبـەزە ئـەو گونـدەش وەکـو هـەموو گونـدەکانی کوردستان چۆڵ ببوو بەلأم مزگەوتەکەیان مابووخانوو هەر بەهەرەشەی رژێم هـەموی تێك درابووخـانوی کـەم کـەم مـابوو بـەلأم مزگـەوت ناوەکـەی پربـوو لەپـەین و زەباڵـە چـونکە هاوین و چۆڵ و فێنك بوو هەرچی کەروگاوشـت جیٚ مابوو لـەناو مزگـەوت ئیسراحەتیان دەکرد جێگای پێشمەرگەش لەوان باشتر نەبوو پێشمەرگە لەهـەر گونـدێك مزگـەوتی بوایـە لەویٚ کۆدەبونەوە لەرێگادەچوە ناو گوندەکەوە ئەگەر مزگەوت نەبوایە لەسەنتەری ئـاوایی یاناوەراستی ئاوایی زۆرجارشوێنێك بوو واتـە جێگـای شیاکەوزبڵ هـەموو ئـاوایی لـیٚ ی کۆدەبـوەوە(سـەرەنوێنك) پێـشمەرگەش دەچـوو لـەویٚ مـشتەری گونـد هەرئـەوە بـوو کۆدەبوینەوە تا بەرودوای یەکی دەگرت چونکە پێشمەرگە بەدوای یەکداو هەریەکە 5-6 مـەتر مەسـافەوە دەرویـشت و ئـەویش مەسافەیەکی زۆری دەکرد لـەکوردەواری دا دەڵێـت خۆڵەمێش لەکویٚ کۆبوەوەو گـویٚ درێـژ لـەویٚ خـۆی دەگـەوزێنیٚ واتـە خۆڵـەمێش جێگـای کۆبونـەوەی کەرانـە ئێمـەش رومـان لەمزگـەوت کـردو بـەلأم مزگەوتەکـە تـۆزاوی و پرلـەکێچ وخۆڵ و بەلأم باران لیٚ ی نەئەدابن پێشمەرگە چون بەدوای کۆکردنـەوەی داردا چوارپێنج

بلوکێك دانرابوو منیش چوم لەسەربلۆکەکە دانیشتم جلی تەروعەرەقی رێگا و لەشم عارەقی کردبوو لەرۆیشتن کەوەستام سەرمام دەبوو بەلاّم دانم گرت بەخۆمداو دانیشتم کاك سەیدقادرهەر لەبنەرەتەوە سەرمای بوو لەسەر ولاّخەکەوە کەدابەزی هەرسەرمای بوو هاتە مزگەوت وای دەزانی فەرش وسۆپای و نەوت گرمەی دێت کاك سەید لەعلاقات بوو ئەومان هێناوە لق و کاك عبداللەهەمزە لەجێگای بوو پاشان کاك عبدالخالق، کاك عبدالله هەمزەش تورە بوو لەگەلّ پاسدار رۆژێك چوبوە قەرارگاوادیاربوو ئاغای عەلی رەزا ناردبوو باش ئیشی بۆنەکردون منیش دانیشتبوم گوێم لێبوو کاك عبداللەهەمزە وکاك مەلاهەژار قسەیان دەکرد کاك مەلاهەژار پیێ دەکەنی و عبداللەهەمزەش سوربوەوە..ووتم ئەوەچیە مەلاهەژار باسی مەسەلەکەی کردو ووتی کاك عبدالله ئەمرۆ بەعەلی رەزای وتوە ئێمە هەموو مالّەکانمان دەبەینەوە و علاقات تان لەگەلّ دەبرین و لەئێستاوە هیچ پەیوەندیەك لەنێوان سۆسیالیست و کۆماری ئیسلامیدا نەماوە منیش پێم ووت ..عەلی رەزا وتی چی.. ئەو وتبوی شتی وانابێت و ولاّت ولاّتی خۆتانەو تکاش دەکەم با کاك محمدی حاجی محمود نەزانێ و هەرچی دەلّێن دەیکەین.. مەلاهەژار وتی بەراستی ئەوکابرای پاسدار زۆرکابرایەکی نەزان و ناشارەزایە ئەگەر من بوایەم دەموت بەسەری خۆت هەرئێستا دەبێت لەپێش مالّەکەی خۆت لەملّەخوردەوە دەنتێرمە خوارەوە برویت و پاشان هەرچیتان هەیە باری بکەن و تاسەرحدودیش بەرێتان دەکەین..وتی ئاخر عبداللەهەمزە تۆ تەسریحی وائەدەیت گوندێك لەشارەزووروشارباژێر نەماوە راویان ناوین بۆسەر سنورەکان و بەمەفرەزەی 4-5 کەس دەبێت 2-3 کەسی لەپشتەوە بێت، 1-2 کەسیان قاچی ئەلّغام دەی پەرێنێ تادەگەینە شارەزوور پێم نالّێیت مالّ ومنالّ و حزب بۆکوێ دەبەیت، کاك سەیدقادر لەسەرمادا دانەدەشێت منیش هەرسەیری ئەوم دەکردو منیش سەرما زۆری بۆهێنام وهەلّسام بۆپیاسە سەید وتی خۆعەیب نیە ئەگەربگریم..ووتم بۆ وتی لەسەرمابەتەری و لەبەر نەبونی جێگاو لەماندویەتی سەر ولاّخ لاقم ئازاردەکات تەنهاچارەیەك هەبێت گریانە و ئەو هەموو داخەی پیێ هەلّبرێژم..سەیدماوەیەکی زۆربوو لەعلاقات بوو هەندێك وەرەقەی تاخیردەکردبۆ پێشمەرگە ئەو شەوە زۆربەی پێشمەرگە پێیان خۆش بوو سەیدواتەربووەو سەرمای بووە

ئەگەر لەبەر من نەبوایە ئەوشەوە پێشمەرگە ئاگریان نەدەکردەوە خۆیان رەق بونایەتەوە بەشەرتێك سەیدقادرسەرمای بوایە، شێخ توفیق و هەندێکیان داریان هێناوئاگریان کردەوەو خۆمان نیوە وشك کردەوەبێ خەو بەجلە تەرەکانەوە لەسەرخۆڵ و پەینەوە کەلێ ی خەوتین تابەیانی دوای نیوەرۆ دووبارە بارکراو بەرەوکانی مرواری بەرێ کەوتین بەڵام باوەربکەن ئەو هەموو خەڵکەو ئەوهەمو هێسترو بارە شتێکی زۆرعەنتیکەوسەیربوو مام عەلی رەشمان لەگەڵ بوو پێشمەرگەی هەرێمی (21) و خەڵکی تەپەرەش بوو وتی کاکە حمە .. قسەیەك هەیە بیکەم عاجز ناوی ..وتم قسە بکە.. وتی وەکەلامی خوا ئێستا بەلەشکری زەمانی شەری قەڵای دم دم ونەمرودوشەری بەدروحونەین وسەرەتای ئیسلامی دەچین هەمو سواری ولاخ و ئێوەش بەپێ لەپێشەوەو هەرلەباتی کلاشنکۆف وقەناسە شمشێروخەنجەرمان پێ بوایە وهەرسەیری تەواو نەبوو منیش لای خۆمەوە گامێش و عارەبانەکەی شەوم وەبیرهاتەوەو قسەکانی مام عەلی و عارەبانەی لەشکرەکانی کۆن هەموی وەکو فیل وابون ومنیشیان سواری ماینێك یائەسپێك کردو بەپشتی روتی و 2-3رەسیمان گرتم و هەرلەو لەشکرە دەچوو چونکە هەندێك لەپاسدارەکانیش پەرۆیەکی سەروزوسوریان لەناوچاوانی خۆیان دابوو یاالله و رای قودس ئەزکەربەلامی گوزەرێ وای لەسەر نوسرابووهەر عەلەمێك و تەپڵو دەفمان پێویست بوو لەکۆندا تەپڵ بەشێوەی جولانەوەی لەشکر لێ دراوەی و لەکاتی شەرو سەرکەوتندا لێیان داوە، لە1987/10/23 لەقەڵبەزەوە دوای نیوەرۆ کەوتینە رێ بۆکانی مرواری و بۆسەرجادەی زەرایەن لەخواروی و لەوجادەیەی کانی بەردینەوئیمامی زامنەوە بۆسەرجادەی دەربەندیخان عەربەت دەروات هێشتا رۆژی مابوو لەوهەردەو دۆڵانەوە نابومانە دوای یەك زۆرشتێکی جوان وقەشەنگ دیاربوو شەولەسەر تانجەرۆ پاسدارێك تائەوێ قولایی نەبوو بەڵام تەرببوو هێسترەکە هەردوو دەستی گەیشتبوە ئاوەکە پاسدار خۆی هەڵدایە سەری لەپاڵوەکەی قاچی گیر کردبوو پێ ی بڕواتە ئەوبەری ئاوەکەوە پێشمەرگەیەك ناوی خالید بوو لەدواوە دەستی لەپشتی ملی بەن کردورای دەکێشا ئەویش هێسترو بارەکەی توند گرتبوو هێسترەکە بەرەو دوا بەهێمنی هێسرەکە تەکانی لەخۆی داو پاسدار بەربو بەپشتاو ئەویش دەستی خالیدی گرت ئەوکەوتە ناوئاوەکە خالیدیش بەلا کەوتە ئاوەکەوە کەلایان کردەوە من

لەدوایانـــەوە بـــوم بـــیٚ ئـــەوەی هیـــچیان قـــسەبکەن بـــەناو ئاوەکـــەدا چـــونە ئـــەو بەروتاپەرینەوەئیسراحەتیان کرد نـەیانزانی مـن بـەو راکـێش راکێشەم زانیـوە، لـەجادەی زەرایـەن بەچـەند وەجبەیـەك لـەجادە ولأخـەکانمان پەرانـدەوە و یـەك وەجبـە مـابون مـن و توفیـق و چەندپێـشمەرگە مابوینـەوە بەدیاریانـەوە هەنـدێك ولأخـداری خـەڵکی دزڵیمـان لەگـەڵ بـوو زۆر دەترسـان ولأخیـان تـاودەداو بـەرەو روی لەرەبایـە دەکردوبەناشـەرەزایی دەیوت بەدبەخت بو ماڵ و مناڵمان  ئێمە بەدیاری ئەوانەوە وەستابوین بەلأم ئەوان لەترسا بەئێمەش رازی نەدەبون پاشان لەجادە پەرینەوەو لەزەلەرەشـەوە بۆکـانی هـەنجیروبۆبلکان بەسـەلامەتی ئـەو بارانـە گەیشتە بلکـان لـەدۆڵی قـەرەداغ، لـە1987/10/24 لـەبلکان بـوین تــا1987/10/30 هەرلــەبلکان وقــەرەداغ بــوین و خــەریکی ئیــشوکاربوین وخۆئامــادە کـردنیش بۆچـالاکیەك لای دەرەنـدیخان، لـە1987/10/30 صـاروخێکی (ئـەرز_ئـەرز)ی لەبەغـداد دا بەرفرۆکەخانـە کـەوت و زەرەری پـیٚ گەیانـدبوو، شەرونیوەشـەری ئـەمریکاو هـاتنی هێزەکـانی دەریـایی ئـەمریکا هەردەهاتـە پێـشەوە لەکەنـداوو هەربـەردەوام بـون تـەنگیان بـەئێران هەڵـچنیبوو، لـە1987/10/31 لـەبلکان بـوین، لـە1987/11/1 دەعـوەتی خاڵە سەرحەدی خەلیفە یونس بوین لەصۆڵەبوو ئەویش رای کردبوو پێشمەرگەی یەکێتی بون و تیپێکیان بۆکردبونەوە بـەناوی تیپـی خنجـەرە قوتەیـەکی بـەرزە لای بلکـان و صـۆڵە لەسەرشاخە بەروی شارەزووردا، شەوی 1-1987/11/2 لەگەڵ کاك عبدالخالق هـەورامی و هەندێگ پێشمەرگە وکاك قادرکۆکۆیش هاتە لامان ئەویش سەرتیپی یەکێتی نیشتمانی و پێـــشمەرگەی کـــۆن و ئـــازاو شـــارەزا بـــوو، لـــە1987/11/2 گەراینـــەوە بۆبلکـــان، لە1987/11/4 لەبلکان بوین، لە1987/11/5 لەبلکان کاك جەمیل هەورامی میوانمان بوو لەگـەڵ کۆمـەڵێك لـەکادرەکانی یـەکێتی نیـشتمانی بۆسـەردان هـاتبون، لـە1987/11/6 لـەبلکان بـوین مەقـەری لـق ئـەوکات لـەویٚ بـوو بـرادەران پەیوەنـدیان کردکەئـەو شـەوە وەجبەیەك گەورە بار لەسورێنەوە دێت بۆقەرەداغ، لەشـەوی 6-1987/11/7 (120) بار ولأخ گولـەهاوان و کاتیۆشـاو فیـشەك بـارکراو بۆقـەرەداغ بەشـارەزووردا کەئاسـان نـەبوو وەکۆمـەڵێك کەسـانی شـارەزای ئێرانـی بـۆ بـەکارهێنانی  لەگـەڵ هـەموو جـۆرە ئامێرێـك، لە1987/11/7 حبیب بورقێبەی سەرۆکی تونس لەتەمـەنی (84) ساڵیدا لەسـەر راپـۆرتی

دکتۆر لەسەر حوکم لادراو زین العابدین لەجێگای بوو بەسەرۆکی تونس، (84) ساڵ زۆرە بۆمرۆڤێك ئیشوکاری ئیداری بکات بەلاّم هەروازیشی لیّ نەدەهێنا تادکتۆریان بۆهێنا قەناعەتی پیّ بکات چونکە بۆخۆی خراپەو عەزیەتی ببێت، لەرێگا پێشمەرگەو ولاّخدارەکان هەندێکیان کەوتنە کەمین و ولاّخدارێك و پێشمەرگە گیرا لەسەرجادە شارەزا نەبون چوبونە ناوکەمینی رەبایە یاهەر ناورەبایەکەوە، شەری عێراق ئێران گەرم بوو کۆبونەوەی بالاّی عەرەبی لەسەر داواو دەعوەتی مەلیك حسێن لە 1987/11/8 لەعمانی پایتەختی ئوردن بەستراو هەموو سەرۆك کۆمارە عەرەبیەکان تێدا بەشدار بون دژی ئێران بەسترابوو لەو کۆبونەوەیەدا حافز الاسد سەرۆك کۆماری سوریا و صدام حسێن سەرۆك کۆماری عێراق تێدا بەشدار بون و هەر لەوێش کۆبونەوەیەکی دووقۆڵی هەردوکیان واتە ئەسەدو صدام کرا لەئوردن، لەرۆژانی 8تا1987/11/10 هەر لەقەرەداغ بوین و خەریکی خانو کردن بوین کاك سەلامە رەش خانوی بۆدەکردین، لە1987/11/10 رژێم هێرشی کردبۆ ناوچەی قەرەداغ لەچەمەرگەوە بۆلای گوندەکانی دۆڵی قەرەداغ لای کانی ساردەوە گوندی دێوانەو بۆیان رۆیشتین وبەهاوانی (81) لێمان دان و پێشمەرگە تاگوندی ئیمام قادر یاشتێکی لەوبابەتەیە راومان نان تاچەمەرگەو کانی سارد کوژراوو برینداریان هەبوو یەکێتیش هەندێك بەشدارییان کرد لەوشەرەدا کاك عبدالرحمن لەتیپی خنجەرەبوو بەشداربوو، لەو رۆژانە هەرلەبلکان بوین،

لەرۆژی 1987/11/11 رژێم هێرشی کردە سەرگوندی چیمەن کە(5)کم لەشاری کەرکوکەوە دورە (13) هاولاّتی شەهید کرد ئەمەش ناوەکانیانە .

1-حاجی مجید عارف
2-ناظم حیدەر .
3-حاجی عزیز قادر .
4-ئاغا حاجی عزیز .
5-حمە غریب امین .
6-واحد ئەحمەد .
7-جمعە جوامێر .

8-موفق ئەحمەد .

9-حمید عبدول .

10-شاکر شامل .

11-فائق بکر عزیز .

12-بکر قادر .

13-ئەحمەد مام واحد .

## چالاکیەکی بێ وێنەو لێدانی مەعەسکەری دەربەندیخان

لـەـ12/11/1987 وە دەسـتمان کـرد بـەناردنی پێـشمەرگە بۆجێگـای دیـاری کردنـی چالاکییەکەو لێدانی مەعەسکەری دەربەندیخان و برینی رێگاکان بەرۆژ لەسەعات (3)وە دەستی پێ بکات چەکی کاتیوّشاو ئەوهەموو گولە تۆپ و کاتیوّشا کەماوەیەکی زۆریاپتر لەیەك سالّ بەرێمان دەکرد وەیان هـاوان و گولـە تـۆپ و چـەکی جۆربـەجۆربریار درا نـەقلّی پـێ بکرێـت و (3) سـەعات بـەردەوام لێیـان بـدەین، کاتیوّشـای (12)ی (5)دانـە وهـاوانی (120)ملم (8) دانەو هـاوانی (81)ملـم (10)دانـەو هـاوانی (60)ملـم لەنزیکـەوە یـەك دانـەو کاتیوّشـای گولـەی (3)مـەتری دەتەقاندواتـە گـراد لـە(40)کـان یـەك گولـەی دەتەقانـدو (7)دۆشکاو دەیان بی.کەی.سی و نزیکەی (210)پێشمەرگەو (70)پاسداریش لـەوێ بـون بۆتەقانـدنی شـتەکان مەسـئولەکەیان ئاغـای مـونفردی و حورمـەت نـاوبوو هەرلەماوەیـەك بۆئیشوکاری ئێمـە بۆچالاکی بلکان ئـەوئاغای حورمـەت بـوو بـەلاّم ئـەم چالاکیە لـەتهران بریاری لەسەر درابوو زۆر لەمەسئولینی ئێرانی دەبوو لەورۆژەدا لەسەرشاخی ملّـەخورد و سـورێنەوە بـەدوربین و بـەجیهاز ئاگایـان لەشـەرەکەبێت بەهەلیکۆپتـەریش هاتبونـە ئـەو جێگایانە مەسئولینی دەولّەت و سوپا، برادەرانمان ئاگاداریان کردم وتیان ئاغای منفەرید واخۆی پیشان داوە ئەو هەموو تەقەمەنیە بەهیمـەتی ئـەو هـاتووە و ئـەو چالاکیە دەکرێـت وتویـەتی ئەگـەر ئێـوە هاوکـاری بکـەن ئێمـەش دەیکـەین ئێـوە نەیکـەن ئێمـەش نایکـەین هەندێك لەوقسانە دەکات وە وتویەتی ئێمە دەولّەتین و ئەوەی مصلّەحەتی خۆمـان نـەبێت نایکـەین و مـصلّەحەتمان هـەبێت شـەر رادەگـرین و نـەبێت شـەردەکەین منـیش ووتم زۆر باشە بلّێن ئێمـە چالاکی ناکـەین و ئەو ئەوا تێگەیشتبوو ئێمـەش نەیکـەین ئـەوان خۆیـان

دەتوانن ئەوکات (100) پاسدارێکیان لەبەلەکجاربوولەمەڵبەندی یەکی یەکێتی بوو ئاغای جەعفەریش لەوێ بوو ناوی ئاغای رەحیمی بوو وای دانابوو ئەو (100)کەسەش دەهێنن و ئیتر بێ منەتەو خۆیان دەیکەن، من ووتم ئاگاداریان بکەن ئەو شتانەی ئێمە هێناومانە لای خۆمانەو ئێمە تاهەموو شتەکان جێ بەجێ نەبێت ولەگەڵ مەکتەبی سیاسی وکاک رەسول نەی برنەوە ئێمە چالاکی ناکەین هەرچی هەوڵیان داو هاتن بۆلای من وتیان ئەوە هەموو ئێران لەرابەرەوە تائاخر کەس دەزانێ ئەگەر کەشف بێت عێراق دێتە سەرمان و هەموو رەنجی یەك ساڵ بەفیرۆ دەروات هاتن بۆلای من و هەمان قسەم وت تائێستا ئێمە پرۆتۆکۆڵ و بەبێ ئەساس وەکو ئەوەی هەردوولا دوژمنی هاوبەشمان هەیە و یالەشەرەکەدا یەکمان گرتووە بەلأم ئێوە وابیر بکەنەوە ئێمەش بەمسقاڵ حساب نەکەین نایکەین و هەردوولا وەکو حکومەتی ئێران و حزبی سۆسیالیست پێکەوە لەسەر ئەساسی هاوکاری سیاسی وعەسکەری و ئابوری وهاتوچۆی هاوبەش نەبێت نایکەین ئەوان ئاگاداری سەروی خۆیان کرد بۆئەو مەبەستەو من ئاگاداری علاقاتی مەریوانم کردو ووتم ئاگاداری کاك رەسول بکەن بەئارەزووی خۆی پێیان لێ رابکێشێت ئەوکات رێکەوتن مۆربکات هەر ئەوشەو ئاگاداری سەردەشتیان کردبوو ئاگاداری کاولان و کاك رەسول بکەن، کاك رەسول وکاك شێخ محمد یان هەرئەو شەوە گەیاندبوە تهران و لەسوپای مرکزی رێکەوتنیان لەنێوان ئێران و سۆسیالیست بەپرۆتۆکۆلێکی لاواز ئیمزا کردبوو، لە1987/11/14 کاك رەسول و کاك شێخ محمد شاکەلیان هێنایەوە سەرمڵەخورد و بەجیهاز بەمنیان وت هەموو شتمان تەواو کردوەو ئێوەش دەستی پێ بکەن، ووتم وەرتان گرتووە ئەوەی بەرونی بەمنیان ووت (200)کلاشنکۆفیان وەرگرتبوو لەگەڵ دۆشکاو فیشەك و میزانیەیەکی مانگانە بۆحزب کراوە من وامزانی شتی باشیان کردوە بەلأم وادیاربوو نەیان کردبوو خاڵێکی لاوازی رێکەوتنەکە کەئەگەر پاسدارێك پێشمەرگەی سۆسیالیست تەسلیم بەعێراقی کردەوە شەخسی سکرتێر بەرپرسیارە واتە کاك رەسول لەسەر پاسدارێك دەبێت بگیرێت و سجن بکرێت لەباتی ئەوەش نەدەبوو من زۆر رەخنەم لێ گرتن و ئەو بریارانەی بۆئازوقەو مالیەو هەموی وەکو پێویست نەبوو بەلأم مانگانەی ئازوقەو پارەو چەك و سیارەیان بریبووەوە، ئێمەلەسەر قسەی ئەوان لەرۆژی

1987/11/14 پێشمەرگەمان بۆهەموو جێگاکان و گولەتۆپ (20)تراکتۆرکەوتە کێشانی و شارایەوە لەوناوە مـن خـۆم رۆیشتمە ناوتاق کە زاڵە بەسەردەربەندیخان و جادەی زەرایەن دەربەندیخان و دۆڵی کانی ساردوچەمەرگەو جادەیەکی تازەی عەسکەری لێ درابوو لەسەروی کونەکەوە (تونێلەکە بۆهەسنەکاری، شەوی 14-1987/11/15 لەوگوندانەی هەردوو دیو دابەش بوین، لە1987/11/15 زۆری مەسئولینی دەوڵەت و پاسداران و بەمەسئولی یەکەمی پاسدارانەوە لەسەر مڵەخورد چاوەڕێیان دەکرد هەرلەوێ لەپێشەوە بەجیهاز (3)جار الله اکبرو بەناوی زەفەری (3)وە لەگەڵ یەکەم قسەی ئەوان و یەکەم هاوان وتۆپ وراجیمەش لێرەوە دەستی پێ کردو پێشمەرگە بە بی.کەی.سی سەرجادەی دەربەندیخان زەرایەن و کونەکەیان بری لەسەعات (3)ی پاش نیوەرۆوە ئێمە لەناوتاق و چەمەرگەو کانی ساردو تەواوی ناوچەکە پێشمەرگەی پێ گەیشت و لەهەموو لایەکەوە چەکی پێشمەرگەی پێ گەیشت و ئاگرباران کراو مەعەسکەری گەورەی دەربەندیخان بووبەیەك پارچە ئاگر دوو کاتیۆشەمان لەنێوان ئیمام قادروچەمەرگە دانابوو خەڵك نزیك بوو لەناوشار بدەن نەمان هێشت هەموو خەڵکی دەربەندیخان هاتە سەرخانو بان و سەیری ئەو مەعەسکەرو شەرەیان دەکرد رژێم دوای نیو سەعات لەشوێنەکانی کەو تۆپخانەکانیەوە کەوتە تۆپ بارانی کوێرانە بەلآم ئێمە بریاری هێرشمان نەبوو هەرلێدان و گەرانەوە بوو بەلآم کوژراوو برینداروو هەندێك گیراو هەبوو تا تاریکی کرد هەر لەرژێم دراو هەلیکۆپتەری هەڵساندبوو بەلآم هیچی پێ نەکرا و زەرەرو زیانیانیان هەبوو لەهەمان کاتدا بیروباوەری جەماوەروپێشمەرگە بەرزبوەوە و ئێرانیش تێ گەیشت کە دەتوانین شەری وابکەین و عێراقیش تێ گەیشت و دەیزانی سۆسیالیست هەرچی بیەوێت دەیکات ئەوە دەنگێکی گەورەی دایەوە، لەجادەی زەرایەن و دەربەندیخان و کونەکەو سەری بەردەکەرو چەمەرگەو ناو دەربەندیخان وکانی ساردو جادەی سەرەوە هەموی بەمەعەسکەرەکەوە لێ دراو هێزێکی گەورەی هاوبەشی لقی سلێمانی بوو بریاریشمان دابوو لەگەڵیان هەرپاسدارێك بکوژرێت جەنازەی نەبەینەوە لەوشەرە دووپاسدار بریندارو یەك پاسدار کوژراو دووپێشمەرگەش بریندارێکی سوك و دووپاسداریش دەیان وت مەوجی گرتوە بەراستی من تائەوکات نەم دیبوو یابیستبو مەوج واتە ئەو تۆپە هەواکەی

لێ دەدات و فرێ ی دەدات یادوری هەڵدەدات و بێ هۆش دەکەوێت و دوای وەکو شێتی لێ دێت و هەمو قسەیەك دەکات دوو لەو پاسدارانە وایان لێ هاتبوو پلیان دەتەقاندو سوریان دەداو رەقسیان دەکرد وگۆرانییان دەوت، کاك عبدالخالق هەورامی ووتی وەڵا ئەمانە هیچیان نیەو ئەوە چوەتەوە سەر ئەصڵەکەی خۆیان وتی کاتی خۆی هەروابووە و ئەوەئیشی بوەوەئێستا کۆماری ئیسلامی هاتوە نوێژ دەکات وناچاربووە بۆی رێکەوتوەو ئەم شتەی بینیوە وای کردوە بۆخۆی بۆئەوەی کارە ئەصڵیەکەی خۆی لەبیر نەچێتەوەچالاکیەکەسەرکەوتوانە کراو جەنازەکەشمان بەکاك سابیری حاجی رەحیم وکۆمەڵێك پێشمەرگەدا ناردەوە بۆئێران بۆیان و لەگەڵ بریندارەکان بەرێ کران و هەردوای تەداوی لەوناوچەیەداو لەخەستەخانەی بلکان کەهەمان بوو، لە1987/11/18 رژێمی عێراق (25) هاوڵاتی لەقەزای شەقڵاوە گولەباران کرد ئەمەش ناوەکانیانە .

1-حسن وسو رەحمان .
2-عبدالقادر حسن وسو .
3-عبدالخالق حسن وسو .
4-وسو حسن وسو .
5-مجید حسن وسو .
6-مستەفا وسو رەحمان .
7-عبدالله مستەفا وسو .
8-سەفین عوسمان عبدالله .
9-نەریمان عوسمان عبدالله .
10-مستەفا محمد علی .
11-گەیلان مستەفا محمد علی .
12-محمد مستەفا عوسمان .
13-نەوزاد مستەفا عوسمان .
14-شیروان حمید محمد ئەمین .
15-مەریوان حمید محمد ئەمین .

16–هیوا ئەحمەد محمد ئەمین .

17–ئەحمەد حسن مستەفا .

18–فواد مستەفا .

19–سابیر ئەحمەد مستەفا .

20–یوسف طیوە یوسف .

21–حمید خدر مەلا .

22–فەلاح وەلی .

23–جهاد پیرە .

24–شیروان عوسمان جەلال .

25–سەرکەوت ئەحمەد .

لە 1987/11/20 هەرلەبلكان و ئەوناوە بوین و خۆمان بۆجەولەیەك ئامادە دەكرد ئەو چالاكیە چالاكیەكی گەورە بوو لەناو جەرگەی كوردستان و عێراقدا بكرێت و ئەو هەموو گولە تۆپ و راجیمەیە بگاتە ئەویٚ و عێراق بەخۆی نەزانیٚ و لەپشتەوە لیٚ ی بدریٚ وەئەهمیەتی بۆئێرانیش هەبوو كەلەرێگەی لایەنە سیاسیەكانەوە بگاتە ئەو جێگایانە چونكە لەو كاتەدا زەختێكی زۆر لەسەر ئێران بوو لەجنوبی عێراق بۆیە عێراق ناچاربوو هەندێك لەهێزەكانی نەقلٚ بكات بۆكوردستان وەتا ئەو رۆژەش هیچ پرۆتۆكۆلێكی سیاسی لەنێوان ئێمەو ئێراندا نەبوو، لەرۆژانی 21و1987/11/22 هەرلەبلكان بوین، لە1987/11/23 چوینە سەردانی بزوتنەوەی ئیسلامی مەقەریان لای چەمەكەی خواروی صۆلە دانابوولای گەچەكە، لە24تا1987/11/27 هەرلەبلكان و قەرەداغ و ئەوناوەبوین پێش هاتنی ئێمەش هێزێكی هاوبەشی لقی سلێمانی و یەكێتی و پارتی و حزبی شیوعی ناحیەی قەرەداغیان بەهاوبەشی ئازاد كردبوو (3)ناقیلەو سیارەیەكی زۆرگیرابوو ئێمە (4–5) سیارەمان دەست كەوت بوو لەشەری قەرەداغ لەگەلٚ (40)دیل و زەرەری زۆر لەرژێم كەوت ومدیری ناحیەیش گیراو چەندین مستەشارگیراو كەئەوەش هەنگاوێكی گەورە بوو بۆحزب وزەمینە خۆش كردن بوبۆبەرەی كوردستانی رژێم بەتۆپ و كیمیاوی لەمەقەری سۆسیالیستی دا لەبلكان، لە1987/11/20 ئێران هێرشی كردلای ماوەتەوە

تاسەفرەی گرت یەکێتیش هاوکاری ئێرانی کرد بەڵام ئێران نەهاتە پێشەوە و دەستی یەکێتی بری ویەکێتی گلا بەشەرەکەوەو شەرێکی گەورەیان کرد لەوسنورە ، لە1987/11/28 هەرلەبلکان بوین،

## جەولەی گەرمیان

لە11/29 تا1987/12/5 کۆبونەوەی لقی سلێمانی بوو بۆدابەش کردنی ئیشوکارەکان چونکە من جەولەیەکم بەدەستەوەبوو بۆ گەرمیان واتە دەربەندیخان باوەنوروکەلارو کفری وبناری گل وداویێ و ئاوەسپی لای دووزوجەباری و خاڵەبازیانی وقەرەحەسەن و ناوشوان و قەڵاسێوکەو چەمی رێزان و بەری سورداش و سەرگەڵو دۆڵی جافەتی و گەرانەوەش لەئەو جەولەیەوبەپێ و لەناوچەکانی ئەو قەزاو ناحیانەوە رۆیشتین چونکە شارەکان هەموی رژێمی لیێ بوو جەیش و تەیارە ورژێم هەرکات بۆی بکرایە پەلاماری دەداین و هەرلەوکاتەش دا کاک سەیدقادر سەفەرێکی لای جەباری کردبوو لەگەڵ کاک رەمەزان لەویێ کاک رەمەزان هەندێك رەبایەو شتی گرتبوو لەگەڵ یەکێتی لەکەنەکەوەی رێگای هەنارەی لای سەنگاو سیارەشیان وەرگەرابووە خوارەوە خوا رەحمی پیێ کردبون بۆئەو جەولەیە دەبوو کارەکانمان لەهەموو سنوری پارێزگای سلێمانی رێك بخەین هەربۆیەش ئەوەندەمان پیێ چوو لەکۆبونەوەی لق کەلەلیژنەی مرکزی زیاتری پیێ چوو، وەزعی خەلیج زۆرئاڵۆزبوو هەرواش بەرەو ئاڵۆزی دەرۆیشت زیاتر ئێران لە1987/12/7 سەروخێکی لەکوێت دا هەرئەورۆژە گورباشوف لەلەندەن چاوی بەتاچەر کەوت کەشتێکی نویێ بوو لەسیاسەتی سۆڤیەت داو هاوکاری وهاتوچۆولەگەڵ غەرب وتوویژ ولەپاشان بۆئەمریکاو لەگەڵ رۆناڵ رێغن کۆبونەوە کەلەمێژوی هەردوولا یەکەم جاربوو لەدوای شەری ساردو لەجەنگی جیهانی دووهەمەوە لەمێژوی جیهان ئەودوو دەوڵەتە کەم وێنە بووە ئەو کۆبونەوەیە کەچارەنوسی دنیاو گۆرانی سیاسی و فکری لەبۆچونی سۆڤیەت داو چونی بۆئەمریکا هەمووشیوعیەکانی دنیا واقیان ورماوە، لە1987/12/8 لەبلکانەوە بەریێ کەوتین بەرەوگەرمیان، لەبلکانەوە بۆدوکەرۆ ماڵی کاک حامیدحاجی خالید ئامر تیپی (55)ی قەرەداغ بوو نیوەرۆ دەعوەتی بوین و لای ئەوەوە چوینە جافەران وسەری مەقەری هەرێمی (3) مان داو شەهید حمە قەمبوروبرادەران لەویێ بون لەوێوە بەریێ کەوتین بۆ

مەڵبەندی یەکی یەکێتی و بۆقەرەداغ وناحیەی قەرەداغ کەئەوکاتە لەگەڵ خاك یەکسان کرابوولەگەڵ کاك شەوکەت وکاك شێخ عبدالکریم و کاك شێخ جەعفەر و زۆری کەش بوین بۆسەگرمەو کانی چیاوەو هەنارەو کربچنەو و برادەرانی یەکێتی هەرلەوێ گەرانەوە لەقەرەداغ ئێمەش شەو چوینە کچان پێشمەرگەمان لەگوندەکان دابەش بون دوو دۆشکا لەسەر تراکتۆر دامەزراندبوو من و سەیدقادر لەگەڵ کۆمەڵێك لەمەسئولین لەگەڵ هێزەکەدا بوین و هێزێکی گەروەوباش و شەرکەربون، شەوی 8-1987/12/9 لەکچان و هەزارکانی و دووگوندی کەش دامەزرابوین، لە1987/12/10 لەکچان بوین و بۆهەزارکانی و بانی مۆردو کێلەبەرزە، لە1987/12/12 لەمۆردو ئەوگوندانە دابەش بوین ئەو شەوە لەتیپی (51)ی گەرمیان دەعوەت ومیوان بوین مام وریا لەوێ بووخزمەتیان کردین، لە1987/12/13 چوینە تەپە گەروس و قەلآی تەپەگەروسی و دەرەواری سەرو، دەرەواری سەرو بۆشاخەکەی پشتی دەرەوار قەلآی تەپەگەروس مەقەری لقی کەرکوکی حزبمان لەوێ بوو کاك شێخ محمد شاکەلی مەسئولی لق بوو خۆمان لامان داو هێزەکەش بۆهەردوو دەرەواروبۆ زەردە لیکاومان بەرێ کرد، لە1987/12/14 جەیش هاتبوو بۆلای جادەی کانی بەردینەوبۆبیناکانی لای شانەدەری هاتبون، لە1987/12/14هەرلەلقی کەرکوك بوم و جەولەکەی ئێمە بۆحزب بوو چونکە لقی کەرکوك پێشمەرگەی کەم بوو چەند کادرێکیان باسیان دەکرد بۆیە پێویستە هێزێکی گەورەی سۆسیالست بۆیەکەم جاریش بێت سەری گەرمیان بدات بۆئەوەی هەموو کەسێ بزانێ کەهێزی هەیەو هەر ئەوانە نیە کەلەوێن بەلآم کاك شێخ محمد دەرکەوت پێ ی خۆش نەبوو ئەو جەولەیە هەق وابوو لەجەولەکە بەشداربن بەلآم نەخۆیان هاتن و نەپێشمەرگەشیان داینێ بۆشارەزایی تەنها مەلا غەریب وادیاربوو ئەویش بەرەغبەتی خۆی هاتبوو لەگەڵمان و ئێمە لە 1987/12/15 لەمەقەری لقی کەرکوك دەرچوین و چوینە زەردەلیکاو پێش ئەوەی بگەینە لقی کەرکوك لەکونی قەلآی گەروس حاجی ئەبو عەلی تورکمانێ هەبوو مەقەری لەوێ بوو دەعوەتی کردین و لەوێ ماینەوە ئەوکات ئەو لەناوچەی عوزێم خەڵکی دەناردو سیارەی دەهێناو دژی رژێم بوو بەلآم ئێران باوەری پێ نەدەکرد لەزەردەلیکاو چوینە ماڵی کاك محمد شەو لەوێ بوین، لە1987/12/16 بۆبەکربایەف و بێستانەو شێخ تەویل

لەبێستانەکانی نجم بێستانەیی فەرماندەی کەرتی یەك یەکێتی بوو پاشان چوینە گوندی شێخ تەویل لەماڵی مام صالح گۆرە ئەسپی بوین، لە1987/11/17 چوینە گوندی درکە لای پێواز ماڵی کاك محمدحاجی عبدالرحیم بوین، شێخ تەویل گوندێکی خۆش بوو جەولەی گەرمیان لەوکاتە بەلاّم گوندی بەکربایەف و شێخ تەویل خۆش بون وکراوەو بەرفراوان بون،میخائیل گۆرباشۆف سەرۆکی سۆڤیەت (5)رۆژ لەواشنتۆن مایەوە لەگەڵ ریٚگان سەرۆکی ئەمریکی زۆر کێشەی دنیایان چارەسەر کردوباس کرد، لەشەوی 17-1987/12/18 لەگوندی قلاتەوزان بوین لەماڵی کاك حاجی ابراهیم شاتری خۆی لەویٚ نەبوو کورەزاکانی لەویٚ بون کوری باش وئاقڵ بون هەرلەویٚ سەری ماڵی کاك صابیرو کاك لەتیف عەزیزم دا کەمامی شەهید دلێرجاف بوو یەکێتی کوشتبویان کاك مەلا ابراهیم لەسەر ئەوەی دلێر ئەوکاتە لەگەڵ من دابوو پاشان چوینە شۆروئیمام محمدی خورە تاولای تازەدیٚ، لە1987/12/18 لەگوندی گۆری ئەسپ وتاڵەوان بوین لەگوندی گۆری ئەسپ چوینە ماڵی کاك حاجی ئەحمەد گۆرەئەسپی، گۆرئەسپ یەعنی قەبری ئەسپ..گۆری ئەسپەکە ماوە کەڵەکو بەردی بۆکراوە، کتێب ورۆمان نوسی بەناو بانگ یەشار کەمال لەکتێبی کوێر ئوغڵی دا کەباسی کوێر ئوغڵوی وکورەکەی دەکات و چیرۆکەکە دەگێرێتەوە خۆی بەپێی پیاوە بەتەمەنەکانی گوندی گۆری ئەسپی گەرمیان کەماون و لەناوخێزان دان و لەئەسڵە دەزانن لەسیامێوەو پێشتر لای مەریوان و لەسنەوە هاتون هەموو کەسێکی گوندی گۆری ئەسپ بەتایبەتی بەتەمەنەکانیان کتێبەکەی یەشار کەمال چی نوسیوە لەسەرەوە بۆخوارەوە لەبەریانە بەرەحمەت بێت حاجی ئەحمەد رۆستم گۆری ئەسپ هەموی بۆمن پێش خوێندنەوەی کتێبی یەشار کەمال هەمویم بۆباس کراوەو من پێم وایە ئەو مەسەلەیە شتێکی لەواقیعی تێدایە چونکە خەڵکی ناوچەکەش هەموی دەزانن شوان لەو ناوچەیە بوو لەبەری بوو، منیان بردە سەر گۆری ئەسپەکە لەسەردەمی گوندەکەوە کەڵەك و بەدار دەوری گیرابوو، لە1987/12/19 لەگۆری ئەسپەوە چوینە کەڵەشێرەو ترشەکەو ئاوایی حمەی قادروگەرمك و رۆستەی شامار، لەرۆژانی 19و1987/12/20 هەر لەوگوندانە بوین بەیانی زوو چوینە کەڵەشێرە من لەپێشەوە زۆرجار دەکەوتمە دوای هێزەکە بەسەیارەیەك یاپێش هێزەکە یالەگەڵ هێزەکە بۆئەوەی

فریـای جێگاکەوسـەردانی خـەڵکێکی کـە بکـەوم بـەیانی تـازە کـازیوە هەڵـدەبرا چـوینە کەڵەشێرە لەوێ چوینە ماڵێك وادیـاربوو بەدەمراسـتی گوندەکە دەچوو ژنێك خـاوەن مـاڵ بـوو میـوان دارییـەکی گـەرمی لـێ کـردین ومنـیش پێشتر بەپێشمەرگەم وت نـاوم مـەهێنن باکەس نەم ناسێت و نان و چامان بدەنێ و بـڕۆین مـن لەپێشمەرگایەتیدا هـەوڵم دەدا نـەم ناسـن لـەناو گونـدەکان بەتایبـەتی ئـەو ناوچانەی دوربـون هەرچـەندە خەڵکەکـە لـەدورەوە منیان دەناسی بەتایبەتی گەرمیان هەموی جاف و وەزۆری خزم و ناسراو عەشیرەتی یـەك بوین واتە من جاف بوم ئەوانیش جاف بون  ئەوەش دەوری تایبەتی خۆی هەیـە بـەڵام مـن هەمیشە کێشەیەکم هەبوو ئەوپێشمەرگانەی لەگەڵم بـون ئەگـەر منیـان نەناسییایە دەچـون بەماڵەکانیان دەوت ئەوە فلانە من حـەزم نـەدەکرد زەحمـەتی خـەڵکی بدەین ئـەوان دەچـون دەیان وت لێرە دەمێنێتەوە واتە خاوەن مـاڵ  دەهـات و هـەوڵی دەدا کـەمن شـەو بمێنمـەوە منیش دەموت باشـە ئەگـەر ماینـەوە ئاگـادارت دەکـەم بـۆ ئـەوەی هەرچی بۆخۆیـان بکرایـە دەمان خواردبەڵام خەڵکەکە بەرەغبەتی خـۆی هـەوڵی ئـەدا میوانـداری بکـات بـەڵام هەنـدێك دیاردەهـەبوو لەوناوچـەیە بەوشـێوەیە بـوو مەسـئول دەبێـت دەعـوەت بکرێـت مـن رێگـام نەدەدا بەیانی چاوەڕێمان کرد نان و ماستێکمان بدەنێ و هێزەکە رۆیشتبوو ئێمـەش زۆر دوانەکـەوین بـەهادین وەسـتا کـەریم و بـاهیرم لەگـەڵ بـوو لەگـەڵ مەفرەزەکـەی خـۆم هەروەستاین  وتم ئێمە دەرۆین ژنەکە هات وتـی نانەکـەتان هەرئێستا پـێ دەگـات، مـن وتم چیە لەپێشمەرگەم پرسـی بەهادین ووتـی جگەرەکـەمان بۆچاك دەکـەن، مـن ووتم جگـەری چی وتی حـەیوانیان سـەربریوە مـن ووتم ئێوە نـاوی منتـان هێنـاوە و منیـان ناسـی وتیـان نەخێرو سوێندیان خوارد بەڵام ئەوکات و ئێستاش دڵم لەبەهادین وباهیر پیس بـوو پێیـان وتبون زۆرم پێ ناخۆش بوو لەسەعات (5)ی بەیانی یا سەعات (7) ئەوان حەیوان سەربرن بۆئەوەی میوان هەیە بەراستی زۆر نارەحـەت بـوم ووتم مـن لەونانـە نـاخۆم دەبێت ئێـوەش نـەی خـۆن و بـابڕۆین هەرچـەندە ئەوماڵـە محترەمـە زۆر زەحمـەتیان کێشا بـەڵام بەراسـتی ئەوەندەم پێ ناحەق بوو داخی دڵی خـۆم بـەوە رشـت هەڵسـاین و هەرچـی یـان کردووتیـان رۆیـشتین و هـەتا نـان و ماسـتەکەی بەیانیـشمان نـەخواردو بـەرێ کـەوتین و لەدارەکـەی خلـەوە و لـەرێگاش لـە سـەرگەردانە  تایـەی سـیارەش دەرچـوو خـەریك بـوو بکەوینـە

خوارەوە، دارەکەی خلەم لەکۆنەوە بیستبوو جاف لەدارەکەی خلەوە کۆچی بەرێ دەکرد، کۆچی جاف زۆری لەدارەکەی خلەوە بوو ناوی دارەکەش زۆربوو لەو دوایەش برادەران بەجیهاز قسەیان دەکرد دەیانوت لەدارەکەی خلەین بۆسورێن قسەیان دەکرد لام ببوو بەشتێکی گرنگ وغەریب نەبوولام، لای خلەوە پێشی چۆڵ بوو ، لەرۆژانی 20و1987/12/21 لەماڵی کاك صاڵح عەلی قادر بوین لەئاوایی حمەی قادر لەوێوە چوین بۆ تورکەو گۆمەزەردو کانی چایلەو دومبلاّن وزەرین و دوخوان و هەوارە بەرزە لەماڵی کاك حاجی محمود بوین و زۆر خزمەتی کردین شەوێك لە گۆمە زەرد بوین خەڵکی ئەوناوە ژمارە وەکو عەرەبی دەکەن، لەوناوە شاتری و روغزایی بەزۆرین لەوگوندانە پاشان چوینە کوردەمیرەکان تەیارەش هاتە سەرمان لەوناوە، لە1987/12/22 لەگۆرەئەسپ و ئیمام محمدو قلاّتە وزان وکەڵەشێرە و تورکەو رۆستەمی شاماربوین و نیوەرۆ لەماڵی  کاك محمد سەنگری بوین من و کاك مەلاهەژارو کاك سەیدقادر و(2–3) کەسی تربوین خزمەتیان کردین کاك صلاح تاڵەبانی  لەوێ بوو لەشۆرشگێرانی یەکێتی بوو سەری لێداین و داوای مانەوەی لێ کردین، کاك محمد سەنگری دوو کوری هەبووانشاالله تەمەن درێژ دەبن هەردوکیان دوانە بون  یاجمگ بون بەلاّم هەردوکیان وەکو یەك وابوون جیانەدەکرانەوە  هەتا لەماڵەوە باوکی و دایکی هەریەکەی پەرۆیەکی سوروشین یان لێ دابوون بۆئەوەی لێیان نەگۆرێن تەنیا خۆیان دەیانزانی کامیان نین باوکی دەینارن بۆئیشێ ئەوەی کەیان ئاگای لێ نەدەبوو لێ ی تورە دەبوو بۆئیشەکەت نەکردوە ئەویش دەیوت من نیم فلاّنی برامە وەکو شەهید توفیق پارەزانی و کاك رەفیق پارەزانی دەیان جار تەقریر لەسەر رەفیق دەهات ودەیانوت ئێستا لەسیدصادق دیمان لەفلاّن جێگا کەچی رەفیق لای ئێمەبوو هەردوکیان پێکەوە بون کەس فەرقی نەدەکردن، لە1987/12/21 یەکەم رۆژی زستان بوو، لە1987/12/24 لەئاوایی حمەی قادر بۆرۆستەمی شامار (30)دەقیقەیەك دەبووبەسەیارە بە(3) سەعات گەیشتین، لە1987/12/25 هەرلەوگوندانە بوین و سەیارەکەمان شکا، لە1987/12/26 لەشێخ تەویڵ و بەرازاو تەسیمانە بوین دوای چوینە ئەحمەد ئاوا توڵەبی و پەلە وشك و تەپەسەوزو تەپە سپی  تەیارە هاتە سەرمان دوای چوین بۆ کانی علیان و شینەك و ماڵ چاوشین یاکانی چاوشین و بۆلەك و کۆشکی

خواروکۆشکی ناوەراست، لە1987/12/29 لەکانی قادرو ئاوباریك و ئاوە سپی و قەواڵی و ئاوباریك و ئەوگوندەی کەشێخ محمودی نەمر شەری ئاوباریکی تێدا کردوە و سەرکەوتوو بووە، لە1987/12/30 لەبناری گل و کانی قادر چوینە ماڵی کاك گەوهەر پێشمەرگەی حزب بوو خەڵکی دووز بوو(ئیستا شەهید بوە)، کانی قادر نەوتی لێبوو حەوزیان لێ کردبوو هەرماڵێ بۆخۆی چاڵێکی کردبوو چونکە نەوتەکە لێ دەرۆیشت نەوتی رەش بوو دەیان کردە ناوسۆپاو ئیشیان پێ دەکرد وەئیشی ئاشیان پێ دەکرد منیش ووتم حەقە لەسەر ئەم گوندە شەر بکەن چونکە نەوتی لێ یە وەبیرێکی لێبوو بەلاّم بیرەکەیان داپۆشیبوو بەلاّم ئەویش لەبەری دەرۆیشت پاشان چوینە قەلاّ و چوینە ئاوایی شێخ حمیدو تازەشارو چوینە ماڵی شەهید عبدالله لەوێوە پەرینەوە بۆکۆرەمۆروناوچەی جەباری و ژاژوهەرێنە، لە1987/12/31 چوینە ژاژو عەلی مستەفاو زەردەو محمود پەریزاووقۆچەلی، لە1988/1/1 لەگوندی قۆچەلیەوە چوینە گوندی گۆلەمەی جەباری وماڵی کاك سەیدقادر وکاك حمەرەشیدی برای کەئەو پاشان بەری ئەنفال کەوت لەماڵی ئەوان بوین دوایی چوینە قەشقە زۆرساردبوو رەشەبابوو خەڵکەکەمان لەمزگەوت کۆکردەوەو قسەم بۆکردن و شەو لەماڵی کاك ملا کەریم لەوێ بوین بۆبەیانیەکەی چوینە تەکیەی جەباری و بۆ تەپەکورەو جانی وکوڵەبان و پاشان بۆقەرەوەیس و شێخ جری و چوینە خاڵەبازیانی و سەری لای لەیلان و ئەوگوندانەمان کردو سەیری مەعەسکەرەکانی لای چیمەن و لەوێ توشی شێخ سەردار بوین لەلقی کەرکوك بوو لەوێ، لە 1988/1/4 لەخاڵەبازیانیەوە بەرێ کەوتین بۆباش بلاّغی سەروبۆباش بلاّغی خوارو بۆسەرجادەولەجادە پەرینەوە بۆخانی سەروخانی خوارو بۆگورگەیی و واتە جادەی سلێمانی کەرکوك بۆماڵە ئاوارەکانی سەرچەمی خاصە لەسەروی گۆرانەوە لای کلاّوقوت بەری شوان و شێخ بزێنی، لە1988/1/5 لەگوندی گوڵم کەوە بوین لەماڵی حاجی عبدالقادری لەشکری ئەو رۆژە باران وهەور بوو ئێمەش لەسەرخاصە وگوڵم کەوە دابەش بوین و لەسەعات (3)ی پاش نیوەرۆوە کەمینەکەمان ئامادە کرد، لەخاصەو گوڵم کەوەی سەرخاصە بوین پێش ئەوەی بپەرینەوە یالەناوچەی جەباری بوین شێخ سەرداری سەید محمدجەباری کەسۆسیالست بوو لەشاریش لەرێکخستن بوو ناوە نهێنیەکەی پشکۆ بوو

چالاك بوو هاتە دەرەوە بەلاّم زۆری پەلە بوو بۆ مەسئولیات زۆریش کەم حەوسەڵە بوو بەلاّم کورێکی باش و دڵسۆزورادەی سەقافەتی باش بوو خۆشی پیاوێکی ترسنۆك نەبوو بەلاّم ئیدارەی کەم بوو بۆڵەبۆڵی زۆربوو بەسەر سەروی خۆیدازۆر شت و ئیشی سەربەخۆی دەکرد بەتەرەف لەکێشەی عەشائیری و کێشەی بۆحزبیش دروست دەکرد زمانی دیبلۆماسیەتی نەبووزۆرجار لەکۆبونەوە قسەی دەوت بەخەڵکی سەر بەحزبێکی کە کەئەوە لەوانە بوو ببێتە هۆی ناکۆکی لەسنوری چەمچەماڵ بوو لەدوای راپەرین (500) پێشمەرگەی ئەو سنورەمان تەسلیم کردبوو هەمووی تەفروتوناکردو خۆشی کردبەناو پارتیداو پاشان بەناویەکێتیدا ئیتر ئێستا نازانم لەکوێ یە؟ کاك شێخ سەردار هێزی گەورەی وەکو ئەو هێزەی ئێمەی لەسنوری خۆی وانەبوو ئەوەندە بە(10-15) کەسەوە لەو سنورە گەرابوو یەکێتی هێزی گەورەو شەرکردن داخی دنیا لەدڵدا کۆببوەوە ئێمە چوین هەموو ئەقڵ و هۆشی لای ئەوەبوو چۆن شەرێکی گەورە بکەین چوین سەیری مەعەسکەری کەوڵە لای چیمەنی کەرکوکیان کرد برادەران بەمنیان ووت ناگیرێ و هەرچوار دەوری رەبایەی قائیم و خۆشی مەعەسکەرو لوغم وچوار دەوری سیاجی تەلەزی ودرکاوی یە ئەو هات لای من دەیوت زۆر ئاسان دەگیرێ وای بیر دەکردەوە ئەو هێزە ماڵێکی مەفتەوو دەستی کەوتووە بدات بەسەر مەعەسکەرێکداو بیگرێ بیری لەشێوەی شەرەکەو سەرکەوتن و ژێرکەوتنی شەرەکە نەدەکردەوە زۆرهەوڵی دا لەلای لەیلان و لای فەرقان و زۆر جێگای کەش منیش خۆم پێم باش بوو لەجێگایەکی لەباردا شەربکەین، ئەوشەوەی لەجادەی سلێمانی کەرکوك پەرینەوە لای بانی مەقان و بۆبەری گۆران و سەرخاصە لەوێ واجادەی سلێمانی کەرکوك دێ پێم باش بو بۆکەمین بەلاّم لەرۆژی باران و هەوردا وباران بێت یاسەر لەئێوارە بێت لەسەعات (3)ی پاش نیوەرۆ نزیکەی (60) پێشمەرگەی باشمان ئامادەکرد وتم کاك شێخ سەردار ئێستا برۆن بۆسەر جادە کەمین دانێن..ووتی ئێستا زوونیە..ووتم ئەوە چەند رۆژە تۆ داوا دەکەیت مەعەسکەر بگرین ئێستا ئەوە بارانەوجەوەکەی تاریکەو هەورەو باشترین وەختە بەلاّم بەوریایی لەسەرجادەی سلێمانی کەرکوك کەمینی گەورەوباش هەم بۆراگرتنی سەیارەو قسە کردن بۆخەڵك و ئەگەر عەسکەروشت هات لێیان بدەین و وابکەن دەستکەوت هەبێت و

بـەبرادەرانم ووت کەچـۆن شـێوەی کەمینەکـە دابنـێن وبـەرێ کـەوتن بـەتراکتۆر چـونە سەرجادەو کەمین دانراو بوبەتەقەو دوای راگرتنی خـەڵکێکی زۆر وقسەکردن بۆیـان زیـاتر لـە(100)سـەیارە راگـیراو قافڵەیـەکی عەسـکەری لـەئیڤاوپیکاب و جێـب قیـادە کەوتنـە کەمینەکەوە و لەدوای شەرێکی کـورت (25) کەسێکی کوژرابوو هەندێکی برینـداربېون و (17) دیلـشیان هێنایـەوە و(2)ئیڤاو یـەك پیکـاب و دووجێـب قیـادەو دەوری (30) پارچـە چـەك و رەشاشـی گرینـۆف و هاوانێـك و دیمـترۆف (14/5) یـان گرتبـوو هـەمویان هێنـاو بەجیهاز قسەیان لەگەڵ من دەکردو داوام لـێ کـردن زوو جادەکـە چـۆڵ بکـەن و بگـەرێنـەوە چەمی خاصە باتوشی زەرەر نـەبن و هەرلـەجێگای شـەرەکەوە شـێخ سـەردار دەیـوت کاکـە حمـە جێگایـەکی باشـترم دۆزیوەتـەوە بـرۆینـە سـەری وتم جـارێ ئێـوە بگـەرێنـەوە بـزانم شەهیدو بریندارهەیە نیە خۆماڵی بەلاشت دەست نەکەوتوە ماڵی مفتت کەوتۆتـە دەسـت هەموو گەرانەوە جگە لە کاك رەمەزان ن و ئـەوان سـەیارەیەکی جێـب عەسـکەریان هێنـابوو لەبەرئەوەی لەرێگاهەندێك دواکەوتبون هـەموو بـرادەران بەسـەلامەتی گەرانـەوەو ئەوشـەوە لـەماڵی حـاجی عبـدالقادر بـوین کـورێکی جبـاریش هەرپێـشمەرگەی سۆسیالیـست بـوو لەقوەی شەهید عەلی عەسکەری بون لـەوێ توشـی ئـەوانیش بـون سـەیرم کردئـەوان (45) مزەلیان لەمەکتـەبی سیاسـی وەرگرتـوە بـەکاك شـێخ ئەحمـەدی شـەدەڵە ببـوو بـەئامرقوەی قەڵاسێوکە هەموو لەوچەکانەیە کەمن دڵم نـەدەهات دابـەشـی بکـەم هـەموی دابـەش کرابـون بـەڵام کۆمـەڵێك کـوری بـاش و پێشمەرگەی کـۆن بـون ئـامر کەرتەکـەیان کـاك کمـال کوێخـا عمربـوو تـازە لای ئیـسلامیەکانەوە گەرابونـەوە ئـەو شـەرە سـەرکەوتن بـوو بۆئـەو سـنورە شـتێکی بـاش وگـرنگ بوولـەروی سیاسـی و مەعنـەوی و عەسـکەری و جەماوەریـەوە هـەنگاوێکی نـوێ و بینـینی خـەڵکی ئـەودیل و دەسـت کەوتانـە هەرلـەوێ دیلـەکان وپیکابەکەو ئیڤایەکمان دا بەشێخ سەردار ولقی کـەرکوك و جەولەکـەشمان هـەر ئیدامـە دا، لـە1988/1/6 تـەیارەش هاتـە سـەرمان پاشـان چـوینە گونـدی پەڵکـەرەش لـەماڵی کوێخـا نوری یا کوێخا نەجم بوین باران و تەروقوربووزۆرهیلاك بوین، لە1988/1/7 چوینە فـەقێ میرزاو تلیـان و محمودخـان دوای چـوینە گونـدی گـوڵم کـەوەی قەڵاسێوکە، لـە1988/1/8 چوینە قەڵاچوغەو عەسکەرو نیوەرۆ لەوێ بوین لای گۆپ تەپە لەوێ مەفرزەیەکی کۆیەش

هـەرێمی (15) و کـاك حمەسـورمان پـێ گەیـشت هێـزی ئێمـە هێزێکـی زۆربـوین لەوکاتـەدا هێزێکـی یـەکێتیش لەسـەرەوە دەگەرایـەوە (7)تراکتـۆر بـون ئێمـەش (9) تراکتۆربـوین بەدۆشکەوچـەکەوە دەیـانوت تیپـی کـوێن پێـشمەرگەی ئێمـەش دەیـانوت یاریمـان نـەکردوە..تیـپ نـین هـەرێمین، پاشـان چوینـە سورقاوشـان بەچـەمی ڕێـزان یەکـەم جـاربوو برۆمە چەمی ڕێزان لەکۆنەوە ناوی چەمی ڕێزانم بیستبوو بەڵام نەچوبوم لـەوێ کاك عـەلی بـچکۆل ئـەوکات مەسـئولی مەڵبەنـد یافەرمانـدەی تیپـی (21) کـەرکوك بـوو تەئکیـدنیم هەردوو دەورەکەی بینی هەم هەرێمی(2) بوو پاشان تیپی (21)ی کەرکوك بوو، کاك عەلی پێشتر یـەکمان دەناسـی ئێمـە بەپـەنای ماڵەکەیـدا تێپـەردەبوین لەسورقاوشـان خانویـەکی گـەورەی مـسەلەحی کردبـوو خـۆی خـەڵکی عەسـکەربوو لەکۆنـەوە جـەلالی بوولەشـۆرش وەلە1976 وە ببووبەکۆمەڵە لەگەڵ شێخ شـەهاب و ئـەوان گیراوحوکم درا بە(20)سـاڵ و لەئیعـدام رزگـاری بـو پاشـان بـەربو هاتـە دەرەوە وبـوو بەفەرمانـدەی هـەرێمی (2) پاشـان مەڵبەندی (2)، لەساڵی 1983 لەمالومە ئەو نەبوایە شەردەبوو لەگـەڵ ئێمـەش و پـارتیش هەرچەندە هەڵسوکەوتی برادەرانی خراپ بون وەرەد فعلی ئێمەش توند بوو ئەو لەوکاتەدا نەرم بوو بوو بەهۆی ئەوەی شەر نەبێت چونکە لەسەرقسەی ئەو وەستابوو من چاوەرێ ی قسەی ئەو وەلامی ئەوم دەکرد لەنامەیـەکی بچوکی تونـددا وەلامـی ئـەوو خۆشـی هاتـە لام سـەبەب بـوو کەشـەر نـەبێت دوای ئـەوەی کـاك عـەلی هەنـدێك مقالـەی نوسـی دژی هەڵسوکەوتی مەسئولینی یەکێتی لەرۆژنامەی بـەرەی کوردسـتانی و لەسەردەشـت ئـازاری بـوو قسەی دەکرد ووتیـان کاك نەوشـیروان وتبـوی بۆڵـەمان بەسـەردا دەکـات مـن خـەڵکی سلێمانیم و هەقە ماڵەکەم لەسەقزبێت ئەو خەڵکی سورقاوشانە هەقە لەسەردەشت بێت بۆ بۆڵـەمان بەسـەردا دەکـات ئـیتر چـوە دەرەوە ئـیتر خەبـەری نـازانم، رۆژ هـەوڵی دا لای بمێنینـەوە بـەڵام ئێمـە نەماینـەوە و سـەرکەوتین بۆسەرچیاکەو بەتـەمای پەرینـەوە بـوین لـەجادەی دوکـان سـلێمانی دوای چـوینە گـەرمك وکەوەوسـەرمۆرد لـەدوای نـانی ئێـوارە سـەرکەوتین بۆپـشتی کلکـەسماق هەورازەکـەی زۆرکوربـوو سـەیدقادریش تـازە نـانی خواردبـوو لەپرتوشـی هـەورازێکی واش بـو منـیش لەهەورازەکـە بـووم کەرۆیـشتم سـەیر دەکەم وەستاون ووتم بۆ وەستاون.. ووتیان کاك سەید داوای کردوە لەبەرتۆ وتبوی کاکە

حمــه جــێ مــاوه و مانــدوه بــا رابوەســتین.. ووتم مــن ئاگــام لــێ نیــه وادیــاربوو ســەید لەهەورازەکـە زۆرتونـدو بـرادەرانیش پەلـە دەرۆیـشتن ئـەویش مانـدو تەنگەنەفـەس ببـوو پێشی ناخۆش بوو پێ ی بڵێن ماندوبویت رازی نابوو، بە بەرامبـەری دوکانـدا تێپـەرین و چوینە لای کۆتەڵ و لەجادەکە پەرینـەوە بۆبـەری سـورداش و (2)هـەزار مـەترێك رۆیـشتین گەیـشتینە گونـدی تیمـار وتیـان مەلاکـەیان نـاوی مـەلاعمر بـووە لـەرۆژی هـەینی قسەی بەیەکێتی وتووە یەکێتی کوشتویانە، پاشان سەرکەوتین بۆبنی شاخەکە تووشـی هەنـدێك مـاڵ و خـەڵك رای کردبـوو خـانوی لـەوبنارەدا کردبـوو پاشـان تێپـەربوین بۆئەوگوندانـەی بناری سورداش داو خواروی سێ کانیان و بە(4-5) گونددا تێپەرین،

## هەوڵێکی نەزۆکی رژێم بۆ تیرۆر کردنی چەند تێکۆشەرێك

لەشەوی 8-1988/1/9 پەرینەوە ئەوکات کاك دکتۆرمحمـود و کـاك عـدنان مفتـی هـاتبون بۆسەردانی یەکێتی و لەلای سیوانا لەبەری مەرگە ئەو ناوەو لەماڵی کـاك مـستەفاچاورەش دەعوەت دەبن لەوێ زەهریان لەماستاودا بۆتێ دەکەن کاك دکتۆرو کاك عدنان وکاك سامی شۆرش و کاك بێستون مـەلاعمر، کـاك بێـستون و (1-2) کـەس هەرلـەوێ مردبـوون و کـاك دکتۆرو کاك عدنان وکاك سامی وکاك مستەفا چاورەش وەزعیـان خـراپ بـوو ئـەوان بـەرێ کـران بـۆدەرەوەو کـاك دکتـۆر نەرۆیـشت هەرلـەوێ مایـەوەو چارەسـەر دەکـراو بـەلام تـوك بەســەروسمێل و ریــشیەوە نەمابووهــەمووی وەری بــون ئێمــە یــەکێ لەســەردانەکەی بۆسـەردانی ئـەویش بـوو لـەوێ لەمەقـەری کـاك نەوشـیروان وکـاك دکتـۆر فـواد مـابووەوە لەبەرگەڵوبەلام کاك دکتۆر محمـود هـەر ورەی بـەرز بـوو لەوکاتەشـدا کەچاوەرێ ی مردنـی کردبووکاك دکتۆر ئەوەند پێش بینی و شارەزایی و عەزمی بەقوەتە ئەگەر نیـوەی ئـەوەش بیتوانیایە سیراعی سیاسی بکردایە ئێستا یەکێك بوو لەسەرکردەکانی کـورد کـەدەیتوانی گۆران بکات لەناو بزوتنەوەی کوردیدا هەرشەو گەیشتینە شـەدەڵەو لـەوناوە دابـەش بـوین و لەمزگەوت و لەماڵەکانی ئەو ناوە ئێمەش لەماڵێك ئیسراحەتمان کرد بـەلام مانـدووبوین لەعەسـکەرەوە بەتراکتۆروسـەیارەو دۆشـکەو شـتەکانمان گەرانـەوە.. وتمـان بابرۆینـەوە بۆقەرەداغ، لە 1988/1/9 چوینە مێرگـەپان بۆمەقـەری هـەرێمی (4) لـەوێ بـون لای ئـەوان ماینەوە لـەلای پیرەمـەگرون، لـە1988/1/10 لـەماڵی کاك شـێخ ئەحمـەد شـەدەڵە دەعـوەت

بـوين و نیـوەڕۆ لای ئـەوان بـوین، لـە1988/1/11 لەشـەدەڵەوە کەوتینـە ڕێ بۆسـەرگەڵوو ئێوارەکەی لەماڵی کاک شێخ دارای حەفید بوین و زۆر لەگەڵمان ماندوبون.. کاک شێخ دارا ئەوکات مەسئولی مەڵبەندی (2)ی یەکێتی نیشتمانی بوولەسەرگەڵوو پاشان سەری ماڵی کاک شێرکۆو تەعزێیەك هەبوو خزمی ماڵی کاک عەلی بون ماڵی کاک محمود یاسالار بوو لەجەیشی عێراقی کوژرابوو، لە1988/1/12 چوینە مەقەری کاک نەوشیروان بۆلای کاک دکتۆر محمود لەوێ بوو بەبۆنەی دەرمان خوارد کراوێوە بەلام وەزعی باش بوو... بەلام لەوکاتەشدا وپێش ئەوەش پیاوێکی بەهیمەت و بەتواناو مقاوەمەتی ئەو دەرمانەی کردبوو چونکە ئاسان نیە لەولاو لەولایەوە خەڵکی بمرن و ئەویش چاوەڕێ ی مردن بکات بەلام هەر لەگەڵ ئەوەشدا مقاوەمەتی کردوخۆی ڕاگرت و ئەو بەخەڵکی دەوت هیچ نیەو گوێ مەدەنێ، لە1988/1/13 لەبەرگەڵو بوین لای دکتۆر محمود ونیوەڕۆ لای دکتۆر فواد دەعوەت بوین نیوەڕۆکەی لەوەپێش قسە زۆرکران و بروسکە دەهات شەرکراوە لەرێگای کەرکوك سلێمانی و نەیان دەزانی کێ کردویەتی تاپرسیاریان لەئێمە کرد زانیان ئەو شەرە ئێمە کردومانە لەسەرجادە، ئێوارەی 1988/1/13 لەماڵی کاک عەلی دەعوەت بوین، لـە1988/1/14 لای ئـەوان گەراینـەوە لـەرێگا کـاک مەلاهـەژاروکاک سـەید قادروکـاك مـەلافائیق دژی کـاک دکتـۆر محمـود قسەیان دەکرد سـەید قـادر کـەمتر لـێ ی نـارازی بـون وادیـاربوو لای ئـەوان قـسەی بـەکاك رەسـول وتبـوو بـرادەرانیش هەریەکـە بەشـی خـۆی شـتێکی بۆبـاس کردبـون بـەلام کـاک دکتـۆر لەهـەموو حاڵەتەکانـدا مـن لایـەنگری ئـەوە بـوم کەحزب پێویستی پێیەتی و هەر ئەوەش بوو من چەندین جار نامـەم بۆنـارد بۆگەرانـەوەی کـاك رەسـول لەسـەر ئـەوە دژی مـن قـسەی کـردو وتـی تـۆ دژایـەتی مـن دەکـەیت نامـەت بۆدکتۆر محمود نوسیووە... من بەکاك رەسولم ووت نامەی بۆدەنوسـم و یـا نامـەم بۆکـاك رەسول و کاک دکتـۆر هەریەکـەش داو هـەردوکیان لەیـەك زەرفـدا بۆنـاردن بۆسـوریا چـونکە جاری پێشو نامەم بەجیا بۆناردبون کاک دکتۆر نامەکەی خۆی دابوو بەکاك رەسـول مـن هـەردوکیانم بەپێویـست دەزانـی بـۆحزب مـن لەروانگـەی سـودی حـزب و ئـەوان چـەند بۆحزب پێویـستن هـەنگاوم دەنـا مـن هـەردوکیانم وەکـو یـەك بـون لامـان بـەلام هەریەکـەیان تایبەتمەنـدی خـۆی هـەبو، کـاک رەسـول لەسـەرەتاو لەدامەزرانـدنی بزوتنـەوەوە ببـوو

بەدڵسۆزیٚ بۆسۆسیالیست ئیشی دەکرد و زۆرهەوڵی دەداو خۆراگرولەسەرخۆبوو لەپاش ملە قسەی بەکەس نەدەوت لەناوپێشمەرگەو لەمەقەرات دابوو بەلاّم بۆراگرتنی تەوازنی سیاسی وسەردەکردە واتە دەست پێشخەر نەبوو هەمیشە چاوەریٚ ی دەکرد لەیەکیٚ لەحزبەکان یالەدوای روداوەکان بریار بدات، لەکۆبونەوەی سەرکردایەتی بریاری قەتعی نەبوو بۆنمونە (3) کەسی دەنارد بۆ جێگایەك بۆماوەیەك بیٚ ئەوەی بەکەسیان بڵیٚ تۆ مەسئولی دووانەکەی تا دەگەرێنەوە.. جارێك وەفدێکی حزب کەپێکهاتبوو لە خاڵەحاجی وکاك شێخ محمد وکاك قادرجەباری دەچنە یەخسەمەر من لەکۆبونەوەکە ووتم کامیان مەسئولی وەفدەکەیە کاك رەسول قسەی نەکرد لەویٚ لەپاش گفتوگۆو رێکەوتن کاك فەرەیدون پرۆتۆکۆلەیان هێنابۆئەوەی ئیمزای بکەن لەنێوان هەر سێکیان راگرتبوو خەریك بو هەرسێکیان دەستی بۆبەرن و ئیمزای بکەن، برادەرانمان هەندێك شتیان هەبوو هەموی بۆشەخسی کاك رەسول دەگەرایەوە دەبوو کاك رەسول بریاری بدایە ئەگەر هەرسیٚ کەشی یا دووانیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیش بن دەبێت یەکێکیان مەسئولی ئەوانی تربێت یامەسئولی وەفدەکە بێت لەدنیادا وایە لای ئێمە ئەوە نەدەکرا مەگەر کاك رەسول خۆی یا کاك دکتۆرمحمود بوایە کاك رەسول شەرمی دەکرد هەتا لەقسە کردندا و لەهیچ مجلیسێك ئەگەر بەزۆر نەمان هێنایەتە قسە قسەی نەدەکرد یاجارجار کاك دکتۆر لەکۆبونەوە بەشدار بوایە لەبەر ئەوەی ئەو زۆر قسە نەکات قسەی دەکرد یاپرسیاریان بکردایە وەلاّمی دەدایەوە لەزۆر جێگای حەساس و بۆحەجم و بۆچونی حزبی سۆسیالیست لەو کۆبونەوەیە وادەر دەکەوت ئەگەر قسەی بکردایە قسەی نەدەکرد کەئەوەش پشتی حزبی دەشکاند لەروی شەخسیەتی سیاسی وە هێشتا مابوی نەببوە شەخسیەتێکی وابناسرێت لەناو هەموو ناوچەکەو جیهان و هەتا لەناو رۆژنامە نوسە عەرەب و بێگانەو ناوچەییەکان و رادیۆکان هەرگیز نەمان دی مقابەلەیەکی رۆژنامەگەری رۆژنامە جیهانیەکان و رادیوی جیهانیەکان بکات بەلاّم لەدڵی خۆیدا خۆی بەیەکەم دەزانی و دەیوت دەتوانم گۆرانی گەورە بکەم بەتەئکید ئەگەر بکرایە دەکرا بەو حەجم و قەبارەی حزبی سۆسیالیستەوە زۆرشت دەکرا.. لەناو سەرکردایەتی و لایەنەکان زۆری خۆی کێشەی دروست دەکرد لەگەڵ برادەرێکی سەرکردایەتی قسەی بۆبکردایە ئیتر لەگەڵیدا رێك دەبوو هەموو شتێکی

غەڵەتی پێ دەکرد وەئەگەر رقی لەیەکێك بوایە هەرگیز بەدەم وچاوی کراوەوە سەیری نەدەکرد ئەوەبوو لەدوای  ساڵی 1987 وە توشی نەخۆشی لەبیرچونەوە ببوو واتە شتی لەبیر دەچوو..خزمەکانی بەتایبەتی عبداللە و ئەوان زۆر توشی هەڵەیان دەکرد کاك رەسول ئەوەندەی گوێ ی بۆئەوان دەگرت ئەوەندە گوێ ی بۆلیژنەی مەرکزی نەدەگرت کاك عبداللە دەیتوانی بریاری لیژنەی مەرکەزی بەکاك رەسول هەڵبوەشێنێتەوە برازای بوو پێشمەرگە بوو دەهاتە ناو کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندییەوە دادەنیشت وگوێ ی دەگرت و زۆرجار جانتاکەی کاك رەسولی دەشکاندو ئەگەر نامەیەکی لێ ون دەبوو نەدەوەستا تاکاك رەسول دەهات جانتاکەی دەشکاند تەسریحی دەدا بەناوی کاك رەسولەوە واتە خزمەکانی کاك رەسول مشکیلە بون بۆی.. بەلاَم کاك رەسول لەگەڵ شەخسی من هەمیشە خاوەنی ئیحترام ورێز بووەو منیش هەروا هەمیشە هەر بریارێکی دابێت جێ بەجێم کردووە حەزم دەکرد بەهێز بێت و بەتوانا بێت چونکە چەند ئەوبەتواناوهێز بێت ئەوەندەش حزب بەتواناو بەهێزە بەلاَم لەئاستی حزبێك وەکو حزبی سۆسیالیست خاوەن قاعیدەیەکی فراوان و پێشمەرگەو ئەو هەموو کادرە حزب نەیدەتوانی هەڵی بسورێنێ.. کاك دکتۆر محمود لەسیاسەتی ناوچەیی وجیهانی و لایەنە سیاسیەکان سەری دەردەکرد وشارەزابوو لەپەیوەندی وشەخسیاتیشی وەکو پیاوێکی سیاسی و شارەزاوشەخسیاتێکی کوردی بەرادەی باش سەیردەکراوزمان و قسە کردن و ئەوانەی باش بوو وەحزبی سۆسیالیست پێ زەرور بوو دەیتوانی سکرتێربێت بەلاَم کاك دکتۆرمحمودیش لەبریاردان دەست پێشخەرنەبوو دوای روداوەکان دەکەوت لەکاری عەمەلی  و لەکاری نەزەریدا زۆر هەستی بەروداوە جیهانی و ناوچەییەکان دەکرد بەلاَم ئەوەی لەمێشکی تەبع دەبوو هەروای دەکرد یاباوەری بەحزبی سۆسیالیست نەبووخۆی لەحزب بەگەورە تر دەزانی وئایدۆلۆژیەت  باوەری پێ ی نەبوو ئەقڵیەتی لەگەڵ ئەو برادەرانەی کۆمیتەی ناوەندی نەدەگونجا لەگەڵ قەواعیدی حزب تێکەڵ نەدەبوو زەمی دەکرد ئەوەی دائیم لەگەڵی بوایە و (3)مەتر لێ ی دور بکەوتایەتەوە زەمی دەکردوقسەی پێ دەوت بەلاَم کەسمان قسەکانی مان پێ ناخۆش نەبوو جگە لەکاك رەسول دەمانزانی دوومەتر لێ ی دور بکەوێتەوە زەمی دەکات جارێك کاك عدنان لەسوریا دەست ئاوی

دەبێت لەوکاتەدا زەمی خەڵکی دەکەن ئەوناوێرێ هەڵسێت برواتە سەرئاو پێ ی دەڵێت عدنان بۆنارۆیت وەستاوی ئەویش دەڵێت بەخوا لەبەرتۆ ناوێرم هەرچومە ئەولاوە قسە دەکەیت یەعنی زەمم دەکەیت ئەڵێت نایکەم کاك عدنان دەگات و گوێ ی لێ دەبێت باسی دەکات کاك عدنان هاواردەکات گوێم لێتە لەوکاتەدا کابرایەك هاتووە کاك عدنان (300-400) لیرەی داوەتێ وتبوی ئەو عدنانە خۆی فلسی نیە ودەروات پارە بەخەڵك دەدات جگە لەوەش تاقەتی منافەسەی حزبایەتی نەبوو ململانێ ی نەدەکرد تەحلیلەلەکانی زۆری لەسەرشتی زانستی بەهێزبون شەخسیاتی ناسراوی لەکوردستان و لەولاّتان و لەدەرەوە هەبوو بەلاّم بۆحزب وەکو ئەوەی هەبێت و نەبێت حزب وابوولای کەئەوەش شتێکی خراپ بوو بەبێ حزب هەمو شت ناکرێت و دژی یەکێتی وپارتی بووبەلاّم لەگەڵیشیان رێك بوو لەگەڵ هەموو کەموکوریەکانی دەبوو بۆسکرتێری حزب بەلاّم لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکی باش و بەهێزوخاوەن بریار واتە کاك دکتۆر وەکو رەمزێك وفکرەیەك و بەلاّم بریاری پێ نەئەدرا من پێم وایە ئەو کەسانەی کاتی خۆی لەگەڵ خوالێخۆش بوو مەلا مستەفا ئیشیان کردووە ناتوانن هیچ بریارێك بدەن لەبەر ئەوەی بارزانی هەمیشە ناردونی بۆهەر ولاّتێك یان هەر ئیشێك پێ ی وتون برۆن ئیشەکە بکەن و بگەرێنەوە وەئیشەکەی بۆدیاری کردون لەبەر ئەوە هیچیان خاوەنی بریار نەبون جگە لەمام جەلال لەناو ئەوانەدا کەی بریارو مغامەرە دەکا..ئەگەرکاك رەسول وکاك دکتۆر پێکەوە پێیان بکرایە هەردوکیان تەواوکەری یەك و دەیانتوانی جەماوەری حزب رێك بخەن و گۆرانی گەورەش پێکەوە بکەن..کاك دکتۆر بۆکاری علاقات ودارشتنی سیاسەتی حزب وەکو شەخسیەتێکی ناسراوی ناوچەیی و جیهانی باش بوو لەکاری رۆژانەو بەرنامەی کاری مەکتەبی سیاسی لەو مودە دیاری کراوەیەی دا کاك رەسول هەنگاوی دەنا و سستی لەئێمە نەدەکرا هەردوکیان بێ یەکیان ناتەواو دەبوو بەلاّم من لەگەڵ هەردوکیان رێك بوم بەلاّم ئەوان هەریەکە بەشێوەیەك لەمن بیریان دەکردەوە تائەوکاتە کاك دکتۆر لەمەکتەبی سیاسی ئیشی وەرنەگرتبوو، لە1988/1/15 لەسەرگەڵووەوە چوینە شەدەڵە و بۆئێوارەکەی چوینە هەرێمی (4) و سەرجادەو بەقومەرغان بۆسەرجادەی کۆتەڵ سورداش و لەنێوان دوکان سورداش هەربەرۆژ پەرینەوە بۆپیارەوسەروو سۆرکەو

شەوچوینە زەرزی.. زەرزیش لەچەمی ڕێزانە و یەکێکە لەگوندە کۆنەکان کەلەکۆنەوە مرۆڤ تیا ژیاوەو ئەشکەوتی زەرزیش بەناوبانگە و لەوشاخەیە قاڵدرمەی واتە پلیکانەی ئاسنی بۆکراوەو پێ ی سەردەکەویت زۆرجاربەکەڵك خەڵکی هاتوە، لە1988/1/15 ئێران هێرشی کردلەناوچەی ماوەت وسەفرەو گلاڵە وگرگاشێ ی گرت لەوناوچەیە بەلاّم ئەوهێرشە گەورەیە نەبوو کەوایەکێتی نیشتمانی چاوەڕێ بون وەئێران وەعدی دابوو ئەوڕێگایە بکاتەوە چونکە لایەکی یەکێتی گیرابوو ئێمەش لەزەرزیەوە هەرئەو ڕۆژە پەرینەوە بۆ عەوالاّن لەوناوچەیە خەڵکی سوێند دەخوات بەشێخی عەواڵ گوندێکی کۆنەو شێخ و مرشیدی لێ یە و بەرامبەری سوسێیەو ئۆردوگای پیرەمەگرون و پاشان گوندی شیلەخان وگەبەو قازان... قازان ئەوگوندە بو کە ئەنوەر حەسەن و (17) پێشمەرگە لێ ی شەهید بون بەدەستی قادرفەرەج و تەحسین شاوەیس بەرامبەر ئۆردوگای پیرەمەگرونە شەو لەقازان بوین، لە1988/1/16 چوینە تەرەمارو زاهیرو (3)تەرەماربون ڕژێم لەمەرکەزەکەی سوسێیەوە هێزەکەی ئێمەی لەنێوان گەبەو گولیجەو قازان و تەرەمارکان دایە بەرتۆپ و تۆپی زۆری لێ داین بەلاّم زەرەری نەبوو، شەوی 16–1988/1/17 لە ئەڵلاّییەوە بەرۆژ پەرینەوە نزیك جادەکە بوینەوە بەلاّم ئەورۆژە درەنگ هەلیکۆپتەری حەرەسی جادەی سلێمانی کەرکوك گەرانەوە واتە جگە لەهەرچەند مەقەر دووسەربازیش حەرەسی جادە بوو هەر بەین بەینێك ڕەبایە بوو جارجاریش دەبابە بەین بەین دەوەستا تەیارەی هەلیکۆپتەریش بەسەرجادەکەوە دەگەران بەرۆژتائێوارە بۆئەوەی پێشمەرگە نەچنە سەرجادە بەتایبەتی دوای ئەو چالاکیەی ئێمەکردبومان، شەو چوینە خوارەوە بەشەو بەردەکانی سەروی ئەلاّیی و بۆسەرجادەو لەپەنای ئۆردوگاوە بۆسەرچەمەکەو ئاوەکە ڕێگای نەدەدا دەبوو لێیەوە بەناویدا بڕۆین کەزۆر قوڵ بوو بەتەواوی تەردەبوین باران دەباری جل هەموی تەربوو ڕێگاقورێکی ناخۆش بوو لای هەیاسی سەرکەوتین و قورێکی زۆرمان شێلاو ماندوبوین بەوبارانەو تاریکە چوینە گوندی ئالی بزاو شەو لەوێ و لەماڵەکان دابەش بوین ومایەنەوە بەیانی گەرم بوینەوە دوای ئەوەی بەو شەوە لێدانی قاپی و ماڵان دەیان نوکتەی لێ دروست بوو، لە1988/1/17 چوینە دەربەندسوتاو هەندێك گوندی کەو بۆگوندی دێلێژە...گوندی دێلێژەم زۆر لەکۆنەوە بیستبوو شێخی

دێلێژە و مزگەوتی دێلێژە بەلاّم بەراستی گوندێکی خۆش و پاك و تەمیزو خەڵکەکەشی وشیاربون لەگەڵ شاردا پەیوەندیەکی رۆژانەیان هەبوو چوینە مێوڵی و لای کاك ئازاد سەگرمە بوین کاك ئازاد پێشتر دەمان ناسی کاك حمەغریب زۆر خزمەتیان کردین و لایان بوین، لە1988/1/18 چوینە گوندی قازان قایە.... قازان قایەش چەند جار شەهید سالار باسی دەکرد کە جاشیان بۆهاتوە.. ناوی قازان قایە لام غەریب نەبوو وەکو هۆمەر مەندان یا هۆمەرئاما نو خاویَ و کەس نەزان، لە1988/1/19 چوینە ماڵە چوچانیەکان لەلای سەگرمەبۆجافەران وبۆقەرەداغ ناحیەکە و بۆنەوتی و بۆبلکان مەقەری لقی سلێمانی بەشێکی لەویَ بوو لەو رۆژانە کورێك لای کاك عبدالخالق بووناوی فازیل محمود بوو فازیل ناردبوی بۆکانی هەنجیر بۆدووفەردە شەکر دەستی نەکەوتبوو لەجیاتی دووفەردە خورمای هێنابوو وتی ئەوە چیە..ووتی فەرقی نیە هەر شیرینە ناردی بۆ دووکیلۆ گۆشت هاتەوە گوێدرێژێکی بارکردبوو ووتی چوم گۆشت نەمابوو بەقەسابەکە بزنێکم سەر بری ووتی چەندە هێناوتە ..ووتی (22)کلیۆیە چونکە کابرا بۆمن سەری بری خەساردەبوو ئەویش وتی نەت هێنایە گۆشتمان نەدەویست فازیلیش وتی چۆن مەسئول ئەمربکات بەزیادەوە دەبێت جیَ بەجیَ بکرێت مام عبدالخالق تورە بوو لیَ ی کەمێکی پیَ چوووتی ئەوە جگەرەکەشم هێناوە بۆبەیانی باشە کاك عبدالخالق بەتورەیەوە ووتی ئەی سەروپێکەت نەهێناوە هەندێکی پیَ چوو ووتی واناردم سەروپێکەشیان هێناوە.. رۆژێکی کە ناردی بۆئارد هاتەوە(90) فەردە برنجی هێنابوو، وتی ئاردت هێناوە ووتی دوو تراکتۆرم بارکردوە ووتی باشە هەندێکی لای نانەواکە دانیَ ووتی خراپ دەبێت ووتی هەموو برنجم هێناوە کاك عبدالخالق لەکەپرەکەی بوو (کەپرە بەناوبانگەکەی) جێگایەکی فێنك بوو هاوین شوێنێکی دروست کردبوو شوتی و کاڵەك و ساردی و خەیارو تەماتەو قاوەو شەربەت و زۆرشتی لەو بابەتەی تێدابوو کەمیوان دەهات کاك عبدالخالق دەیوت چامان بدەریَ دوای چاکە فازیل دەیوت قاوەی باش هەیە دەیانوت ناخۆین دەیوت کاك عبدالخالق عاجز دەبێت و هەر دەی هێنا یاشەربەت یاخود شوتی لەو چیا سەختە و لەو گەرمایە حەزی نەبوو فازل واکاری دەکرد بەلاّم بۆئێمە باش بوو لەو ماوەیەدا بەرەچەڵەکی کاك عبدالخالق دا چووە خوارەوە هەرچی شاردبوەوە بۆچەند رۆژێك ئەوبەدوو رۆژ

تەواوی دەکرد هەرلەو رۆژانەش دا کاك عبدالخالق لەسەیارە وەرگەرابوو تایەکەی بەسەری دا رۆیشتبوو بەلاّم باش بوو سەلامەت دەرچوبوولەبلکان بوین، لە1988/1/20 شەری عێراق ئێران گەرم دەبوو بەرەو بەردەوامی دەرۆیشت توندبوو ئەمریکاش هاتبوە ناوچەکە عەرەب هەموی کۆبونەوەوعێراق وەزعی خراپ بوو زۆریش رق ئەستور بوو لەسەر کورد لەوماوەیەدا چەندجارێك ناردیانە لای ئێمە لەبەغداوە داوای گفتوگۆیان دەکردئێمە لەکۆبونەوەی لق باسمان کردوسەرەوەشمان لیّ ئاگادارکرد بەلاّم ئەوان داوای بینینی برادەرێکی سەرکردایەتیان دەکرد لەو سەفەرەی سەرگەلّوو بەکاك دکتۆر محمودم ووت عێراق داوای کردوە بۆبینین کاك دکتۆریش پیّ ی باش بوو ئەوان واوەریان نەگرت لە مەکتەبی سیاسی باسم کرد زۆر ئەهەمیەتیان نەداو منیش وازم لیّ هێنا برادەرانمان تەوەقوعی وەستانی شەری عێراق ئێرانیان نەدەکرد وهیچ پێشبینی و ئیحتیاتیان نەکردبوو، لە1988/1/21 لەمەقەری بلکان بوین من دەگەرامەوە ووتم باهەندێك لەو چەکە قورسەکان بەرینەوە ولاّخ هەبوو بۆبەری سورێن برادەران وتیان پێویست ناکات و ئەگەر قەرەداغ گیرا بائەوانەش بگیرێن من ووتم شەر نیە ئەوانە بۆبگیرێن و قەرەداغ نەبوە هەر بوین و وادیاربوو پێیان خۆش نەبوو منیش ووتم ئێستا لەوانەیە ببێتە هۆی روخاندنیان وازم لیّ هێنا، لە 1988/1/22 لەبلکانەوە بۆ هەرێمی (5) لەنێوان کانی هەنجیروسیّ تەلاندا بەریّ کەوتین بۆزەلەرەش و بۆلای جادەی زەرایەن و پەرینەوە بۆئاوایی شێخ حسێن بەلاّم باران و ئاوو لافاوی تانجەرۆیش هاتبوو هەموو شارەزوور ئاووقوربوو بەلاّم خێرا دەرۆیشتین و پاسداریشمان لەگەلّدا بوو چوینە تەپی کەرەم ومالوانەکان و لەوراستە بۆلای سۆیلەمیش یەکسەرلەئاوەکەمان دا حمە کەوچك تاشی لەپێشەوە رۆیشت وئاولیّ ی پێچاو هاواری کردو باش بوو بۆلای ئێمەی هێناودەستمان گرت ورامان کێشایە دەرەوە دەگەرایین بۆ بوار بۆمان رێکەوت و پەرینەوە لەلای کانی کەوەی چوغ کاك عبدالخالق رێك لەسەر قورەکە چوارمشقی دانیشت و تووره ببوو ووتی عەیب ناکەن فرکان..فرکان دەلّێن جەیشمان لەدوایەوە خۆنایەلّن لەسەر خۆبرۆین منیش تێگەیشتم کاك عبدالخالق چی وت ..ووتی ئەو خەلّکە خۆیان گەنجن ئەوە (6) سەعاتە یەك سانیە نەوەستاوین لەوهەموو قورەدا ئێوە نالّێن پیرێکی (70) سالّەمان لەگەلّ دایە لەوەپێش هەرچیم دەوت کاك

عبـداخالق لـه(58) سـاڵ سـەرنەدەكەوت دەوری ئاسـایی هـەورامی دەوت رۆژێـك هـات ورەنگـی تێك چوبوو ووتم چیە دڵـی پربووگریـا..ووتم مـامۆ چـی روی داوە ووتـی بـاوكم ئەمری خوای كردووە هەندێك دڵخۆشیمان دایـەوەو ئـەوەم بەبیرهاتـەوە رۆژێك كابرایـەكی سواڵكەر دەرواتە قەفقاز سەیر دەكات پیاوێكی پیری ریش سپی لە(70) ساڵدا دەگرێت ئەویش دەڵێت خاڵە بۆدەگریت كابرای پیریش دەڵێت باوكم لیٚ ی داوم ئەویش دەچێت بـۆلای بـاوكی كەتەمـەنی نزیكـەی (90) سـاڵ دەبێـت دەڵـیٚ بۆڵـەوكورەت داوە... بـاوكی دەڵێـت ئـاخر لـەروی باوكمـدا بـیٚ ئـەدەبی دەكـات كـابرا وتـی تانەگەیـشتومەتە ئـادەم بابگەرێمــەوە جـامنیش كـاك عبـدالخالق دەگریـا ئـەو بەسـەرهاتەم وەبیرهاتـەوە..كـاك عبدالخالق دڵی ناسك وبـەلاٚم پیـاوێكی یـەكجار تێكۆشـەرو دڵسۆزە.. لەوێوە پەرینـەوە لـەنێوان هـەردوو سۆیلەمیشی سـەرو خـوارووەوە لەوكاتەشـدا چاڵێك كرابـوو (6)مـەترپان و(3)مەتر قولاٚیی بـوو زۆرزەحمـەت بـوو هاتووچۆی لـیٚ یـەوە گەرزەرورنەبوایـە لەولاشـەوە رەبایــەیان لەســەر دانــابوو یــەكێك لــەوەزیرەكانی یەكــەم كابینــەی حكومــەتی هــەرێمی كوردســتان ئەنــدازیاربوو لــەویٚ (3)جــار نــەوت الــشجاعەیان دابــونیٚ لەســەر ئەوچــاڵە (خەنـدەق) بۆرێگـا گـرتن لەپێـشمەرگە لەسـەراوی سـوبحان ئاغـاوە تاسـەر دەریاچـەی دەربەندیخان كرابوو بەملیۆن دۆلاری تیٚ چوبوو پێشمەرگە هەندێكی گەیشتە سەر چاڵەكە (حەفرەكــە) و هەنــدێكی كــەوت بەســەر رەبایــەداو لەپێــشەوە رەبایــە تەقــەی كــردو پێشمەرگەیەك بانگی كرد تەقە نەكەن سۆسیالیستین زۆری جاشـەكان خـەڵكی شـارەزوور بون سەربەسۆسیالیست بون ئەوانەی دوریش نەیان دەوێرا تەقە بكەن جاشەكان بیٚ دەنگ بون ئێمەش لەسەروی ئەوانەوە دامان لەچاڵەكە (حەفرەكە) بـەلاٚم دەبـوو لـەم بـەرەوە خـۆت بخەیتـە نـاوی لەوبـەریش رات كێشن لەناوچاڵەكەش لیتـەوقورێكی شـل تاسـەروی ئـەژنۆ دەهـات لـەویٚ یـەك سـەعاتمان پـیٚ چووتاپەرینەوە لەوكاتـەدا سـەیرم كـرد كـاك عبـدالخالق لـەناوقورە شـلەكەی نـاو حەفرەكـەدا دێـت و دەروات و سـەیری سـەرەوە دەكـات ووتم مـامۆ ئەوە چیە ووتی هەموی هەر رادەكات من لێرە ماومەتەوە ئیتر من گۆچانەكەم بۆشۆركردەو رامان كێشایە سەرەوە هەندێك رۆیشتین پاسدارێك كـەوت و راكشا لـەزەوی دابـوو دەیـوت هـەموو لـەش وەسـتاوە پێشمەرگەیەك وتـی هـیچ نیـە و مـاتۆر لـیٚ ی داوە ئـەویش ئاگـای

لەخۆی نەبوو هەڵیان گرت و هێنایان وابزانم ناوی سەفەری بوو بەوقورون اخۆشیە و یەك گوندیش نەماوە لەشارەزووردا هەموی چۆڵ کرابون چوینە خواروی کەڵتەکە لەوێ زیندانی لێ بوو(زیندان چاڵێکی پان و قولە بۆ توتن دەکرێ ) گولە تۆپەکانمان پێشتر لێ دانابوو بۆخیرایش لەسۆیلەمیشی خوارو هەیاس لەرێگاوە قوربوو گاگەلی سەیدصادق لێ یەوە رۆیشتبوو هەموو جێگا سمی وڵاخ ئاوی بارانی تێدا وەستابوو پێت دادەنا ئاوی سمە وڵاخەکە دەی دا لەسەروچاومان زۆربەزەحمەت گەیشتینە خواروی کەڵتەکە یانێوان هەردووکەڵتەکە، لە1988/1/23 زۆرماندوبوین لەسەیدصادقەوە کەباب و گۆشتیان هێنا بۆهەموو هێزەکەو دووپاسدار هەندێك پێشمەرگە ماندو ببوون ناردمان لەسەیدصادق ئیسراحەت بکەن لەوێ دوای (2)رۆژ گەرانەوەلای رێکخستنەکانی حزب لەسەیدصادق ئێمەش چوینە شاتوان و ناوگردان لای دۆڵاش هەندێك عەرەب هاتبون شەو لەگەڵ ئێمەو ئێمە جیا بوینەوە بۆلای دۆڵاش چوبون بەسەریاندا چەکەکانیان لێ سەندبون وابزانم (منظمە ی عمل اسلامی) بون هەرچی گەراین کەسمان دەست نەکەوت و ئەوانیشمان لەگەڵ خۆمان هێنایەوەو چوینە گامێش تەپەو بۆعلیاوا و بۆریشێن و بۆمیری سور بەلاْم دنیازۆر ساردوناخۆش و قوروباران بوو دەشتی شارەزوور..کاك سەیدقادرجەباری لەقەرەداغ مایەوە لەگەڵ کاك ئەحمەد وهەرێمی (5) و هەرێمی (3) و کاك رەمەزان و زۆرلەبرادەران بەلاْم لەبەر ئەوەی شەری هەڵەبجەش بەدەستەوە بوو زۆربەی هێزەکانمان بەرەو سورێن گەراندەوە، لە1988/1/24 لەمیری سوربوین و سەرکەوتین بۆئەشکەوتی حمەشێت و مەقەری قوەی پارێزگاری، لە1988/1/25 لەمەقەری قوەی پارێزگاریەوە بەرێ کەوتین بۆسورێن بەفر رێگای نەداو گەراینەوە بۆمەقەر، لە1988/1/26 هەرلەوێ بوین بەفرزۆر بوو دنیاساردوناخۆش ونارەحەت بوو، لە1988/1/27 بەرێ کەوتین زۆربەزەحمەت سەرکەوتین لەهەندێك جێگامن تاسنگم لەناو بەفرەکەدا دەچەقی بەلاْم باش بوو بەفرەکە نەی بەستبوو باش بوو دەمتوانی بیبرم و چوینە خوارەوە بۆکانی خەیاران و پاشان بۆدزلی، لە1988/1/28 چوینە تەعزیەی باوکی مەلا قادر، لە1988/1/29 بەفر دەباری لەدزلی ودنیا ساردبوو کۆبونەوەمان هەبوو لەسەرنەتائیجی جەولەی گەرمیان وجەباری وشوان وقەلاْسێوکە و جافەتی و قەرەداغ و چالاکی زەفەری (3) و روداوەکان

وناردنی عێراق بۆلامان هەموی بەرنامەی داهاتوو داوای هاوکاری ئێران بۆشەرێکی کە لەناوچەکەو هەڵەبجەش بەشێکی قسەکان و کۆبونەوە بوو، لەرۆژانی 1/30 بۆ1988/2/4 هەرلەدزڵی بوین، لە1988/2/5 چوینە سەولاوا بۆتەعزیەی باوکی رەزا.. لەورۆژانەدا هەوڵو تەقەلای سوریا لەنێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبیدا لەکەنداوەوە عێراقی خستبوە پەلەقاژە ونارەحەت ببوون، لەدوای یەكساڵ زیاتر هەرلەشارەزوورو قەرەداغ وئەوناوەو لەبارەگای لقی سلێمانی لەناو وڵات مابومەوە، لەرۆژانی 6تا1988/2/8 لەدزڵی بوین، لە1988/2/9 بەرێ کەوتین بۆشاری سنەی ئێران لەو ماوەیەدا نوێنەری حزبەکان لەکرماشان کۆبونەوەیان هەبوو لەگەڵ ئێران لەیەکێتی کاك فەرەیدون ومەسئولی علاقاتی کرماشانیان لەئێمەش کاك شیروان و مامۆستا مەلاناصیح مەسئولی علاقات بوو لەپارتی مولازم بابەکرو کاك حمیدئەفنی ولەگەڵ مەسئولی علاقاتیان چەند کۆبونەوەیان کردبوولەسەر ئەوەی شەربکرێت لەحەرەکەی ئیسلامیش مامۆستا مەلاعەلی وچەند کەسێکی کەیان.. ئێران هەرخەریکی خۆئامادە کردن و خۆکۆکردنەوە بوو لەلای شاخی تاشڵێ لای سورێن وبانی بنۆك هەوڵی دابوو لەژێر شاخەوە کونێك دروست بکات سەرکەوتوونەبوو وەلەدەربەندی مڵەخورد هەوڵی دا سەرکەوتونەبوو دوای ئەوانە لەرێگای کەرەجاڵ سەرکەوتونەبوو پاشان لەمڵەخوردەوە دەستی کردبوو بەجادەو لای مەقەرەکانی ئێمەوە بەردەوام بوو رۆژانە لەرێگای نەوسودوئەوناوەوە هێزی دەهێناو لەلای سیروان و بەراستی لەو جێگەش هەرخەریکی دروست کردنی جادەو پردبون و هەرهێزیان لەوناوە کۆدەکردەوە بەڵام ئەساسی هێرشەکەیان لەسەر یەکێتی و پارتی دانابوویەکێتیش وەکو کارەکانی کەی لەوەپێش دەست پێشخەربوو هێزی هەتا باڵەکایەتی وناوچەکانی هەولێریش هێنایە ئەوسنورە و پارتیش وەعدی زۆریان دابوو بەڵام جەولەیان پێوە نەدەهات و هێزێکی واشیان حازر نەکردبوو حەرەکەی ئیسلامیش هێزی وایان نەبوو هەندێك خەڵکیان لەئۆردوگاکان کۆکردبوەوەو هێنا بونیان بۆلای سیروان و ئەوناوە منیش تا 1988/2/13 هەرلەسنەبوم چەندجار ئێرانیەکان سەردانیان کردین وباسی ئەوەیان کرد بەتەمای چالاکیەیەکی گەورەن لەشارەزوورو ئەوناوە لای هەڵەبجە هەرئەو رۆژە چومە کامیران و بۆپاوەو بەشەو گەراینەوە گوندی مە سور ئاغای لای قشلاغ و لەماڵی کاك بەکر

بوین، له16و1988/2/17 هەرلەسنەبوین، له1988/2/18 بەریَ کەوتین بۆدزلّی، لەرۆژانی 19تـا1988/2/29 هەرلــەدزلّی بــوین خــەریکی ســەردانی مەقــەرات و ئــەوناوە بــوین، لــە1988/2/22 عێـراق لـەرێگای کـاك مکـرەم تالّەبانیــەوە لەسـەرداوای صـدام حـسێن نامەیـەکیان بۆکـاك رەسـول نوسـیبوو داوای گفتوگۆیـان کردبـوو ئەگـەر ئێستاش بیکـەن هەرباشەو بەلاّم دوای ئەوەی شەر وەستایابەلایەك کەوت ئەوکات عێراق هیچ ناکات کاك شێخ محمد شاکەلی نامەکەی لەرێگای کاك شێخ عەتا تالّەبانی لەرێگای کاك شێخ محمد شاکەلیەوە گەیشت و کاك شێخ محمد بەجیهاز منی تێگەیاند من رام وابووباشە بیکەو پێش گفتوگۆ ئاگاداری کاك رەسولی کردبوو ئەویش پـیَ ی باش ببوو کاك شێخ محمد لەبەرئـەوەی کـاك رەسـول دوربـو چـوو وەلاّمـی دابـوەوە ئامـادەیی حزبیـان پیـشان دابـوو هەرلـەرێگای کـاك شـێخ عـەتا تالّـەبانی بـرای کـاك مکـرەم تالّـەبانی نامەیـەکی بۆکـاك عەزیزمحمدو نامەیەك بۆمام جەلالیش هاتبوو بەلاّم وادیاربووحزبی شیوعی پێیـان خـۆش نەببوو نامەکەی مام جەلالی بدەنیَ ئەوە وەك ئەو برادەرانە گفتوگۆیان دواخستبوو حزبی شـیوعی خۆشـیان نـازانین چیان وەلاّم داوەتـەوە هـەروەها نامەیـەکیش بۆپـارتی هـاتبوو نامەی پارتی هەرشاردیانەوە باسیان نەکرد برادەرانـی یـەکێتی پرسیاریان لەئێمـە دەکـرد نامەهاتووە دەمانوت نەهاتووە کاك رەسول نامەکەی پیشانی کاك ئاوات عبدالغفور دابـوو لەوکاتـەدا لـەکاولان بـوو مالّەکـەی هێنـابوە کـاولان ئـەویش بەیـەکێتی وتبـوو برادەرانـی خۆمـان لەسـەرکردایەتی کـاك قادرجـەباری بـەمنی ووت بـەلاّم نامـەکان لـە1988/3/10 گەیشتبون کەئەوکات کاك رەسول بروسکەی بۆمن کردبەناوی مەکتەبی سیاسیەوە کەمن له هەلّەبجەش بەشداری نەکەم چونکە چاوەریَ ی گۆرانی کەن بەلاّم پێشترخۆیان بریاریان دابوو ئاگاداری منیان کردبوو منیش بریارەکە جیَ بەجیَ بکەم بـەلاّم کاتێك کاك رەسـول بروسـکەی کـرد کارلــەکار ترازابــوو ئێمــە هێزمــان لەشــارەزوور بــوو، لــە1988/2/29 وەجبەیەکی چەکمان لەکلاّشنکۆف و بی.کەی.سی و ئار.بی.جی مان لەئێرانەوە وەرگـرت وخۆمـان ئامـادە دەکـرد بۆشـەر وهێرشـی گـەورەو لەسـنوری هەلّەبجـە لەدەسـتی ئێمـە نـەمابوو هـەموی چـۆلّ یـا وێـران کرابـوو تـەنها هەلّەبجەوسـیروان و سەیدصـادق مـابوو ناوشارەکەی یاناو بازارەکـەیی و بـەس رێگـاش عەربـەت و لـەولاش ئۆردوگاکـانی باریکـەو

نصرو زەرایەن بەلأم قەدەغەبوو زەلام لەجادەی دەربەندیخان عەربەت بێتە ئەوبەری لای شارەزوور، لە1988/3/1 عێراق دای لەشارەکانی ئێران، لە1988/3/3 (24) صاروخ ئەرز- ئەرزی لەتهران وقوم داو ئێرانیش (8) صاروخی لەبەغداد داو شەری شارەکان گەرم بون، لەرۆژانی4 و5و1988/3/6 لەدزلی بوین، لە1988/3/7 ئێران بەتەواوی خۆی بۆهێرش ئامادە دەکرد هەندێك مەفرەزەمان بۆشارەزوور دەنارد کەدۆست وناسراوی خۆیان لەهەڵەبجە ئاگادار دەکردو لەسیروان وئەوناوە دوربکەونەوە بەلأم کەس باوەری بەمەفرەزەکان نەکرد هەتا مەفرەزەکە چوبونە ماڵی حاجی باقی محمودی عبدالقادر یەکێ بوو لەومالأنەی کەئاگاداریان کردبونەوە ئەویش خۆی تیاچوو لەکیمیاویەکەدا بەوکەسانەیان وتبوو کەس قەناعەتی پێ نەکردبون، لە1988/3/8 لەدزلیەوە بۆکانی خەیاران بەرێ کەوتین بەلأم بەفرێکی زۆرباری بوو هەوای بەفرو بۆران و سەرما بێ سنوربوو ترسی ئەوەمان هەبوو پێشمەرگە رەق ببێتەوە لەسەرمادا هەندێك دەرباز بون و ئێمە (500) مەترێکمان مابوو بۆسەرشاخی کەلەبەری شارەزوور دنیا تاریکی کردوسەرماوتەم ومژو بەفرو بۆرانەکەش بەتوندی لەناوچاوانی دەدایین بەشێوەیەك بوو مرۆڤ کەم دەیتوانی تەحەمل بکات لەسەر سورێن رەبایەکی ئەرتەشی ئێرانی لێبوو چەند خانویان کردبوو بەلأم لەژێر بەفرەکەدا بون ئەگەر شارەزای باش نەبوایە نەی دەدۆزینەوە تەخت ببوو لەگەڵ شاخەدا جارجار پێشمەرگە بەسەریدا تێدەپەری کەسیان بەکەسیان نەدەزانی ئەوە بەحساب حەرەس بون لەوێ ئێمەش بریارمان دا (10) بوین و ئەوی رۆیشتبون لەوێ بین تابەیانی دووجار بەتەمای رۆیشتن بوین بەلأم بەفروباو بۆرانەکە لێ ی داین و پێشمەرگەکانیش وتیان دەرچون ئاسان نیە و بەو شەوە رێگامان لێ تێك دەچێت و شاخەکەش هەزاربەهەزارە چوینە لایان سەربازێك لەبەردەم دەرگاکە بوو تەنها بەجولأندن بەمرۆڤ دەچووجگە لەوەی جلی زۆری لەبەردابوو ئەوجلە بۆپاراستنی باران ئەوانەشی لەبەرکردبوو بەتانی لەخۆی ئالأندبووکلێتەو شتی لەسەرکردبوودەم وچاوی بەدەرنەبوو هەر بەئیشارەت قسەمان دەکرد چوو پرسی کردو هاتەوە ووتی لە سەرشاخەو لەوسەرمایە ووتی جێگامان نیەو ئێمەش چارنەبووپێ ی خۆش بێت وناخۆشی بێت هەر دەبێت برۆینە ژوورەوە..ژووریش دەبوو بەگاوڵکێ برۆینە ژووری رێگای نەبوو نزم

بووبـەزۆر چـوینە ژووریٚ بـەلاّم لـەناوە وە دوو فـەرع بـوو نـەك ژوور وەك خەنـدەق یـاوەکو جێگای تـەیارە دروسـت دەکرێت لەسـەر حـەرفی (W) بـەلاّم سـەری گیرابێت و هەنـدێك یـان تربێت ئەوشەوە نەمان دەتوانی برۆین بۆدەرەوە نەدەمانتوانی هەڵسینەوە بەوجل وپێلاّوو بەفرەکـە لەلـەشمان توایـەوە نەئـەوان لەئێمـەیان پرسـی و نەئێمـەش لـەوانمان پرسـی بەشـێکمان بۆخۆمـان داگیرکـرد تابـەیانی رۆژبـووەوەو کـەمێك دنیـا رۆشـن ببـووەوە چـوینە خـوارەوە بـەلاّم زۆر بەزەحمـەت زۆرمـان هەربەفرەکـە هـەڵی دەگـرت و دەی بـردە خـوارەوە بەردودار هەموی داپۆشرابوو هەرچی جۆگـاو چەم و چاڵ بـوو لەشـارەزوور پرببـوو لـەئاو لافـاوی ناوچـەکانی لـیٚ کۆببـووەوەو دەریاچـەی دەربەنـدیخان زۆرهـاتبوو پێـشتر عێـراق بۆئەوەی گرتبوو کەشارەزوور بچوك بکاتەوەو پێشمەرگە زۆر تێدا نەگـەرێت و بەتایبـەتی چــەمی زەڵــم و زۆرجێگاکــان ئــاو دای پۆشــێت و شــارەزوور یــەك پارچــە ئــاوبوو، شـارەزووریش هـیچ گونـدێکی تێدانـەمابوو ئەگـەر لەگونـدێك هەنـدێك شـتت یاژوورێـك یاخانوویـەکی لەسـەر زەراعـەت مابێـت ئـەویش جـەیش بـۆی دەردەچـوو بەچاوسـاغی جاشـەکان بۆتێکـدانی و روخانـدنی جاشـەکان لەپێشەوە خەبـەریان دەدا رۆژێـك جـاش و جـەیش چونە گوندی کانی سپیلکەی پـەرخ بۆتێکدانی.. گوندی کـانی سپیلکەی پـەرخ (120) جاش و (2-3) موستەشاری تریـان بردبـوو بۆئـەویٚ هـەموو جاشـەکان وەسـتابون شۆفڵ و بلدۆزەرماڵەکانی خۆیانی تێك دەداو دەی روخاند لەوکاتەدا دەڵە سەگێك تـەرەکی بـوو لای کولانەکـەی لـەژوورێکی خـانوە روخـاوەی ماڵێکـدا بووئەوهـەموو گونـدە تێـك درا جاشـەکان سـەیریان دەکـردو شـۆفڵ بۆئـەو ژوورە دەرۆیـشت کەسـەگەکە بەچـکەی تێـدا کردبـوو سـەگ لەحەیبـەتی بەچکەکانی پـەلاماری دایـە دەمـی شـۆفڵەکەو پـەلامارو‌هاواری دەکردو کابرای ئەفسەر پیٚ ی ووت راوەستە ووتی ئەو سەگە لەهـەموو جاشـەکان غیرەتـی زۆرتـرەو لەبـەر خـاتری ئـەو سـەگە ئـەو ژوورە تێـك مـەدەو بـابمێنیٚ ئـەوژوورە مایـەوە و تێکیان نەدا ئەوە ئەوکات لەگۆڤاری سورێندا بلاّومان کردەوە باسی غیرەتی سەگەکەو بیٚ غیرەتـی جاشمـان کـرد موستەشـارەکان لـەجیاتی پاراسـتنی خـەڵکی کەوتبونەمزائیـدە لەیەك وهەرموستەشارەی زووتر چەند گوند وێران بکات و عـریضـەیـان دەدا کـەفلاّن گونـد وێـران بکـەن و جارجـار بـەناوی خەڵکـەوە یابـەناوی گوندەکـەوە عـریضـە یـان دەدا کـەفلاّن

گوند داوای کردوه چۆڵی بکەن موستەشارەکان صنعەتەکەیان رەزیل کردبوو ئەوەندە بەهەرزان گوندێکیان وێران دەکردو حەرەساتی بگرن وخەڵکەکەی ئەنفال بکەن لەبەر ئەوە زۆر لەموستەشارەکان کێشەیان هەبوو دەیانوت حەقە ئەوەندە بەهەرزان رازی نەبین لەهەموویان کەزۆر گلەییان لێ هەبوو زۆریش بەهەرزان دێهات چۆڵ دەکات گوندی واهەبوو گەیشتبوە (30)هەزاردینار لەوانە خدری رەشە بەحری بوو لەپێنجوین هەموو موستەشارەکان گلەییان لێ ی هەبوو زۆری هەرزان کردوە تائەو حەدە جاش بێ غیرەت بون بەتایبەتی جاش و موستەشارەکانی سنوری سلێمانی وکەرکوك چونکە جاشەکان زۆریان سەربەپارتی وکاتی خۆی بەتەوجهی پارتی ببوون بەجاش و بۆپارە ببوونە جاش جیاوازی لەنێوان موستەشاری هەولێرو دهۆك لەگەڵ ئەوان هەبوو ئەوان رێگایان نەدا رژێم گوندەکانیان تێك بدات یاخود پاراستیان بەهەر شێوەیەك بێت زۆر گوندیان پاراست بەلاّم لەسلێمانی کەرکوك دەگەران ئەشکەوتیان دەتەقاندەوە و کانیاوی ئاویان دەتەقاندەوە هەتا لادیواریکی بەرزبوایە رۆژ بە جەیش ودەبابە وجاش دەرۆیشتن بۆتەقاندنەوەی لەبەرئەوەی جێگایەك نەمابوو دەبوو پێشمەرگە نایلۆن لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت بۆئەوەی خۆی لەئاووباران وجێگای تەر بپارێزێت چونکە هەتا جێگا زیندانێك یاچاڵێك کەفیرار کردبوی بۆخۆ شاردنەوە ئەوەش نەمابوو هیچ مەجالێکی نەهێشتبوەوە لەکاتێك دا گوندی زۆرو ناوچەیە بار کرابون لەنێوان رایات و چۆمان گەنم دورابوەوە لەشاردا جێ مابوو هەندێکی نیوەی درەوکرابوو نیوەی نەکرابووبەجێ مابوولەزۆرجێگای کوردستان مەروبزن ومانگاو گاو وگوێرەکە جێ مابووپشیلەوسەگ و هەموو شتێك جێ مابوو لەوگوندە چۆلاّنەدا مرۆڤ لێ ی دەترسا جگەلەوەش مێشولە وهورە وبەخشە بەتایبەتی لەهاوین لەگوندەچۆڵەکان ئەوەندە زۆربوو چونکە کەس نەمابوو هەمووی لەئێمە کۆدەبوەوە دەستم بەسەر دەم وچاوم دەهێنا پردەبوو لەخوێن وەکوپورەی هەنگ مێشولە دەنیشتە سەروچاومانەوە.. ولاّت وێران ببوو ئەوهەمو خەڵکە باردەکرا کەم کەس غیرەتی دەجولاّ نەروات و بەرەو پێشمەرگە بێت دراوسێ یەك یادووگوند لەسەر چەند مەترە زەوی یاجێگای دیوارێك شەریان دەبوو یەکیان دەکوشت و شەری عەشیرەتی لەسەر دەبوو بەلاّم رژێم دەهات هەموی باردەکرد لەسەر زەوی ماڵ وحاڵ و هەمووی

دەخستە ناو زیلی عەسکەری و هەزار سوکایەتی یان پێ دەکردن لەجیاتی ئەوەی دژی ڕژێم بن دەیان بردنە ئۆردوگا لەوێ واسطەیان دەکرد بۆئەوەی ببنە جاش وجاشایەتی قبوڵیان بکات ڕەوشتێکی نزم دروست ببوو نائومێدی زۆربوو لەو حاڵەتەدا هەر هێزە سیاسیەکان ئامادەی بەرەی کوردستانی نەبون وهەرخۆیان لادەدا و پارتی ملی نەدەدایە بەرەو دامەزراندنی بەرە ئەوە دەورو پشتی جەماوەری وشۆرشی لەیەك دابران واتە ڕژێم هەر هەوڵی ئەدا بەدورخستنەوەی گوندەکان و کردنیان بەجاش و دژی شۆڕش و نەمانی گوندەکان وبلاوکردنەوەی دەزگا جاسوسیەکانی خۆی لەئۆردوگا وشارەکان بەرەو ئەوە هەنگاوی دەنا بەلام دوا وەرەقەی ڕژێم بۆکورد ئەو ئامادە نەبوو بۆقیادەی ئەو چوار حزبە نوسرابون ڕژێم چاوەرێ ی وەلامی دەکرد بەلام،

## ڕزگارکردنی هەڵەبجەو کارەساتێکی گەورە

هێزە کوردیەکان وەلامی ئەوەیان بەهاوکاری ئێران لەهێرشی هەڵەبجە بەناوی فجری (10) وە ، هەرچەندە ئەگەر هێزە کوردیەکانیش بەشداریان نەکردایە ئێران خۆی ئەو هێرشەی هەردەکرد بەلام ئەوەندەی جێگا نەدەگرت وعێراق ئەوەندە زەرەری لێ نەدەکەوت وەکو باسمان کرد قیادەی هاوکاری لەگەڵ ئێران کاك شیروان شیروەندی لەلایەن سۆسیالیست و لەقیادەی مەیدانیش لەسنوری ئەحمەدئاوادا بەشداری کرد وەقیادەی یەکێتی نیشتمانی کاك فەرەیدون عبدالقادر و مەیدانیش کاك شەوکەت حاجی مشیر و لەبزوتنەوەی ئیسلامیش مامۆستا مەلاعەلی ومەیدانی وهاوکاری بووە لەپارتیش مولازم بابەکر قیادەی هاوکاری لەگەڵ ئێران و کاك حمید ئەفنیش قیادەی مەیدانی و مەسئولی لقی (4) بوو لەکەرەجاڵ دادەنیشت و میحوەرەکان پێشتر دابەش کرابون ڕێشاو و بەفری میری و هاواروعەبابەیلێ و مەعەسکەری دڵەمەرو باوەکو چەك بۆیەکێتی نیشتمانی و هێزەکانی یەکێتی کەلەقیادە عەسکەریەکانیش کاك حامیدی حاجی خالید وکاك قادر خەبات هەریەکە مەسئولی سنورێك بوون وزۆری کەشی لەمەسئولە ئێرانییەکان ئاغای محسینی ڕەزائی مەسئولی پاسداران بوو وەئاغای عەلی شمخانی جێگری بووئەوکات لەگەڵ ئاغای شەعبانی مەسئولی سوپای (4)ی کرماشان بووە ئاغای قاهری مەسئولی سوپای پاوەبوو وەئاغای مقدەمی تهرانی مەسئولی مەیدانی کۆماری ئیسلامی

لەگەڵ حزبەکانی کوردستاندایپێوە بون لەهاوارو لەدوای هێزەکانەوە دەهاتن، مەسئولی سوپا لەئەهواز بەناوی ئاغای دانایی هاتبون بزوتنەوەی ئیسلامی هێزەکانیان کەم و تائەوکاتیش بەشدارییان لەشەری عێراق یاپارتیزانی نەکردبوو ئەوانیش لەچناروموردین و لەگردەناویَ وە لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی بۆهەڵەبجە دانرابون هێزەکانی پارتی بەقیادەی کاك حمیدئەفنی بۆئەحمەدئاواو گوڵپ و بیارەو خورماڵ و بەرەو تەپەکورە وسیروان بەڵام پارتی ئەوکات هێزەکانیان زۆریان لەگەڵ کاك نادرهەورامی بون کاك نادریش لابرابوو لەمەسئولیەت و هێزەکان بەگوی کاك حمید ئەفنیان نەدەکرد هێزێکی (70–80) کەسی بۆکۆکرایەوە تەنها لەئەحمەد ئاواوە بەرەو ئاوایی رۆستەم بەگ و خورماڵ لەگەڵ هێزێکی ئێمە کەکاك شیروان شیروەندی مەسئولی بوو کاك نوری حمە عەلی بوون نوری شەوی پێشتر چوبونە خوارەوە کەمینێکیان لەسەرجادەی تەپەتۆڵەکە دانابوو (4–5) سەیارەی عەسکەری وجاشیان سوتاندبوو لەوانە موستەشارێك برینداربووبوو دوای چوە ئێران و گەرابووەوە بەناوی عەلی کۆکۆیی زۆریان لێ کوژراو هێزەکانی پارتی کەپاسداران پێش ئەوان چوبونە ئەحمەدئاوا و ئاوایی رۆستەم بەگ لەگەڵ پارتی لەیەك گۆران و تەقەیان لەپارتی کردبوو صالح مام قالەیان شەهیدکردوو (2–3) پێشمەرگەی کەی پارتی ئیتر پارتی شکان و هەڵهاتن و گەرانەوە بۆئەحمەدئاواو چەمی زەڵم وخۆیان شاردەوە ئەوەشیان کردبە بەهانە پاسداران تەقەی لێ کردون جگە لەمەفرەزە یەکیان لەگەڵ حمەی رەمەزان و ئەکرەم دێکۆنی و ئەوانە لەگەڵ ئەوهێزەی ئێمە لەتەپەکورە وشەشك پێکەوە بون پارتی لەشەرەکە هەم کێشەی ناوخۆیان هەم هێزیان بۆکۆنەدەبوەوە یاهێزی شەرکەریان نەبوو دەورێکی ئەوتۆیان نەبوو بەڵام لەهەمان کاتدا کاك نادرهەورامی هێزی خۆی ئامادە کرد کەبۆپارتی و ئێران بیسەلمێنێ هەرئەو شتی پێ دەکرێت و ئەو نەبووە هیچ نەکراوە هێزی هێناو خۆی هاتە خوار بۆئەحمەدئاواو ئەو نزیکانە هێزەکانی ئێمە ئەو هێزە لەگەڵ نوری بۆسەر لێ شێوانی دوژمن لەناوەوە هێزێك لەگەڵ کاك شیروان شیروەندی لەسنوری ئەحمەد ئاواو هێزێك لەگەڵ حاجی عبدالله لەمیری سورو سێ تەپان و ریشێن هێزێك بەتێکلاوی لقی سلێمانی لەقاجرو گردی شەریفی کۆن و دۆڵاش و پردی زەڵم و سەردەریاچەی دەربەندیخان لەتوی سەیدەکان لە دووئاوی زەڵم و ریشێن

بەدرێـژایی ناوچـەکە دامـەزرابون بۆپردی زەڵـم زۆری مەسئولە عەسـکەریەکان لـەوێ بـون بـەلاّم ئێـرانیش زیـاتر اعتمـادی لەسـەر هێزەکـانی یـەکێتی کردبـوو زیـاتر لـەو شـەرە وەهێزەکـانی یــەکێتی لەکرماشــان تــەدریبیان کــرد بۆئــەو شــەرە وەداوایــان کردبــوو کەمناوەرەیـەکی عەسـکەریش بکـەن وەچـەند جێگایـەکیان دانـابوو لەشـکلی دەوروبـەری هەڵەبجەو وەکو مەعەسکەری دەڵەمەرو بەفری میری و عەبابەیلێ وەبەیەکێتی یان وتبوو ئیحتماله لەو مانۆرە (6–7) کەس شەهید ببێ کاك شەوکەتیش رازی نەبوو ئەو مناوەرەیە بکرێـت ووتـی ئێمـە لەشـەرەکاندا هـەر (4–5) کـەسمان لـێ شـەهید دەکـرێ ئـیتر بـۆ لێـرە ئەمانە شەهید بن، منیش لەقاجربوم و نزیکەی (100)پاسداریش لـەوێ بـون چـەکی سـام (7) مـان پـێ بـوو، لەشـەوی 11–1988/3/12 هێزێـك لەسـورێن و مـیری سوروریـشێن لـەنێوان قوڵخـوردو قەدەفەریـەوە لەئاووچـەمی ریـشێنمان دا ئـاو هـاتبوو بـاران بـەزۆری دەبـاری گژوگیابـەرزبوو دارلـەگلاّ کردنـدا بـوو شـەوێکی مـات و تـاریکی بـاڵی بەسـەر ناوچەکەدا کێشابوو دەنگ تەیرو پەلەوەرو تەقەی باڵیان ومراوی لەناو ئاو لەتارمایی ئێمە هەڵدەسـا چـەند جارێـك لەگـەڵ گـورگ و چـەقەڵ و ئەوانـە لەناوچـەمەکەدا رووبـەروو دەبوینـەوە ئێمـە هێزێکـی زۆرو بـێ دەنـگ و شـڵپەی قـاچ و ئاودەهـات گـورگی دەشـتی شـارەزوور نزیـك دەبـوە ئـاخۆ ئـەوە نێـچیری ئەوەیانـە چەقەڵ لەپارێزدابووبـەراز لـەتورك دەردەچووئاوی دەلوچەو ریشێن یـەکی گرتبـووکش ومات ئاوەکـە دەرۆیـشت کۆتـەرەدارو هەموو شتی لەگەڵ خویدا رادەماڵی ئێمـەش کۆڵ بەکۆڵ و چەك و فیشەکی زیـادو نـان و پێویستیەکان وبەبێ دەنگی و بەناو ئاو قورو چڵپاودا شەوی دەیجول بوو ئێمە دەبو بـەبێ نان و برسێتی وهەڵدەسان ولەسنگەری پێشمەرگەی دەداو زۆرجار رای دەماڵی هـەمووی بەبێ دەنگ وبێ ئەوەی کەس ورتەی لەدەمەوە بێت هەرکەس بەهانای ئەوەی کەوە دەچوو دەستی دەگرت لەئاوەکەو درێـژایی و پانـایی ئاوەکە زۆربوو زیـاتر لـە(300) مـەتر دەبـوو هــەموی دەسـتی بەیەکـەوە گرتبووبۆئـەوەی لەیـەك دانـەبرێن کـەس خـۆی لەتـەری و ئـاو نەدەتوانی بپارێزێت کۆڵ بەکۆڵ و تفەنگ و کۆڵەپشت و نـان هـەموی هـەر بەکۆڵـەوە بـوو فیشەکی زیـادە کـەس کەسـی بـەجێ نەدەهێشت بـەلاّم تاریك و شـەوەزەنگ و بـێ دەنگـی پێـــشمەرگەوهاژەی ئـــاو لەیـــەك دانـــی داری ناوئاوەکـــەو یـــاری کردنـــی بەلـــەم و دار

لەناوئاوەکەدا هەمووی شتێکی سەیری دروست کردبوولەئاو پەرینەوەو کەوتینە ناوقورو چڵپاو لەپەنای قەدەفەری وەك تازە لەگەڵ قاجرو مسەکان وئەوانەدا وێران کرابوو هەندێك دیوار بەپێوە مابوو لەپەنایەوە کەهەموی رەبایەوچەند مەترێك لەرەبایەکانەوە دووردەبوین وجارجار تەقەیەك لەمەعەسکەری گوڵەخانە وسێ تەپان وگردەکانی دەوری قەدەفەری گولە گرێك دەکشا وەکو ئەوەی کەبەخەبەرن ماوەیەك پێش ئەوەش کەمینێکی گەورەی سۆسیالیست لەگردەنازێ دانراونزیکەی (70)عەسکەرو جاش کوژراوسەیارە سوتێنراو یەکێ لەجاشەکان لەبکوژانی حاجی عبدالکریم سلیم بەناوی حمەلاوی ئیمامی ئامر مەفرەزەی جاش کوژرابوووەچەندین دیل گیرابون ورژێم لەتۆڵەی ئەوەدا گوندی گردە نازێ لەپێش گوندەکان لەگەڵ خاك یەکسان کردبوو، حاجی عبدالکریم جاش بەماڵی خۆی بەناحەق شەهیدیان کرد لەبەر ئەو کەمینەی کەلەگێڵەك دانرا بۆجاشەکان ئەویش لەلایەن کوردێکی دڵسۆزەوە ئاگاداری پێشمەرگە کرا لەجاش لەوناوچەیە هاتوچۆدەکات کەئەو کوردە دلسۆزەش هەرچەند تەنزیمی یەکێتی نیشتمانی بووبەلاَم لەبەر ئەوەی تەنها پێشمەرگەی سۆسیالیست لەوناوە بوو ئەویش ئاگاداری پێشمەرگەی سۆسیالیستی کردبوو ئەویش کاك(محمودی حاجی صاڵحی گێڵەك) دڵسۆزی خۆی بۆگەلەکەی پیشان دا بێ ئەوەی فەرق بکات کەخۆی یەکێتیەوە خەبەر بەپێشمەرگەی سۆسیالیست ئەدات، ئێمەش لەو قورو چڵپاوەدا کەوتینە دەشتی کاریز نێوان گردەنازێ وقەدەفەری ولای کاریزی مەلا محمودەوە بۆسەر چۆگەی نادر ئەوناوە زەویەکانی زۆنگە واتە زۆنگاوە هەتا بەهاونیش زۆرجار وشك نابێتەوەو تەرەو سودی لێ وەرناگیرێت بۆزەراعەت ئەگەر ساڵەکەی وشك بێت ئەوە بۆ هاوینی درەنگ بۆشوتی بەکاردێت شوتی قەدەفەری بەناوبانگەلەوناوە دایە بەلاَم بەگشتی ئەوناوە لەو زۆنگەوە ئەو هەمو بارانە و چڵپاوەش بەسەردا رژابوو زۆرجار قوم ڵلاخ یا زەویەکی تەپی بوو یەك پارچە برقی دەدا لەژێرشەوە هەوری پرباراناوی واجارجارچوخماخەی هەوری دەمەوبەهار ناوچەکەی رۆشن دەکردەوە ودووهەنگاومان بەپەلە دەنا بەهۆی جیهازی سورێنەوە زانیمان هێزێکمان لەناو سەیدصادق دایە و هێزەکانی کەش لەکەلاوەکانی تەپی سەفاو شەشك لەژێر نایلۆن وپاڵ دیوارە روخاودا بەسەردەبەن ئێمە بەزەحمەت و چەند ساروخی ملتکاوسام (7) و

ئەوانەشمان ودەیان گولە ئار.بی.جی زیادمان پیْ بوو لەجۆگەی نادر پەرینەوە ئەو شەوە شەویْکی بیْ دەنگ ومات ومەلول و بارانی هەر دەتوت تەعزیە بۆکارەساتیْکی وەکو هەڵەبجە دەگریْت یاهەوالیْکی پرسەداو پرجەنجالیمان بۆدیْنی، جۆگای ئاوی نادر بۆنیەکی پیس وناخۆشی هەبووهاونیش ئاسان نەبوولیْ ی بەدەیت پردی نەبووئەوجیْگایانەی داری بۆ دانرابوونەدۆزرایەوە ونیشتینە ناو قورە خەستە رەشەو زۆری پیْلاوی بەجیْ مابووکەدەرچوین باراناو شۆرینیەوەوقورەکەی لیْ کردینەوە چونکە بارانەکە بەخور دەباری گەیشتینە قاجر بەو وەزعەوە کەهەر خۆمان دەزانین حالمان چۆن بووە، لە1988/3/12 ئیْمە خۆمان جیْگاکانمان دیاری کردوپەیوەندی جیهازیش لەگەلْ ملەخورد هەبوو کاك ئەحمەدقەدەفەری تەنسیقی بوولەگەلْ سوپا ئەحمەدی کەریمی لەویْ بون وئەوانیش خەریکی جادەی ملەخوردوئەوناوەبون، لەشەوی 13-1988/3/14 لەناوچەی شەمیْرانەوە ئیْران هیْرشی کرد لەسنوری هاوارۆشاخی شنرویْ وبالاْن بۆوهانە ژالەونووەرو تابەفری میری وتاویْرەوبەرەوفرپانی ئیْران حەرەکەی ئیسلامیش لەلای چناروموْردیْن هیْرشیان دەست پیْ کرد ئەوشەوە ئیْمە ئاگامان لەجولاْندنی هیْزی ئیْران و عیْراق و هەموو لایەك بووجگە لەچەخماخەی هەوری ئاسمان تۆپ وراجیمەش بەهیْواشی دەنگی دەهات، لە1988/3/14 هیْزی عیْراق لەشکاندابووهیْزی زۆری بەرەو سەیدصادق هیْناوشەر لەسنوری شارەزوور بەرەوهەڵەبجە دەستی پیْ کردبووکەمینی برادەرانی ئیْمە لەسەر جادەی سیروان پردی زەلم دەستی پیْ کردبوو سەری لەهیْزی دوژمن شیْواندبوو، لەشەوی 14-1988/3/15 شەر لەعەبابەیلیْ و دەلەمەرو شاخی نووەرو قارەمانی و خولامی و پریس و ئەوناوە دەستی پیْ کردو ئیْمە زۆر لەسەرجادەکانمان گرتبوو، لە1988/3/15 هیْزی عیْراق جاش و جەیش بەجاریْك شکان و بەدەیان هەزار رویان لەسەیدصادق کردبوو ئەوهیْزانەی رژیْم لەهەڵەبجە و خەرپانی و تەویْلەو بیارە وهەورامانەوە لەجادەی دیْکۆن گۆمەلار بۆخیْلی حەمەو تەپەکورە و بەشارەتی سەرو خوارو هەزاران سەیارە لەدوای یەك بون سەیارەی جەیش و مەدەنی کەهی سەرۆك جاش و ئەفسەرەکان خۆیان هیْنابویان لەسیروان تادەگەیشتنە نزیك گردی گۆ سەیارەی عەسکەری لەسەرجادە وەستابوو بەراجیمەو تۆپ و هەموو جۆرە چەکیْکی ترو شتی زۆر

لەسەعات (1)ی پاش نیوەرۆ لەلامەرکەزی و تەپەتۆڵەکەو تەپەگولاّوی و حاجی رەقەوە هەزاران سەربازوجاش و خەڵکی لەخۆی ترسابوو لەهەڵەبجە یاسەر بەرژێم بوو بەرەو سەیدصادق  وگوندەکانی قاجروکیشەدەری و گردی شەریف بەزۆری نزیکەی (5)هەزار کەس زیاتربون ئێمەش دامەزرابوین و شەردەستی پیّ کرد بەلاّم هێزی عێراق هێزی روخابووهێزێکی شکاوهەڵهاتبووبەلاّم هێزێکی حەرەس جمهوری عێراق لەسەیدصادقەوە بەرەو هێزەکانی ئێمە هاتن و شەر دەستی پیّ کرد ئێمە کەوتبوینە نێوان هێزی شکاوی عێراق و هێزی ئێران وهێزی تازە نەفەسی عێراق بەدەم هێزەکانی کەیەوە هەلیکۆپتەریش لەشەرەکە بەشداربوون... هێزی عێراق لەسەیدصادق و ئاوایی حاجی قادرو بەرەو ناوگردان هێزی ئێمە لەدۆلاّش وگردی شەریفی کۆن وئەوناوەبون تەیارەی عێراق بەزۆری و تەیارەی ئێران بەکەمی بەلاّم چەندجارێك لەگردەنازیّ لەقوەتی عێراقیداجیهازی شێخ توفیق داوای قوەتی کرد لەوکاتەدا تۆپی ئێران بەخەستی لەئێمەشی دەدا زۆربەی مەسئولە عەسکەریەکانی ئێمە بەهۆی تۆپی ئێران وعێراقەوە بریندار بون عەتا فەتاح رانی شکابوو ابراهیم بریندار بوومحمود رانی شکابووعمری محمودخانی باڵی شکابووچەندین پێشمەرگەی کەش برینداربون تۆپی ئێران زیاتر لیّ ی دەداین لەهێرشی زوویشدا چەند پێشمەرگە بریندار بوو ویەك پاسدار کوژرا بەلاّم هێزی رژێم رووبەرووی بەرگری توندی پێشمەرگەی سۆسیالیست بوەوەومن خۆم دوو بی.کەی.سیم لابوو بەهەردوکیان تەقەمان دەکرد لەسەر گردی قاجر هێزی رژێم واتە عێراق ناچار بوون داوای تەسلیم بون بکەن بەلاّم چۆن لەنێوان دەریاچەی دەربەندیخان وکیشەدەری وقاجرو گردی شەریفی کۆن و تەپەرێزینەدا رێگای دەرچون بۆیان ئاسان نەبو دوای ئەوەی (4-5)جار هێرشیان کردهەر شکان و کوشتاری زۆریان دا وە (3-4) کەسیان ویستیان لەئاوەکە بپەرنەوە بەلاّم خنکان ئاوی زەڵم زۆر بوو ئەگەر دەستیان بەیەکەوە نەبوایە ئاوەکە رێگای نەدەدا ئەگەر بوارەکان شارەزا نەبوایەن ئاو دەی بردن پێشتر بەفەلاکەت لەبوارەوە کەسێك بیتوانایە دەربازی بوایە داوامان کرد(50-50) لەبوارەکەوە بێن پێش ئەوان (100) سەربازبەدیل گیرابوو ئەوەی هات زۆربەی جاش و ئەو ئەمنانە بون کەسەر بەعێراق بون کوردو زیاتر عەرەبیشیان تێدا بوو لەوانە مولازم خالید ناوێك لەمخابراتی هەڵەبجە کەهەر جاشە

کوردەکان لەئێمەیان شاردبوەوەو دەربازیان کرد ئێمە نزیکەی (3)هەزارکەسمان لیٚ بەدیل گرتن لەجاش بەلاٚم وەزعێکی ناخۆش و بەپیٚ ی پەتی و راکردوو کەئەوانە کاتێك لەگەلٚ رژێم بون هەرگیز بیریان لەبەسەرهات و کارەساتی وانەکردبوەوە بەسەریان بێت چەندین موستەشارولەوباتەیان لەگەلٚ بووخالید ئەحمەد مرادخان بۆلای ئێمە نەهاتبوومل‌ی نابوە ئاوی دەربەندیخان خنکا بووزۆرکەس ئاوبردبونی وزۆر لەموستەشارەکانی لای ئێمە هاتن ئێمە چاوپۆشیمان لیٚ کردن بەراستی کارەسات بووبۆیان لەوانە عبدالرحمن تریفەیی کەهەر لەکۆنەوە سەربەرژێم و ئەمن ببوو وەلەناوگیراوەکان هەبوو پێلاٚوی لەپیٚ نەمابوو وایان دەزانی من نایان ناسم برای حاجی ئەکرەم موستەشار ئامرسریەبوو لەناوگیراوەکاندا بوولەجاشەکان بیرم کردوە ئەوکوردانە بۆبگیرێن یاولەو بەینە بۆئەوکوردانە تووشی زەرەر بێن بۆیە بریارم داو ئاگادارم کردن هەرچی کوردە بەئەمن و جاش وجاسوس ومخابراتەوە هەموی چەکەکانیان لیٚ وەربگرن (2-3) کەسیان داوایان کرد کەچەکەکانیان بدەینەوە بۆئەوە بووکەئەگەر رژێم پرسیاری لیٚ کردن چەکەی بەدەستیەوە بووقارەمان بون خۆیان دەرباز کردوە ئەگەر بیان وتایە گیراوین ئەوە لەبەرچاوی رژێم سقەیان نەدەما بەلاٚم لەگەلٚ ئەوەش کەزۆر زەلیل بون وکوردبون من بەرم دان وچەکیشمان دانیٚ بە(5-6) کیان یەکیٚ لەوانە عبدالرحمن تریفەیی بوو وەکورەکەیشی ئەفسەر بوولەگەلٚیدا وتی چەکیٚ بۆکورەکەشم چەکێکم دا بەکورەکەیشی وەزۆرعەرەبی جنوبمان بەردا بەتایبەتی ئەوانەی کەدەرچوی زانکۆ بون کرابون بەعەسکەر پێم وایە جاشەکان تەوەقوعیان نەدەکرد بگیرێن وپێشمەرگە بەئاسانی بەریان بدات بەلاٚم من پێم وایە ئەوە هەم بۆحزبی سۆسیالیست وهەم بۆکوردوهەم بۆویژدانی ئەوانەش کەرۆژێك بیربکەنەوە خراپە کەم بکەنەوە دژی میللەتەکەی خۆیان پێم وایە هەموولایەك سودی لیٚ وەرگرت ئەوەش لیٚ ی وەرنەگرتبوو بەستراوە بەویژدانی خۆیەوە بەلاٚم ئێمە ئەو رۆژە دەمانتوانی زۆریان بکوژین و تۆلٚەیان لیٚ بکەینەوە کەدژی میللەت و پێشمەرگە تاوانیان ئەنجام داوە بەلاٚم کاری شۆرشگێری هەر کوشتن و برین نیە زۆرجار ئەوکارانە سودی زۆری بۆشۆرش دەبێت ئەوەندە چەکمان کۆکردبوەوە وەکو لیژنە جێگای نەدەبوەوە داوام کرد هەرچۆن بووە برینندارەکان بهێننە قاجر بۆلای ئێمە بریندار هەموی

داره تـەرمیان بۆکردبـون وەزعیـان زۆرخـراپ بـوو کـاك ئەحمەدقەدەفـەری زانـی وەزعـی هێزەکانمـان زۆر لەنارەحەتیدایــە دڵخۆشــی دەکــردین بــەوەی ئێــستا دەبابــەی ئێــران دەگاتەلامان لەمڵەخوردەوە هەندێك لەدەبابەکان شۆفڵیان لێ بەسترابوو جادەشیان دەکرد و تەقەشیان دەکرد عەتاو محمود وابراهیم گەیشتن هەرسێکیان لەناوداره تەرمدا بوون و وەزعیان خراپ بوو ئەو دکتۆرەی لەگەڵمان بوو هەندێك تەداوی بۆکردن و دەرزی راگرتنی خـوێنی لـێ دان ئێمـەش هـەروا لەشـەرێکی گەرمـدا بـوین یـەکێ لەوانـەی بـاڵی شـکابوو کەهێرشی قورسمان لەسەربوو زۆری خۆی دابووە پاڵ کەلاوە روخاوەکان عمرمحمودخانی هاتـە دەرو بەباڵـە سـاغەکەی تەقـەی دەکـرد زۆرم لاگـرنگ بووکـەمرۆڤ خەتـەر هاتـە سـەری زۆرشت لەبیر دەکات ئەویش باڵی شکابوویاخرەی ئێسقانەکانی دەهات کەزانی هێرشەکە لەسـەرمن زۆرە بەدەسـتە سـاغەکەی کلاشـنکۆفی لەسـەر کونکـەرێتێکی خـانوە روخاوەکـە داناو تەقەی دەکرد بەئازا هاتە بەرچاوم، عەلی مام رۆستەم و عەلی برام و عەلی بچکۆل و ئەحمەد قاجری شـەریان دەکرد بـرادەران لـەخوارەوە لەشـەری گـەرم و تێکـەڵ ببـون لەگـەڵ عەسکەریەو جاش دا کاك حمەی صۆفی عەلی و کاك بورهانی عزت بەگ و زۆری کەیان کاك صـاڵح حـاجی قـادریش هاتـە لای ئێمـە لەوکاتـەدا عەمیـدێك کەمەسئولی هـەموو جەیـشی عێراق بوو لەوسنورە هـات و (600) سـەربازی مغاویری لەگـەڵ بـوو شـەریان کـردین بـەلاّم زۆریان لێ کوژراو ئـەو کوردانـەی کـەجاش بـون لەترسـی جەیـشەکە نـەیان دەوێـرا خۆیـان تەسلیم بەئێمە بکەن بانگیان کردو وتیان ئەمانە مغاویرن و تەسلیم نابن ئێمە پێمان وتـون واتە جاشەکان وتبویان ئەوانە جاشن و لەیەك گۆراوین جاشی شێخ محمودن تکایە ئێوە واخۆتان بناسێنن تانزیك دەبنـەوە ئامرەکە دەگرن ئـەوکات هـەموی تەسـلیم دەبێـت عـەلی بـچکۆل و عـەلی مـام رۆسـتەم چـووە سـەر ئاوەکەوعـەلی مـام رۆسـتەم پـێ ی وتـن ئێمـە فرسانین و وەرن مەترسن ...ووتی ئێوە جەماعـەتی کێن.. وتـی شێخ محمود ئەفسەرەکە (4-5) جنێـوی بەشـێخ محمـود داو ووتـی خـۆ(30) کەسـتان لـێ کوشـتوین ئەگـەر پیـاون بۆنارۆن شەربکەن لەگەڵ ئێران بۆتەقە لەئێمە دەکەن لەگەڵ (5) سەرباز دەست لەسەرچەك و خۆی دەمانچەی بەدەستەوە بوو هاتە ناو ئاوەکەو داوای کرد یەکێ بروات بیپەرێنێتەوە رەووف بۆسکانی کە(5-6) جار لەو ئاوەی دابوو مـن بـەزۆر دەم پەراندەوە لەوبـەر (4-5)

سەربازی چەك دەكردو بەپەلە دەگەرایەوە واتە بە(20)دەقیقە دەپەریەوە بەلاَم بە(5) دەقیقە دەهاتەوە لای ئێمە دەیوت ئاوریَگا نادات بۆئەوبەر ناحەقی نەبوو شەری نێوان ئێمەورژێم بوو ئەویش دەبوولەوچەموئاوە بپەرێتەوە کەلە سانیەیەکدا هەزاران گولەی پیَدا تیَدەپەری لەوکاتەدا صاروخێکیان تەقاند داوام لیّ کردن دای لەهەلیکۆپتەریَك لەناو دەریاچەی دەربەندیخان کەوتە خوارەوە لای گردی صادق وپردی زەلْمی کۆن پارچەپارچەبووهەندێك بەلەم لەسەر بەحرەکە کەجاش و سەربازی دەپەراندەوە ئەوهێزەی عێراق لەنزیك ناوگردان وگردەنازیّ تەیارەو تۆپی ئێران تەفروتونای کردونەیتوانی بگاتە لای ئێمە نزیکەی (200)جاش و سەرباز بەرەو گردی مەتا سەرکەوتن و دەربازبون زۆری پێشمەرگە بیریان لەوە دەکردەوە چۆن شەو ئەوهەموو بریندارەو دەستکەوتە بپەرێننەوە بۆسورێن لەسەعات (3/30) ی دوای نیوەرۆی 1988/3/15 دەبابەی ئێران لەملەخوردووشکەناوو هێلاَن پیّ وە بۆپشتی شیرەمەرهاتە خوارەوە ولەوێشەوە رژێم شکاو دەبابە لەگێلەك وشیرەمەر و گردی قازی وتەپەرێزینەوپردی زەلْمی گرت و دەبابەی عێراق کشانەوەبۆ کورژەی نێوان گردی مەتاوتەپەرێزینە لەویّ بوو بەشەرە دەبابەولەگەلّ هێزی ئێمە لەیەکی دایەوەوهەندێك پاسدار دابەزین بەئار.بی.جی سیّ دەبابەیان سوتاندوئەوانەی کەش بەرەو قەدەفەری وگردەنازیّ هەلْهات و دەبابەی ئێران وهێرشی زەمینی ئێران گەیشتە قەدەفەری وگوڵەخانەومەلاوەیسەوبۆریشێن لەنێوان مەلاوەیسەو ریشێندا

(4-5) دەبابەی عێراق سوتان دەبابەی ئێران هاتن و مەعنەویاتی بەهێزەکانی ئێمە زیاترکردوشکاندنی هێزی عێراق تورەو هێزەکەی کەش لەخێلی حمە لەگەلّ ئێران لەیەك گۆران یەك سەعات شەربوو هێزی ئێران شکاو (2-3) سەیارەیان کەوتە دەستی هێزی سۆسیالیست کەسەیری جێبی (106) و رەقەمی سەیارەکانیان کردبوو هی ئێرانە ئەوان زانیان جەیش ئێرانەو لەولاشەوە هاتون بەو جادەی تەپەتۆڵەکەو سەررێگا بۆئێمە چونکە دەیانزانی ئێمە بریندارمان زۆرە حاجی عبداللەو ئەوانیش لەپشتی ریشێن و بەرزەردبون، هەرئێوارەی 1988/3/15 لەسەرجادەی تەپەتۆڵەکە وەستابوین قسەم بۆدەکردن

کەسەربکەوین بۆلای ئەحمەد ئاوا بۆئەوەی سبەینێ کیمیاوی لەناوچەکە دەدات لەکاتی قسە کردندا پاسدارێك ناوی گوڵزاربوو کەوتە زەوی لەسەرجادە قیرەکە لەوکاتەدا بەسەدان تۆپ وراجیمە لێ ی دەدایین وامزانی پارچەی بەرکەوتوە بەرزم کردەوە وتی ببخشە خەبیدە بودم کاتی قسە هەستم..وتی ببورە خەوتبوم و زۆر ماندوم پاشان سەرکەوتین، هەرئەو رۆژە هێزێکی ئێران گەیشتە گردی بەکرئاواو لەولاشەوە پاسدارگەیشتە ناو هەڵەبجەوپاشان پێشمەرگەی یەکێتیش بەهاوکاری ئێران گەیشتنە ناوشار خەڵکی شاری هەڵەبجە پێشوازیەکی گەرمیان لەپێشمەرگەی یەکێتی کردبوو شەوکاك شەوکەت و مەسئولە ئێرانیەکان لەماڵی حاجی رەشید عەزیز بون لەهەڵەبجە هەموو کاس ببووین لەدەنگی تۆپ وتەقەو تەیارە وباروت و شەر بەتایبەتی هێزەکانی سۆسیالیست لەنێوان دوو دەوڵەتی گەورەداو ئەو هەموو هێزو چەك و تەیارەیەدا لەهەردوولاوە هێرش و تۆپ و تەقەی لەسەر بوو ئاسان نەبوو ئەگەر نوسەرێك بینوسایەتەوە دەیان داستانی لەسەر دەنوسیەوە ئێمە تەنها بەجیهاز لەرێگای ئێرانیەکانەوە هەواڵی شەری ناوشاری هەڵەبجەمان دەبیست تەوێڵەوبیارە هێشتا لەزۆرجێگا جەیش عێراقی پێوەمابوو ئاگایان لەوە نەبوو پردی زەڵم یاگردی گۆ کەئێرانیەکان ناویان نابووسێ رای مەرگ واتە (3) رێگای مردن چونکە تەرکیزی تۆپی ئێرانی لەسەربوو سەیارەش دەبوو لەوسێ رێگایە لەسەرخۆ بروات چونکە بەررەحمەتی تۆپ دەکەوت تۆپ رێگای زۆرکەسی کورت کردبوەوە ئەحمەدی وەستاقادرو ئەوانەی هەڵەبجە دەرباز ببون لەوێ بریندار بون و کورەکانی شەماڵ و ئەوانە پێشمەرگەی ئێمەش تەداوی دەکردن و رەوانەی خەستەخانەی کردن کەلەلای سێ رای مەرگ درا ئیتر عێراق پشتی شکاونزیکەی (1200) سەیارەی بەجێ هێشت لەنێوان سیروان و پردی زەڵم و لەنێوان تەپەکورە و سیروان و بەشارەت دا برادەرانمان لەبەری شارەزووری لای هەڵەبجەش بریندارمان هەبووبەکری حاجی محمد صالح ( بەکر دێکۆنی) ئامرمەفرەزەبوو شەهید بوو جەنازەکەیان سەرخستەوە بۆئەحمەدئاواو دوایی بۆدێکۆن پاشان جەنازەی پاسداروبریندارەکان هەموو کۆکرانەوە ئامرەکەش کەلەئاوەکەدا بوو دەمانچەکەیان لێ وەرگرت بەناوی ئەوەی تەرنەبێت و پێیان ووت ئێمە پێشمەرگەین و ئەوەتۆ ئێستا

سجنیت و گیراویت و هەرکەس لەوسەربازانە تەقە بکات تۆ دەکوژین بانگیان بکە (10)کەس (10) کەس بێنە ئەم بەر ئەویش ئەمری دانیٚ و هەر (10) سەرباز دەهاتە ئەم بەر چەك دەکرا بەلاّم بەپەلە بوو کەوتبون کەدەهاتنە ناو ئاوەکەوە دەترسان ئاو بیان بات هەرزوو دەستیان درێژ دەکردو چەکەکەیان دەدایە ئەم بەرو بەریٚ دەکران بۆپەنای گردەکەی قاجر ناوماڵەکان تا (750) سەربازی کەش چەك کران ئامرەکە زۆر نارەحەت بەوەی دەزانی بەفێلٚ چەك کراوە ئەگیناچەکی دانەدەناو هەرخەریك بوو شەق بەریٚ ئەو جاشانەی لەگەلٚ خۆی بون بەخایەنی دەزاین کەخیانەتیان لیٚ کردووە دەموچاوی رق و مراقی لیٚ دەباری بەهەموویەوە نزیکەی (1500) دیلمان لەگەلٚ خۆمان بردو هەرکەس کلاّشنکۆفێکی بیٚ دەرزیمان لەملیان کردو هەر برینداریێك بۆ(5–10) سەرباز هەڵیبگرێت و قورئاوبوولەکیشەدەریەوە بۆتەپەتۆڵەکەو بەریٚ کەوتین بەلاّم چۆن بەریٚ کەوتین بەناوقورو چەمی زەڵم و بلاّوبونەوەی ئەو هەموو جاش و جەیش و پێشمەرگەو پاسدارو هەرلەپڕ تەقە دەبوو تەڵقە تەنورە هەمووی رۆشن کردبوەوە هێرشی یەك لەدوای یەکی عێراق و راجیمەوتۆپی عێراق دنیای کردبوو بەئاگرو تۆپ لەهەموو لایەکی دەدا من مامەوە بۆدواوەو بریندارەکانمان لەپێشەوە ناردو هەندێك پێشمەرگە بۆسەرجادەکە لەناو چەمی زەڵم هەرئەوەندەی نەمابوو ئاوبیان بات پاسدارێك لەئاوەکەی دابوو هاواری دەکرد فریام بکەون بەچڵێك بییەوە خۆی گرتبوو کەس دەستی نەی دەگەیشت تا یەك سەعات زیاتر هەردەنگی دەهات، جاشێك لەبوارەکەدا کەبۆتەپەتۆڵەکە دەرۆیشت خورایەکی تێدابوو ئاوبردبووی چڵیٚ بی باریك گرتبو بەلاّم وادیاربوو قاچی لەزەوی دانەبوو جارجار سەری دەبووە ژێر ئاوەکەوە کەدەردەهات بەهەموو هێزی هاواری دەکرد فریام بکەون وەکو ئەوەی بەدەست بیکەی بەقوتا دەچووە قوتاو وەکو لەسەر ئسپرینگ بێت ملی دەردەهێناو دەچوەوە بەقوتا نازانم کیٚ یەو گۆچانەکەی خۆمم بۆراکێشا ئەومنی ناسی و رام کێشا وەخت بوو منیش بەریٚ لەگەلٚ خۆی هێنامانە دەرەوە لەوێدا ئیتر نازانم چی بەسەرهات لەشاویس وباوسەکۆن ئاگرێکی بەرز کرابوەوە کاك صاڵح حاجی قادروای زانیبوو پێشمەرگەن و چوبوو بۆلایان سەیردەکات کەس نا ناسیٚ و لەدەوری ئاگرەکە لە(30) کەس زیاتر دانیشتون و پالٚ کەوتوون و ئەویش ئەقڵی نای برێت عەسکەری

عێراقەو شکاون و ئێستا لێرە کۆ ببێتەوەو ئاگر بکەنەوە قیراندبووی پێشمەرگە نین و وتبوی پاسدارن و وتبوی سلام علیکم و سلاویان سەندبوەوە بەهەزار حاڵ وادیاربوو تاقەتی هیچیان نەمابوو وتبوی حاڵی شمە خوبە یەکێکیان سەری بەرز کردوە ووتی شنو مین اشتە ئەویش قسەکەی دووبارە نەکردبوەوە بەبێ ئەوەی خۆی تێك بدات ئەو تەنها بوو لەریزەکەی ئێمە دەرچوبوو من چاوم لەئاگرەکەیان بوو هات ووتی ئەوە هەندێك عەسکەرەو چەکیان پێیە ووتم کاك صالح ئەو هەموودیلە هەیەوچەکی ئەوەندەیان هەیە و نیوەمان بەجێ هێشتوە وازیان لێ بهێنە باهەر لەوێ بن یادەڕۆن یان دەگیرێن بەجێمان هێشتن ووتی (10) کەس بەرم و بڕۆم بیان هێنم..ووتم وازیان لێ بهێنە چوینە سەرجادەی تەپەتۆڵەکە زۆر ماندو بوین چونکە (7)شەو بووئێمە ئیسراحەتمان نەکردبوویان نانمان یا چا هەر نەخواردبوو کەچوین ئەو هەموو سەیارە جێب قیادە لەدورەوە فسفۆری دەدرەوشایەوە کەچومە پێشەوە سەیر دەکەم زیاتر لە (30) جیهازی راکاڵی تێدا دانراوە بەپێشمەرگەم ووت ئەوجێبە بخەنە ئیش کاك عەلی بچکۆل جێبێ قیادەو زیلێکی درێژ بەتۆپێکی نەمساوییەوە خستە ئیش ووتم تۆ هەوڵی سەیارەی بچوك بدە ئەم گەورەیە چی لێ بکەین باش بوو(8-9) ئیڤاو جێبمان خستە ئیش و پێشمەرگە سواربوون بەماندویی بۆئەحمەدئاواو ئەوناوە بەرێ کەوتین من بەبرادەرانم ووت کەس لەخوارەوە نەمێنێتەوە چونکە بەیانی هێرشی عێراق ئاساییە و لەوانەیە بەکیمیاوی لێمان بدات ئێمە چوینەوە چەمی زەڵم و ئەحمەدئاوا هەر لەورۆژەیشدا هەرچی جاشی ناسراوبوو زۆریان هاتبون بۆچەمی ئەحمەدئاواو گەیشتبونە پاسداران وتبویان ئێمە پێشمەرگەی سۆسیالیستین ئەوانیش بەسەیارەی خۆیان هێنابویانە ئەحمەدئاوا کەئێمە ئاگاشمان لێ نەبوولەوانە کاك جەباری محمدعەلی حمە ئەمین کەئامرسریە بوولەتۆپخانە ئیتر ئێمە لای خۆمان گلمان دایەوەو بردمانە مەقەرەکانی خۆمان پاشان بردمانە درزلی دوایش بەرێمان کرد رۆیشتەوە بۆعێراق، لە1988/3/16 من چومە خورماڵ تەیارە ساروخی زۆری لێ دا هەتا لەجادە قیرەکەی بیارە خورماڵی داو جادەکەی بری بوو تەقەی زۆریان لێ کردین وادیاربووسەربازی جێ مابوو لەوناوە برادەران سەیارەیان هێنابوو من لەدێکۆن وەستابووم کۆمەڵێك خەڵکی دێکۆن و خورماڵ لەوێ خۆیان شاردبوەوە تەیارە

لەسـەعات (2) ی پـاش نیـوەڕۆ چـەندجارێك لەهەڵەبجـەی دابـوو لـەدوای نوێـژی نیـوەڕۆ مامۆستامەلاعەلی داوای لەخـەڵکی هەڵەبجە کردبوو دوای نوێـژ نـەڕۆن قسەیان بۆدەکات لـەکاتی قـسەکردندا تـەیارە لـیَ ی دان وخـەڵکێکی زۆری کوشـت پـێش ئـەوە خـەڵکی دەیویـست لەشـار دەربـچێت بـەلاّم یـەکێتی نیـشتمانی ڕێگـای لەچونە دەرەوەی خەڵکەکـە گرتبوو نەك ئیجباری بیَ بەموکەبەرە پیَ ی وتبون و داوای لیَ کردبون هەرکـەس لـەماڵی خۆی بێت و ڕژێمی عێراق نەماوە لەناوچەکەو کـەس نەترسـێت زۆر لەخـەڵکی لـەدەرەوەی شـار گـەرابوەوە ناوشـار کـەدەبوو داوا لەخـەڵکی بکرێـت شارچۆڵ بکـات، لەسـەعات (2)ی پاش نیوەڕۆوە قەسفی گەرمی لەسەربووهەندێك خەڵکی هەڵەبجە بەرەو عەنەب و سـازان و عەبابەیلیَ دەرچوبون بەلاّم بەزۆری تەیارەکان لەناو شاری ئـەدا بۆئـەوەی خەڵکەکە لەشار دەرنەچن و بۆئەوەی بەکیمیاوی لێیـان بـدات دوای ئـەوەی خەڵکەکـە هـەموی خـۆی لـەژێر زەمـین و ماڵـەکان شـاردبوەوە لەسـەعات (3/30) پـاش نیـوەڕۆرژێم (7)تـەیارەی جـۆری سیخۆی ڕوسـی کەهەنـدێك کـەس وایـان دەووت کەفرۆکەوانـەکان ڕوسـی بـون بـەلاّم یەکـەم جـار لـە 1988/3/16 و لەسـەعات (3/30)ی پـاش نیـوەڕۆلیَ ی دان بەشـێوەیەکی فـراوان وپاشان لەڕێگای عەنەب هەڵەبجە کەخەڵکێکی زۆر بەرێگاوە بـوون بەسـەیارەو بـەپیَ ڕژێـم کیمیـاوی لێـدان و لەتـەواوی شـارەزووری دا مـن لای دێکـۆن هەنـدێك گیـای خـواردن دەمخـوارد چـاوم ڕەش و سـپیەکەی سـوور بـوو کەسـەیرمان کـرد چـەند مـەترێك لـەولاوە بـۆمبی کیمیـاوی لـەو گیاوشـتەی دابـوو هەرلـەویَ (3) دەرزی ئـەتروپینم بـەکارهێنا ئێمـە (4)هەزار دەرزی ئەتروپینمان وەرگرتبوو لەگەڵ قیناع و هەموو پیویستیەکانی بـەلاّم ئێمـە کەممان بەکارهێنا زیاتر بۆخەڵکی بەکارمان هێنا، دەرزی ئەتروپین لەسەر جلەوەش بـەکار دێت هەر خۆت لەخۆتی ئەدەیت ئەگەر هەرکەسێك بەرکیمیاوی بکەوتایە ئەو دەرزیەت لـیَ دەدا یەکسەر هەڵدەسایەوەو بۆمـاوەی یـەك سـەعات دەیتـوانی بـروات هەرئـەو ڕۆژە هـەواڵ هات کەدەرمانی داوە لەخەڵکی ژنێك هات دەگریا ووتی دەرمانی مشکی لێداین و تـەواوی کـردین هەنـدێك پێـشمەرگەمان نـارد بۆهاوکـاری خـەڵکی پێـشمەرگە گەیـشتنە عەنـەب و ئەووەزعەیان بینی تەحەمولیان نەکردو زۆریان دەگریان و زۆریـان بـەوەزعێکی ناخۆشـەوە گەرانەوە بەلاّم کۆمەڵێکی کەمان نـارد بەسـەیارە وخۆیـان هـەوڵیان دا زۆرکـەس ڕزگاربکـەن

نزیکەی (600) دەرزی ئەتروپین(Atropen) یان بەکارهێنابوو زۆرکەس بیٚ هۆش کەوتبوو وات دەزانی مردوە لەگەڵ دەرزیەکەت لیٚ ی دەدا دوای یەك دەقیقە بەهۆش دەهاتەوەو هەڵدەساو (2-3) قسەی بزرکاری دەکردو بەپەلە رای دەکرد تادووسەعات زیاتر دەیتوانی بروات زۆری بیٚ هۆش دەکەوتەوەو زۆریشیان هەرچاك دەبوودەرۆیشت تادەگەیشتە خەستەخانە چەند دەزگای ئێرانیش هات بۆبلاٌوە پێکردنی کیمیاوی..کیمیاویەکە (3)جۆربوو خەردەل بۆسوتاندن..سیانید بۆ خنکاندن.. نەوعەکە کەشی بۆ تێکدانی عەساب و قسەی هەڵەچەو پلەچەی دەکرد بۆنی کیمیاویەکە (2-3)جۆربوو وەکو بۆنی سێووسێر وەکو غازی سوتاندن، لە1988/3/17 هەرلەبەیانیەوە عێراق بەکیمیاوی لەتەواوی ناوچەی شارەزووری دا لەسیروان چەند کەسێکی کوشت و دوومناڵی محمدسعید وپیاوێکی کە لەسیروانەوە بەرەو ئەحمەدئاوا کە کەسوکاریان پێشمەرگەبوون لای ئێمە (19) کەس لەژن و مناڵیان لەئەحمەدئاوا وخورماڵ کەوتن و هەموویان مردن و زیاتر لە(70)پێشمەرگەی سۆسیالست لەچەمی ئەحمەدئاوا کیمیاوی لیٚ ی داو زۆری گەیشتە مەقەرو هەندێکیان لەرێگا کەوتن کاك حسێن خەلیفە قسەی لەگەڵ من دەکرد دەیوت ئەوە یارمەتی خەڵك دەدەین و دەرزی ئیترۆپینیان بۆبەکار دێنین هەرلەقسەدا بوو هاوارێکی کردو کەوت ئەوانە هەموی بەکامیرای ڤیدیۆ رەسمی گیراوە رەقەمی سیارکان لامانە دوای چومە گۆمەلارو بۆلای عەنەب لەرۆژی حەشر دەچوو بەتایبەتی خەڵکی لەناوعەنەبە (2-3) سەیارەی سپی دا هەمووی مردبوون دەستی لەسەر سوکان سەیارەکە بوو لەناوسەیارە فریای دابەزین نەکەوتبوون مناڵ دەمی بەمەمکی دایکەوە بوو یامناڵ لەپشتی دابوویامناڵ دەمی نابووە ناو ئاو لەکانیەکانی عەنەب ئاوی باخەکان و کانیەکانی بلەقەوی لای عەنەب زیاتر لە (10) مناڵی (8-10) ساڵە پێکەوە مردبوون لەعەنەب و دەوروبەری نزیکەی (1500) کەس لەمسافەیەکی بچوکدا مردبون پێشمەرگەیەکی کە جلی خاکی لەبەربوو لەنێوان عەنەب و بیاوێڵەدا خۆیی و دوومناڵی بەباوەشیەوە مردبوون و هەر لەگەڵ خێزانەکەی پیٚ دەچوو کاك عەلی حمەئەمین حامید جان جاف چاك نەم ناسی چونکە ئاسان نەبوو کەس کەسی نەدەناسی خەڵکمان تووش دەبوو بیٚ ئەوەی بتناسیٚ دەهات ناوی مناڵەکانی خۆی لیٚ دەپرسین فلاٌن و فلاٌن چیان لیٚ هات

تائەوكاتــەش دەرزی ئـیتروپین لەوانــەی هەســتمان دەكــرد مــاون دەداو هەڵدەســایەوە زۆرلەوانــە بــەكامیرای ڤیــدیۆ گــیراون لــەپێش دەرزیەكــەو لــەدوای دەرزیەكــەش زۆركارەساتێكی نـاخۆش بـوو لەعەنـەب (2–3) جـاری كـەش تـەیارە هـات و كیمیـاوی لـەوناوە داو لەهەڵەبجـەو دەوروبـەری و ئۆردوگـای زەمـەقی برادەرەكـانیش رێگایـان نـەدا برۆمـە ناوشـارودوركەوتینەوە لـەجێگای كیمیاویەكـە ژن ومنـاڵ وپیـاو بـەپێ ی پـەتی وبەسەر لێشێواوی دەسورایەوە كـەس نەیـدەزانی چیەو بۆئەوە رویـدا پاسداران بۆرزگـار كردنی خەڵكی هەوڵێكی زۆریان دا نزیكەی (7–8) هەزار برینـداریان بـەكۆڵ وبەسـەیارە و بەهـەلی كۆپتـەر دەربـازكرد ئێـران هەرهێرشـی دەكـرد لەوانەیـە هەنـدێك لایـەن وكەسـان واپیشانی بدەن بڵێن ئەگەر هێزە كوردییەكان نەبوایە ئێران هێرشی هەڵەبجەی نەدەكرد بـەلاَم وانـەبوو خۆهـەمووهێزە كوردییـەكان نـەیان دەتـوانی هێرشـێك بـەئێران بكـەن وەیـان هێرشێك بەئێران رابگرن هەمویان پەراوێزی هێزی ئێران و شەری عێراق ئێران بون بـەلاَم دەیان توانی گۆرانی بچوك بكەن واتە لەم لاوە هێرشەكە باشترە تائەو ناوچەیە یافلاَن رۆژ لـەبارترە تـافلاَن رۆژ بـەلاَم لەسـتراتیژی شـەریان نـەدەگۆری چونكە قیـادەی ئێـران بریـاری شەری دەدا بۆهەڵەبجەش هەر هەمان شێوەبوو بۆیە لایەنە كوردییەكان هێرشیان بكردایەو كاری ئێرانیان بكردبایەو نەكردبایە ئێران هەر شەری خۆی و بەرنامەی خـۆی تێـك نـەدەدا ودەی كـرد بـەلاَم ئـەوەدەبوو ئەوەنـدە ناوچـەی نەگرتایـەو ئەوەنـدەش زەرەری لـەعێراق نەدایە وەخەڵكی هەڵەبجـەش نەدەمایـەوە وهەڵدەهات بـەرەو سلێمانی وناوچەكانی كـەش بـەلاَم ئـەوە بـووعێراق دژی كوردبـوو كـوردی لـەناو دەبـرد و ئێمـەش بەحـەقی خۆمانمـان دەزانـی وهەرچـی پێمـان بكردایـە دژی عێـراق دەمـان كـرد ، لـەرۆژی 1988/3/18 لەگـەڵ كـاك شیروان و كـاك صـاڵح حـاجی قادرو هەنـدێك پێشمەرگە چوینە سیروان و هەڵەبجـە بۆگرتنی رەسمی هەڵەبجەش كامیرای ڤیدیۆمان پێ بوو كاك طە تیفور رەسمی دەگرتن من زۆرهـەوڵم دەدا زۆربـەوردی رەسمـی بگـرن ئـەوان هـەر لەگـەڵ مـن دەسـورانەوەو بەباشـی رەسمەكەیان نەدەگرت چومە هەڵەبجە ئێمـە نزیكـەی (40) كەسێك لەئیڤایـەك و جێبێكـی عەسكەری دا بوین كاك نوری حمە عەلی وكاك عەلی بچكۆلیش بوون لـەجادەی زەمەقیـەوە چوینە ناوهەڵەبجە لەجادەی گشتی بۆگەرەكی جولەكـەكان و بـۆلای سـەراو لەجادەیەكـەوە

بۆلای پیرمحمد گەراینەوە من لەمانگی 1976/6 تا 1988/3/18 نەچوبومە ناو بازاری هەڵەبجە هەمووی چۆڵ بوو لەخوارەوە تەنهانوری و وەستا قادر بەتەنها وەستابوو لەسەر جادەی عەنەب (4-5) کەس تازە هاتبونەوە ناوهەڵەبجە و لەرێگای عەنەب یەك یەك دەهاتن و لەناو بازاریشدا یەك ژنی تەمەن (60) ساڵەش هەرخەریکی لەخۆدان بوو ئیتر هەڵەبجە چۆڵ بوو بۆنی مردوبریندار کیمیاوی و خانوی روخاو باروت و گولە تۆپ و مرۆڤی سوتاو شتێکی کەمان نەدەدی مرۆڤ دڵی قائیمە چاوی قائیمە ئەگینا ئەوەئاسان نەبوو سەری گەرەکی جولەکەکانمان داو(2-3) کەسمان بینی وەکوشێت وابوو لەخواروی ماڵی کاك صاڵح هەژار ماڵێك وابزانم نانەوابوو خۆی وهەموو مناڵەکانیان لەتەمەنی (5) ساڵ و تاخۆیان (45) ساڵ دا بون و مناڵ (15و25) ساڵ دەبون هەموویان چەرچەفێکیان لەبەسەرخۆیاندا دابوو وادیاربوون فریانەکەتبون هەموویان پێکەوە مردبون کە(8) سەرخێزان بون بەرامبەری ماڵی ئەوانیش ماڵێك بەتەواوی مردبوون هەبوو چای لەبەردەم بوو هەبوو دەستی لەسەلاجە بوو هەبوو نان لەبەردەستی بوو هەموی پێکەوە مردبون بەوێنەگرەکەم ووت بەوردی رەسمی هەموویان بگرە وادیاربوو پەلەپەلی تێداکردبوو... لەسەرجادەی عەنەب لای مزگەوتی داراحسان دا لەسەرجادەکە زەلامێك سوتابوو نەتدەزانی ئافرەتە یاپیاوە رەسمی گیراوە وردە وردە خەڵکی دەهاتە ئەو ناوەو لەدەرەوەی شار وەزع خراپ بوو لەچوار دەوری شار پاسدار سیطرەی دانابوو بەرێگای عەنەب رۆیشتین رێگای سەیارە نەبوو لەبەر زەلام کەوتبون جگەلە (3) سەیارەی پربون مردبون دابەزین بەپێ تێپەرین نزیکەی (600) کەسێك بەکۆمەڵ مردبوون دوایش حەفارەیان هێناو هەر بەکۆمەڵ خستیانە ناوچاڵەوە بەدرێژایی خەندەقەکە لیژنەیەك دروست کرابوو لەقەرارگای رەمەزان و یەکێك بەناوی مسعودی و پاسدارێکی کۆن وادیاربوو لەزەمانی شایش هەر پۆلیس ببوو لەگەڵ (10) کەسی حەرەکەی ئیسلامی و(7-8) سەربازی دیلی عێراقیان پێ بوو کۆکردنەوەی جەنازەی هەڵەبجەیان گرتە ئەستۆی خۆیان واشیان باس دەکرد کەشەرع رێگا نادات کەس بەئاڵتون و پارەوە بخرێتە ژێر خاکەوە دەبێت ئەو لیژنەیە لێ ی بکاتەوەو بیداتەوە بەکەسو کاری ئەوەش نەماوە لەئێران دای دەنێین تاکەسوکاری پەیدا دەبێت ئەوانە ئیتر هەوێیان پێ بوو بۆماڵان و

هەرچیان پێ بێت کەس ڕێگایان لێ نەگرێت ئیتر ئەوانیش خۆیان وخوای خۆیان چیان کردوە بەڵام ئێران هەندێك گەنم و شتی دروێنە کرد لەپاوە دوایی دایەوە بەخاوەنەکانیان من ڕۆژێك لەبازار تێپەریم چەند پاسدارێك (2–3) پارچە جگەرەیان لەدوکانێك دەرکرد لەرێگا بۆعەنەب دەچێت قسەمان پێ وتن و دایان نایەوەو لەجادەکە سەرکەوتم دوولانکرۆز وەستابوو قوماشی ژنانەیان باردەکرد لەدوکان کەمەسئولێکی یەکێتی بوو ئەو کەسەی کەشتەکانی باردەکرد نیوەی لەو دیوی دوکانەکەوە بوو نیوەی لەژێر دەرابەکەوە لەم دیوو بون ئێمە دامان بەلایان داو ویستمان بانگیان بکەین بەڵام ئەوان بەئێمەیان زانی و ئەویش مەسئول بوو وادیاربوو خۆی لێ شاردینەوە بەڵام ئێستا ئەوە بخوێنێتەوە خۆی دەزانی کەئەوکات پێمان زانیوە و هەرواش تێپەرین... ئەندام لقی پارتیش هەروا خەریك بوو ئەویش واتێگەیشتبوو ئێمە هەستمان بەوکارەی نەکردوە لەوان تێپەرین زەلامێك لەکۆڵانێکدا بەعارەبانەیەکی دەستی لەماڵێك باردەکرد ووتمان ئەوە چیە ووتی ماڵی خۆمە یەکێ لەبرادەراکان ووتیان ئەو ماڵە ماڵی تۆنیە ئەوە ماڵی حاجی فلانە واتە دراوسێکەش خۆی بەو وەزعەدا تالانی دراوسێکەی خۆی دەکرد... کۆمەڵێك بەربوونە ماڵێك ووتم ئەوە چیە ووتیان ماڵی جاشە ئامرتیپێك بوو دوای دەرکەوت ماڵی کاك عمری حاجی عنایەت ببوو..لەزەمەقی تێپەربووم پێشمەرگەی سۆسیالیست وەرتێکەیەك لەکۆڵی دابووکەچاوی بەمن کەوت زۆرترساوپەشۆکا ووتی برا ڕۆبراکەم لەدەست چوو وا ماڵەکەشی بووە بەسەر بەشکی ماڵان هەرپارچەیەکی لەماڵێکە دەبێت ئاوا کۆی بکەمەوە واتە ئەمە دزی نیە ماڵی براکەیەتی و کۆی دەکاتەوە بەوقسەیە بەمن قەناعەت پێ بکات کەبراکەی سالێك یازوتر کوژرابوو ئەو کەسانەی کەئەمە بخوێننەوە خۆیان دەزانن کێن ئەگەر ئینکاری لێ بکەن لەبەرگی داهاتوودا ناوەکانیان بڵاو دەکەینەوە کەدوکانەکەش هی کێ بوو وەئەو شەخسەش کێ یە کەدزی کردووە لەدوکانەکە، لە1988/3/18 چومە لای خاگێڵان قەبرسانێکی گەورە لەوێ بوو برادەران و زۆربووین ووتم ئەم قەبرسانە زۆرە ووتیان بەڵێ ووتم چەند کەس دەبێت ووتیان (30)هەزار قەبر دەبێت ووتم خۆکەسانی ناودارو دەوڵەمەندو زۆری تێدابووە ووتیان بەڵێ ووتم بۆکەس باسیان ناکات وتیان مردوە ڕاستە کەسانی شۆرشگێر لەپێناو گەلەکەیاندا

شەهید دەبن هەمووکەس باسی دەکات و ناوی هەر دەمێنێ... قازی محمدو شێخ محمودی نەمرو شێخ سەعیدی پیران و سمکۆو بەدرخانیەکان وشەم زینیەکان و تەنانەت خولە پیزەو حمەتاڵی بانەو سەید عەتاو زۆری کەش ناویان پیرۆزە لای خەڵکی کوردستان کەزۆربەیان لەشێخ محمود و ئەوان دەوڵەمەند ترو خاوەن سەروەت و عەشیرەت بوون کەس باسیان ناکات زۆرکەس هەبوو ناوی شێخ محمود بووە بەڵام شێخ محمودی حەفید جیا کراوەتەوە زۆرجار بەکۆمەڵ خەڵکی تیاچوون بەڵام کەس باسی ناکات ئێستا بەتەقدیری ئێوە ئەو قەبرسانە (30) هەزار کەس دەبێت و قەبرەکانی کۆنەو هەندێك لەکێڵەکانی بەقەسڵ کراوە کەئەوکات گەچ نەبووە راستە هەڵەبجەش بو بەزەحیەیەك و بووە بەو کارەساتەوزۆر خێزانی وەکو عمری رەسام و عمری خاوەرو عوسمان بانەیی و ماڵی چەلەبی وماڵی نوری حەلاو دەیان خێزانی کە لەهەڵەبجە کۆتایی پێ هاتوە یا (1-2) کەس لەخێزانەکەی دەرچووە بەڵام (100)ساڵی کە ئەوەی ئێستا زیندوە لەدنیادا کەسێك نامێنێ مەگەر بەدەگمەن یان فلاڵن (100) ساڵ تەمەنی و هەرماوە مانی نەمانە کەس باسی ئەو گۆرستانەو دەیان و هەزاران گۆرستانی واناکات ئەو کات ناوی هەڵەبجە بە(3) هەزار شەهیدو بە(20) هەزار بریندار تەقدیر دەکرا هەرواشمان نوسیوە بەڵام (4) هەزار برینداری خەتەر کەزۆریان لەخەستەخانە مردبون..ووتم ئەوە کارەساتە هاتووە میللەتانی دنیاش ئەگەر قوربانییان نەدابێت هیچ میللەتێك رزگاری نەبووە بۆیە من پێم وایە ئەو شەهیدانەی هەڵەبجە بۆ میللەتی کورد جێگا دەگرێت و هەڵەبجەش دەبێتە پێناسەی کورد چونکە بۆیەکەم جار بوو لە رۆژانی 17و18و1988/3/19 دا هەواڵ نێرە ئێرانی و جیهانیەکان لەرێگای ئێرانەوە بگەنە هەڵەبجەو هەواڵ بەدنیا رابگەیەنن و دنیا لەراگەیاندنە نیو دەوڵەتیەکان باسی کوردو کیمیاوی و هەڵەبجەو درندەیی عێراق بکات پێشتر عێراق لەهەمووئەوجێگایانەی ئێران گرتبوی کیمیاوی لێداوە بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی لێ نەبووە واهاوار نەکراوەو کوشتاری وانەبووە هەروا کپ بووەتەوە بەڵام لەبەر کوشتنی خەڵکی هەڵەبجە ئەوجارە نەشارایەوەو من هەندێك دڵخۆشی برادەراکانم دایەوە خۆی واقیعەکەش هەروابوو... ئەگەر سەیری میللەتانمان بکردایە بەئاسانی رزگار نەبون بەسەدان هەزار کوژراوو قوربانییان داوە بەڵام هەڵەبجە بوبەهۆی شکاندنی ئەوتەوقە

ئاسنینه ژەنگ هەڵهێناوەی دەیان و سەدان ساڵە لەدەوری میللەتەکەمان کێشراوەو دەنگی خەفە کراوی گەلەکەمانی بەهەموو دنیاداو مەسەلەی مەزڵومیەتی کوردو دەنگی هەڵەبجە بەدنیای مرۆڤایەتیدا دەنگی دایەوەو هەر لەوکاتەوە مەسەلەی کورد بەرەو پێش رۆیشت و ئاوارەی هەڵەبجەو پەناهەندەیان بوبەهۆی ئەوەی مجلیسی ئەمن و خاچی سوری جیهانی و رێکخراوی خەیری بێت بەدەمی کوردەوە وەکۆنفرانسی پاریسی ساڵی 1989 ببەستریت لەسەر کوردو چەکی کیمیاوی وەنوێنەری کوردی تێدا بەشداربوو کەئەنیستیتونی کورد لەپاریس ئەو کارەی ئەنجام دا کە کاك کەندالْ نەزان مەسئولی بوو وەکاك بەختیار ئەمین یش لەوێ بوو وەکاك عدنان مفتی هەولْی زۆری دا لەوێ وەمام جەلال و کاك رەسول مامەند سکرتێری حزبی سۆسیالیست و کاك دکتۆر محمود بەشداریان تێدا کرد ئەو کاتە عێراق دژی بوو کە کورد بەشداری تێدا بکات بەلاْم خانمی میتران زۆر تەئسیری هەبوو ئەوکارەی ئەنجام دا وە کاك دکتۆر محمود لەوێ قسەی کردیەکەم رێکخراویش دامەزرا فریاکەوتنی کرای لەپارتی و یەکێتی و سۆسیالیست دروست کران کەبریتی بون لە ئەندازیار عبدالرحمن لەپارتی و شێخ عبدالکریم شەدەڵەیی لەیەکێتی و نەوزاد رۆژبەیانی لەسۆسیالیست دامەزرابوو ناوئۆردوگاکانی کورد لەئێران ئەو شتانەی لەدەرەوە دەهاتە ئێران ئەوان بگەیەنن، هەر لەرۆژی 1988/3/18 کاك شەوکەت لەسەر رێگای پردەکەی گۆمەلار یەکمان بینی و باسی وەزعەکە کرا کەواهاتووەو هەولْ بدەین لەگەلْ ئێران بەرنامەیەك دابنێین، ئێران لەرۆژی 1988/3/19 کابرایەکی بەناوی رەزائی وە دانا بۆقائیمقامی هەڵەبجەو لای خانوەکانی گولاْن لەوبەری چەمەکەوە مۆروکورسی ومێزی خۆی لێ داناو بانقی هەڵەبجەش حەرەسی یەکێتی لەسەر دانراویەکێ لەکارمەندەکانی بانق هەرلەوناوە بون ئەمرێ لەحکومەتی ئێرانەوە بۆ پاسداران دەرچوو بۆکاتی پێویست دەتوانن تاشتتان پێ دەگات لەماڵی خەڵکی و لەبازاری هەڵەبجە ئیستیفادە بکەن و دوای حکومەت تەعویزوزەرەریان دەداتەوە یاخوا جەزای خێری خاوەنەکەی دەداتەوە ئەوەش قۆناغێك بووبۆئەوەی دەستکاریی ماڵی خەڵك بکرێت ئێران تەبلیغی هەموو حزبەکانی کرد نابێت کەس لەناو هەڵەبجە مەقەر دانێ و کەس بڕواتە ناو شارەوە تەنها ئێران بۆی هەیە و بەوەرەقەی فەرمان داریەوە... ئێران هەر

لەرۆژی 1988/3/16 وە دەستی کرد بەگواستنەوەی برینـدارەکان ئێمە برینـدارەکانمان بردە کەرەجاڵ و ئەحمەد ئاوا لەوێوە ئێران بەهەلیکۆپتەر دەی برد (7–8) تەیارەی عێراق هاتــە ســەرکەرەجاڵ و تەقــەی لــەدەوری مەقــەرەکانی ئێمــە دەکــردو کەوتــە ســەر هەلیکۆپتەرەکەش (3)جار ئەو هەلیکۆپتەرە بەناو چەمی زەڵم داو بەو ناو دۆڵە تەنگەدا دەچوە ئەحمەدئاواو دەگەرایەوە بۆکەرەجاڵ و رێگای نزیک مڵەخورد ئەو فرۆکەوانە هەلیکۆپتەرە زۆر ئازا بوو هەتا قومبەلە بەتەیارە عێراقیەکان تەواو بوو ئەو سەرو خوراو سەرو ژووری پێ کردن بەڵام چیای هەورامان و چەمی زەلمیش یارمەتی دان شتی وا و هەلیکۆپتەرلەدەستی تەیارەی سیخۆو مێکی (29) دەرباز ببێت تەیارە پێشمەرگەی بریندـاری سۆسیالیستی تیابوو.... ئێران وهێزەکانی مجلیسی ئەعلا یافیلقی بەدر بەتایبەتی جیاوازی رەفتاریان لەگەڵ جەیشی عێراق نەبوو بەئاشکرا بوو شەریان بەپارتی و یەکێتی وسۆسیالیست دەفرۆشت و دەهاتنە ناو مەقەرەکانمان ئەگەر جاشێك یا سەربازێکی عێراقی لەمەقەری لایەنە کوردیەکان خۆی شاردبێتەوە ئەوان دەهاتن بۆیان ودەیان برد خزمێکی کاك توفیق رەحیم ویستی جلەکانی بگۆرێت ئێمە وەکو بەرەی کوردستانی کۆبونەوەمان هەبوو مجلسی ئەعلا بەزۆر بردیان ئەوکاتە توفیق پارتی بووهێشتا نەبووە سۆسیالیست و دیسانەوە بچێتەوە لای پارتی کاك نادرهەورامی هەڵوێستی باشی بووزۆر هەوڵی دابۆی بەڵام سودی نەبوو ئێمە پێشمەرگەمان دامەزراند لەهێزی بەدربۆتەسەروفاتیان پاسداران ئیداراتی ئێران لەهەڵەبجە زەختیان خستە سەر هێزە سیاسیەکان ئەمریان دەکرد کەنابێت فلان حزب لەوێ و لێرەو لەو ناوچەیە هاتوچۆ بکات، لەرۆژی 1988/3/19 لەکەرجاڵ بوین جارێکی کە کیمیاوی دا لەوناوچەیە بارەگاکانی حزبی سۆسیالیست مەقەری راگەیاندنی لەکەرەجاڵ پێشوازیەکی گەرمی لەخەڵکی هەڵەبجە کردزیاتر لە (5–6) هەزار کەسی پێشوازی کردو بەرێ ی کرد بەرەو ئێران و تەداوی سەرەتایی دەکردن و دەرزی بۆدەکردن دەحەسانەوە لەبارەگاکان، لەرۆژی 1988/3/20 لەئەحمەد ئاوابوین من وکاك حمیدئەفەنی وکاك شەوکەتی حاجی مشیر و نوێنەرانی ئێران ئاغای مقدەمی تهرانی کۆبونەوە هەبوو لەو شەرە سۆسیالیست گەورە ترین ژمارەی دیلی گرتبوو گەورە ترین سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو پارتی لەناو

هێزەكان لەهەموان دەستە پاچە تر و كۆڵەوار تربوو لەوشەرەدا نەك لەبەر ئەوەی نەی دەكرد بەڵكو پێ ی نەدەكراو هەر ئەوەندەی لەباردا هەبوو بەڵام سۆسیالست لەروی بەشەریەوە شەهیدو زەرەری زۆری كرد تائەو كات بەكر دێكۆنی و توفیق پارەزانی و جەلال شەهیدو كۆمەڵێك فەرماندەش بریندار ببوون لەكۆبونەوەی ئەحمەدئاوا لەبینایەكی گازینۆكە بەچەند مەترێك كیمیاوی و بەزۆری وخەستی لێدراین بەڵام راست قومبەلەكە كەوتە ناو ئاوی زەڵم و لەگەڵ بردنی ئاوەكەش دوكەڵی كیمیاوی لەئاوەكەوە دەردەچوو لەئاستی ئێمە بەجارێك لەئاوەكەوە هاتە دەرەوە كۆبونەوەو قسەكانی بەكیمیاوی برین و هەڵساین دامانە شاخەكە برادەران زوو سەركەوتن و قیناعیان لەسەر كرد بەمنیان ووت قیناع لەسەر بكە منیش كەمێك قیناعەكەم لەسەركرد بەڵام قیناعەكە لەكیمیاویەكە خراپتربوو خەریك بوو بخنكێم بۆیە قیناعەكەم لابردو وردە وردە سەركەوتم بەڵام هەر خەریك بوو بخنكێم ئەوەندە توندبوو كیمیاویەكە دەرزی ئیتروپین چەندجار لێ دابوم و هێشتا هەرچاك نەبوو پێم وایە زیاتر لە (9) جار ئەو دووسێ رۆژە كیمیاویم بەركەوت، لە1988/3/21 چوینە بیارەو مەقەرمان دانا لە(4-5) جێگا لەبیارە مەقەرێك مان هێنایە چەمی زەڵم لای وشكە ناو دێیتە خوارەوە بەسەرئاوەكە داناو ئەسیریشمان لەزۆربەی مەقەرەكان هەبوو، هەر ئەو رۆژە چوینە هەڵەبجەو لەوێشەوە بۆعەبابەیلێ و مەقەرمان لەعەبابەیلێ داناو گەرامەوە بۆكەرەجاڵ كاك حامیدو كاك شەوكەت هاتن و ووتیان وەزعی ناوچەكە ناخۆشە وادیاربوو پێشمەرگەی ئێران هەرچی هێزی چەكدارو بەتوانای كۆمەڵەو دیموكرات بوو هاتبووە ئەوناوە هەروەك چۆن ئێمە لەدیوی ئێران بۆسەر سنوری پاوەو ئەوناوە هەرواش هێزی ئێرانی بۆسەر سنورەكانی لای تەوێڵەو بیارەو هەڵەبجەوهاواروبەڵخەو ئەوناوە هاتبوون..كۆمەڵە لەبیارە وبەڵخە بون بەرەو هەڵەبجەوبۆئیمامی زامن و زۆریان لەئاوەكەی دەربەندیخان خنكابون و زۆریش یان بەركیمیاوی عێراق و تۆپ و تەیارەی عێراق كەوتبون و زەرەرێكی زۆریان كردبوو دیموكراتیش هەرچی هێزی شەركەریان هەبوو لەهەموو كوردستان نزیكەی (900) كەسێكیان لەسنوری هەڵەبجەو تەوێڵەو دۆڵی هاوارو تاوێرە كۆكردبوەوە كەئەگەر ئێران هێرشی كرد بەرگری بكەن كاك شەوكەت وكاك حامید ووتیان ئێران دەزانێ هێزی

دیموکرات لەوناوەیەو ئێستا هەرچی بەسیج و کوردی لای پاوە و جوانرۆ هەیە هێناویانە بۆئەوەی بیان ناسن و ئەگەر بگیرێن دەبێتە عەیبەیەکی گەورەو ئابرومان دەچێت ووتیان ئێمە هیچ مان پیٚ ناکرێت و مەسئولەکانیان لەعەبابەیلیٚ لە (2-3) جێگا شاردومانەتەوە، من لەرۆژی 1988/3/21 دوای نیوەرۆ رۆیشتمە عەبابەیلیٚ لەژێرزەمینێکدا بون هەموویان نزیکەی (25) کەس لەمەسئولەکانیان لەویٚ بوون زۆر وەزعیان خراپ بوو زۆر نارەحەت بوون گلەییان لەکاك شەوکەت و یەکێتی کرد کاك شەوکەت پیٚ ی وتوون هیچ چارەیەك نیە یاشەر بکەن تادەکوژرێن یاتەسلیم بن بەئێران ئەگەر خێزانەکانیان تەسلیم بێت هیچیان لیٚ نایەت یابۆیان دەبەنە سەردەشت یەکێتی من کەچووم هەندێك دڵخۆشیم دانەوەو ووتم هەوڵ دەدەم کەهیچ تان تووش نەبێت ووتیان (900) کەسین ووتم با(2)هەزار کەسیش بن لەوانە کاك مەزەفەری میتران ئەندامی سەرکردایەتی دیموکراتی ئێران و زۆری کەش بوون کاك کەمال دشەیی لەهۆڵە بەگیەکان جیهازێکی بی سیمی هێنا ووتی دکتۆر قاسملۆ دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات و سوپاست بکات من یەکسەر ئەوەم وەبیرهاتەوەجارێك لای ئەوان و لەمەقەری مەکتەب سیاسی دیموکرات دکتۆر قاسملۆ بەکاك رەسول و دکتۆر محمودو برادەرانی ئێمەی وتبوو حمەی حاجی محمود سەربەخۆو لەسەرحسابی کورد پەیوەندیەکی توندو تۆڵی لەگەڵ ئێران لەسنوری مەریوان دامەزراندوەو برادەرانی ئێمەی احراج کردبوو کاك رەسول وتبوی ئێمە خۆمان ئاگادارین لەپەیوەندیەکانیان یەکسەر ئەو قسەیەم وەبیر هاتەوە ووتم کاك کەمال سڵاوی لیٚ بکە چونکە جیهازەکان هەموی کۆنترۆڵ بون ووتم ئێمە کوردین و لەهەموو ناخۆشیەك لەگەڵ کوردین و لەگەڵ میللەتی خۆمانین لەهەر جێگایەك هەبێت لەناو ژوورەکە هەموویان دەستیان دەکرد بەپشتوێنەکەمدا لەناوعەشائیری ئەو مەعنای ئەوەیە کە رجا دەکەین دکتۆر قاسملۆ بەجیهازەکە هاواری دەکرد دەیوت حزبی دیوکرات مردن و زیندو بونەوەی بەدەستی کاك محمدی حاجی محمودە ئیترمنیش (2-3) پێشمەرگەی خۆمم نارد مەلا فائیق و چەند کەسێکی تر بەسەیارەکانی خۆمان هەموو مەسئولەکانیان لەگۆمەلارو خورماڵەوەو لەبەری هێلاٚن پیٚ وەولەناو هەموو سوپای پاسداران و جەیشی ئێرانەوە گەیاندە مەقەرەکانی سورێن لەمیری سور وەبۆشەوی دوایی کاك شەوکەت و کاك حامید

هێزەکە دیموکراتیان گەیاندبووە نزیك خورماڵ لەوێ تەسلیم بەبرادەرانی ئێمەیان کردبوو لەوانــە کــاك عمــری بــرای کــاك مــەلافائیق و کــاك حــاجی عبداللــەی ســیامێوە فەرمانــدەی هــەرێمی (21) ی حــزب بووئــەوانیش بردبویانــە مەقــەرەکانی خۆیــان ودوای ئیــسراحەت و حەسانەوە پاش شەو رۆژێك بەرێ یان کردبون بۆشانەدەری جگە لەکەسێکیان بەناوی مام سەعید کە کەوتبوە سەر ئەڵغامی عێراقداو قاچێکی پەری بوو کەسیان زەرەریان نەهێنا تا دەرباز بوون وابزانم باوکی کاك مظفر میتران یش بوو، بەڵام ئێمە لەپێناوی ئەوان و کوردا ئەو مغامەرەمان کرد وەدووکەسمان شەهید بوو لـەپێناو ئەوانـدا ئەوانـەش شـەهید حـاجی عبداللـە سـیامێوەیی و شـەهید عوسمـان حـاجی محمـود رەشـید کـەرەم خـان قاینجـەیی وەهەروەها دکتـۆر محمود کەلـەدەرەوەی وڵات گـەرابوەوە لـەتهران خستیانە ژێـر پرسـیارو گیروگرفت لەسەر ئەو مەسەلەیە کەسۆسیالیست هاوکاری دەربازبونی دیموکراتی کردووە کــە ئێــران راســتی دەکــردو شــتەکە وابــوو بــەڵام دیمــوکرات دوای ئــەوەی دەربــاز بــوون سوپاسیشیان نەکردین وەبەپێچەوانەوە سوپاسی یەکێتی نیشتمانیان کردبوو بـەڵام ئێمـە لامـان گـرنگ نـەبوو گـرنگ ئەوەیـە ئـەوەی باوەرمـان پـێ یـەتی دەیکـەین کەئـەوە چـەنەم جــاربوو کەئێمــە هاوکــاری دیمــوکرات بکــەین بــەڵام ئــەوان هــەتا بۆتەعزیــەی شــەهید خاڵەحاجیش نەهاتن وەلەمناسەبەکانیش رویـان تـێ نـەدەکردین ودژمـان قسەیان دەکردو تومەتیان دەدایە پاڵمان، بەڵام رۆژگار زۆر مەسەلەی ئاشکرا کرد، لە1988/3/22 ئەنفالی گــەرمیان ئــەنفالی یــەك دەســتی پــێ کردبــوو بۆئیوارەکــەی جــاش هێرشــیان بۆبنــاری ئاوەکەڵەو کانی هەنجیرو کورەو ئەوناوە کرد پێشمەرگە لـێ ی دان و شکان و بـەرەو دوا رایان کرد، لە1988/3/24برادەرانی خۆمـان پەیوەنـدیان کرد کـەوا لقی (3و4) ی پـارتی کەلەپــشتی جافــەران ئاگریــان لــێ بــەرداو خۆیــان لــەخۆ کۆکردنــەوە دان و هــەواڵیان دا کەیـەکێتیش هـەموو سجنی بـەرداو شـتی گـەورەیان شـاردەوەو بەتـەمای رۆیشتنن وتمـان ئەگـەر ئـەو شـەو حـازربن پێشمەرگە دەنێـرین دەتـوانین لەشـارەزوورەوە بـەرەو لای ئێمـە بپەرنـەوە وتیـان ئـەمرۆش چـاوەرێ ی لایەنـەکانی کـە دەکـەین و هـەواڵیان دا کەلـەم لاوە رێگــای دەرچــون نیــەو دەبێــت بــەرەو گــەرمیان بــرۆین و لــەوێوە هــەوڵی دەرچــون بــدەن سەیدقادرجەباری کارگێری لق و مەسئولی هەموو هێزەکان بوو لەقـەرەداغ ئـەوکات بـەرەو

لای لقی کەرکوك بەرێ کەوتن  گلەییان دەکرد لەوەی کاك شێخ محمد شاکەلی لێیان جیا بۆتەوە چوبونە بناری گل و لەوێوە بۆناوچەی جەباری و لای کوڵەبان و جەباری چەند جارێك توشی شەر ببوون و کاك عەتا باشکی کەوتبووە ناوهێرشی دوژمن بەهەرحاڵێك تاچارەسەریان بۆکردبوومستەفاش لەرێگای جاشەوە لەکەلارەوە بۆزەرایەن بەناوی منەوە داوای کردبوو هێنابویانەوە زەرایەن لەدوای ئەوە (3-4) کەسی کەشیان بۆرەوانە کردینەوەو باقی قوەتەکە و کاك ئەحمەدقەدەفەری و کاك سەیدقادرجەباری و کاك جەلال و نزیکەی (100) کەسێك فاضل یان لەگەڵ دابوو لەناوچەی جەباریەوە بۆناوچەی شوان وخاڵ خالأن و قەلأسێوکەو دەشتی کۆیە و بۆخۆشناوەتی و قەندیل لەوێوە گەیشتنەوە سەرکردایەتی یەك مانگیان پێ چوبوو بەدوری رێگاو بەقۆناغ گەیشتین لەقەلأتوکانەوە گەیشتنە کاولان و زۆر بەزەحمەت بەلأم هێزەکەیان بەسەلامەتی دەرباز کردبوو کەکارێکی باش و لێهاتوانەیان کردبوولەوکاتەدا لەو هەموو ئەنفالەو کیمیاویە خۆیان دەرباز کردبوو تالقی هەولێر لەوێشەوە بۆ هەرێمی (6) هیمەتێکی باشیان کردبوو کاك شێخ محمدیش هەرلەوێوە گەرابونەوە لەوکاتەدا رژێم تەنها ناوچەی خۆشناوەتی مابوو ئەنفالی بکات، لەرۆژانی 24تا1988/3/30 هەرلەوناوە بوین، لە1988/3/30 لەخەرپانی جێگای بارەگای هێزی سوپای پاسداران بوو عەلی شەمخانی و شەعبانی ومقدم تهرانی لەوێ بوون و داوای کۆبونەوەیەکیان کردلەسەر ئەوەی رۆژانە کێشە لەنێوان پێشمەرگەو پاسداراندا دروست دەبێت و هەوڵ بدەین سنورێك بۆدزی دابنێین لەناوچەکەدا ئێمە بەتوندی قسەمان کرد ووتمان ئێوە وەکو سوپایەکی داگیرکەر لەو ولأتانە رەفتار دەکەن ماڵی خەڵکی تالأن دەکەن هەرلەورۆژانەدا مەرومالأتی عەشائیریان وەبەردابوو پاسدار دەیان برد وەکو مەری محمد دێکۆنی و زۆری کەی ناوچەی هەورامان شوان یاخاوەنەکەی لابوو گاوگوتاڵی هەموویان دەبردوو باریان دەکردو دەیان برد و لەسەر زۆرکێشە و هەتا رێگا نەدانی پێشمەرگە بۆهاتوو چۆ هەر رۆژەی لە (4-5) جێگا چەك لەیەك رادەکێشرا رۆژێك من لەگەڵ دووسەیارە چوینە خوارەوە لەئەحمەدئاواوە بۆلای جادەی دێکۆن پاسدارێك لەرێگابوو رێگای نەدەداین لەولأتی خۆمان ئێمە هەر رۆیشتین وتی تەقە دەکەم ووتمان ئەگەر پیاویت تەقە دەکەیت بەهەر حاڵ نازانم بەچی زانین تەقەی نەکرد...

جارێکی تر له سیطرەی عەنەب بۆناو هەڵەبجە من و کاك شیروان و کاك عەلی و کاك نوری بوین ئەوان لەپشتی پیکابەکەوە بون کابرای پاسدار لەگەڵ من قسەی دەکرد زۆر لەسەر خۆی ووتی رێگا نیە بۆئێوە بچنە ناو هەڵەبجە ئەمرمان پیّ یە (10) دەقیقە وەستاین فایدەی نەبوو کاك نوری توره بوو ووتی ئێمە هەڵەبجەمان ئازاد کردووە ئێمە شەهیدمان داوە ئێمە نەبوایەین تۆ لەئێرانەوە نەدەگەیشتیتە ئێرە ولآتی خۆمانە خۆمان ئازادمان کردوە لەسەرەوە قیراندی و دەستی درێژ دەکرد سێبەرەکەی لەئێمەو پاسدارەکە رەت دەبوو کابرای پاسدار سەری هەڵبری و لەسەر خۆی ووتی (شما ئازاد کردیت)کاك نوری بەتورەییەوە ووتی بەڵێ و ئێمە ئازادمان کرد پاسدار لەسەر خۆو خوێن ساردانە بەهێواشی ووتی (دەستت دەرد نەکونیّ) ووتی ئێوە ئازادتان کردووە دەستت خۆش بێت بادەستان ئازاری نەبێت و ووتی بەریش ئیشارەتی داینیّ کە رێگا نیە خۆلاسەی کەلام نەی هێشت بچینە ناوشاری هەڵەبجە... لەکۆبونەوەی خەرپانیدا قسەکراو ووتی ئێوە هەندێك شت دەکەن مخالەفەیە و لەوبابەتە ووتی ئەوە ناوچەی ئازاد کراوە من ووتم ناوچەیەکی زۆرتر لەوە دەچێت داگیر کرابێت تا ئازاد کرابێت مامۆستا مەلاعەلی ووتی هیچ ئازاد نیە یەك شتمان کردووە ئەویش جیب هویتەك مان کردوە بە بیارە بەڵگە واتە سەیتەرەکان لەجیاتی عەرەب فارسمان لیّ داناوە ئێرانیەکان بەکاك شەوکەت یان وت ئێوە دژی ئینقلابی دەشارنەوە دەبێت تەسلیمان بکەن کاك شەوکەت ووتی من سەربازی ئێوە نیم من سەربازی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم و یەکێتی پێیان دەڵێت حزبی دیموکرات وکۆمەڵە منیش هەروایان پیّ دەڵێم لای ئێمە دژی ئینقلابیان پیّ ناڵێن لای من حزبن ..... من پێم ووت ئێوە ناتوانن لەوناوچەیە بن بەبیّ هاوکاری ئێمە ئێستاش ئەگەر بەهاوکاری ئێمەو جەماوەری ناوچەکە نەبێت ئێوە هیچتان پیّ ناکرێت هێزی داگیرکەر چەند بەهێز بوبێت هەرنەی توانیووە سەرکەوتوبێت ئەوە نمونە یەك هەڵەبجەیە لەچاو عێراقدا ئێوە وامعامەلە بکەن ئەگەر عێراق بگرن چۆن معامەلەمان لەگەڵ دەکەن مامۆستا مەلاعەلی ووتی هەروەکو ئێستا معامەلە دەکەن تەنها ئەوەیە عەرەبمان دەرکردوە فارسمان لەجێگای داناوە ووتی ئەوە رەئی تۆیشە بەمنی ووت..ووتم بەڵێ مامۆستا مەلاعەلی جگەلەوەی حەرەکەی ئیسلامیە مەلایە ومامۆستای ئاینیەو مامۆستای ئاینی لای ئێمە

رابەری ئاینیمانە کاك شەوکەت حاجی مشیر ووتی بەڵێ ئەوە رەئی منیشە وەلەنوێنەرەکەی پارتی پرسی ئەویش هەمان رەئی هەبوو کابرا زۆر بێ دەنگ بوو پیاوێکی شارەزاو محترەم بوو بەڵام سیاسەتی وڵاتەکەی وابوو... ووتی لیژنەیەك بۆئەو کەسانەی چونەتە ئێران یاکەسوکاریان یاخۆیانماڵەکەیان بۆ دەبەین لەسەرحسابی کۆماری ئیسلامی خۆی سەیارە دەبات و ئێوەش پشتگیری بکەن و هەر کەس سەربەکام حزبە دیاری بکەن نوێنەری پارتیش هەرلەوێ بوو لەلای سوپای پاسداران یەکێك بەناوی محمودی دانراو لەلای حەرەکەی ئیسلامی وابزانم مەلا عبدالرحمن نەورەسی و لای یەکێتی ماموستاکەمال یاجەمال و لای سۆسیالیست مەلا هەژار بون و ئەوان بۆیان هەیە سەری شاربدەن و ماڵی خەڵکەکە تەئید بکەن بۆی و باربکەن بۆکرماشان و سنەوهەر جێگایەك خاوەنەکەی ماڵی لەکوێ یە ئیتر دەست بەکاربون و مەقەریان بۆئەو لیژنەیە دروست کرد وەئەوەی کەکەسیان نەماوە یان لەوێ نین ژمارەی خانوو ئەشیاکەی بەدووسێ شاهیدەوە بنوسن و باربکرێ لەپاوە تەسلیم مەخزەنی ئێرانی بکرێ بەڵام لەلایەکی کەوە ئێران لەسەر بەرنامە کەوتە بردنی هەرچی شتی بەکەڵك هەیە بۆری ئاو گەورەو بچوك و تەنکەری ئاو وبەنزین ونەوتی عەسکەری و مەدەنی هەرچی دەست کەوت ماڵی حکومەت یادائیرەکان وەتەقاندنەوەی هەندێك جێگای گرنگ وەکو کارگەی پەتاتەی سیروان کارگەی جگەرەی هەڵەبجەوپردی زەڵم و زۆری کەو بینای باشی دەتەقاندەوە وەکو گازینوی ئەحمەد ئاوا لەپشتی پەڵگەوە وە لەرۆژەکانی دوایدا کەوتە برینەوەی عامودەکانیش عامودی دەبریەوەو دەیبرد ئەوەی بەکاربهاتایە شۆفڵ و سەیارەو هەتا سەیارەی شەخسی و بلدۆزەرو زۆر شتی برد دەیویست هیچ بەجێ نەیەڵێ لەدوای خۆیەوە، لەئێوارەی رۆژی 1988/3/24 من لەبازاری هەڵەبجەوە تێپەربوم سەیرم کرد هەندێك لەبرادەرانی یەکێتی وپاسدارانیش لایان وەستابون بەکۆسەرەو مەکینەی لحیم خەریکی بانقەکەی هەڵەبجە بوون ئێمە نەوەستاین بۆبەیانیەکەی واتە 1988/3/25 سەرم دا لەو رەزائیە کەدانرابوو بەفەرمانداری هەڵەبجە سەیردەکەم بۆڵەی دێت ووتم چیە ووتی بانقەکەیان بردووە فەردەیەك پارەی وردە دانرابوو پەنجایی و دینارو لەوبابەتە ووتم خۆتان بردوتانە... ووتم بۆئەوە پاشماوەیەك نیە لات دانراوە..ووتی ئەوە چوین لەبنی

قاسەکەدا کۆمان کردۆتەوە ووتم ئێوە حەرەس نەبون ووتی با ئێمەو یەکێتی پێکەوە حەرەس بوین ئێمە حەرەسەکانی خۆمان گرتووە لەوانەیە یەکێتی بێت... ووتم باوەر ناکەم یەکێتی بێت چونکە ئەوکارە بەحکومەت وئامێری برینەوە و تەقاندنەوە دەکرێت هەروا ئاسان نیە یەکێتی بیکات ئێوە دەوری یادەستی بالأتان لەتەقاندنەوەدا هەیە، خۆی مەسەلەکە بەم شێوەیەبوو کاك قادرکۆکۆیی وکاك حامید حاجی خالید ولەگەڵ هەندێك مەسئولینی لای کاك شەوکەت لەعەبایلیێ بەسەیارە مێك زەمینیەکەی کاك شەوکەت کۆسرەیان هێنابوو بۆشکاندنی بانقەکە کاك مجید حاجی عەلی کەسەرتیپی یەکێتی بووحەرەس بوو لەوێ بەڵام بۆیان نەکرابوو هەرهەمان شەو لەشکری خوراسان لەسوپای پاسداران تیپی (2) ی ئیمام رەزا بانقەکەیان تەقاندەوەو پارەکەی کەزیاترلە (700) هەزاردیناری پارەی خەڵکی وزیاتر لە(70) کیلۆ ئاڵتون وزۆر شتی بەبەهایان برد پاشان محاکەمەی کوبرای ئێرانی کراو پارەکەیان لێ وەرگرتەوەوگوایە تەسلیم بەئۆردوگای سەریاس کراوە واتە ئەو ماویە دیعایەکان لەسەرکاك شەوکەت هەبوو بەڵام مەسەلەکە بەم شێوەیەبوو کاك شەوکەت ئاگای لەو پارە نەبوو بۆمێژومن ئەوە دەڵێم، هەر ئەو شەوە برادەرانی ئێمە چوبون لەسینەماکە موەلیدەیەکی کارەبان هێنابوو منیش موەلیدەکەم لای کەرەجاڵ بینی ووتم ئەوە چیە وتیان هی کەس نیەو هی حکومەتە هێناومانە منیش پێم وتن بەکەڵکی ئێمە نایەت بێنێرن بۆمەکتەبی سیاسی دوای ماوەیەك کاك عمری مام عەلی بردی بۆسەردەشت و بۆکاولان بۆمەکتەبی سیاسی دوای ماوەیەك کاك حمەی لاسلکی و کۆمەڵێك وتبویان هی ئێمەیە ئێمەش ناردمان بۆمەکتەبی سیاسی کەبزانن هی خۆیانە لەوێ هی ئەوان دەرچوو ئەو کاتە دایان نابوو بە (3500) دینار ئیتر پارەکەیان دابونێ چونکە بۆیان نەدەرۆیشتەوە بۆعێراق ئیتر من بەجێم هێشت ورۆیشتم لەوماوەیە من سەرێکی لای سنەودزڵیم داو گەرامەوە بۆهەڵەبجە رۆژێك لای مەقەرەکە لای خانوی کەریم عەلی عەزیز لەئۆردوگای زەمەقی وەستابووم مەقەرێکی کەی هەرێمی (2) لەخوارتربوو چوم بۆسەردانی کەچووم دوو لۆری گەورە وەستابوو لەولۆریانەی کەزۆردرێژ و اسکانیا گەورەکان بارکراوە لەسەربۆخوار لەدڵی خۆمدا ووتم کارێکی باشە یارمەتی خەڵکیان داوە ئەوە ئەشیای خەڵکی لێ قەوماوە چەند دەقیقەیەکی پێ چوو

مەلاهەژار هاتە نزیکم و ووتی ئەوە دوو پارچە سۆپاو موبەریدەش ناوی عەتاو پشتیوانی لیٚ نوسیبو منیش ووتم پارچەی چی ووتی ئەوەی لەو لۆریە بارکراوە ... ووتم ئەو لۆریە هی کیٚ یە ووتی هی منە ئەو وای زانیوە کەمن زانیومە بەشتەکان و بۆئەوە رۆیشتوم بۆئەویٚ ...ووتم تۆ لەکۆیت بوو هەروام زانی مالّی خزمیەتی ووتم لەکۆیت بوو ..وتی مالّی جاش و ئیستخباراتە ئەوە هەموو لایەکی تر دەیبەن و ئەوە فلاّن حزب و فیسار حزب و عەشائیرو تیٚگەیشتم ئەوکاك مەلاهەژارەی زۆرمارکسی بوو زۆرشتی بەعەدالەت و لەوبابەتە باسی دەکرد وقسەی باشی دەکرد هەمووی حەلاّلٚ خواردنی بیٚ دەسەلاّتی بوو زۆرم پیٚ ناخۆش بوو ووتم کاك مەلاهەژار تۆ نویٚنەری حزبیٚکیت وائیش بکەیت و حزب بەکاربهیٚنی بۆشەخسی خۆت بائەو خەلّکە هەرچی هەبیٚت مالّی بۆتۆ حەلاّلٚ نیە و هەرچی موبەریری هیٚنایەوە لای من نەی خوارد ئینجا ووتی ئەوە نوریش لۆریەکی لەپیٚش من بارکردوە منیش ووتم تۆ مەسئولی لیٚ ی ووتم نوری نەئەندامی لقی سلیٚمانی ونە نویٚنەری حزبە لای کۆماری ئیسلامی نوریشم بانگ کرد پیٚم ووت ئەوە چیە ئەو سەیارەیە بەشەرمەوە پیٚکەنی و دەستی بۆمەلاهەژار راکیٚشا یەعنی ئەو پیٚ ی کردم مەلا هەژاریش ووتی چەند بۆکورد لەو شاخەین و مالٚ و منالّەکەمان هیچیان نیە بائیٚمەش وەکو ئەو خەلّکە بژین منیش پیٚم ووت تۆ کوردایەتیت بۆئەوە کردوە کەمالّی خەلّکی تالاّن بکەیت، مەلاهەژار ناوی ئەسلّی مەلاحەسەن بوو کوری مەلا محمودی گۆبان بوو لەگەرمیان باوکی پیاویٚکی موسلّمان و باشی ئەو ناوچەیە بوو لەدوای شۆرشی ئەیلول چوبوو بۆئیٚران نەگەرابوەوە تاشۆرشی نویٚ دەستی پیٚ کردوە لەگەلٚ شەهید دلیٚرجاف دا لەئیٚرانەوە گەرابوەوە بۆلای کاك مولازم تاهیر لەشلیٚر لەبزوتنەوەی سۆسیالیست بوو لەپیٚش من سۆسیالیست بوو کارگیٚری لقی سلیٚمانی حزب بوو وەخۆی بەمارکسی دەزانی بەلاّم هیچ شارەزایەکی لیٚ نەبوو چونکە رۆژیٚك باسی خلّتەی پرۆلیتاریم کرد لەسەرەتای 1980 وتی جا کوا من خلّتەی پرۆلیتاریا بوایەم خۆی لەئەسلاّ خلّتەی پرۆلیتاریا شتی خراپە بەلاّم ئەو بەشتیٚکی تر تیٚگەیشتبوو کاتیٚ مەلا هەژار ناوی ئەم و ئەوی ئەبرد ناوی هەموویمان لایە بەژمارەی سەیارەو ناوی شەخسی خۆیانەوە بەبەلّگەوە، پاشان پیٚم ووت تۆ وەکیلی میللەتی کیمیاوی بارانی لای ئیٚران جائەگەر تۆوابکەیت دەبیٚت خەلّکی کە چی

بکات ووتی فلآن کەس باوەکۆچەکی سەیارەی پرکردوەو فلآن و فلآن سەرکەندەی لای تاوێرەو دەرەشیشیان پر کردوەوو فلآن سەیارەی پرکردووە..ووتم ئەوان حزبێکی کەن و ئێوە حزبێکی کەن ئەوەش نوسیوتە عەتاو پشتیوان بۆئەوەی لۆریەکەی پێ حەلآڵ بکەیت من ئەوە بەوە دەزانم دووجار دژی من کارت کردووە وادیاربوو ئەویش لەمەلآسدا بوو بۆخەڵکی کە رۆژێك بەپەلە هات بەدوامداو وتی سەواربە بابرۆینە هەڵەبجە کەچوین سەیردەکەین دوولۆری لەو لۆریانەی کەلەمەقر پێکەوە رێکەوت و باری دەکەن هێشتا بەرەی کوردستانی نەکرابوو پرلەماڵی خەڵکی کرابوو لەخوارەوەو لەدوکانەکان لای قەیسەری باری دەکرد ووتی ئەوەش منیش ووتم کاك مەلا ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نیەو ئەوەش موبەریر نیە ئەگەر تۆخۆت نەتکردایە ژمارەی ئەو سەیارەت دەگرت و تۆ لەلیژنەکەیت و ئێوارە دێتەلای تۆ وەرەقەتان بۆنەدەکرد ئەوەش لای ئێمەوە ئاشکرابوو دەبێت لای لایەنەکان لای ئەوانەی جەنازەیان کۆ دەکردەوە لای ئەوانەی ئیجازە درابون ئاڵتوون و شت کۆ بکەنەوە چی کرابێت بەلآم من گەیشتمە ئەو قەناعەتەی ئەوەی باوەری بەکێشەی میللەتەکەی نەبێت و ئەوەی سیقەی بەخۆی نەبێت و ئەوەی ویژدانی سەلامەت و خاوەنی ویژدانی خۆی نەبێت هەروا بیردەکاتەوەو هەرواش خۆی و میللتەکەی سەرلێ دەشێوێنێ وادیاربوو مەسئولینی ئێرانیش لەوبارکردنە بێ بەری نەبوون بەتایبەتی ئەولیژنەیە دانرابوون هەموو دائیرەکان ئێران دەستی بەسەراگرت و ماڵی موستەشارو ئیستخبارات حزبەکان دەستیان بەسەراگرت و لەپەنای ئەوانیش دا خەڵکی عەشائیر لەدراوسێ ی خۆی تالآنی دەکرد تادەگەیشتە خەڵکی سەر بەلایەنەکان وخەڵکی کە هەبوو چەند پێش هەڵەبجە لەئێران بووئەوانیش دەهاتنەوە بەناوی ماڵی کەسوکاریان بۆ ئێران بارێکی دەبردو هەرکارەسات نەبوو کارەساتی ئەخلاقیش بوو زۆرئاسان بوو ئەوماڵی خۆی لەماڵی ئەوی تردا دەناسیەوە یابۆسەردان دەچوو پارچەیەکی لەماڵی برادەرەکەی یاجلی لەبازار لەبەری ئافرەتێکی کەدا دەناسیەوەو زۆر شتی وا هەتاکوری حاجی رەشیدعەزیز پارەو ئاڵتونی پێ ببووبەرەو پشتی هەڵەبجە رۆیشتبوو گرتبویان یەکێ دەیوت ئێرانەو یەکێ دەیوت خەڵکی کە هەر حاڵ بەدوایدا بوون پاشان وتیان لەئێران سجنە وەهەندێ پروپاگەندە دەکرا گوایە دەستی ئافرەت براوەو ئاڵتون لەدەستی

دەرکراوە جگە لەو لیژنەیە کەپارەو ئاڵتونیان کۆدەکردەوە بۆئەوەی کەبیان نێژن لەقەبر کەسی تر شتی وای نەکردووە وەزۆری دیعایەی دوژمن بوو کەباس دەکرا من بەش بەحاڵی خۆم شتی وام نەدیبوو ئەوکات نەشم بیستبوو هەرچم دیوەو بیستوومە کەناوی زۆریانم لایە وەحەزم نەکرد ناوی هەموویان بهێنم چونکە هەندێکیان نەماون بەلاّم ئەوەی واقیعەکەیە بەوشێوەیە بووە زۆری خەڵکی کەش کەجاش و ئەمن وئامرسریەو ئامر مفرەزەی جاش بون و کەوتبونە لای ئێران هەموی گەرایەوە بۆسلێمانی جارێکی کە شانی پێیا کردەوەو رژێم لەجیاتی هەڵەبجە مدینە صدامی حەلەبجە یان دروست کردوعزت دوری هات و کردیەوە ئەورۆژەی ئەو کردیەوە پێشمەرگەی ئێمە لەدەوروبەری مالوان وشارەزووربوین چەند سەیارەو هەلیکۆپتەرو جەیشی زۆری لەگەڵ هاتبوون زۆریش لەوکەسانەی هەڵەبجە کەجیٚ مابون دەیانوتماڵی کەسوکارمان جوابیان ناردووە ماڵەکەیان بۆبەرین یابۆیان بفرۆشین لەئێران و بۆیان بەرینەوە ئەوەش خەڵکی زۆربون ماڵێکی زۆریان لەهەڵەبجە بارکردبەناوی خزمیانەوە دوای ئێران تاریشێن و دەرەگولاّن و چنارەو میری سوروقەدەفەری و قاجروئەوناوە تا ئیمامی زامن و هەموگرتبون خەریکی دروست کردنی ساتروجادەبوو و لەدوای هەڵەبجە ئەمریکا هاوکاری عێراقی کردو عێراق لەفاو هێرشی کرد بەلاّم لە ئەسڵدا ئەمریکا بەلێزەر لەفاولەهێزی ئێرانی داو پاشان عێراقیش کیمیاوی بەکارهێنا لەفاو، دەرکردنی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە بەچەکی نویٚ ی لێزەر کەجەیش و پاسدارانی ئێران کارێکی خراپ و کوشتارێکی زۆریان دا بەلاّم نەوعی چەکەکە لای ئێران مەبەست بووپاسدار لەرێگادا دەرۆیشت باڵی لیٚ دەبوەوە لاقی لیٚ دەبوەوەو سەری لیٚ دەبوەوە ناوسکی دەرژایە خوارەوە دەی سوتاندو دەی تواندەوە کاری لەزۆر شتی کە دەکرد ئەوە لەدەمی مەسئولەکانی خۆیان بۆیان باس دەکردم ئێران لەزۆر جەبهە کوشتاری لەوە زیاتریشی داوە بەلاّم ئەوەی هەڵوێستەیەکی بەئێران کردچەکی لیزەربوو چەکێکی کوشندەی ئەوشەرە بوو کەراستەوخۆ ئەمریکابەکاری هێنا دژی ئێران واتە چەکەکە ئێرانی ترساندو ئاغای رەفسنجانی سەردانی هەڵەبجەی کردو ئەو کوشتارو وەزعە ناخۆشەی هەڵەبجەی بینی ئەوەیش تەئسیری تیٚ کرد ئێران لەو بارەیەوە زۆر هاوکاری خەڵکی هەڵەبجەو ناوچەکەی کرد لەبردنی بریندارو رزگارکردنی

ئەو خەڵکە وەزۆریشی نارد بۆئەوروپا لەئەوروپاش دکتۆرەکان کەفەحسی نەخۆشـەکانیان کرد بۆیان دەرکەوت کەچەکی کیمیاویە ئـەوەیش بـوو بەگـەورەترین دەنگ و بلاْوبونـەوەی لەهەموو دنیادا ئەوەش خزمەتێکی گەورەی بەکێشەی کورد کرد یەکێك لەو بریندارانـە کـە برانە ئەوروپا عبداللەی حاجی حامید تەپەرێزینـەیی و کـوری حـاجی بـاقی و زۆری کـەش کەئـەوەش سـودی زۆری هـەبوو بۆتەئکیـد کردنـەوەی لەبـەکار هێنـانی چـەکی کیمیـاوی وەیەکێك لەوانەش کە هەڵەبجەیی بوو بەپێناسە کاك عمری حمە صاڵحی ئەحمـەد سلێمان بوو ئامۆزای مام والی محمد ئەحمەد سلێمان لـەقاجر لەعەشیرەتی هـارونی لـەعێلی جـاف وەهەزارانی کە لەخەڵکی تێکۆشەری هەڵەبجە کەئێمە نزیکەی (3) هەزار ناومان لەو ناوانـە کۆکردۆتـەوە، دوای فـاو ئێـران لـەوە کـەوت ئـەو تموحـەی گـرتنی عێـراق و کۆتـایی هێنـان بەعێراق ورژێمی صدام حسێن .

## ئەنفال کردنی بـالیسان

ئێـران هەڵوێـستێکی لەئاسـتی ئـەو روداوە سـامناکەو ئیعـادەی نـەزەری کـردەوە لـەبریاری خۆی داو بـەبریاری خۆیـدا دەچووەوە بیرلەشتێکی کـە بکاتـەوەو لەولاشـەوە نامـەی عێـراق بۆحزبـەکان ئـەوکات ئێـران دراسـەی دەکـردو وابیریـان دەکـردەوە کـەکورد لەگـەڵ عێـراق رێکـەوێت ئـەوانیش زەرەر دەکـەن هـەمو ئەوانـە لـەباس دابـون لـەئێران ،چـەند کۆبونـەوە لەکرماشان کرا لەکۆبونەوەکان کاك رەسول وکاك مسعود بارزانی وسـید محمـدباقرحکیم و شێخ محمد خالیدو کـاك نەوشیروان مستەفاو منـیش لـەوێ بەشداربووم لەگەڵ قەرارگای رەمـەزان لەکرماشـان کۆبونـەوەکان دەکـرا پـێش راگـرتنی شـەر باسـی زۆردەکـرا باسـی وەسـتاندنی شـەری عێـراق ئێـران نـەکرا لەوکاتـەدا ئەنفالـەکان کرابـوون (1و2) کرابـوو ئـەنفالێکی کـەش بـەرێگاوە بـوو بـۆلای هـەولێر هێشتا نـەکرابوو مەڵبەنـدی (3)ی یـەکێتی نیشتمانی لـەدۆڵی بالیسان بووهەرئـەو ناوچـەی خۆشناوەتی مابووپێشمەرگەی لـێ بێـت لقـی هـەولێری حزبمـان مەسـئولی نـەبوو ئـەو برادەرانـەی سـەرکردایەتی کەسـیان دوای ئــەوەی ماوەیــەك کــاك شــیروان وکــاك ســەیدکاکە چــونە خوارەوەویــەکێتی نیــشتمانی تەشـقەڵەی پـێ دەکـردن هێزەکـەیان کـەم بوولەچـاویەکێتی لەوکاتـەداو دوای ئـەو هـەموو گیروگرفتـەو شـەهید بـونی قادرمـستەفا و ئەحمـەد فـەقێ رەش و چـونی هەنـدێك بـۆلای

یەکێتی و جیابونەوەی کۆمەڵێك کادری سنوری لقی هەولێرو دهۆك و مەسئولی لق کاك قادر لەوێ بوون ئەویش سەرکەوتوو نەبوو گەرابونەوەو کاك شیروانیش دەیوت بەوهەموو ئەندامی سەرکردایەتی یە لەهەولێر بۆخۆیان نابنە مەسئولی لق و کەسیان نەیان دەوێرا برۆنە خوارەوە جگە لەسەیدکاکە ئەویش هەر لەوانەی هەولێر پێیان ناخۆش بوو ئەو مەسئولی بێت لەلق وپێشی نەدەکراو سەیدکاکەش دەیویست هەروەکو جاران قسەبکات و یەکێتی رێگای نەدەداو ئەویش بەو وەزعە نەدەچوە خوارەوەو (150) پێشمەرگەیەکیان هەبوو لقی هەولێری ئەوکاتە بەلاّم پێشمەرگەی باش بون ئەگەر مەسئولیان هەبوایەو کۆی بکردنایەوە دەیتوانی زۆرکاری باش بکەن و زەمینەش لەباربوو بۆیان یەکێتیش غرور بون سۆسیالستیان لەهەولێر بەسوك سەیردەکردو هەتا دەیانویست زۆر ئەهەمیەتیان نەدەنیّ من چومە خۆشناوەتی لەمنیان دەپرسی ئەوە لەهەولێر کەستان هەیەیاکیّ لەهەولێرە کەدەشیان زانی مەقەراتمان لەسماقولی ودۆڵی نازەنین و لەسناویّ مەقەری لێبوو هەمیشە (70–80) پێشمەرگە لەمەقەری لق و هەرێمەکان بوو شەریان دەکرد لەگەڵ عێراق و لەزۆر شەرەکانی بنە باویّ و سماقولی وزۆری کە بەشداربووبون ئەوانی ئێمەش هەروا زۆر رێك نەبون لەگەڵ یەکێتیدا بەلاّم وەکوشتێکی سیاسی و عەسکەری هێزی ئێمە لەبەرەی شەر نەبوو من لام ناخۆش بوو بۆیە پێشنیارم کرد لەسەرکردایەتی من سەری لقی هەولێر دەدەم و دەچینە هاواری ئەوهێزەوە یەکێتیش بەتەنها لەدۆڵی بالیسانە ئەوهێزەی هەولێریش کۆ دەکەینەوە وادیاربوو سەرکردایەتی پێیان خۆش نەبوو دوایی وابریاردرا من و سەیدکاکە برۆین و ئەوان و هەرێمی (6) کاك محسن بایز و هەرێمی پارێزگاری کاك محمد عەلی برازای کاك رەسول بهێنن محمد عەلی (20) کەسێك دەبوون و کاك محسن و هەرێمی شەش (50) پێشمەرگەیان حازر دەبون یاکەمتر منیش (150 بۆ200) پێشمەرگە بەرم وسەری ناوچەکەو هاودەردی لەگەڵ یەکێتی کەلەبەرامبەر دوژمن ماونەتەوە لەوسنورە من مەبەستێکی کەشم هەبوو هێزەکەمان هەندێك لەو وەزعەی هەڵەبجە دوربخەمەوە چونکە تازە شەرەکانی ئەو ناوچانە کرابوو خۆشم پێم خۆش نەبوو ئەو وەزعانەی هەڵەبجە ببینم لەنزیکەوە هەموو کەس وابزانن کەئێمە پێشمەرگەی ناوچەیەك نین و چالاکیش لەوسنورە کەم ببوەوە چونکە

شەری عێراق ئێران بوو خەڵکی ناوچەکە ئەوەی هاتبوو لەئۆردوگا لەئێران بوو ئەوەی کەشی بۆسلێمانی وباریکەو نەصرو هەڵەبجەی تازەش گەرابوەوە من پێم ناخۆش بوو ئەو هەموو پێشمەرگەیە بێ ئیش هەرلەو سنورە بێت و خۆم بەنوقسان دەزانی یەکێتی لەجەبهە بن و هێزی ئێمەش لەهەولێر دەنگی نەبێت و یابەشداریان نەدەکرد بۆئەو مەبەستە لەسەرەتای مانگی (5)وە هێزێکمان ئامادە کرد لەلقی سلێمانی مەلافائق وقادرچاوشین و رەفیق پارەزانی وصاڵح حاجی قادرمان لەگەڵ ئامادە کردو چوینە بانەو سەردەشت و بۆکاولان و لەمەکتەبی سیاسی بوین هێشتا بەفر لەدەوری کاولان مابوو بەڵام قەندیل بەفری زۆربوو رەشماڵ هاتبونە قەندیل ئێمە چوینە کاولان کاک دکتۆرمحمود وکاک رەسول لەوێ بوون چەند رۆژێك لەوێ ماینەوە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوو باسی ئەوەکرا کاک دکتۆرمحمود ماوەیەکە لەکوردستانەو وادەرمان خوارد کراوەو ئیش دەکات پێویستە هەرچۆن بێت ئیشی بۆدیاری بکرێت و لە مەکتەبی سیاسی و لەپێشا شەرعیەتی کۆمیتەی ناوەندی بدەینێ کاک دکتۆر ووتی شتێکی نیزامی و ئاساییە من دەچمە دەرەوە بۆئەوەی ئێوە بریاری خۆتان بدەن ئەوکات منیش داوا بکەن دێم دادەنیشم ... کاک دکتۆر چوە دەرەوەو کاک رەسولیش بانگی کاک دکتۆری کردو لەژوورەوە هەموی رازی بوین ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هەرلەوێش بۆ بەئەندامی مەکتەبی سیاسی ئیزافە بکرێت هەموو لایەك پێمان خۆش بوو ئەو بارەی سەرشانمان بەتەئکید کاک دکتۆر سوك تری دەکات و توانای ئیش کردنی هەیە لەوکاتەدا سەرکردایەتی، لەساڵی 1981 کۆنگرەمان گرت کاک حاجی حاجی ابراهیم خۆی هەڵنەبژاردبوو بەبریارێك کردمان بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دوایش داوامان لەکاك دکتۆر محمود کرد کەئەو بریارەش بۆئەو بدەین کاک دکتۆر ووتی خۆمن حاجی حاجی ابراهیم نیم ئەوەندە حەزم لەسەرکردایەتی بێت من لەکۆنگرە خۆم هەڵنەبژاردووە دوای (8) ساڵ کاک دکتۆر رازی بوو بەهەمان بریار، یەکێتیش هەردوای هەڵەبجە عێراق بەشێکی لەهێزەکانی گێرایەوە دواوەو لەمانگی (4) دا بۆیەخسەمەرودۆڵی جافەتی و بەگەرمی شەر دەستی پێکرد ئێرانیش هەمووڕۆژێ هەلیکۆپتەریەکی دەبردە سەرگەڵوو دەنیشتەوە عێراق وای دەزانی ساروخی کرۆزو ملوتکاو چەکی دژی تەیارە و دەبابەی تێدایە کەچی جاری وابوو

هەلیکۆپتەر دەرۆیشت سەدان مەسینەودەبەی ئاوی تێدابوو ئەوەندەی کە وەزعەکەی دەئالۆزکاند لەیەکێتی... رژێم کەوەلآمی نامەکانی بەهێرشی هەڵەبجە درایەوە و ئەنفال دەستی پیێ کردو هەموو هێزەکانی لەکوردستان وەدەرناو ئەوانەی مجلسی ئەعلاش و هەندێك پاسدار لەلای تەپەگەروسی گەرمیان بوون (300) کەسێك کەئەبو مهدی مەسئولیان بوو هەمووی کوژراو گیرا وتیاچون هەندێکی کەمیان دەربازبون ویەك نەفەریشیان لەگەڵ مەفرەزەیەکی ئێمە لەمانگی 1988/7 سیێ مانگ دوای ئەنفالەکە رزگاریان ببوون و یەکێتیش بەرەو سەقزوسەردەشت وەدەر نرابون و هەوڵیان دەدا لەقاسمە رەش مەقەرات بکەنەوە بەلآم روخابون بۆیەکێتی شتێکی تازەبوو ئەو وەزعە روی دابوو ئەوهەموو دام و دەزگایە لەناوچوبوو پارتی لەناخدا زۆریان پیێ خۆش بوو کەیەکێتی ئەو وەزعەی توش هاتبوو خەڵکی خۆیان لەشارەکانی ئێران و ئۆردوگاکان دەناردە لای خەڵکی سەربەیەکێتی ودڵخۆشیان دەکردن و دەیان بردنە لای خۆیان پارتی هیچ لەوەزعەکەیان نەگۆرابوو چونکە ئەوان مەقەریان لەراژان بوولای ئورمیە ئەوان لەئێران دەقیان گرتبوو هەرچیان هەبوو دامەزرابوو هەمووی کارەمەند بون یائیشیان دەکرد مەعاشی کارمەندی و مەعاشێکی پێشمەرگایەتیان هەبوولەئێران ئەوان لەکاتی ئازادی کوردستانیشدا هەر(15) رۆژ زیاتر لەکوردستان نەدەمانەوەو دەگەرانەوە ئێران لەبەر ئەوە خۆیان واتەنی لەحقوقی ئەودیویش نەبن...لای پارتی وەزعەکە ئاسایی بوو لای ئێمە لەبەر ئەوەی مەکتەبی سیاسی لەکاولان و لەسەرسنور بوو ئەویش زۆر تەئسیری نەبوو چونکە لەدلیێ خۆماندا تەنها بارەگای مەرکەزی تەئسیری هەیە واتە هەرچی مەقەر هەیە تیابچێت و مەقەر بگرن ولێیان تێك بچێت نەك بارەگای مەرکەزی ...بامەکتەبی سیاسی بگوازینەوەو بانەکەوێتە بەر هێرش یامەقەری لق بەبۆنەی ناوچەکەوە ئێمە دڵنیا بوین کەمەکتەبی سیاسی لەجێگای پارێزراو بوو بۆیە زۆرلامان گرنگ یاپێوە دیار نەبوو بەلآم یەکێتی کەتوشی ئەو وەزعە ببوون پارتیش کۆمەڵێکی لیێ دڵخۆش کردبون لەوانە فەقێ اسماعیل تەلان و زۆری کە هەندێکی لەوانە یەکێتی زیاتر دڵگران ببوون لەپارتی... یەکێتی چاوەریێ بوو پارتی نارەحەتی خۆی دەربریێ و هێزیان بۆبنێرێت و یاپێشوازیان لیێ بکات و پێیان بڵێت مەقەراتی پارتی مەقەراتی ئێوەیە بەلآم ئەوە هەرلای پارتیەوە

نەبوونـەكرا.... لەكۆبونـەوەی مەكتـەبی سیاسـی بریـاردرا سـەردانی یـەكێتی بكرێـت و هەرچی بەئێمە بكرێت هاوكارییان بكەین لای خۆمانەوە ئەوەی پێمان بكرێت وەرۆژبەرۆژ مەسـەلەی بـەرەی كوردسـتانی هەرلـەیاد دەچـوو لەناوەراسـتی مـانگی (5) دا ئێمـەو هێزەكـەمان گەیـشتینە كـاولان و بۆمەكتـەبی سیاسـی چـەند رۆژێ كۆبونـەوەی كۆمیتـەی ناوەندی وكاك دكتۆرمحمود كرا بەئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و پاشان مەكتـەبی سیاسـی حـزب كەلـەكۆنگرە خـۆی هەڵنەبـژاردبوو لەسـاڵی 1981 وەهـەر لەوسـاڵەدا كـاك حـاجی حـاجی ابـراهیم بـەبریارێك كـرا بەئەنـدامی كۆمیتـەی ناوەنـدی وەلـەمانگی 1988/5 كـاك عمربۆتـانی ولەسـاڵی 1992 كـاك نظـام الـدین گلـی كـران بەئەنـدامی احتیـات، لـەمانگی 1988/5 كاك سەیدكاكە لەسـەفەر لەگـەڵ من پەشیمان بوەوە ئیتر نازانم بۆنـەهات گوایـە كاك شیروان رازی نەبوو یاشتێكی لەوبابەتانەم بیست و ئەونەهات من پێم خۆش بـوو ئـەو بهاتایـە بۆئـەوەی (2)كـەس بـوین باشـتر دەبـوو هەریەكـە لەسـنورێك یاكەسـێكمان لای برادەرانی یەكێتی و ئەومان بۆئیشی حزب من دەبوو هەموو ئیشەكە بكەم كەزەحمەت بـوو فریـا بكـەوم بـەلاَم ئـەو رۆژەی لـەكاولان بـەرێ كـەوتین خاڵـە سـەیدكاكە نـەهات كـاك محمـد عەلی (12) كەسی هێناو هـات لەگـەڵمان لـەكاولان سـەركەوتین بۆقەنـدیل لـەرێگای قەنـدیل بۆشـێخ ئـایش و توشـی كـاروان و بـارد ەبـووین خـەڵكی ئـاوارە لـەئێران بۆكوردسـتان دەگەرایـەوە و لەكوردستانی عێراقـەوە بـۆئێران هـەموی سـەری لـێ تێـك چوبوو ئـەو رۆژە خـەڵكی ناسـراو شـتمان زۆربینی شـەو گەیـشتینە لای قەنـدیل لای دۆڵـە نیا ئـەو جێگـای كۆن هەوارگەی كوێخاكان لەوێ بون كاك محمدی مەلا شەریف و كەبەكوێخا رینگـۆ ناویـان دەبردئـەو پـێش هـەموو كـەس قاچـاغ ببـوو لەحكومـەتی عێراقـی چونكە لەسـەر مەسـەلەی ئـەرز لەگـەڵ اصـلاحی زراعـی تێـك چـوبوو وەتەقـەی لـێ كردبـون واتـە ئـەو قاچـاغ بـوو لەحكومـەت بـەلاَم یەكـەم كـەس چـوبوە دەرەوە لەسـەر بەرنامـە بـۆوەزعی خـۆی وەكوێخـا قـادری مـەنگۆری و كوێخـا بـایزو كوێخـا عـەلی لـەوێ ئاوێـك هەیـە بـەژێر چیاكەدادەروات وكـەس نـازانێ بۆكـوێ دەچێت بـۆرۆژی دوای لەشـێخ ئـایش هـەموو بـەفربوو سـەركەوتین بۆدیـوی پـشت ئاشـان و ئاشـقوڵكە وقرناقـان بـەلاَم شـەوێك لەپـشت ئاشـان ماینـەوە لای هەنـدێك رەشمـاڵ لـەوێ بـون بـەكامیرای ڤیـدیۆ هەموئـەو سـەفەرە رەسـم گـیراوە

بۆپێشمەرگەکان حەیوانمان بۆکرین و ئیسراحەتیان کرد هەمو پێشمەرگەیە بەتانی و شتی خۆی پێبووبەڵام قەندیل بەفربوو زۆرساردبوو دابەزینە سەرچەمەکە نیوەرۆبوو کاك محسین بایزیش گەیشتە لامان سەرکەوتین بۆدۆڵی باڵەیان ئەورۆژە تائێوارە بەرێگاوە بوین سەرکەوتین و رێگای زۆرمان بری عصرێکی درەنگ گەیشتینە دۆڵی باڵەیان دابەزینە خوارەوە بۆناو چەم و ئاو پرێکی دارگوێزو داری پەڵك و بن کاچ ئەوەی هەبوو لەسەریشەوە ماڵە پێشمەرگەو ئەوانەی رایان کردبوو حەشاریان دابوو خانوویان لەدەمی ئەشکەوتەکاندا کردبوو گوندەکانی سەرشێخان و زەنگلین و کاك فەرەیدون عبدالقادریش لەوێ بوون لەگەڵ چەند ئەندامێکی کەی سەرکردایەتی یەکێتی کاك ئازاد هەورامی تازە شەهید ببوو ئەو شەوە خۆمان لایان بوین... بۆپێشمەرگە(12) سەر حەیوانیان سەربریو ئەو شەوە لەناو ئەوداروسەرچەمەدا ئیسراحەتمان کردو بۆرۆژی دوایی بەشاخەکەدا هەڵگەراین و بەکونەکۆتردا سەرکەوتین چیایەکی کورونا خۆش بوولەودیوەوە بەسەرجادەی کۆپتاندا شۆربوینەوە واتە جادەی دۆڵی شەهیدان بۆخانەقاو قەصرێ وحاجی عمران شەو پەرینەوە لەجادەولەرێگا وتیان محمدعەلی سەرنەکەوتوەو پێشمەرگەکانی نەهاتون منیش بەکاك محسین بایزم ووت... کاك محسین ووتی ئاگام لێ نیە بەڵام لای پێشمەرگەکانی ئێمە وتبوی ئێوە خۆتان لێ زیادە و بۆکوێ دەچن کاك قادرچاوشین هات و تی کاك محمدعلی وتویەتی ئێوە گیانی خۆتان لێ زیادە دەرۆن بۆناو ئەو شەرو کیمیاویە، کاك قادر چاوشین پێ ی ووتم ئەو برازای کاك رەسولە خۆی دەشارێتەوە لەشەرو ئێمە چی بکەین ئەوشەوە لەپشت ئاشان لەگەڵمان و لەگەڵ من زۆرهەوڵی دا ئەوچونە لەبەر خاطری جلالیەو کاکە حمە خۆی بێ بریاری سەرکردایەتی دەروات وکەسمان بەساغی ناگەرێینەوەوعێراق ئەنفال دەکات ووتی من پێم وتووە بریاری حزبە دەبێت جێ بەجێ ی بکەین وئەو خۆی لەپێشەوەیەو لەگەڵمانە ئەوبۆناو ئاگریش بروات ئێمە دەرۆین و مصلەحەتی حزبە کەئەودەروات یەکێتی دژی عێراقین و ئیتر محمدعەلی جەماعەتەکەی خۆی کۆکردەوەو شەوخۆی لێ شاردینەوەو گەرایەوە خزمەکانی کاك رەسول بۆئیشی خۆیان خەڵکیان دەکوشت وکێشەیان بۆکاك رەسول دروست دەکرد بەڵام بۆئیشی حزب ئامادە نەبون کەخەتەری تیابوایە خۆیان لەقەرەی

نەدەدا بەهەرحاڵ ئەو شەو لەجادە پەرینەوە بۆچیایەکی بەرزترو دەیروانیە سەرکێوەرەش و دۆڵەرەقەو سیلیکاندا وابزانم بێرکەمەی ناوبوو هەرلەوێ بروسکەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان بۆهات بەپێشوازیەکی گەرمەوە کەزۆر سوپاسیان کردین کەلەو کاتەدا ئێمە لەدوای ئازاد کردنی ناوچەی شارەزوورو هەڵەبجەدا ئێمە چوین بۆهاوکاری مەڵبەندی (3) ی یەکێتی و لقی هەولێری حزبمان هەواربوون هەواری ماخوبزانیشی لێ بوولەپشتی پیرانەرەش و جلکان و مەڵەکان لەوێ بوون ئیسراحەتمان کردنامەیەکم بۆکاک سوارەئاغا نوسی کەدەمانەوێت بپەرینەوە لەدۆڵە رەقەوە کاک سوارە ئاغا ئەو کات مستەشاری ئەو ناوچەیە بوو پاشان کاک عوسمان بچکۆل هات جیهازی پەیوەندی راکاڵ و هۆکی تۆکیمان پێبوو لەرێگای مەکتەبی سیاسیەوە پەیوەندیم لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و لەگەڵ مەڵبەندی (3) کرد کاک سوارەئاغا ئەوکات لەگەڵ حکومەت بوو بەڵام پەیوەندی دۆستایەتی و برایەتی وهاوکاریمان هەبوو من لێیان نەدەترسام ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی شەو کاک عەلی نەبی ئامر سریە بوولەفەوجەکەی ئەو ووتی ئەودێت بەدەمتانەوە بۆهاوکاری وبۆپەرانەوەتان ئێمە بەرۆشنا دابەزین بەڵام بۆدۆڵەرەقە لەئاستی دارەبەن ئەوانە دوربوو سەعات (12)ی شەو گەیشتینە سەرچەمەکەو هاتن بەدەممانەوەو هەر چەند مەترێك (2-3) چەکداریان دانابوو خۆشیان سەیارەیان حازر کردبوو من هەر گەیشتم بەسەیارە تاگولان رۆیشتین و هەندێك ئیسراحەتمان کرد لەماڵەکان و بەرێ کەوتین تالەگولان دەرچوین ودامانە هەورازە کەبۆساویوکان رۆژبوەوە ئیتر رەبایەکانی ماکۆك ولای وەرتێ وئەوانە دیاربون لەسەعات (11)ی پێش نیوەرۆ گەیشتینە ساوسیوکان لەکوێستانی وەرتێ و مەلەکان و لەپەنای چیای کاروخە کاک سامان گەرمیانی وکۆمەڵێك لەمەسئولەکانی یەکێتی لەوێ بون کاک عبدالرحمن سەیدەو کاک سەعیدی حمەزیادو زۆری کەیان پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین و لەبەینی چیای کاروخ چادریان هەڵدابوو بەڵام دنیاساردبوو هەچەندە کۆتایی مانگی(10) بوو ئەوان داوایان کرد لەوێ (2-3) رۆژێك لایان بمێنینەوە چالاکیەکی هاوبەش بکەین و دەوروبەری وەرتێ پاك بکەینەوە ئەوچیایەی نێوان پڵنگان و وەرتێ و ساوسیوکان خۆمان ئامادە کردو هێزمان دابەش

کردو کاتمان دیاری کرد بۆهێرش کاك سامان وبرادەران پەشیمان بونەوە لەهێرشەکە نازانم هۆی چی بوو ئیتر ئێمە دوای دووڕۆژ چوینە دۆڵی مەلەکان و بۆ دەرەشێر من خۆم شارەزای ئەوناوچانە بوم بۆشێرەو بۆمێرگەسورو لەوێش بەسەیارە بۆلای بلاّلۆك ئاواو بالیسان و توتمە هێزەکەمان بەجێ هێشت ویەکێتیش کاك کۆسرەت و برادەرانیان ناردو نیوەڕۆ ڕۆیشتینە لایان کاك کۆسرەت و کاك مولازم عمر وکاك حسن کوێستانی و زۆری تر لەبرادەرانی یەکێتی لەوێ بوون زۆریان پێ خۆش بوهەستیان بەوە دەکرد کەهێزێکی کەش هەیە دێت بەهاواریانەوە لەروی مەعنەویەوە تەئسیری هەبووبۆپێشمەرگەی یەکێتی وەلەروی سیاسی وراگەیاندن و جەماوەری و هەتابۆ شارەزایش تەئسیری هەبوو بۆحزبی سۆسیالیست... بۆدواخستنی نەخشەی رژێم لەسەر ناوچەکە سەیری شوێنەکانمان کرد یەکێتی لەبەنی حەریرو سەروی خەتێ و جوانەگاو بەرامبەری کۆرەك لەپشتی ئالانەوە خەتیان دروست کردبوو لای سکتانیش هێزیان هەبوو ئێمە جەبهەی دۆڵی ئالانەو سەروی خەتێ ولای جوانەگاو بەرامبەری کۆرەك ولای بەنی حەریرمان وبناوێ و دۆڵی ئالانە مان وەرگرت و کاك رەفیق پارەزانی لەوێ بوو یەکێتی بەئازوقەوبەتانی وپێویستیەکان هاوکارییان کردین ومنیش مەقەرم لەبلاّلۆك ئاوا داناو مەقەری قیادەی جەبهەکەش لەئەشکەوتەك داناوخۆشم بۆسەردانی سنوری لقی هەولێر لەگەڵ کاك محسین بایزو هەندێك لەبرادەران چوینە مێرگەسورو پاشان بۆچێوەی سەروبۆپشتی کۆدەلە( لەگوندی کۆدەڵە ئافرەتێکی لێ بوو ناوی عایشە خان بوو زۆر خزمەتی پێشمەرگەی دەکردماڵەکەی وەکو مەقەر وابوو هەموو کات) و بۆسکتان لەچیای هەورێ وە بۆسەرجادەکەوماموستا بەکر سەرتیپی کۆیە بوو لەسکتان بووپاشان بۆکێوەسورویاسورکە کەی بەرامبەر نازەنین لەچەمەکەوە لەلای زەراعەتەکانەوە پەرینەوە بۆبەری ئاوەگرت لای باروت خانەکەو نێوان نازەنین و جەلێ لەسناوێ مەقەری لقی هەولێرلەوێ بوون هەرێمی (15) و قوەی دیدەوان و هەرێمی (8و10و11) جگە لەلق هەموویان باش بوون و نزیکەی (150) پێشمەرگەی باش لەمەقەرو مەفرەزەشیان لەخوارەوە و دەشتی هەولێرو کۆیە هەبووکاك دڵزار لەوکاتە لەخوارەوە بوو چەند ڕۆژێك لایان ماینەوە کاك سەدرەدین و کاك شێرزادی شەهید قادر مستەفاو کاك حمەسوروکاك

شێرکۆو کاك صابر فەقیانی و کاك سمکۆ مەنتك لەویٚ بوومانگی (6) بوو کۆبونەوەمان لەگەڵ هەموو مەسئول و پێشمەرگەکانە کرد کاك شێخ سەردارولقی کەرکوکیش لەویٚ بوون لەئەنفالەکان کەهاتبون لەویٚ مابونەوە کاك سعدی قەڵادزەمان بەمەسئولی ئیدارەی هێزەکە لەبەرەی ئالانەو خەلیفان داناو کاك محسین بایزو کاك مەلا فائیق بۆتەنسیق لەگەڵ یەکێتی داناو دەستمان بەجەولە دەکرد گوند زۆر نەمابون بەلاّم ئەو خەڵکەی مابوو لەگوندەکان یالەسەر زەراعەت وەکوئێمە ئەوانیش قاچاغ بون کەجەیش دەهات یاتەیارە لەهەمومانی پێکەوە دەداو هەرواش خەڵکەکە وەکو ئێمە حسابی بۆدەکراکەئەوانە هەموی بەڤیدیۆگیراوە و لامانە لەئەرشیف ئێمە رۆژانە هەواڵی هێرش و ئەنفالمان بۆدەهات و عێراق خۆی کۆکردۆتەوە... من بەبرادەرانی لقی هەولێرم ووت خۆیان حازربکەن و دورە پەرێز نەبن لەگەڵ یەکێتی و هەندێك قوەتی باشیان هێنا بۆبلاّلۆك ئاوا ووتمان لێرە نزیکەو شتێك بوو بۆبەری قەندیل نزیکە وادیاربوو رژێم ماوەیەك بوو تەرکیزی خستبووە سەر ناوچەکە پارتی کەسێکی وای لەناوچەکە نەمابوو پاسۆك مەفرەزەیەکیان لەویٚ بوو(2–3) برادەری حزبی شیوعی و بەلاّم هەموویان بەریٚ کەوتن بۆسەرسنوور، لەرۆژی 1988/7/18 لەگوندی سپی دارە لای دۆڵی ئالانە بووم رادیۆی تاران بلاّوی کردەوە کەئێران بریاری مجلیسی ئەمن(598))ی قبوڵ کردوەو ئامادەیە بۆشەروەستان ئیتر من لەو رۆژەوە بریارم دا خۆم زەعیف بکەم بۆشەری پارتیزانی دژی عێراق بۆئەوەی رێکەوتنی عێراق ئێران تەئسیرمان لیٚ نەکات بۆیە لەو رۆژەوە ئیتر من برنج و گۆشتی سورو شەکر نەخۆم وەتا ئێستایش بەردەوامم و نەم خواردووە، ئیمام خومەینی ووتی من یەك پەرداخێك ژەهر دەخۆمەوە بەلاّم مانی میللەتەکەم و کۆماری ئیسلامی گرنگ ترە لەوەی من ژەهر بخۆمەوە... من لەمانگی (4) و دوای دەرکردنی ئێران لەفاو مەسئولەکانی ئێران داوایان لەمن کردبوو کەلەسەر وەزعەکە بەراشکاوی قسە بکەین رەئی من وەربگرن بەقسەی خۆیان رەئی من لەسەر روداوەکان ئەوان حسابی بۆ دەکەن لەسەر رۆشنایی روداوەکان ئەو شەوە لەکرماشان لەماڵی ئاغای مقدەمی تهرانی بوین لەسەر بیٚ سودی شەر قسەکراو لەسەر چارەنوسی کورد لەوهەلومەرجەی شەر رادەگیریٚ قسەکرا من لەوە تێگەیشتوبوم کەشەر رادەگرن لەم ماوەیە بەلاّم من چاوەرێی کۆتایی ساڵم دەکرد واتە

ساڵی 1988 کۆتایی پیێ بێت یاچەند مانگێکی کە چونکە فاو ئێرانی شپرزە کردبوو من پێم وایە رەئی من شتێکی بچوك بوو لەبەرنامەیان چونکە ئەوان لەوەش دەترسان کورد لەگەڵ عێراق پێش ئەوان رێکەوێت بەڵام کورد هەمووهەوڵەکانی وهەمووهێلکەکانی نابوە ژێر زەمیلەی شەری عێراق ئێرانەوەو بەرنامەیان نەبوو بۆهیچ شتێك نازانم رەئی لایەنەکانی کەشیان وەرگرتبوو یانە من بەسەراحەت وەڵامم دانەوە عێراقیان پیێ ناروخیێ چونکە عێراق هەمو عەرەب جگە لەسوریا ئەویش ئەوە هەر چاوشارکیێ یەتی لەگەڵ عێراق شتی زاتییان هەیە جگە لەوەش عێراق ئەمریکا هاوکاری وپشتیوانی تەواوی عێراقی هەتا بەتازەترین چەکی لێزەر کردو ئێران زەرەری کردو بەڵام لەوە خراپ تری بەسەربێت ناتوانیێ خۆی رابگرێت بەڵام ئەگەر دەست لەکورد هەڵدەگرن بائێمەش چارەسەرێکی خۆمان بکەین هەرچەندە ئەوان واخۆیان پیشان نەدەدا بەڵام وادەرچوو کەئەوان شەر رادەگرن، لە 1988/7/18 شتی تازە نەبوو هەرچەندە بەجارێك تەئسیری کردە سەرشۆرش وکورد بەڵام مەعنەویاتی بەعێراق و جاش و جەیش دا و ئەوهێزەی یەکێتیش لەخۆشناوەتی کەوتە کەم کردنەوەی حەجمی خۆی و خۆئامادە کردن بۆچۆڵ کردنی ناوچەکە چونکە هیچ هیوا نەمابوو بەڵام عێراق شەری رانەگرت و بەگەرمی هێرشی دەست پیێ کردو مجاهدینی لەقصرشیرین و بۆسەرپێڵ زەهاو بەرەوکرماشان لەشاهابات رەدبون ئێران زیاتر وەزعی خراپ بوو، لەئێوارەی 1988/7/31 زیاتر لە (30)تەیارەی عێراق هاتە سەر دۆڵی بالیسان تەیارەکان بەهەموو جۆرە چەکیێ لەبناویێ و ئەشکەوتەو سپی دارە و خەتیێ و توتمەو بلاڵۆك ئاواو زینی داو لەمەقەری ئێمەش بەدۆشکا تەقەی لیێ کراو لەزۆر جێگاوە لەهەموو گوندەکان خەڵکی کوشت بەساروخ وبەکیمیاوی وئاگری لەگەنم و باخ و رەز بەرداوژن ومناڵ دابویانە شاخەکەو پەرۆیان تەر دەکرد و لەدەم وچاویان دەداو ئاگریان دەکردەوە لەبەری دادەنیشتن و پێشمەرگە لەدۆڵی ئالانە هاوکاری خەڵکی کردبووهەموشی بەکامیرای ڤیدیۆ رەسمی گیراوەو هەیە لامان ئەورۆژە تادنیا تاریکی کرد تەیارە لەو دۆڵەی داو دۆڵی سوتاند... وەستاندنی شەری عێراق ئێران خەڵکی ناوچەکەی زۆرترساندبوو، رۆژی 1988/8/1 زۆر خەڵکی گوندەکان بەرەو شارەکان رۆیشتن من واهەستم کرد یەکێتی لەبەر ئێمەو روگیربون ماونەتەوە ئەگینا

ئەوانیش بەتەمای رۆیشتن و کەم کردنەوەی هێزەکانیان بون و لە 1988/7/25 باسیان کرد کاك عمر کەهێزی زۆر توشی زەرەر دەبێت و ئێوە بگەرێنەوە لەدوای لێدانی دۆڵەکە بەتەیارە کاك عمروکاك کۆسرەت و برادەران وتیان پێمان باشە ئێوە بگەرێنەوە ئێمەش جگە لەهەندێك هێزی کەم کەس لێرە نایەڵینەوە و ئێمە لەرۆژی 1988/8/3 لەدەرەشێر هەموو هێزەکە یەکی گرتبوو بۆدۆڵی مەلەکان و ساوسیوکان بۆ هەمان رێگای پێشووی دۆڵی شاورو دۆڵەرەقەو بۆ هەوارەکانی بێرکەمە لەپشتی وەرتێ وە مەفرەزەی خۆشمان لەگەڵمان هات و لەکۆپیتان پەرینەوە بەری قەندیل و بۆپشت ئاشان شەولەوێ بوین و سەرکەوتن رۆژی دواتر واتە 1988/8/4 بۆقەندیل وشێخ ئایش و بۆکاولان، لەرۆژانی 5و1988/8/6 کۆبونەوەمان بەپێشمەرگە کرد لەکاولان و قسەم بۆکردن لەسەر ئەهمیەتی جەولەکەو گەرانەوەی هێزەکەو شەری عێراق ئێران و راگرتنی شەریش لایەنی سلبیەکانی و لایەنی ئیجابیەکانی ئەو شەرە تاچی رادەیەکەو حزب پێویستە خۆی بۆ بەرگری کردن ئامادە بکات وکێشەکەمان لەژێر تەپوتۆزی شەری عێراق ئێران دەچووە بچوك ترین شەروجولاَندنی سیاسی وسەربازی گەورەیەو ئێمە شەرمان بەبێ ئەوەی خواستی خۆمان بووبێت ببوین بە بەشێك لەوشەرە ئێستا پێویستە دەوری زیاترو شێوەی شەر زیاتر بگێرین لەگەڵ واقیعەکەدا بگونجێ هەرلەرۆژی 1988/7/18 ئێران جەیشی خۆی و هێزی لەهەڵەبجە وهەموو جێگایەکی خاکی عێراق کشاندەوە لەشلێروشارباژێرو لەهەڵەبجەو شارەزورو سورێن و هەورامانەوە من پێش رۆیشتنم هەوڵم دا کەمەقەرەکانی سورێن لەحمەشێت و مرگوزەل و هەورامی وسوڵتان باشتربکەین لەمڵەخوردیش پلەی مەلامستەفا چاك بکەین و لەکەرەجاڵیش شتی زۆری لێ نەمێنێ و هەمووی سەر بخەن بۆمەقەرە کۆنەکان و مەقەری لق پێشتر کەلە چەمی زەڵم بوو ئەویش زۆری شتەکانی بۆسەرەوە سەر بخەن  بۆکانی خەیاران و هەرێمی (5) و قوەی کاژارو لق بۆ کانی خەیاران لەگەڵ مەکتەبی عەسکەری داو هەرێمی (21) بۆحمەشێت و سورێن هەرێمی (2) وناوچەی هەڵەبجە بۆپلەکەی مڵەخوردوهەرێمی (3) بۆکانی خەیاران وهەرێمی (4) و قوەی  شەهید عەلی عەسکەری بۆنۆکان و هەمووی دابەش کران، لە1988/8/2 مەفرەزەیەکی قوەی شەهید عەلی عەسکەری کەلەئەنفال و کیمیاوی جێ مابون و دابرابون زیاتر لە(3) مانگ

گەیــشتنەوە لامــان لــەدۆڵی بالیــسان (12) کەســیان ئەوماوەیــە زۆربەزەحمــەت خۆیــان پاراستبوو لەوانەی مجلیسی ئەعلا لای دەرەوار ئەویشیان هێنابوەوە بۆدۆڵی بالیسان ودوایـــی لەگـــەڵ ئێمـــە هاتنـــەوە بۆکـــاولان واتـــە رۆژی 1988/8/6 گەیـــشتینە کـــاولان وکۆبونەوەم بەپێشمەرگە کردلەویٚ لەسەرسەفەرەکە قسەم بۆکردن پاشان من لەکاولانەوە گەرامـــەوە لەگـــەڵ هێزەکـــە بۆمـــەریوان، لـــە1988/8/8 لەبانـــە بـــوین، لـــە1988/8/9 گەیشتینەوە کانی دینارو ئەوناوە ئێران رۆژیٚ پێش ئەوە واتە رۆژی 1988/8/8 عێراق شەری بەرەسمی لەگەڵ ئێران راگرتبووئێمە خەریکی خۆ رێکخستن بوین بۆمەقەرات وجێگای خانوو چاك کردنی لەکانی خەیاران و مڵەخورد و رەنگین و حمەشێت ومرگوزەل هەر خەریکی خۆئامادە کردن بوین بۆشەری پارتیزانی لەوماوەیەدا ئێران هەڵوێستی هەروەکو خۆی وابوو بەلاٚم خۆیان لیٚ دەشاردینەوە دەبوو ئێمە بەدوای ئەواندا بگەرێن و ئێمە ئیشمان بەئەوان بوو نەك ئەوان ئیشیان بەئێمە هەبێت لەدوای ئەنفال وکیمیاوی لەمانگی (9)دا عێراق عەفوعامێکی دەرکرد بۆهەموو کورد جگە لەشەخسی مام جەلال لەوعەفواتە هەندێك خەڵکی رۆیشتنەوە عێراق لەو عەفواتەش مەبەستی هەبوو کەوای دەزانی کێشەی کورد تەواو بووەو شتێکی وا نەماوە لەوەش بەهەڵەدا چوبوویەك مانگ بۆئەوانەی لەدەرەوەی عێراقن و هەفتەیەك بۆئەوانەی لەکوردستانن،

## دەستپێشخەری سۆسیالست و یەکێتی سەر ئە نجام بەرەی کوردستانی لیٚ کەوتەوە

لەمانگی 1988/10 مەفرەزەکانمان لەشارەزووروشارباژێرولەناوشاری سلێمانی وعەربەت وزۆرجێگای کە پەیوەندییان دروست کردو کەوتنە کارکردن لەولاشەوە لەگەڵ ئێران هەرخەریکی قسەکردن و رێگامان لیٚ نەگرن بۆچالاکی قەرارگای رەمەزانیش جارجار سەری لیٚ دەدایـن وئەوان خۆیـان بەمەسئول دەزانی بەرامبەرمان، لەمانگەکانی 11و1988/12 زیاترخەریکی خۆرێکخستن بوین هەموو لایەنەکان وەزعیان خراپ بوو رۆژێك کاك نەوشیروان و کۆمەڵێك لەمەسئولینی یەکێتی سەردانی مەکتەبی سیاسی ئێمەیان لەکاولان کرد قسەمان لەگەڵ کردن بۆمەسەلەی بەرەی کوردستانی کاك رەسول لەوبارەیەوە قسەی کرد ووتی عێراق بەهەمو شێوەیەك دژی کورد بوو ئەوەلە میللەتەکە دورخرابوەوە حزبەکان فاصیلەیەك دروست ببوو لەگەڵ جەماوەردا چەند مەفرەزەیەکی

یەکێتی نیشتمانی ومەفرەزەی حزبی شیوعی و ئێمە نەبێت ئەوان لەگەرمیان وقەرەداغ ئێمەش لەشارباژێروشارەزوورو جارجاریش ناوشاری سلێمانی وئۆردوگاکانی شارەزوور بوین بەهۆی ئەو جیهازو هۆکی تۆکیانە دامان نابوو هەواڵی کوردستانمان بۆدەهات لەسورێنیشەوە خەڵکی بەکۆڵ قاچاغچێتی دەکرد وەخەڵکی وەرەقەی دەکرد لەرێگای (UN) وە تەسلیم بەعێراق دەبوو خەتەر لەسەر میللەتەکە تێپەربوو گەیشتە سەرحزبەکان... حزبە سیاسیەکان تاخەتەر نەگاتە سەرخۆیان هەنگاو بۆهەندێك شت نانێن بەلاّم ئەوجار خەتەر گەیشتە سەرخۆیان هەرلایەنێك بەپارانەوەیەك خەڵکی خۆی رادەگرن...مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی لەبەلەکە جارەوقەرەداغ لەئەوهەموو ئیمکانەتەوە چەند پێشمەرگەیەك لەچادروخانوی وشکە کەڵەك لەدۆڵەناوبون، پارتی رێگایان دورنەبوو هەرلەکەرەجاڵ تاجافەران و بەجێگای خۆیاندا هاتنەوە مەقەرەکەی پێشوویان لەدۆڵەناو ئێمەش بۆکانی خەیاران لەبلکانەوە وەسەرکردایەتی حزب لەنۆکان بوو..سەرکردایەتی یەکێتی بۆقاسمەرەش وناوزەنگ کەلەساڵی 1976و1977 دا لەوێ بون... کاك سەیدکاکەووتی کابرایەك کورێکی بووە نابویە لای مەلا دەی خوێندو(30)جزمەکەی تەواوکردبوو دووکتێب مابووتەواوی بکات هەرجارەی یاجزمێك دەکەوت ودەهاتەوە دواهەموو رۆژێ باوکی لیّ ی دەپرسی رۆژێك ووتی بەباوکی ئەمرۆ هاتومەتەوە جزمی عەمە باوکی باڵی گرت و ووتی نایەڵم برۆیتەوە چونکە ئەگەروابروات دەگەرێتەوە سکی دایکت... ووتی ئێمەش (13)ساڵ پێش ئێستا لێرە بوین ئێستا هاتوینەتەوە دوری ئەشکەوتەکەی ناوزەنگ خۆباوکیشمان نیە باڵمان بگرێت تانەرۆینەوە دوری دایکمان وە ووتی ئێمە بوینەتە فەقێکەکەی وەزعمان باش ولەچێوە باشە.... ئێران داوای تەدریبی دەکرد وخۆمان ئامادە بکەین ومانۆرێك لەکرماشان بکەین وهەرلایەنێك هێزی خۆی پیشان بدات مجلیسی ئەعلایش دەبابەوتۆپ و هەموو چەکێکی ئێرانی پێبوو ئێمەش لەشکاوی هەڵهاتووە هاتبون برادەرانی ئێمە لەسەرکردایەتی زۆرلایان قورس بوو یاخەڵکیان پیّ کۆنەدەکرایەوە یاهەر باوەریان پیّ نەبوو لەورۆژانەدا کاك نەوشیروان مستەفا سەردانی کاولان ومەکتەبی سیاسی سۆسیالیستی کردبوو کاك رەسول وبرادەران داوایان لیّ کردبوو کەیەکێتی دەست پێشخەرییەك بکەن و بابەرەی کوردستانی بکرێت وەکو دەڵێن

دوای باران کەپەنەك یادوای ....... چوارمشقی دەدات یاتورك دەڵێت کورد دوای شکان ئـەقڵی کاردەکـات کـاك نەوشـیروان ووەفـدی هـاوریٚ ی زۆربێزاربـوون لـەپارتی و باسـی ئـەوەیان کـرد کەدڵخۆشـی پێـشمەرگەیان کـردوەو نـاوی فـەقیٚ اسماعیـل تـەلان وحـاجی سـەعیدی قەڵـەم پاشـاو هەنـدێك ناویـان هێنـان کـەپارتی لەوکاتـەدا دڵخۆشـی کـردون و بردونێتیە لای خۆی هەرلەوکاتانەشدا رژێم هێرشی کردوخۆشناوەتیش گیراو چۆڵ کراو مەڵبەندی (3)ش هاتەوە نۆکان وئێمە لقی هەولێرمان لەناوزەنگ و هەرێمی (4) و ناوچەی دوکـان هەرلـەنۆکان بـوون وەزعـەکان ئـاڵۆزبوو نائومێـدی زۆربـوو ئـەنفال وکیمیـاوی و کوردستان سوتابوو...کوردستان بیٚ مرۆۋ بوو جگـە لەچەندئۆردوگایەك دامەزرابون کاك نەوشیروانیان قەناعەت پێکردکەبەناوی تەعزیـەی کاك ادریس وە واباشـە یـەکێتی سـەری راژان بـدات و دەبێتـە هـەنگاوێکی ئیجـابی پـارتی هەمیـشە خـۆی بەگەورەوقەبـە دەزانـی وهەمیـشە دەبێـت خـەڵکی بـروات بـۆلای ئـەو بۆمـاڵ ئـەوان ئێمـە لـەوە شـارەزا تربـوین بەتایبـەتی ئەوبرادەرانـەمان کەلەشۆرشـی ئـەیلول پـارتی بوون کاك نەوشیروان بریـاری دا کـاك رەسـول کـاك قادرجـەباری نـارد ئاگـاداری مەکتـەبی سیاسـی پـارتی بکـات کـەکاك نەوشیروان وکاك رەسول و مەکتەبی سیاسی یـەکێتی دێنـە سـەردانتان بەبۆنـەی تەعزیـەی کاك ادریس... کاك رەسول ووتی پێم باشـە مەسـەلەی بـەرەی کوردسـتانیش تـەرح بکـەین وقسەی لیٚ بکرێت هاتنی یەکێتی بۆراژان بەئەهمیەتەوە وەربگرن چونکە ساردی هەیـە و ئـەمانیش لەوسـەردانە بەسـاردی بگەرێنـەوە وەزعەکـە ئاڵۆزتردەبێـت و لـەم نائومێدیـەدا خراپتر رووەدات یەکێتی رادیۆکەیان لەسەقزبوو رادیـۆی پـارتی هەرلـەراژان بـوو رادیـۆی ئێمـەش لـەکاولان بـوو بـەڵام پـێش ئـەوەی کـاك قادربگەرێتـەوە کـاك رەسـول بـەبرادەرانی یـەکێتی ووت بائێمـەش بـرۆین خۆهـەموو کوردین و پرۆتۆکـۆلی ناوێـت و مەقـەری کـوردە هێـشتا کـاك قادرجـەباری لـەویٚ قسـەی تـەواو نـەکردبووکاك رەسـول وکـاك نەوشـیروان و برادەرانـی کـەش گەیـشتنە راژان و لـەویٚ دابـەزین پـارتی خۆشـیان سـەریان سـورمابوو یـەکێتی چۆن سـەری راژانـی داوە بەتایبـەتی کـاك نەوشـیروان ومـام جـەلال نەرۆیـشتبونە راژان دوای ئەوەی باسی تەعزیەی کاك ادریس کراو کاك مەسعود هـاتبوەوە لـەبادینان و ئەویش ناردیان حازربوو بۆلای وەفدەکە کاك رەسول باسـی ئـەوەی کردبۆیـان کـەوەزعی

کورد خراپەو میللەتەکە خەریکە تەواو دەبێت وسەرە هاتۆتە سەرحزبەکان وخۆمان بۆیە پێویستە پەلە لەبەرەی کوردستانی بکەین و پەیوەندی دووقۆڵی یەکێتی وپارتی بکرێت و کێشەکە گەورەیەو هەرەشە لەهەمووەمان دەکات هەروەها کاک رەسول ووتی پێم باشە هەردولا خۆتان پێکەوە شتی خۆتان باس بکەن یائێمە ژوورەکەتان بۆچۆڵ دەکەین یائێوە برۆنە جێگایەکی کە ئەوان هەردوولا چونە ژوورێکی کەو دوای یەك سەعات زیاتر هەردوولا بەپێکەنین و قسەی خۆشەوە هاتنە دەرەوە وتیان لەسەر زۆرشت رێکەوتوین و ئێستا دەست نیشان کردنی لیژنەیەك بۆلیژنەی ئامادەیی بۆبریاری کۆتایی وصیاغەو پرۆگرام وپەیرەوی بەرەی کوردستانی عێراق ولیژنەیەك لەنوێنەری یەکێتی وسۆسیالیست وپارتی دیاری کراو جێگایەکی بۆش بۆ حزبی شیوعی عێراق مایەوەو ئاگاداریان بکەن کەبۆ (2-3) رۆژی کە نوێنەری ئەوانیش بگات بەڵام ئەم(3) لایەنە دەست پێ بکەن وابزانم کاك فەرەیدون وکاك قادرجەباری وکاك فاضل مطنی وکاك فرەنسۆدانرابون هەرلەوێش پارتی پێشنیاریان کرد مەقەری بەرە لەکوێ بێت لەسەرئەوەی لەراژان بێت رێکەوتن کەئەوەش بۆپارتی گرنگ بوو مەقەری بەرەی کوردستانی لای ئەوان و کلیلی بەرە لای پارتی بێت مانای بارەگای بەرە لای ئەوانە ئەوە هەنگاوی یەکەمی بەرەبوو لەورۆژەی بەرە راگەیانرا و راگەیاندنی بەرەی کوردستانی هەرچەندە لەسەرەوە کێشەوگیروگرفتی هەبووبەڵام لەخوارەوە ئومێدێکی بەپێشمەرگەو ئەوخەڵکە ئاوارەیەی ئێران داو بەرەی کوردستانی هەرچەندە حزبە عێراقیەکان وهەندێك لەمارکسیەکانی کوردستان دژی بون ودەیانوت بەرەی کوردستانی لەحەجم ولەحەرەکەی وەتەنی عێراق جیا دەبێتەوەو هەرەشەی دابەش بونی عێراق دەکات لەوقسە لاوازانە دەکرا بەڵام بەرەی کوردستانی توانی رایەڵێك لەنێوان جەماوەروپێشمەرگەوشۆرشدا دروست بکاتەوەو توانی ئومێدێك بەخەڵکی کوردستان بدات وتوانی ئەوتەمومژەی بەسەرچاوی خەڵکی کوردستانەوە بوو بیرەوێنێتەوە... هەموو لایەك دژی بەرەی کوردستانی بون هەتا ئێران و سوریاش تاهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 1992/5/19 ئەوکات بەرەی کوردستانییان پێ باشتر بوو لەپەرلەمان و حکومەت.. نەئێران و نەسوریا پێشوازی وەفدی بەرەیان نەدەکرد وەکو حزبەکان دەیان کرد ئێمە لەدڵی خۆماندا هەربەناوی بەرەوە

دەچوین بەلاًم ئەوان هەربەحزبەکان سەیریان دەکرد پاشان بەرەی کوردستانی بەرنامەی دەرچوو رۆژنامەوگۆڤاربوو بەئەمری واقیع ولیژنەی پارێزگاکانی بۆدامەزرا رێکخراوی (KRA) فریاکەوتنی دروست کرد لەحزبی سۆسیالیست ویەکێتی و پارتی پاشان پاسۆك لەدوای ماوەیەك پاسۆك هاتە ناوبەرەی کوردستانی پاش یەك ساڵ پارتی گەل و دوای ئەوانیش لەساڵی 1990 حزبی زەحمەتکێشانیش هاتە ناوبەرەی کوردستانی و بوو بەهاورێییەك بۆرێکخراوە مرۆیەکان لەدەرەوەی ولاًت پارەو جل و شت کۆدەکرایەوە و دەیان نارد بۆبەرەی کوردستانی و لەسەر ئاوارەکان دابەش بکرێت، مهندس عبدالرحمن نوێنەری پارتی بوو کاك شێخ عبدالکریم شەدەڵە نوێنەری یەکێتی بوو کاك نەوزاد رۆژبەیانی نوێنەری سۆسیالیست بووکۆمەڵەی فریاکەوتن یا رێکخراوی (KRA) یان دامەزران ئەوکات (102356) ماڵە ئاوارە لەدوای بون کە (KRA) کرا هەمووی رێك خستبون وئۆردوگا ئۆردوگاو پارێزگا پارێزگا جیای کردبونەوەو کارێکی باشیان کردبوو، ساڵی 1988 ساڵێکی پر کارەسات وماڵ وێرانی بوو ئەنفال وزیاترلە (72) هەزار خەڵکی بەناوی ئەنفالەوە تیاچووکیمیاوی هەڵەبجەو دۆڵی بالیسان وقەرەداغ وسیوسێنان و گۆپتەپەوبادینان و زۆر جێگای کەی کوردستان وێران کردنی نزیکەی (5)هەزار گوندی کوردستان...بۆکورد ساڵێکی پرمەینەتی بوو پردەردە سەری و ئاوارەیی و دەربەدەری بوو رێکخراوی کرای لەوپارەیە لەدەرەوە دەهات بەناوی پەناهەندەو ئاوارەوکیمیاوی هەڵەبجەوە وە چەندلۆریەك جل و پێویستی هات و پارەش چەند وەجبە هات یەکەم وەجبەی (50)هەزار دۆلاریان کرد بەتومەن ئەوکات دۆلارێك بە(112) تومەن بوو بەقسەی لیژنەکە ئەوەیش دەیکردە(810 160 5)ئەوەنە تومەنی دەکرد کەبۆئەوکاتە زۆربوو بۆ (102356) کەس، ئێمە لەساڵی 1988 هەربەردەوام بوین بەلاًم پارتی سەرگەرمی ئەوەبو ئەوەی تازە هاتبوو لەدائیرە دای دەمەزراندو مەعاشی بۆپەیدا دەکرد لەئێران ورێکی دەخست حزبی شیوعیش بەکۆمەڵ و شتی تریش بەرێی دەکردن بۆسوریاو کوردستان چۆڵ بکەن و زۆربەی عەرەبەکان ئەوانی کەش لەدۆڵە ناوی ئێران و لەراژان و لەنۆکان و لەزۆرجێگای کەش مەقەریان دانابوو یەکێتی نیشتمانیش بەکۆمەڵ بەرێیان دەکردن نزیکەی (80) کەسیان بەتەیارەیەك لەگەڵ کاك عمری سید عەلی بەرێ کرد وزۆرجاریش

باسـی ئـەوەیان دەکـرد لـەرێگای رێکخـراوە فەلەسـتینیەکانەوە جێگـای (400) کەسـیان لـەلوبنان کردۆتـەوەو رەوانـەی ئـەوێیان دەکـەن هەریەکـە هـەوڵی دەدا هەرچـی مـەفرەزەی یـەکێتی هـەبوو لەگـەرمیان توشـی زەرەر بـوون ئـەوەش لەوکاتـەدا کارەسـات بـو بـەلاَم هەرخۆیان راگرتبـوو ئێمـە خانومـان دەکرد لەسـورێن کـەس مەقـەری لـەدیوی کوردسـتانی عێـراق نەمابووجگەلـەحزبی سۆسیالیـست هـەتا سـەرکردایەتی سۆسیالیـست بـاوەری بەوکارە نەبوو زۆرجار بەتەعلیقەوە باسی ئـەوەیان دەکـرد دەنگوباسـی سورێن وسلێمانی هـەموو دەنگوباسـی ناوچـەکە یـەکێتی بەکـەمی بۆیـان دەهـات لـەرێگای جیهـازەوە لەگـەڵ یانەو ئێمەش رۆژانە لەناو ئۆردوگاکان وناوشارەکانەوە بۆمـان دەهات رۆژانـە مـەفرەزەمان لەشارەزوورو زۆرجێگای کە بوو مەقەری هـەرێمی (21) لەسـورێن وئەشکەوتی حمەشێت ومرگوزەل بوو هەتا مەفرەزەی لایەنەکان بەتایبەتی یەکێتی دەبوو لـەرێگای ئێمـەوە برۆنـە خـوارەوە هەرئـەوانیش مـەفرەزەیان دەچـووە خـوارەوەو مـەفرەزەی حزبـی شـیوعیش لەخوارەوە گەرانەوە لەقاجر کەوتنە سەرلوغم کاك مستەفا قاچی بەرکەوتبوو پێشمەرگەی ئێمـە چـون سـەریان خـستنەوە واتـە بەشـارەزایی سۆسیالیـست کـەس نەیـدەتوانی هاتووچـۆبکات هـەتا ئێـرانیش بۆهاتووچـۆی سۆسیالیـست لەبەرئـەوەی مەقـەری هـەبوو لەخوارەوە لەدیوی عێراق رێگای هاتووچۆیان دەدا زیاتر لەساڵی 1988 کەشـەری ئێـران عێراقی تێدا وەستاو کۆتایی پێهات بەلاَم ئێران کـەم تـازۆر هەرپـشتیوانی لـەکورد دەکـردو هاوکـاری ئێمـەیان دەکـرد هـەر رۆژەی هـەواڵێکی نـاخۆش دەهـات بـەلاَم ئێمـە لەسـورێن کەرەسەی شۆرشێکمان شاردبوەوەو فیشەك وچەك ودۆشکەو هاوان و گولە تۆپ و هـەموو جۆرە پێویستیەکی شۆرش مەقەروجێگاشمان بۆکاتی لەبارئامادە کردبوو هـەرکات ئێـران زەختی خستە سـەرمان بـەرەو سنوری سورێن برۆین ومل نەدەینـە هەنـدێك بریـار هـەموو جـۆرە تـەوەقوعات دەکـرا لەوماوەیـەدا خـەڵکی سـەری لـیَ شـێوابوو دەگـەرێتـەوە بـەعێراق وەلـەئێران کـەس جێگـای بـەخۆی نـەدەگرت لەچـۆڵ کردنـی شـارەزووردا زۆر کـەس دڵـی وەسـتاو لەسـەر زەراعـەت و لـەماڵی خۆیـدا مردبـوو خـەڵکی ئەوەنـدە لەنارەحـەتی دابـوو وەزعی نەفسی خراپ بوو کەس نەیـدەزانی چـی بەسـەردێت عێـراق دەسـتی لەشـەر بـەتاڵ ببوو یەك ملیۆن جـەیش وجاشـی هـەبوو چـەکی زۆرو زەبەنـدی دوای شـەری عێـراق ئێـران

بۆمابوەوە سەرکەوتنی ئەو دوایە بەسەرئێران بەدەست هێنابوو بەڵام سودێکی دەست نەکەوتبووئەوەی ئەوبەتەمای بوو بۆی نەکرابوو خۆی بەکوێخای هەموو عەرەب دەزانی زۆریان قبوڵیان کردبوو زۆرجار ئیهانەی مەلیك فهد وحسنی مبارەکی کردبوو لەکۆبونەوەی بەغدادو ئوردون و لەکۆبونەوەیەکیش قسەی بە حافظ اسد وتبوو بەڵام هەربەوە رازی نەبوو وای دەزانی ئەو شەرەی بۆهەموو عەرەب کردووەو ئەوان ئەوهەموو پارەو نەوت و ئیمکانەتەیان هەبێت و ئەویش توشی قەرزو نیوملیۆن خەڵکی کوژراوبریندارو سەقەت ببوو وەزۆرسەرچاوەی ئابوری لەدەست دابوونەوتی رێگای سوریاو زۆری پرۆژەکانی و وەستاندنی زۆری کەیان ئەو جەیشە زۆرەش پێویستی بەپارەو ئیمکانیەت هەبوو لەدوای ئەو شەرە یەك ملیۆن جەیش ئاسان نەبوو مەساریفی رۆژانەی ئەو نەخشانەی دروستیان کردکە ئەهوازو ناوچەی عەرەبی ئێران بخەنەوە سەر خاکی عێراق سەرکەوتوونەبوو عەرەبەکانی ئەهواز بەرگرییان کردو شەریان کرد دژی عێراق ئەو بۆچونانەی معارەزەی ئێرانی بۆعێراق وەکو خۆی دەرنەچوو ئێران خۆی راگرت و بەرگری کرد ئەگەر یارمەتی عەرەب و ئەمریکا نەبوایە و دواجاریش چەکی لێزەری نەبوایە دژی ئێران مساحەی عێراق و دەسەڵاتی عێراق کەم دەبوەوەو تۆپی ئێران زۆرجێگای دەگرتەوە لەکوردستان هەڵەبجەوشارەزوورو شاربازێرو شلێروبەشێکی زۆرلەبرادۆست و سیدەکان وحاجی عمران بەدەستی ئێرانەوە بوو لەخوارەوەش فاوو حەوێزەو جەزیرەی مجنون و چەند جێگای کەش بەدەستی ئێرانەوە بوو عێراق لەبەرەی شەر بەرامبەر ئێران لەروی بەشەریەوە هێزی لێبرابوو لەزۆرجێگا بەڵام چەك و هێزی هەوایی ئێران وزەی لێبرابوو هێزی هەوایی عێراق بەهێز دەگەیشتە هەموو جێگایەکی ئێران ساروخی عێراق دەگەیشتە تهران و شارەکانی ئێران هێزی زەمینی ئێران تەنها کیمیاوی ولێزەر دواجار کاری تێکردو چۆکی پیٚ دادا بەرامبەرعێراق ولە شەرەکەدا بەهەر ناخۆشی و زەحمەتێك بوو ساڵی 1988 مان بەریٚ کردو پێمان نایە ساڵێکی نادیارو چاوەریٚ کراوی پر ئومێدەوە لەلایەن کوردەوە نەهێشتنی شۆرش و کوردیش لەلایەن عێراقەوە، ساڵی 1989 ساڵێکی پرلەگۆرانە جیهانیەکان بوو بەتایبەتی هەڵتەکاندنی سیستمی شیوعیەت لەیەکێتی سۆڤیەت داو پارچە پارچە بوونی ئەو وڵاتە گەورەیە

گۆرباشـــوف ســـەرۆكی ســـۆڤیەت بـــوو هـــەوڵی دەدا بۆگـــۆڕینی ئـــەوزەرەرە ئـــابوری و كۆمەڵایەتیـــەی ســـۆڤیەتی تێكەوتبووبەهـــەر لایەكـــدا دەرۆیـــشت هەرچـــی هـــەوڵی دەدا رۆشناییەكی پەیدا نەدەكردو جولاّندنی ئەو ولاّتەش لەوانەبوو خەتـەربێت و هـەر بـەردێك لـەو وشـكە كەڵەكـەی دیـوارێكی بـەرزی هەڵـچنراو دەربێـت هـەموی هـەرەس بكـات و بۆیـان رانـەگیرێ ئـەوەش نـەمانی یـەكێ لـەو جەمـسەرەی دنیـای رۆژهـەلاّت و رۆژئـاوا بەسـودی بەرامبەرەكـەی و سۆسـیال دیمـوكرات لـەرۆژئاوا كۆتـایی دێـت.... سـاڵی 1989 سـاڵێكی پڕلەگۆڕان بوو بۆكورد شتێكی وای تێدانەبوو بزوتنەوەی كوردایەتی لەكوردستانی عێراق وەسـتابوو جەماوەرەكـەی لـەئۆردوگاكان هەرەشـەی لـەناو چـونی لـێ دەكـراو تواندنـەوەو پاشمـاوەی ئـەنفال وكیمیـاوی ووەزعـی نـاخۆش بوولەكوردسـتان چـۆڵ بـونی گونـدەكانی كوردستان ئێمەش وەكوحزبی سۆسیالیست بەگشتی ولقی سلێمانی بەتایبـەتی خـەریكی خۆ رێكخستن و جارجار چالاكیەكی عەسكەری دەكردو خەریكی دەكردنی گۆڤاری سورێن بوین گۆڤاری لقی سلێمانی حزب بووبە بەردەوامی و چەند نامیلكەیەك بلاّو كـراوە لەسـەر روداوەكانی كوردستان ..كۆچی ئیمام خومـەینی و نامـەی ئیمـام خومـەینی بۆگۆرباشـوف بۆئەوەی واز لەشیوعیەت بهێنێ و سودی نیە و دەبێت بگەرینەوە سـەر ئـەدیانی خـوایی و ئاسمانی و پێویست ناكات ئەوچەند ساڵە فریویان خواردووە لەو بابەتانەو روداوی كەش روی دا لەكوردسـتان و ناوچـەكەو جیهانـدا، لـە 1989/1/1 سـاڵی پرمەینـەتی 1988 مـان بـەرێ كـردو پێمـان نایـە سـاڵی نوێـوە... سـەرلەبەیانیەكەی مـن لـەماڵی خۆمـان لـەكانی دینارلبوم وەزعەكە ناخۆش بووعینوانی سەر موفەكەرەكەم ئەم ساڵیش هەروەكوساڵەكانی تـر زۆر گـۆرانی بەسـەردا نـەهاتبوو جگـە لـەوەی سـەیارەیەكی داتـسونی مـۆدیلی1984 لەجەیش بەجێ مابوو لەنێوان بەشارەت وسیرواندا هەندێك سەربازی لادا كوژرابـوو لەگـەڵ سـەیارەیەكی كرۆنـای شین و ئـەوەی داتـسۆنەكەشی پێبووپێشمەرگە هەنـدێك تەقـەی لـێ كردن و چوینە لایان كاك عمری مام عەلی ووتی تۆ رازیـت ئـەم سـەیارانە چاك بكەمـەوە و بیـان خەمـەوە ئـیش یـەكێكیان بۆتـۆو ئـەوی تریـان بـۆمن وتم چـی لـەوە باشـتر دەبێـت هەرلەوێ هەنـدێك بەدەوریانـدا هـات وخستیە ئیش كـردن وئەوسـەیارەیەم زیـادی كردبـوو لـــەژمارە (11)وە بـــوو بـــەژمارەی (4422) داتـــسۆن، رۆژی 1989/1/1 رۆژێكـــی

بەفروسەرمایەکی زۆربوو، لەرۆژانی 2و1989/1/3 هەر لەکانی دینـاربوین، لـە1989/1/4 ئیمام خمینی نامەیەکی درێژی بۆمیخائیل گۆرباشوڤ سەرۆکی سۆڤیەتی نوسیبوو لەگـەڵ دوو نوێنەری خۆی بۆمۆسکۆو داوای کرد کەخوایارمەتی دەدات و خۆشی داوای لـیٚ کـرد ئامادەیە بۆهاوکاری وپشتیوانی بەمـەرجێك مەسـەلەیەکی گـرنگ هەیـەو مـەجرای مێژویی خۆی و جیهان و کۆتایی بەمارکسیەت وشیوعیەت بهێنیٚ وتی (70) ساڵە سجنێکی گەورە بۆخەڵکی شورەوی دانراوەو بیٚ بەری کراون لەهەموو ژیان ونیعمەتێکی خوایی هەردەبێت بگەرێنـەوە بۆلای ئەسڵی خۆی و هـەموو کـەس بۆلای خـوا بگەرێتـەوە بۆدینی ئاسمـانی کەشـتێکی پـێش وجودیـەت بـوو نامـەی ئیمـام خمـینی هـەنگاوێکی نـویٚ بـوو نەتیجەشـی هەروا دەرچوو، لە1989/1/5 چوینە مەریوان و گەراینەوە بەفرێکی زۆرباری بوو لەرێگادا سـەیارەکە دەی بەسـت وەتایـەکانی دەی بەسـت لـەرێگادا رادێتەرەکـەی دەی بەسـت زۆر سەیربو، لە1989/1/7 دا لەسەرچەکی کیمیاوی لەبەریتانیا کۆبونەوە کراو لەم رۆژانەشدا هــەروا کەوتــەوە سەرســاحەی جیهــانی..ئــەمرۆ ئیمپراتۆریــەتی یابــانی هیرۆهیــستۆ ئیمپاتۆریـەتی یابـان کۆچـی دوای کـرد لەسـاڵی 1926 وە کاربەدەسـتەو لەتەمـەنی 87 سـاڵیدا کۆچـی کردوبەتەمـەن تـرین حکـومرانی جیهـان بـوە تائـەورۆژە، لـە1989/1/8 لەشـاری سـنە بـوین، لـە رۆژانـی 10و11و1989/1/12 هـەر لەسـنە بـوین دنیـا سـارد بووبەفربوو جارجاریش لای فیتەر خەریکی چاك کردنی سەیارە کۆنەکەمان بوین ئەو رۆژە کاك عبدالله هەمزەو کاك مـەلافائیق و کـاك شـێخ توفیـق زۆرمانـدوبون و تاقـەتیان نـەمابوو خۆیـان رابگـرن لـەدیاری چاك کردنـی سـەیارەوە، لـە1989/1/13 سـەری نەخۆشـخانەی سـنەم دا دووپێـشمەرگەمان خـەریك بـوو بخنکـێن لەبـەفردا غـەریب فـەتاح پێنجـوێنی و حمیدکانی بەردینەیی کەلەمەفرەزە بۆشـارەزوور لەسـورێن لـەناو بـەفردا لـەمردن رزگاریـان ببـوو بـەلاٚم قاچیان بـەفر بردبـوی و ئەگـەر فریـای خەسـتەخانە نەکەوتنایـە بـەرەو مـردن دەرۆیشتن و لەخەستەخانە دەرچون، لە1989/1/15 سـەری بیمارسـتانی ئـەودیومان داو کـاك محمـود بـاوکی کـاك ئەحمـەد مـان خـەوان لەخەسـتەخانە دنیـا سـارد بـوو خـەریکی نوسـینی گۆڤـاری سـورێن و بابەتـەکانی بـوم حـازرم کردبـوو بۆچـاپ، لـە1989/1/16 بـرادەران نـارازی بـون لـەوەی  کەمەکتـەبی سیاسـی جیـاوازی دەکـات یـاگویٚ ناداتـە

کادرەکانی خۆی ئەوە نەبوو خۆی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەرئەوەندە توانایان هەبوو لەئیشی منیش رازی نەبوون مەکتەبی سیاسی حزب بەگشتی و سەرکردایەتی وایان دەزانی من دژی ئەوان کاردەکەم بەلاّم من لەراستیدا دلّسۆزی بۆحزب بوو نەك دژی ئەوان من مەبەستم سەرکەوتنی حزب بوو لەهەمووبوارێکدا، لە1989/1/17 چوینە کامیران و بۆکرماشان مەقەری علاقات بەلاّم دنیازۆرساردبوو بەفر زۆر باریبوو هەرئەوەندە بەتانی تێدا بوو بەشی مامۆستا مەلاناصیح بکات و لەخۆی ئالاّندبوو ژوورەکەی گەرم نەدەبوو بۆهاوین خانوەکەی خۆش بوو لەترسی سەرما چوینە ئوتێل و لەوێش ئیسراحەتمان نەکردلەسەرمادا ناخۆش بوو، لە1989/1/19 کۆبونەوە هەبوو لەگەلّ مەسئولین کەبۆئێمە دیاری کرابوون و شەو گەراینەوە کامیران لەمالّی کاك توفیق بوین، لە1989/1/20 میوانمان هاتبوو لەکادرەکانی مەکتەبی سیاسی شەویش هەرلەویّ بون، لە1989/1/22 سەری مالّی مام رۆستم مان دا لەسنە مالّیان لەخیابانی نمەکی بوو، لە1989/1/27 لەسنە بوین سعیدصالّح جبر بەیانی دەرکردو ئەویش خەباتی سیاسی دەکرد لەلەندەن دژی رژێم، لە1989/1/28 هەرلەسنە بوین کاك مولازم کەریم هات کاك مەلاهەژارو کاك بەکریش لەویّ بوون کاك مولازم کەریم لەو وەزعەدا قسەی پیاوانەو ورەی بەرزی هەبوو قسەکانی زۆر باش بوو زۆرئومێدم بەقسەکانی هەبوو کەدرێژە بەخەبات بدات چونکە زۆری سەرکردەی لایەنەکان روخا بون وەزۆریان بۆدەرەوەی ولاّت دەرۆیشتن چونکە سالّی 1989 سالّێکی پرنائومێدی بوو حەرەکەی کوردی شکابوو لەرووی سەربازیەوە وەزۆر لەمەسئولین هەولی ئەوەیان ئەدا لەناو ئێراندا خۆیان دابمەزرێنن ئەو هەموو مەسئولەی لایەنە سیاسیەکان کەپێش ئەنفال ودەرکردنیان لەکوردستان بکوژوبرخۆیان بون و حسابیان بۆکەس نەدەکرد هەموو وەکو دەسی شێر کەوتبون لەئێران هەریەکە بەدوای کارتی سەوزو بەلّگە و سەفیان ئەبەست بۆکۆپین خوا خوایان بوو دوای پیکابیان دەست کەوێت سوارین تێیا و لەسەیتەرەی ئێرانە دایاندەگرتین و لەبەر یەك هەلّیان ئەوەشاندین زۆریان ئەگیران و سجن ئەکران وەدوای ئەوەی کەلەسالّی 1991 گەراینەوە بۆکوردستان بەداخەوە هەموو ئەو شتانەیان لەبیرچوو گەرانەوە سەر ئەقلّیەتیەکەی پێشوتر، لە1989/1/30 هەر لەسنە بوین کاك رەسول وخالّەحاجی هاتن

بۆسنەو بۆسەردانی لقی سلێمانی، لە1989/1/31 لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆمەریوان و شەو لەماڵی کاك عبدالخالق لەسەوڵاوا بوین و ئەوشەوەش ناخۆش نەبوو، لە1989/2/1 کاك رەسول سەردانی زۆر لەبرادەرانی کرد کەلەو گوندانە بڵاو بونەتەوەو هەر لەگوندێك هەمووی کۆدەبوەوەو لەماڵێك لە سەوڵاواو قلاجی و جوجەسازی و مەریوان وکانی دینار، لە1989/2/2 بەفرێکی زۆردەباری دنیا زۆرساردبوو لەگەڵ برادەرانی کادرو کاك رەسول وخاڵەحاجی و کاك شیروان چوینە دزڵی وبۆکانی خەیاران وسەری مەقەری لقیان داوبرادەرانی هەرێمەکانیش هەرچەندە بەفر زرۆبوو جێگای هاتووچۆی ئەومەقەر بۆمەقەرەکەی کەی گرتبوو هاتن و دوای عصر گەراینەوە بۆکانی دینار بۆماڵی ئێمە ماڵێکمان لەکانی دینارو ماڵێکمان لەسنە بوو، لە1989/2/3 لەگەڵ هەمان وەفدوبرادەرانی خۆمان چوینە سەردانی مەقەری هەرێمی (1و2) و ناوچەی هەڵەبجە لەملەخوردو لەپلەی مەلامستەفای زەڵم لەسەروی کەرەجاڵەوە بەلام ئەوەندە ساردبوو تاگەراینەوە سەیارەکان بەستبووی یان زۆربەزەحمەت ئیشیان کرد(4-5)سەعات ماینەوە لەناوبەفرەکەداو گەراینەوە شەولەماڵی کاك عەلی بچکۆل بوین، لە1989/2/4 لەبارام ئاوا بوین من وخاڵەحاجی چوین بۆمەریوان لەرێگاکاك مەلاخالیدی دێکۆنیمان تووش بوو هەڵمان گرت لەگەڵ خۆمان بردمان کاك مەلا خالید حەزی لەشیعر دەکردو شیعرەکانی خۆی دروستی دەکردن و چوارگۆشەی دەکردن هەرسواربوو خاڵەحاجی بەشیعرێك بەخێرهاتنی کردو هەربەشیعر تاچوینە مەریوان نەی هێشت قسەبکات بۆیەکەم جاربوو مەلاخالید واتووش ببێت خاڵەحاجی (4)هەزار(کلمەی بیت شعری) شاعیرانی لەبەربوو خۆشی هەندێك شیعری هەبوو گەراینەوە بارام ئاوا شەولەماڵی کاك حسێن خەلیفە کۆبونەوە هەبوو لەگەڵ کاك رەسول و ئەندامانی لق و ئامر هەرێمەکان من حەزم دەکرد کاك رەسول قسە بکات برادەران ئەو هەموو بۆڵە بۆڵەی بەسەرمندا دەیات کرد حەزم دەکرد هەردوولا قسە بکەن هەردوولایان هەر بۆڵەیان بەسەرمندا دەکرد زۆرکاك رەسولم جولاند لەبەرچاوی برادەرانی لقی سلێمانی هەتا لەمن تورە ببێت بۆئەوەی هەم کاك رەسول و هەم برادەرانی لقی سلێمانیش بزانن من چەند گوێ رایەڵی سەروی خۆمم کاك رەسول تورە بوو ووتی بەمن تۆ هەمیشە تێکدەری و تۆ خەریکی کتلەبازیت هیچ شتێکی

وانەبوو وادیاربوو کاك ڕەسول قسەی دڵی خۆی کرد من زۆربەسنگی فراوانەوە وەرم گرتو ووتم کاك ڕەسول پێم خۆشە بەگژی منیشدا بچیت بەڵام قسە بکەیت هەرباشە دوای کاك ڕەسول هەوڵی دەدا وای دەزانی من دڵم لیٚ ی عاجزبووە من دڵم لەکاك ڕەسول عاجز نەدەبوو چونکە پیاوێکی بەڕێزو دڵسۆزبوو بەڵام هەرئەوەندەی توانا هەبوو، لە1989/2/5 کۆبونەوەی فراوانی کادیران هەبوو دوای سەری مەقەری پارتی لەدزڵی داو نیوەڕۆیش لەماڵی کاك عەلی بچکۆل بوین و ئێوارەش لەماڵی کاك محمد صوٚفی عەلی لەئۆردوگای دەربەندی دزڵی بوین، لە1989/2/6 گەراینەوە بۆسنەولەویٚ شەولەماڵی ئێمە بوین لەگەڵ کاك ڕەسول و خاڵەحاجی و برادەرانی کەش، لە1989/2/8 لەسنەوە چوین بۆکرماشان لەسەرداوای کۆماری ئیسلامی لەویٚ مەراسیمێك هەبوو ئاغای زەرینی نوێنەری رابەری وئیمام جومعەی کرماشان وقەرارگای ڕەمەزان لەویٚ بون و هەرچی حزب (2-3) کەیش بوو هەموویان  کۆکردبوەوە ناوی حزبی وایان دەبرد هەرناوم نەبیستبووتائەوکاتە حزب اللەی کاك شێخ محمد خالید هەبوو حزب الله کاك شێخ ئەدهەم هەبوو حزب اللەی ژمارە (12و13)و لەوبابەتە دەبیست ئەو شوێنە هەرلەجێگای کۆبونەوەی حزب نەدەچوو هەرئەو ڕۆژە سەری لای جوانرۆو گوندی بانگیان مان دا، لە1989/2/9 گەراینەوە کرماشان کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەیانوت شوێنەواری شەری عێراق ئێرانمان پیشان بدەن بۆ دووسیٚ مەبەست یەکیٚ بۆئەوەی کەهەندێك ئەونارەحەتیەی حزبەکانی دۆستیان برەوێننەوەو بۆئەوەی بزانین هەر ئێمە زەرەرمان نەکردووە ئێرانیش چەند زەرەری کردووە بۆئەوەی ئێمە بڵێین ئێران هەرگیز بەدڵ لەگەڵ عێراق رێك ناکەوێت و هەردوولا هەردەبێت لەبیریان بێت ناوچەکان و قوەتی عەسکەری و ئیداری و ئابوری ئێرانیش لەکەنداودا، لەشەوی 9-1989/2/10 لەمەقەری علاقات بوین لەکرماشان کاك خلیل یش لەویٚ بوو، لە1989/2/10 لەکرماشان یەکێکمان لەگەڵ بوو بۆتەوزیح دان بەناوی ئاغای پەنایی لەقەرارگای ڕەمەزان لەسەر ناوچەکان، لەلایەن پارتیەوە کاك مولازم عەلی و چەند کەسێك وەلەلایەن یەکێتیەوە کاك شەوکەت و کاك شێخ جعفروچەند کەسێك وەلەحزب اللەکان سەرکردەکان وەلەحەرەکەی ئیسلامی کاك عبدالرحمن نەورەسی بوو نزیکەی (40) کەس دەبوین هەموومان هەریەك لەبیرو باوەرێکی جیاوازو هەریەك لەحزبێکی

جیاواز هەموو وەکو کەشتیەکەی نوح لە لەپاصیکی(تی.بی.تی)دا سواریان کردین و هەر لەکرماشان دەرچوین گەیشتینە لای شاهابات دەستیان کرد بەشەرحی ئەوەی مجاهدین چۆن عێراق یارمەتی داوەوهاوکاری کردون و هێرشی بەپشتیوانی دەبابەو ئەو هەموو سەیارەی پیێ داون کابرا شەرمی دەکرد شارەزا نەبوو ئەگەر بڵێت مجاهدین ئەوەندە زۆرە لەبەرچاوی ئێمە ئەوە اعترافە ئەو وای پیێ باش بوو بڵێت خۆیان کەم بوون ئەو هەموو سەیارەیە کەهەر (3)کەس سەیارەیەکیان دابونێ لەعێراق یەك سائیق و دووچەکداری تێدابووبەری سەیارەو دەبابە لەئیسلام ئاباد دەرچوو بەرەو کرماشان دوای هەر لەقصرشیرین بوو قسەکانی تەواو نەکرد من پێم بری ووتم لێرە راوەستە ئەوە عێراق هەلیکۆپتەروهەربە(3)کەس سەیارەکی دەداتێ و ئەو هەموو دەبابەیە دەدات بەمعارەزەی ئێرانی ئێوەش (20) حزب و (50) کەستان لەپاسێکی کۆندا کۆکردەتەوە وەکو کەشتیەکەی نوح بەتەمان عێراق بڕۆخێنن کابرا دەمی بوو بەتەڵەی تەقیوو نەیدەزانی چۆن وەڵامم بداتەوە کاك شەوکەت و کاك مولازم عەلی ئاگادار بوون لەو وەزعە کابرا ووتی ئاخر ئێوە بۆخوای دەکەن ئەوان بۆئستکباری دەکەن هەرلەوێ نمونەیەکم بۆهێنایەوە ووتم لەسەرەتای شەر لەسنوری مەریوان ئێوە کوردی ئێرانیتان دەنارد بۆجاسوسی هەواڵتان بۆبهێنێ ئەوە کابرا هیچ نەبوو چەند رۆژێك لەئیشتان دەکرد کەدەچووە عێراق بەهۆی کەسوکاری یاناسراوێکی وە دەیان زانی ئێران ناردویەتی پێیان دەوت دەعوەتیت ئەو شەو لایان دەبوو لای عێراقیەکان یالای حکومەت بەیانی دەیان ناردەوەو دەیانوت بڕۆرەوە دوایی سەرمان لێ بدەرەوە هەرلەوێ (10) هەزار دیناریان دەدانێ و بەیانیش لەبازار دەیانزانی حەزی لەچیەو بۆیان دەکری و هەرچی دەزانی بەوانی دەووت و دەگەرایەوە داوای یارمەتی لەئێران دەکرد دەیانوت خوائەجری رەحمەت بدا ئەوە جاری دووهەم هەموو هەواڵەکانی بۆعێراق دەبردو لەجیاتی ئەوەی ئێران سودی لێ وەربگرێت بایی پارەکەی بەئەوان دەداو بایی خودا ئەجرت بدات بەئێوەی دەدا کەهەرهیچ بوو پاشان بەرێ کەوتین، لە 1989/2/10 چوینە ئیسلام ئابادبۆ پول دوختەروئەندیمشك ولەلای خورەم ئابادو ئیلامەوە ولورستانەوە بۆ شوشێ و بۆئەهواز ئەو رۆژە(22) بەهمەن بوو لەئوتێل جیهان سەرای بزرگ بوین لەئەهواز، لە1989/2/11 چوینە حمیدیە

سۆسنگروبستان (یابسێتین) لەوێ جێگایەکیان پیشان داین گۆری (100)ئافرەتێکی لێبوو وتیان ئەمانە سوپای عێراق هەموی گرتبو دوای ئەوەی دەست درێژی کراوەتە سەر ناموسیان هەمووشیان کوشتون و لەوێ بەکۆمەڵ خستویانەتە چاڵەوە جەیشی عێراق شتی وای لەکوردستانیش کردبوو لەئەنفالەکان بەتایبەتی لەئیشی ئەوان دەچوو هەموی لەوێ قەبریان بۆکردبون بەلاّم ئێران بەشێوەیەکی باش رێکیانی خستبوو، لەحەوێزەو زەڵکاوەکانی دیوی ئێران نیوەرۆ لەسەتادی پشتیبانی جنوب دەعوەت بوین ونانیان بۆکردبوین و لەوێش بردینیاینە ژووری عەمەلیاتی جنوب لەسەر نەخشە زۆر تەوزیحیان بۆداین لەئێوارەی 11-1989/2/12 دەعوەتی ئاغای جزائیری نوێنەری رابەروئیمام جومعەی ئەهواز بوین بەلاّم وەفدەکەیان کەم کردینەوە لەهەر حزبێك دووکەس هەموومان زۆر نەبوین وەفدێکی ماقوڵ بوین لای ئاغای جزائیریش دانیشتین و دوای بەخێرهاتن برادەرێکی ئێرانی لەگەڵمان بوونـاوی ئاغای پەنایی بوووەئاغای زارعی مەسئولی تەدەروکاتی قەرارگای رەمەزان بەسیارە ئازوقەوە بەدوامانەوە بوو لەوێ ئاغای پەنایی نـاوی حزبەکانی دەخوێندەوە کەچەند حزب هاتووەتە سەردانی سەرەتا لەشێخ محمدخالید حزب اللەوە کابرا زۆری پێ خۆش بوو بەگەرمی بەخێرهاتنی کرد دوای ئەو حەرەکەی ئیسلامی و وتیان بەرابەری عوسمان عبدالعزیز لەحەرەکەدا پێ ی باش بوو لەئیسلامیدا هەر باش بوو کار گەیشتە عوسمان هەندێك ناوچاوی گرژبوو دوای ئەو شێخ ئەدهەم بارزانی کەوتی بارزانی کابرای ئیمام جومعە وتی بارزانی ئەزانم لەولاوە کاك مولازم عەلی خۆی پێ نەگیراو ووتی من نوێنەری پارتی و بارزانیم و سەرۆکی حزب کاك مەسعودبارزانی کوری مەلامستەفای بارزانی یە شێخ محمدخالید ووتی برازای ئێمەیە مەسعود، من سەرۆك عەشیرەتی بارزانیشم لەوێ کابرا نەیدەزانی سەیری کامیان بکات لەوانیش رزگار بوین یەکێتی نیشتمانی و کاك شەوکەت قسەی خۆی کرد بەقیادەی مام جەلال تێ ی گەیاندپاشان من زانیم لای من دژوار دەبێت کابرای لەگەڵمان بوو هەروا کەوتی حزبی سۆسیالیست باوەربکە وەکو دەمی تەورێك لەناوچاوی بدەیت هەرپێ ی خۆش نەبوو سەیری دەموچاوم بکات ئیتر منیش هەربەپەلە بەفارسی شەرحێکی کورتم بۆکرد کەئێمە موسڵمانین و لەسەرەتاوە لەگەڵ ئێران پەیوەندی دۆستانەمان هەیەو

هـەبووەو دەبێـت و لەوبابەتانـە کـابرا هەنـدێك مجامەلـەی کـردم بـەڵام سۆسیالیـستەکە هەرلـەلای سـەیربوو نـاخۆش بـوو کـابرای هـام رامـان ووتـی ئـەوە فـلاَن کەسـە لـەهاوین بـەرێگاو لەشـەر هەربـەرۆژوە ئـەو تێگەیـشت لای ئاغـای جـزائیری بـاش بـوو بـەروی سـپی دەممـان لەیـەك بـوەوەو دوای قـسەو نەسـیحەتێکی زۆر گەراینـەوە بۆئوتێـل ئەوشـەوە هەرباس باسی جزائیری بوو لەئەهوازەوە یا خورەم شاریائابادان سەر ئەلوەن روت کە شط العربی پیێ دەڵێن بەرامبەری ئوم ریاس لـەنێوان بصرەو فاودا دوای لـەبهمت شیرەوە چوین بەرامبـەری خۆر عبداللە نانمان لەوجەزیرەیە لەناودارخورمایەکی زۆردا خـواردو لەئابادانەوە کەتەنها ئاوەکە لەگەڵ سەربازی عێراق بەین بوو جارجاریش هـەر تەقە دەکرا لەسـێبەری داردا بـوین هـەوا گـەرم بـوو نزیکـەی (28) پلـە بەسـەرەوە بـوو خـەڵکی زۆر بەکراسـێکەوە دەگـەران تەلـەفونم کـرد بۆسـنە هـەواڵی هـەوام لـیێ پرسـین وتیـان ئـەمرۆ قوتابخانـە نـەبووە لەبـەر زۆری بەفروسـەرما منـاڵ نـەیتوانیوە بڕواتـە قوتابخانـە لەسـنوری ئابـادانیش لەسـێبەری دار دانیـشتبوین ئەوەنـدە جیـاوازی هەیـە لـەنێوان ناوچـە جیـا جیاکانی ئێراندا لەویێ مناخ و ئاوهەوا هەرئەوەشە چوار وەرزە هەموو میوەوشتێکی هەیـە لــەویێ بــەهارێکی درەنــگ بــوو لەچــاو ئــاو هــەوای شــوێنەکانی کــەدا، لــە1989/2/13 لەئـەهوازەوە بـۆ رام شەهروبۆشـەهرەکی تەڵـەقانی و بـۆ ماهـشهر(مـانگ شـار) بۆبەنـداوی ئیمـام خمینی لەکەنداو بەقەیاخ چوینە بەنـدەری ماشـهر سـەیری کەشـتیە سـوتاوەکەمان کردلەکەنـداو لـەکاتی شـەردا سـوتابوو دەیـانوت ئـاوی کەنداویـشی گرتـووەو نەوتەکـەی رژاوەو هـەر نەدەکوژایـەوە کەچـوین سـەیرمان کـرد بۆخـۆی شـارێك بـوو چـوینە بەنـدەری مجیدیـە بەرامبـەر سـعدیە و ئەوبـەری لای تەنگـەی هـورمزو نـانی نیوەرۆمـان لەماشـاهر خواردو گەراینەوە بۆئەهواز شەو لەئوتێل جیهان بزرگ بوین و ئاغای دانایش سەیری لیێ دایــن (ئاغــای دانــایی مەســئولی عەمــەلیاتی جنــوب بــوو)ســەفەرێکی نــاخۆش نــەبوو بۆئەوکاتـەو لەوهـەموو جێگاوشـوێنی ئێـران و جێگـای مقاومـەو هـەموویان لـەزۆرجێگا پیشان داین و

سەفەرەکە هەرچەندە تێکەڵ و پێکەڵ بوو بەڵام خراپیش نەبوو داخی دڵی ئێرانیەکانمان بۆئاشکرابوو هەرکات بۆیان بکرێت ئاشتی لەگەڵ عێراق ناکەن، لە1989/2/14 لەئەهوازەوە گەراینەوە بۆ ئەندیمیشك ودیزەفول و پول دوختەروئیسلام ئاباد و بۆکرماشان و شەو گەراینەوە بۆسنە بۆماڵی ئێمە، لە1989/2/16 جەیشی سۆڤیەتی کوشتارێکی زۆری لێکرا لەکابوڵ ئەورۆژە دادەنرێ بەرۆژی شکاندنی سۆڤیەت لە ئەفغانستان وتەفروتونا بوونی هێزەکەی چونکە سەرەتای داتەپینی سۆڤیەت وەدەرکەوتبوولەم کاتەدا هەرئەوەش رۆژبەرۆژ بەرەو پاشە کشەی لەئەفغانستان دەکرد، لە1989/2/16 یەمەنی شمالی و عێراق و مصرو ئوردون رێکەوتن نامەیەکیان لەبەغداد مۆرکرد لەسەرئیشوکاری سەربازی صدام حسێن و حسنی مبارك وعلی عبدالله صالح و مەلیك حسێن پێکەوە ئیمزایان کرد کەئەوەش عێراق بەتەمای شتێکی کەبوو علی عبدالله صالحیش لەترسی سعودیەو یەمەنی جنوبی بوو مەلیك حسێن و حسنی مبارك دەیانویست سود لەعێراق وەربگرن لەهێزوتوانای سەربازیش چەندین خەیاڵی کەو عێراق لەخەیاڵی کەدابوو ئاش لەخەیاڵێك و ئاشەوان لەخەیاڵێك بوو، لە1989/2/19 لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆسەقز لەبەر زۆری بەفروساردی دنیاو خراپی رێگا سەیارەکە بەئێوارە گەیشتینە سەقز شەو لەئوتێل سەقزی ئەوشارەماینەوە، لە1989/2/20 لەسەقزەوە بەرێ کەوتین بۆ بۆکان ومهابادو نەغەدەو رەزائیە، لە1989/2/21 تانیوەرۆهەرلای فیتەر بوین لەرەزائیە بۆچاك کردنی سەیارەکەمان، لە1989/2/22 لەگەڵ کاك قادرجەباری چوینە مەقەری بەرەی کوردستانی لەراژان کاك ئەبوحکمەت نوێنەری حزبی شیوعی لەوێ بوو کاك جەبارفەرمان و کاك مولازم شوان چەند سەعاتێك دانیشتین لەژوورێکی باریکی دوومەتر پانی (6)مەتر درێژی لاکێشی ناخۆش دابوین و هەرجێگانەبوو بۆ بەرەی کوردستانی وادیاربوو پارتی جێگایەکیان دابونێ هەربەکاری خۆیان نەدەهات کاك قادرجەباریش نوێنەری حزبی سۆسیالیست بوو لەراژان لەبەرەی کوردستانی بەڵام فەقیرە هەر خەریکی زەمی سۆسیالیست بوو کاك ئەرسەلان بایزیش ماوەیەك ئەویش هەردژی یەکێتی بوو لەبەرەی کوردستانی لەراژان رۆژنامەکەیان ببوو بەجێگای معارەزەی حزبەکان کاك عەلی بچکۆلی یەکێتی نیشتمانی چەند مقالەیەکی

نووسی لەسەر ئەوە یەکێتی هەندێکی مابوو ئیعدامی بکات کاک نەوشیروان وتبوی کاک علی بچکۆل لەسەر ئەوە بۆڵە دەکات ماڵی من لەسەقزەو ماڵی ئەو لەسەردەشتە ئەگەر جیاوازیش بێت هەرئەبێت وابێت من ماڵم لەسلێمانی بووە دەبێت لەسەقز بم ئەو ماڵی لەسورقاوشان بووە دەبێت ماڵی لەسەردەشت بێت قسەکەشی لەوەی کاک نەوشیروان دەچووئەو ماوەیە هەرچی نارەزای حزبەکان بوون ناردبویان بۆراژان بۆبەرەی کوردستانی، لە1989/2/23 لەرەزائیەوە لەگەڵ خاڵەحاجی و شێرزادی شەهید قادرمستەفاو سەدرەو کاک دڵزارو سەیدعبدالله کەردزی بەرێ کەوتین بۆسەقزونەغەدەو خانەو ئالوتان وکاولان و بۆمەکتەبی سیاسی کاک رەسول و کاک سەعد لەوێ بوون بۆوەرگرتنی بریارو تۆڵەی شەهیدقادرمستەفا کاک رەسول رازی بوو دکتۆر رشید بکوژرێتەوە لەجیاتی شەهید قادر مستەفا، لە1989/2/24 گەراینەوە بۆئالوتان و خانەو نەغەدەو بۆرەزائیە و شەولەماڵی کاک مەلاناصیح بوین لەگەڵ مامۆستامەلا ناصیح چوین بۆلای پارێزگاری ئورمیەو لێیان پرسیبوو لە پرسگاکە ناوت چیە... وتبوی مەلاناصیح..ووتی مەلاناصر..ووتی ناصیح..ووتی ناسیع..ووتی ناصیحە...هتد باشە، لە1989/2/25 لەگەڵ خاڵەحاجی لەرەزائیەوە چوینە سەقزو دیواندەرەو بیجارو زنجان و شەو لەقەزوێنەوە بۆتهران دەچوین سەعات (1)ی شەو گەیشتینە تهران و چوینە ئوتێل اطلس لەخیابانی تەڵەقانی وچوار رای فشر ئاباد و لەوێ لامان داوخاوەنی ئوتێلەکە ناسراوبووناوی ئاغای سەیفی بووناسراوی خاڵەحاجی بووپیاوێکی باش بوو داوای وەرەقەی ئوتێلی لێ نەکردین خاڵەحاجی پری گیرفانی وەرەقە بوو دانەدەماین شەو لەوێ پشویەکماندا هەرچەندە من زۆرماندوو بوم لەرەزائیەوە بۆسەقزو دیواندەرەو تهران دوربوو من سائیق بووم نزیکەی (750)کم بوو، لە1989/2/26 خاڵەحاجی ووتی مام جەلال لەئوتێل ئیستقلالە باسەرێکی لێ بدەین منیش پێم باشبوو چوین بۆسەردانی مام جەلال لەوێ حەرەسی هەبوو تاچوینە لای وادیاربوو هەندێك ناساغ بوو وەحەزیشی لەقسە نەدەکردزۆریش پێ ی خۆش نەبوو بۆخاڵەحاجی خاڵەحاجی ویستی قسە بکات بەدەست ئیشارەتی دایەوە وەختی قسە نیە لەبەر ژووری ئوتێلەکە تەسجیلی نهێنی تێدایە دوای هەندێك مجامەلە گەراینەوە جێگای خۆمان..خاڵەحاجی زۆرهاوکاری و

یارمەتی یەکێتی دابوو لەوماوەیەدا لەتهران بوین هەر لەئوتێل برادەرانی مەسئولینی ئێرانی ئاغای عەلەوی و ئاغای کاظمی هاتن بۆلامان و قسەمان لەسەر روداوەکان و بەرنامەی داهاتوو کرد، لە1989/3/1 هەرلەتهران بوین، لە1989/3/2 دەعوەتی کاک دکتۆر فواد معصوم بوین من وخاڵەحاجی وتامین خانی ماڵەوەمان لەئوتێل ئینقلابی تهران دەعوەت بوین مەتعەمی ئوتێلەکە لەسەرەوە دەسورایەوە، پاشان هەموو ئیشەکانمان تەواوکرد لەتهران و گەراینەوە بۆکرماشان لەقەزوین وتاکستان و بەهاروهەمەدان و سەعات (7) گەیشتینە کرماشان، لە1989/3/4 لەکرماشان بوین شەولەئوتێل بوین، لە1989/3/5 کۆبونەوە هەبوو لەگەڵ دۆستان لەوێ هەرئەورۆژە لەکرماشانەوە بەرێ کەوتین بۆ کامیران و سنە پێش ئەوەی بگەینە ماڵەوە خاڵەحاجی هەرلەوێ خۆی لێ شاردینەوە عبدالله برام وگەلاوێژی خۆشکم لەوێ بون، لە1989/3/6 لەگەڵ خاڵەحاجی دا چوینە ئوستانداری سنە ئاغای جلالی زادە جگربوو ئاغای ئوستانداری سنە ناوی علیبی تالیش وەئاغای بێگی مەسئولی پەناهەندەیی بوو لەسنە پاشان چوینە قەرارگای سنەو بۆ سەقزو شەولەماڵی کاک ابراهیم خدرمیران بوین کادرێکی حزب بوو خاڵەحاجی وتی دوای خۆمان خێزانەکەی کاک ابراهیم هەمووئەو جلانانەی لەسەری دانیشتبوین بەقورە سورە دەی شۆرێ هەورەها وتی هەرکەسێ بچێتە ماڵیان دوای هەمووی دەشورێ لەوێوە چوینە بۆکان و بۆماڵی حاجی کاکە حمەی شەدەڵە لەوێ بوو بۆسەردانی چوین پیاوێکی باش و ناسراوی ناوچەکەو لەشێخەکانی حەقەی لەشەدەڵە دادەنیشیت ئەویش وەکو ئەو خەڵکە رای کردبوو ئەوشەوە لای حاجی کاکەحمە ماینەوە قسەی زۆرمان کردو حاجی پیاوێکی ئاقڵ ودنیا دیدەیش بوو سوودمان لەو شەوە وەرگرت لەقسەکانی وتەجروبەی، لە1989/3/8 هەرلەبۆکان وسەقز ماینەوە، لە1989/3/9 گەراینەوە بۆسنە، لە1989/3/11 چوینە مەریوان وکانی دینار، لە1989/3/12 گەراینەوە مەریوان داوامان لەئێران کردبوویادی هەڵەبجە بکەینەوە ئێمەش خەریکی ئامادە کردنی بەرنامەی هەڵەبجە بوین چونکە موافەقەتیان کردبوو ئێران لەگەڵ راگەیاندنی سۆسیالیست کاک شاخەوان مەسئولی راگەیاندن بوو (هەمزە ساڵەیی) ئێستا لەئەڵمانیایە لەشاری میۆنیغ دادەنیشێت ئەو کارەکانی ئامادە دەکرد،

له1989/3/13 لەمەریوانەوە بۆشاری سنە لەویٚ لای فیتەر بوین بۆچاك کردنی سەیارە سەیارەکۆنەکەمان ئەوکات حزب هەمووی (3) سەیارەویەك تراکتۆری هەبوو بۆئیش کردنی حزب بەریٚ کەوتین بۆدزلّی بەلاّم بەسەیارەکان هەر دانەبەزین باران بوو گەراینەوە تەنها ئیٚمە دەمانتوانی هەم لەگەلّ ئیٚرانیەکان وهەم لەگەلّ جەماوەری زۆری ئۆردوگا لەسنوری مەریوان کۆبکەینەوە بەبیٚ ئیٚمەش یادی هەلّەبجە نەدەکرایەوە ئەگەر بکرایە سەرکەوتوونەدەبوو تیپی شانۆگەریش هەر سۆسیالیست بون و تیپی یاری تۆپیٚن هەر سۆسیالیست بون کاك عبداللەی برام هەلّی دەسوراند یەك هەفتەبوو بەرەی کوردستانی قسەیان لەسەر دەکرد چۆن یادەکە بکەینەوە هەموو ووتاری هەبیٚت حزبەکان یاهەر یەك حزب یایەك ووتار بەناوی بەرەی کوردستانیەوە وەئەگەر یەك ووتار بیٚت کیٚ بیخویٚنیٚتەوە وەکام حزب جگە لەلافیتەوپۆستەری هەلّەبجە پارتی دەیوت دەبیٚت رەسمی خوالیٚخۆشبوومەلامستەفاش بەرز بکریٚتەوە لەسەروی خۆیان لەسەریان فەرزکرابوو یەکیٚتیش دەیوت نابیٚت رەسمی مەلامستەفای تیٚدابیٚت ئیٚمەو حزبی شیوعی هەر رەئیمان وابوو کەرەسمی کەس نەبیٚت ووتمان ئەگەر رەسمی بارزانی هەلّگرن ئیٚمەش رەسمی سەیدا صالّح یوسفی هەلّدەگرین ئیٚرانیش ووتی ئەگەر ئیٚوە ریٚك نەکەون ئیٚمە وەکوئیٚران هەردەی کەین بەلاّم لەهەردووحالّەتەکەداهەردەبوو ووتاری کۆماری ئیسلامی ئیٚرانی تیٚدابیٚت لەسەر هەلّەبجە ئیٚمەش وتمان ئەگەر وتاری هەر حزبیٚك هەبیٚت دەبیٚت ووتاری سۆسیالیست یەکەم ووتار بخویٚندریٚتەوە ئەگەر ووتاری بەرەی کوردستانیش بیٚت دەبیٚت هەر سۆسیالیست وتارەکەی بەرە بخویٚنیٚتەوە ئەگەر رەسمی بارزانیش هەلّگرن ئەوە ئیٚمەش رەسمی سەیدا هەلّدەگرین ئیٚمە بەرنامەی خۆمان ئامادە کردو ووتاری حزبمان ئامادە کردو ووتاری بەرەش کاك شەخەوان ئامادەی کردبوو هەرکامیان هەبوو دەبیٚت کاك شەخەوان ووتارەکە بخویٚنیٚتەوە ئەگەرناشی کەن ئیٚمە کاری خۆمان هەردەکەین وەختی نەمابوو پارتی کەوتبونە هەلّەداوان ئیٚمەو یەکیٚتی هەندیٚك بۆچونمان لەگەلّ یەکدا نزیك بوو یەکیٚتی ووتیان ئیٚوە چیتان پیٚ باشە ئیٚمەش پیٚمان باشە ئیٚمە کاك حاجی حاجی ابراهیم میوانمان بوو، لە1989/3/16 کەیەك سالّ تیٚپەربونە بەسەرکیمیاوی بارانی هەلّەبجەدا کاك ئازاد قەرەداغی و کاك دلیٚری سەید مەجید وکاك دەرویٚش ئاغاو کاك

حمەجەزای حاجی عەلی هاتن بۆماڵی ئێمە بۆهەمان مەبەست بەڵام کاک حمەجەزا بۆکێشەی معەوەق بوو وابزانم ئەوکات ئەو مەسئولی دەست و قاچ پەریوەکانی یەکێتی بوو لەسەقزو ئەوناوە کاک دلێری سەید مەجیدیش نوێنەری یەکێتی بوو بۆیادەکە بەڵام پارتی تەنگەتاو ببوون کاک حاجی حاجی ابراهیم ئەوکات پارتی بوو کاک ئازادوکاک دەروێش و کاک دلێروکاک حاجیش داوایان لەمن کرد منیش بچم لەگەڵیاندا بۆمەریوان با یادەکە خەلەلی تێنەکەوێت مـن شەرتەکانی خۆمم ووت هەموویان قبوڵ کرد کەهەر ووتاری بەرەی کوردستانی بێت و وتارەکەش سۆسیالیست بیخوێنێتەوە بەمەرجێك من بڕۆم بۆبەشداربون بچینە ئۆردوگای بارام ئاواش کەهەمووی سۆسیالیستەو خەڵکی زۆری تێدایە ڕێ پێوانەکەشی لەنزیك مەریوان بۆناومەریوان و وتاری کۆماری ئیسلامی و ووتاری بەرەش لەناوشاردا بخوێندرێتەوەو هەرلەناو شارجێگاو پێویستیەکانی لیژنەی سەرپەرشتی بەهاوکاری کۆماری ئیسلامی ئامادە کراوە سەعات (4) ی سەرلەبەیانی هەمووومان بەرێ کەوتین لەسنەوە بۆمەریوان و سەعات (7) ی سەرلەبەیانی گەیشتینە مەریوان خەڵکی لەئۆردوگاکانەوە لەکانی دنیاروجوجەسازی و ئەوناوە وە هاتبون بەرەو مەریوان و لەدوری (2)کم لەمەریوان دادەبەزین و بەپێ لەجادەکەوە بەلافیتەو رەسمی هەڵەبجەو بەسەیارەو بەهاوکاری کۆماری ئیسلامی و خەڵکی کوردستانی ئێرانیش هەندێکی بەشداریان دەکرد چوینە چوار رای بایەوە لەناومەریوان و لەوێ بەرنامەی قسەکردن ئامادە کراو پێشتر هیچ مناقەشە نەبوو لەسەر هیچ مەسەلەیەك و بێ مناقەشە لەگەڵ ئێرانیەکانیش قسەمان کردبوو کاک شاخەوان دوای ووتاری فەرمانداری ئاغای خاری مەریوان چووە سەرەوە دەستی پێ کرد ووتارێکی دورودرێژبوو بەڵام زەروری بوو ئەوکاتە کەزۆر شت باس بکات و ئەوڕۆژە یادی هەڵەبجەیە باش کرایەوە کاک شاخەوان مەسئولی راگەیاندنی لقی سلێمانی سۆسیالیست بوو ووتارەکەی بەرەی کوردستانی نوسیبوو وەخۆی خوێندیەوە لەرێگا لەناو مەریوان پارتی رەسمی بارزانیان هەڵواسی لەمەریوان برادەرانی سۆسیالیست رەسمی سەیدا صاڵح یوسفی یان پێبوو ئەوانیش هەڵیان واسی برادەرانی یەکێتی بەرنامەیان نەبوو بۆئەو مەوزوعە داوایان لەبرادەرانی ئێمە دەکرد کەرەسمی سەیدا صاڵح یان بدەنێ ئەوانیش رەسمی سەیدا صاڵح یان

هەڵدەواسی دژی پارتی  پاشان لەئۆردوگای دزڵی لەرۆژەکانی دوای دا شانۆگەری لەلایەن بەرەوە لەسەر کارەساتی هەڵەبجە دانرابوو پێشکەش کراو ووتاری لایەنەکان هەبوو کاک حسێن خەلیفە ووتاری حزبی سۆسیالیستی خوێندەوە لەوێ  ئەوساڵەش بەبۆنەی یەکەم ساڵ رۆژی هەڵەبجەوە بەهاوکاری کۆماری ئیسلامی  کرایەوە لەئاوارەیی، هەرلە 1989/3/16 (8)هەزار کەس لەخەڵکی کوردستانی عێراق کۆبونەوە لەمەریوان، لە1989/3/17 شانۆگەری لەلایەن بەرەوە ئامادە کرابوو لەدەربەندی دزڵی و ئۆردوگاکان پێشکەش کرا و ئێمەش لەوێ بوین، لە1989/3/18 لەکانی دینارەوە بەرێ کەوتین بۆسنە لەرێگا زۆر ماندو بوین باران و سەرماو بەدەستی سەیارەکەی کاک رەمەزانەوە تاگەیشتینە سنە، لە1989/3/19 لەسنەوە چوینە قروەو بۆهەمەدان لەرێگا بزمارێك چوبووە تایەی سەیەراکەوە زیاتر لە(5) جار  پەنچەر بوو بزمارەکەمان بۆ نەدۆزرایەوە بارانیش بوو زۆری ماندو کردین جەکی سیارەمان پێ نەبوو  زەویەکە چاڵ بکەین مام کەریمیش گاڵتەی پێ دەکردین دەیوت ئەگەر رێگاوبان زانێ دەتان گرێت ئەوەندە دەوروبەری جادەکەتان خراپ کردوە بەهەر شێوەیەك بوو چوینە هەمەدان و مەلایرو شەوبەسەرهات بەفرێکی زۆربوو ئەوەیەکەم جارم بوو بەورێگایەدا برۆم بەفر ئەوەندە زۆربوو (10)مەتر پێش خۆمان نەدەدی شەو گەیشتینە ئەرەك ماڵی کاك خەلیل و براکانی لەوێ بوون هەندێك خەڵکی کوردم دی و زۆرم پێ خۆش بوو خەڵکی باش بوون جگە لەکاك خەلیل وکاك رزگاریش پێشمەرگە بوو برینداربوو لەساڵی 1987 لەمەعەسکەری بەرگەورکان ئەوانی کەم نەدیبون، لە1989/3/21 گەراینەوە بۆسنە ماڵەوەشمان لەگەڵ بوو لەگەڵ هەندێك برادەرانی تر ئەو سەفەرە دوولایەنە بوو بۆکاری حزب و بۆسەردانیش بوو، لە1989/3/22 لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆ مەریوان و کانی دیناروبارام ئاواو گەراینەوە کانی دینار، لە1989/3/24 لەمەریوانەوە بۆسنەولەئاریز کلاجی سەیارە کۆنەکەمان سوتاو بەحاڵ گەیشتینە سنە کۆبونەوەمان هەبوو، لەرۆژانی 25و1989/3/26 هەر لەسنە بوین پاشان لەسنەوە چوینە سەقزو مهاباد شەو لەئوتێل کوێستان بوین پاشان لەگەڵ کاك مولازم عمر چوینە نەغەدەو لەوێ چوینە مەقەری پارتی کۆبونەوەی لایەنە کوردستانیەکان  هەبوو بۆمەسەلەی مانۆری سەربازی کەئێران داوای دەکرد ئێمەش

قسەی لەسەر بکەین و چی بریارێك بدەین لەسەر مانۆرەکەو چۆن بکرێت و بیکەین یا نەیکەین و لەوقسانە بریار درا وەفدێك بروات بۆکرماشان لەوانە کاك شیروان و کاك جەبارفەرمان و کاك مولازم بابەکرو کاك ملازم کەریم و مامۆستا مەلاعەلی ئەوانە چونە کرماشان و قسە لەسەر چۆنیەتی مانۆرەکە کرابوو کەتەرحەکەی واکرابوو دەبێت لەومانۆرەدا ئالأی عێراق بگۆرن وایان دانابوو هێزە کوردیەکان پاشکۆی لوای بەدر بن چونکە لوای بەدر هەموو جەیش و دەبابەو سەیارەو بەشێکی جەیشی ئێران بوون دوای کۆبونەوە کەگەراینەوە بۆشاری سنە لەگەڵ برادەران، لە1989/3/28 چوینە کامیران و گەراینەوە بۆسنە هەر لەورۆژانەدا ئێمە دەستمان بەتەدریب کرد لەدزلی و دەوروبەری جارجاروهەرلەوکاتەشدا چەندجارێك کۆمەڵێك خەڵك هاتنە سەردانمان داوایان کرد سەریان لێ بدەین لەناوچەی جوانرۆ کەئەوانە خزمن و تائێستا نەیان زانیوە جافن و لەتیرەی هارونین..هارونی لەئەسلاً لەوانەوە هاتوون و بەشێکیان لای ئورمیەوە بەرەو هەمەدان و بۆکرماشان و جوانرۆ و لەوێشەوە بۆهەڵەبجەو سەرپێڵ و بۆباوەنورو کفری و سەرقەلأو ناوچەکانی کەی سلێمانی و کەرکوك... جاف مرادی و جاف جوانرۆ هەردوکیان دەبنەوە یەك لەناو جافدا چەندین تیرە هەیە هارونی لەسنوری سوریاو عێراق و تورکیاو عێراق هەیەو لای جەزیرەوبۆتان من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر وابێت هارونی لەوە ناچێت جاف بن ئەگەر لەوانەوە هاتبون و تێکەڵ جاف بوون وە باشکی و سەدانی وگلاڵی وهارونی ئەمانە لەئەسلاً جاف نین، چونکە هارونی ئێستا لەلای سوریاوتورکیاوعێراق لەوسنورە زۆرترە لەوەی لەشارەزوورو پێوازو گەرمیان هەیە ئێمە لەسەر دەعوەتی ئەوان و داوای خزمەکانمان لەئۆردوگاکان (5–6) سەیارە چوینە سەردانیان لەجوانرۆ لەرێگاوە چوینە ماڵی خاڵە عظیم لەجوانرۆو قەلأی جوانرۆ واتە شارەکەی ناوچەکەش هەر جوانرۆی پێ دەڵێن ئێوارە چوینە ماڵی کاك عەزیز، لە1989/3/31 لەماڵی کاك حاجی عەلی بوین هەرلەجوانرۆ پاشان چوینە ئاوایی کەرە لای دەوڵەت ئاوا پاشان سەردانی ماڵی کاك جەوهەر خاڵومحمد مان کرد لەمای دەشتی یاوەیسی قەرەنی کەلەوناوچەیە نەزەرگەیەکیەو خەڵکی دەرواتە سەری بۆزیارەت..(800) ماڵ هارونی لەناوچەی جوانرۆ هەیەو زۆریان لەگەڵ هارونی شارەزوورو گەرمیان دەچنەوە سەریەك پشت لەوانە لەگەڵ

قارەمـانی هـۆزی رەمـەزان لـەجوانرۆ و هـۆزی سـەلیم لەتۆپخانـەی پیـوازو هـۆزی سـەلیم لـەجوانرۆ نـزیکن و دەبنـەوە یـەك دوای (3–4)پـشت ، شـوان کـارەش هـەر لـەوێن تێکـەڵ خزمایەتین و (4) ئاوایی لای مای دەشت و لـەو عەشیرەتانە پیاوی باش و ناسراوی ئـەو ناوچەیە هەیەو گوندەکانیان لەیەك ناوچەیەوزۆریان لەناوجوانرۆن واتە مەرکەزی جوانرۆ هـەروەها لـەلای سـەرپێڵ و قـەلخان چـەك هـارونی هەیـە لەوسـنورەش، لـە1989/4/1 لـەجوانرۆ لـەماڵی کـاك حـاجی حـسن بـوین هـەر ئـەوەرۆژە مەجلیـسی وەتـەنی عێـراق هەڵبژاردنی کرد هەرهەمان رۆژ چوینە بانیگیان ماڵی کاك صابیر، لە1989/4/2 گەراینەوە کرماشـان ئـەو خزمانـە زۆریـان پـیٚ خـۆش بـوو وتیـان بانـەوەی داهـاتوو یـەك بناسـێت و ئاگایان لەیەك هەبێت هەرلەکرماشان سەردانی مەقەری علاقاتمان دا کاك سەعد عبداللەو کاك مەلاناصیح وخاڵـەحاجی لـەویٚ بـون وادیـاربوو لەگـەڵ قـەرارگای رەمـەزان کێـشەیەك دروست بوو لەگەڵ سوپا ئەوکات کاك عادل مراد لەمەکتـەبی سیاسـی بـوو ئەوچـەند رۆژە لەکرماشـان و سـنە بـوین چـوینە تاقوسـتان..تاقوسـتان جێگایـەکی خـۆش و نـەخش و نیگـارێکی زۆربەشـاخەکەوە دروسـت کـراوەو رەسمـی شـیرین و فەرهادوکەیخەسـرەوزۆری کەی لیٚ رازاوەتـەوەو رەسمـی شەودێزوئەسپ و لەکۆنـە حکایەتـەکانی شـیرین و فرهـاد دا هاتوەو باسی دەکات عاشق وماشـقە بونـە چیاکەی لەسـەر قسەی کەیخەسرەوشا بریـوەو زۆر شـتی لەوبابەتـەو ئێـستا جێگایـەکی خـۆش و ئاسـارێکی کـۆن و لـەکتێبیش هەیـە کەشـیرین وفـەرهادو کەیخەسرەوشـاو نـاوی زۆری کـەو کوردبونـەو خـەڵکی هـەمان ناوچـە بونـەو وادیـارە هـەمویان دەسـەڵات داربونـەو فـەرهادیش هەردەسـەڵاتی بـووە بـەڵام پـیٚ ی دەچێت میری میران و لەبابەتـە هـەبووە ئەوکات لـەویٚ کیانێك میرێك بـەوارس ودەسـەڵاتی زۆری  هەبوولەکتێبەکـەی شـیرین و فـەرهاد باسـی چـین و تاتـار دەکـات خـەڵکی وادەزانـیٚ لەچـینەوە ئـەوان هـاتون بـەڵام  لەئەسـلاٚ ئـەوان کـوردن و چـین و تاتـاریش دوو گونـدن لەوناوچەیە،  کاك مەلاناصیح زۆر حەزی لیٚ بوو کاك دارای حاجی ابراهیم چەرمەگا لـەویٚ بـوو چـوینە کـەباب حیـدەری شـتێکی زۆرنایـاب وباش و بـەتام بـوو قـەت شـتی وانـەکراوە لەبەغداد هەبوو کەباب ساتور بەڵام لەوێنەی ئەوەی کرماشان لەتاقوسـتان نـەبوو ئـەو (2–3) رۆژە هـەر لەتاقوسـتان بـوین و هەرلـەو رۆژانەشـدا بـوو کـاك ئەحمـەد قەدەفـەری خـۆی

کردبوو بەژێر سەیارەیەکدا لەگەڵ کاك شێروان و کاك عەلی برام لەرێگای مەریوان خوا رەحمی پیێ کردبون بەزیندویەتی دەرچوبون سەیارەیەکی لانکرۆزی حزب هەبوو لەویێ سەیارەکەی تێك شکاندبوو بەسەریەکداو بۆیان نەدەگۆرینەوە بەتایبەتی شەروەستابوو لەوکاتەدا بەڵام خاڵەحاجی کەپیاوێکی بەتواناو لێهاتوبوو هەرخەریکی ئیشوکاری حزب بوو هەنگاوی باشی نابوو بۆپێشخستنی کارەکان بەڵام کاك عادل مراد قسەی بەئێرانیەکان وتبوو ئاغای کۆی دەرکردبوو لەمەکتەبی سیاسی لەکاولان و لەکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ووتی ئێمە خاکی ئێرانمان ناوێت و ئێمە دەچینەوە سەرخاکی خۆمان هەرلەویێ خەبات دەکەین و بەنانی وشك ئیدارە دەکەین و هەموو علاقەیەکمان لەگەڵ ئێران دەبرین و نامەی بۆلقەکان و لقی سلێمانی ناردبوو بەناوی مەکتەبی سیاسیەوە کەئەوە جاشایەتیەلەئێران هەموو دەچینەوە کوردستان و لەوقسانە کەلەراستیدا هەمووقسەکانی ناواقیعانە بون چونکە ئێمە لەدوای ئەنفال و کیمیاوی راکردن بۆدیوی ئێران جگە لەلقی سلێمانی حزبی سۆسیالیست لەناو خاکی عێراق لەسنورەکانی مەقەری هەبوو کەس لەکوردستانی عێراق نەمابوو جگە لەوەی زۆربەیماڵەکان یاهەموو ماڵە پێشمەرگەمان لەئێران بوو بارەگای مەکتەبی سیاسی لەکاولان بوو جێگایەکی باش و رێك و پێك بوو مەقەری لقی سلێمانی لەکانی خەیاران بوو ماڵ لەسەردەشت بوو جگە لەماڵی کاك رەسول وخاڵەحاجی لەلەندەن بون ئەویش خاڵە حاجی هەربەزۆرناردیان هەموویان ماڵەکانیان لەرەزائیە بون مامۆستا مەلاناصیح لەودوایە چووە لەندەن ...نەغەدەو خانەو سەقزوسەردەشت و سنە هەمووی ماڵی پێشمەرگەو سەرکردایەتی سۆسیالیستی لیێ بون ماڵی کاك عادل مراد خۆی لەکەرەج بوو ئەوەندەش توندبوو من ووتم لەوانەیە کاك عادل ئیتر روولەئێران نەکاتەوەو هەر لەکوردستان وچیاکان بمێنێتەوە ووتی دەنێرم بۆنۆکان و ناوزەنگ خانوو بکەنەوە جنێوی بەئێران دەدا هەروەکو ئەوە وابوو چۆن پەیوەندی ئێران و سۆسیالیست تێك بدات زۆرمان لاسەیربوو برادەرانی کەش قسەیان نەدەکرد منیش وا تێگەیشتم هەموویان دەیانەوێت ئەو پەیوەندیەی لقی سلێمانی و ئێران لێمان تێك بدەن کەدەڵێت ئەگەر خۆم نان نەبێت بیخۆم بەڵام ئەوی کە لەبرسا بمرێت یاباچاوم نەبێت بەڵام ئەوی پیێ نەبینم لەوبابەتەم دەهاتە بەرچاو کەکاتی خۆی من بەچی حاڵێك پەیوەندی

مەکتەبی سیاسی و ئێرانم رێکخست و پەیوەندی مەکتەبی سیاسی و یەکێتی نیشتمانی کەدەیانوت لەگەڵ لقی سلێمانی رێك دەکەوین نەك لەگەڵ مەکتەبی سیاسی نازانم بۆئەو برادەرانە بەتایبەتی کاك عادل بەهەموو هێزی هەوڵی دەدا بەئێمەیان دەووت تەدریب نەکەن لەپێشی پێشەوە هەر نامەیان بۆلق و مەسئولەکان دەنارد تەدریب نەکەن من چەند رۆژێك رام گرت بەڵام هەمووی دەستی پێ کردبوو هەموولایەنەکان ئێمە دەستمان پێ کردەوە لەسەر ئەوەش لەگەڵ پاسداران بوە هەراو هاوانیان لەمەقەرەکانمان داو قەرارگا هاتە جواب لەسەرمان کێشەیەك دروست بوو ئەوەش منی وا لێ کردهەندێك لەقسەکانی کاك عادل بەراست بزانم و چەند رۆژێکش رای بگرم ئەو تەدریبە کەکێشەهەروا ئاڵۆز دەبوو رۆژبەرۆژ لەمەکتەبی سیاسی قەرارگاش هەر هەولی دەدا بەڵام تیپی مەدینەی منەوەرەی لەکاولان قسەیان پێ ووتبون دژمان بوون سوپای پاسداران قەرارگای هەمزەیان هان دەدا بۆدەرکردنی مەکتەبی سیاسی بەڵام مەسەلەکە لای خۆمان بوو زیاتر لەوەی لەلای ئێران بێت بەبیانوی ئەوەی حزبی دیموکرات لەوناوەو لای پێشمەرگەی سۆسیالیستەوە هاوکاری دەکات، لەرۆژەکانی 7و8و1989/4/9 هەر لەسنەو کامیران و کرماشان بوین، لە1989/4/10 علاقات و خاڵەحاجی سەیارەیەکی لاندکرۆزو تراکتۆرێك و وەجبەیەك چەك و فیشەکی وەرگرت لەگەڵ جل و شتی سەربازی بۆمەقەرەکان و لقی سلێمانی حزب، لە1989/4/11 لەکرماشان بۆسنەوبۆسەقزو مهابادو سەری ماڵی خاڵەسەیدمەجیدمان دا کۆن لەسەرەتای شۆرش زۆرپێکەوە بوین یەکێ بوو لەوکەسانەی کەبەمنی ووت ئاگات لەخۆت بێت لەکۆبونەوەیەکی سەرکردایەتی بریاریان دژی من دابوو ئەوپێ ی ووتم، لە1989/4/12 میرزاحسن محمد عبدول محمد لەخێڵی حمە کەسەرۆك عەشیرەتی نەورۆڵی بوو پیاوێکی باش بوو لەئاوارەیی لەرەوانسەری ئێران کۆچی دوای کردپێم ناخۆش بوو پیاوێکی باش و خزمەتی خەڵکی دەکرد لەچارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی وعەشائیریدا هەرئەو رۆژە لەمهابادەوە چوینە سەقزوخانەو ئالوتان و بۆکاولان و مەکتەبی سیاسی، لەشەوی 12-1989/4/13 قسەمان کرد لەسەر روداوەکان بەڵام قسەکانیان هیچی لەخەڵکی واقیعی و سیاسی نەدەچوون هەرقسەیان دەکرد من ئەقڵم نەی دەبری چونکە کەسێك درێژە بەشۆرش ودژی عێراق بدات و لەوکاتەدا کە

ئـەنفال وکیمیـاوی لـێ داویـن و عێـراق لەشـەری ئێـران دەسـتی بـەتاڵ بـوەو یـەك ملیـۆن سەربازی هەیەو ئێمەش یەك بوست خاکی ئازاد کراومان نیـە قسەکانیانم پـێ لاواز یاتێك دەرانە بوولام، لە1989/4/13 چوینە ئالوتان و خانەو نەغەدەو مهابادو میاندواو بۆکان و سـەقزو دیوانـدەرەو بۆسـنە ئەوکات ماڵمـان لـەجادەی مـەردوخی کوچـەی غفوری کـەمالی بـوین لەسـەرجادەی ئوستانداری، لـە1989/4/16 چوینە تەعزیـەی میرزاحسن نـەورۆڵی لەرەوانـسەر وگەراینــەوە بۆسـنە لـەوێ ماینــەوە تـا1989/4/20 چـوینە کـانی دینــار، لە1989/4/22 چوینە دزڵی و مڵەخوردوکانی رەنگین لەسورێن و سەردانی مەقەرەکەنمان کردکاك حسێن خەلیفە لـەوێ بـوو زەرعاتیـان کردبـوو ئەوزسـتانە زۆرسـاردبوو زەحمـەتی زۆریـان بـوو لەسـورێنیش هەربەهـەمان شـێوەو گەراینـەوە کـانی دینـار، لـە1989/4/23 لەکانی خەیاران بەیانێکمان لەسەر بۆردومانی قەڵادزەو هەڵەبجە دەرکرد کەلەساڵی 1974 خەڵکێکی زۆرکوژران لەوبۆردومانە دا(19) ی رەمەزان بـوو بـەرۆژووبووم، لـە1989/4/25 لەمڵــەخورد بــوین دایــك و کەســوکاری کــاك حــسێن خەلیفــە هــاتبوون بۆســەردانی، لـە1989/4/27 لـەدزڵی ومـەریوان وکـانی دیناروبارام ئـاوا بـوین، لە1989/4/28 چـوینە سـنەو سـەقزومهابادو لـەئوتێل کوێـستان بـوین لـەمهاباد پاشـان چـوینە خانـەو کـاولان و بۆمەکتەبی سیاسی و شەولەوێ بوین وەزعەکە لای ئـەوان هـەروا ئاڵۆزبوو بـەلاّم بەراستی گەیــشتمە ئــەو قەناعەتــە ئەوبرادەرانــە نــەقیادەی حزبیــان پــێ دەکرێــت و ئەوماوەیــە کـەقیادەیان کـردوە هـەروا تەوەکـەل علـی اللـە رۆیـشتون هـەموو بۆچـونەکانیان نـەك هـەر هەڵەیـە هـەموی غەڵـەت وبـێ سـەروبەرەو هیـچی بەسەرهیـچەوە نیـە بۆقیـادەی حزبێکـی شۆرشگێری خاوەن شەهیدوجەماوەر بـەلاّم قیادەیـەکی کۆڵـەوارو داماویش داما بـەدیاری روداوەکانەوە وەتێ نەدەگەیشتم بەدیلێکی کەیان هەیە وادژی ئێران قسە دەکـەن و تێکـی دەدەن لەگەڵ ئێران هەرچیم دەکرد لێیان تێ نەدەگەیشتم جگەلەوەی هیچیان لێ نەدەزانی و یاخۆیان بۆراکردن لەراستیەکان ئامادە کردوئـەوەیان دەکرد بەبەڵگە بۆزیـاتر تێکـدانی باری حزب من گەیشتمە ئەو قەناعەتە ئەوبرادەرانە باوەریـان بەشـۆرش وکـوردو خۆشـیان نەماوەو سواون داوایان لەمن کردجێگای مەقـەری مەکتـەبی سیاسـی دیـاری بکـەم مـن پـێم ووتن لێرە باشترنیەو ئەگەر دەگوازنەوە خۆتان کوێتان پێ باشە لەوێ مەقەر دانێن ووتیـان

نۆكـان لـەویٚ كریٚكـار دەگـرین و دەسـت بـەخانوو كـردن دەكـەین مـن كارەكـەم بـەدڵ نـەبوو بەپولێك ئەوقسانەی ئەوانم نەدەكری بەلاٚم كاك عادل ئـەیووت ئێمـە لێـرە نـامێنین و قسـەی ئێران قبوڵ ناكەین و ئەچینەوە خاكی خۆمان لەویٚ نانە رەقە بخـوین باشـترە ئەمـە كەسـیٚ بیوتایـە ئەگـەر مـاڵی خـۆی لەكـەرەج نەبوایـەو جنـسیەی ئێرانـی نـەبوایا رێگـەی تـیٚ دەچووئەوەبوو ئەوان زۆربوون واتە(ئەكسەریەت بوون) جگە لەخاڵەحاجی كەسیان رەئیـان نەبوو خاڵەحاجیش لەوە دەترسا پێیان دەووت حەزناكات لەئێران دوربكەوێتەوە لەترسـی مزائیدە جارجار ئەویش تەئیدی ئەوانی دەكرد لەهەموویان سورتر لەسـەرئەوە كـاك عـادل مراد بوو ئەوماوەیە هەموو ئیـشوكارمان لەبەرئـەوەبوو ئـەوەی بۆئێمـە خـراپ یاكـەم نـەبوو لەوكاتـەدا لەگـەڵ ئێـران تێكـی بـدەین منـیش پـێم ووتـن ئەگـەر وا دەزانـن لـەلقی سلێمانی تێكی دەدەن لیٚ ی تێك ناچێت وە ووتم ئێمە حازرین بەلاٚم بەمەرجێك هەمووتان كۆڵەپشت هــەڵگرن بابرۆینــەوە كوردســتان وەمــن دەتــان پــارێزم لەهــەموو شــتێك مەقەریــشتان بۆدەكەمەوە بەلاٚم وادیاربوو ئەوەشیان پیٚ نەدەكرا..ووتم ئەگەر شتێك هەیـە لەگـەڵ عێـراق رێكـەوتون باسـی بكـەن و هـەموومان دەگەرێینـەوەودەڵێن بـەئێران ئێمـە دەچینەوە وڵاٚتـی خۆمـان و لەگـەڵ عێـراق رێكـەوتوین هاوكاریـشمان دەكـەن بۆگەرانـەوە چـونكە شـتەكانیان ئەوەنـدە ناواقیعانـە بـوو هـەرزیاتر جێگایـەك ئامـادە نـەكرێت چـۆن ئەوقـسانە دەكرێـت وادیـاربوو بـەدیلی ئـەوان هـەر نۆكـان بـوو، لـە1989/4/30 چـوینە مـەمكاواو داوداواو بۆقاسمـەرەش و سـەری مەقـەری یـەكێتیمان داو چـوینەوە مـیراواو نـەلاٚس و سەردەشـت چـوینە مـاڵی خاڵـەجوتیار و مەقـەری علاقـات، لـە1989/5/1 چـوینە نۆكـان و چـوینە تەعزیەی كاك ئازادمستەفای پاسۆك مەقەریان لەویٚ بوو كاك ئەحمـەد هـەردی شـاعیروكاك مولازم كەریم وكاك مولازم شوان لەویٚ بون هەستم كرد كێشە لـەنێوان كـاك ئەحمەدهـەردی وكاك مولازم كـەریم وكـاك شـوان دا هەیـە مەقـەری هـەرێمی (4) و ناوچـەی دوكـان لـەنۆكان بـوون خـانویش بۆمەكتـەبی سیاسـی دروسـت دەكـراو وەسـتایان لەسـەر بـوولقی هـەولێرو ناوچەی قەلاٚدزەش لەخری ناوزەنگ بون سەری ئەوانیشمان دا ئـەوكات كـات كـاك شـیروان شـیروەندی مەسـئولی لقـی هـەولێربوو لـەویٚ لـەنۆكان دادەنیـشت هەرئـەو رۆژە گـەرامـەوە بۆسەردەشت وبانەو سەقزوسنە، لە1989/5/2 لەسنەوە چوینە قلاجیٚ و شـەولەویٚ بـوین

کاك نەبەردجاف وكاك محمد دێكۆنی لەوێ بون وشەوپێكەوە لەكانی دیناربوین كاك نەبەرد پارتی بوو هەرباسی پارتی دەكرد، لە1989/5/4 سەری دزڵیم داولەوێ نزیكەی (200)پێشمەرگە تەدریب یان دەكرد وزۆرباش بون كەچومەلایان، لە1989/5/5 پێشمەرگەی ئێمە لەنێوان مڵەخوردو دزڵیدا تەدریب یان دەكردپاسدار كێشەی ناوخۆیان هەبوو بەلاّم چوون سەرشاخەكانیان لەئێمە گرت واتە لەتەدریبەكە گرتبووبەهاوان و چەكی تر دابویان لێیان كەئەو ناوە چۆڵ بكەن ئێمە نەوەك پشتی لایەك لەپاسداران لەو شەرەی هێشتا نەبووە بگرین ئەویش كارێكی بێ سەروبەرەوبێ مانـاو منالاّنە بوو پێشمەرگەی ئێمە خەریكی كاری خۆی بوو یەكێ لەپێشمەرگەكان ووتی دوێنێ لەسیطرەكەی مڵەخورد هاتوم وتبوی تۆ چی حزبێكیت منیش وتوومە سۆسیالیستم وتبوی برۆ..برۆ واچەشم كور شودباشمانەبینم واتە تازە هاتبون ئەو تیپەو كەپێشمەرگە دەبینن دەڵێت سۆسیالیستم ئەویش بەپەلە دەڵێت بەڵگەم ناوێت و برۆ لەكۆڵم بەرەوە لەبەرچاوم ون بە هەرچی تۆدەبینم واخەریكە چاوم كوێر دەبێت سۆسیالیست كافرەو كۆمەنیست و لەوبابەتە جائێمە یەكێك لەكێشەكەمان ناوی سۆسیالیست بوو لەئێران هەتا لەنەقڵ و هاتنی تیپێك یالەشكرێك یاگۆرانێك بۆ حزبی سۆسیالیست كێشەیەك بوو بۆخۆی تائەوانەش تێ دەگەیشت لێمان وحاڵی دەبون وەختێكی دەویست و ئەوانیش نەقڵ دەبون ناوی سۆسیالیست ئەوەندە لایان خراپ بوو جارێ وابوە ئەمری ئاغای خامەنەیی و بەنی سەدرو هەموو مونتەزی وهەمومان پێ بوو بەلاّم كەپاسدارێك دەی بینی سۆسیالیست نوسراوە نەی دەكرد و دوای دەخست دەیوت پێمان چۆن (بیت المال) بەسۆسیالیست بدریت چونكە دوژمنی خواو ئیسلامە، لە1989/5/6 جەژنی رەمەزان بوو لەعێراق بەلاّم ئێمە لەئێران بوین، لە1989/5/7 لەئێران كرا بەجەژن من توانیم ئەوساڵەش بەتەواوی رۆژوبگرم كاك شیروان وكاك قادرجەباریش لەوێ بون لەوكاتەدا حكومەتی عێراق لەرێگای ئەمنی سلێمانیەوە چەندجارێك ناردبووی بۆلامان بۆگفتوگۆو قسەكردن منیش پێم ووت ئەگەر پێیان باشەو بەرنامەیەكیان هەیە بۆچارەسەری مەسەلەی كورد باسی بكەین ئێمەش پێمان باشە لەوكاتەشدا محاولاتی كەش هەبوو كاك دكتۆرمحمود لەرێگای یاسر عرفات و لەئەڵمانیاوە جموجۆڵێكی لەوبابەتە هەبوو هەرلەوكاتانەشدا كاك

مەسعودبارزانی نامەیەکی ناردبوو بۆعێراق لەرێگای تایبەتی خۆیەوە بەلاّم وەلاّمەکەی لەرێگای خزم یاناسراوی کاك حاجی حاجی ابراهیم وە هاتبوەوە کەلەنامەکەدا داوای کردبوو هەرچۆن بێت بکەوێتە گفتوگۆ لەگەلّ عێراق بەلاّم عێراق وەلاّمی دابوەوە لەرێگای کاك حاجیەوە واتە خزمەکەی کاك حاجی ئەویش بەکاك حاجی وتبوو لەگەلّ بەرێوەبەری ئەمنی سلێمانی قسەم کردووە وتبوی ئێمە لەگەلّ مەسعودبارزانی ناکەوینە گفتوگۆوەو لەگەلّ یەکێتیش ناکەین و ئەگەر سۆسیالیست یادکتۆرمحمود دەیکات ئێمە ئامادەین بکەوینە گفتوگۆ لەگەلّ سۆسیالیست خەبەرەکان لەرێگەی دوو کەسەوە دەگەیشتە کاك حاجی حاجی ابراهیم یەکێکیان ناوی کاك مەلا محمدی دەرگەلّەبوو ئەوی تریان ناوی کاك محمودی حاجی حمەرەش لەسەنگەسەر، کاك شیروان و کاك قادرجەباری وتیان ئێمە لەگەلّ کاك حاجی هاتوەتە لامان کاك حاجی ئەوکات پارتی بوو وتویەتی رەئی عێراق وایەئەگەر سۆسیالیست بکەوێتە گفتوگۆ کاك حاجی ئامادەیە بەناوی سۆسیالیستەوە بەشداری وەفدەکەش بکات لەگەلّ عێراق چونکە عێراق واوەلاّمی پارتی داوەتەوەو پارتی نازانیٚ کەئێمەئەمە دەزانین وتائێستا (4-5) کۆبونەوە کراوە کاك حاجی و کاك شیروان و کاك قادرجەباری وماموٚستاسەعدوکاك بەرزانی مەلاخالید کەئەویش ئەوکات پارتی بوو بەلاّم وتبوی من دەگەرێمەوە لای سۆسیالیست ولەئێران هیچ ناکرێت و بکەوینە گفتوگۆ منیش لەگەلّ برادەران قسەم کرد ووتم ئەوکارە ئاسان نیەو لەم کاتەدا ئێران بزانیٚ و یا سەرکردایەتی بەرە یاسەرکردایەتی سۆسیالیست باسی بکەین ووتیان باسی مەکە لای سەرکردایەتی سۆسیالیست تاشتێك رون دەبێتەوە ئەوکات مەسەلەکە تەرح دەکەین منیش ووتم باشە بەلاّم تەلەفونم بۆکاك دکتۆرمحمود کرد تێم گەیاند کەشتێك لێرە هەیە ووتی پێم باشە بەلاّم هەولّ بدەن رووبەرووی ئێمەی بکەن وەبەتەلەفون بەکاك رەسولم ووت لەلەندەن بوو ئەویش ووتی پێم باشە ئاگاتان لەخۆتان بێت و کاك دکتۆریش خەریکی شتێکی وایە لەرێگای دۆستێکی کاك عدنانەوە کابرای جامانە بەسەرئەبوعەمار(یاسرعرفات) لەکۆتایی مانگی 1989/10 کۆبونەوە لەگەلّ کاك دکتۆرمحمود و کاك عدنان کرا لەئەلّمانیا لەودانیشتنەدا شاعیری بەناوبانگی فەلەستینی محمود دەروێش ئامادەبوو یاسر عرفات باسی ئەوەی کردبووهەولّ دەدات بۆگفتوگۆ

لەگەڵ بەغداد بەلاّم وەلاّمی نەبوو، ئەوکاتە دوایادی دامەزراندنی(40) ساڵەی ئەڵمانیای دیموکرات بووکەئەوانیش لەویٚ بوون پاشان وەفدێکی بەرەی کوردستانی کەپێك هاتبوولەکاك دکتۆر محمودوکاك عدنان لەسۆسیالیست و کاك شازاد صائب لەیەکێتی و کاك دکتۆر پیرۆت لەپارتی وکاك ئازاد خەفاف لەپارتی گەل چونە تونس بۆبینینی لێپرسراوانی منظمە ی تحریری فەلەستینی بەلاّم بیٚ سود بوو چونکە عێراق غروربوو روداوەکانیش بەلایەك دەرۆیشتن کەکورد بیرلەوە بکاتەوە خۆی ئامادە بکات لەروی سیاسی و سەربازی و ناوچەیی چونکە بەرەو شەر دەرۆیشت ، واتە کاك دکتۆرو کاك رەسولی لیٚ ئاگادار کردو ئیتر مەسەلەکە وەستا لەوەماوەیەدا بەلاّم لەولاشەوە هەربۆلای منیان دەناردو منیش ووتم برۆن لەدەرەوە کاك رەسول و کاك دکتۆر لەوێن قسەیان لەگەڵ بکەن، لە1989/5/8 چوینە ئۆردوگای دەربەند درزلی وسەردانی ماڵی برای کاك حمە رەشید عەلی شەریف مان داو بۆتەعزیەی ماڵی مام والی تەعزیەیان هەبوو سەری ماڵی حاجی ئەمین مەنسور خانەقینیمان دا (ئەمین منصور) لەخانەقین لەویٚ بون پاشان چوینە تەعزیەی برای کاك شیروان هەرلەویٚ و لەکانی دیناریش، لە1989/5/9 لەنزیك بارام ئاوا هەمووئەوپێشمەرگانەی لەویٚ بون نزیکەی (300) پێشمەرگە دەبوو کۆبونەوەو کاك قادرجەباری قسەی بۆکردن ئەویش وادیاربوو تەدریبەکەی پیٚ باش نەبوو وەئیشارەتی بەوە دا کەهەرفرسەتێك هەوڵ بدەین لەگەڵ میللەتی خۆمان و لەوولاّتی خۆمان بژین ماوەی (2)سەعات قسەی کردو مەسئولەکان دەهاتن وادژی ئێران قسە دەکەین بەدیلی هەیە منیش وتم سەرکردایەتی معلوم شتێکی کردووە ماوەیەك هەر بەوهیوایەوە بون کەلەگەڵ عێراق رێك دەکەوین، لە1989/5/10 لەقلاّجیٚ کۆبونەوە لەگەڵ مەسئولین کراو لەویٚ کاك قادرجەباری و منیش قسەمان لەسەر روداوەکان و ئەو وەزعە ناخۆشە و تاکەی چاوەریٚ دەکریٚت و رۆژانەش خەڵك دەگەرایەوە بۆعێراق بۆچی و چیە..؟ بیٚ ئەوەی قسە بکەین هەمووی دەیانوت لەگەڵ عێراق هیچ ناکرێت ئەگەر بەروی بۆریشەوە بێت یاقاوەیش بێت هەرباشە واتە دەڵێت شتێك بەروی سپی یەوە لیٚ ی دەرچوو ئەوان کردیان بەخاوەنی هەر تەسلیم بونەوە نەبێت لەوکاتەشدا عێراق هەرتەسلیم بونەوەی لاتەرح بوو کاك قادر هەندێك شتی خۆی شەخسی تێکەڵ کرد کەکێشەی لەگەڵ کاك رەسول

ومەکتەبی سیاسی هەیەو سکرتێری حزب هیچ دەوری نیە و رێگاش بەکەسی کە نادات منیش پێم خۆش نەبوو کێشەی مەکتەبی سیاسی لەوێ باس بکرێت وهەموو مەسئولەکان پێیان خۆش نەبوو ووتیان ئێوە کێشەی مەکتەبی سیاسی لای خۆتان باس بکەن و چارەسەری بکەن هێشتا قەواعیدەکە هۆشیارتربوون کاك قادر وتی ئەگەر ئەوەی عێراق نەبێت من ئیستقالە دەکەم و واز دەهێنم لەحزب و خۆم هەروەکو شەخسیاتێك لەبەرەی کوردستانی دەبم من ئێستا لەبەر شەخسیاتی خۆم قبوڵیان کردووە مەسئولی بەرەی کوردستانی بم نەك لەبەر حزب منیش ووتم کاك قادر من لەوانەیە لەهەندێك شت قسەکانی تۆ بەراست بزانم بەڵام بەمەرجێك بۆبەهێز کردنی حزب و یەکگرتوی حزب بێت ئەگەر حزبی سۆسیالیست نەبێت تۆ لەبەرەی کوردستانی نابیت ووتی من لەشۆرشی ئەیلول ئیحتیاتی لیژنەی مەرکەزی و مەسئولی لق بومە و ئەوکات ئەوانەی ئێستا ئەم لق و ناوچە بون منیش ووتم کاکە ئەوەتا ئێستا کاك رەسول سکرتێری حزبی سۆسیالیستەو تۆش مەکتەبی سیاسیت یامن هەروەها ووتم هەردوکمان لەمەکتەبی سیاسین هەوڵ بدەین زەخت بخەینە سەریان بۆچارەسەر نەك تێکدان ئەوە خەڵکی کەش هەیە لەتۆسیاسی ترو لەتۆیش دەوری زیاتر بوە کۆن لەپارتی و ئێستا بەرەی کوردستانی بۆپارێزگاریش وەری ناگرێت وەبەسیتی کتابێك بروات بەبەرە بڵێت کاك قادر نوێنەری سۆسیالیست نیەو سەحب کراوەتەوەو کاك فلان لەجێگایەتی یەك سەعات مەگەر بەمیوانی لەوێ جێت بکەنەوە من وەکوهەڤاڵێك و دۆستێکت ئەوشتانە باس دەکەم بۆئەوەی کەسمان لێمان تێك نەچێت بەحزبەوە چەند دەسەڵاتمان هەیەو بێ حزب چەند دەسەڵاتمان هەیە زۆرلەسەر ئەوە قسەمان کرد منیش لەگەڵ ئەوەم (8)ساڵە کۆنگرە نەگیراوەو دەبێت بگیرێت و گۆران لە مەکتەبی سیاسیدا بکەین و لەکۆمیتەی ناوەندی گۆران بکەین و سیاسیەتی حزب رون بێت و پرۆگرام و پەیرەوی روون دەربچێت و خۆمان روداو دروست بکەین و پێش روداو بکەوین و پاشکۆی کەس نەبین ئەوە دەگەرێتەوە بۆحزب کەکۆمیتەی ناوەندی ومەکتەبی سیاسی بەتایبەتی کادرەکان هەڵدەسورێنن ئەوەش لەهەموو حزبەکان قەوماوەو هەمووی کۆبکەینەوە بەهەموو حزب و بێ لایەن یەك کۆمیتەی ناوەندی بەتواناو کاملی تێدا دروست دەبێت بەهەموویەوە یەك مەکتەبی سیاسی تێدا دروست دەبێت دەشتوانم بڵێم

هەر یەك سكرتێری بەتوانا دروست دەبێت و بەهەموی یەك هەنگاوی شیاویش بەڵام ئێستا(5-6) حزب هەیە و (5-6) سكرتێروكۆمیتەی ناوەندی و (5-6) مەكتەبی سیاسی و زیاتر لە(100) ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی وزیاترلە (50) ئەندامی مەكتەبی سیاسی و ئەوەش لەنەتیجەی ئەوبۆشاییە پچرپچڕەی دروست بووە لەوانەی ئەگەر یەك حزب بوایە یادوو حزب بوایە من دەبومە ئەندامی لق ئێستا ئەندامی مەكتەبی سیاسی لەبەرئەوە هەرلەسكرتێرەكان و مەكتەبی سیاسیەكان و كۆمیتەی ناوەندیەكان هەموی لەو بۆشاییەداو لەو وەزعە تایبەتیەدا هاتونەتە پێش و فرسەتیان بۆرێك كەوتووە بۆیە ئەوە هەموو حزبەكانی لاواز كردوەو هەرهەموشیان لەوانەیە گیرۆدەی ئەو دەردەی ئێمە بوون و خەڵكی بێ تواناو لاواز كەوتۆتە سەركردایەتی حزب وجگە لەكۆنگرەش ناتوانرێت لای ببرێت یاكەسێكی كەئیزافە بكرێت لەبەر ئەوە قسەكردن دەبێتە كێشەی زیاترو دەبێت بەشوێن ئەسڵی گرێ كۆنەكەدابرۆین و بیدۆزینەوەو بیكەینەوە نەك ببرین كاك قادر جگە لەحزبی سۆسیالیست وەسفی هەموو حزبەكانی كەی دەكرد جگە لەزەمی برادەرانی خۆمان وەسفی هەموو كەسانی حزبەكانی كەی دەكرد ئەوەش لەزۆر جێگاو شوێنی كەش باسی دەكراوبێ گوێدانە ئەوەی چەندی زەرەرو سودی هەیە، لە1989/5/13 لەكانی دیناربوین و دووساڵ تێدەپەری بەسەر راپەرینی هەڵەبجەدا لەماڵی كاك عەلی شاماربوین، لە1989/5/14 لەبارام ئاوابوین گەرامەوە بۆدزڵی و كانی خەیاران، لە1989/5/16 گۆرباشۆڤ سەرۆكی سۆڤیەت چووە پكین ی پایتەختی چین و لەگەڵ سەرۆكی چین كۆبووەوە بۆچارەسەری كێشەی (30) ساڵی نێوانیان یەكەم جارە سەرۆكی دوو دەوڵەتی گەورەی دنیاو هەردوكیان خۆیان بەكۆمەنیست دەزانن كۆبینەوەو باسی كێشەكانی خۆیان بكەن كەدەست پێشخەرەكەی گۆرباشۆف بوو من وكاك عبداللە قەرەداغی پێكەوە قسەمان لەسەر رۆژنامەو كاری راگەیاندن دەكرد كاك عبداللە(فاضل) شیوعی بوو وازی هێنابوو لەراگەیاندنی سۆسیالیست ببوەوە صوّق یالەدوای تەسەوف بوو نوێژی دەكرد باوەری تەواوی بەخواهێنابوو گۆرانكاریەكی گەورەبوو كردبوی ، كاك عبداللە قەرەداغی نوسەرێكی باش و پیاوێكی بەتاڵ نیە و شتی پێ یەوەكو شەخسی دوومیوانمان هەبوو لەسلێمانیەوە بەقاچاغی لە سورێن و لەلای رێكخستنەكانەوە هاتبوون بەڵام هەركەس

لەوكاتەدا رژێمی لەپێشا ئاگادار نەكردایە بەناوی ئەوەی بەدوای كەسوكاری دا دەروات و دەیـان هێنێتــەوە یادەنگوبـاس بـۆرژێم دەهێنێتــەوە ڕێگایـان نـەدەدا زۆرلەوانـە دەهـاتن بۆئەوەی كاری حزب و خۆشیان مەیسەر بكەن دەیانوت گەراینەوە چی بەرژێم بڵێن كامە زەرەری نیـەو ئێمـەش بـەپێ ی وەختەكـە دەمـانوت چـی بڵـێین، لـە1989/5/19 ناوچـەی هەڵەبجە لای شەرام و پشت سەرگەت شەرێكی باشیان كردبوو سەربازێك و هێستریێكیان بەدیل گرتبوو لەگەڵ (1–2) چەكدا لەولاوە گەرابونەوە پێشمەرگەیەكی ناوچەی هەڵەبجە هەبوو خەڵكی دەرەی مەربوو ناوی (رەحمان رەحیم) بوو پێمان دەووت كورت هەبوو ناوی بـنێ بـسم اللـە هــەموی تــەواو دەكـات لەراپــەرینی 1987/5/13 دا جیهـازێكی راكـاڵی لەمەعەسـكەرەكەی خورمـاڵ دەركردبووشـاردبویەوە ئـەوكات خـۆی لەرێكخـستنەكانی ناوشاربوو بۆ رێگا رۆیشتن ئازابوو هەربەكۆڵ جیهازەكەی هێنابەكاملی وخۆی گەیاندە ناوچـەی هەڵەبجـە كەدەگەرێتــەوە لـەنێوان هانـە نـەوەو وەنـەناو دادەنـشێت لای بـەردێك لـەولاوە تەقـە دەبێـت لەشـاخەكە وادیـارە لەحەیوانـە كێویـان كردبـوو ئـەویش چـاوی لـێ دەبێـت بـەرەو لای ئـەو رادەكـات لەپـەنای بـەردێك خـۆی دەشـارێتەوە سـوتفە كـەڵێكی (6) سـالأنە كـەزۆر گەورەیـە نزیكـەی (50) كیلـۆ گۆشـتی هەیـە دێتـە سـەرئەو بـەردەی كەئـەو لەپەنایدایــەتی و كەڵەكــە هەڵویــستێك دەكــات و لابــۆدواوە دەكاتــەوە بەحــسابی خــۆی دوركەوتۆتەوە لەگولەو بزانـێ رەفیقـەكانی بۆكـام لاوە رۆیـشتون رەحمـان لـەجیاتی ئـەوەی تەقــەی لــێ بكــات پــەلاماری دەدات و قاچــی دەگرێــت و كــەڵ رای دەكێــشێ و زیــاتر لــە دووكیلۆمــەتر بــەناو بــەردودارو دەوەنــا لەبــەردی تیــژدا رای كێــشابووهەربەری نــەدابوو تاكەڵەكە كەوتبوو هاورێكانیشی چاویان لێ دەبێت بەراكردن بـەرەو لای دەچن و رەحمـان هەر دەیگرێ و جارجارێ رای دەكێشن تارەفیقەكانی دەگەن و سەری دەبرن نـەوەك بـروات بەراسـتی كـارێكی گـرنگ بووتوانایـەكی جیسمی بـاش و لەوهـەموو هەڵـدێرەش هەربـەری نەدابوو رەحمان جل لەبەری نەمابوو هەموو لەشی بریندارببوو ئێمە لەوێ بوین جیهازیـان كرد ووتیان رەحمان كەڵی گرتووە ئێمـەش ووتمـان كـەڵی كوشتووە یاكەڵەكەی دەستگیر كـردووە رەحمـان خـۆی كـرد بـەژووورداو ئـەی بەخێربێنـەوە ووتیـان چیە ووتـی كـەڵم گـرت ئێمەش ووتمان كەڵت كوشـت كـەڵ گـرتن بۆمانگایـە كـەوەختی ئـەوەی دێـت كەڵـەگای بۆ

دەبەن یاکەڵ دەگرێت بۆئەوەی زاوزێ بکات کەڵ گرتن بەو مانایە دێت کەڵ کەڵە بزن یاخرتی پێ دەڵێن کەڵ یاکەڵە کیوی لەوێش کەڵەکەی هێنایەوەو تێگەیشت کە کەڵ گرتن خراپە، لە1989/5/20 چوینە کانی خەیاران و لەشارەوە دوو کەس هاتبون لەئۆردوگاکانەوە هەندێك نامەشیان هێنابووداوای مەفرەزەیان کردبوو لەشاربمێنێتەوەو وەزعی یاهورەی خەڵکی باش و دوای راگەیاندنی بەرەی کوردستانی خەڵکی متابەعەی دەکات ودوای چاوپێکەوتنی گەراینەوە چونکە ئێران بیانزانیایە کەسێك لەعێراقەوە هاتووە دەیان گرت یادەیان برد پرسیاری لێ بکەن تادەگەرایەوە عێراقیش دەیزانی و دەیگرت لەبەرئەوە مەگەر بەنهێنی بۆرۆژێك دوو رۆژ رێگامان دەدا بێتە ناومەریوان یائەو جێگایانەش هەرکەسێك زۆر داوای بکردایە بۆسەردانی سنەومەریوان ئەوە دڵنیا دەبوین کەعێراق ناردویەتی و رایان سپاردووە دەنگوباس و وەزعی ئۆردوگاو خەڵکی کە بەرێتەوە بۆعێراق، لە1989/5/21 لەکانی خەیاران وملەخورد بوین سەری مەقەرمان دا، لە1989/5/22 چوینە سنە، لە1989/5/23 چوینە سەقزوبۆکان و مهابادو ئورمیە ئێوارەکەی رادیوی ئێران بلاوی کردەوە کەئیمام خمینی عەمەلیات کراوەو بەلام سەرکەوتوونەبووە لەتەمەنی (87) ساڵدا لەتهران بەلام ووتیان چارەسەرکراوەو بەرەو باشی دەروات بۆئێمە لەوکاتە نەمانی ئیمام خمینی بۆمعارەزەی عێراق باش نەبوو دەترساین دوای ئەو رەدێکی خراپ لەسەرهێزە بەرهەڵستکارەکان بکەن ویاببێتە کێشەیەکی لەوبابەتە بەلام وادیاربوو ئەوان هەربەمانی ئیمام زۆرشتی وایان چارەسەر کرد کەدوایی ئەونەبێتە کێشەیەك وادیاربوو معارەزەش هەروا بەستراوە بەمعارەزەی ئێرانی لەبەغدادو ئەورۆژەش لەگەڵ کاك قادر لە1989/5/24 لەرێگای بەندو راژان تانزیك راژان و زۆرجێگای کە پیاسەمان بەسەیارە دەکرد و لەسەر روداوەکان قسەمان دەکرد لەزۆری رێك بوین و هەندێکیش رێك نەبوین لەسەری و ئەو ووتی من لەبەرە لام بەن ئیستقالە دەکەم من ووتم وەلا لەبەرە لات دەبەین بۆحزب وخۆت واباشە تۆ لەمەکتەبی سیاسی ئیش بکەیت چونکە تۆلەبەرە زەرەری بۆحزب هەیەو هەموو رۆژێك زەمی حزب دەکەیت لەوێ کەحزبەکانی هاوپەیمان پێمان دەڵێن هەرکەسێ حەز بەچارەی حزبەکەی خۆی ناکات لەبەرە کارگێر کۆدەبێتەوە ئێوارە لەماڵی خاڵە سەیدکاکە بوین لەرەزائیەوە پاشان چوینە

سنه کاك دکتۆر عەزیز لەوێ بوو نامەیان بۆمن هێنابوو کەئێران تەنگی پێ هەڵچنیون منیش ئەوەی راستی بێت ووتم من لەسەر قسەی ئەوان تەدریب کەشتێکی جدی بوو لای ئێران رام گرتووە و واش بوو لەگەڵ ئێرانیەکان کەباسی شتیان لەگەڵ دەکەم خۆتان چۆنتان کردووە باوابکەن و نامەی کاك رەسولیان هێنابوو کاك رەسول ئەوەی کاك عادلی پێ خۆش نەبوو بەلاّم قسەشی نەدەکرد، لە1989/5/27 لەسنە بوین میوانمان هەبوو، لە1989/5/28 منالّەکانمان خەریکی کرینی تەلەفزیون و شتی مالّ بون ناچاربۆدروست کردنی مالّ بەوحالّە ناگەرێتەوە خانویەکمان هەبوو بەلاّم هەروەکو چۆن لەمیری سور بوین وابوو هەرچاوەروانی رۆژانەو گۆرانکاریمان دەکردو کەنەمێنینەوە بەلاّم وادیاربووجارێك هەردەبێت مالّەکان لەوێ بن ئەگەر مەکتەبی سیاسی نەیکات بەبریاروکاك عادل بۆئەوەی هەموومان لەوێ دەربچین، لە1989/5/28 چوینەوە کانی دینارو ئەو خزمانەی لای جوانرۆ هەموویان هاتبون و لامان بون پاشان لەبارام ئاوا بون منیش لای ئەوان بوم بەبۆنەی هاتنیانەوە، لە1989/6/1 لەکانی دیناربوم(لە1976/1/1 لەبەغداد بوم، لە1976/6/26یەکەم مەفرەزەی شۆرش چوینە دەرەوەو لە1978/6/1 لەهەکاری لەشەردابوین)، لە1989/6/3 چوینە سنەو لەمالّەوە بوم و لەدەفتەری ئیمام خومەینیە وە بلاّوکراوەیەك بلاّوکرایەوە کەئیمام وەزعی باش نیەو دوعای بۆبکەن بەلاّم من واتێگەیشتم هەر ئەو کاتە ئیمام وەفاتی کردبوو چونکە هەرشەوێ دوای ئەوە رادیوی تهران لەشەوی 1989/6/4–3 رادیوی تهران رایگەیاندو لەرۆژی 1989/6/4یش بلاّوی کردەوە بەش بەحالّی خۆم زۆرم پێ ناخۆش بوو چونکە ئیمام خمینی لەوانەیە لەبیروبۆچون وزۆرشتا جیاوازبوین بەلاّم هاتنی ئەو نەفەسێکی بەکوردا بەتایبەتی معارەزەی عێراق هەروەها پیاوێکی شۆرشگێرو بەجورئەت بوو توانایەکی تایبەتی و شەخسیاتێکی گەورەی جیهانی بوو بەدەستی بەتالّ شای ئێران وئەوهێزە گەورەی راوناو لەبەریەك هەلّوەشان و لەجێگای ئەو سیستمێك کەخۆی ویستی دامەزراندو توانای دەسەلاّتێکی گەورەی جەماوەری و بەقسەیەکی ئەو (3–4) ملیۆن خەلّك دەهاتە سەرجادەو بەجورئەت ترین کەس سواری تەیارەیەك لەپاریسەوە بێ چەك بۆتهران شاە لە ئێران بوو کەهەموو کەس دەیوت دەیخەنە خوارەوە زۆربەجورئەتەوە گەیشتە تهران و رژێمی شاە هەلّهات لەدەستی

لەبەر ئەوە بۆمیللەتەکەی خۆی شتی کردو شوێنەواری دیاربوو من شەخسی پێم ناخۆش بوو زۆریش من نەهەر ئەوسەرۆکانە کەمێژویان دروست کردوە یاخزمەت میللەتەکەی خۆیان کردووە پێم ناخۆشە بمرن لەکاتی خۆیشی بازەروربن بۆمیللەتەکەیان بەکەسانی ئازاولێهاتوودڵسۆزم پیَ ناخۆشە تیابچن ئەگەر دوژمنی میللەتەکەشم بێت چونکە من خۆم دوژمنم نیە جگەلەوەی دوژمنی میللەتەکەم کەسانێك دژیشم بن حەز بەتیاچونی ناکەم، لە1989/6/4 مجلسی خوبورگانی ئێران کۆبونەوەو بریاریان دا حجت ئیسلام سید (علی خامنەئی) سەرۆك کۆماری ئێران بێت بەرابەری کۆماری ئیسلامی ئێران کەزۆر ئایەتواللەش هەبوون لەوگەورە تروبەتەمەن تروخۆێنەوار تربون بەلاّم ئەویان لەهەموویان پیَ باش ترو لەسەرخۆترو شارەزاتر بوو سیاسی تربوو واپیَ دەچوو ئیمامیش ئیشارەتی پیَ داوە بەکەڵك ولێهاتوو زیرەك و لەخۆبردوی مەلاکان لەئێران و ئاقڵیان هەڵبژاردنی یەکسەروبیَ دودڵی سیدعلی خامنئی بەرابەرو دوای ئیمام خمینی زیاتر دڵسۆزی هەموویانی لەگەڵ کێشە ناوخۆیەکان ئیسپاتیان کرد بۆدنیا کەئەوانە دڵسۆزی میللەتن و بەرنامەی خواین و شتی شەخسیان بەلاوە ناوە کەبەراستی پێویستە میللەتانی دنیا بەتایبەتی کورد تەجروبەیان لیَ وەربگرێت و سود لەوکارانەیان وەربگرێت و نەیان هێشت درزێك دروست ببێت لەنێوانیاندا ئیمام خمینی پیاوێکی گەورەو بەتوانا بۆئێران و جیهانی ئیسلامی بوو هەرئەویش ئێستا شوێنەواری ماوەو ئێرانی کردووە بەقەلاّیەك بۆهەموو موسڵمانانی دنیاو چاویان تیَ بریوەو چاکی و خراپی دنیا لەسەرئەوان ماڵە ئەوە راستیەکان دەسەڵمێنن، لە1989/6/5 بروسکەهات کەمن بڕۆم بۆسنە وکرماشان و لەویَ کاك رەسول دێت بۆتەعزیەی یامراسمی جەنازەی ئیمام خمینی لەقوم وتهران من نیوەرۆ لەکانی دینارەوە گەیشتمە کرماشان و بۆمەقەری علاقاتی حزب لەمەیدانی نەوت لەکرماشان تامن چوم کاك رەسول وماموستا سەعدیش لەویَ بون ووتیان مام جەلالیش لێرەیەو بریارە پێکەوە برۆین سەردانی مام جەلال لەعلاقاتی خۆیان لەکرماشانمان کردو وادیاربوو ئێرانیەکان خەریکی رێکخستنی وەسیلەی سەفەرمان بون، لە1989/6/5 سیدعلی خامنئی راگەیانرا بوو بەجیَ نشینی ئیمام و رابەری کۆماری ئیسلامی، لە1989/6/6 سەردانی مام جەلال مان کردو بەریَ کەوتین من وکاك رەسول و

مامۆستاسەعدو مام جەلال و کاك فەرەیدون و کاك جەبارفەرمان، لە1989/6/7 گەیشتینە تاران و ئاغای خامنئی لە جامعەی تاران تەعزیەی دانابوو، لە1989/6/8 نیوەرۆ لەئوتێل دەولـی تـاران بـوین و دوای چـوینە ئوتێـل هـەمای تـاران هـەمان وەفـد پێکـەوە سـەردانی مجلسی شـورای ئیـسلامیمان لـەتاران کـرد هەرئـەورۆژە پێـشوازی کـراین لەلایـەن ئاغـای کەروبی سەرۆکی مجلیسی شورای ئیسلامی ئێران (پەرلـەمان)، لـە1989/6/9 لەماڵەکەی مام جەلال دەعوەت بوین لـەتاران لـەخیابانی وەلی عصر دکتـۆر شالأو لـەویٚ بـوو یامـاڵی ئـەوان بـوو چـەند رۆژنامەنوسـێك لـەویٚ بـون لەگـەڵ مـام جـەلال وکـاك رەسـول و بـرادەران لـەتهران هـەر لـەویٚ سـەری مامۆسـتا مەلاعـەلی و مامۆسـتا مـەلاعوسمان مـان دا لـەئوتێل تارانی بزورگ زۆرقسەکراو گەراینەوە ئێوارە چوینە دەربەند شمیران لەشمالی تاران فێنك بـوو، لـە1989/6/11 مـام جـەلال و کـاك رەسـول و کـاك مەسـعودو مامۆسـتا مـەلاعوسمان بەهامرای وەفدەکان بۆلای سەرۆك وەزیران میر حسێن موسەوی چوین لەتهران لەرێگا کاك مەسعودو مامۆستا مەلاعوسمان خەریك بوو بگەرێنەوە کاك مەسعود لەپێشەوە خۆی بەبیٚ فـەرموو لەکەسـیان چـووە ژوورەوە پاڵەپەسـتۆ بـوو تـاکیٚ زوو دەرواتـە ژوورەوە بەراسـتی شـتێکی ناشـیرین و نـاخۆش بـوو بۆکوردکەهـەر ئـەو رۆژانـە ئـەو هـەموو پیـاوە سیاسـی و رۆشنبیرو هەندێکیان وەکو ئەوانەی نەجەف و لەوانـە تەمـەنیان لـە(100) سـاڵ تێپـەری بـو پیاوی رۆشنبیرو خاوەن شەخسیەت هـەمووی خـاوەنی مەوسـوعەی علمـی بـون هـەموویان بۆپاراستنی میلەتەکەیان رێبازەکـەیان ئاغـای خـامنئی یـان قبـوڵ کـردو زۆریـان لـەوەلأمی رۆژنامەوانە بیانیەکان خۆیـان بەسـەربازی خـامنئی ناسـاند بـەلأم کوردیش لەسـەر ئـەوەی کـیٚ لەپێـشەوە بـروات شـەر لەسـەر ئـەوە بکـات..کـیٚ لەپێـشەوە بێـت یانـەگونجێن کێیـان لـەولأتێکی کـە قسە بکـات یاکێیـان سـەرۆکی وەفـد بێـت...خۆمـام جـەلال وەکـو پیـاوێکی سیاسـی و شۆرشـگێر حـەق بـوو یـا وەکوپیـاوێکی دیـنی مـەلاعوسمان بوایـە یـا لـەروی تەمەنـەوە حساب بکربایـە بـەلأم کـورد هەرلـەوەش تەجروبـەی وەرنـەگرت پاشـان چـوینە بەهەشتی زەهراو دواتر سەردانی گۆرستانی تهران مـان کـرد، لـە1989/6/12 لەگـەڵ کـاك رەسول لەبازار دەگەراین و هەندێك قات وشتمان کری، لە1989/6/13 لەگەڵ کاك رەسول ومـام جـەلال وکـاك مەسـعود ومامۆسـتامەلاعوسمان و وەفدەکـە چـوینە لای ئاغـای

موحتەشمی وەزیری ناوخۆی ئێران هەروەکو رۆژی 6/11 فرکان فرکان بوو کیٚ لەپێشەوە بڕواتە ژوورەوە مام جەلال فەرموی لەکاک مەسعود کردو کاک مەسعود بیٚ ئاوردانەوە چووە ژوورەوە من وکاک فەرەیدون عبدالقادر لامان سەیربوو کاک مەسعود نەفەرموی لە مام جەلال کردو نەلەمەلاعوسمان هەندێك رەئی وابوو کوری مەلامستەفایە گرنگی ئەوەبوو کەلەسەر چونە ژوورەوە فرکان فرکان بوو هەموی لیٚ ی تێك چوو کیٚ میوانە و خاوەن مالٚ کێیە ، بەکاک فەرەیدونم ووت با لەدواوە پشتۆینەکانیان بگرین بۆئەوەی یەکە یەکە بچنە ژوورەوە، ئاغای موحتەشمی وجێگری وەزیر لەبەشی سیاسی و لەبەشی خارجی لەویٚ بون مێزێك لەبەردەمیان لەژوورەکە دانرابوو مێزەکە شوشە بوو دیارنەبوو لەپەلە پەلیدا ماملاستا مەلاعوسمان کەوت بەسەریداو رەقەڵەی قاچی دابوی بەمێزەکەدا زۆری ئازار پێگەیشت وەزیر پێی ووت زۆرت ئازارپیٚ گەیشت ترساین ببورێتەوە چونکە زۆر بەزەخت لیٚ ی دا کاک رەسول اعتیادی بوو دانیشتین و ئەویش بەخێرهاتنی کردین بەلاٚم کەس کەسی پیٚ نەناساندو بەپیٚ ی تەمەن روی قسە لەماملاستا مەلاعوسمان بکات برادەران ووتیان ئەوەش کاک مەسعود بارزانیە کاک مەسعود دەستی کرد بەقسە کردن بەلاٚم نەمانزانی کاک مەسعود قسەکانی نەك هی ئەوکۆبونەوە نەبوو قسەکانی هەرزۆرخراپ بوون زەرەری بۆکوردوبۆکاک مەسعودهەبوو ووتی کوردی عێراق یائەوانەی لەویٚ بوین دوای پیٚ ناخۆشی کاک مەسعود ووتی ئێمە وەکو هەمیشە خۆمان بەسەربازێك دەزانین بۆپاراستنی مەرزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران وە وەکو سەربازێکی بەوەفا هەرگیز چاکەی ئێوەمان لەبیرناچێتەوە کەبەراستی نەدەبوو ئەوقسەیە لەوێدا وابکات پێویستیش نەبوو دەیتوانی تەعبیری سیاسی کەش پەیدا بکات دوای ئەویش ماملاستامەلاعەلی هەڵەبجەیی قسەی کرد قسەکانی باش بوو ووتی ئێمە دوو میللەتی موسڵمانین وەکاتی خۆی دوژمنی هاوبەشمان هەبووە کەشەری عێراقمان کردووە وەئێران بەبیٚ ئەوەی پرس بەئێمە بکات شەری لەگەڵ عێراق وەستاندووە ئەو هەموو مالٚ وێرانیەی کورد کەهەمووی لەبەر ئێران بوو بەفیرۆ چووە ئێستاش شەر وەستاوە ئێران وەکو میللەتێکی موسڵمان واجبێتی موشکیلەکانمان چارەسەر بکات بەلاٚم لەوکاتەی شەر وەستاوە تائێستا هیچیان بۆنەکردوین ئەوەیش لەئیسلامەوە دوورە ئەگەر واجبی ئیسلامی خۆتان جیٚ بەجیٚ ناکەن

ئێمە روو دەکەینەوە ولاٌتێکی تر هەموو برادەران سەیری یەکیان کرد لەقسەکانی کاك مەسعود کاك مەسعود خۆشی هەستی کرد قسەکانی باش نەبون دوای ئەوانیش بەبیٌ ئەوەی کەسی کەسیٌ تەقدیم بکات وبلێن ئەوانە کێن مام جەلالیش هەروەکو لەهێنانەوەی جەنازەی بارزانی (3)رۆژ ریشی نەتاشی بوو تەپوتۆزبیوو لەوێش ریشی نەتاشی بووئەودەستی کرد بەقسەکردن و قسەی باشی کرد مام جەلال... ئاغای موحتەشمی پرسیاری کرد ووتی ئەوە مام جەلال نیە وتیان بەلیٌ مام جەلالە هەلٌسایەیەوەو بەخێرهاتنی گەرمی کرد پاشان کاك رەسول مامەندقسەی کرد بەلاٌم بەراستی ئەو وەزعە ی کەبینیم کوردیشی لەبەرچاو دەکەوت و ماوەیەك دانیشتین و پاشان دوای قسە کردن لەسەر زۆر مەسەلە هەلٌساین و لەدەرەوە کاك مەسعود وتی بەمن لەبەرئەومەلایانە واپێم ناخۆش بوو هەرنەمزانی چیم ووت و قسەکانم چی بوون لەبەر بزوتنەوەی ئیسلامی پیٌ ی ناخۆش بوو ئەوانمان لەگەلٌ بوو پیٌ ی ناخۆش بووئەوانەی لەپێشەوە برۆن ووتی زانیم قسەکان لەبەر ئەوان پێم نەکرا یاوای زانی هەر پارتی خۆیان بون و لەوقسانەی کرد یەکیٌ لەوانە بوو گرنگی قسەکانی قسەی وەفدێکی سیاسی نەبوو پاشان مامۆستامەلا عەلی پیٌ ی ووتم باشە ئەوەکەی قسەبوو مەسعود کردی من هەرگیز نابمە سەربازی سەرمەرزەکان ئەویش هەندێك تەعلیقی دا لەسەر روداوەکان پاشان گەراینەوە کاك رەسول ووتی من هەرگیز لەگەلٌ وەفدی وابیٌ سەروبەرەو بیٌ احترام ناچم بۆهیچ لایەك هەریەکە قسەی خۆی کردبەلاٌم من بەزەیم بەکوردا دەهاتەوە هەرەشەی تواندنەوەی لیٌ دەکرێت و ئێمەش هیچمان بۆکورد نەکردوەو توشی کیمیاوی و ئەنفالمان کردووە لێرەش بەرەی کوردستانی بەو حالٌە دروست بووە و ئەوەش قیادەی کورد لەسەرچونە ژوورەوەی قاپیەك یاوەزیرێکی دەولٌەتێك کەرێك ناکەون خوا هیدایەتی کورد بدات لەو وەزعە، لەئوتێل لالەی تهران کۆبونەوەیەکی (3) قۆلی کراو ئێمەو یەکێتی و ئێران، لە1989/6/14 هەرلەئوتێل لالەی تهران دەعوەتی کاك رەسول بوین من و کاك سەعدو کاك رەسول و مام جەلال و کاك دکتۆرفوئادو دکتۆرکەمال فوئادو دکتۆر کەمال خۆشناوو کاك فەرەیدون عبدالقادر بوین ئەونیوەرۆیە هەموو پێکەوە بوین و قسەش لەسەر روداوەکان کرا کاك عادل مراد بروسکەی کردبوو کەکاك رەسول سەری مالٌیان بدات ئیشی زەروری هەیەو نامەیەکی

لەویَ یە بۆی بهێنێ چوینە ماڵی کاك عادل لەکەرەج لەویَ خێزانەکەی وتی خۆ عادل خەبەری ناردوە کە جنسیە ئێرانیەکەی بۆ بنێرم ئێمە تێگەیشتین کە کاك عادل ئەو هەموو مزائیدە لەسەر ئێمە دەکات و ئەیەویَ رابکات و خۆی بشارێتەوە بەجنسیە ئێرانیەکە، لە1989/6/16 لەکرماشانەوە بەرێ کەوتین بۆسنە لەگەڵ کاك رەسول و کاك سەعد دا، لە 1989/6/18 ئەوان گەرانەوە بۆمەکتەبی سیاسی، لە1989/6/19 کاك مولازم کەریم هات و پێکەوە چوینە مەریوان و بۆکانی دینار، لەرۆژانی20و1989/6/21 هەرلەکانی دینار بوین لەسەعات (6)ی سەرلەبەیانی کاك ئەحمەدقاجری لەئۆردوگای بارام ئاواوە هاتبوو لەخەو هەڵی ساندم هەرکەسێ وازوو بهاتایە ئەوە خەبەری ناخۆشی پێ بوو وتم چیە ووتی ئەم شەو کاك مشیرئەحمەد سلیم برای کاك عەلی بچکۆل کەزیاتر لەیەك ساڵە لەسجنی هەیئەی کەرکوکە گیرابون لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی بەکر محمود سلیم لەگەرمادا مردبوو مامی گولەباران کرابو ئەمیش لەئاوارەیی وخاوەنی ماڵ ومناڵدا کۆچی کردووە زۆرزۆرم پێ ناخۆش بوو لەوهەلومەرجەدا هەرکەسێ لەوئاوارەیەدا دەمرد پێم ناخۆش بوو کاك مشیر گەنج بوو نزیکەی (35)ساڵ دەبوو تووشی زۆر گرتن و راکردن و تالآن کردن ببوو لەشۆرشدا ئێمەش زوو هەستاین و چوین بۆسەر قەبران ناشتمان لەدەرەناخێ و لەمزگەوتی ئۆردوگای بارام ئاوا تەعزیەمان بۆدانان لەتەعزیەکەیدا هەرچی خەڵکی کوردبوو هەمووی لەتەعزیەکەیدا بەشداری کرد دیاربوو لەئاوارەیدا هاوکاری زیاتر بوون، لە1989/6/25 چوینە سنە، لە1989/6/28 چوینە کامیران و گەراینەوە بۆسنە دوای کۆبونەوەو ئیشوکارەکان لەگەڵ علاقاتدا، لە1989/7/1 چوینە مەریوان وکانی دینار، لە1989/7/2 گەراینەوە سنەو عەتای کورم لەخەستەخانە خەواندبویان لەگەڵ کورە بچکۆلەکەمان رێبین، لە1989/7/4 سەری خەستەخانەمان دا بۆلای عەتا لەگەڵ رێبین و مناڵەکانمان، لە1989/7/7 سەری خەستەخانەمان دا خاڵەحاجی کەمەسئولی علاقاتی مەرکەزی بوو تەلەفونی کرد کەبرۆمە کرماشان کۆبونەوە هەیەو داوایان کردووە من ببینن برادەران لەویَ بون، لە1989/7/8 لەکرماشان کۆبونەوە هەبوو لەگەڵ مەسولی دیاری کراو بۆحزبەکان ئاغای جعفری، لە1989/7/9 گەرامەوە سنە، لە1989/7/10 کاك شیروان و خاڵەحاجی هاتن بەنیازی ئەوەی برۆین بۆچلەی ئیمام خمینی و داواکرابوین

لەسەر  دەعوەتی کۆماری ئیسلامی بۆقوم وتهران ئەورۆژە دکتۆر عەلی ومریەم خان میوان بوو لامان، لە1989/7/11 لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆهەمەدان من وکاک شێخ محمدشاکەلی وخاڵەحاجی وکاک شیروان وئاغای کامیلی لەقەرارگای رەمەزان کەسەیارەی خۆیان و سائیقی خۆیان هاتبون بەدوامانـدا کەپێشتریش ئاغای جعفری پێ ی وتبوین لەساواوەشەو گەیشتینە قوم، لە1989/7/12 لەقوم یەکمان گرتەوە لەگەڵ کاک رەسول و مام جەلال و کاک فاضل مطنی لەجیاتی پارتی هاتبوو کەئێمە لەوێ بوین مام جەلال هات بۆلامان و ئەم لاولای یەکمان ماچ کردو خاڵەحاجیش بەهەمان شێوە مام جەلال ووتی خاڵەحاجی من ماچ مەکە لەم لاولا قسەم پێ دەڵێیت و لێرەش ماچم دەکەیت خاڵەحاجی ووتی باوەرناکەم قسەت پێ بڵێم، لەوێ کاک رەسول زۆر هەوڵی دەدا کەکاک عباس بایزباولاَغا بهێنێتە لای مام جەلال و ئاشتی بکاتەوە چونکە کاتی خۆی خزمەکانی کاک رەسول  لای کاک عباس بایز باولاَغا چەك داربون لەوێش  کاک عباس بایزباولاَغا ناردی برای مام جەلال ی کوشت لەگوندی کلکانی بناری کۆسرەت لەگەڵ دوو کچی دا کاک رەسول وای دەزانی کاک عباس لەسەر کاک رەسول ئەوەی کردووەو مام جەلال ئاگای لەوەبوو هەوڵ ئەدا ئاشتیان بکاتەوە وەقەناعەتی بەمام جەلال کرد کەکاک عباس بێتە لای مام جەلال  وقسە بکات کاک رەسول لەوێ دەوری  ئەوەی دەبینی کاک شیروانیش دژی مام جەلال و خاڵەحاجیش بوو ئەورۆژە لەدوای نیوەرۆ هەمووان بەرێ کەوتین بۆتاران لەجادەی قومەوە رۆیشتین تهران جگە لە خۆشمان هەرحزبێك (100) کەسی لەپێشمەرگەیش هێنابووبۆتاران و لەسەرحسابی قەرارگای رەمەزان پاسیان بۆگیرابوو بەلافیتەوە هەرحزبێك بەناوی خۆیەوە سۆسیالیست و یەکێتی و پارتی و حەرەکەی ئیسلامی هەمووی هاتبون و چەند جێگای پبرۆزیش لەقوم گەراین، لە1989/7/13 لەتاران بوو خزمێکمان  حاجی فەتاح عەلیاوا کۆچی دوایی کردبوو لەئۆردوگای باریکە لەکوردستانی عێراق ئەوکاتە پەیوەندی هەبوو جیهازمان لەگەڵ زۆربەی کوردستان هەبوو رۆژانە روداوەکانمان پێ دەگەیشت...هەرئەمرۆیش واتا 1989/7/13 لەوڵاتی نەمسا لەئەوروپا دکتۆر عبدالرحمن قاسملۆ شەهید کرا لەشاری ڤێنا لەگەڵ عبداللەی قادری و دکتۆر فاضل مەلامحمود تیا کوژران هەمومان زۆر زۆرمان پێ ناخۆش بوو  وەزۆر پێ ی

نارەحـەت بـوین بـەڵام خاڵـەحاجی وکـاك رەسـول لـەمن زیـاتر لەبەرئـەوە ئـەوان زیـاتر دۆسـتایەتی و علاقاتیـان هـەبوو مـن و دکتۆرقـاسملۆ لـەدوورەوە یـەکمان دەناسـی بـەڵام لەنزیکەوە یەکمان نەدیبوو یەکجارنەبێت ئەو هەوڵی دا قسەم لەگەڵ بکات من لەعەبابەیلیٚ و ئەویش لەسلێمانی بوو بەڵام ئەویش نەکرا کاك رەسول یەکەم جارم بوو ببینم بگریٚ بۆدکتـۆر قـاسملۆ گریـاو خاڵـەحاجیش زۆر بـۆی گریـا ئێرانیـەکانیش تەلـەفونیان دەکـرد وەکو ئەوان ئاگایان لیٚ ی نەبێت، ئێمە لە1989/7/8 ئاغای جعفری مان لەکرماشان دی و لەشـەوی 12-1989/7/13 وادیـاربوو گەیـشتبووە ڤێنـا ئێمـە هـەر نـەمانزانی و بەتونـدی دژی شـەهید کردنـی بـوین و ئێرانیـەکان وایـان بـڵاو کـردەوە کەئـەوان ویـستویانە لەگـەڵ دکتۆر قاسملۆ رێکەون و لەگەڵ کورد چارەسەری کێشەیان بکەن بـەڵام عێـراق لەسـەرئەوە ناردویەتی و زانیویـەتی و تەقەی لیٚ کردون و دکتۆرقاسملۆ و ئەوان کـوژراون لـەمانیش ئاغای جعفری بریندار بووە ئێمەش زانیمان کەوا ئاغای جعفری وادیاربووە هەردوای ئێمە چووەتە ڤێنابۆئـەو کـارەش دوای دەرکـەوت کـەحاجی مـصطوفی و ئاغـای جعفـری و چـەند کەسـێك بـون لـەویٚ بـەیانێك لەسـەر شـەهیدکردنی زۆربەتونـدی ودژی بکـوژانی دەرکـرا لەلایـەن ئێرانـەوە هەنـدێك لەرۆژنامـەکانی ئێـران بڵاویـان کـردوە وادیـاربوو بەمناسـەبەتی چلەی ئیمام خمینی وە ئەوکارەیان کردبوو ئاغای جعفرییش برینـداربببوو گولەیـەك بـەری ملی کەوتبوو وابزانم هـەر هێن تەقـەی خۆیـان بووە یاچۆن بووە ئـەو برینداریـەی دوایـش ڤێنـا دایـەوە بـەئێران بـەڵام کـارێکی نـاخۆش و خـراپ و بیٚ سـیقەی کـوردو ئێـران پیـشان دەدات لـەدوای ئـەوەوە ئـەوەش قوربـانی ئاشـتی بـون، لـە1989/7/14 بـەیانێکمان هـەر لەتهران دەرکـردو بڵاوکـردەوە بـەڵام بەشـێکی نـەبێت تائەوکاتـە شـێوەی کوشـتنەکەی هـەر رون نـــەبوولامان، لـــەرۆژەکانی 15و16و1989/7/17 هەرلـــەتهران بـــوین و هـــەرمیوانی کۆمـاری ئیـسلامی بـوین، لـە1989/7/18 چـوینە مجلـسی شـورای ئیـسلامی و چـاومان بـەحاجی ئاغـای محمـدی مەسـئولی مەکتـەبی ئاغـای رەفـسنجانی و مەسـئول لەسـەر مەسـەلەی کـورد لـەئێران کـەوت و لەسـەر روداوەکـان وپەیوەنـدی هەردوولاقـسەمان کردوگەرانیـەوە بۆئوتێـل، لـە1989/7/19 دەعـوەتی مـام جـەلال بـوین لەماڵەکـەی خـۆی لـەتهران لای خیابـانی پاسـداران وابـزانم براوکەسـوکاری یـابوکی لـەویٚ بـون هـی مـام

جـەلال(ڕۆژی 1989/7/13 ڕۆژی جـەژنی قوربـان بـوو ئەوهـەموو ڕوداوو قوربانیـەی تێدابوو)، لە1989/7/20 لەتهرانەوە گەڕاینـەوە بۆسنە، لـە1989/7/21 لەسنەوە چوینە کانی دینار، لە1989/7/22 چوینە ئۆردوگای دزڵی و تەعزیـەی ماڵی کاك عەلی حاجی فـەتاح کەلـەدوای (9) ڕۆژ زانیبویـان لەمزگـەوتی دەربەنـدی دزڵـی تـەعزێیان بۆدانـابون، لە1989/7/25 لەمەریوانەوە چوینە سنەو لەماڵەوە ئێوارەکەشی چوینە تەعزیە بۆماڵی شێخ دلێری شێخ مستەفا برای کاك شێخ جەعفەر لەسنە بون کـەبرازاو ژن برایـەکی شێخ دلێـرو کەسوکاری شێخ جەعفـەر لەیـەك گۆڕان پاسـدار تەقـەی لـێ کردبـون و کوشـتبونی لەسنە ئەو ڕۆژە من لەتەعزێکە بوم حاجی محمود ئاغای بـرای بابـەکر ئاغاش لـەوێ بـوو، لە1989/7/28 ڕۆژی هەڵبـژاردنی سـەرۆکی کۆمـاری ئێـران بـوو کەبـەرەئی مـن لـە 100٪ ئاغـای ڕەفسنجانی دەردەچـێت هـەر ئـەویش دەرچـوو، لـە1989/7/29 لەمـەریوان بـوین لەگـەڵ دۆسـتان کۆبونـەوە هـەبوو، لـە1989/7/30 لەگـەڵ عـەتاو پـشتیوان و ڕەمـەزان لەمەریوانەوە چوین بۆسنە کاك ڕەسول و خاڵەحاجی و کاك شیروان لەوێ بـون و شـەویش مامۆستا مەلاعەلی و کاك حەکیم مەلاصاڵح وکاك خاڵەسەیدکاکەو کاك قادرچاوشین لـەوێ بـوون قسەش زۆرکـرا لەسـەر ڕوداوەکـان لەوڕۆژانـەدا ئینـزاری مەکتـەبی سیاسـی کرابـوو دەبێـت لـەکاولان نـەمێنێت و بـڕوات تیپـی مەدینـەی منـەوەرە نامەیـەکی تەهدیـدیان بـۆ نـاردبوون لـەوێ دەسـتیان کردبـوو بـەبارکردن کـاك عـادلیش کـەکاك ڕەسـول و بـرادەران چوبون بۆماڵیان وادیاربوو پێشتر نامەی بۆمناڵەکانی ناردبوو دەفتەرچـەی ئێرانـی هـەبوو یاپەناهەندەیی بۆکرابوو بۆی بنێرن و خۆشی لەوێوە بڕوات بۆئیلام و کرماشان و ئەوناوە ئـەمیش لێـرە وەزعـی حـزب لەگـەڵ ئێـران خراپـەو نـاتوانێ بەوەرەقـەی حزبـەوە بـڕوات هەرلێرەوە ئەویش دێت کاك ڕەسول ئەوەی کەهێناویەتی دەفتەرچەکەی کاك عادلە کەوای زانیبـوو نامەیەکە پـێ ی نەگەیشتبوو نامەیـەکی کەشیان ناردبوونامەکەیان دابـوو بـەکاك ڕەسول وکاك عادل وتبوی تاخانە دەچم کاك عادل ئەو خۆشاردنەوە خۆی لـێ شـاردینەوە کەئـەو شـەری لەگـەڵ ئێـران و عێـراق دەکـرد لەناوخزمـەکانی خـۆی شـاردبوەوە لـەئیلام و ناوچـەی کرماشـان بەکەسـی نـەوتبوو کەلەکوێیـە بۆئـەوەی کـەس جێگـای نـەزانێ دوای لەڕێگای دکتۆر ڕەمزیەوە ئەوانەوە دوای (4) مـانگ کـاك ڕەسـول وخاڵـەحاجی زانیـان کـاك

عادل خۆی شاردۆتەوە وبەکەسی نەوتووە هەتا وامان دەزانی تاماوەیەك هەرگیراوە لێرە ئێمەی بەدەرکردن داو لەولاش خۆی وەکو باسکی بانان بۆی دەرچوو وەکو ئەوەی کەکاك عادل پیَ ی سپێردرابیَ کەنێوان سۆسیالیست و ئێران تێك بدات و هیچ ئیشی تری نەبێت هەرلەو سالأنەی پێشودا کاك عدنان مفتی لەسوریاوە پاسەپۆرتێکی عێراقی بۆمن ناردبوو لەگەلَ نامەیەکدا نوسیبوی وا پاسەپۆرتەکەم بۆت پرکردۆتەوە بەلاَم مۆرێکی قونسلَی کوێتی ماوە لیَ ی بدرێت بەکاك عادل بلَیَ بۆت جیَ بەجیَ ئەکات، رۆژێك لەگەلَ خالَە حاجی و دکتۆردلێروکاك عادل پێکەوە لەتهران بوین من و کاك عادل پێکەوە دەرۆیشتین لەسەر جادەکە پێم وت کاك عادل کاك عدنان پاسەپۆرتەکەی بۆ ناردوم ووتی زۆر باشە منیش پێم ووت کاك عدنان نوسیویەتی مۆرێکی قونسلَی کوێتی نوقسانە ئەویش کاك عادل بۆت جیَ بەجیَ دەکات کاك عادل توورە بوو کردی بەهەرا وتی کاکە خۆمن قاچاغچی نیم خۆ من لەکوچەی عەرەب ئیش ناکەم قبولَ ناکەم واسەیری من بکەن بەراستی من زۆر پەشیمان بوم ووتم رەنگە من شتێکی خراپم وتبێت و داوای لیَ بوردنت لیَ دەکەم ووتم کاك عادل زانیم مەسەلەکەچیە چونکە کاك عدنان وەکو هەڤالێك ئەو پاسەپۆرتەکەی بۆمن ناردوە منیش وەکو هەڤالێك بۆکاك عادلم باس کرد کەبەراستی وام زانی لەقونسلَی کوێتی بۆم دەکات نەمزانی مەسەلەکە تەزویرە منی کرد بەبەنی براو دوای (15) رۆژ ئیدارەی ئیتلاعات چونە سەر مالَەکەی تەفتیشیان کرد لەکەرەج (24) پاسەپۆرت لەمالَەکەی دا دۆزرایەوە نیوەی پرکرابوەوەو نیوەی پرنەکرابوەوە و زیاتر لە(30) مۆر بەناوی سەفارەت و قونسلَی و سەفەرو جنسیەوە لەگەلَ جیهازی فۆتۆ کۆپی و سەدان کاغەزی تەزویر لەمالَیان دۆزرایەوە دەرکەوت کەهەرچی تەزویر دەکرێت لەکوچەی عەرەب ئەو کردویەتی کەچی بەمنی دەفرۆشت ئیتر لەویَ گیرا لەسەر تەزویر نزیکەی یەك مانگ سجن بوو لەئێران پاشان ئێران بەمالَ و منالَەوە بەرێیان کرد بۆلەندەن، ئێمەش مانۆرمان نەکرد کەس نەیکردو هەمووی وازیان لیَ هێنا برادەرانیش لەویَ دەستیان کرد بەگواستنەوەی مەقەرێکی گەورە کە(3) سالَ لەیەك جێگا ئێستا خانوو تێك بدەو باربکە بۆجێگایەکی کەو زۆرشتی ناخۆش وکاك عادلیش کەتووشی ئەوەی کردین بۆ (4) مانگ هەرنەمانزانی لەکویَ یە کەسێکی محاسەبەی نەکرد واتە مەکتەبی سیاسی

خۆی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو لەوکاتەدا ئەوەی دەیوت ئەوانە واتە سۆسیالیست لەگەڵ ئێرانەهەرلەویێ هەمان لایەن و کەسان دەیانوت سۆسیالیست لەگەڵ ئێران تێك چوون ڕێگایان نیەو نامێنێ و لەوقسانەیان دەکردو وەرە لەگەڵ ئێران پەیوەندی باس دەکەیت دەڵێن عائدی ئێرانی نای کەیت دەڵێن ئەوەی لەگەڵ ئێران نەمان نامێنێ کەس بەهیچ رازی نیەو بۆیە پێویستە کەس رەئی خۆی بەدەستی کەسەوە نەدات و سیاسەتی داڕێژراوی هەبێت ئەو حزبە لەسەر بەرنامەی کاری خۆی دانێ بەرۆژانە بروات و هەرکات سەرکەوت ئەوکات هەمووکەس لەگەڵی دایە وەکاری یابە ئەقلیەتی چەند کەسێك هەنگاو بنرێت بەڵام دەبێت مەسئولی یەکەم بریاری خۆی هەبێت لەدوا بریار ئەو بیدات نەك وەکو ئەوماوەی کەبەسەر ئێمەدا هات و توشی ئەو هەموو کێشەیە بوین... بەهەرحاڵێ بوو خانوومان کرد لەناوزەنگ و نۆکان بووە بەپیشەمان چۆن یەکێتی دەستیان بەخانووکرد لەدوای ئەنفال وکیمیاوی هاتنە دیوی ئێران ئێمەش وەکو ئەوان دەستمان پێ کرد خانووی باش و ڕێك وپێکی بلۆکمان بەجێ هێشت لەکاولان چوینەخانوقورو بەرد لەنۆکان زستانیش هەروشك نەبونەوە هەمومان تێدا نەخۆش کەوتبوین کاك عادل بۆکۆبونەوەکانیش نەدەهات، لە1989/7/19 مام جەلال سەیارەیەکی نارد سائیقەکەی ناوی دلێربوو نامەی بۆکاك رەسول ناردبووکەخۆی و برادەران وناوی کاك عادلیش لەناونامەکەدا نوسرابوو کەبرۆین بۆ دەعوەتیان کەئێوارە سەیارەکە دێت بەدوامانداشوێنەکە شارەزا نەبوین کاك عادل ووتی من نایەم بۆدەعوەتی جەلال تاڵەبانی پێمان ووت پیاوی چاك بەو هەوڵمان دا لەگەڵی ووتی من هەرگیز نانی ناخۆم ناشیەم بۆدەعوەتی کاك رەسول زۆر رجای لێ کردو ووتی مام جەلال دەزانێ تۆلێرەیت و دڵی عاجز دەبێت تۆیش وەرە هەرچیمان کرد نەهات کەچوین مام جەلال وتی کاك عادل بۆنەهات کاك رەسول هەندێکی بۆراست کردەوە بەڵام وانەبوو لەراستی دا هەر بەئەنقەست نەهات و دژی یەکێتی بوو لەشەنسەکەی ئێمەدا دوایی بوو بەعەریف عەلی وەکو سەیدکاکە ووتی، لە1989/7/31 لەگەڵ کاك رەسول و خاڵەحاجیدا لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆسەقزو چوینە ماڵی کاك حمەسورو مامۆستا عبداللە لەوێوە بۆبانەو سەردەشت و مەقەری علاقات کاك شێخ محمد شاکەلیش لەوێ بوو شەو لەماڵی خاڵەجوتیار بوین

لەوێ هەرئەو رۆژە نەتیجەی هەڵبژاردنی ئێران دەرچوو ئاغای رەفسنجانی بوو بەسەرۆك کۆماری ئێران کە لە 7/28 وە دەستی پێ کردبوو، لە1989/8/1 لەسەردەشت بوین، لە1989/8/2 چوینە ناوزەنگ و نۆکان، لە1989/8/3 چوینە سەردەشت و بانەو سەقزو دیواندەرەو سنە، لە1989/8/4 چوینە مەریوان، لە1989/8/5 چوینە دزلّی وگەرامەوە کانی دینار، لە1989/8/6 چوینە سەری ملەخوردمان داو بۆمەقەری ناوچەی هەڵەبجە لەرەنگین بوون هەر لەرەنگین زەراعەتیان کردبوو پێویستیان بەهیچ شتێك نەبوو تەماتەو کولەکەو خەیارو ترۆزی و پیازو کەوەر بەشی ماڵیان دەهێنایەوە زۆرم پێ خۆش بوو وائیش بکەن و پێویستی خۆیان چارەسەربکەن بۆئێمەشیان دەهێنایەوە لەو کوێستانە فێنکە و هاوین بەو ئاوەساردە زۆر شتێکی گرنگ بوو، لە1989/8/7 لەکانی خەیاران کۆبونەوەی لقمان هەبوو، لە1989/8/8 رۆژی دامەزراندنی حزب بوو (10) ساڵ بەسەر دامەزراندن و (13) ساڵ خەباتی حزب بوو کۆبونەوەی لقی سلێمانیمان هەبوو لەکانی خەیاران تادوای نیوەرۆ رۆژی 1989/8/10 هەرکۆبونەوە بەردەوام بوو، لە1989/8/10 لەگەڵ ئامر هەرێمەکان کۆبوینەوە لەنەتیجەی کۆبونەوەی لق و بریارەکان ئەوەی پەیوەندی بەهەرێمەکانەوە هەبێت پێمان راگەیاندن لەروی سەربازی و رێکخستن و ئیدارەو مالیەو پەیوەندیەوە قسەکراو گۆرانیش لەلق کرا بەپێ ی هەلومەرجی ئەوکاتە، لە1989/8/11 لەمەریوانەوە چوینە کانی دیناروکانی خەیاران و شەو لەوێ بوین، لە1989/8/12 لەو زەراعەتەی لق و کەرتی لق و هەرێمی (5) کردبویان (2-3) بار خەیارو سەوزەمان نارد بۆمیری سور بۆمەقەری هەرێمی (21) هەر ئەو رۆژە ئێمەش چوینە سەرکەل و بۆمەقەری هەرێمی (21) و مەرگوزەل و ئەشکەوتی حمەشێت و لەناو دەرەکۆرە داروشت بەکۆڵ سەردەخرا بۆسەرەوە بۆخانووکردن، لە1989/8/13 دەست کرا بەخانووکردن پێشمەرگە دەستی پێ کرد هەرچەندە دنیا گەرم و ئاوزەحمەت بوو بەلاّم هەرباش بوو سەردانی خوارەوەم کرد، لە1989/8/14 من گەرامەوە بۆکانی خەیاران و کانی دینار ودزلّی لەوێ دەست بەخانووکردن کرا، لە1989/8/15 لەمەریوانەوەو بەسەر شیوی سەقزەوە بۆبانەو سەردەشت و نۆکان وناوزەنگ و بۆمەکتەبی سیاسی ئەوکات لەوێ بو، لە1989/8/16 لەمەکتەبی سیاسی بوین و لەسەر زۆر مەسەلە و دوا

روداوەکـانی سـنوری خۆمـان ئاگـادارم کـردن و دەربـارەی قورسـایی خۆمـان زیـاتر دەگوازینەوە بۆلای سورێن و هەواڵێکیش لەوێ هەبوو کەسۆسیالیست و پارتی و یـەکێتی ئـەوکات هێزیـان هـەبوو پێکـەوە بـەهاوکاری ئێـران ناوچـەیەك رزگـار بکـەن بۆبارەگـاو مەقەراتی هەموو لایەك و ئێران یارمەتی بدات لەنێوان یەکێتی و سۆسیالیست و پارتی دا قسەکرابوو هـەر(3) لاش پێکـەوە لەگـەڵ ئێـران قسەیان کردبـوو ئێـران ئامـادەیی هـەموو هاوکاریـەکی پێمـان دابـوو، لـە1989/8/17 گەرامـەوە بۆسەردەشـت هـەر ئـەمرۆش واتـە 1989/8/17 ئاغـای رەفسنجانی بـەرەسمی سـەرۆك کۆمـاری ئیـسلامی ئێـران ئیـشی وەرگرت من هەرهەمان رۆژ گەرامەوە ناوزەنگ و نۆکان هەمان رۆژیش ئاغای کـەروبی بـوو بـە سـەرۆکی مجلیـسی شـورای ئیـسلامی ئێـران (پەرلـەمان)، لـە1989/8/18 لەگـەڵ کـاك رەسول و کاك شێخ محمد و خاڵـە سـەیدکاکە وکاك شیروان چوینە سـەردانی مام جـەلال لەقاسمە رەش دوای لەوێ هەستاین من و خاڵە سەیدکاکە و کاك شێخ محمد ئـەوکات کـاك نەجدەت تەوێڵـەیی لـەپارتی عـاجزببوو لای ئێمـە بـوو ئەویـشمان لەگـەڵ بـوو لـەرێگا بـاران دەستی پێکردو تاچوینە رەزائیە شەومان بەسەرداهات خاڵە سەیدکاکە ووتی نابێت برۆنە ئوتێل و هیچ جێگایەکی کە دەبێت برۆینە ماڵی ئێمە چوین وتی ئـەو کۆڵانـە نیـە ئەوەیانـە زۆر گەراین  وادیاربوو لیٚ ی وون ببوو منیش ووتم نیشانەیەك شتێك ووتی چۆلاییەك لای ماڵمانـە ئۆرمیـە شـارێکی گەورەیـەو دەیـان چۆڵایی تێدایـە ووتم لـەفلاَن جێگـاوە دەسـتی راسـت قاپیەکـەی دەسـتی چـەپ  و بەدەسـتی راسـتا دەرویـت ووتـی هاتویتـە ماڵمـان ووتم نـەوەلاَ ووتـی  ئەگـەر دەزانـی بـابرۆین منـیش هـەروا رۆیـشتم زانـیم کۆلاَنەکـەم دۆزیبـوەوە هەروەکو ئەوەی خۆم ووتم رۆیشتم چوینە بـەری ماڵیـان و خـۆی ووتـی ئـەوە مـاڵی ئێمەیـە دای لەقاپی دۆزیمانەوە هەربەچۆڵایەکەی پـیٚ دەکـەنین کـاك شـێخ محمـد وادیـاربوو لەگـەڵ کاك قادرجەباری باسی رێگا ون بونەکەی کردبوو کاك قادر دەیوت جابۆئەوە دەڵێن بـەخوا کـاك رەسـولیش مـاڵی خـۆیـانی نـازانیٚ و سـکرتێرە ئـەو دژی کـاك رەسـول بـوو ئـەو شـەوە بـارانێکی یـەکجار زۆربـوو تائەوکاتـە هـەرباران نـەباری بـوو کـاتی بـارانیش نـەبوو، لـە1989/8/19 سـەری مـاڵی کـاك قادرجـەباریمان داو نیـوەرۆ دەعـوەتی مـاڵی مامۆسـتا ئـەمین بـوین  هـەمان رۆژ گەراینـەوە سەردەشـت، لـە1989/8/20 چـوینە بانـەو سـەقزو

دیواندەرەو سنەو مەریوان وكانی دینار، لە1989/8/21 بەئیشی زەروری چومەوە سنەو هەمان رۆژ گەرامەوە كانی دینار، لە1989/8/22 چوینە مەریوان و بۆدزلی و شەولەوێ ماینــەوە، لــە1989/8/23 چــوینە ملــەخورد وگەراینــەوەدزلی و بۆكــانی خــەیاران، لـە1989/8/24 چوینە بارام ئاوا بۆتەعزیەی كوری حاجی غەفوری گوڵپی كەیەكێ لەئاوارەكانی كوردستان بوون، لە1989/8/27 لەمەریوانەوە چوینە سنە و شەو لەسنە بوین ماڵەوەمان لەماڵ نەبون، لە1989/8/28 لەگەڵ هەندێك لەمەسئولینی ئێرانی گەراینەوە بۆكانی خەیاران و سەردانی مەقەراتیان كردین، لە1989/8/30 لەمەریوانەوە چوینە سنە، لە1989/8/31 لەسنە بوین، لە1989/9/1 چوینە سەقز كۆبونەوە هەبوو پاشان سەری مام رۆستەم بازیانی مان دا قاچی شكابوو، لە1989/9/2 هەرلەسنەبوین وخەریكی ئیشوكاری حزب بوین وكاری راگەیاندن و گۆڤاری سورێنم ئامادە دەكرد، لە1989/9/3 لەسنەوە چوینە كرماشان و پاشان بۆكانی خەیاران، لە1989/9/5 لەكانی دیناربوین، لە1989/9/6 لەمەریوانەوە چوینە سەقزوبانەو سەردەشت و نۆكان و ناوزەنگ لەكۆبونەوەی كۆمیتەی ناوەندی بوین بریار درا كاك قادرجەباری لەبەرەی كوردستانی بگەرێتەوەو مامۆستا ئەمین مان لەجێگای دانا لەسەرئەوە كاك قادر ئیستقالەی كرد لەكۆمیتەی ناوەندی و مەكتەبی سیاسی و ئیشی وەرنەگرت و لەسەر ئەوە بوو بەهەرایان لەگەڵ كاك رەسول ووتی لەگەڵ تۆ ئیشم پێ ناكرێت و كاك رەسول ووتی تۆ ئەوەندە زەمی حزب و قسە بەحزب دەڵێیت لەراژان لەمەقەری بەرە بەلای كەمەوە لە(100) قسە قسەیەكیش بۆخێری حزب بكە وادیاربوو كاك رەسولیش لەوماوەیە زۆر داخی پێوە خواردبوو ووتی لەماڵی خۆت بیت سودی زۆرترە لەوەی لەمەقەری بەرە بیت و لەوێوە دژمان بیت ئەمە ئەمرەو تۆ یالێرە لەمەكتەبی سیاسی بە یابرۆرەوە ماڵی خۆت كاك قاردیش ووتی باشە دەرۆم و هەوڵ ئەدەم برۆمە دەرەوە ئێوەش یارمەتیەكەم لێ مەبرن چونكە لەئێران ئیشی كەم نیە ووتیان زۆرباشە بەڵام خاڵیان زیاد لەكۆبونەوەكە من لەوەدا دەبێت زۆرجار لەمەكتەبی سیاسی بمێنێتەوە بۆئیشوكار كاك قادر ووتی ئەگەر بمنێرنە لای لقی سلێمانی لەوێ كۆمیتەیەك وەكو پێشو دروست بكەین كاك رەسول ووتی كۆمیتەمان ناوێت لقی سلێمانی ئەوەندەی كادر هەیە فلانیش لەوێ نەبێت كەس

پێویستی نیەو کاك شێخ محمد لقی کەرکوکەو کاك شیروان لقی هەولێرە و کێشەیەکمان نیە پاشان کاك قادرگەرایەوە ماڵی خۆیان و دوایش ووتی یارمەتیەکەیان نەداومەتێ مانگانە بەلاّم من لەگەڵ مەکتەبی سیاسی قسەم کرد کەهەموو مانگێك بۆی بنێرنە ماڵەوە، لە1989/9/9 کۆبونەوەکان تەواو بون، لە1989/9/10 سەری مەقەری پاسۆکمان دا هەر لەوێ، لە1989/9/11 بەرێ کەوتین بۆنۆکان و سەردەشت و مەقەری علاقات و بانەو بۆمەریوان وکانی دینار کاك شێرزادی شەهید قادرمستەفامان لەگەڵ هات ، لە1989/9/12 چوینە سنە، لە1989/9/13 لەسنەوە چوینە کرماشان و مەقەری علاقات و هەندێك لەناو بازار گەراین کاك عبدالخالق هەورامی مەسئولی علاقاتی کرماشان بوو لەوکاتەدا تەلەفونیان کرد بگەرێینەوە بۆسنە بە (1/30) سەعات گەیشتینە سنە بۆئیشوکارەکان، لە1989/9/15 هەر لەسنە بوین، لە1989/9/16 چوینە کامیران و ئۆردوگای وەرمەهەنگ بۆکێشەی خەڵك ئیشیان بۆنەدەکرا چووم سەرم لێ دان بۆچارەسەری کێشەکانیان وگەرامەوە بۆسنە، لە1989/9/18 خاڵەحاجی تەلەفونی کرد برۆمە کرماشان چوینە لایان و لەوێ وتی کۆبونەوەمان هەیە، لە1989/9/19 لەقەرارگای مەرکەزی کۆبونەوەمان هەبوو لەسەرهەلومەرجی تازە باسی ئەوەیان کرد کەیەکێتی و پارتی وسۆسیالیست داوای چالاکی هاوبەش وئازادکردنی ناوچەی شلێرو منیش پێم ووتن باشە ئەگەر ئێوە هاوکاری بکەن وتیان ئەگەر تۆهاوکاری نەکەیت ئەوشەرە ناکرێت و ئێمەش لەوکاتەدا لەگەڵ عێراق شەروەستاوەو(UN) لەوسنورانەیەو هیچ ناکرێت و ببێتە هەرا خراپە ئەگەر هەرای لێ دروست بوو شتێك بکەین گرنگ نیە من ووتم مادام سەرکردایەتی بریاری داوە من لێ ی ئاگادارم وکاك شێخ محمدشاکەلی دیاری کراوە لای سۆسیالیست لای یەکێتیش کاك نەوشیروان ولای پارتی مەکتەبی سیاسی دکتۆر رۆژیان دیاری کردوە هەرکات بریار دراو گەیشتینە نەتیجە ئێمەش ئامادەین ئەوان ووتیان ئێمە ئیمکانەت نادەین تابەیەکسەر بۆجێگای شەرەکە نەقڵی دەکەین یاتەسلیم بەلقی سلێمانی سۆسیالیستی دەکەین منیش ووتم ئەگەروابێت باوەر ناکەم ئەوان بیکەن شتی وا ئەو رۆژە لەمەقەری علاقات کاك دارای حاجی ابراهیم و کاك عباس بایزباولاّغایش هاتنە سەردانمان، لە1989/9/20 گەراینەوە سنە، لە1989/9/21 چوینە مەریوان وکانی

دینار،لـە1989/9/23 لەمەقـەری لـق بـوین لـەکانی خـەیاران کۆبونـەوەی لـق هـەبوو، لە1989/9/24 کۆبونەوە هەربەدەوام بوو، لـە1989/9/25 کۆبونـەوە هـەبوو لەگـەڵ ئـامر هەرێمەکان، لە1989/9/26 چومە سنەو گەرامـەوە کـانی دینـار دەبـوو بـرۆین بۆمەکتـەبی سیاسی و بۆکۆبونـەوەی فـراوان یـاپلینیوم یـاکۆنفرانس داوا کرابـوو چـەند جارێك لەسـەر شتە فکریەکان و بەرنامەی نویٚ قسەبکەین (8) ساڵ بوو کۆنگرە نەگیرابوو لەسنوری لقی سـلێمانی نزیکـەی (30) کـادری ئەساسـی باشمـان بـردو لـەوێش لەلقـەکان هێنایـان، لە1989/9/29 گەیشتینە قاسمەرەش و بۆنۆکان و مەقەری مەکتەبی سیاسی هەر لەوێش سەردانی برادەرانی پاسۆکمان داو شەو لەمەکتەبی سیاسی بوین، لە1989/9/30 ناویـان نـا کۆبونـــەوەی فراوانـــی کـــادران و دەســـتی پێکـــرد تـــارۆژی 1989/10/2 کۆبونـــەوە هەربەردەوام بوو سەرەتا کاك رەسول قسەی کرد بەدورودرێژی بەڵام ئەوەی لـەدڵی کـادردا بوو مەسەلەی پلینیوم یاکۆنگرە یاکۆنفرانس کاك رەسول بەلایدا نەچوو کادرەکانی ئێمـە دەیانزانی چی تەرح دەکەن کادرەکانی لقی هەولێروسەرکردایەتی بەوانەی لقی سلێمانیان ووتبوو هەندێك شتی تازە کەئەوان دەیانزانی بۆئەوان سنوری لقیـان بـاس کردبـوو ئـەوان لەسەرکردایەتی و لقی هەولێر خۆیان نەیان وێرابوو تەرحی بکـەن یـەکێك لەوانـە مەکتـەبی سیاسی یامەسئولەکان بۆخۆیان لەبەر بیٚ مصروف (100) کلاٚشنکۆفیان فرۆشتبوو یـەکی بە (1500)دینار تا(2000)دووهەزار دینار بوو ئەوکات و جگە لەوەش کەگواستبویانەوە نۆکان رادریویٚ کەیان راگرتبوو کاك سەعد لای من چەندجار ووتی بابیفرۆشین(35) هەزار دینـار ئـەدەن (PKK) ووتم کـاك سـەعد ئەوکەسـە بـۆ دەیکـریٚ ووتـی ئیشـی پـیٚ دەکـات و شۆرشی پیٚ دەکات ووتم کاکی برا ئێمە رادیومان هەیـە لای خۆمانـەو حزبین و شـۆرشمان کـردوە بۆبیفرۆشـین ئـەویش بـروات هـەرگیز دەسـتمان ناکەوێتـەوە لەسـەر ئـەوە مـن زۆر نارەحەت بوم و ووتم شـتی وا بکـەن بـەیانتان لەسـەر دەردەکـەم و رادیوکەشـتان پـیٚ پەیـدا دەکەمەوە بۆیە شتی وا نەکەن پاشان ووتی دەی وتویانە بەئامانـەت ووتم ئەگـەر خۆمـان ئیشی پیٚ نەکەین بەئامانـەت ئـەیان دەیـنیٚ و هـەرکات پێویسـت بـوو لێیـان وەردەگرینـەوە پێم باشە ئەوەش بالەم سەرەوە بریاری لیٚ بدات و ئەوکات بزانین چۆن دەبێت برادەرانمان روخابوون هەتا حەزیان دەکرد کادرەکان بڵێن ئێوەمـان ناوێـت ئـەوانیش بیکـەن بەشـتێکی

رەسمی وبڵێن باشە وەرن کۆمەڵێك ببنە ئەندامی سەرکردایەتی و ئێمەش دەچینە دەرەوە من بەکادرەکانم ووت شتی وانەکەن ئەوان حەز دەکەن بڕۆن برادەران زۆربەتوندی دژی کادرەکان قسەیان دەکرد دوای خاڵە سەیدکاکە هات ووتی ئەوە کادرەکانی لقی سلێمانی قسەمان پێ دەڵێن قسەش نەبوو هەرئەوە بوو شتەکانیان باس دەکرد من هەندێك قسەم بەکادرەکان ووت بۆکاك سەید کاکەتان عاجز کردووە هەرچەندە من ناحەق بووم بەلاّم لەبەر دڵی سەیدکاکەبۆئەوەی نەڵێن کادرەکانی هان داوە دژی سەرکردایەتی بەتورە بون و شت برادەران دەیانویست خۆیان لەمەسەلەکان لادەن مەسەلە فکریەکە بریار درا تەعمیم دەربچێت وەکو سۆسیال دیموکرات لەوێ لەگەڵ کادرەکان قسەیان لەگەڵ بکەین و باسی ئەوەش کرا لەوەختێکی مناسبدا کۆنگرەی حزب بگیرێت بەلاّم برادەرانی سەرکردایەتی باوەریان بەکۆنگرە لەوکاتەدا نەبوو لەبەر ئەوەی لەدوری خەڵك بوین ئاسان نەبوو لەساڵی 1987دا زۆر باش بوو کۆنگرە بگیرایە بەلاّم لەوکاتەدا کەس لەشارو لادێ کانیش نەیان دەتوانی بەشداربن جگە لەوەی لەدیوی ئێران بوو بەلاّم بەگشتی کۆبونەوەکە باش بوو بەلاّم ئەوەی هەندێك لەکادرەکان دەیان ویست هیچ بەلایدا نەچون و باس نەکرا، لە1989/10/2 کۆبونەوەکە کۆتایی پێ هات بەبێ هیچ ئەنجامێك هەرچەندە لەبەلاغەکەدا باسی زۆر گۆران و کۆنگرەو شت کرابوو تێدا لەوکۆبونەیەوە مامۆستا سەعد لەو کۆمۆنیستەوە بوو بەانتی کۆمۆنیست و دژی ئەوانەی باسی مارکسی یان دەکردقسەشی دەکرد، لە1989/10/3 کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیمان هەبوو لەنەتیجەی کۆبونەوەی فراوان...کۆبونەوەی فراوان بۆماوەیەك باش بوو بەلاّم نەی دەتوانی هەموو کێشە ئەساسیەکان چارەسەربکات، لە1989/10/4 گەراینەوە سەردەشت و بانەو سەقزو سنە هەواڵی کۆچی دوای شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی هەڵەبجە لەسنە دادەنیشت و لەشەوی 1989/10/4 لەتهران کۆچی دوای کردبوو لەکیمیاویەکەدا لەهەڵەبجەوە بەرەو ئێران لەکەرەجاڵەوە لای مەقەرەکانی ئێمەوە سەرکەوت و خەڵکمان لەگەڵ ناردن بۆسەرکەوتنیان زۆرم پێ ناخۆش بوو هەرئەو شەوە لەبەر جەماعەت چومەوە کانی دیناروبەیانی زوو گەرامەوە سنە، لە1989/10/6 لەگۆرستانی شێخ محمد باقری لەسنە شێخ ئەحمەدی شێخ محمدشێخ بەهادین شێخ حسام الدین بەئامادە بونی جەماوەرێکی زۆروکوردی ئێران

و نوێنــەری حکومــەت و هێزەسیاســیەکان لــەدوای نیــوەڕۆ بــەخاک ســپێردرا لەســنە و تەعزیەی بۆدانراو من چوم سەری مناڵەکانی شێخم دا چونکە پەیوەندیەکی دۆستانەمان هــەبوو، لــەرۆژانی 7و1989/10/8 هــەر لەتەعزیەکــەی دانیــشتم لەســنە، لــە1989/10/9 چــومەوە کــانی دینــارو لەگــەڵ ئــەوانیش هــاتبون بۆســەرگۆری شــێخ ئەحمــەد، لـە1989/10/10 بـە (1/45) سەعات لەمەریوانەوە گەیشتمە سنە یەکەم جاربوو کەسم لەگەڵ خۆم نەهێنا لەرێگایەکی وادا بەتەنها بەسەیارە برۆم،

## چالاکیەیەك لەشلێر

لە1989/10/11 گەرامەوە مەریوان و لەدزڵیەوە بۆ بارام ئاوا و گەرامەوە مەریوان بەتەمای چـالاکیەکی ســەربازی بـوین و هەنـدێك شــتی ســەربازی وچــەك و فیــشەکمان وەرگــرت لـەئێران، لـە1989/10/13 هەرشـتی سـەربازیمان وەرگـرت بۆلـق و حـزب خۆمـان ئامـادە کردو موافقەتمان وەرگـرت کـەئێران رێگا نـەگرێت چالاکی بکـەین چونکە دوای وەسـتانی شـەری عێـراق ئێـران بـوو وە ( UN) لەسـەر سـنورەکان بـوو هـەرهیچ نـەبێت رژێـم بزانـێ پێشمەرگە ماوەو هەیەو شۆرش هەیەو ماوەو لەگەڵ شـەری عێـراق ئێـران ئـەویش کۆتـایی پــێ نـەهاتووە هـەر ئێمـەش هـەوڵی ئـەو شـەرانەمان دەدا هـەر لەبـەر ئـەوەش رادیوکـەمان لەنۆکان وەگەر خستەوە بۆهەواڵەکان کە بۆناوەوە زەروری بوو، لە1989/10/14 هێزێکـی بـاش بەتێکـەڵی پێشمەرگەی هەرێمـەکانی سـنوری لقـی سـلێمانیمان ئامـادە کـرد بۆدۆڵی شـلێربەنیازی چـالاکیەکی سـەربازی دژی رژێـم بکرێـت کـەرژێم لەوکاتـەدا زۆر بـەهێزبوو شـەری عێـراق ئێـران مـاوەی یـەك سـاڵ بـوو وەسـتابوو هەرچـەندەئێمە جـار جـار لەهـەموو لایـەك هەرخـەریکی شـەرو چالاکی بـوین لـەدژی رژێـم جگـە لەسـەر سـنورەکان لەناوشـارو ئۆردوگاکانیش هەروا بەردەوام بوین لەدزڵی بەرێمان خستن بۆهەنجیران لەسنوری عێـراق ئێران لەلای شلێرو ناوچەی پێنجوین دەکات بۆگوندەکانی بالیکەدەروهۆبەسوتەو لارەدەر وشـێرەوگۆخلاَن و ئـەوناوە بـەدوای هێزەکەشـدا خـۆم رۆیـشتم و هـەر ئـەو رۆژە چـوینە سـەرکانی میرگـەپان وکـانی بناوەچەکە، شـەوی 15-1989/10/16 هێزەکە بـەرێ کـەوت بەشـێکی بۆسـەر رەبایـەو کـانی هۆبەسـوتەو بالیکـەدەرو مەعەسـکەرەکە پاشـان لەسـەعات (10)ی شـەو تـا (5)ی سـەرلەبەیانی لـەرژێم درا لەزۆربـەی ناوچـەکانی شـلێر ئـەوەی رژێـم

چاوەڕێ ی نەبوو لەگەڵی دا کراو ڕژێم لەسەعات (9)ی ڕۆژی 1989/10/16 هێرشێکی بەربڵاوبەپشتیوانی تۆپ و دەبابەو هاوان کرد بۆسەر هۆبەسوتەو دەروبەری کەوتنە کەمینی پێشمەرگەوەو شەر دەستی پێکرد تاسەعات (1)ی پاش نیوەڕۆ دوژمن شکاو جەنازەو کوژراوی بەجێ هێشت و دەستکەوتی چەك و ئار.بی.جی و گولەو وەسائیلی عەسکەری زۆر هەبوو دوژمن بەشێوەیەك شکا هەرچی پێ بوو فڕێ ی دا هەرخۆی ڕزگاربکات ئێمە لەهەموو شەڕەکان یەك بریندارمان هەبوو، لە1989/10/17 لەسەعات (8) ی سەرلەبەیانی لەنزیك گۆخلاڵن لوغمێك لەژێر ئیڤایەکی سەربازی تەقیەوە هەرچەند دەقیقەیەك دوای ئەو لەژێر جێبێکی سەبازی لوغمێکی کە تەقیەوە هەرچیان تێدابوو کوژران و پارچە پارچە بوون شەڕیش لەزۆرلاوە هەربەردەوام بوو، لە1989/10/18 لەچەمی پشتی هەنجیرانەوە بوین باران بوو، لە1989/10/19 هێزێکمان چووە سەر مەقەر سریەکان و ڕەبایەکانی بالیکەدەر سەرجادەی چاش و لارەدەر لەخوارەوە تابەیانی شەربوو زیان لەدوژمن کەوتبو، لەشەوی 19-1989/10/20 و ڕۆژی دوای تاسەعات (3)ی پاش نیوەڕۆ هەرشەربوو دوژمن کوژراوو برینداری زۆربوو، لە1989/10/21 لەهەنجیرانەوە هێزەکە هاتینەوە بەدەسکەوتەوەو بەوشتانەی گیرابون تاسێفی سەروناوچەی مەریوان هەر بەپێ هاتین بۆئەوەی خەڵکیش هێزەکە ببینێ لێرە بەنهێنی بردمان نەمان هێشت زۆر بیبینن نیوەڕۆ هێزەکە هەموی بەسەیارە گەیشتەوە کانی دینارو لەوێش چوینە تەعزیەی کاك ڕەووف حاجی صابر شەهید ببوو ڕومانەی پێدا تەقیبوەوە، لە1989/10/22 لەکانی دیناربوین، لە1989/10/23 چوینە مەریوان، لە1989/10/24 چوینە سنە، لە1989/10/25 چوینە کامیران و گەراینەوە سنە، لە1989/10/26 چوینەوە مەریوان و گەراینەوە کانی دینارلەوکاتەدا هیچ هێزێك هەتا سەرکردایەتی خۆشمان باوەری بەوشەرانە نەبوو کەبکرێت بەڵام ئێمە هەم بۆمەعنەوی پێشمەرگەو هەم بۆرژێمی عێراق هەم ورەش بەوخەڵکەدەدا کەلەئۆردوگادا نائومێد بون واتە هەرشەرێك لەوکاتەدا ووزەیەك بو بۆجەماوەرو پێشمەرگە بەتایبەتی هەردوو جەماوەری لەیەك دابراو لەئێران و ئەوەی لەعێراق بون هەندێك لەوجەنازانە ڕۆیشتبونەوە بۆ دەربەندیخان و هەولێرو ئەوناوە ڕژێم وتبویان بەدەعمی سەیارە مردون یافیشەك

لەدەسـتی خۆیـان دەرچـووە بـەلام خـەڵکی هـەوڵیان دەدا هـەر لەشـەری کوردسـتان پێـشمەرگەبێت قەیناکـە ئەگـەر کەسـوکاریان تێـدا بـچێت هەرشـۆرش درێـژەی هـەبێت لەوکاتـەدا شـۆرش نیـوە ئـاش بـەتاڵێکی لـێ کردبـوو ئـەوەی ئێمـە دەمـان کـرد مل لەچەقۆ هەسوین بوو بەلام ئێمە باوەرمان وابوو هەرسەربکەوین و ئەو هەمو خەڵکە دەربەدەر بووە ئێمـەش ناومـان پێـشمەرگەیە دەبێـت ئیـسپاتی بکـەین وە لەشـوێنەکانی سـاڵی 1989 و1990 مان زۆربەرونی ئەو واقیعە دەردەخات و دەی سەلمێنیٰ هەرئەوەش بوو رۆژ بەرۆژ لەوحاڵەتە ناخۆشەشدا پێشمەرگەی سۆسیالیست لەگەشە کردندا بون لای هـەموو لایـەك وازیـان دەهێنـاو دەهاتنـە لای ئێمـە وخـەڵکی لەشـاروئۆردوگاکان ئومێـدێکی زۆریـان بەسۆسیالیست هەبو وەئێمەش باوەرێکی تەواومان بەخۆمان و حزب و جەماوەری خۆمان هـەبوو ئـەوی پێمـان دەکـرا دەمـان کـرد بۆهاوکـاری جـەماوەر هـەتا بـەرەی کوردسـتانی یارمـەتی دەهێنـا بۆخـەڵکی سـەربەحزبەکان هەنـدێك خـەڵکی مـابون هەرلەبـەر ئـەوەی سـەربەهیچ حزبێـك نـەبون لـەناو ئۆردوگاکـان لـەئێران بـێ بـەری کـران لـەمافی ئەوپارەیـە کەلـەدەرەوە بۆهـەموو کـورد دەهـات بـەلام سۆسیالیـست جگەلـەوەی لـەرێگای تایبـەتی خۆیەوە هەوڵی دەدا لەدەمی پێشمەرگەی دەگرتەوە بۆئەو ماڵانە کەپێیان دەوتن بێ لایـەن چونکە کەس لەکورد بێ لایەن نیەو هەموو کورد لایەنە لەمەسەلە رەواکەیدا ئەگەرکورد بێ لایەنە بۆلەهەڵەبجە کیمیاوی بەسەردا دەکرێت و لەگەرمیان ئەنفال دەکرێت و لەشارەزوور زیندەبەچاڵ و لەبالیـسان زیندەبەچـاڵیان دەکـەن نـەخێر کـورد کەسـی بـێ لایـەن نیـەو هەمووی خۆیەتی لایەنەو هەموی خاوەنی مەسەلەی خۆیەتی هەڵسوکەوتی حزبە لەهەموو بوارە جیاجیاکان و بەتایبەتی لەوکاتەی زۆرلـەقیادەی حزبـەکان هەڵـدەهات و کوردستانی بەجێ دەهێشت بەلام پێشمەرگەی سۆسیالیست لەبەرەی شـەرو پـەلاماری رەبابـەی دەداو شـەری دەکـرد وخـوێنی خـۆی دەرشـت ئەوکاتـە پێویـستی بـوو شـەربکات کـورد زۆرجـار پێویـستی بەشـەرهەیە بیکـات نایکـات وەئەگـەر پێویـستی بەشـەر نـەبێت دەیکـات بۆیـە ئەوکات پێویستی بـوو شـەربکەین و دەنگی کورد بەرزبکەینەوە تەنانـەت ئەوانـە بـەدرۆ بخەینـەوە کەشەریـشیان گـرێ داوە بەدەوڵەتانـەوە یابەشـەری عێـراق ئێرانـەوە، لـە1989/10/26 لەسـنەوە چـوینە مـەریوان وکـانی دینـار، لـە1989/10/28 لـەکانی

دینـــارەوە چــوینە ســـنەو کـــامیران و ئۆردوگـــای وەرمەهـــەنگ و شـــەولەویٚ ماینـــەوە بۆچارەســەرکردنی گیروگـرفتی خـەڵکی، لـە1989/10/29 لەکامیرانـەوە چـوینە علاقـاتی کرماشان و لەوێش بۆ شهرەك کۆبونەوەمان هەبوو لەگەڵ قەرارگادا شەو لەعلاقاتی حزب بوم، لە1989/10/30 لەکرماشانەوە گەراینەوە سنە لەرێگا باران دەباری، شەوی 31-1989/11/1 بارانێکی زۆربوو پیٚ ی دەچوو پەڵەی دابێت پەڵە لەزەوی وشك بدات تەردەبێت تادەگاتە سەرتەریکەو یاگاسنی جوتیار لەوشکی نادات و کرەوتەتەڵە ناکات پیٚ ی دەڵێن پەڵەی داوە خەڵك دەست دەکات بەچاندنی دانەوێڵە و بەتایبەتی گەنم و جۆو ئەوشتانە هەر ئەوشەوە هەورە تریشقە لەپێشمەرگەیەکی دابوو ناوی خاڵە پشکۆبوو پێشمەرگەیەکی باش بوو هەورە تریشقە بەری ئەوکەوتبوو لەمەقەری ملەخورد و بریندارببوو بەیانی هێنابویانەوە بۆتەداوی و دکتۆر لەماڵی ئێمە بوو ئێمەش چوینە کانی دینار لەکۆماری ئیسلامی ئێران شتمان لەرێگای علاقاتەوە بۆئۆردوگاکان وەرگرت و دابەشمان کرد بەسەر خەڵکەکەدا، لە1989/11/1 چوینەکانی خەیاران و شەوگەراینەوە دزڵی و بۆبارام ئاوا، لە1989/11/2 لەکانی دیناروبارام ئاوا بوین، لە1989/11/4 لەدزڵیەوە چوینە سنەو کامیران شەو لەوەرماهەنگ بوین، لە1989/11/5 علاقات داوای کرد من برۆمەوە کرماشان و لەویٚ کۆبونەوە هەبوو لەگەڵ مەسئولینی ئێران و شەو لەکرماشان مامەوە بەیانی زوو دەرچوین بۆسنەو بۆسەقزو بانەو سەردەشت و نۆکان بۆمەکتەبی سیاسی و لەسەر نەتیجەی ئیشەکانمان من علاقات نەبووم بەڵام زۆری ئیشەکان بەسترابوو بەمنەوە یابرادەران شارەزاییان نەبوو یائێرانیەکان سەیری وەعدی منیان دەکرد بەتایبەتی لەسەرچالاکی دژی عێراق ئەوکات ئەوان شەریان وەستابوو بەڵام هەوڵیان دەدا هەرشەر هەبێت و عێراق بەهێمنی دانەنیشیٚ وەئێمەش بەفرسەتمان دەزانی لەو کاتە دەست لەعێراق بوەشێنین، لە1989/11/7 شەو لەمەکتەبی سیاسی بوین و کۆبونەوە هەبوو قسە لەسەر زۆر مەسەلە کراو هەندێك پەیوەندی تێك چوبوو لەگەڵ ئێران ومەکتەبی سیاسی دا گرێمان دایەوەو رێکمان خستەوە، لە1989/11/8 لەنۆکانەوە بەریٚ کەوتین بۆسەردەشت و شەولەماڵی خاڵەجوتیار بوین خاڵەجوتیار ئەوکات مەسئولی علاقاتی سەردەشت بوو هەندێك کێشەی تێکەوتبوو ئیشەکانی لەودوایە چاك

کرایـەوە..ئەوشـەوە نـاخۆش نـەبوو لـەلای خاڵـەجوتیار هەنـدێك شـتی ئۆردوگاوخـەڵکی هەبوون و هەندێك حزب هێنایەوە بۆمەریوان و بۆکانی خەیاران و گەراینـەوە کـانی دینـار، شـەوی 11-1989/11/12 کۆمـەڵێك میوانمـان لەعێراقـەوە هـاتبون کـاك حامیـدو کـاك محمدحاجی صـابریش لـەویّ بـون شـەوێکی خـۆش بـوو خـەڵکی کوردسـتان چـەندی پـیّ خـۆش بـوو پێـشمەرگە شـەری دژی رژێـم لەورۆژانـەدا بکـات بـەلاّم چـی دەڵێیـت لەگـەڵ قیادەی کـوردی هـەموی دانـی لـەدەم کـەوتووە هەناسـەیان لەبـەربرابوو، لـە1989/11/12 لـــەکانی دینـــارەوە چـــوینە ســـنە، لـــەرۆژانی 13و1989/11/14 هەرلەســـنە بـــوین، لـە1989/11/15 لەسـنەوە چوینە مـەریوان ، لـە1989/11/17 چـومە کـانی دیناروکـانی خەیاران و گەرامـەوە، لە1989/11/18 لەکانی دینـارەوە چوینە سنە زۆرهـیلاك بـوم مـن بەدەگمەن ماندوو دەبوم ئەورۆژانەش کەم دانیشتبوم نـەم توانیـوە هـەتا لـەناومالّ و منـاڵی خۆم ئەوەندە دانیشین تالەیـەك بـیّ تاقـەت ببین چونکە من ئیشەکەی خـۆم لەهـەموو شـت لاموقـەدەس تربـوو ئەگـەر کەسـێك بـەوردی سـەرنج بداتـە کـاری رۆژانـەم لـیّ ی تێـدەگات هەرلەو رۆژانەدا چەندجارێك بەکاك حسێن خەلیفە وزۆری کـەیانم ووت ئاگایـان لـەخۆیان بێـت لەرومانـە تەقاندنـەوە هـەر رۆژی 1989/11/18 رومانەیـەك لەراوەماسـی بـەکاك حسێن خەلیفـەدا تەقیـەوە بەدەسـتی خۆیـەوەو دەسـتی پەرانـدو هـەموو پارچەکانیـشی چووە لەشیەوە هەرخوا نەی کوشت تاگەیشتە دکتـۆر لەسـنە بۆعەمـەلیات کردنـی ئێمـەش لای بـــوین تاخەوانـــدیان و عەمـــەلیاتی تـــەواوبوو، لەشـــەوی 19-1989/11/20 مەفرەزەیـەکمان لـەئۆردوگای نـصر لەشـارەزوور کەوتنـە کـەمینی جـاش و عەسـکەریەوە لەوکەمینـە پێـشمەرگەیەکمان بـە برینـداری گـیرا بـەناوی محمـود عبـدالرحمن (محمـودی رەیحـان) بۆبەیانیەکـەی جیهـاز پـیّ ی وتـین دیـار نیـە دوای دەرکـەوت کـەگیراوە لەلایـەن رژێمەوە و(20) ساڵ حوکم درابوو جارێك لەسجن رای کردبوو لەبینایەکی بەرزدا بەسـەردا کـەوتبوو گیرایـەوە و بریـاری ئیعـدامی درابـوو ماوەیـەك تێـك چـوو بـەهۆی سـەریەوە لەعەفواتەکانی ساڵی 1991 دا بەربوو محمودلەکانی خەیارانەوە فەردە برنجی دەبردەوە سورێن ومیری سوربەکۆڵ پێشمەرگەیەکی بەتوانابوو ئێستاش هـەر پێشمەرگەیە محسین بەهـەمان شێوە لەهـەنارەوە تاسـەر داربەرولـە فەردەیـەك ئـاردی دانـەنا، لـە1989/11/20

سـەری کـاك حـسێن مـان دا لەخەسـتەخانە مـەفرەزەمان لەشـارەزوورو ئۆردوگاکـان و ناوشاری سلێمانی و شارباژێرهەمیشە نەبراوەو لەوکاتە ناخۆشانەشدا هەربەردەوام بون، لە1989/11/21 چوینە کانی دینـار، لە1989/11/22 لـەدزلّی بـوین، لـە1989/11/23 لەدزلّی و بارام ئاوا بوین هەرئەو رۆژە سـەرۆك کۆمارێـك بـەناوی الیاس هـەراوی بۆلوبنـان هەڵبـژێردرا، لـە1989/11/24 لـەکانی خـەیاران و دزلّیـەوە گەرامـەوە بۆکـانی دینـار برادەرانی مەڵبەندی یەکێتی هاتن وداوای کۆبونەوەیان کردکەهاوکاریان بکەین بالـەنێوان هـەردوولادا هەماهـەنگی هـەبێت، لـە1989/11/25 لـەکانی دینـارەوە چومە دزلّـی وکـانی خـەیاران و بـۆمیری سـور هـەورازی کـانی خـەیاران و مـیری سـور (2750) مـەتر بـەرزە و هەورازێکی ناخۆش ورێگای بەردی ناخۆش و ولاّخ بەنارەحەت بەرێگاکەدا تیّ دەپەرێت و ئاوی کەمە رێگاکەی بۆزستان بەفروسەرماو زریانی زۆرەو خەڵکی لەوانەیە تێدا بفەوتیّ کەچـەند پێـشمەرگەی ئێمـە تووشـی ئەوحالّەتانـە بـوون ئەگـەر کەسێك جارێـك لـیّ بـدات هــەرگیز نــاوێریّ بەئاســانی ئەگــەر چــارەی نــەمێنیّ لــیّ ی بــدات خوێنــەر وانــەزانیّ کەزۆرئاسـانە نێـوان مـەریوان و سـنە (135) کیلۆمـەترەو پێچاوپێـچە کـەزۆر نارەحەتـە هـەروەها کرماشـان و سـنە (175) کیلۆمـەترە وەلـە سـنە بۆسـەقز (200) کیلۆمـەترە وە بۆبانە (55)کیلۆمەترە وە بۆسەردەشت (50) کیلۆمەترە وبۆنۆکان (40) کیلۆمەتر دەبێت ئەوانـە هـەموی دەبـوو بیـبرم و ئاسـان نـەبوو جگـە لەوجێگایانـەی رێگـای سـەیارەی هەیـە، رۆژی 1989/11/25 سـەرۆك کۆمـاری تـازەی هەڵبـژێراوی لوبنـان الیـاس هـەراوی دەسـت بـەکاربوو، لـە1989/11/26 لەمـەرگوزەل و سـورێن لـەبناری شـارەزوورەوە بـۆ ئەشـکەوتی هــەورامی و هەزارئەســتون و زۆرجێگــای ســورێن بــەکۆلّ داری خانوومــان سەرخــست بۆسەرشاخ یالای مەرگوزەل بۆدروست کردنی خانوو دەمانویست مەقەرێکی لەسەروترەوە بکـەین بۆپاراسـتنی پێـشمەرگەو مەقـەرەکانی کـەش کـەدوژمنی زۆر بـەهێزونزیك بـون لەبارەگاکانی حزب هەرلەمیری سوربوین خەریکی دروست کردنی خانوو بوین بۆزستانی داهـاتوو کـەزۆر نزیکـە، لـە1989/11/28 لەسـورێنەوە بـەریّ کـەوتین بۆکـانی خـەیاران، لە1989/11/30 چوینە سنە کاك حسێن خەلیفە لەخەستەخانە بوودەرچوبوو ماڵـەوەمان تـامین خـانیش بـۆلای دکتـۆر دەچـوو لەسـنەبوین علاقـات لەکرماشـان تەلـەفونیان کـرد

کەهەندێك پێویستیان لایە بینێرنەوە مەکتەبی سیاسی یالقی سلێمانی منیش ووتم دوو باری لۆری بەرن بۆمەکتەبی سیاسی باقی بنێرنەوە کانی خەیاران من و کاك شێخ محمد شاکەلی وکاك مولازم کەریم لەسنەوە چوین داوا کراوین بۆکۆنگرەی (10)ی پارتی چوینە مهاباد و ئۆرمیە و شەو لەئوتێل فرح بوین لەئورمیە، لە1989/12/2 کاك شێخ محمد و مامۆستا سەعد ومن چوینە کۆنگرەی پارتی و وتارێك نوسرا مامۆستا سەعد خوێندیەوە لەگوندی هاشم ئاوا لەنێوان راژان و زیوەدا وتاری پاسۆك خوێندرایەوە و وتاری یەکێتی نیشتمانی کاك کۆسرەت خوێندیەوە پێ ی دەچوو کاك کۆسرەت تائەوکاتە وتاری نەخوێندبێتەوە یالەبەردەم قەرەباڵغی وادا قسەی نەکردبێت چونکە حاڵەتی ئاسایی نەبوو لەخوێندنەوەی وتارەکەدا پارتی خەڵکی زۆریان دەعوەت کردبوو ئاغای مسجیدی وتاری ئێرانی خوێندەوە و نامەیەکی حاجی ئاغای محمدیان خوێندەوەو کاك مەسعودیش وتارێکی دورودرێژی خوێندەوەو کاك عەلی عبداللەش وتاری خۆی وەکوو سکرتێری پارتی خوێندەوە نزیکەی (300) کەسێك لەکۆنگرەکەدا بەشداربون پارتی و میوانیشیان زۆر دەعوەت کردبوو هەرلەویٚ ئێوارەکەی گەراینەوە لەدوای کردنەوەی کۆنگرەی پارتی بۆ ئورمیەو شەو لەماڵی کاك قادرجەباری بوین، لە1989/12/3 لەئورمیەوە گەراینەوە سنە کە(475) کیلۆمەترە، لە1989/12/4 لەسنەوە چوینە ئەرەك بۆتەعزیەی کاك جەمال سەعیدبرای کاك خەلیل سعید وگەراینەوە بۆسنە خەریکی ئیشوکاربوین ئەوکاتانەدا ئەڵمانیای شەرقی وەزعی خراپ و شڵەژابوو بەرەو تێك چون و هەڵوەشان دەچون، لە1989/12/7 لەسنەوە چوینە کانی دیناروکانی خەیاران و گەراینەوە بارام ئاوا، لە1989/12/8 لەکانی خەیاران بوین هەر ئەمرۆش لەتونس سکرتێری حزبی شیوعی تونس ئیعلانی کردو حزبی شیوعی تونسی حەل کردو وازی لیٚ لەشیوعییەت هێنا..

## چالاکیەکی تر لەسورێن

من لەکانی دیناربوم لەکانی خەیاران بارمان بەریٚ دەکرد بۆسورێن وخۆمان بۆچالاکی ئامادە دەکرد پێش ئەوەی رێگای سورێن بەفر بیگرێت لەکانی خەیاران بوم ئەمرۆ ولاٚخدارەکان کەباریان بردبوو رۆژی پێشوو گەرانەوە باری کەیان بەریٚ کرد لەکانی دینار بۆقلاجیٚ و بۆکانی خەیاران شەو ئێرانیەکان میوانمان بون لەمەقەری کانی خەیاران لای

هەرێمی (5)، لە1989/12/11 بارێکی زۆر تەقەمەنی و خواردەمەنیمان نارد پێش هێزەکە بۆخۆئامادە کردن بۆپەلاماری سەر رژێم لەوناوە، لە1989/12/12 گەراینەوە مەریوان و چوینە کانی خەیاران، لە1989/12/13 گەراینەوە، لە1989/12/15 هەواکەی خۆش بوو ، لە1989/12/16 چوینە کانی خەیاران و بۆملەخورد، لە1989/12/17 گەراینەوە دزلی، لە1989/12/18 لەکانی دینارو دزلی و کانی خەیاران بوین خەریکی ناردنی پێویستی سەربازی بوین، لە1989/12/19 لەکانی خەیارانەوە چوینە سەرشاخ و بۆمیری سورودەورو بەری خۆمان ئامادە کرد، لە1989/12/20 هێزەکانمان دابەش کرد بەدرێژی هەرمێلەو میری سوروچنارەو دەرەکوێرە ومەنجەرو هەموو جێگا پێویستەکان پێشمەرگەش شەوی پێشوو تاقیبی نزیك رەبایەوهەڵگرتنەوەی لوغمیان کردبو ، لەشەوی 20-1989/12/21 لەبانی شارتاچنارە هەمو ئەوناوە پاك کرایەوەو رەبایەکان گیران و ئاگریان تێبەردراو سوتان و زۆری لێ کوژراو ئەوەی هەڵهات لەسەعات (8)ی سەرلەبەیانی دوژمن هێرشی کردوشەر لەهەموو لایەك دەستی پێ کردو ئێمەش بەتۆپ و هاوان و دۆشکا لەهێزەکەی دوژمنمان داو سەری لێ شێوابوو پۆلیسی (UN) یان هێنابوو کەئێران ئەوکارەی کردوەو پۆلیسی (UN) لەدیوی ئێرانەوە هات بەلام ئەوان ئێمەیان درەنگ دی کە(8) کم هاتبوینە ناو عێراق و لەخوارەوەی (UN) لەعێراقمان دا بەدەردێکی خراپمان بردن و زەرەریان هەبوو تائێوارە نەمان هێشت لەجێگای خۆیان هەڵسنەوە تەنانەت پۆلیسەکانی (UN) لەگوندی کانێسکان و دەرە گولان تائێوارە نەمان هێشت هەڵسنەوە هەرچی عێراق هەولی داوچەندجار هێرشی کرد هەرشکایەوەو هەلیکۆپتەریش هات بەلام تەقەی نەکردو هەرچەند دوایی ئێرانیەکان وتیان حەزمان دەکرد (UN) لای ئێمەشتان بگرتایە بەلام لەبەر ئەوەی لەدیوی ئێرانەوە هاتن وتمان نەوەك دوایی کێشەمان بۆدروست بکات ئێران نەمان گرتن چونکە پۆلیسی (UN) لەهەردوو دیوی عێراق و ئێرانەوە دەهاتن بۆ تاقیب کردنی شەرەکە مەسئولی پۆلیسەکانی (UN) کابرایەکی عەرەبی سودانی بوو زۆر دژی کوردبوو خەلکی ئەو ئەفریقایە بوو کەهەمیشە کورد فرمێسکی بۆهەڵدەرشت لەدوورەوە بێ ئەوەی بزانێ مەسەلە چی یە ، رۆژێك کاك شاخەوان سالەیی کەپێشمەرگەی حزب بوو بە ئینگلیزی قسەی لەگەلی کرد کابرای سودانی خەریك بوو

پەلاماری بدات ووتی چۆن ئێوه لەم شاخه ئنگلیزی دەزانن وای دەزانی ئێمه هەموومان وەحشین کورد ئەوەنده باری لارببوو کابرای سودانی ئەتووت

قورئانی ناحەقی خواردووه هێشتا ئەویشمان پێ رازی نەبوو، لەشەرەکە(2) سەربازبەدیل گیراو هەمو شتی مەقەری سریەو رەبایەکان بەهێسترەکانی خۆیان گوازرانەوه بۆمەقەرەکانی حزب لەوشەره یەك بریندارمان هەبوو ئەویش ناوی عەتا بوو لەهەرێمی (21) هەمووی سەلامەت بوون ئەوشەره دوژمنی زۆر ترسان و رژێم هەندێك رەبایەکانی بردە دواوه دوای ئەنفال ئەو شەرانەمان دەکرد کەهیچ هێزێکی کوردستانی باوەری نەك بەشەر بەڵکو بەخۆشیان نەمابوو، لە1989/12/23 پۆلیسی دەولی هاتبووه سەر مەقەرەکانی کانی خەیاران و قسەی لەگەڵ کردبون بەلاّم ئێمه لەکاتی شەرەکه بەپۆلیسی (UN) مان وت ئێمه سۆسیالیستین و پەیوەندیمان بەئێرانەوه نیه ئەوان وایان دەزانی ئێمه ئێرانین لەپێشا پاشان ئێمه وتمان ئێمه عێراقین ئەوەیان دەزانی، لە1989/12/25 لەقلاّجێ بوین، لە1989/12/26 گەرامەوه کانی دینار لەوێوه بۆسنەو مەریوان و دیسانەوه بۆکانی دیناروبۆبارام ئاوا لەماڵی کاك ئەحمەد قەدەفەری بوین لەسەر نەتیجەی شەرەکه لەگەڵ برادەران کۆبونەوەیەکی کورتمان کرد، لە1989/12/30 لەبارام ئاواوه بەرێ کەوتین بۆمەریوان ودزڵی و بۆشاری سنه، لە1989/12/31 لەسنه بوین کۆبونەوەمان هەبوو لەگەڵ ئێرانیەکان لەسنه لەگەڵ ئوستان داریدا دەربارەی پەناهەندەکان وچاك کردنی باری ژیانیان ئەوچالاکیەش لەو کاتەدا وئەوانەی پێشوتر هەموو ئەهمیەتی تایبەتی سیاسی و مەعنەوی و جەماوەری و ورەی پێشمەرگەو خەڵکی ئاوارەو ترسیشی لەلای عێراق دروست دەکرد کەلەژێر زەخت و زۆری رژێمدا بوون هەرچەنده ئەوه وەسیلەی راگەیاندن کەم بوو بەلاّم بەهۆی رادیوی حزب و جارجاریش ئێران باسی دەکرد هەرباش بوو لەگۆڤاروڕۆژنامەو لەو ناوچەیەش هەزاران پەناهەندە لەئۆردوگاکان دەیانزانی چونکه پێشمەرگه هەموی ماڵی لەئۆردوگا بون و کەدەچونه شەرو دەگەرانەوه بریندارو شەهید هەبوو دەیانزانی وئاگایان لەروداوەکان بوو وەپۆلیسی (UN) یش هەروەها دەیانزانی کەکام هێز خەریکەو چالاکی هەیەوبونی لەناوچەکەدا هەیه

وئێـرانیش هـەرباش دەیزانـی کەسۆسیالیـست کاریگـەرەو دەسـتی خۆیـان دەوەشـێنن و خۆیـان لەشـەر لانـادەن وکـاری شۆرشـگێری هـەروا بەردەوامـە ئێمـە هەمیـشە لـەوبوارەدا ئومێدمان بەجەماوەری کوردستان دەدا لەوکاتەدا جگە لەیەکێتی لەلای سـەری جاسوسـان هەنـدێك جاش هـاتبون و شـەری وردە هـەبوو هـیچ لایـەنێکی کـە لـەوماوەدا شـەری لەگـەڵ رژێم نەکردبوو تەنها هێزێك شەری گەورەو زەرەری لەرژێم دابێت هـەرحزبی سۆسیالیـست بوولەشـەرکان بـەڵێ سـاڵی 1989 مـان بـەرێ کـرد لەگـەڵ چالاکیەکی پێشمەرگانەو پێمـان نابەسـاڵێکی تاریـك و نادیـار لەگـەڵ زسـتانێکی سـەختی بـێ بـەزەیی و لەگـەڵ ئـاوارەیی و دەیـان هـەزار ئـاوارەی کـورد لـەناو چادروخانوی خـراپ لەساردی زسـتان و سـەدان هـەزار کـوردیش راپـێچ کـراوی ئۆردوگـا زۆرە ملیـەکانی کوردسـتان و وێـران کردنـی تـەواوی گونــدەکانی ســنوری پارێزگــای ســلێمانی وکــەرکوك و بەشــێکی هــەولێریش یــازۆری کوردستان کەنزیکـەی (5) هـەزار گوندوشارۆچکە وێـران کرابـوو بـەڵام ئێمـە هـەرباوەرمان بەخــەبات و ســەرکەوتنی یــەکجاری و ناچــارکردنی رژێــم بۆچارەســەری کێــشەی کــورد لەهەمان کاتدا عێراق بەلەخۆ بایی بونەوە هەڵسەکەوتی نەك هەر لەگەڵ کورد بەڵکو لەگـەڵ ولاّتـانی دۆسـت و عـەرەبی کـەتادوێنێ پـشتیوانیان لـێ کردبـوو هـەرواو زیـاتر تەهدیـدی دەکـردن وخـۆی بـەبراوە دەزانـی لەوشـەرەدا، لـە1990/1/1 لەسـنەوە چـوینە کرماشـان، لــە1990/1/2 هەرلەکرماشــان بــوین وبــەفردەباری وئێمــەش کۆبونــەوەمان هــەبوو، لـە1990/1/3 لەکرماشانەوە بـەرێ کـەوتین بۆسـنەو سـەقزو بانـەو سەردەشـت و نۆکـان و لەمەکتەبی سیاسـی بـوین، لـەرۆژانی 4و1990/1/5 هەرلـەنۆکان بـوین، لەسـاڵی 1990 دا دەفتەری یاداشتەکەم لەسەرەوە زۆر گۆرانی پێدا نەهاتبوو جگە لەوەی ژمـارەی ئوتومبیـل (1134) وژمارەی تەلەفون (240523) وشتێکی کە گۆرانی تێدا نەکرابوو، لـە1990/1/6 هەرلـەنۆکان بـوین و بـەفردەباری ئێـوارە سـەری کـاك کـەریم و مەقـەری پاسـۆکمان داو کـاك نەبـەزیش لـەوێ بـوو (خولـەی جگـەر) یـەکێتی بـوو، لـە1990/1/7 هەرلـەنۆکان بـوین کـاك شـێخ محمـد گـەرابوەوە، لـە1990/1/8 لەمەکتـەبی سیاسـی بـووم وخـەریکی ئیشوکاری رۆژانـە بـوین کـاك شـیروانیش هـات وسـەردانی کـردین ئـەو ئەولـەلقی هـەولێربوو لقـی هەولێریش لەناوزەنگ بوو، تـارۆژی 1990/1/12 هەرلەمەکتـەبی سیاسـی بـووم بـرادەران

هەموویان ڕۆیشتبونەوە، لە1990/1/13 هەرلەمەکتەبی سیاسی بوم برادەرانی لقی سلێمانی کاك جەلال و کاك شێخ توفیق هاتن بۆلام ومنیش هەرخەریکی کێشەی ناوچەی قەلأدزە بوین وادیاربوو مەکتەبی سیاسی بەتایبەتی خاڵەسەیدکاکە وناوچەی قەلأدزە ناکۆك بون و کەوتبونە بۆڵەبۆڵ لەسەرئەوە من بانگم کردن مەسئولی ناوچەکەمان بانگ کردو قسەمان لەگەڵ کردوکێشەیان بەنیوەیی حەل بوو ئەوکاتە کاك سەعید قەلأدزەیی مەسئولی ناوچە بوو، لە1990/1/15 چوینە سەردەشت وبانەوشەو لەسەقز بوین لەبەرساردی بەفرهەموو ڕێگای گرتبوو بەستبوی بەتایبەتی هۆبەتوو ڕێگا خراپ بوو لەسەعات (3)ی سەرلەبەیانی بەرێ کەوتین بۆ (1)ی پاش نیوەرۆگەیشتین (200)کم بە(10) سەعات بریمان ئەویش ئێمە سەیارەی باشمان پێبوو ئەورۆژە، لە1990/1/17 لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆوەرماهەنگ تەعزیەك هەبوو پاشان چوینە کرماشان و مەقەری علاقات لای کاك عبدالخالق هەورامی و گەراینەوە بۆسنە، لە1990/1/18 دانیشتنی عێراق و ئێران هەبوو لەمۆسکۆچاوەرێ ی نەتیجە دەکەن برادەرانی خۆمان لام بوون وکاك مولازم شوان لەسنە بوو سەری لێداین قسەمان لەسەرئەو وەزعە کردو بەرەو کوێ دەچێت و چارەسەرێکی بنەرەتی پەیدا بکەین بۆکێشەکان هەوڵ بدەین بەرنامەیەکی نوێ هەبێت و چوینەوە بۆمەریوان، لە1990/1/21 لەکانی دیناربوین، لە1990/1/22 کۆبونەوە هەبوو لەسەر روداوەکان بۆشەوەکەی لەسنە ئەوەندە بەفر باریبووڕێگای هاتوچۆگیرابوو ڕێگای مەریوان سنەوڕێگای سەقز سنەوهەمووقوتابخانەکان ئەورۆژە نەبوولەبەر ساردی وزۆری بەفر لەشاری سنە، لە1990/1/25 سەرۆك وەزیرانی پاکستان بەنازیربۆتۆ کچێکی بوو هەموو دنیاباسی کرد دایکی بەنازیر کوردەو خەڵکی کرماشانەو خۆی کچی زوالفقارعەلی بۆتۆیە، لە1990/1/25 لەسنەوە گەراینەوە بۆکانی دینار هەرئەمرۆیش کاك عەلی بچکۆل وکاك حسێن خەلیفەوکاك ئەحمەدقەدەفەری ماڵیان بردە قلأجێ لەئۆردوگا دەرچون بۆقلأجێ گوندێکی باشەو لەسەر ڕێگای مەریوان سنەیە و(30)کم بۆمەریوان وەماڵی زۆر لەمەسئولەکانی سۆسیالیست لەوێ بون، لە1990/1/26 کاك عەلی بچکۆل بەسەیارە لەجوجەسازی دای لەکەسێك وقاچی شکاند ماڵەکەزانییان سۆسیالیستە قسەیان نەکردو سەردانیان کردن هیچیان قبوڵ نەدەکرد بۆیان بکرێت وتیان موقەدەرەو هاتووە خەڵکی

باش لەهەمووجێگایەکی ئەودنیایە هەیە هەرئەمرۆ کاك فەرهاد شاکەلی لەوڵاتی سوئیدەوە هاتبوەوە کوردستان ولەماڵی ئێمە بۆهاودەردی و سەردانی ئەوخەڵکە ئاوارەیە لەکوردستان هەیە وەسەردانی ئۆردوگای بارام ئاوای کردو هەندێك مقابەلەی خەڵکی کردبوو وەسەری لەئۆردوگای دەربەندی دزڵی داو یارمەتی بۆئەو ماڵە ئاوارانە هێنابوو لەوکاتەدا شتێکی باش و دڵسۆزانە بوو هەرکەس هاوکاری خەڵکی بکردبایە کاك فەرهادیش ئەوکارەی کرد کارێکی دڵسۆزانە بوو، لە1990/1/29 چوینەجوجەسازی و سەری ماڵی کاك مەلا محمدمان دا کە کاك عەلی دابوی لەمناڵەکەی پیاوێکی زۆرباش ومحترەم بوو زۆر مەمنونیان بوین نیوەرۆیش لەماڵی کاك حمەعەلی بوین، لە1990/1/30 لەگەڵ کاك نوری و برادەران چوین بۆسنە، لە1990/1/31لەسنەوە چوینە کامیران و گەراینەوە سنەزۆرسەرمابوولەنێوان سنەو مەریوان بەفرێکی زۆربوو، لە1990/1/31 چوینە قلاّجیٚ و سەری ماڵەکانمان داو شەو سەری ماڵی کاك نادرهەورامی مان دا نەخۆش بووئەوخانوەیان پیشان دام کەگرتبویان بۆماڵی ئێمە کەلەساڵی 1988 دا کاتی شەری عێراق ئێران وکیمیاوی هەڵەبجە زۆر لەسنە دەدرا من لەویٚ نەبووم خانویەکیان گرتبووبۆماڵ و مناڵەکانی ئێمە لەسنەوە بێنە قلاّجیٚ گوندەو سەلامەت ترە بەلاّم قلاّجیٚ لەسەرجادەی گشتی مەریوان سنەیەو پردێکی تێدایە خانوەکە حازرکرابوو ئەورۆژە ماڵی ئێمە فریا ناکەون و بریار دەدەن رۆژی دوایی زووبێنە قلاّجیٚ بۆخانوەکە کەئەو ئێوارەیە پێش چەند سەعاتێك عێراق بەنیازی ئەوەی کەئەو پردە رێگای هاتوچۆی سنە مەریوان دەبرێت چەند تەیارەی ناردو قەسفی قلاّجیٚ و دەوروبەری کرد ساروخێك لەوخانوەی دابوو کەبۆماڵی ئێمە گیرابووجگە لەساروخی وێران کار کیمیاویشی لیٚ دابووخانوەکەی روخاندبوو، تاشەری عێراق ئێران وەستاو یەك ساڵ دوای ئەوە کەس نەی دەوێرا ئەو خانووەچاك بکاتەوە چونکە هەندێك خەڵك پەلاماری گولە ساروخەکانیان دابوو بەحسابی ئەوەی فافۆنەو بیفرۆشن هەموی کیمیاوی بوو لەگەڵ دەستیان لیٚ دابوو دەستیان لیٚ دەبوەوەو گۆشتەکەی دەکەوتە خوارەوە لەبەر ئەوە کەس نەی دەوێرا نزیکی ببێتەوە مناڵەکانی ئێمە ئەو رۆژە کۆبونەوە برۆن مام کەریم بەپەلە رۆیشت تەلەفونی بۆ کردبون کەوەزعەکە لەوێش خراپ ترەو ئەوخانووەش ساروخ وکیمیاوی لیٚ داوەو روخاوە،

لـە1990/2/4 هەنـدێك ناسـاغ بـوم لەماڵـەوە لـەكانی دینـار سـاردوهەواش نـاخۆش بـوو، لـە1990/2/5 جـەنازەی رەووف حـاجی صـابركەقومبەلەی پێـدا تەقیـەوە لـەراوە ماسـی شەهید ببوو دوای (3) مانگ دەریـان هێنایـەوەو بردیانـەوە بۆكوردسـتان و ناوكەسـوكاری بەجەنازەی كورد زۆرخراپی لێ قەوماوە هـەتا مردوەكانـشیان بەئاسـودەیی نـاتوانن لەیـەك جێگادا بسرەون هەر لەم رۆژەدا ئێران رایگەیاند كە(540) شاروشارۆچكەی هەیـە هـەموی و لەمـەولا دەبێـت هـەموو گونـدەكانیش بـۆری غـازی بۆبـەرن، لـە1990/2/6 كۆمیتـەی ناوەندی حزبی شیوعی سۆڤیەتی كۆبووە لەسـەر ئـەوەی بریاربدات بـەلابردنی دەسـەلاّتی حزبی شیوعی لەسەرحوكم ئەمرۆ زۆر گرنگ نیە ئەگـەر بریـاری لابردنـی دەسـەلاّت بـدرێت لەدەستی شـیوعیەكان وەربگیرێتـەوە چونكە گۆرباشـۆف هـەر بەردەوامـە لەپرۆسـتەریكاو گلاّس نۆس، لـە1990/2/7 لـەكانی دینـار بـوین لـە1990/2/8 سـەری مـەریوانم داو شـتی راگەیانـــدنم هێنـــاو بابەتـــەكانی گۆڤـــاری ســـورێنم ئامـــادە دەكـــرد هەرلـــەم رۆژەداچیكسلۆفاكیاوئیـسرائیل رێكەوتنامەیـەكیان مـۆركرد كەلەسـاڵی 1967 وە واتـە (23) ساڵ بوو پەیوەندیان بریبـوو، لـە1990/2/10 لـەكانی دینـار بـووم، لـە1990/2/11 چوینە سنە، لە1990/2/14 كاك قادرجەباری وشێخ سەردار هاتنە سنە بۆلامان مـن ومـام كەریم بوین لەوێ، لـە1990/2/15 لەسـنەوە دوو بـەدوو گەراینـەوە مـەریوان لای ئـارێزەوە دەچیتە خوارەوە بۆمەریوان لای چایخانەكان ئێمـەش زۆر سـەریع بـوین سـەیارەیەك لای دا بـێ ئیـشارەت هاتـە رێگـای سـەیارەكەمان و لـێ ی دایـن و هەنـدێك زەرەری لـێ دایـن بـەلاّم كـابرای شـوفێر دەترسـا سـەیارەی سـەربازی دی بـەرێمان كـردو رۆیـشتن، لـە1990/2/16 كۆبونەوە هەبوو لەمەریوان، لە1990/2/17 لەكانی دینارەوە چوینە سنەو كاك عبدالخالق هــەورامی لەكرماشــانەوە هــاتبوەوەو شــتی وەرگرتبــوو بۆمەكتــەبی سیاســیان دەبــرد، لە1990/2/18 لەسنە بوین، لە1990/2/19 لەسنەوە چوینە سـەقزوبانە رێگـا زۆر خـراپ بوو هەمووی بەفربوو بە(3-4) سـەعات گەیشتینە سـەقز سـەیارەكەمان خـراپ بـوو زۆری عەزیـەت دایـن ومانـدوی كـردین كـاك حمـە رەشـید وكـاك حمـە سـەعیدم لەگـەڵ بـوو لەگـەڵ هەنـدێك پێـشمەرگەی كـەداو شـەو لەبانـە ماینـەوە و هەرچـی ئـوتێلی تێـدابوو هـەمووی گیرابـوو یاسـاردبوو ئـاگری نـەبوو چـوینە ماڵێـك بـێ ئـەوەی بیناسـین لەسـەر رێگـای بانـە

مەریوان یائەو جادەی دەرواتەوە بۆسەیران بەند ناوی کاک فەتاح بوو زۆری خزمەت کردین، لە1990/2/20 لەبانەوە بەرێ کەوتین بۆسەردەشت و بۆنۆکان، لە1990/1/21 لەنۆکانەوە چوینە سەردەشت و چوینە تەعزیەی کاک مستەفا ئاغا برای حاجی محمود ئاغا پشتدەری ماڵی حاجی محمود لەگوندی شێنێ بوو لای سەردەشت لای زیلێ بوو شەو لەگەڵ خاڵەجوتیارو برادەران لەسەردەشت بوین، لە1990/2/22 لەسەردەشتەوە بەرێ کەوتین بۆ مهابادو رەزائیە لەوێ چوینە ماڵی خاڵە سەیدکاکەو شەو لەماڵی مامۆستا سەعد بوین کۆبونەوەمان هەبوو، لە1990/2/23 لەرەزائیەوە چوینە خانەو سەردەشت و بانەو سەقز شەو گەیشتینەوە سنە، لە1990/2/26 مناڵەکانمان بۆسەر دکتۆر برد بۆتهران منیش هەندێك ئیشم هەبوو لەتهران لەگەڵ ماڵەوەمان بەرێ کەوتین سەعات(7) ی ئێوارە شەوجادە چۆڵ بوو سەعات (3) ی شەو گەیشتینە تهران و چوینە ئوتێل ئەطلس ئەورۆژانە هەرلای دکتۆر بوین، لە1990/3/3 زۆرماندووبووم (7) سەعات لای کتۆر بوین لەگەڵ ماڵەوەماندا، لە1990/3/4 لەدکتۆر رزگارمان بوو، لە1990/3/5 گەراینەوە تهران و شەو گەیشتینەوە سنە، لە1990/3/6 لەسنەوە چوینە قلاْجێ و شەو لەوێ ماینەوە لەماڵی کاك ئەحمەد ، لە1990/3/7 سێ جار چومە مەریوان و گەرامەوە بۆکانی دیناروبارام ئاواو شەو لەبارام ئاوا بوین لای ماڵی کاك عەلی برام بۆبەیانیەکەی چوینە کانی دینارو کانی خەیاران چومە راگەیاندن ناميلكەكەم بەناوی (گۆرینی شێوەی شەرو پیاچونەوەیەکی واقیع بینانە) لەچاپ تەواو بوو وەسەردانی برادەرانمان کردو گەرامەوە، لە1990/3/10 لەمەریوانەوە چومە کانی دینار..هەر ئەو رۆژە صدام حسێن چووە هەولێرو لەوێ قسەی بۆخەڵکی کرد و عەفواتی بۆکوردو معارەزەو هەموو کەسێ دەرکرد بۆماوەی (2) مانگ، لە1990/3/11 لەکانی دینـاربوین بەکاری زەرور چوینە سنە، لە1990/3/16 لەسنەوە چوینە مهاباد و رەزائیەو شەو لەوێ بوین هەر ئیمرۆ دووساڵ بەسەر کیمیا بارانی هەڵەبجەدا تێدەپەرێت، لە1990/3/17 هەرلەرەزائیە بوین ، لە1990/3/18 چوینە مهابادو بۆکان و سەقزو سنە لەوێشەوە بۆقلاْجێ، لە1990/3/20 لەکانی دینـاربوین، لە1990/3/21 چوینە دزڵی و کانی خەیاران و بارام ئاوا، لە1990/3/25 چومە سنە هەرخۆم بەتەنها بووم کەسم نەبرد لەگەڵ خۆم چونکە من

ماوەیەکی زۆر بوو نەم دەتوانی بەتەنها بگەرێم هەرکات کەبەتەنها دەگەرام هەستم دەکرد بەوەی کەخاوەنی ئازادی خۆمم وکەسێك نیە رێگام لیٚ بگرێت چونکە من هەمیشە وەکو سجن حسابم بۆخۆم دەکرد نەك من حەرەسم هەبێت بەڵکو حەرەسم هەیە کەرانەکەم حەرەسم هەیە کەنەتوانم هەوایەك هەڵمژم و قسەیەك بکەم لەناخۆش ترین کات بوو لەو وەختانەدا کەهەمیشە بەدیارتەوە بن من زۆر لیٚ ی بێزار بوم بەلاّم نەش دەکرا چونکە ئیشەکەی من وابوو بەلاّم لەگەڵ ئەوەش هەتا لەشاخ و دەشت و دەریش ئەوەندەی پێم بکرایە زۆرجار بەتەنها دەرۆیشتم یەك سەعات رێگا ئەوکات پێیان دەزانیم یاچەند جارێك لەیەك پێشمەرگە زیاترم نەدەبرد برادەران لەجیهازەکان گوێم لێبوو تەعلیقیان دەدا دەیانوت کەرتێکمان بۆکردۆتەوەو ناردومانە بۆجەولە بۆئەوەی خۆی دروست بکات و شتی لەوبابەتە هەبوو لەئێران شتی زۆری خەتەر نەبوو منیش دەمزانی کاتەکان کەی هەڵدەبژێرم لەبەرئەوە فرسەتم دەهێنا بەتەنها دەرۆیشتم ودوایی ئەوان بەدوامدا دەهاتن یاهەستیان دەکرد بۆبەتەنها رۆیشتووە ئێستاش لەکاتی تەنهایدا هەست بەئازادی دەکەم چونکە هەموو مرۆڤێك پێویستی بەبیرکردنەوەو ئیسراحەت و تەنهایی هەیە من ماوەم نەبوو وەبۆم نەدەکرا و نەمدەتوانی خۆم جیابکەمەوە، لە1990/3/26 لەسنەوە چومە کانی دینار، لە1990/3/28 چومە دزڵی و کانی خەیاران و سەردانی مەقەرەکان و برادەرانمان کرد بەلاّم هێشتا بەفربوو رێگای هاتوچۆی ولاّخ نەکرابووەوە، لە1990/3/29 لەگەڵ کاك عبدالخالق هەورامی لەمەریوان بوین بۆئیشوکاری حزب، لە1990/3/31 لەکانی خەیاران بوین ونامیلکەیەکم تەبعی تەواوبوو لەراگەیاندنی لق لەکانی خەیاران نامیلکەکە لەسەر ئەوەبوو ئەو نائومێدیەی لەناو لایەنەسیاسیەکان و سەرکردەو کادرەکاندا روی دابوو من داوام لیٚ کردبوون کەشێوەی شەر لەنەوعیەتی شەرو شێوەی بگۆرین و لەسەر بەرنامەیەکی کەو تازە درێژە بەخەبات دژی رژێم بدەین و سەرکەوتن حەتمیە لەژێر ناوی پیاچونەوەیەکی واقیع بینانەو گۆرینی شێوەی شەر لەکوردستاندا وەهەرهەمان رۆژ کۆبونەوەی لقی سلێمانی لەکانی خەیاران دەستی پێکردو بۆخۆئامادە کردن لەدوای ئەوەی کە هەوا بەرەو خۆشی دەروات و پێشمەرگە دەتوانیٚ لەدەرەوە بژیٚ و

لەسەر بەرنامەی تازەوخۆئامادە کردن بۆشەری گەورەتر وخەباتی هەمە لایەنە، لە1990/4/1 لەکانی خەیاران بوین کەئەو رۆژە لەهەموو ساڵێکدا رۆژی درۆی جیهانیە،

## گیرانی ژمارەیەك لەرێکخستنەکانی ناوشار

لە1990/4/2 چوینە مەریوان و سەقزوبانەو سەردەشت و سەردانی مەقەری علاقات لای خاڵە جوتیارمان کردو هەواڵ هاتبوو کەکچێ ئیعدام کراوە چونکە لەوکاتەدا هەندێك لەبرادەرانی ناوشارمان گیرابوون هەرلەوکاتەدا کاك شێخ محمد کورێکی ناردەوە بۆناوچەی کەرکوك ناوی کاوە بوو خەڵکی دوز خورماتوو بوو مەفرەزەی لەگەڵ ناردبوون یوسف شەهید بوو فخرەالدین تەسلیم بوەوە لەدوزو کاوەش خۆی شاردبوەوە و دوای ئەو روداوانە یاهەر لەوکاتەدا کاك جەمالی حمە نوقڵە کەمەسئولی هەموو رێکخستنی حزب بوو لەناوشار یاسەرپەرشتی هەموو رێکخستنەکانی ناوەوەی دەکرد لەوکاتەدا لەسلێمانی دادەنیشت رێکخستنی ناوشاری سلێمانی (کاك محمد) مولازم مجید کاکەیی پێشتر لەکەرکوك دادەنیشت و ئەوکاتە لەئەوقاف سلێمانی بوو کاك نظام الدین گلی و کاك حسن یش لەبەغداد بوون هەموویان گیران کاك جەمال و مولازم مجید ئیعدام کران کاك نظام الدین بەهۆی کاك موکەرەم تاڵەبانیەوە بەربووکاك حسن یش لەعەفویەکدا رزگاری بوو ئەو شەلەلە رێکخستنی ناوخۆی توشی زەرەرێکی زۆر کردبوو بەتایبەتی لەسلێمانی چونکە کاك جەمال و کاك مولازم مجید هەردووکیان لەناوشاربوون زەرەربوو بۆرێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیست لەوماوەیەش پێش ئەوان کاك سەربەست یاماموستا مەلاعەلی لەدهۆك ئەویش کۆچی دوایی کردو زەرەر لەرێکخستنەکان کەوت لەوانەش کچی خاڵەجوتیارو هەندێکی کە هەرلەوێ گیرابوون پاشان لەسەردەشتەوە بەرێ کەوتین بۆنۆکان و مەکتەبی سیاسی بەفردەباری ودنیازۆرساردبوو، لە1990/4/4 لەنۆکانەوە چوینە سەردەشت و بانەو سەقزو مەریوان تا رۆژی 1990/4/7 هەر لەکانی دینارودزڵی و مەریوان بوین، لە1990/4/8 لەعلاقاتی کرماشانەوە داوایان کردین و چومە سنەو لەوێوە بۆکرماشان کۆبونەوە کراو لەوێش سەردانی کاك دکتۆر رۆژمان کرد، لە1990/4/9 گەراینەوە سنە، لە1990/4/11 لەکانی دیناربوین، لە1990/4/13 ماڵەکەمان لەکانی دینارەوە چووە ناوشاری مەریوان هەر لەم رۆژەدا ئاوارەیەکی کورد لەئۆردوگای بارام ئاوا

کۆچـی دوای کردبـوو نـاوی ئـەکرەم وخـەڵکی شـیرەمەربوو، لـە1990/4/14چـوینە تەعزیەکـەی، لـە1990/4/15 لەمـەریوان بـوین، لـە1990/4/16 بـەرێ کـەوتین بۆسـنە شەوەکەی سەعات(11) لەسنە دەرچوین لەسەعات (5) ی بەیانی لەهەمەدان و قەزوینـەوە گەیـشتینە تهران لـەئوتێل شمـال بـوین ئوتێلەکـە خـراپ نـەبوو هەرلـەتهران چومە دکتـۆر لەوکاتە (22)ی رەمەزان بوو بەرۆژوبووم، لە1990/4/19 لـەدوای تـەواوکردنی ئیشەکان گەراینـەوە بۆسـنە، لـە1990/4/21 لەسـنە کـاك شـیروان وبـرادەران هـاتن و داوایـان کـرد برۆین بۆکرماشان، لە1990/4/22 چوینە کرماشان و مەقەری علاقات لای کاك عبدالخالق هـەورامی بـوین، لـە1990/4/23 لەسـنەوە چـوینە کـانی دینـارو بـارام ئـاوا، لـەرۆژانی 24و1990/4/25 هەرلەمـەریوان بـوین، لـە1990/4/26 رۆژی جـەژنی رەمـەزان بـوو ئـەو ساڵەش بەتەواوی رۆژوم گرت من هەموو ساڵەکانی رەمـەزانم لـەبیر بێت لێم نـەخواردوە و بەتـەواوی رەمــەزانم گرتــووە هەمیــشەو لەپێشمەرگایەتیــشدا هــەرواش زۆرجـار نــەمان توانیــووە بــەربانگ بکەینــەوە و پارشێویــشم هەرنــەکردووە ئەگــەر تووشــی نەبومایــە... جـەژنی رەمـەزان و لـەئاوارەیی و دورو نـاخۆش و ئـەو هـەمو کارەسـاتەو منـیش لەکۆنـەوە هەرئاگام لەجـەژن ومناسـەبات وشایی و ئەوشتانە نـەبووە جگـە لەشیوەن واتـە تەعزیـەو شـت لـەهیچ جێگایـەك بەشـدار نـەدەبوم ، لـە1990/4/27 هەرجـەژن بـوو چـوینە ئێـران تائەودوایـە هـەر جیـاوازی لـەنێوان جـەژنی ئێـران و وڵاتـانی عـەرەبی یاسـونیدا هـەبووە، لــە1990/5/1 لەســنە بــوم و مەشــغولی کــاری رۆژانــە بــووم، لــە1990/5/2 لــەدوای عەفواتەکەی رژێم و سەفەری صدام حسێن بۆهەولێر خەڵکی نائومێد بوو لەشۆرش رۆژانە لەمەریوانــەوە دەیــان لــۆری لــەرێگای ســاوجیەوە (UN) بــەرێ ی دەکــردو دەی بــردەوە بۆعێراق و تەسلیم دەبونـەوە کەئـەوەش کاریگەرییـەکی خـراپ ونائومێدی زیـاتر دەکـرد و کەسـیش خـۆی بـەخاوەنی ئـەوکارە نـەدەکرد، لـە1990/5/3 خـەڵکی زۆر دەرۆیـشتەوە بۆعێراق، لە1990/5/4 لەگەڵ هەموو مەسئولەکان و فەرمانداری مەریوان ئاغـای چەمەنی فەرمانداری مەریوان و ئاغـای حورمـەت لەقـەرارگای رەمـەزان و ئاغـای ئیلاهـی لـەئیتلاعات چوینە میری سوروگەراینەوە زۆری مەسئولینی سنەومەریوان بوون، لە1990/5/5 چوینە ساوجی وگەراینەوە خەڵکی زۆر دەرۆیشتنەوە بۆعێراق، لـە1990/5/7 لەگـەڵ کـاك شێخ

محمد شاکەلیدا بەرێ کەوتین بۆسنەو سەقزوبانەو سەردەشت و چوینە ماڵی خاڵەجوتیار ئەوکاتەهێشتا قاچی چاك نەبوبوەوە پاشان بەرێ کەوتین بۆنۆکان و قاسمە رەش چوینە سەردانی یەکێتی نیشتمانی وگەراینەوە مەکتەبی سیاسی بۆنۆکان کاك شێخ محمد ووتی بریاربووە پێکەوە چالاکیەك بکەین دژی رژێم و یاناوچەیەك پاك بکەینەوە، لە1990/5/12 کاك نەوشیروان مستەفاو کاك کۆسرەت وکاك مولازم عومەروماموستا عبدالله هاتنە سەردانی مەکتەبی سیاسی سۆسیالیست لەنۆکان و قسە لەسەر ئازادکردنی ناوچەیەك کراو بریاردرا کاك نەوشیروان وکاك شێخ محمد شاکەلی لەگەڵ پارتی قسە بکەن و لەگەڵ ئێرانیەکان قسە بکرێت و شلێر رزگاربکەین وبیپارێزین بۆهەموو حزبەکان و لەو وەزعە ناخۆشەی ناوئێران هەندێك دور بکەوینەوەو هەموو لایەنەکان پێیان باش بوو... هەرئەمرۆسەری ناوزەنگ و مەقەری لقی هەولێروهەرێمەکانمان داو گەراینەوە، لە1990/5/14 لەنۆکانەوە بەرێ کەوتین بۆسەردەشت و بانەو سەقزوسنە، لە1990/5/15 لەسنە بوین میوانمان هەبوو، لە1990/5/16 لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆکانی دیناروومەریوان تارۆژی 1990/5/19 هەرلەمەریوان و دزڵی بوین، لە1990/5/20 مەفرەزەیەکی هەرێمی (21) لەلای سیامێوەی پێنجوین کەمینێکیان داناو چەند سەربازکوژراو یەك سەرباز بە ئار.بی.جی (7) وە بەدیل گیراو گەرانەوە کەلەو کاتەدا چالاکی سەربازی زەروری بوو بەلام هیچ حزبێك ئامادە نەبوو، لە1990/5/22 سەری مڵەخوردمان داو چوینە مەقەرەکان لەپلەکەو گەراینەوە، لە1990/5/25 لەمەریوانەوە بەرێ کەوتین بۆکامیران و سنەو گەراینەوە مەریوان و چوینە تەعزیەی کاك مەلاعەزیز سیامنصوری لەکامیران، لە1990/5/26 لەمەریوان بوین تا 1990/5/31 هەرلەدزڵی و مەریوان ومڵەخورد بوین، لە1990/5/31 پۆلیسی (UN) لەکانی خەیاران چوبووە سەر مەقەرەکانمان کەلەوێ نەمێنن بەلام پێشمەرگە قسەیان لەگەڵ کردبوون و قەناعەتیان کردبوو لەوکاتەدا کاك شاخەوان لەوێ ببوو، لە1990/6/1 لەسەرداوای کۆماری ئیسلامی لەسنەوە چومە تاران، لە1990/6/2 هەموولایەنەکان لەتاران لەسەرداوای کۆماری ئیسلامی لەوێ بون من و کاك شێخ محمد شاکەلی لەسۆسیالیست کاك نەوشیروان مستەفا لەیەکێتی نیشتمانی وکاك مەسعودبارزانی لەپارتی دیموکراتی کوردستان و ماموستا

مەلاعوسمان لەبزوتنەوەی ئیسلامی هەریەکەش وەفدێکی لەگەڵدابوو هەر ئەو رۆژە چوینە لای دکتۆر حسنی حبیبی معاونی یەکەمی سەرۆك کۆماری ئیسلامی و قسەکراو وتارێك کاك شێخ محمد بەرزنجی بەناوی هەموانەوە قسەی کرد چونکە لەوێش کێشەبوو کێ قسە بکات یایەکێتی و پارتی وسۆسیالیست مشاوەرە بکەن من هەر لەپەنادا ووتم کاك شێخ محمد تۆقسەبکەو کێشەکە تەواو دەبێت، لە1990/6/3 سەری مەرقەدی ئیمام خمینی مان داو قەڵەباڵغیەکی زۆربوو جێگانەبوو نزیکەی (7–8) ملیۆن کەس دەبوین ئێمەیان بربر کردبوو تارزگارمان بوو بەهیلاکەت چوین زۆرماندو بوین هیلاکەت بەفارسی (مردنە) هەرئەو رۆژە سەیارەکانی کاك مەسعودو مامۆستامەلاعوسمان فرکان فرکانی بوو کاك مەسعود مەرحەبای مامۆستا و ئەوانی نەکرد هەموشمان لەیەك دوو جێگادا بوین لەدوورەوە قسەیان بەیەك دەووت لەوکاتەی چوین و گەراینەوە مامۆستا شێخ محمد بەرزنجی هات و وتی ئەوە بۆناڵێت بەو .............مەبەستی کاك مەسعود بوو بابێ دەستی مامۆستا ماچ بکەن و داوای لێ بوردنی لێ بکەن لەوەی چەندجارێك خەریك بوو لەسەیارەکەی مامۆستامەلا عوسمان و ئەوان بدەن و کەوتنە پێشیان منیش وتم هەوڵ ئەدەین بگەنە یەك قسەمان لەگەڵ کاك مەسعود کردو لەگەڵ مامۆستا گەیاندمانە یەك لەهۆڵەکەدا کاك مەسعود جاری واهەبوو خەریك بووپێ ی ئەنا بەمامۆستا مەلاعوسماندا سەلامی لێ نەدەکرد دوای بەناچاری وامان لێ کردن کەهەندێك دانیشتین چونکە مامۆستاکان بەحکومی تەمەن و بەحوکمی ئەوەی مامۆستای ئاینین دەیانوت کاك مەسعودو هەموو قیادەی کورد واجبە احتراممان بگرێت بەلأم کاك مەسعود و پارتی وابیریان ئەکردەوە کە (3–4) مەلا هاتون و دەیانەوێت حزب دروست بکەن و نەچونەتە لای پارتی و لەبەر ئەوەی کە ئەوان بەتەمەنن و مەلان و عالمی دینین ئێران زیاترمراعاتی دەکردن قبوڵ کردنی ئەوەش ئاسان نەبوو لای پارتی بەتایبەتی ئەوان لەپێش پارتیەوە برۆنە هەندێك جێگا سەفەرەکەش بۆیادی کۆچی دوایی ئیمام خومەینی بوو پێش ئەوە زۆر گرژبوو قسەیان بەیەك دەوت ئەوەشمان چارەسەرکرد، لە1990/6/4 بەکۆمەڵ چوینە سەر مەرقەدی ئیمام ئاغای خامنەئی و ئاغای رەفسنجانی لەوێ بون، لە1990/6/5 هەرلەهەمان وەفدچوینە جەماران ومالی ئیمام لەوێش ئەحمەد خمینی قسەی بۆکردین و

هاتە لامان، لە1990/6/6 چوینە مجلسی شورای ئیسلامی ئێران ( پەرلەمان) و لەلایەن ئاغای کەروبی سەرۆکی مجلس و زۆری کەیان پێشوازی کراین هەرهەمان رۆژ ئاغای رەفسنجانی سەرۆك کۆمارمان بینی و من قسەم لەگەڵ کرد وەلەدوای نیوەرۆی هەمان رۆژ چوینە کۆشکی فەیروزە لەمەقەری سوپای پاسداران و لەوێ لەژورێکی گەورە ژوورەکە لەکەشتیەکەی نوح دەچوو دایان ناین وکورسی ومێزێك لەسەرەوە بوو هەر وەفدەی لەلایەك دانیشتبوین وماموستا مەلاعوسمان وماموستاکانی هاورێیان لەپێشەوە و باقی ئەوەی کەش لەدواوە ژوورەکە لەژووری دەرس وتنەوەی پاسداران دەچوو بەپێ ی کورسیەکانیان هەموو کەسێ لەتەفزیونەوەو لەکامیرەکانەوە دیاربوو هەمووی پربوو لەکامیرای شاراوەو زۆرشتی کەش ئەوئاغایەی مەسئولمان بوو لەکاروبارەکان میوانداری لێ دەکردین ناوی ئاغای حاجی بابایی بوو لەقەرارگای رەمەزان و سوپای پاسداران بوو وتیان ئاغای محسین رەزائی دێت و لەگیروگرفتەکانتان دەکۆڵێتەوە و قسە بکەن چونکە محسین رەزائی دەسەلاتی یەکەمی سوپای پاسداران و هەموو ئیشی ئیستخباراتی بەدەستی ئەوەو واماوەیەکی زۆرە شەر وەستاوەو چارەنووسی ئەو هێزە سیاسیانە بۆکوێ دەروات پێویستە قسە بکەین و حاجی بابایی وتی من یەکە یەکە مەسئولینی حزبەکان تەقدیم دەکەم لەپر هەرپاسداربوو رادەچەڵەکاو خۆی دەدایە کەنار لەپر ئاغای محسین رەزائی بەجلی رەسمی سوپاوەو تاج ونەجمەیەکی زۆرەوە خۆی کرد بەژوورەکەدا هاتە ژوورەوە مجلسەکە بێ دەنگ بون و هەمووی هەڵسایەوەو ئەویش (5-6) چرکە سەیری کردین نەئەوقسەو نەئێمە قسە ئەوسەرکەوت بۆجێگای دیاری کراوی پێ دەچوو کەهاتە ژوورەوە چاوەرێ ی ئەوە بوو پێیدا هەڵدەین چونکە لەوانە بوو هەرکات هاتبێتە ئەو قاعەیە هەموو پاسداران کردویانە بەهەرا رەزائی رەزائی وادیاربوو چاوەرێ ی رەزائی رەزائی ئێمەش بوو ئاغای زولقەدروئاغای رەحیمی(جعفری) سەرۆکی سوپاو ئەوانەی لەگەڵی پێکەوە هاتنە ژوورەوەو هاورێ و هاورامان حاجی بابایی چوبووە سوچێکەوە هەناسەی لەخۆی بری و هەرنەی وێرا بێت تەقدیم مان بکات ئەوەی ووت هەرکەسێ لەجێ ی خۆی هەڵسێتەوەو ناوی خۆی بەرێت ولەچی حزبێکەو دانیشێتەوە بەراستی ئەم دیمەنە شتێکی سەیروسەمەرە بوو هەروەکو چۆن عەریفێك هەندێك سەرباز کۆدەکاتەوە

بەیانیان بۆسەر ژمێریان هەر کەس لەجیٚ ی خۆی هەڵدەسێتەوە دەڵیٚ جندی مکلف فلاًن کوری فلاًن دادەنشێتەوە بەهەرشێوەیەك هەندێك لەسائیقی سەیارەکانیش هاتبونە ژوورەوە دەبوو سائیقەکانیش هەڵسن ناونیشانی خۆیان بڵێن جگە لەوەی کۆمەڵێك حزب تێکەڵ ببوون  هەرزۆرلام سەیر بوو کاك شێخ محمد شاکەلی لاما بوو ووتم هەڵسەرەوەو رەزائی بکەو ناوی خۆت بڵیٚ و دانیشەرەوە هەر لەسەرەتاوە مامۆستاکان هەرکەس لەجیٚ ی خۆی هەڵدەساو قسەی دەکرد جاوەفدەکەی ئەوان زۆربوون و هەمووشیان لەپێشەوە هەرتەواو نەدەبون دوای ئەو حزب الله و دوای ئەو دوو حزب الله و دوای ئەو شێخ طالب رابەری بزوتنەوەیەکی ئیسلامی بوو پاشان کاك نەوشیروان هەڵساو ووتی نەوشیروان مستەفا جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی هەریەکسەر قسەی خۆی کردو سەرە گەیشتە سەر کاك مەسعودبارزانی زۆر احراج بووبەنێچیری ووت هەڵسەوە کاك نێچیربارزانی ووتی کاك مەسعودبارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە و خۆشی تەقدیم کردو نزیکەی (50) کەس دەبون پاشان سەرە گەیشتە سەر ئێمەش چین ووتم هەڵسم وادیاربوو منیان لەوان لەناو قەرەباڵغیەکەدا ناسی و پێم وابوو کاك مەسعودو کاك نەوشیروانیش یان دەناسی چونکە ئاغای ئەحمەد زولقەدروکاك نەوشیروان لە فەتحی یەك لەکەرکوك پێکەوە قیادەی مەیدانی بوون کاك مەسعودیش خۆ پێیان غەریب نەبوو بەلاًم نازانم بۆ بەو شێوەیەو بەو دەردەیان بردین شتێکی زۆر بیٚ مەعنابوو هەستا خۆی ناساند وادیار بوو کاتەکە کەم بوو هەر سەیری سەعاتیان دەکردو دوای هەندێك قسەیان بۆکردین و  تەئکید کردن لەپشتیوانی کوردو شۆرش و وەستاندنی شەر شتێکی کەیەو پەیوەندی بەکۆماری ئیسلامیەوە بووەو بەلاًم پشتیوانی ئێوە هەروەکو خۆی و زیاترو هەرئیشیٚ کارێك گیروگرفتیٚ بکەوێت لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ قسە دەکەین وبۆتان چارەسەر دەکەین و دڵخۆشی داینەوە لەوەی کۆماری ئیسلامی هەرهاوکاریتان دەکات و هەرگیز پشت ناکاتە دۆستەکانی خۆی کەلەشەری (8) ساڵەدا بەشداربونەو لەو قسانەو بەگشتی قسەکان بۆئەوکات ئەگەر جیٚ بەجیٚ بکرایە باش دەبون لەویٚ هەموو حزبەکانیان وەکو یەك بانگ دەکرد چونکە حزبی واهەبوو چەند کەسێك بوون، لە1990/6/7 گەراینەوە بۆسنەو سەعات (12)ی شەو گەیشتینەوە سنە، لە1990/6/10 لەسنەوە چوینە مەریوان

و درزڵی و چوینەوە مەریوان، لە1990/6/16 چوینە سنەوگەراینەوە بۆمەریوان وکانی دینارو سیاناو ئەسکۆڵ و کانی کەوەو گەراینەوە بۆکانی خەیاران،

## نەخشەی چالاکیەیەکی گرنگ دادەرێژرێت

لە1990/6/18 سەرکەوتینە سەرچارەسەوز لەسەر سورێن و مەفرەزەیەکی باش و بۆهەندێك چالاکی سەیری ناوچەکەش بکەین لەوانە کاك صالح حاجی قادرو کاك جەلال و کاك قادر زیرەك و زۆری کەش، لەشەوی 18–1990/6/19 چوینە سەرکانی حەیفی کەلەمانگی 6ی ساڵی 1977لەوێ بووم هەرلەو ئەشکەوتانەدا بوین، لە1990/6/19 لەنێوان کانی سێف و جۆمەرەسیدا لەکۆلیتەکانی سەیدعەتا بوین و لەسەروی دێ یەکەوە ئاو هەبوو بەلآم ئەمسالێ ئەو ناوە چۆڵ بون، لە1990/6/20 چوینەکانی شەخڵەی لای کانی سێف و بۆلای توتمان و چوینە لوتە بەرزەکەی نێوان کانی سێڤ و توتمان و تازەدێ و شەخڵە لەوێوە سەیری وەزعی سەربازی ناوچەکەمان دەکرد بۆنانی نیوەرۆ چوینە ناو گوندی وێران کراوی کانی سێف کەئەو گوندەمان بەئاوەدانی دیبوو لەسالآنی 1976 و1977 و تا1978 هەرلەوێ بوین خەڵکی باش و خزمەتیان کردین پاشان گەراینەوە بۆلای کانی سێڤی کۆن و بۆکۆلیتەکانی شێخ عەتای سەرەوە، لە1990/6/21 لەنێوان کانی سێف و جۆمەرەسیدا بوین هەرلەم رۆژەدا بومەلەرزەیەك لەئێرانی دا لەلای رەشت و زنجان زیاتر لە (1500) کەس کوژراوبریندار هەبوو جگەلەوێران کردنی هەزاران جێگای دانیشتن و ژیانی خەڵکی لەشارولادێ کاندا، لە1990/6/22 هەرلەکۆلیتەکانی سەیدعەتا بوین نەتیجەی بومەلەرزەی ئێران تائیمرۆ ژمارەی کوژراوو بریندار گەیشتبوە (32207) کەس کەلەوەش زیاتربوو جگە لەوێران کارییەکی زۆرو زەبەندیش، لەشەوی 23–1990/6/24 دوای سەیرکردنی ناوچەکە لەروی سەربازیەوە بۆمان رون بوەوە کەهێزی دوژمن وجێگاو رێگای دەبوو بگەرێینەوە برادەران داوایان کرد کەهەرهاتوین باهەندێك تەقەشیان لێ بکەین و بەئاسانی وبێ ترس نەرۆینەوە تەقەش بکرێت دەڵێن هەربۆئەوەش هاتون و ئیشی کەیان نیە برادەران نزیکەی (20) دەقیقە لەرەبابەیەکانیان دابوو بە(3) ئار.بی.جی و (2) بی.کەی.سی لێیان دابووهەر بۆمەشغوڵ کردن بوو کەچی لێیان کوژرابوو رەبابەیەکانیان چۆڵ کردبوو هەڵهاتبون، لە1990/6/24 گەراینەوە کانی

خەیاران و بۆمەریوان ئەگەر سەرنجێك لەو مێژووە بدەن کەئێمە لەوجێگایانە بەدوای رژێم و لەکوردستان هەرخەریکی کاری شۆرشگێری بوین چەند گرنگ وئەهیمەتی بووە لەوسەردەمەدا بەڵام راگەیاندنی سۆسیالیست وەکو پێویست نەبووەو نەی توانیوە بگاتە هەموو جێگایەك و ناحەزەکانیشی پێیان خۆش نیەو دوژمن هەمیشە وای پیشان داوە کەلەعێراقدا هەرگیروگرفت نیە، لە1990/6/27 میوانمان هەبوو کۆبونەوەش هەبوو مەسئولینی ئێران لەمەریوان هاتبوون بۆماڵەوە لەوێ لەسەر وەزعەکان و کێشەی پەناهەندە قسەمان کرد، لە1990/6/29 لەکانی خەیاران بوین وچوینە مەریوان، لە1990/6/30 بەرێ کەوتین بۆسنە، لە1990/7/1 لەسنە بوین، لە1990/7/2 گەراینەوە بۆمەریوان، لە1990/7/3 رۆژی جەژنی قوربان بوو لەم رۆژەدا (1426) حاجی لە کیوی عەرەفە ومینا لەمەکە لەلایەن پۆلیسی سعودیەوە تەقەیان لێ کرا وەهەر لەم رۆژەدا هەردوو وەزیری دەرەوەی عێراق و ئێران لەجنێف کۆدەبنەوە لەسەر کێشەی هەدوو وڵات هەرلەو ماوەیەشدا عێراق چەند جارێکی کە ناردیە لامان بۆگفتوگۆ ومەسەلەی کوردبەڵام ئەوان هەر وەختیان بەرێ دەکردو هەر شتی وایان پێ نەبوو کەچارەسەری کێشەکان بکات، لە1990/7/4 لەمەریوان خەریکی ئیشوکاری خەڵکی بوین، لە1990/7/6 برادەرێکی ئێرانی کەلەبەشی پەناهەندەی کورد ئیشی دەکرد لەئوستانداری سنە ئاغای بەیگی هات بۆلام وتی سەیارەم پێ یەو وەکو ئەوەی تۆش هەرلەرێگای ناوەستیت و منیش ئەو چەند ساڵە بەحساب لەئێران و ئەوناوەم جگە لەوەی لەجادەوە بۆتهران هەتا لەهەمەدانیش لام نەداوەو لەهیچ شارێکی ئێران بەبێ ئیش نەچووم دووجار بۆقوم هەرداوایان کردبوو ئیتر هیچ شارێکی ئێران جگە لەتهران ئەویش بەتەواوی نەگەراوم پێم خۆشبوو ئەو جەولەیەی لەگەڵ بکەم و من هەمیشە دەترسام لەنزیك کوردستان نەبم و شتێك روبدات و من دوربم نەم دەتوانی دوربکەومەوەو هەر لەنزیکەوە بوم بۆسەیران ئەوە نەرۆیشتم و هەبوو دەهاتە ئێران یەکەم جار هەموو شارەکانی ئێران نەگەرایە نەدەوەستا بۆمانی باس دەکردکە ئەسفەهان و فلاّن شارو فیسار شاروای باس دەکرد کەمن شارەزام کەمن هەندێك هەرناوم نەبیستون مەجالم کەم بوو بۆیە بریارم دا لەگەڵیدا برۆم لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆهەمەدان و قەزوێن و رووتبارو خومانو رەشت وئاسانەولایجان یالاجان

لەنگرو شەو گەراینەوە رەشت و لەخومان لەماڵی فەرماندداربوین ئاغای خاریش لەویٚ بو خەوتبوین شەوخاوەن ماڵ رای دەکردو ئێمەی بەجیٚ دەهێشت دووجاری کەش بومەلەرزە لیٚ ی داین بەڵام ناوچەکە وێران بوو هەرناوچەیەکی خۆش و سەوزو زەراعەت و مەرەزەو زۆرشتی کەش بوو، لە1990/7/7 چوینە خومان و رەشت و لنگروت و سەروسلارو چیای لایجان ئاسانەو چالوس رامسرو خلاۆچالوسی نزیک بەندەر ئەنزەلی سنوری روسیا لەتونێلێکی دووڕودرێژەوە گەراینەوە بۆکەرەج وتهران و بۆهەمەدان و ئێوارە گەیشتینەوە سنە ئەم سەفەرەمان هەرچەندە پەلەو دورورێگای درێژو بومەلەرزەو کوژران و بریندار بونی زیاتر لە(50)هەزار کەس بەڵام لەبەر ئەوە زۆر دیمەن و شوێنی مێژوویی وگرنگ و ئەوەم بینی وناوچەی رەشت هەرلەدورەوە باس دەکران ئەوەی من لە ساڵی 1979 وەتا 1991 وبە ئێستاشەوە هەرئەو سەفەرە بەپەلەم بۆکراو ئەویش ئەو برادەرە بەرێزە نەبوایە نەدەچوم و دەموت نەوەك روداوێك رووبدات ومن لەویٚ نەبم، لە1990/7/8 لەشاری سنە بوین و زۆرکەس هەرنەیانزانی سەفەرم کردوەو هەروایان دەزانی لەو ناوە لەکۆبونەوە هاتوچوم، هەرلە1990/7/8 لەسنەوە چوینە مەریوان لەوماوەیەدا هەندێك لەکەسوکاری شەهید عەلی عەسکەری هەوڵی ئەوەیان دابوو تەقە لەکاك سامی عبدالرحمن بکەن لەسەر ئەوەی کاتی خۆی کاك عەلی ئیعدام کردووە لەوانە کاك شێخ ئەحمەدی شەدەڵە فەرماندەی قوەی شەهیدعەلی عەسکەری بوو وەپێشمەرگەیەکی کەش بەناوی حاجی عدنان کەئێستا شەهید بووە یەك دووکەسی کە هەوڵی ئەوەیان دابووهاتنە لای من و داوایان کرد چەك و پێویستیان بدەمیٚ بۆهەمان کار منیش چەك و ئەوەی پێویست بوو دامنیٚ و ئەوان وادیاربوو لەهەوڵەکەیان سەرکەوتونەبون لەرەزائیە گیرابون و بەوهەوڵەیان زانی و ئیتلاعات گرتبونی و(3) مانگ هەر تەحقیقیان لیٚ کردبون ئەوانیش لەسەرمن ئیعتیرافیان کردبوو کەمن ناردومن بۆتۆڵەی خوێنی کاك عەلی عەسکەری ودکتۆرخالید و شێخ حسێن و حمەئەمین خەلیفە قادرو کاك رەوف بەگ و هەموو ئەو شەهیدانە ئیتلاعاتی ئێران بانگی منیان کردبوو بەکاك شێخ محمدیان وتبوو شتێکی خەتەرو هەرزۆر خراپی کردوە بریاربووکاك سامی بێت بۆسەردانی مەقەری یەکێتی بۆکۆبونەوەی بەرە لەقاسمەرەش یالەئورمیە لەمەقەری خۆیان تەقەی لیٚ بکەن من هەر

ئەوەندە ئاگام لێیان بوو ئیشی وردە کاری خۆیان دەکرد چونکە کاک سامی لەهەکاری مجرمی ئەوشەرە بوو ئەو جیٚ بەجیٚ کەری شەرەکەبوو بریاری شەخسی بارزانی جیٚ بەجیٚ کرد لەئیتلاٌعاتی غەربی ئێران لەئورمیەوە منیان بانگ کرد بۆهەمان مەبەست وکاک شێخ محمد شاکەلیش لەگەڵما هات بۆرەزائیە و زۆر ناحەرەت بوو بۆبانگ کردنی من ئەترسا بمگرن چونکە شتێکی وا لەناو ئێرانا ئاسان نیە، لە1990/7/9 لەمەریوانەوە چوینە سنەو دیواندەرەو سەقزو میاندواو مهابادو رەزائیە شەولەئوتێل وریا میوانی حکومەت بوین (ئیتلاٌعات)، لە1990/7/10 ئاغای تەقی ناوبوو کەریمی و زۆری کەش هاتن بۆلام وتیان بڕۆین سەیارەیەکیان هێناو چوینە جێگایەك بینایەك بوو بارەگای ئیتلاٌعاتی غەربی ئێران بوو زۆربەشەرم واحترامەوە وتیان هەندێك پرسیار هەیە بیکەین منیش ووتم فەرمون وتیان تۆ دۆستی ئێرانیت و تۆسۆسیالیستی والەئێرانەوە نزیکی وهەرچی لەناوئێران رووبدات زەرەری هەیەو ئێران پیٚ ی ناخۆشە ئێستا (2−3) پێشمەرگەی ئێوە سجنە لامان بەلاٌم ناچارە ئیجرائاتی قانوونی لەگەڵ بکەین و ئێستا ئێمە شەرمەزارین بانگی تۆمان بۆئێرە کردوەو دەبوو تۆمان دەعوەت بکردایە نەك بۆئەوە پرسیارت لیٚ بکەین منیش ووتم ئێوە دەوڵەتن و حەقی خۆتانە و فەرمون وتیان ئەو برادەرانەی گرتومانن شێخ ئەحمەد وحاجی عدنان و ئەوانی کەش هەموویان ئیعترافیان کردووە کەتۆ ناردونت بۆکوشتنی سامی عبدالرحمن شتی واهەیە وادیاربوو ئەوان چاوەریٚ نابون لای منەوەو شێخ ئەحمەدو ئەوانیش هەرلەو نزیکانە بون ببیان هێنن من زۆر ئاسایی پێم ووتن بەلٚیٚ راستەو هەرچیان ووتووە کەمی هەیە زیادی نیە من چەك و پارەوهەموو شتەکانم بۆکردون بەلاٌم پێم وتن لەناوئێراندا مەیکوژن یا لەسەر سنور یا لەخاکی عێراق بیکوژن یا لەماڵەکەی خۆیدا بەلاٌم یەکیٚ لەحەرەساکانی کاک سامی کەئەمان پەیوەندیان پێوە هەبوو خەبەری دابوو بەئێران و ئیتر کاک شێخ ئەحمەدو ئەوان گیران ،ئەوان هیچ قسەیان نەکرد وتیان ئەمرۆ دەگەرێنەوە یائەگەر دەتەوێت شێخ ئەحمەد ببینی سبەینیٚ دەینێرین بیبینەو بیبەرەوە منیش ووتم هەست دەکەم ئێران تەوەقعی نەدەکرد کەمن بڵێم ئاگام لیٚ یەتی چونکە شتەکە راست من هەموو شتەکانم بۆجیٚ بەجیٚ کردبون وەئەو کاتە بەحەقم دەزانی کەکاک سامی بکوژریٚ لەتۆڵەی هەکاریە چونکە کاک

سامی زەرەری لەشۆرش دا وەکۆمەڵی رەفیق و هاوسەنگەری منی بەناحەق شەهید کرد بەدیلی کەمن خۆم بەوارسیان دەزانم پاشان پێیان وتم دەتوانی ئەم قسانە بنوسی منیش هەمووم بۆنوسین و دامنیٚ تانانەت نە کاك شێخ محمد قەناعەتی دەکرد و نەکاك شێخ ئەحمەدو نەکاك عەدنان قەناعەتیان دەکرد کەمن بچمە ژێر ئەومەسەلەیە کەلای زۆر کەس خەتەربوو بەلاّم لەبەر ئەوەی کەحەق بوو لای من هیچ بەخەتەرم نەدەزانی، لە1990/7/11 هێنایان و چاوم پیٚ کەوت پێم ووت بەردەبیت و ئێمە هەمان رۆژ گەراینەوە بۆسنەو دوای چەند رۆژێك شێخ ئەحمەدو حاجی عدنان بەربون، لە1990/7/12 لەمەریوان بوین، لە1990/7/15 لەقلاّجیٚ بوین کاك قادرجەباریش لەویٚ بوو، لە1990/7/18 لەمەریوانەوە چوینە سنە، لە1990/7/19 لەسنەوە چوینە مەریوان،

## چالاکی شلێر بەتەنها لەلایەن سۆسیالیستەوە

لە1990/7/20 لەدزلّی وکانی خەیاران بوین وخۆمان ئامادە دەکرد بۆهێرش کردن بۆسەر رژێم لەناوچەی شلێر نوێنەری هەرسیٚ حزب چونە سەردانی ناوچەکە بۆدانانی بەرنامە لەسۆسیالیست کاك عەلی بچکۆل بوو لەیەکێتی کاك عدنان حمەی مینا بوولەگەلّ نوێنەری پارتی لەوماوەیەدا چەند کۆبونەوە کرابوولەکرماشان و لەسەرکردایەتی بەرە لەنێوان سۆسیالیست و یەکێتی وپارتی هەرسیٚ لا لای یەکێتی کاك نەوشیروان و لای سۆسیالیست کاك شێخ محمد شاکەلی ولای پارتی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی وابزانم کاك رۆژ بوو پارتی نە وتیان بەشدار دەبین و نە وتیان بەشدار نابین بۆوەرگرتنی شت لەئێران بەناوی شەرەکەوە پێیان باش بوو بەلاّم بۆشەر لەوکاتەدا خۆیان لائەدا هێشتا هەرکۆبونەوە هەبوو یەکێتیش خۆیان لیٚ دەپاراست و دواجار کاك شێخ محمد شاکەلی هاتەوەو ووتی ئەمرۆ کاك نەوشیروان وتویەتی من باوەرم بەوە نەماوە شەر لەگەلّ عێراق بکەین و لەشەری عێراق ئێران نیوملیۆن سەرباز کوژرا عێراق نەروخاو بەهێزتربووە ئەوا ئێمە رۆیشتین و(50) سەربازمان کوشت ئەوا (100)مان کوشت و (100) بەدیل گرت ئەوە چی دەگۆریٚ لەمەسەلەکەو لەیەك ملیۆن سەربازی عێراق پێویست ناکات کەس بەکوشت بدەین و ئێمە وەکو یەکێتی بەشداری ناکەین پارتیش هەرلەخوای دەویست نەیکاو لەوکاتە ئەوهێزەیان بۆکۆنەدەبوەوە وەچەند جارێك لیژنەی عەسکەری دەچون

بۆسەردانی ناوچەکە ئێرانیەکان جوابیان ناردبوو بۆم چی دەکەن وادیاربوو یەکێتی و پارتی وتبویان نایکەین ئێمەش دوا جوابمان لەکاك نەوشیروان لەرێگای کاك شێخ محمد شاکەلیەوە وەرگرت ئەوانیش باوەریان بەو شەرە نیەو عێراق ناروخێ و نایکەن من بەبرادەرانی خۆمانم ووت ئەگەر ئێران ئەو ئیمکانەتەی دای ناوە بۆئەو (3) حزبە دەیدات بەسۆسیالیست ئێمە دەیکەین برادەرانی سەرکردایەتی و زۆر لەکادرەکانی لقی سلێمانی وتیان ئەم کارە قورسەو ناکرێت وەعد بدەین بەئێران ووتم براینە ئێمە شەر بۆئێران ناکەین شەربۆخۆمان دەکەین ئێران دەیدات ماڵی ئاوابێت ئێستا ئێمە ناومان معارەزەیەو شۆرشگێر وهێزی چەکدار نیە وتیان بەڵێ ئەی باشە بۆکەی وا ولآتەکەمان وێران کراوەو خۆشمان بەروتی دەرچوین و پەناهەندەین لەئێران ئێستا ئێران دەنگ ناکات وهاوکاریمان دەکات برۆین شەر بکەین باشە بۆنەیکەین ووتم وەلآ دەیکەین و کەسیش لەمەسئولەکانی لقی سلێمانی نابەم بۆشەر چەك هەیەو فیشەك هەیە و هەربەپێشمەرگەی تازە لەئۆردوگا دەڵێین کێ دێت بۆشەری عێراق ئەوکات دەزانن چەند خەڵك کۆدەکەینەوە داوامان لەکاك شێخ محمد کرد لەگەڵ ئێران قسە بکات ئێران وتیان ئەوەی دانرابوو بۆئەو هێزەی (3) حزبە بەتەنها بەلایەکی نادەین بەلآم لەو حسەیەی کەبۆتان دانرابوو زیاتر لەچەك و فیشەك و وەیەك اسعاف بۆگواستنەوەی برینداروهەرچی بریندارمان هەبوو لەسەر حسابی خۆیان و خەستەخانەی مەریوانیش هەموی چۆڵ بکەن بۆمان بەلآم ئێمەش لەسەر سنورەکە شەر ناکەین و برۆینە ناوەوە زیاتر ئێرانیەکان وتیان یەکێتی و پارتی وتویانە ئەگەر ئێمە ئەو شەرە نەکەین حسك بەتەنها پێیان ناکرێت بۆیە پێمان باشە هەر دەست وەشاندنێك و گەرانەوەش بێت بیکەن من زۆرم پێ باش بوو خۆمان بۆئامادەکردبوو هەرلەوکاتەشدا عێراق چەندجارێك داوای کردبوو بۆ گفنوگۆ لەگەڵمان بەلآم من زۆرلام مەبەست نەبوو چونکە عێراق هەرعەفواتی یەك بەدوای یەکی دەردەکردو لەولاشەوە هەرەشەی لەکویت و سعودیە وولآتانی عەرەبی دەکرد ئەوان داوای قەرزیان دەکرد لەعێراق عێراقیش ئەوەی هەیان بوو بەوەی دەزانی ئەوەی دزیویانە و هەرەشەی لەکویت دەکرد هەرئەوەش بوو لەوکاتەدا چەند جارێك ناردبوی بۆلامان کاك قادرجەباری لەوماوەیەدا سەردانی کردین ووتی ئەگەر تۆ پێت باش بێت خەتێك هەیەو پێشتر باسمان

کردوه کەکاك مەسعودبارزانی نامەی بۆرژێمی عێراق نوسیوه لەرێگای کەسێکی نزیك کاك حاجی حاجی ابراهیم کەئەوکات پارتی بوو کابرا گەراوەتەوه ناوی محمودەو خەڵکی سەنگەسەرەو وادیاربوو کاك محمودی حمه رەش بوو دوای زانیم مدیری ئەمنی سلێمانی راسپاردەی قیادەی عێراقی ناردوه ئەگەر سۆسیالیست یادکتۆر محمود دەیکات ئامادەین منیش وتم ئەگەر پێتان باشەو دەزانن شتێکی لیَ دروست دەبێت باشە وەئەگەردەزانن نابێت لەم کاتەدا بانەبێتە دەنگوباس و نەبێتە وتی وتی وتیان 100٪ من و کاك شیروان وکاك حاجی حاجی ابراهیم قسەمان کردو هەرلەسەربەڵیَ ی تۆ ماوه ئەوان وتویانە ئێمە ئامادەین بێینە مەقەری سۆسیالیست لەسورێن یائێوه بێن بۆبەغداد منیش ووتم باشە بائەوان بێن ئەوان گەرانەوەو ئێمەش خۆمان بۆئەو چالاکیە ئامادە دەکرد کەبەتەمای بوین لەوماوەیەش لەدوای وەستانی شەری عێراق ئێران تا ئەوکاتە هەرئێمە لەشەردا بوین و چەندجارێك شەری گەورە کرابون کاك قادر گەرایەوەو کاك حاجی حاجی ابراهیم وکاك قادرجەباری و نامەی کاك شیروان و دووپیاوی کەیان لەگەڵ بوو وتیان لەسنەوه تەلەفونیان کردوەو ئامادەن چاوەریَ ی تۆ دەکەن منیش ئەندامانی لقم کۆکردەوه لەگەڵ ئامر هەرێمەکان وتم عێراق ناردویەتی بۆگفتوگۆ ئێمەش وەفدێك دەنێرین بۆبەغداد و بۆئەوەی ئاگادار بن هەر لەورۆژانەش دا ئۆردوگاکان ئاگادار کران لەلایەن بەشی پەناهەندەیی لەئێران و(UN) کەکیَ بۆخارج دەروات وکیَ بۆعێراق دەرواتەوەو کێش لەکوردستانی ئێران دەمێنێتەوه هەموی هەر کەس بەجیا ناویان دەنوسی خەڵکی زۆر دەترسان بەلاَم کەسێك نەبوو دڵخۆشی خەڵکی بداتەوه یالەگەڵ ئێران قسەبکات خەڵکی هەموو دانی لەدەم کەوتبوو کەبییان بەن بۆجێگا دورەکانی ناوئێران خەڵکی دەترساو دەرۆیشتەوه بۆعێراق دوای ئەوەی چەند جارێك من وکاك قادروکاك حاجی حاجی و هەموو یەکمان بینی و مامۆستا سەعدیش هەر هەندێك لایان باس کرابوو چوم سەری هەندێك جێگام لەسەر سنوردا ئەگەر کۆماری ئیسلامی خەڵکی دور بخاتەوه داوای لیَ بکەین ئۆردوگایەك لەنزیك کانی خەیاران و لەوناوه بۆهەموو ماڵە پێشمەرگەو ئاوارەی سەر بەحزب و ئەوانە بکەینەوه پاشان گەرامەوه بۆبارام ئاوا داوام لەئێران کرد ئێران لەوەلاَمدا ووتی ئێمە خەڵکی سەر بەئێوه نانێرینە جێگا دورەکان هەرلەسەر سنوری

مەریوان دەبن و هەرکەس بڵێت سۆسیالیستم هەروا ئەوەی کراوە ئیداراتی دەوڵەتی کردویەتی و ئێمە نەمان کردووە لەبەر ئەوە بەمنیان ووت نیوەی سوعبەت و نیوەی راست وتیان ئێمە بەدەستی کوردی ئێرانەوە گیرمان خواردوە تۆ دەتەوێت لەناو حکومەتدا حکومەتێك دروست بکەیت چۆن رێگای شتی وائەدەین بەڵام قسەکە لەراستیەوە بوو هەرچەندە بەسوعبەت بەمنیان ووت ئەوان، لە1990/7/28 لەگەڵ مەسئولینی قەرارگا چوین سەیری شلێرمان کرد لەبەرزایەکانی لای بایەڵان لای شلێرو سەیری هەموو مەعەسکەرەکان کرا ئەوان وتیان بۆیەکێتی و پارتی ئەوشەرە ناکەن و ئەوناوچەیەش پاك بکەنەوە ئێمەش لەدورەوە یارمەتیتان دەدەین وهاوکاریتان دەکەین من ووتم وەڵا ئەوە بریاری خۆیانە و لەخۆیان پرسیار بکەن  ئەوانەی کەلەوێ بون ئاغای شەهلایی و ئاغای محمودی و ئاغای مزگریان وئاغای حورمەت و ئاغای حەسەنی حورمەتی پاشان وتیان ئێوە ئەتوانن برۆنە سەریان وتەقەیان لێ بکەن وتم ئێمە ئەتوانین برۆینە سەریان و بیان گرین بەڵام ئەگەر ئێوە چەکی گەورەمان نەدەنێ ناتوانین لێ ی بمێنینەوە چونکە عێراق دوایی بەهێزی گەورەوچەکی قورسەوەو تەیارەو دەبابەی هەیەو تاکیمیاوی ئەوە بەئێمە ناکرێت لەسەر ئەوە رێك کەوتین  برۆینە سەریان و تەقە بکەین و هەموو بزانن پێشمەرگەو شۆرشی کوردماوە لەوکاتەشدا مەرزێك کرابوە لەسنوری عێراق ئێران هەموو لەوێ شتیان دەگواستەوە ئەشیای قاچاغ و جەیشی عێراق و جاش و پاسدارو کوردی ئێران بەسیج و هەموی لەوێ وەکو برا تێکەڵ دەبون و کەس بەکەس نەبوو (5–6) رۆژ پێش ئەوە کاك عەلی بچکۆل و مەفرەزەیەك چوبون دوو سەربازیان گرتبوو(2–3)ی تریان کوشتبوو مەفرەزەی هەرێمی (5) بون هەربۆسەیری ناوچەکە چون ئەوانەشیان توش بوو کردبویان ئێران ووتی ئێمە خەستەخانەی مەریوان چۆڵ دەکەین بۆتان ئەوەی پێویست بێت بریندار لەسەر ئێمە تاتهران بۆچاك بونەوەیان و فیشەك و وەجبەیەك کلاشنکۆف و بی.کەی.سی و ئار.بی.جی و دۆشکا و هاوان بەگولەوە دەدەین بەحزب هەربۆخۆتان و شەرەکەشی پێ بکەن و ئازوقەو سەیارەو اسعاف بۆبریندار دەهێنینە سەر سنور بۆتان هەواڵی شەرەکەش وەکو لەرادیوی خۆتان یارۆژنامەی خۆتان وەرمان گرتبێت بۆتان بڵاودەکەینەوە لەوکاتەدا شەر وەستابوو ئەوە بۆئێمە زۆربوو بەڵام دوو حورمەتیان لەگەڵ بوو تەنها یەك حورمەتیان

نەبێ ووتی ئەمان شتیان پێ دەکرێت و زەرەریش لەرژێم ئەدەن کەسیان باوەریان نەبوو لەودووساڵە زۆرجار تەقەیان پێ بکرێت وئەگەر خۆمان بۆدەرباز بکرێت بۆسەر سنور باشە لەو کاتەدا چوم سەردانی رەزائیەو مەکتەبی سیاسیم کرد کاک شیروانم بینی وتی من بەیانیەك لەمەکتەبی سیاسی بوم پێشمەرگەیەك هەڵی ساندوم وتویەتی ژنێك هاتوە بۆلات ئیتر منیش وتومە بابێت کاتێك ژنەکە هات و خۆی ناساند ژنێکی بەتەمەن بوو وتی ناوم مریەمە ژنی مام قادری مام عەلی یە خەڵکی سەروچاوەیە ناوچەی خۆشناوەتی لەکۆنە شیوعی بووە ئێستا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقی هەیە بەئاگاداری مێردەکەی و کەس و کارەکەی کاك حاجی حاجی ابراهیم ئاگای لێ یەتی کە ژنەکە وتویەتی بەکاك شیروان من حکومەتی عێراقی ناردومێتی بۆلای ئێوەو داوای گفتوگۆی کردوە لەسۆسیالیست پاشان کاك شیروان و مامۆستا سەعدو کاك قادر جەباری ، کاك بەرزانی مەلا خالید و کاك حاجی حاجی ابراهیم لەپارتی و کاك قادر مام عەلی مێردی مریەم خان و وەلەگەڵ چەندین کادری تری ناو پارتی قسە کرابوو ئەمانە هەمویان پێیان خۆش بوو کەلەگەڵ عێراق رێك بکەوین کەتۆزێك لەتەسلیم بونەوە باشتر بێت قەیناکە لەسەر ئەوە کاك شیروان بۆدواجار نامەیەکی بۆمن نوسی بوو ناردبوی بۆم بە کاك حاجی حاجی ابراهیم دا کە کاك قادرجەباری و کاك قادر مام عەلی و چەند کەسێکی لەگەڵ بوو پێم وایە یەکێکیان برای قادری مام عەلی بێت و ئەوی تریان کوری بێت یان برای مریەم خان یابرازای بوو لەگەڵیان هاتبون وابزانم ناویان سەرۆو محمد بون دوای ئەوەی من بەتەلەفۆن لەگەڵ کاك رەسول و کاك دکتۆر محمود قسەم کرد کەشتێکی وایە هەیە منیش موافەقەتم کرد لەسەر رەئەکەی ئەوان ئەو هێزورەبایەو مەعەسکەرات و ئەوهەموو راجیمەیان دی لەسنور بەدەربوون و سەیری هێزی ئێمەش ماوەیەك لەئۆردوگاو پارتی و یەکێتی دووهێزی گەورەی کوردستان بون وئێستا خۆیان لەشەر دەشارنەوە کەئێرانیش داوایان لێ دەکات بۆدوژمنەکەی خۆیان نایکەن ئەقڵیان نەیدەبری کەئێمە شتێکمان پێ دەکرێت وە(20) جیهازی هۆکی تۆکیان داینێ ووتیان هەرچۆن تەقە بکەن (25–30) بریندارتان دەبێت بۆیە ئێمە جێگای (45) کەستان لەخەستەخانەی مەریوان بۆچۆڵ دەکەین، لە1990/7/27 برادەران هاتن بۆکانی دینارومەریوان لەگەڵ کاك قادر قسەمان کرد کاك

حاجیش دوای ئەو گەیشت و (2-3) کەسی تەقدیم کردم یەکێکیان ناوی قادری مام عەلی خەڵکی سەروچاوە بوو وەیەکێکیان زاوایان بوو یاخوشکەزایان بوو وتیان حەڵقەی وەصڵ لەگەڵ قەلآدزەو سلێمانی ژنی مام قادری مام عەلی بەناوی مریەم ووتیان ژنەکە جێگای سقەیەو من ووتم پارتیە ئەوان وتیان ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ عێراق رێکەوت لەئێستاوە هەموو سۆسیالیستین کاک حاجیش وتی ئەمرۆ هاتوین کاک بەرزانی مەلاخالیدمان دیوە وتبوی هەرکرا من شریتە کۆنەکەش لیێ دەدەمەوە چونکە کاک بەرزانی مەلاخالید سۆسیالیست بوو زۆر دژی پارتی بوو شریتی تۆمار کردبوو هەمووی قسە بەپارتی و ئاشبەتاڵ و ئەوکات رادیۆمان نەبوو شریتەکانیان بەتەسجیل بلآودەکردەوە بۆناو پێشمەرگە و خەڵکی لەگەڵ وەفدێك ناردیان بۆراژان لەراژان مایەوە هەرچی برادەرەکانی وتبویان بابرۆینەوە ئەویش وتبوی لەدوڵەتوو لەبرسا مردم لای سۆسیالیست لێرە ماڵی بارزانی دائیم مەنجەڵی گەورەیان لەسەر ئاگرەو گەرمە بۆدێمەوە ئەوو خاڵە عەزیز عەقراوی و هەروا لەوێ مایەوە پاشان وتیان ئەمرۆ مریم دەنێرینەوە، لە1990/8/1 مەوعیدمانە کەئەوان دێن و رەبایەکانی لای میری سوروئێمەش دەچینە خوارەوە (2) ضابط و جێب قیادەیەکی عەسکەری دێنە لای میری سور خواری مەقەری هەرێمی (21) و لەوێوە بەرێ دەکەون منیش دەمویست بێ ئەوەی ئەوان بزانن و لەرۆژی 31ی تەموز کەرۆژی ئینقلابی عێراق دەکات چالاکیەکە بەو مناسەبەتەوە بکەین برادەرانیش وتیان تۆئێمە دەنێریت بۆوەفدو لێرەش هێز کۆدەکەیتەوە وتم هیچ نیەو هەربۆکاتی پێویستە ئەگەر بییان زانیایە من (2-3) مەبەستم هەبوو لەکاتێك ئەوان لەبەغداد بن ئەو شەرە کرابێت و عێراق بزانێ ئێمە هێزمان هەیەو لەولاشەوە ئێران بەو وەزعە ئەزانێ ئەگەر رەنگی باشی هەبوو لەو رۆژە ئێمە چالاکیمان کردوە لەشلێرپێکەوە بونەو هەتا لایەنەکانی کەش چەند مەبەستی کەش وەدەمزانی مەسەلەی وەفدەکە بەوشێوەیە بروات دەستی لیێ نادەن هەرچەندە من لەهەموی دڵنیا نەبووم عێراق لەگەڵمان رێکەوێت وەفدەکەمان پێك هێناکەبریتی بون لەکاک قادرجەباری سەرۆك وکاک حاجی حاجی ئەندام وکاک ئەحمەد قەدەفەری ئەندام کاک قادر جەباری نامەیەکی بۆمن نوسیبوو دەڵێ وائێمە بەرێ کەوتین لەپێناوی کوردیشدا بکوژرێن پێمان خۆشە بەلآم باتۆ ئاگاداربیت کاک قادری مام عەلی و

یەك دووكەسیان لەگەڵ خۆیان بردبوو ئیتر من خۆم نزیك نەخستەوەو ئەوان لەمەقەری سورێن بەناوی بینینی كەسوكاریانەوە لەوێ بون ئێمەش لەپێشمەرگەی خۆمان دڵنیا بوین كەئەوشتانە بلاَونابێتەوە وادیاربوو كاك شیروان لای برادەرانی سەركردایەتی هەندێكی دركاندبوو بەومانایەی خۆی ئاگای لێ نیە لەشەوی 29-1990/7/30 ئێمە هێزێكی (250) پێشمەرگەی باشمان ئامادەكردو لەسەعات (3)ی شەو لەدزڵی سواری پاصمان كردن بۆئەوەی كەس نەزانێ بۆكوێ دەچین بردمانە پشتی هەنجیران و لەوێ دابەزین و سەركەوتن بۆسەرشاخ وكانی وئاوەكەی سەرەوە لەمێرگەپان هێزمان دانابۆئیسراحەت وخۆشمان چوینە پشتی لارەدەرو هۆبەسوتەو باڵیكەدەروشێرەو ئەوناوە كاك جەلالیش ئەو رۆژە غازی پێیا تەقی بووسەروچاوی سوتابوو هەرهاتبوو هەرچیمان كرد نەرۆیشتەوە، لەرۆژی 1990/7/31 برادەرانی وەفدەكە لەمیری سور چاوەرێ ی سەیارەیان دەكرد ئیتر ئێمە فریای 31ی تەموز نەكەوتین ئەوە بوو شەوی 31-1990/8/1 لەسەعات (1)ی شەو لەهەموو جێگاكان كەدیاری كرابوون پێشمەرگە نزیك دوژمن بوەوە بەلاَم لەبەر ئەوەی ئەو شەرە گرنگێكی باشی هەبوو لەبەرئەوەی لایەنەكانی كە وایان دەزانی ناكرێت هەموو پێشمەرگەو مەسئولەكان زۆربەدڵسۆزی و لەخۆبوردوی بەشداریان كرد لەپێشەوەی هێرشەكەوە بون و بێ گوێدانە مردن هێزەكان سەرەتا یەك مەقەری سریەو (6) رەبایە دەست نیشان كرابۆ گرتن و باقی بۆمەشغوڵ كردن هەرئێوارە سەعات (6) لەناودارەكانی نێوان لارەدەرو هۆبەسوتە لەپشتی چاشەوە هێزەكان دابەشكران (21) ئار.بی.جی دانرابوو بۆهێرش لەپێشەوە جگەلە بی.كەی,سی و كامێرای ڤیدیۆش بەكاك هیوابوو دكتۆر نجم الدین لەحزبی شیوعی بوولەمەریوان وتی ئامادەم مادام شەری رژێم دەكەن منیش دێم بۆئەوەی نەك بریندار هەبێت لەشەرەكە چەندهێزی تریشمان برد بۆبریندارو یاچەكی قورس رژێم شكی هەبوو كەپێشمەرگە لەوناوەیە یەك سریەی مغاویریان لەپێنجوێنەوە هێنابوو بۆكەمینی پشتی رەبایەكان لەسەعات یەك جیهازەكان هەموی وەستابون و چاوەرێ دەكرا لەسەرشاخ و لەسەرسنور ئێرانیەكان هەبون وسەیری وەزعەكەیان دەكردوئەوانیش پەیوەندییان لەگەڵ سەروی خۆیانەوە هەبوو هێشتا حەفلەی (30)تەموزیان دەكردو لەسەر موكەبەرەی گەورە ئەنواعی گۆرانی و

هەڵپەرین و حەفلەیان دەکرد لەسەعات (1)ی شەوی 31-1990/8/1 لەهەموو لایەك بوو بەچەخماخەی ئار.بی.جی بەتاریکی شەودا و لەماوەی کەمتر لەنیوسەعات تەواوی شوێنە دیاری کراوەکان بەسریەی مغاویرەکەشەوە هەموی پاك کرایەوەو یاکوژرا یاهەڵهات یابەدیل گیران هێرشەکە درێژەی کێشاو (6) رەبایەکەو مەقەر سریەکەی کەش بەدۆشکای چوارلولەو بەهەموو شتەکانەوە گیران سەرجەم (12) رەبایەو (2)مەقەری سریەو سریەکی مغاویرتەفروتونا کراو ئاگرلەهەر(12) رەبایەو هەردوومەقەر سریەکە بەردرا کەهەموی بەکامێرای ڤیدیۆ ئێستاش هەیەو تاهەندێك رەبایە تاریك بون بەتەلی تەلەفونەکەدا رەبایەکانمان دۆزیەوە پاشان رژێم داوای هێزی کرد لەناوچەکانی کەوە کەس نەی وێرا بەهاواریانەوە بێت دەبابەکان هەندێك لەلای گۆخلاْن و گەرمکەوە جولاْن تەڵقە تەنویر بەتەواوی ناوچەکەی رون کردبوەوە تانزیك سەعات (5)ی سەر لەبەیانی پێشمەرگە تەواوی دەسکەوت و شتەکانی هەربەهێستری رەبایەکان سەرخست چەکی قورس هەموویان شکاندن ئەوەی پێیان نەهاتبایە بەسەدان بەتانی وکلاْشنکۆف وزیاتر لە(70) پارچە چەك ودەیان ئار.بی.جی وخریطةو دوربین و شتی سەربازیان هێنابوو وەچەندیان سوتاندبوو زیاتر لە(52)کەس کوژران و زۆری هەڵهاتبون (2) ئەفسەریان تێدابوو ناوەکانیان لەبەلاغی لقی سلێمانی ئەوکاتە نوسراون هێزەکان کەمینیان لەنزیك جێگای شەرەکە داناو خۆیان زۆری سەرکەوتنەوە و چاوەرێ ی هێزی گەورەی رژێم بوون بەلاْم ئەو رۆژە جگە لە(2-3) تەیارە دورونزیك نەکەوتنەوەو جگە لەدەبابەکان لەدورەوە تۆپیان دەتەقاند بەلاْم خۆیان لەوە لادەدا تۆپەکان بەرەو ئێران بروات هێزەکە لەگەڵ خۆی (11) دیلی لەقوەخاصەو یەك ئەفسەرودەرەجەدار هێنایەوە هەندێکیشیان لەبەر بریندارى نەهێنابوەوە یەکێ لەدیلەکان کوردبوو ناوی محمد بوو کاتی خۆی ئامر کەرت ببوو لای یەکێتی لەئەنفالەکە تەسلیم ببوەوەو کردبویان بەسەربازو هێنابویان بۆئەو ناو رەبایانە دوای دامانەوە بەیەکێتی لەمەڵبەندی یەك و بەرماندا، لە 1990/8/1 رژێم چەند جارێك هێرشی لاوازیان کردو راونرانەوەو هەڵهاتن و رۆیشتن لەبەیانی تائێوارە بەهاوانی (60و81)ملم لەهەموو لایەکەوە لێمان دان و زەرەری کەشیان هەبوو نەمان هێشت جەنازەکانیان بەرنەوە تائێوارە ئێمە لەوشەرە (3) پێشمەرگەمان بریندار بوو کاك رەفیق

پارەزانی وکاك حمە نەجیم کەدوای قاچی لەسورێن لوغم پەراندی وکاك حمەلاوبانی شاری بریندداربون ئێمە لامان سەیربوو عێراق لەشەرەکانی کە رەدفعلی زۆرتوندبووبەڵام ئەم جارە وانەبوو، لە1990/8/2هەرلەوێ بوین هەواڵ بڵاوی کردەوە کەعێراق کوێتی گرتووە یالەکوێت ئینقلاب کراوەو داوای هاوکاری جەیشی عێراقی کردووە تێگەیشتم کەنەیان پەرژاوەتە سەر ئێمە جارێکی تر لەساڵی 1983 لەشەری مەسەکان هەرچاوەرێ ی هەلیکۆپتەر بوین نەهات دەرکەوت ئەو رۆژەش لەحاجی عمران ئێران هێرشی کردووە بۆیە نەپەرژاوەتە سەر ئێمە ئەوەش هەروابوو، لە1990/8/1 دێن بەدوای وەفدداو دەیانبەنە مەعەسکەری قاینجەو لەوێ بەدوو لانکرۆزو حمایەوە دەیان بەنە گامێش تەپە و پاشان بۆفرقەی (38) لەسەرای سوبحان ئاغا لەوێ پێیان دەڵێن ئەم شەوبرادەرانی ئێوە هێرشیان کردۆتە سەر رەبایەکانمان لەشلێر نزیکەی (50) سەربازودووئەفسەریان لێ کوشتوین ئیتر برادەرانی ئێمە زۆر ترسابون وتبوویان هی ئێمە نین بەڵام ئەوان دەیانزانی چونکە بەیان و بڵاوکراوەی حزب لەوێ بەجێ مابوو، ئیترپێشوازی گەرمیان لێ دەکەن لەرێگاش چەند ئەفەسەریان لەگەڵ دەبێت و زۆر بێزاردەبن دەلێن تکایە بارێك بکەوین و ئێوەو ئێمەش لەو وەزعە رزگارمان ببێت یەکێك لەئەفسەرەکان وتبوی چەندساڵ خوێندومەوچەند ساڵە لەشەری عێراق ئێران و ئێستاش لەقاینجەو گامێش تەپە لەرەبایەدا مێشولە خواردومی وخۆئێمە بۆئەوە ناژین لەتەمەنماندا هەر لەرەبایەدا بین هەموبێزار بون ئاگایان لەوەش نیە کەوا شەری کوێتیان بەرێگاوەیە ئەوان دەبەنە ئەمنی سلێمانی و لەوێ پێشوازیان لێ دەکەن و جەلسەیەك قسەدەکەن و بروسکە بۆبەغداد دەکەن واوەفد هاتووە، لە1990/8/2 وەڵامیان دەدەنەوەو دەڵێن ئەوە مەسەلەی کوێت هاتوەتە پێشەوەو سەرۆك لێرەنیەو تا1990/8/11 ناتوانێ بێتەوە بەغداد بەڵام باڕۆژی 1990/8/9 چاوەرێ بکەن ئەوانیش دەڵێن تا(9)رۆژی کە هەموو کەس دەزانێ و ئێمەش بۆ(4–5) رۆژ هاتوین و برادەرانمان لەوێ نارەحەت دەبن و ئەوەندە ئیجازەمان نیەو دەگەرێینەوەو دوای کوێت بریارێکی لێ دەدەین ویەکێك دەنێرینەوە ئەوانیش دەڵێن ئێمە لێرە دەسەڵاتمان نیەو پرس دەکەین ئەوانیش دەڵێن بەرەغبەتی خۆیان بکەن، لە1990/8/3 لەدوکان ورانیەو قەلادزەوە دەیان هێنەوە لای سونێ و دەگەرێنەوە

وادیاربوو لەرێگەی دیموکراتەوە گەرابونەوە لایان دابووە لای کاک شیروان لەنۆکان مەسەلەکەیان بۆباس کردبوو ئەم هەموومەسەلەیە هەریەکە لەلایەکەوە دەرۆیشت وکاک شیروان پێشتر بۆبرادەرانی باس کردبوو ئەوانیش کۆبونەوەو هاتن لای من نەئەوان قسەیان کردو نەمنیش گەرابونەوە خاڵەسەیدوکاک سەعدوکاک شێخ محمد کۆبونەوەیان کردبوو بریارێکیان لەسەر کاک قادرجەباری دەرکردبوو کەخائینەو پەیوەندی بەعێراقەوە کردووەو لەحزب دەرمان کردوە نوسخەی بۆهەموو حزبەکان دەنێرین و پاشان ئێران دەزانێ ونوسخەی بۆئێمەش هات ئەوکاتە کاک شێخ محمد جێگری سکرتێر بووپێش ئەوەش لە1990/8/2 چومەکانی خەیاران و گەرامەوە مەسەلەی کوێت هاتە پێشەوە، لە1990/8/3 کەکاک قادروئەوان گەرابونەوە من لەکرماشانەوە داوایان کرد برۆم کۆبونەوە لەگەڵ مەسئولە ئێرانیەکان هەیە تائەوکاتە عێراق هەرلەگەڵ ئێران ئامادەی گفتوگۆنەبوو هەرئەورۆژە میوانی سوپابوم لەکرماشان ئاغای جعفری وئەوانی کەش کۆبونەوە هەبوو لەسەر نەتیجەی شەری شلێر کەئەوان تەوەقوعیان نەبووە ئەو شەرە واسەرکەوتوانە بکرێت و وتیان داوا دەکەین شتی کەش بەهاوبەشی بکرێت لەگەڵ لایەنەکانی کەداو وتیان ئێستا ئەو هەنگاوە زۆرباش بووە بەڵام مەسەلەی کوێت یش دەبێت باسی بکەین من وتم مەسەلەی کوێت شتێکی تازەیە چونکە عێراق لەشەری ئێران ئەوەی ویستی بۆی نەکراو ئێستادەیەوێت بۆتەعویزی ئەوشەرە دەست بەسەر کوێت و هەموو عەرەبیش بکات بەژێردەستی وسعودیەوهەموو عەرەب بەکوێت ببیان ترسێنێ وتیان باشە من پێشنیارم کرد ئەگەر ئێوە ئامادەن سود وەربگرن دوورێگا هەیە لەرێگای خۆتان کەئاسان نیە بۆتان یالەرێگای هێزی کوردی عێراقەوە باشترە وتیان باشەو وەجبەیەکی کە چەك و تەقەمەنیان بۆئێمە لەرێگای علاقاتەوە جێ بەجێ کردو وتیان لە1990/8/11 هەموو حزبەکان و مجلیسی اعلاو ئیسلامیەکان هەموو کۆدەبێتەوەو بریارێك دەدەین لەوکاتەشدا وەعدی سەیارەیەکی باشی نیسانیان دابوو بەکاک رەسول یابە مەکتەبی سیاسی هەرنەیانداو دوایان خست تاکاک رەسول سەفەری کرد دایان بەکاک شێخ محمد شاکەلی دوای کاک رەسول دەیوت ئەیانەوێ کێشە بۆحزب دروست بکەن بۆیە سەیارەکەیان نەدا تامن رۆیشتم دوایی من داویانە منیش ووتم باوەرناکەم ئەو برادەرانە هەروان وهەندێك

تاخیردەبێت هەندێك بۆگومان كاك شێخ ئەوكات لەكوردستان بوو ئەوقەناعەتی وابوو لەكۆبونەوەی كرماشان زۆرشتم بۆرون بوەوە كەئێران ئەگەر دەسەلاتی بوایە هەرگیز شەری دژی عێراق رانەدەگرت والەكاتی ئاشتیدا هەولی ئەوە دەدەن زەربە لەعێراق بدەن بەلام معارەزە هیچ نەبون و وزەیان لیێ برابوو، لە1990/8/4 گەرامەوە بۆسنە، لە1990/8/5 چومە كانی دینار، لە1990/8/6 لەمەریوان بوین، لە1990/8/7 نرخی یەك بەرمیل نەوت لە(17)دۆلارەوە بوبە(30)دۆلار لەئوپێك بۆئێوارەكەی بووبە(32) دۆلار كەبۆیەكەم جاربوو لەتەمەنی ئوپێك شتی وارووبدات واتە شەری عێراق وكوێت لەروی ئابوریەوەنەك هەرلەسەر كوردستان وعێراق وناوچەكە بەلكو لەهەموو بازاری جیهان تەئسیری خۆی هەبوولەسەر پارەی دنیا تەئسیری هەیە عێراق بەتایبەتی ئەوكات خاوەنی یەك ملیۆن سەربازبوو ئەمیری كوێت بەپەلە لەكوێت خۆی دەربازكردبوو كوێتییەكان هەلدەهاتن بەرەو سعودیە جەیشی عێراق رێگەی لیێ نەدەگرتن بەپارەوگومرك لەسەیتەرەكان لەگەلیان رێك دەكەوتن فەلەستینیەكانی كوێت بەرەو عێراق وئەوەی ئەوروپاوئاسیاو دەرەوە بەروئوردن ودەرەوە وەزعەكان ئالۆزبوو كاربەدەستانی عێراق هەبوو كەلەلایەكەوە مەشغولی تالان و گواستنەوەی كوێت بون وەكولەپێشدا دابەش كرابوو لەسەربازوجاش وتاكەسوكاری جاش و سەربازوئەفسەرە گەورەكانی عێراق هەموی تیێ ی بەرببوون ولێشاوی تالان گەیشتە هەموو شارەكانی عێراق و كوردستان و بەرەو ولاتانی دەوروپشت لەشتی نەختین و گران بەهای كوێتی بیێ بەش نەبوون لەولاش مەلیكی سعودیە لەسەر تەلەفۆن بۆواشنتۆن وداوای هێزی ئەمریكایان دەكردو لەولاشەوە ئەمریكا هەولی رای گشتی جیهانی ومجلیسی ئەمن و رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانی بۆوەرگرتنی بریار لەلایەكی كەشەوە بانكەكانی كوێت و پارەی بلۆك كراوی لەئەمریكاوئەوروپا كرایەوە بەروی پنتاگۆن و خرایە ئیختیاری وەزارەتی بەرگری ئەمریكاو سعودیەش هەروا پارەی سپی بۆرۆژی رەش بەكارهات چونكە كوێت و سعودیە لەرۆژی رەشدا بون هەروەها كوێت و سعودیە سەرچاوەی پشتیوانی مالی عێراق بوون لەشەر دژی گەلی كوردو هەتا لەئەنفال و كیمیاوی نەك لەسەر كورد ورتەیان لێوە نەهات بەلكو پشتیوانیان لیێ دەكرد هەموو ولاتانی عەرەب لەئاستی كورد كەرولال ببوون و

بەسۆڤیەتی ئەوکاتەشەوە بەلاّم تانەی خویت نازانی تامی چی ئەدات  ئەوتامەش گەیشتە کویّت و مەلیکی سعودیە لەترسی گیانی خۆی ئەوەندە پەلەی بوو گیانی گەیشتبووە لوتی بەلاّم دەڵیّن گیان لەجیّگایەکی سەختەو دەرناچیّت دەترسا ئەمریکا فریای نەکەویّت و وەکو ئەمیری کویّت عاباکەی بەجیّ بمیّنیّ و تەفروتونایان بکەن و ولاّتەکەیان ئەنفال بکریّت وەکوچۆن لەکوردستان وشەری عیّراق ئیّران لەئەهواز و لەکویّت کرا هاوارو دادیان رۆژانە لەپارانەوەی بۆئەمریکا بوو هەرچیان هەبوو کۆیان کردبوەوەو لەناوسەیارەو تەیارە دایان نابوو عیّراق چووە پیّشتروئەوانیش بەرەو ئەوروپاو ئەمریکا بەریّ کەوتن ولاّت چۆڵ بکەن ئیّرانیش تائەوکاتە هیّشتا جەیشی عیّراق لەوناوچانەی خواروی ئیّران لەناوخاکی ئیّراندابوو  نەکشابوونەوە لەناوچەکانی ناوەراستیش تالای قصری شیرین جەیشی عیّراق لەزۆرناوچە هەرلەئەرزی ئیّراندابوو ئیّرانیش هەم لەریّگای معارەزەی عیّراقەوەو هەم لەریّگای خۆشیان ئامادە دەکرد ئەگەر عیّراق هەروا گویّ نەداتە ئیّران وداوای مجلیسی ئەمن بۆکشانەوە ئیّران هەلیّکی باشی بۆرەخساو حەقی خۆیەتی داخی دڵی خۆی پیّ بریّژیّ بەلاّم ئەوەی بەربەست بوو لەبەردەستی ئیّراندا ئەوەبوو ئیّران و ئەمریکا نەدەتوانرا لەیەك سەنگەرداو بەتایبەتی ئیّران لەسەنگەری ئەمریکادا کەتا دووساڵ پیّش ئیّستا ئەمریکا راستەوخۆ شەری ئیّرانی دەکردوپشتیوانی لەعیّراق دەکرد عیّراقیش دوژمنایەتی ئیّران و ئەمریکا بکات واخۆی دەزانیّ کەئیّران ئیسلامەو ناچیّتە سەنگەری کافر دژی عیّراق ،عیّراق ئەوکات خۆی دەکەویّتە گفتوگۆ لەگەڵ ئیّران و ئەو کشانەوەی جەیشی عیّراقیش دەکاتە منەتیّك لەسەر ئیّران و لەوانەیە هەتا ئیّران پشتیوانی دژی ئەمریکا لەوشەرە بکات واتە تەسەوری عیّراق تارادەیەك سەرکەوت و ئیّران بیّ دەنگ وکپ بوو خۆی نەیدەویست لەشەرەکە لەدوایدا بگلیّنیّ وەزعەکان زۆر بەئاڵۆزی دەرۆیشتن، لە1990/8/7 هەندیّك لەسجنەکانمان نارد بۆکانی خەیاران وسوریّن بۆدروست کردنی خانوەکان،لە1990/8/8 لەکانی دینارەوەچوینە سنەوسەقزو بۆکان ورەزائیە قسەمان لەگەڵ کاك رەسول کرد دەربارەی وەزعەکان و سەری کاك قادرم داو ووتم کیّشەکەی چارەسەر دەکەین چونکە من بەمەکتەبی سیاسیم ووت و سەرم لیّدان کەمەسەلەی کاك قادر هەموی من ئاگادار بووم و من ناردومن و هەرچی روی داوە من

کردومـەو ووتم ئـەوکات کـاك رەسـول لـەدەرەوە بـووەو بەتەلـەفۆن هەنـدێکم پـێ وتـوە و هەنـدێکم بـەکاك دکتۆرمحمـود وتـووەو ئێـستا کـاك قـادر لەومەسـەلەیە بەریـەو ئیعتبـاری نەزەری بۆبکرێتەوە لەسەر ئەوە رێکەوتین من گەرامەوە، لـە1990/8/9 لەرەزائیـەوە چـومە مهابـادو فریـا نەکـەوتین و لـەماڵی کـاك نـەوزاد رۆژبـەیانی لـەمهاباد ماینـەوە هەرئـەو رۆژە نرخـی نـەوت لـە(32)دۆلارەوە بـوو بـە(30)دۆلار واتـە هێرشـی عێـراق بـاری ئـابوری تـەنها لەعێراقدا ئـاڵۆز نـەبوو بەڵکولەهـەموولا باسـی دراو لەهـەموو جیهانـدا چـونکە خەتـەرێکی گـەورە لەناوچـەکە دروسـت بـوو ئـەمریکاش کـەخۆی چـرای سـەوزی لـەرێگای سـەفیری خۆیەوە لەبەغداد دابوو بـەعێراق بـەلاّم مەسـەلەکەش گـەورەتر لەحـەجمی خـۆی دەکـردن و پیشان دەدا بۆئەوەی هەموو لایەك و دونیاوناوچەکە بەهێز بێتـە نـاو شـەرەکەوەو خۆشـی دوای شـکاندنی لـەڤێتنام و چـەند ولاّتێکـی کـەو ئەودوایـە لـەلوبنان دەترسـا وەلـەوەش دەترسا کـەخۆی جـۆرە چـەکێکی داوە بـەعێراق دژی شـەری ئێـران و پێـشتریش سـۆڤیەت وبەهاوکاری خۆیان وئاگاداری ئـەمریکا لـەزانیاری خۆیـان دژی کـوردو ئـەو شـەرەی ئێـران چەند عێراقیان بەهێزکردوە، لە1990/8/10 رۆژی هەینی بوو گەرامـەوە سنـەو لەوێـشەوە بۆمەریوان و هەرگەیشتمە مەریوان لەلایەن علاقاتەوە لەکرماشـان ئاگـادار کـراین کەبرۆینـە کرماشان وداواکراوین لەسەر دەعوەتی ئێران و قەرارگای رەمەزان،

## سەرەرای بێ ئومێدی هەندێك لەسەرکردایەتی ... لقی سلێمانی سـوربوو لەسـەردرێژە پێدانی خەبات

لـەکۆتایی سـاڵی 1989و سـەرەتای 1990 دا مەکتـەبی سیاسـی هـەوڵیان دەدا قەناعـەت بەمن بکەن لەمەکتەبی سیاسـی و سـەیدکاکەو لـەخوارەوەش کـادرە عەسکەریەکان کەشـەر کردن سـوودی نـەماوەو لەگـەڵ عێـراق پێویستە بیرێك بکرێتـەوەو ئەوخەڵکەی ماونەتـەوە برۆنە ئۆردوگا یابۆکوێ دەرۆن برۆن و شۆرش کۆتایی هاتووەو وەزع ناخۆشە هەرلـەکاتی تێکـدانیان لەگــەڵ کۆمــاری ئیــسلامی و دەرکردنــی مەکتــەبی سیاســی لــەکاولان (45) کلاشنکۆڤ مظلی تازەمان هەبوو لەگەڵ هەندێك چەکی زیادە بەوەشـەوە من دەمبرد بۆیـان هـەموویان فرۆشـتبوو بەرێکـەوت هـەموویان وکـاك محمدعـەلی مامەنـد چـەکەکانی بـەناوی گواستنەوەوە بۆنۆکان فرۆشتبوو چـەند جارێکیش باسـی فرۆشـتنی ئیزاعەکـەیان دەکـرد

بەلاّم من بەتوندی رەدی ئەو تەرحەی ماموّستا سەعدم دایەوەو تارۆژێ لەکۆبونەوەیەکدا کاك شێخ محمد شاکەلی تەرحی کرد کەمەکتەبی سیاسی پێویست ناکات لەنۆکان وبونی مەکتەبی سیاسی لەنۆکان چ سودێکی هەیەو چ لەمەسەلەکە دەگۆرێت وبابیگوازینەوە بۆسەردەشت و لەوێ خانو بگرین من زۆرم پێ ناخۆش بوو ئەو تەرحە چونکە لەکاولان دەرکرابوین لەولا چەك فرۆشرابوو رۆژانە هەتا چەکی حمایەکانی مەکتەبی سیاسیان دەفرۆشت مەکتەبی سیاسی بەچەکە زیادەکانەوە نزیکەی (200) چەکی جۆربەجۆری هەبوو لەهەمووی (9) چەك لای دەستەکەی کاك عبداللە رانیەیی مابوەوەو هەموویان فرۆشتبوو ئەوە نەبوو کەپارە نەبێت لەلایەن ئێرانەوە حصەی مانگانە ی حزب وەردەگیراو جگەلەوەش لەناوزەنگ گومرگ هەبوو بەلاّم کۆمیتەی ناوەندی روخابون ونائومێد ببوون هەر دەیانویست بەزۆر پێشمەرگە دەربکەن وحەجمی حزب بچوك بکەنەوە لەکاتێکدا ئەوان دەیانوت مەکتەبی سیاسی لەنۆکان پێویست ناکات هەرلەوکاتەدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەقاسمەرەش بوو پاسۆك لەنۆکان بوو حزبی شیوعی هەندێکیان لەوێ بون و پارتی کەلعادە لەدوری ولاّت و لەرەزائیە و راژان بوون رۆژانە وحەفتانە لەکوردستان نامەی رێکخستنەکان دەهات و نوێنەری رێکخستن و رێکخراو وناوخۆ دەهات چەندین مەفرەزەمان لەناو شاروگوندەچۆلەکان و ئۆردوگاکان بون نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی سەردانیان دەکرد عێراق هەوڵی دەدا پەیوەندی بکات بەمەبەستی خۆی واتە ئەم مەقەرەی مەکتەبی سیاسی لەنۆکان جێگای ئومێدی لقەکان و جەماوەر وئۆردوگا زۆرەملێ کان و جەماوەری ئاوارەی حزب لەئێران کەبەهەزاران ئەندام و دۆستی حزب لەوئۆردوگایانەدا بوو داتەپینی برادەرانمان ناحەق بوو بەتایبەتی کاك شێخ محمد وکاك سەعد دەیانوت مەقەر لەسەردەشت بێت شارستانیە وئێمە لەم دۆڵە چی بکەین بەقەناعەتی خۆیان ئەوهەموو راکە راکەو هەوڵەی من بۆسورێن و شاربازێروشارەزوورودروست کردنی خانو مەقەرات وناردنی مەفرەزە هەموی لای ئەوان بەشێتی دەدرایە قەڵەم چونکە ئەولاو لاو ئەو هەوڵە بێ سوودە سەیری یەکیان دەکردو پێدەکەنین کەمن بۆخۆم تەنگە تاو کردوەو جیهازوپەیوەندی و ئەوا شەردەکەم ومەفرەزە دەنێرم و خەڵکی بەکوشت دەدەم من نەم دەویست وابکەم هەستیان بریندار نەکەم بەلاّم هەر لەسەر ئەوەی خۆم قەناعەتم پێ هەبوو

کارم دەکرد هەتا وای لێهاتبوو نەم دەوێرا کادرەکانی سنوری سلێمانی بنێرمە مەکتەبی سیاسی چونکە لێرەوە بەورەی بەرزو قەناعەت و رێبازی کوردایەتی دەچونە ئەوێ بەلاّم لەوێ بێ تاقەتی و بێزاری و بێ ورەیی کۆمیتەی ناوەندی ومەکتەبی سیاسیان دەبینی دەهاتنەوە دەروخان (4-5) کۆبونەوەی پێویست بوو تادەم خستنەوە سەرسکەی خۆی چەندین جار کادرەکان بێزاریان لەسەرکرداتی دەردەبری هەرلەسکرتێرەوە تائەوانەی لەمەکتەبی سیاسی بوون ئەگەر بڵێم ئەوپێشمەرگانەی مەکتەبی سیاسی بەورەترو باوەریان بەحزب وکورد بەهێزتر بوولەمەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، لە1990/8/11 کۆبونەوەی هەموو لایەنەکان هەبوو ئاغای جعفری و ئاغای مجیدی بەشداربوون کەسیان باسی ئەوەیان نەکرد ئەی ئەگەر عێراق داوای لەئێران کرد بۆرێکەوتن چونکە لەمانگی 1988/8 رەفسنجانی نامەیەکی بۆصدام حسێن ناردبوو دەربارەی گەرانەوەی هێزی عێراق لەخاکی ئێران لەخوارو لەناوەراستی عێراق و ئێران بەلاّم عێراق وەلاّمی نامەکەی نەدابوەوەو هێزەکانی خۆی نەکشاندبوەوە لەخاکی ئێران بۆیە ئێران هەربەرق بوو وەداوای لەمعارەزە کرد خۆی ئامادە بکات بۆشەر لەوانەیە ئێران بێ دەنگ نەبێت چونکە بریارەکانی مجلیسی ئەمن جێ بەجێ نەکراوە ئێران ناچار دەبێت بەزۆر جەیشی عێراق دەربکات لەوکاتەشدا کەهێزی زۆری عێراق بۆکوێت رۆیشتبوون پێ ی دەچوو تووشی شەر ببن لەگەڵ هێزی هاوپەیمانەکانە یابەرگری ئەمریکا لەکوێت و سعودیە ولاّتانی ناوچەکە کەبەرژەوەندی ئەمریکای تێدا دەپارێزن بۆئەو مەبەستە ئەمریکا هەنگاوی عەمەلی دەنا ئەو رۆژە معارەزەش خۆی لەقەرەی ئەوە نەدا ئێران لەوە دەترسا کەعێراق پەلاماری کوێتی داوەو داوا لەکورد بکات بۆرێکەوتن بەلاّم کەس بەئێرانیەکانی نەوت ئەگەر عێراق و ئێوە رێکەوتن چی دەبێت چارەنووسی ئێمە وەك لەشەر وەستانەوە تائێستا چارەنووسی ئێمە نادیارە ئەوکات بەرەو کوێ دەروات ، شەری عێراق ئێران لە1980/9/22 دەستی پێکرد لەلایەن عێراقەوە وەلە 1988/7/18 ئێران شەری وەستان بەلاّم عێراق لە1988/8/8 شەری وەستان، لە1990/8/15 عێراق تەنەزولی بۆئێران کردو رێکەوتنی جەزائیری (1975)ی قبوڵ کرد کە(8)ساڵ شەری بۆهەڵوەشاندەنەوەی ئەو رێکەوتنە کرد جگەلەماڵ وێرانی و یەك ملیۆن مرۆڤ لەهەردوو

ولاّت و ویّران کاری و کوشتن شتیّکی کەی لیّ وەدەست نـەهات پاش ئەوهەمووکوشتن و مـالّ ویّرانیــە بریــاری دا هیّزەکـانی بکـشیّنیّتەوەو دیـل بگۆریّتــەوە واتــە وەکـو رۆژی 1980/9/21 کـەهیچ روی نـەدابوو یـەك ملیـۆن خـەڵکی لەهـەردوولا کـوژراو برینـداربون هەردوو ولاّت ویّران کران هەروا رۆیشت و زۆر شـتی کـەش وەبەملیار زەرەریـان لـیّ کـەوت واتـە جگـە لـەویّرانی هـیچ گۆرانیّـك روی نـەدا لـەروی جـوگراف وسیاسـی وسـەربازی و ئابوریـەوە بـەڵکو زۆری لـەئابوری و کۆمەلاّیـەتی لەبـەر یـەك هەڵوەشـایەوە کـەس ئـەوەی تـەوەقوع نەدەکردولـەباوەری کەسدا نـەبوو ئیّـران ئـەورۆژە ئیّـران وەلاّمیّکـی وای نەدایـەوە بەعیّراق وقسەیان لەسەردەکرد بەلاّم بەعەمـەلی ئیّرانـی سـارد کـردەوە لـەزۆر رووەوە هـەتا بۆهاوکـاری هیّـزە بەرهەڵـست کارەکـانیش ئـەوەبوو رۆژی 1990/8/15 عیّـراق هـەموو داواکانی ئیّرانی قبولّ کرد، لە1990/8/16 لەمیری سوروسوریّن بوین دوای بەریّ کردنی مەفرەزەودروسـت کردنـی چـەندخانوویەك لەسـوریّن گەرامـەوە بۆکـانی خـەیاران هەرلـەم رۆژەدا یەکــەم وەجبــەی دیلــی ئیّرانــی لای عیّــراق بــەردراو لەســنوری قــصرشیرینەوە گەیـشتنەوە ئیّــران عیّـراق دەیویـست بۆئـەو مەبەسـتەی خـۆی کـاریّکی وابکـات ئیّـران جیابکاتەوە لەوکاتەدا نەك ئیّران هەردژی نەبیّت بەڵکو پشتیوانی لیّ بکات بـەو مەعنایـەی ئیّران ئیسلامیەو دژی کفرەو دەبیّت پشتیوانی لیّ بکات خۆعیّراق ئـەو هـەموو پـەت پـەتی و مــالّ ویّرانــی و تیاچــونی (500)هەزارکــەس کــوژراو ویّــران کاریــەکی زۆر لــەئیّران بەجیّماوەو بەدەیان سالّی کەش شویّنەکەی پر نابیّتەوە جگە لەوقسەو قسەلۆکانەی روی لەرابەری دینی ئیّران کرد لەلایـەن عیّراقەوە، عیّراق وای دەزانـی روی رەحمـەتی لـەئیّران کردۆتــەوەو ئیّــرانیش زۆربەتاســەی ئــەو پەیوەندیەوەیــە کــەعیّراق مەرحەمــەتی کــردوە بۆئیّران، ئیّران لەبەر باری خۆی تا رادەیـەك روی عیّراقی گـرت بەئاشـکرا لەشـەری عیّـراق ئیّران و لەزۆر روداوی کەش بەلاّم لەگەلّ ئەوانەشدا ئیّران بـیّ دەنـگ بـوو بۆماوەیـەك بـەلاّم لــەهاوکاری تــەواو بۆمعــارەزەی عیّــراق هــەر بــەردەوام بــوو دریّغــی نــەکرد لەوماوەیــەدا، لەرۆژانی 19و1990/8/20 هـەروا وەزعـی کەنـداو ئاڵۆزتر دەبووبەلاّم تـا ئەوکاتـەش هـەر چاوەروانی شەر نـەدەکرا ئیّمـەش هـەر داوامـان ئـەوەبوو عیّـراق سـوور بیّـت لەسـەر قسەی خۆی شتیّکی باشە ونەتیجەش شەر ببیّت خیّری ئیّمەی تیّدا بیّت، لە1990/8/15 صدام

حسێن وەلأمی نامەی ئاغای رەفسنجانی دایەوە، لە1990/8/17 هەموو جەیشی عێراق کشایەوە لەخاکی ئێران خۆی هەر پێویست بوو ئەو هێزەی بکشێنێتەوە لەوکاتەدا کردی بەمنەت لەسەر ئێران کەهێزی خۆی دەکشێنێتەوە، هەرلە1990/8/17 دارمان بەرێ کرد بۆکانی خەیاران و بۆمیری سور بۆخانوی تازە لەسورێن ئەوەی ئێمە پەیوەندی بەشەری عێراق ئێرانەوە نەبوو بەڵکو پەیوەندی بەوبەرنامەیەوە بوو کەپێشتر دامان نابوو بۆبەهێز کردنی مەقەراتی حزب لەناو خاکی عێراق وناردنی هێزەکان بۆسورێن و لەوێشەوە بۆناو ئۆردوگاکان وبەرەو پێشەوە چون و چالاکی سیاسی و راگەیاندن وسەربازی دژی رژێم، بەلأم ئەو کاتانەش رێکەوت لەگەڵ ئەوهێرشەدا بۆکوێت بۆئێمە ئاسان تربووکارەکانمان، لە1990/8/20 لەملەخورد بوین چوینە مەقەرەکانی پلەکە ی خواروی ملەخورد لای سەروی کەرەجاڵ لەوێ سەری برادەرانمان دا قسەمان بۆکردن بۆخۆئامادەکردن و ناردنی مەفرەزەو سود وەرگرتن بەتایبەتی لەوهەلومەرجەی ئەوکاتە، لە1990/8/22 چوینە سنە چونکە لەوێ کێشەی خەڵکی ئۆردوگاکان هەبوو ئەیان گرتن و ئەزیەتیان دەدان و نارەحەتیان دەکردن چوین محافظمان بینی وچارەسەری کێشەکەمان بۆکردن وە(3)کەسیان گیرابوو بەرمان دان لەسنە ئەوکات کاك صلاح دەلۆلی لەسنە مەسئول یانوێنەری پارتی بوو وەکاك هیواقادر خانەقینی لەسۆسیالیست لەوێ بوو، لەرۆژانی 23تا1990/8/27 لەکامیرا ن و سنەو کانی خەیاران بوین زۆربەی کات خەریکی خۆئامادە کردن وئیشوکاری حزب بوین بە بەردەوامی نەدەوەستاین، لە1990/8/30 لەکانی خەیاران و دزڵی و مەریوان بوین وەزعی کەنداو تادەهات ئاڵۆزتر دەبوو، لە1990/8/30 ئایەتوللە موحتەشمی نەجەف پیاوی ئاینی و سەرچاوەی مەرجەعی شیعە لەتەمەنی (96)ساڵیدا لەقوم کۆچی دوای کرد کەبەرێوەبەری حەوزەی علمی قوم بوو، لە1990/9/1 لەمەریوانەوە بەرێ کەوتین بۆدزڵی و کانی خەیاران شەو لەمەقەری کەرتی لق بوین لەکانی خەیاران، لە1990/9/2 چوینە مەقەری سورێن بۆبەرێ کردنی مەفرەزە بۆگەرمیان و شارەزووروشاربازێر هەرئەو رۆژە دارەرای خانوومان لەمیری سورو دەوری سورێن کرد،

## چالاکی و مەفرەزەکان زیاد دەکات

هەر لە1990/9/2 ماڵمان لەمەریوانەوە گواستەوە بۆکانی دینار، لە1990/9/3 لەسورێن بوین چوم سەری رەبایەو جموجۆڵی عێراق سەیری ناوچەکەم کردو چومە پشتی هەرمێلە لای ملە قازانەو شای لۆغەو سەیری ناوچەکەم کردو بەپێ ی تەقدیری خۆم 40٪ هێزورەبایەی قوەتی رژێم مابوو واتە لە60٪ بردبوەوەو ئەوەش فرسەت و مەجالێکی باش بوو بۆئێمە لەوکاتەدا مەجالی چالاکیمان زیاد بکات لەسنورەکەدا زۆر لەرەبایەکانی چۆڵ کردبوو وە هەندێك لەهێزەکانی کەم کردبوەوە لەرەبایەکان (4–5)کەسی لێبوو زۆرجار حەرەسیان نەبوو، لە1990/9/6 مەفرەزەمان لەشارەزوورو ئۆردوگاکانەوە گەرانەوە بۆمەقەر وچالاکی وکاری باش و نامەکانیان گەیاندبووە ئەو کەسانەی نامەمان بۆنوسیبون وەچەندین مەفرەزەی کەمان هەرلەخوارەوە بون ورێکخرابون کەهەمیشە مەفرەزە لەخوارەوە بێت، لە1990/9/7 مەفرەزی گەرمیان و سنوری قەرەداغمان بەرێ کردوگەیشتنە قەرەداغ و بەجیهاز پەیوەندیان لەگەڵ کردین کە گەیشتون، وەبەتایبەتی لەرۆژەکانی 7و8و1990/9/9 کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەستیٔ پێکرد بەلاٚم کۆبونەوەکە لەجەوێکی نائومێدی زۆربەی برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی لەراستیدا کۆبونەوەکە بۆدارشتنی بەرنامەی حزب وکاری تازەو لەزستانی داهاتوودا و پەیوەندی کردن بەکوردستان و هاتوچۆو شێوەی کاری رێکخستن و پێشمەرگایەتی و سەفەری کاك رەسول بۆسەری ماڵ ومناڵ و هەمووشمان لەسەر ئەوە رێك بوین مامۆستا مەلاناصیح لەبەر وەزعی تەندروستی خۆی ماڵ ومناڵی هەرچۆن بێت بڕواتە دەرەوە بۆولاٚتێکی ئەوروپی بەلاٚم کۆبونەوە بەکردنەوەی لەلایەن کاك رەسول مامەندەوە دەستی پێکرد وا لەسەرەتاوە مەسەلەکانی باس کردو کارگەیشتە قسەکردن وا پێ دەچوو زۆربەی برادەران وەزعیان هەرزۆر خراپ بێت و لەوجەوەدا هەموویان تەنگەنەفەس و باوەریان بەهیچ نەمابوو هەرچەندە وەزعی مالی حزب باش نەبوو بەلاٚم لەگەڵ ئەوەش هەر دەتوانرا کاری باش بکرێت پێش ئەوە بەچەند رۆژێك و چەندجارێك کاك رەسول لای من دەیووت حزب پێویستی بەجێگرێك هەیە لەپێش کۆبونەوە بەمنی ووت تۆجێگری سکرتێر لەحزب وەربگرە و لەکۆبونەوە پێشنیار دەکەم ووتم کاك رەسول من ناتوانم جێگری سکرتێری

حزب وەربگرم چونکە من ئەوکات دەبێت زۆر دور نەکەومەوەو ئیشەکانی خۆشم بۆناکرێت جگە لەوەش دەبیٚ هەم لەروی تەمەن و هەم لەرووی خوێندەواریەوە ئەوجێگایە بۆمن گونجاونیەو لەبرادەرانی کە یەکێکیان دابنێن من پێم باشە بەلاّم وادیاربوو کاك رەسول هەستی کردبوو کەزۆربەی برادەران روخاون و خۆشی دەبوو بروات و بریاری سەفەری دابوو دەترسا کەسێك دابنێت دوای ببێتە مارەکەی شێخ هۆمەر هەم ئەویش نەتوانیٚ کارەکان ئەنجام بدات و کێشە دروست ببێت من لای خۆم هەر لەویٚ پێشنیاری کاك شێخ محمد شاکەلیم بۆکرد نەم دەزانی برادەران هەموو واتەپیون لەوکۆبونەوەشدا کاك شیروان عاجزبوو لەکاك رەسول هەرئەو رۆژە بەناحەقەو دوور لەهەموو حسابێکی هەڤالاّنە و بیٚ بەلّگە کاك شیروان چوو بەگژی کاك مەلاناصیح دا کەهەموومان زۆرمان پیٚ ناخۆش بوو کاك شیروان بۆداخی دلّی خۆی لە کاك رەسول و مامۆستا سەعدو خالّەسەیدکاکە بەمامۆستای تێکۆشەروبەتەمەن بریٚژیٚ شتێکی خراپ و نەگونجاوبوو لەکۆبونەوە پێشنیاری داخستنی رادیوکە لەلایەن کاك سەعدەوە کرا وادیاربوو کاك رەسول لیٚ ی ئاگادارە جاری پێشویش داوای فرۆشتنی کردبە (PKK) داوای رادیویەك دەکەن بیکرن منیش بەتوندی دژی وەستام وتیان ئیمکانەتی کاری رۆژانەی رادیۆمان نیە بەلاّم هەشبوو خۆیان باوەریان پیٚ نەمابوو زۆرمان لەگەلٚ وتن  من دەترسام رادیوکە لەناوبەرن  ووتم با رادیۆکە لێرە بێت من لێرە دای دەنێم وتیان لەئیدارەی مەکتەبی سیاسی ووتم بەدەستی یەکێکی بدەین بەئاگاداری منیش بۆئەوەی بزانین کیٚ لیٚ ی مەسئولە لەو(3)رۆژە هەروا بەردەوام بوین پێشنیاری دوو سەرکردایەتی بۆحزب کرا ئەو برادەرانەی لەدەرەوەی ولاّت خەبات بکەن و واخەباتی کوردستان وەستاوەو پێویستە خەباتەکە دوولایەنە بێت و پێشمەرگە کەم بکرێتەوەوئەوەندەی دەژین... سکرتێری حزب و ئەوانەی لەدەرەوەن هەموو یەك سەرکردایەتی دەرەوەی ولاّت و لێرەش جێگری سکرتێر هەبێت و لەگەلٚ ئەوانەی ناوەوەی ولاّت سەرکردایەتیەك بن بەلاّم بیٚ ئاگاداری سکرتێر لەدەرەوە شتی گرنگ نەکرێت ئاگامان لەیەك بێت  لەسەر روداوەکان واتەرح کرا کەئەوە زەروریەو ئێمەش وتمان باشە ئەگەر وابێت بابرادەران لەدەرەوە بن وەهەردوو قیادەکە ئەوەی دەرەوەو ئەوەی ناوەوە وەکو یەك بن نەلّێن ئەوانەی دەرەوە رایان کردوە لەترسا

کاك شیروان وتی چۆن ئێوه لەباشترین وەزع دا بژین و منیش لێره نان نەبێت بیخوین و لەشەروهەرادا بین و هەردوولاش وەکو یەك سەرکردایەتی بێت وادیاربوو کاك شیروان وەکو من بیٚ ئاگایی زۆر روداوبوو برادەران لەناو خۆیان دەیان باسیان دەکرد لەسەر ئەوه مناقەشه کراو باسی زۆر کەس کراو چی بکەین ئەوەی کەپێویست بوو بڕواته دەرەوه کاك رەسول لەدەرەوه بوو ماڵی خاڵەحاجی یان بەئیجباری نارده دەرەوه چونکه یارمەتیەکەی ماڵی خاڵه حاجیان بڕیبوو کاك قادرجەباری و ئەوان زۆر ناحەقانه ئەو دووماڵه هەبوو هەمیشەش خزمەتی پێشمەرگەو کۆبونەوەو ئیشەکان لایەن دەکران ئەوان وتیان ئەوانەی یەك ماڵی هەیەو ئەوەی دووماڵی هەیه ئەبێت هەموی یارمەتی وەکو یەك بێت جگه لەخاڵه سەید کاکه هەموی دەبێت وەکو یەك بێت کەئەوەش پەسەند نەبوو لەراستیدا بەلاٚم وایان کردو لەبەر ژیان خاڵەحاجی ماڵەکەی برده دەرەوەو ئەوەش دوای ئەوان زەروور بوو کاك مەلاناصیح ومامۆستا ئەمین نەخۆش بوون کاك دکتۆرمحمود وکاك عەدنانیش لەسوریا بون ئەوانه هەمویان لەدەرەوه حساب بکرێت...مامۆستائەمین و مامۆستامەلاناصیح بۆدەرەوەو لەوێش کاك عەدنان و کاك دکتۆر لەسوریا بون خاڵەحاجی وکاك رەسول لەلەندەن بون ئەوه (6)کەس کاك عادل لەکاتی دەرکردنمان لەکاولان خۆی لیٚ شاردوینەوه یالەدڵی خۆیدا عاجزەوهێشتا ئەویش داوای باقی دەکات ئەو جیٚ ی هێشتوین و لەگەڵ ئێران تێکی داین و ئەویش هەرلەسەر دەرەوه حساب بکەین واته دەکاته (7)کەس و ئەوەی دەمێنێتەوه حساب کرا کاك شێخ محمد شاکەلی وکاك شیروان و خاڵەسەیدکاکه و من ومامۆستا سەعد وکاك قادرجەباری و ئەویش ئیستقالەی کردبوو دانیشتبوو هەرئەوەنده دەمێنێتەوه کەئەوەش لێره ئیشەکان دابەش دەکەین و دەیبەن بەڕێوەو لەکارەکانماندا وتیان کاك قادرجەباری داوای کردووه کورەکەی نەخۆشەوبڕواته دەرەوه مامۆستا سەعد وتی وەلاٚمنیش دەچمه دەرەوەو من ئێستا وەزعم لەهەموتان خراپ ترەو شەو چاوم نابینیٚ و کوێرم و بەشەو پێویستم بەمعالەجه هەیەو ناتوانم لێره بم و ووتی تازه هیچ ناکرێت و عێراق بەئێمه ناروخیٚ یەك ملیۆن سەربازی هەیەو نیوملیۆنی لیٚ کوژرا هەروەکو خۆی و بەهێزترەو تازه بەمەفرەزەو بۆئەم لاولا ناکریٚ و پێویسته بیر لەشتێکی که بکەینەوەو چاوەریٚ ی بارودۆخەکه بکەین و ئەووەزعه نابێت وایەکێتی

نیشتمانی دەیانەوێت کۆمەڵێك کادربۆلوبنان بنێرن و تەئمینی ژیانیان کردون هەروەها حزبی شیوعی هەمویان ناردە سوریاو دەرەوە واپارتی هەموو مەسئولەکانیان چونە دەرەوەو ئەوانی کەشیان لەئێران هەموو کارمەندو دامەزراون و کێشەیان نیەو ئێمە لەم نۆکانەدا دەتوانین چی گۆرانێك بکەین قسەکانی پێ دەچوو زۆر لەبرادەران پێشتر باسیان کردبێت بەلاَم لای کۆبونەوە باسیان نەکردو کاك سەعد باسی کردو زۆر قسەکانی کاری تێ کردین بۆئەم برادەرانە وا روخاون وایان بەسەرهاتووە ئەوەم وەبیر کەوتەوە ئامر کەرتێکمان هەبوو ناوی غەفور دەرەشیشی بوو رۆژێك پێشمەرگەیەك داوا دەکات بڕواتەوەو تەسلیم بەرژێم ببێتەوە ئەویش دەڵێت باشە چەکەکەت تەسلیم بەئامر مەفرەزەکەت بکەو خواحافیزت بێت و برۆ ئامر مەفرەزەوپێشمەرگە دەچنە لای کاك غەفور ئامر مەفرەزەکە دەڵێت کاك غەفور کەرتەکەمان چەند کەسەو وەکو ئەو برادەرەی تێدانیەو کورێکی باشەو بانەیەڵین بڕواتەوەو کێشەی چیە بۆی جێ بەجێ بکەین ئەڵێت بەرەئی من بڕواتەوە زۆرمان قازانجە کەئەو دوستمان بێت لەوەی یەك سەعات کەلێرە بێت ئەوانیش پێیان ناخۆش دەبێت دەڵێت براینە ئەو شاخەی هەورامان و سورێن دەبینن دەڵێن بەڵێ ئەو شاخە بروخێ دەگیرێتەوە بەلاَم کەمرۆڤ روخا ناگیرێتەوەو هەر دەروخێ تالامان بێت کەسێکی کەشمان لێ دەروخێنێ بەلاَم ئەوان هەروازی لێ ناهێن دەڵێت برۆن چی دەوێت ئامر مەفرەزەکە دەڵێت لەجێ ی من بیکەن بەئامر مەفرەزە من پێشمەرگە دەبم لەگەڵی کاك غەفوریش دەڵێت باشەو لەوەکالەتی منیشەوە لەبەر ئەوەی دایك و برای بچوکی هەیە کەهیچمان نیە مانگی (20) دیناریشی بۆ خۆی بدەنێ ئەوکات پێشمەرگەی سەڵت مانگی (5) دینارو خێزاندار مانگی (10) دیناربوو دەرون هەرچی هەوڵی لەگەڵ دەدەن بەوەش رازی نابێت کاك غەفور دەڵێت برۆن بیکەن بەئامر کەرت بزانن دەیکات لەجێگای من منیش قسەکەی کاك غەفورم وەبیرهاتەوەو لەوکاتەدا کاك سەعد لەجێگای کاك رەسولیش بێت هەر روخابوو هەوڵێکی زۆروقسەی زۆر فائیدەی نەبوو خاڵە سەید کاکەیش ووتی وەزعی من لەهەمووتان خراپ ترەو من حەقی دەرەوەم هەیە بەلاَم من دوو مەرجم هەیە باتەکسیەکم بۆبکرن بۆئەوەی ماڵ و مناڵەکانم پێ ی بژین چونکە زۆرین و بەویارمەتیە ناژین یامنیش دەرۆمە دەرەوەو دەبێت بمنێرنە دەرەوە پاشان کاك شیروان ووتی منیش

نەخۆشـم و دەچـمە دەرەوە هـەموی بەجـەوێکی دەموچـاو ترشـاوی و نـاخۆش و هەرئـەوە مابوو بـەیانێك دەربکـەن و ئاشبـەتاڵی لـیّ بکـەین منـیش هـەر چاوەریّ ی قسەکان و گـویّ دەگـرم بـزانم بۆکـویّ دەروات لەبیرمـدا کەقـسەکەی کـاك رەسـول مـن دەکەنـە جێگـری سـکرتێرو ئـەوە وەزعەکەیانــە نـانی نیوەرۆخوراوئــەو رۆژە نانەکــەش لەگـەڵ وەزعەکــە نـەدەگونجا واتـە نانەکـەش خـراپ بـوو نیـسکێنەو پەتاتـە بـوو ئـەوەش ئەوەنـدەی کـە کۆبونەوەکەی خراپ دەکرد واتە نانەکەو کۆبونەوەکە لەیەك مستەوابوو مام خدر لیّ ی دەنا هەمیشە سوێری لیّ دەنا کاك قادرجەباری و کاك رەسول هەمیشە دژی یەك بون بەلاّم لەسـەر مام خـدری چێشت لێنـەر رێك بـون هـەردووکیان دەیانزانی کەچێشتی ئـەو رۆژە سـوێرە ئــەمری ئیعـدامی مـام خدردەردەچـوو هــەردوکیان یـەك رەئیـان هــەبوو نـانی ئەونیوەرۆیـەی مەقـەریش یارمـەتی کۆبونەوەکـەی دا دژوارتـری بکـات کۆبونـەوە درێـژەی هەبوو مامۆستا مەلاناصیح وتی ئیجازە هەیە قسە بکـەم تائەوکاتـە هـەرگویّ ی بۆگرتبـون وسەیرێکی زۆر قولّ وپرلەرق و قاری دەکردن هەر هەناسـەی خـۆی دەخـواردەوەو جارجـار سـەیرێکی مـنی دەکـرد تائەوکاتەنـەش هـەر ئومێـدێکی بـەمن هـەبوو بـەلاّم دەترسـا منـیش سەربۆقسەکانی ئەوان بلەقێنم خاڵەحاجی لەلەندەن بوو لەوکۆبونەوەیە بەشدارنەبوو.

## سەرکردەیەکی دێرین و بریارێکی شۆرشگێرانە

مامۆسـتا مەلاناصـیح ووتـی ئـەوەی راسـتی بێـت هەرچـی قسـەتان کـرد هـیچ لەئاسـتی مەسئولیەت و مەسئول نەبون قسەکانتان لەجیاتی سەربازی فیرار لەترسـی شـەری عێـراق ئێـران هـەڵهاتبێت و قسەکانتان هـەموی هـی کەسـانی روخـاوەو لەئاسـتی قیـادەی حزبێك وەکو حزبی سۆسیالیست نیە کە(13) هەرئەنـدامی قیـادەی شـەهیدبووە لەئاسـتی حزبێك نیـە کـە نزیکـەی (4-5) هـەزار شـەهیدی هەیـە و حزبێـك کەشۆرشـی نـویّ ی دروسـت کردوەتــەوە و لەئاسـتی حزبێـك نیــە کەئێـستا خــاوەنی هــەزاران ئەنـدام و دۆسـت و لایــەنگرە...حزبێـك کەئێـستا خـاوەنی هــەزاران کەسـی ئاوارەیــە لــەئۆردوگاکان دوای گەڵوقەمـچاخی ئێـوە کـەوتون و ناخۆشـترین وەزع بەسـەر دەبـەن حزبێك خـاوەنی هـەزاران پێــشمەرگەیەو ئێــستا ئێــوە وابــیر دەکەنــەوە لەئاشــبەتاڵ ئــەوان لەناوشــارەکان و لەئۆردوگاکان شەردەکەن و شەهید دەبن و دەکەونە کـەمین و لـەژووری ئیعدام چاوەریّ ی

مردن دەکەن و کەسانی کە هەیە ئێستا حزب دروست دەکات و ئێستا شۆرش دەکات بۆیە ئەو قسانەتان خیانەتە لەخوێنی هەڤاڵە شەهیدەکانتان ووتی کاک رەسول پێشمەرگە لەشەری ناوخۆ لەسەرتۆ هەموی خۆی بەکوشت دا وەلەهەکاری کۆمەڵێکیان بەکوشت دا هەروەها لەشەری یەکێتی لەساڵی1979 تا1985 کۆمەڵێکی زۆرتان بەکوشت دا ئەوەی لەشەری رژێم شەهید بووە لەپێناوی حزب و کوردا ئەوەی لەشەری ناوخۆدا شەهید بووە لەپێناوی قیادەی حزب و بەتایبەتی شەخسی کاک رەسولدا شەهید بوون ئێستاش دەتانەوێت ئاشبەتاڵی لێ بکەن هەروەها ووتی ئێستا حەقی ئەوەتان هەیە بەیانتان لەسەر دەربکەین بۆیە من کەهەمووتان بریارتان داوە بڕۆمە دەرەوە ئەوەمن بریاری خۆم دەکێشمەوەو بریارم داوە هەرلەکوردستان بم تادەمرم بائەو زستانە من لەو مەقەرانەبم لەناو بەفردا یاگولەیەکم بەربکەوێت و لەناو پێشمەرگەدا هەرهەمووتان فەرمون بڕۆن و کوردستان چۆڵ بکەن بەراستی قسەکانی مامۆستامەلاناصیح وە گوێشم بۆ بۆچونەکانی هەمیشە دەگرت و پرسیارم لێ دەکرد بەلاّم لەوکاتەو لەوکۆبونەوەیەدا ئەو شەهامەت و لەخۆ بوردوی و بۆچونی باش و ئامادەی مردن لەپێناوی حزب و خوێنی شەهیدەکاندا زیاتر مامۆستا خۆشەویست بوو لامان و زیاتر دڵسۆزی لامان ئاشکرا بوو برادەران هەموویان وەکو جامێکی ئاوی سارد بەسەریاندا بکەیت وایان لێ هات و ئیتر هیچ قسەیەکیان بۆنەکراوتاسان ئیترهەڵسان وتیان بائیسراحەت بکەین و بەیانی دەستی پێ دەکەینەوە، لە1990/9/8 کۆبونەوە بەردەوام بو بۆشەوەکەی وادیاربوو ئەو برادەرانە ئەوەندە شەرمەزاری مامۆستاو کۆبونەوەکە بون حەزیان نەدەکرد باسی هیچ بکەین و خەریکی هەندێك مشاوەرەی خۆیان بون سەعات (10)ی بەیانی رۆژی دوایی کۆبونەوە دەستی پێ کرایەوە منیش بەسەرەی خۆم قسەم کردو نەك وەکو مامۆستا توند من کەمێك نەرم تربووم لەقسەکانم یەکێ لەپێشنیارەکانیان ئەوەبوو من جێگری سکرتێر و مەقەری مەکتەبی سیاسی بەرینە سنوری سلێمانی لای کانی خەیاران ئەوانیش برۆن من بەتوندی ئەوەم رەد کردەوە وادیاربوو لەسەرنەمانی مەرکەزی حزب مەقەری مەکتەبی سیاسی لەنۆکان هەمویان رێك بون بەکاك شێخ محمد شاکەلیشەوە کەمەقەر لەنۆکان نەمێنێ و کاك شێخ محمد سەردەشتی پێ باش بوو من باسی ئەوەم کرد کەئێستا هیچ روی نەداوە هیچ

نەبووە کیٚ پیٚ ی باشەو پیٚ ی ناکریٚت لەکوردستان بابرواتە دەرەوەو هەرکات وەزعەکە گۆرا یاشتیٚك هاتە پیٚشەوە ئەوکات بابیٚتەوە بەلاٚم ئەوانەی خۆیان سورهەلٚدابوو بۆدەرەوە قبولٚیان نەبوو بلٚیٚن ئەوە حزبیان جیٚ هیٚشتووە و رۆیشتون بۆدەرەوە دەیانەویٚت بەئەمرونامەی رەسمی ئەوان و ناوەوە دوو قیادەی حزب بن و هەردوولا وەکو یەك دەسەلاٚتی هەبیٚت و ئەوەی دەرەوە کەمیٚك زیاتریش چونکە سکرتیٚر لەدەرەوەیەو ئەوەی لەگوندە چۆلٚەکان جەولە دەکات لەناو لوغم و کەمین و تەلی درکاوی زۆری کەش ئەوانیش لەمالٚی خۆیان لەدەرەوە هەردوولا هەریەك حەقی لەسەر حزب و بریارو ئیشەکانی هەبیٚت واکرا کاك سەعد دوای بخات وەخالٚە سەید کاکە یارمەتیەکەی زیاد بکریٚت وکاك قادر هەولٚی چونە دەرەوەی بۆبدریٚت و کاك رەسول بروات‌ەوە سەری مالٚ بدات و خالٚەحاجی بگەریٚتەوە کوردستان دوای ماوەیەك مامۆستا ئەمین بنیٚرنە تهران بۆمعالەجە ئەگەر نەکرا هەولٚی دەرەوەی بۆبدریٚت کاك شیٚخ محمد مەسئولی لقی کەرکوك بوو ئەوکاتە مەقەریان لەبیٚژوٚی لای سەردەشت بوو خۆشی ئەو رۆژە کرا بەجیٚگری سکرتیٚری حزب لەسەر پیٚشنیاری من و برادەران رازی بوون کاك شیروان مەسئولی لقی هەولیٚربوو ووتی نایکەم چونکە من لەخانەقینەوە بۆلقی هەولیٚر شتی واناکەم ودەبیٚت لقی دیالەش بۆخانەقین بکەنەوە و لقی هەولیٚر لەژیٚر چاودیٚری مەکتەبی سیاسیدا بیٚت لەوکاتە مامۆستا سەعدو مامۆستا ئەمین و خالٚە سەید کاکە کەخەلٚکی هەولیٚر بون کەسیان لقی هەولیٚریان وەرنەدەگرت و پیٚشیان خۆش نەبوو خالٚە سەید کاکە ببیٚتە مەسئولی لقی هەولیٚر من و مامۆستاسەعدوخالٚەسەیدکاکە و کاك شیٚخ محمد لەناوخۆمان ئیشەکانمان دابەش بکەین کاك عبدالخالق هەورامی مەسئولی علاقاتی مەرکەزی لە ئیٚران وکاك خلیل سعید لەتهران و کاك سەیدقادر لەمەریوان و خالٚەجوتیار لەسەردەشت وکاك ابراهیم میران لەنەغەدەو هەریەکە ئیشی بۆدیاری کرابوو منیش بەزۆری لەمەکتەبی سیاسی دەوام بکەم، لە1990/9/9 بریار درا حزب دووقیادەی هەیە قیادەی ناوەوەو

قیادەی دەرەوە پاشان ئیٚمەش قیادەیەکمان بۆریٚکخستنی ناوشارەکان دروست کردو تووشی گیران بون و هەندیٚکیان ئیعدام کران وەبریار درا رۆژنامەی ریٚگای ئازادی

رۆژنامەی مەرکەزی حزب بەردەوام دەربچێت وەبریار درا گۆڤاری سۆسیالیست گۆڤاری نەزەری حزب دەربچێت وبلاّووکراوەکانی ناوخۆ هەموشی بگاتە دەرەوەو برادەران لەدەرەوە هەوڵی خۆیان لەهەمو رویەکەوە بدەن و ئەگەر کراش مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ عێراق بەشێوەیەك ئەگەر عێراق شتێکی پێ یە بۆکورد بکرێت لەقاڵبێکی تەسکداو لەرێگای دەرەوە بکرێت باشترە لەئەوروپاوە لەرێگای برادەرێکی کاك عدنان مفتی لەفەلەستینیەکان کاتی خۆی تەقەیان لەعرفات کرد ئەو بەرکەوت و بریندار بوو لەرێگای ئەوو یاسرعرفاتەوە قسە بکەن وەمنیش باسی ئەوەم کرد کەعێراق چەند جارێك ناردویەتی بۆلای من بەلاّم بۆچونێکی کەیان بۆئەوەی فرسەت لەمن بهێنن لەرێگایەکەوە کەرێگای جاشی کوردە ئەوی کەشیان راستەوخۆ لای قیادەی عێراق ئەوەیان رون نیە بۆتیّ گەیشتن لیّمان یاخود جۆرێکە لەگفتوگۆیە وەکو کابرای جەباری ووتی بەروی سپیەوە دەستمان لەیەخەی یەك بووەوو کۆبونەوە کۆتایی هات (3) رۆژ درێژەی کێشاو بەلاغ دەرکرا ووتم کاك سەعد دەی نوسی وتم هەموو ئەوەی باس کراوە بینوسە تێیدا ئەوکۆبونەوە نائومێدی برادەرانی پیشان دا و توانای برادەرانی پیشان دا بەلاّم من شەخسی سوودم لێوەرگرت لەکاتی سەرکەوتن و کاتی تێك شکان چۆن برادەرانی خۆمان بناسین و قسەی غەفور دەرەشیشی برادەرانی ئەوروپا بەریّ کەوتن و ئێمەش دوای ئەوە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیمان کرد،لە1990/9/9 رونالّ ریگن وگۆرباشۆف لەلەهێلسنکی کۆبونەوەی دووقۆڵیان هەبوو لەسەر کێشەی خۆیان و روداوەکانی دنیاو رۆژهەلاّتی ناوەراست بەتایبەتی عێراق و وەزعی کوێت وکەنداو، طارق عزیز پێشتر لەئێران بوو بۆچاك کردنی پەیوەندی عێراق و ئێران کەئاسان نەبوو یا ئەوەی لای عێراق خەیالّ بوو لای ئێران بەتالّ بوو بۆیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو عێراق ناچاربوو هەرئێران بیّ دەنگ بێت ئەوان پێیان باشە، لە1990/9/10تاریق عزیز لەدوای سەعات (1)ی شەو گەرایەوە بۆبەغدادو سەرکەوتنی وای بەدەست نەهێنابوو لەوکاتەدا من لەکانی دینار بووم ومیوانمان هەبوو زۆر مەشغولّ بووم، لە1990/9/11 لەکانی دیناربوین وچاودێری وەزعەکەمان دەکرد بەرای ئێمە هەلومەرجێکی باش بۆکورد هاتۆتە پێشەوە بەلاّم تائەو کاتەش هەرلایەنەکان و هەتا شەخسی سکرتێری حزب باوەری بەشەرو

گۆرانێکی وا نەدەکرد من بەزۆری خۆم ماندوکردبوو هاتووچۆ کردنی ڕێگاو لابردنی ئەڵغام و ناردنی نامەو مەفرەزەو ناردنی کامێرا بۆبەرەکانی شەر زۆرجار وایان بیردەکردەوە ئەو کارەی ئێمە بەشێکە لەشێتی بەڵام من بەپێ ی ئیمکاناتی دیاری کراوی خۆم مێژووم خوێندۆتەوە هەمیشە قیادەی کوردی ئاشبەتاڵیان لێ کردوەو وازیان لەشۆرش هێناوەو بەشێوەی جۆربەجۆرو لەوانە هەندێك هەڵهاتون و هەندێك خۆیان تەسلیم کردوەو دوژمن نەی بەخشیون و ملی کردون بەپەتاو یاگولەبارانی کردون خەڵکی کەشی پێ ترساندون و شۆرشەکەشیان بۆماوەیەك سەرکوت کردوەو زەرەریان لە خۆیان و لەشۆرشیش داوە من هەمیشە ئەو دڵە راوکێ یە لەدڵمدا بوو بۆیە هەرگیز باوەرم و تواناکانم هەموو لەسەرکردایەتی حزبی خۆمان و لایەنەکان و بەرەی کوردستانی نەدەبینی بەڵکو باوەرم تەنهاوتەنها بەخۆم هەبوو کەخواش یارمەتیم دەدات لەسەرحەق هیچ مەبەستێکم جگە لەخەبات ومردن هەڵبژاردن لەپێناوی ژیانی خەڵکانی کەدا شتێکی کە لەبەرنامەی مندا نەبوو بۆچونی تایبەتی خۆم هەبوو بەڵام گوێ رایەڵی سەرکردایەتی بوم بریارم دابوو تائەوکاتەی سەرکردایەتی گاڵتەی لێ دەهات یالایەنەکان چونکە هەموی سەرەتاکەی دەرکەوتبون و من بەشێك لەکادرەکانی لقی سلێمانیم واپەروەردە کردبوو ئەگەر سەرکردایەتیش نەبێت لەسلێمانیەوە سەرکردایەتی حزب دروست دەکرێتەوەو حزب دەست لەکاری خۆی ناکێشێتەوەو هەروا بەشداردەبێت لەروی راگەیاندن و کاری سیاسی و سەربازی و چەك و پێویستیەکانی شۆرشم هەموو ئامادەو هەمیشە یەدەکمان هەبوو ئامادەم کردبوون بۆئەو رۆژەی کەسەرکردایەتی حزب خواحافیزی دەکەن کەلە دوای 1988/8/8 و ئەنفال و کیمیاوی چەند جارێك کردیان و هەموو لایەنەکانیش هەروا خەریك بون، بەڵام من زۆرباوەرم بەشەخسی خۆم و کۆمەڵێك پێشمەرگەو کادری باش هەبوون گۆرانکاریەکانی دنیاش هەروا بەپەلە دەرۆیشت ئەوەش هاندان بوو بۆئێمە زیاتر سووربین لەسەر خەبات و تێکۆشان، لە1990/9/11 دوای (45)ساڵ لەدروست بونی دیواری بەرلین ودابەش کردنی ئەڵمانیابۆدوو ئەڵمانیا دیسانەوە هەردوو ئەڵمانیا بونەوە بەیەك و هەردوولایان ئیمزایان کرد دوای ئەوەی خۆیان رانەگرت لەبەردەم شالأوئیرادەی جەماوەرداو هەمووپێکەوە تێك دراو ئەو هەموو دیکتاتۆری و دیواروتەلبەن و چاڵی

جۆراوجـۆرو سـەگی پۆلیـسی وحـەرەس و کـامێرا هـەموی تێـك شـکاو ئـیرادەی گـەلی ئەڵمانیای بەزۆر دابەش بوویان تێکداو بونەوە بەیەك ئەڵمانیاویەك زمان ویـەك بیروبۆچون و یـەك وڵات ئـەوەش هانـدەرێك بـوو بۆئێمـەی کـورد لەشـاخەکانی کوردسـتان و لەوگونـدە چۆڵانەوتکنلۆجیای عێراق نەدەگەیشیتە ئەو وڵاتـە دەسـەلات دارانـی رۆژهـەلات و رۆژئـاوا باوەرمـان زیـاتر بـەهێز دەبـوون، لـە1990/9/12 وەزیـری دەرەوەی هـەردوو ئـەڵمان و چواروڵاتی دەسەڵاتداری جیهان یاهاوپەیمانی شـەری جیهـانی دووەم ئـەمریکاو بریتانیـاو سۆڤیەت و فەرەنسا سەردانی هەردوو ئەڵمانیایان کردو ئـەوانیش وەزعەکـەیان لەنزیکـەوە بینی و رازی بون لەسەر داوای گەلانی ئەڵمان و هەردوو وڵاتی ئەڵمان کـرد، هـەر ئـەو رۆژە مـن لـەکانی دینـاربووم و میوانمـان هـەبوو، لـە1990/9/13 کۆمـاری ئیـسلامی لەمـەریوان بانگیـان کـردین لەسـەر روداوەکـانی کوردسـتان وعێـراق قـسەیان کـردو وتیـان دڵنیاتـان دەکەین ئێمە ئێستا لەجاران زیاتر یارمەتیتان ئەدەین و هاوکاریتان ئەکەین دوێنـێ ئاغـای خامەنـەئی قـسەی کـردوە ئێـوە درێـژە بـەکارەکانتان زیاترپـەرە پـێ بـدەن ئێمـەش زیـاتر هاوکاریتان دەکەین، وتمان دوێنـێ ئاغـای خامەنـەئی قسەی کـردووە کەئـەو شـەرە شـەری کافرو ئیسلامە مەعنای وایە دەبێت ئیسلام لەسـەنگەری ئیـسلامەوە دژی کـافر شـەربکات قسەکانی ئێوە وادەگەیەنێ، وتیـان راسـتە قـسەی کـردووە بۆئـەوەی رای جیهـانی بزانـێ و لەولاشەوە عێـراق بگاتـە ئـەو قەناعەتـەی کەشـەر گـەرم بـوو ئیـسلامی لەپـشتەو زیـاتر هـان بدرێت بۆشەرەکە بەلام دڵنیاین ئێمە یارمەتی ئێوە دەدەیـن وعێـراق دەروخـێ ئـەوە قـسەی ئێرانیەکان بوو لەگەڵ ئێمەدا کردیان و ووتیان هەرچـەندە بۆسۆسیالیـست ئێمـە درێغیمـان نەکردووە بەلام لەگەڵ ئەوەش چی کەتان پێویـست بێـت ئێمـە بۆتـانی دەکـەین و هاوکـاری تـەواوتان دەکـەین بەتایبـەتی لـەم کاتـەدا عێـراق سـەرگەرمی کوێـت و هاوپەیمانەکانـەو چالاکی ئاسان تربووە بۆئێوەو ئامادەیی تەواوی خۆیان پیشان داین، لە1990/9/14 کاك شـێخ محمـد شـاکەلی و کـاك سـەعدعبدالله و خاڵەسـەیدکاکە و هـەرێمی(3) لەمەکتـەبی سیاسـیەوە هـاتن بۆمـەریوان وکـانی دینـار پـێ دەچـووکاك شـیروان باسـی سـەفەری کـاك قادرجەباری وکاك حـاجی حـاجی ابراهیم  و کـاك ئەحمـەدیان کردبێـت ئـەوان هـاتن بـەلام قسەیان نەکرد لەوبارەیەوە شتێکی وایـان بـاس نـەکرد منـیش هـەروا باسـمان نـەکرد بـەلام

دیاربوو سەروچاویان داگیرابوو وتیان قادرجەباری بۆئەوەی کرد بەڵام قسەیان نەکردو شتێکیان باس نەکرد، لە1990/9/15 هەموومان پێکەوە چوینە کانی خەیاران و لەوێش کۆبونەوەمان هەبوو قسە لەسەر روداوەکان کرا بەڵام لەناوسەرکردایەتی کەسیان باوەریان بەوەنەبوو تازە کورد شتێك دەکات پێش هێرشی عێراق بۆکوێت و شەرەکانی ئێمە لەسورێن و شلێر حکومەتی ئێران ئاگاداری ئۆردوگاکانی کردبوو بۆکویٚ دەرۆن ئازادن بۆعێراق بەرێتان دەکەین بۆدەرەوە ناوی خۆتان لەرێگای (UN) وە بنوسن بۆدەرەوەی وڵات هەرچی دەکەن بۆئەوەی لەئێران نەمێنین ئێمە لەوکاتەدا ئەو هەوڵەمان دا سەری نەگرت لەگەڵ عێراق رێك بکەوین لەهەمان کاتدا موغامەرەش بوو بەڵام سەرکردایەتی حزب نە ئەوهەوڵەی پیٚ باش بوو نە شەری پیٚ باش بوو نەهەنگاوی کەی دەنا واتە بەرنامەیەکیان نەبوو لەنۆکان چاوەریٚ ی کەرەمی خواو بریاری پارتی و یەکێتی ئەوان شتێك بکەن ئەمانیش لەدوایانەوە بیکەن یاکەسێك شتێکیان پیٚ بڵێت وئەوان بیکەن، ئێمە لەسنوری لقی سلێمانی ئەتوانین بڵێین بەشی زۆری حزب بوین لەسەر هەردوولا یاهەردوومیحوەریاهەردوولا دەرۆیشتین هەم هێزی پێشمەرگە بۆخۆسازدان و شەرگەرم کردنی پێشمەرگەپارتیزانی وشەری جەبهەیی وهەم بۆگفتوگۆ لەکاتی گونجاودا لەگەڵ عێراق وەلەگەڵ روداوەکان معامەلەمان دەکردو هەنگاومان دەناو واقعیانەش بوو رۆژبەرۆژ بەرەو پێش و گەشە کردن و بەرچاورونەوە هەنگاومان دەنا لەسەر روداوەکان، لە1990/9/16 هەمان وەفدو ئێمەش چوینەوە دزڵی وشەو کۆبونەوە بەهەموو کادرەکانی سنوری لق کران سەربازی و رێکخستن لەسنوری لقی سلێمانی تەنها دووکادرمان باوەریان بەشەرنەبوو نەدەچوونە خوارەوە بۆمەفرەزەو باوەریان سفر بوو دەیانوت هەتا پێشمەرگە لەسلێمانی و یالەشارەکان یالە باریکەو نصرەوە جیهاز نەکەن باوەرمان بەراپەرین وهیچ نیەو ناچینە خوارەوە جارجار لەناو پێشمەرگەدا ئەوقسانەیان دەکرد ئەوەش کاك نوری حمەعەلی وکاك ابراهیم قاجری بون، برادەران سەری کاك حسێن خلیفەشیان دا برینداربوو راوە ماسی کردبوو قومبەلە بەدەستیا تەقیبوو دەستێکی پەریبوو، لە1990/9/17 برادەران گەرانەوە بۆسەرکردایەتی، لەرۆژانی 18و1990/9/19 هەرلەکانی خەیاران بوین خەریکی تەبع کردنی گۆڤاری سورێن بوین، لە1990/9/20

لەگەڵ کاک شاخەوان چوین بۆتەعزیەی خزمێکی کاک حسن حاجی سەعیدبانی بنۆکی لە وڵەژێربون پاشان لەگەڵ کاک مەلاهەژارو کاک شاخەوان چوین بۆسنە بۆکرینی شتومەکی راگەیاندن و شەو چوینە ماڵەوە، لە1990/9/21 لەگەڵ کاک شاخەوان سەری کاک شێخ محمد شاکەلیمان دا لە ماڵەوە لەسنە، لە1990/9/22 تێپەربونی (10)ساڵ بوو بەسەر شەری عێراق ئێران، لەئێران یادیان کردەوە کەلەو رۆژە لەسەعات (2/15) ی پاش نیوەرۆ تەیارەی عێراق لەمطاری تهرانی دابوو، پاشان من و کاک شاخەوان گەراینەوە مەریوان، لە1990/9/26 لەدزڵیەوە بەرێ کەوتین بۆپلەکەی لای کەرەجاڵ و کانی خەیاران و شەو لەوێ ماینەوە چاودێری وەزعەکەمان دەکرد، لە1990/9/27 چوینە میری سورومەقەرەکانی سورێن و لەنزیکەوە پەیوەندی بێ سیممان لەگەڵ رێکخستنی ناوەوە کردو خەڵکی بەبۆنەی ئاڵۆزی کەنداوەوە هەندێك بوژابونەوەو مەجالی زیاتربوو بۆکاری رێکخستن و کاری سەربازی وناردنی مەفرەزەکان بۆناوەوەو هاتنی خەڵکی سەر بەرێکخستنەکان بۆلای مەقەرات و دانانی جیهاز لەئۆردوگاکان و لای رێکخستن و پەیوەندی کردنی خۆمانەوەو ناردنی پەیام و نامەو لەسەر ورەی هێزی عێراق و خۆئامادە کردن بۆهەر گۆرانێکی سیاسی لەناوچەکەو عێراق و کوردستان کەچاوەرێ ی شەری کەنداومان دەکرد کەببێتە هۆی گۆرانی تەوازونی هێز لەناوچەکەدا، لە1990/9/28 مەکتەبی سیاسی داوای لەمن کرد کەلەوێ ئامادەبم منیش بەرێ کەوتم بۆ ئەوێ ونیوەرۆ گەیشتمە سەردەشت وامان پێ باش بوو هەرلەسەردەشت کۆبونەوەکە بکەین بۆئەوەی من زوو بگەرێمەوە بۆسنوری لقی سلێمانی لەمەقەری علاقاتی سەردەشت من و خاڵە سەیدکاکەو کاک شێخ محمد لەوێ بوین و هەندێك بریارمان داو لەسەر بەرنامەی داهاتوو خۆمان بەتەنهاو لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی پێکەوە دووبەرنامەمان هەبێت لەسەرلایەنەکان و هەندێك بریاری کۆبونەوەی پێشوی مەکتەبی سیاسیش باس کراو من هەرهەمان رۆژ گەرامەوە سەعات (10)ی شەوبوو گەیشتمە سنە، لە1990/9/29 بەرێ کەوتم بۆمەریوان و بەردەوام بوین وەزعی کەنداو ئاڵۆزتردەبوو، لە1990/9/30 لەکانی دینار بووم چوومە مەریوان و گەرامەوە زۆرنارەحەت بوم لەدەستی مەشاکلی زەمانەو روداوەکانی و سەرکردایەتی حزب، سەرکردایەتی حزب زۆر دەستەوسان وداماون

بــەدیاری روداوەکانــەوە دۆش دادەمێــنن و مــن نــازانم ئەمانــە چــۆن بــون بەئەنــدامی ســەرکردایەتی و کۆمیتــەی ناوەنــدی ومەکتــەبی سیاســی و مەســئولی حزبێکــی وەکــو سۆسیالیستیان کەوتۆتە سەرشان من هەمووقسەکانی کاك ئازاد بەراست دەزانم بەلاَم چی بکەم ئەم برادەرانەمان تەمەڵن لەسیاسەتداو سەردەرناکەن وەکو تەنها بەر پیێ ی خۆیان دەبینن دوربین نین رەئیان نیەوپێشی هیچ روداوێك ناکەون هەتا تەرحەکانیان سیاسیانە نیەو عەشائیریش نیە زۆرجار گویێم لیێ یە کەئەمانە کادرە بەتواناکانی شۆرشی ئەیلول بون ئەگەر ئەمانە کادرە بەتواناکان بون قوربەسەری ئەو میللەتەی ئەمانە رزگاری دەکەن باوەریان بەشۆرش و هیچ نەماوە بەهەرحاڵ ئەوە خۆیان داوە بەدەم گێژەڵۆکەی زەمانەوە بــزانین لــەکویێ دەگیرســێنەوە هــەرخوابکات غــەرق نــەبن هەرباشــە بەهــەرحاڵ هــەموو کێــشەکەیان بــۆمن بــەجیێ هێــشتەوە کــاك ئــازادی پاســۆك لەســاڵی 1984 لەســەر ســەرکردایەتی سۆسیالیست نوسیویەتی و دەڵێت حزبێکی گەورەوبەهێز و جەماوەرو کادری بەتوانایان هەیە بەلاَم مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆسیالیست نــەیتوانیوەو ناشــتوانیێ ســەرکەوتوودرێژە بەسیاســەتیان بــدەن ئــەوکات هــەموویان دژی ئەونامەی کاك ئازادی پاسۆك بون، کاك ئازاد نامەکەی بۆدەرەوەی ولاَت نوسیبوو بەهەڵە گۆرابوو ناردبوی بۆخاڵەحاجی لەگەڵ ئەو نامەیەی داوای چونە دەرەوەی کردبوو لیێ ی گۆرابوو لەزەرفەکاندا،

## لقی سلێمانی بیر لەدانانی بنکە دەکەنەوە لەناوچە وێران کراوەکان

لەـ1990/10/1 لەکانی دینارەوە بەریێ کەوتین بۆدزلی وکانی خەیاران و بۆمەقەری سورێن و بەتەمای دابەزین بوین بەرەو شاربازێرو ناوچەی بەرزنجە لەوکاتەدا پێویست بوو بونی پێشمەرگە لەناوچەکانی نزیك رژێم هەبێت و هەوڵ بدەین لەنزیکەوە پەیوەندی بەبرادەرانی رێکخستن و وەزعی ناوەوە هەبێت لەمەقەری سورێنەوە چوینە ئەشکەوتی هەورامی خۆمان ئامادە کردبوو وەدەبوو هەرپێشمەرگەیەك نانی (15)رۆژی خۆی وتاقم و تفەنگ و کیسەی خەوو(10) کیلۆ موادی خۆراکی لەئاردورۆن و شەکروبرنج لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت (25) کەس بوین لەسەعات (6)ی ئێوارە بەرەو ئەشکەوتی هەورامی بەریێ کەوتین بەکۆڵ و هەرکەسیێ هەندیێ فیشەکی زیادی پیێ بوو چوینە ئەشکەوتی

هەزارئەستون و بۆچنارەو کانی ئاسکان و بۆپشتی ماڵەکان ولەوێوە چوینە خوارەوە کانی و دارێك هەبوو لەوێ ئاومان خواردەوەو زۆربەوردی و لەسەرخۆ بەرێ کەوتین بەسەر چەم و ئاوەڵ یاکوندرە کوندرەو لەپر کەوتینە ناو هەندێك ئەسپ کوژراو ئاوساو بۆنیان کردبوو ئەسپی قاچاغچی بون بەسەر ئەڵغامدا کەوتبون و سەیرمان دەکرد هەرچوارلا ئەڵغام بوو بەرێگایەکی باریکدا تێپەرین دیاربوو شتی کوشتبوو لەو رێگایەداو لە(2–3) تەلی درکاوی تێپەرین برادەران هەمووئەیانزانی لوغم هەڵگرنەوەو تەلە درکاویەکەی بقرتێنن لەسەروی قاینەجەولەکانی پانکەی لای قاینەجە و لەگردی مامەسن و بۆنگرە پێچەو نێوان وڵەسمت و قاینەجە سەرچەمی دەلوچە خەندەقێك بوو زۆر گەراین تارێگای ئەو ولاغەی پێمان بوو پەیدا بکەین رێگا جگە لەئەڵغام و کەمین و رەبایەی زۆری رێگاو چەند تەلبەندی تێدابوو (3)ساڵی تەواوبوو کەس هاتوچۆی لەو ناوچانەو بەسەر زەویەکەیدا هاتوچۆ نەکرابوو نەکێڵابوو جەنگەڵ و تۆزوخۆڵ لەدارو جەنگەڵەکە بەرزبوو دەیدا بەسەروچاوماندا ئەوەندەی کەتۆزاوی دەکردین جەنگەڵ و زەویەکەشی نەرم بوو پێمان دادەنا لەزۆرجێگا(25) سم پێمان لەناو خۆڵەکەوە دەچووە خوارەوە بەوکوڵانەشەوە بەکۆڵمانەوە بون چوینەوە سەرجادەی وڵەسمت وپەرینەوە بەری گڵەزەردەو لەسەرجادە کۆنەکەوە بەگوێ ی چەمی چەقان بێ ئاوبوسەرکەوتین بۆبەردەم یانێوان گڵەزەردەو پەلی هێرۆ لەوێ ئاو لەچەمەکەدا هەبوو ئاومان خواردەوەو ئیسراحەتمان کرد بەوهەموو کوڵ وبارو ناخۆشیەوە لەنێوان قاینەجەو مخصوص تەپەوە شەوی 2–1990/10/3 لەسەعات (5) گەیشتین و لەوێ ئیسراحەت کراو پاشان بەرێ کەوتین لەسەعات (1)ی شەو گەیشتینە نێوان هەنارو هۆزخواجەو پاشان چوینە هەنارو، لە1990/10/3 لەنێوان داربەرولەو هەنارو بوین تادوای نیوەرۆ برادەران داوایان لەمن کرد هەرهەمان رۆژ کەگەیشتین من بگەرێمەوە وتیان تۆلێرە نەبیت ئێمە دەتوانین جێگای خۆمان پەیدا بکەین بەلاَم ئەگەر تۆ لێرەبیت ئێمەش بەبۆنەی تۆوە توش دەبین و تیا دەچین زۆر رجایان کرد کەمن بگەرێمەوەو ئەوان لەوێ بمێننەوە (15)کەس بگەرێتەوەو (10)کەس لەوێ بێت تارێگاو شوێنی لەبار دادەمەزرێن و ئەوکات منیش بگەرێمەوە مشکیلە نەبوو سەیرم کرد ئەوان منیان وەکو بارێکی قورس لەسەر شانی خۆیان دەزانی منیش ئەو رێگا دورەم

هەڵبژارد کەئاسان نەبوو شەوی پێشو (9) سەعات ڕێگا لەئەو جێگایەی بەرێ کەوتین و لەشەوی 3-1990/10/4 هەمان ڕێگا ببرین ئاسان نەبوو بۆمان بەلاًم هەرلەوە باشتربوو ئەوانیش بەبۆنەی منەوە توش بێن من گەرامەوە لەگەڵ (13)پێشمەرگەو (12) پێشمەرگە لەوێ مانەوە لەشارباژێر بەرنامەی ئیش کردن دیاری کرا لەوماوەیە پەیوەندی جیهازیش هەروا بەردەوام بێت هەبوو لەنێواندا کەرۆیشتین لەسەعات (11)ی شەو لەسەروی شانەدەریەوە دوو جێبی عەسکەری لەپێنجوێنەوە هاتەناومان دەمانتوانی بیانگرین بەلاًم لەبەر کەشف نەبونی ڕێگاکەو باروکۆڵی قورسمان پێبوو بریارمان دا زۆر لەسەرخۆو تەقەنەکەین و وازیان لێ بهێنین بۆئەوەی ئەو بەرنامەیەی هەمان بوولێمان تێك نەچێت و ڕێگاکان کەشف نەبێت لەوێ پیاوێکمان تووش بوو لای هۆزخواجە یاخەڵکی دۆڵەسوروئەوناوە لەئۆردوگاوە خۆی دزیبوەوە هاتبووە ئەو شاخە چۆڵە بۆراو تاپرێکی پێبوو زۆرم لاسەیربوو ئەو پیاوە چۆن لەژێر ئەو هەموو زەحت وناخۆشیەی ڕژێم کەسێك لەوولاًتەدا نەماوە ئەم بەتەنها هاتووە سەیری ئەوشاخ وداخە وێران کراوە سوتاوەو دڵی پێ ی دەکرایەوە زۆرپێ ی نارەحەت بووم هەرچی پرسیارمان لێ کردوای دەزانی ئێمە جاشین زۆر ترسا تاپرەکەی هاویشتە ناوداروبەردەکان ئەولای خۆیەوە هەرچی قسەمان کرد چرکەی نەکرد وابزانم ناوی مام صالح بوو پێ ی دەچوو ڕەفیقی کەشیان هەبێت و هەریەکە بۆ لایەك بۆراو چوبون ئێمەش وازمان لێ هێناوبەرێ کەوتین لەسەر ڕێگای خۆمان ئەو مام صالحە لەبەردەم هۆزخواجە تووشی بوین کانیەکی بچکۆڵەی لێبوو ئێمە چوینە پەلی هێرۆ بۆبەردەم توتا قاچ و بۆسەر ئاوەکەی لای گڵەزەردەو لەسەر چەمەکەی چەقان و بۆجادەی کۆنی سەیدصادق پێنجوێن ئەوناوە هەموی گەنم بوو نەبرابوون کەئەو گوندانە چۆڵ کرابون هەرمابون گەنمەکە بەجێ مابوو دوای (3)ساڵ بۆپشتی شانەدەری و بەری وڵەسمت و مخصوص تەپەو کانی ئاسکان و چنارەو بۆهەزار ئەستون و ئەشکەوتی هەورامی لەسەعات (5) لەهەنارو بەرێ کەوتین و بۆسەعات (2)ی شەو گەیشتینە کانی هەورامی واتە (9) سەعات بەرێگاوە شەوی پێشویش (9) سەعات ئەوە (18) سەعات و جگە لەوەش (4) سەعات ڕێگای کە مابون لەو دوو ڕۆژەدا زیاتر لە(25) سەعات بەپێ دەرۆیشتین بەکۆڵ وچەك و بەورێگا ناخۆشەوخەتەرەدا زۆرم پێ خۆشبوو

ئەو سەفەرەم لەگەڵ پێشمەرگە کرد بۆناوەوە بۆئەوەی هەست نەکەن کەئێمە هەر ئەمریان پێ دەکەین و لەوکاتەدا کەس باوەری بەخۆشی نەمابوو نەك کورد، هەرلە1990/10/3 لەدوای شەری یەکەم ودووەمی جیهانەوە بۆیەکەم جاربوو پەرلەمانی ئەڵمانیا کۆبێتەوە واتە (45) ساڵە ئەو پەرلەمانە بۆیەکەم جار کۆبوەوە، لە1990/10/4 لەمەقەری سورێن و کانی خەیاران بوین و شەو لەمەقەری کەرتی لق بوین، لە1990/10/5 لەکانی خەیاران و دزڵی وبارام ئاوا و کانی دینارببوین، لە1990/10/8 لەکانی دیناربوم هەرلەم رۆژەدا ئیسرائیلیەکان تەقەیان لەفەلەستینیەکان کرد لەبیت المقدس و (21) کەسیان کوشت و (200) کەس برینددار کرا کەئەوە تاوانێك بوو هەموو عەرەب و دنیا کردی بە هات وهاوار بەلام کورد ئەوهەمووخەڵکەی دەکوژن وئەنفال وکیمیاوی کەس لەسەری نایەتە جواب ئەوەی لەوێ دەکرا لەکوردستان زیاتر کەرژێمی بەعس دەیکرد دەرحەق بەکوردو خەڵکی هەژاروبێ دەسەلات کەسیش ورتەی لێوە نایەت، هەرلە1990/10/8 مجلسی خوبرگانی ئێرانی هەڵبژاردنیان کرد، لە1990/10/9 لەدزڵی وکانی خەیارانەوە گەرامەوە بۆکانی دینارو بۆشاری سنە، هەرئەمرۆ هەموو عەرەب لەفەلەستین مانیان گرت لەسەر تاوانی رۆژی 1990/10/8 هەموو دەوڵەتانی دنیا هاواری لێ هەڵسا لەسەر کوشتاری (21)کەس ئەم کارەی جولەکە لەبەرژەوەندی عێراق بوو چونکە عەرەب لەدژی عێراق بوون ئەمریکا بۆراگرتنی تەوازنەکە دژی ئەوکارەی ئیسرائیل بوو، لە1990/10/10 لەسنە بوم، لە1990/10/12 لەسنەوە چومە مەریوان لەقەڵاجێ لامان داو لای برادەران بۆکانی دینار، لە1990/10/13 مشیل عۆن کەبەزۆر خۆی کردبوو بەسەرۆك کۆماری لوبنان لەلایەن سەرۆك وەزیران و سەرۆکی کۆماری شەرعی الیاس هەراریەوەو بەپشتیوانی سوپای سوری و خۆیان کەلەقانونی لوبنان دەبێت سەرۆك کۆمارمەسیحی ومارونی بێت و سەرۆك پەرلەمان دەبێت موسڵمان وشیعی بێت و سەرۆك وەزیران موسڵمان و سنی بێت و کەلوبنان نمونەی دەوڵەتانی دنیایە کەفرە نەتەوەو فرە دین و فرە مەزهەب و یەك دەوڵەتیان هەیە بەزۆر کۆتاییان بەدەسەلاتی مشیل عۆن هێناوکە (15)هەزار سوپای میلیشیای هەبوو خۆشی کرد بەسەفارەتی فەرەنسادا لەلوبنان و داوای پەناهەندەیی کردو لوبنانیش داوای تەسلیم کردنەوەی کرد بۆدادگاکردنی، لە1990/10/16 لەگەڵ

کاك حمه ڕەشیدعەلی شەریف گوڵخەدا سەری سنەمان داو گەرامەوە دزڵی و بۆمڵەخوردو بۆکـانی خـەیاران و گەرامـەوە کـانی دینـار هـەمووی هـەر ئیـشی زەروری هـەبوو، لـە1990/10/21 بـەنیازی سـەردانی مەقـەرەکانی شـاربازێرو پەیوەنـدی بەشـارەزوورو ئەوانەی گەرمیانەوە چوینە کانی خەیاران و شەو لەویَ ماینەوە، لە1990/10/22 چوینە سورێن و بەهەمان شێوەی پێشوو ئەم جارەیان (2) هێسترمان لەگەڵ خۆمان برد بەڵام بـاری کۆڵی پێشمەرگە هـیچ گـۆرانێکی بەسـەردا نـەهاتبوو هەرکـە کـۆڵی خـۆی پێبـوو ئێوارەکـەی بـەریَ کـەوتین لەهـەمان رێگـای پێـشووەوە، لەشـەوی 22-1990/10/23 رۆیـشتین بۆبەیانیەکـەی لەهـەنارو بـوین لەسـەر ئاوەکـەی، شـەوی 23-1990/10/24 ولاخـەکانمان لەگـەڵ مـەفرەزەدا نـاردەوە بـەری سـورێن کـاك عبداللـە ریـشێنی و هەنـدێك پێـشمەرگە هێنایانـەوە کـاك عـەلی مـام رۆسـتم زۆر نـەخۆش بـوو گەراندمانـەوە دواوەو ئێمەش لەدوای نیوەرۆ کەترسی هەلیکۆپتەرمان نەما سەرکەوتین بۆدۆڵی گلاڵ لەهەناروەوە بۆداربەرولە لەخوارەوە کاك محسین هەورامی کەئێستاش پێشمەرگەی حزبە یەك فەردە برنجی بـەکۆڵ هـەڵگرت بۆسـەر شـاخەکە یـەك دوو پێشمەرگەی کـەش هـەر بـەکۆڵ نـەمان تـوانی ولاخ لای خۆمـان بهێڵینـەوە چونکە تـەیارە یاهەلیکۆپتـەر پـیَ ی دەزانـی خۆشمـان کەشف دەبوین بەکۆڵ کۆڵەکانی خۆمان و باری هەردوو هێسترەکەشمان پێکەوە بەدووسیَ جـار لـەو هـەورازە بـەرزەوە سەرخست کەزۆرناخۆشـبوو لـەلای داربەرولـە چـوینە لای ئـەو ئەشکەوتەی چاکیان کردبووبۆخۆشاردنەوە ئاردوئازوقە لەئەشکەوتێکدا دانرابوو خۆمان بەلای ئەو ئەشکەوتەوە لەزەویەکەدا تەخت بوو دەمەکەیمان بچوك کردبووەوەو بنـە دارێك هـەژەگ یـاگلاڵداری لەسـەر دادەنـراو ئـیتر هەسـت نـەدەکرا ئـەوە کـەس لـەو چاڵەیە یالـەو ئەشـکەوتەیە، لـە1990/10/24 کـاك هیـوا کـامیرای ڤیـدیۆی پێبـوو بۆرەسـم گـرتنی ئـەو رۆژگارانە کەهەمووی بەفلیمی ڤیدیۆ ماوە ئێستا، لەناو ئەشکەوتەکەدا ئاگرمان دەکردەوە دەبـوو دارێك بهێـنین دوکـەڵی کـەم بێـت هەرچـەندە وای لـیَ دەهـات لـەژوورەوە کـەسمان کەسی کەی نەدەدی خۆمان ئازوقەمان هەبوو نـان و ناوسـاجی و چێشت و هەمووشتمان دروست دەکرد (20) کەس لەژوورەوە جێگامان دەبوەوە بەڵام ئاو هێنان نیو سەعات رێگـا هەورازبوو دەچوین بەڵام ئەگەر باران بوایە لەچاڵە بەردێکدا ئاومان دەهێنا ئەگەر نا دەبوو

یەك سەعات بۆكانیەك لەپشتی ئەشكەوتان و میرمام لەشاخە سەختەكەدا ئاومان بهێنایە یاكانیەكی كە دورتر هەبوو دەچوین بەرەو هۆزخواجە، لەوماوەیەدا رەسمی چەندین جێگامان بەڤیدیۆ گرت لەوانە قەڵای سروچك (قەڵای سروچك محمد بەگی برازای سورخاب بەگی ئەردەڵان كردویەتی و حوكمی شاربازێرو قەرەداغ و شارەزووری لێوە كردوە، هاوكاری لەگەڵ سلێمان پاشای عوسمانی دا هەبووە، (سوڵتان سلێمان پاشای عوسمانی ) یارمەتی محمد بەگ بدات، یاقوتی حموی لەساڵی (626) هجری دا مردووە... دەڵێ ابن مهلین ویاقوت شارەزوورو شارو گوندی زۆرە گەورە ترین شار لەساڵی (341) دا شارەزووری دیوەو دەڵێت شارو دێهاتی زۆرە، ئەو شارەی لەهەموان گەورە ترە ناوی نێم یانێوەی رێگا، ئەو شارە نەویَ ی ئێستای بناری سورێنە گومانی تێدا نیە خولمار ، خوخمار و گوڵ عەنبەرو گوڵ قەندو خوملارو خورماڵی ئێستایە، خورماڵ شاری ساسانیەكان بووە ، هەروەها قەڵای سروچك جێگایەكی بەرزی ناوچەكەیەو لەكۆنەوە پیَ دەچێت جێگای ئیماراتێك بوبێت ئێستاش دیوارەكەی لەزۆرجێگا (11) مەتری ماوە بەقسڵ دروست كراوە بە بەردوخشت كراوە لەژێرەوە و لەسەرەوە كانی لێیە ئەو ئاوەیان بۆسەر خستووە، قولەكانی هەمووی ماوە بۆجێگای حەرەسیات زیاتر لە(70) ژووری تێدایەو چەندین هۆڵ و جێگای جۆربەجۆری تێدایە) لەپەنایدا رێگامان كەوت لەچاڵێكی كەزیاتر لە(70) دانە ناڵی ولأخی تێدابوو پیَ ی دەچێت كاتی خۆی بازاری ناڵ بەندێك بووە لەصنعەتە گرنگەكانی ئەو زەمانە كەهەموو شت لەسەرپشتی ولأخ جیَ بەجیَ كراوە ئەگەر كەسێك شارەزاو لێزان سەیری قەڵای سروچك بكات لەقەڵای دم دم و رەواندوز قەڵای هەولێر كەمتر نیە تەنها رێگایە كەدوژمن پەلاماری ئەو قەڵایە بدات ئەگەر زۆرتر كۆن نەبێت لەجێگا گرنگەكانی ئیماراتی بابان یائەردەڵانیەكان یاشارەزووری كۆن بووە، ئێمە ئەورۆژانە زۆر جێگامان رەسم گرت بەكامیرای ڤیدیۆ كەوتۆتە نێوان قەویلەو مۆریاس و ناحیەی بەرزنجە تائەو دوایانەش هەربەناوی ناحیەی سروچكەوە بوو بەرامبەری ئەو لەبەری بەردەرەشەوە قەڵایەكی كە هەیە ئەو بچوك ترە پیَ ی دەڵێن قەڵای شوجاع وادیارە بۆپاراستنی قەڵای سروچك بووە دوای سەیری ناوچەكەو قەڵاكە من زۆر بەئاواتەوە بوم پێشتر سەیری بكەم ئەو رۆژەم بۆرێكەوت لەدنیای كوردەواری چۆڵ بون

چومە ئەو قەلآیەو پاشان بەسەر قەویلەی چۆڵ کراودا شۆڕ بوینەوە خوارەوەو بەرێگای میرمامدا گەراینەوە سەر کانیەکەو پاشان دوای پاك کردنەوەی کانیەکە بۆئەشکەوتەکەو جێگامان بەکاك هیوا ووت، هیوا خانەقینی کەهەندێك رەسمان لەناو ئەشکەوتەکەدا بگرێت بۆیادگاری رۆژانی داهاتوو لەئەشکەوتەکەدا ناوساجییان دەکرد وابزانم کاك یاسین خەریك بوو لەوکاتەدا کاك شێخ توفیق یاری لەگەڵ کاك رەمەزان دێکۆنی دەکرد و نەی دەهێشت دەموچاوی دەرچێت لەکامیراکە منیش پێم ووت وامەکەن راوەستن تارەسمەکە دەگیرێت ئەوە کەسێك دەیبینێ ناخۆشە ئێوە یاری دەکەن کاك شێخ توفیق ووتی حاجی گیان ناتەوێت کورد رزگاری ببێت و ئەو شریتە بەرن لەسلێمانی لەڤیدیۆ لێی بدەن وخەڵکی بیبینێ بەخوا تاماوین ئەوە نابینین، منیش ووتم ئێمە نابێت نائومێدبین ئێستا یاری لەگەڵ مەرگی خۆمان دەکەین لەم سنورەدا و لەکوردستان جەولە دەکەین هەر گۆرانێکی سیاسی روی داو هەبوو بەتەئکید هەمووشت دەبێت ، ووتی ئەمە نابێت و ئێمە ئەوەتا لەناو ئەوژێرشاخەدا هەردەترسین دوژمن پێمان بزانێ تاقیبی ئێمە دەکات ئێمە چی بکەین لێرەدا بەهەرحاڵ رەسمەکەی گرت و ئێستاش رەسمەکەو قسەکان ماوە کەئەو کاتە پێشمەرگەیەو نائومێدیشە هەرخۆی بەکوشت دەدا، لە1990/10/25 چوینەوە بۆئەوەی هەموو شتەکانی قەلآکە رەسم بگرین باران رێگای نەداین لەپشتی میرمام لەسەر شاخەکە دانیشتین و سەیری ناوچەکەو جموجۆڵی ئەو ناوەمان دەکرد رۆژی پێشوو ئێمە کەسمان نەدیبوو لەشاخەکەوە سەیرمان دەکرد سەیارەی عەسکەری لەرێگای کانی سپیلکەی پەرخەوە سەرکەوت بۆقەویلە وادیاربوو بۆتاقیبی ئێمە هاتبون لەدۆڵی هۆزخواجەشەوە هەندێك سەیارە سەرکەوتبون لەهەردوولاوە (2–3) ئیڤاو (3)جێب قیادەی عەسکەری سەرکەوتن و لەقەویلە دابەزین و سەیری ناوچەکەیان دەکرد لەورێگایە چەندجارێك دابەزین وئێمەش بەکامیرای ڤیدیۆ رەسمی سەیارەکانی ئەوانمان گرتووە بێ ئەوەی بزانن ئێمەش لەپشتی شاخەکەدا چامان لێ نابوو دانیشتبوین سەعات (2)ی پاش نیوەرۆ بوو شەومان بەسەردا هات برادەران وتیان ئەوە ناوچەکەت بینی و رەسمتان گرت و ئیتر پێویست ناکات تۆ بگەریتەوە باشە ئەو رۆژەش هەرمامەوە، لە1990/10/26 هەرجارێك جەیش هاتە ناوچەکەو دەگەران و رۆیشتنەوە ئێمەش

مەفرەزەکەمان لەوێوە نارد بۆئۆردوگای باریکەو ئەوناوە وابزانم کاك حمەعەلی ئەوانمان بەرێ کرد، لەشەوی 27-1990/10/28 من لەگەڵ مەفرەزەیەك کۆن هەرلەشارباژێربوو گەراینەوە لەرێگای هۆزخواجە تووشی دوو جێبی عەسکەری بوین کەدەمانتوانی هەموویان بگرین بەلاّم نەمان کرد لەبەر ئەو مەفرەزانەی لەو نزیکانە بون و ئێمە دەرچوین بەلاّم ئەوان دەمانەوەو هێرش و پشکنین بۆئەوان دەمایەوە لەوێ ئێمەش چوینە هۆزخواجەو پەلی هێرۆو گڵەزەردەو شانەدەری وکانی ئاسکان و چنارەو هەزار ئەستون و ئەشکەوتی هەورامی لەسورێن، لە1990/10/28 گەیشتینەوە مەقەری سورێن وکاك سامان گەرمیانیش لامان بوو لەسوئیدەوە هاتبوەوە بۆئەوەی مناڵێکیان لەسلێمانی بەجێ مابووکاك هاکار ناردمان بۆیان هێنان و پێکەوە گەراینەوە بۆکانی خەیاران و برادەران لەمەقەر کەڵێکیان کوشتبوو لەوێ لای ئەوان پشویەکمان دا ، لە1990/10/29 حەیوانێکی کەیان کوشتبوو هێنایانەوە بۆمەقەری کانی خەیاران شەو لەوێماینەوە، لە1990/10/30 لەنزیك بارام ئاوا هەواڵی مردنی خاوەری خوشکمیان دامێ کەمردووە هەرئەوسەعاتانە دەیان ناشت لەدەرەناخێ زۆرم پێ ناخۆشبوو چونکە ئەو خوشکەم دەمی بەمەمکی دایکەوە بوو لەساڵی 1972 تاپرێك دەرچوو لەدەستی برایەکی خاوەرو دای لەسەر مەمکی چەپی دایکی لەسەر دڵی و ئەم دەمی بەمەمکی داکیەوە بوو تاپرەکە لێ ی دا هەرلەوێدا مردو ئەویش دەمی بەمەمکیەوە خوێن رژا بەسەردەموچاویداو (4)مانگ بوو تاگەورەش بوو قاچێکی تووشی نەخۆشی بوو خۆشی تووشی نەخۆشی بوو پێم ناخۆش بوو، (باوکم چوار ژنی هێناوەو لەسێ ژنی مناڵی بووە)، باری کەنداو ئاڵۆزتر دەبوو شەویش بارانێکی زۆرباری، لە1990/11/9 لەکانی دینار بوین کاك کۆسرەت و برادەران سەردانیان کردین لەماڵەوە لەسەر روداوەکان قسەمان کردو کاك کۆسرەت ووتی منیش هاتوم بۆرێکخستنی کاروباری مەڵبەندی یەك و خۆئامادە کردن، لە1990/11/16 دوای نیوەرۆ چوین بۆشاری سنە لەگەڵ برادەران، لە1990/11/17 سەعات (5)ی سەرلەبەیانی لەسنە دەرچوین سەعات (10) گەیشتینە سەردەشت و لەوێشەوە بۆقاسمەرەش و نۆکان کاك رەسول گەرابوەوە لەدەرەوە، کاك شێخ محمد پێ ی خۆش نەبوو کاك رەسول بگەرێتەوە دەیوت ئیشی چیە بگەرێتەوە بۆکوردستان کەسیان

لەوانـەی مەکتـەبی سیاسـی بـەڵام  ئـەوەی بەئاشـکرا دەری دەبـری کـاک شـێخ محمـد بـوو دەیـوت هیـچی بـۆحزب نـەکردووە لـەدەرەوە دێتـەوە چـی لـێ بکـەین هێـشتا نـەیتوانیوە گەڕانەوەی خۆی تەئمین بکات گەڕانەوەش هەرلای کادرەکان دەیوت ئەوەی لێرە پەیدامان کرد ناردمان بۆگەڕانەوەی کاک ڕەسول بۆسکرتێرو نەتوانێ هـیچ بۆحزب بکـات بـەڵام کـاک ڕەسول گەڕابوەوەو ئێمە گەیشتینە نۆکان، کاک ڕەسـول و کـاک سـەیدکاکەو کـاک شـێروان لـەوێ بـون، لـە1990/11/18 مـن دەعـوەتی برادەرانـی پاسـۆك بـوم کـاک شـوان لەسـەر ڕوداوەکان قسەمان کرد کەوەزعەکە بـەرەو ئـاڵۆزی دەڕوات و دەبێـت کـورد سـودی لـێ وەر بگرێت، لە1990/11/19 کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی هەبوو لەسەر ڕوداوەکانی کەنداو قسەبکەین و زۆر شتمان باس کرد بەگشتی ڕاکان لەیـەك نزیـك  نـەبوون کـەمێك مـن و کـاک سـەیدکاکە لەدووبۆچـونی جیـاوازدا بـوین کـاک ڕەسـول شەخـسی بـاوەری بەشـەڕوراپەڕین وکوێت وئەوانە نەبوووەونەمابوو ووتی هیچ هاوکاریەکیش ناکەین لەگەڵ کەس و لایەن بۆ دابەزین و لەوبابەتە ئەوەی سور بوو لەسـەر ڕوداوەکـان وئێمـەش هـەنگاوی بۆبنێین تـەنها مـن وکـاک سـەیدکاکەپێمان لەسـەری داگـرت، لـە1990/11/20 هەرکۆبونەوەکـە  درێـژەی هەبوو میوانیشمان هەبووهەندێك بریار درا بەڵام بریارەکان هیچ لەجێگای خۆی نـەبوو مـن ناچـار دەنگـم لەگـەڵ زۆرینـەی دەنگـەکان بـوو بـەڵام پـێم وتـن ئـەو ڕەئیانـە هەڵەیـەو دوای ڕوداوەکـان دەکـەوین، لـە1990/11/21 مـن گەڕامـەوە خانـەو نەغـەدەو ڕەزائیـە لـەوێش سـەری فیتـەرمان دا بۆچاك کردنـی سـەیارەکەمان شـەو لەڕەزائیە بـوین، لـە1990/11/22 جـۆرج بـۆش ی سـەرۆکی ئـەمریکاش بـۆوەرگرتنی ڕەئـی بۆلێـدانی عێـراق کۆکردنـەوەو وەرگرتنی شەرعیەت لەجەولەدا بوو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنـداودا، هەرئـەو ڕۆژە جۆرج بۆش لەسعودیەوە چووە قاهیرە بۆکۆبونـەوە لەگـەڵ حسنی مبـارك دەربـارەی بـاری ئاڵۆزی ناوچەکە بەگـشتی و کوێـت وعێـراق بەتایبـەتی و وەرگـرتنی ڕەئـی عـەرەبی وجیهانی بەردەوام بـوو بـۆ هـەنگاونان، لـە1990/11/23 لەڕەزائیـەوە گەڕاینـەوە بۆمهاباد وبۆکـــان ئیـــسراحەتمان کـــرد لای قەبرەکـــەی هونەرمەنـــدی ناســـراو حـــسن زیـــرەك لەسەرناڵەشکێنەی بۆکان هەندێك وەستاین  و سەرناڵەشکێنێ ئـەوکات لـەدەرەوەی بۆکـان بـوو بـەڵام ئێـستا بـووە بەگـەرەکێك لـەبۆکان پاشـان چـوینە سـەقزو دیوانـدەرەو سـنە،

بۆشەوەکەی حافظ ئەسەدی سەرۆك کۆماری سوریاو جۆرج بۆشی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لەجنێف کۆبونەوەیان هەبوو دەربارەی وەزعی عێراق و ئاڵۆزی کەنداو ئەسەد رازی بوو بۆلێدانی عێراق بەوەش کەسوریا بەجەیش بەشداری ئەوشەرە بکات واتە عەسکەری و سیاسی و راگەیاندن بەشداربێت ئەوەش گرنگ بوو بۆئەمریکا لەوکاتەدا، لە1990/11/27 گەراینەوە بۆمەریوان وکانی خەیاران و دزڵی وپاشان گەرامەوە بۆکانی دینار، هەرئەمرۆش لەبریتانیا لەدوای (11)ساڵ مارگرێت تاچەر سەرۆك وەزیرانی بریتانیا ئیستقالەی کردو سەرۆك وەزیرانی تازە جۆن مێجەر هەڵبژێردراو بوو بەسەرۆك وەزیران ئەمیش هەرلەحزبی پارێزگاران بوومو باشەرەی کرد بۆکارە تازەکەی، تاچەر یەکێك بوو لەوئافرەتانەی کەسەرکەوتوبوو لەکارەکەیداو زۆرلێهاتوبوو لەکەنداویش دژی عێراق بوو ناوی دەبرا بەئافرەتی پۆڵاین لەبریتانیادا کەسوربوو لەسەر سیاسەتی خزمەت بەگەلانی بریتانیا، لە1990/11/29 چوینە بارام ئاوا و سەردانی ئەو ماڵانەم کرد کەلەوێ بوون، لە1990/11/30 گەرامەوە بارام ئاوا تەعزیەکی کاك حمەعەلی هەبوو چوین، لە1990/12/2 باری کەنداو ئاڵۆزتر دەبوو، لەورۆژانەدا ئێمە بەتەمای راوی حەیوان بوین لەسورێن چونکە ئەوکاتە حەیوان زۆربوو بەتایبەتی دوای ئەوەی (3)ساڵ بوو کەس راوی نەکردبوو یازۆربەکەمی کەس نەی دەوێرا هاتووچۆ بکات، لە1990/12/3 لەگەڵ کاك محمدحاجی صابر وکاك حمەرەشید عەلی شەریف لەماناڵیەوە پێکەوە رەفیق بوین لەوکاتەدا حمەرەشید پارتی بوو کاك محمدحاجی صابر یەکێتی بوو منیش سۆسیالیست بوم بەڵام علاقاتی کۆن و رەفیقی کاری لەوە نەدەکرد هەتا کاك حمەرەشید جارێك بۆسەردان هاتوو شەربوو لەسورێن ئەویش لەگەڵ ئێمەدا هات بۆشەرەکە زۆرپیاوبوو کورێکی باش بوو، رەفیقی باش بوو، کاك صالح حاجی قادرو کاك حمەسەعید و کاك حمەکەریم بانی شاری پێشمەرگەی سۆسیالیست بوون و شارەزای راوبوون، کاك بورهان عزەت بەگ و هەموومان، لە1990/12/4 لەپشتی بانی بنۆك لەسەکۆی ئەحلەوە لەکانی کاکەوەیسەوە بۆ ئەشکەوتی دمڵی دووئەشکەوت بون لەپەنای یەکدا لای چاخانەکەی ئەسکەندەر سورێن لەوئاستە بەشاخەکە دەڵێن تاشلیەواتە شاخەکە پوازپوازە تاشی پێ دەڵێن و زۆر سەختەو ناوردارێکی چرەو پریشە لەئەشکەوتەکان جێگامان چاك کردو

مەفرەزەی راوچی دامەزران لەهەموولایەکەوە، لە1990/12/5 بەیانی سەعات (8)بوو ئاگرمان کردەوە دووکەڵی(دووحەیوان) (6)ساڵ یەکی (50)کیلۆ زیاتر گۆشتی هەبوو لەدەستی ئەوان هەڵهاتن و رویان کردە لای ئێمە، ئێمەش لێمان دان هەموومان تەقەمان دەکرد کاك محمد وکاك حمەرەشید و منیش هەریەکە دەیوت من لێم داوە منیش خۆم زۆر دەستم راست نیە لەتەقە کردندا بەلاّم وتم من بەقەناس تەقەم کردوەو لەبن دەستی دابێت ئەوە من لێم داوە گرنگ ئەوەبوو کوژران و چاوەرێ ی راوچی بوین کەئەوان بهاتنایەوە بەفشەش بەسەرماندا تائەوان گەرانەوە دوولاکی گەورەمان خست و دەست کرا بەگۆشت برژاندن وهەڵواسران وەکو قەصاب خانە لەئەشکەوتەکەدا ئێوارەش ئەوان هاتنەوە دوو حەیوانی کەیان کوشتبوو بوو بە(4) سەر ئەو شەوە ناخۆش نەبوو هەندێك خەڵکی عەشائیری ئۆردوگاکان بەکۆڵ بەرو شتی ئیشیان دەکرد هاتن بۆلامان زۆرم لاسەیربوو خەڵکی ئۆردوگا لەوە پێش هەتا ئەوەش بوایە بێت بەتەنهاو ترس و لەرز منیان دەبینی یاپێشمەرگە بەلاّم ئەمان هاتن بێ ئەوەی بترسن لامان دانیشتن و باسی وەزعی ناخۆشی عێراقیان دەکردوخەڵکی هەمووی راپێچ کراوە بۆئەو شەرەو رۆیشتون، ووتم چۆن ناترسن لای ئێمە دانیشتون و ئەوە (25) پێشمەرگە لێرەیەو عەشائیرەکان وتیان عێراق ئێستا ناپەرژێتە سەر کوردستان، سەرلەبەیانی رۆژی 1990/12/6 کاك صالّح حاجی قادر حەیوانێکی (6)ساڵی کوشت و زیاتر لە(60)کیلۆ گۆشتی دەبوو هەموی هەڵواسرابون ئێوارەش (3) کەڵی کە کوژران واتە (8) سەرحەیوان لەوێ کوژران و داوامان کرد گیسك بکوژن چون دوو گیسکیان کوشت لەوێ بوو بە(10) سەرو بەشی خەڵکی زۆری لێدراو پاشان بەرێ کەوتین لەئەشکەوتی دمڵیەوە بۆهەرمێڵەو پشتی هانە درەو هەشەرێ و پشتی چنارە لەوێش یەك حەیوان کوژراو زیاتر لە(100) سەر پێکەوە بەرەو لای رەبایەکان هەڵدەهاتن  هەواش خۆش بوو لەدەرەوە بوین شەو، لە1990/12/8 بەرێ کەوتین بەرەو کلاّوکەوەی لای چنارەو هەیان و هەرمێڵەی قەویلە زیاتر لە(100) سەر حەیوانی کێوی لێ بوو شتی وامان نەدیبوو لەوکاتەدا وەکو رانە مەر دەرۆیشتن، هەرئەورۆژە چوینە مەرگۆزەڵ وهەنگالی و لەوێ مەقەری حزبی لێبوو هەرێمی (21) لەوێ بوون و شەولایان ماینەوە و میوانمان هەبووپێشمەرگەی یەکێتی و پارتیش هاتبون بۆراو

لەوناوە هاتبونە مەقەر چونکە تەنها مەقەری پێشمەرگە لەخاکی کوردستانی عێراق حزبی سۆسیالیست هەیبوولەوناوە، لە1990/12/9 چوینەوە سەر کەل کەلەبەرە شارەزوور وکانی خەیاران مەقەری لق لەوێ بوون وپاشان بۆدزڵی وچوینە مەریوان بۆتەعزیەی دکتۆر عەلی بابائیسماعیل شاوێس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و تازە(4) رۆژ بوو ژنی هێنابوو لەمەریوان کچی یارئەحمەد بەگی هێنابووچوینە تەعزیەکەی و گەراینەوە بۆکانی دینار ئەوسەفەرەش ناخۆش نەبوو لەگەڵ کێشەی کویت وعێراقداو هەرلەو سەفەرە خەڵکی زۆری سەربەحزب بەهۆی کوڵ بەرەوە هاتبون چاومان پێیان کەوت و رامان سپاردن کەچی بکەن لەکاتی شەردا ئەوخەڵکەش کەرێگا درابون (50–60) کەس دەبون لەوێ میوان بون ئەو دەرۆیشت و ئەوەندەی کەش دەهات لەجۆمەرەسی هەموی تالآنی کوێت کەعێراق هێنابونی دەفرۆشراو گەیشتبووە ئەوناوە باشترین تەلەفزیون بە(500) دینار بوو دەیان هێناو(450)دینارو شتی هەرزان دەیان هێنا بۆفرۆشتن واتە بەرەتای تالآنی کوێت گەیشتبووە ئەوناوە خەڵکی هەمووی سەرگەرمی تالآنی کوێت بوون و بۆسەر سنوری ئێران بەرێ دەکران و لەوێشەوە دەفرۆشران کەس بەکەس نەبوو لەعێراق بێ سەروبەری دەستی پێ کردبوو لەوکاتەدا، لە1990/12/10 لەمەریوان لەسەر مراسیمی دکتۆر عەلی بوین و ووتاری حزب کاک حسێن خەلیفە خوێندیەوە، لە1990/12/15 چوینە کانی خەیاران و سەرملەی هەشەری و سەیری لای خوارەوەمان کرد لای چنارەو گەراینەوە، لە1990/12/21 چوینە کانی خەیاران وچەندبارێك فیشەك و پێویستیمان بەرێ کرد بۆمیری سوور و بۆکاتی پێویست و گەراینەوە، لە1990/12/22 لەگەڵ ماڵەوەدا سەری سنەمان داو لەوێ خەریکی ئیشوکارو چاوەرێ ی گۆرانەکانمان دەکرد، لە1990/12/23 لەسنە بوین ئەمرۆ عێراق وسعودیە هەردوولا خەریکی مەشقی سەربازی بوون لەسەر شەرکردن و خۆئامادە کردن بۆشەر، دنیا بەرەو ساردی دەرۆیشت و بەفرێکی زۆرباری و شەو هەتا بەیانی هەردەباری، لە1990/12/24 باری کەنداو زۆرتر ئالۆزتربوو لەناوچەکە تائێستاش هەرشەر دەخوازێ بەپێ ی هەواڵی دنیاو قسەی ئەمریکاو سعودیە ئەمرۆ چەکی کیمیاوی مکرۆبی هێنایە سعودیە بۆ ئیحتیمالاتی شەر لەگەڵ عێراقدا، لە1990/12/25 لەسنە بوم بەفر دەباری، ئەمرۆش یادی تێپەربونی (50)

ساڵ بوو بەسەر رادیوی لەندەن بەشی فارسی دا(BBC) لەم رۆژەدا (50)ساڵی بەریَ کرد، لە1990/12/26 لەسنەوە لەگەڵ کاك شێخ سەردارومەلاهەژار گەراینەوە بۆمەریوان رێگا خراپ بوو بەفربووبە(4) سەعات و بەزەحمەت گەیشتین و یەك مەتر کەمتر بەفرباری بوو(75) سم بەفر لەمەریوان باری بوو، لە1990/12/28 زیاتر لەیەك مەتر بەفرباری بوو ئاوی زرێباربەستبوی مرۆڤ بەسەریدا هاتوچۆی دەکرد لەمەریوانەوە بۆگوندەکانی ئەوبەر پەرینەوە بەپێچەوانەوە، هەرلەم رۆژەدا سەرۆك کۆماری بەنگەلادیش لەماڵی خۆی سجن کرابوو ئینقلابی بەسەردا کرابوو، لە1990/12/29 عێراق سەفیری خۆی لەئەمریکاو بریتانیاوفەرەنساو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان  بانگ کردەوە بۆبەغداد بۆمشاوەرە پیَ کردن یا تەوجیهی تازەی پێدان  لەسەر باری ئاڵۆزی کەنداو، لە1990/12/30 چوینە کانی خەیاران و گەراینەوە بەفرێکی زۆر باری بوو، لە1990/12/31 سەری مەریوانمان داو گەراینەوە ماڵەوە لەکانی دینار، ئەمرۆکۆتایی ساڵی 1990 بووساڵێکی پر لەگۆرانکاری و باری ئاڵۆزی ناوچەکەبووئەم ساڵیشمان بەریَ کرد بەهەرحاڵیَ بوو لەسبەینیَ وە پیَ دەنێینە ساڵی 1991 وە، وەزعی کەنداو هەروا ماوەتەوە بەئاڵۆزی لەماوەی (15) رۆژی کەدا هەموو دنیا چاوەریَ ی چۆڵ کردنی کویتە لەلایەن عێراقەوە یاشەرێکی وێران کاری دەکات ئەم شەرەش زەرەری هەمو دنیای تێدایە و بەتایبەتی ولاَتانی عەرەب وعێراق بەگشتی شەرەکە سودی کار بەدەستانی پێشوی کویت و هێزە بەرهەڵست کارە عێراقیەکانی تێدایە ئەویش لەبەر ئەوە کورد هیچی نەماوەو ولاَتی وێران بووەو ئەنفال وکیمیاوی و میللەتەکە چاوەریَ ی یابەرنامەی تواندنەوەی بۆدانراوە بۆیە لەوشەرە سودی کوردی تێدایەو کوێتیش هیچی نەماوەو هەموویان هەڵهاتون و وولاَتیان وێران بووە بۆیە سودی ئەو دوو لایەنەی تێدایە ئەوشەرە کەی دەبێت، ساڵی 1990 شیوعیەت و مارکسیەت تێکشکا ئەتوانین بڵێن دوا دەوڵەتی شیوعیەت جگە لەکوباو البانیا بوو ئەویش کۆتایی پیَ هات، ساڵی 1989 سەرەتای تێك شکاندنی دەستی پێکرد لەپرۆسترکاوگلاس نۆسی گۆرباشۆف دوای (45) ساڵ کۆتایی پیَ هێناو دوای (70) ساڵ شۆرشی ئۆکتۆبەر روسیای سۆسیالیست خەریکە لەبرسا دەمرێت و ئەوروپای رۆژئاوا سەرکەوت لەروی ئابوری و سیاسی و ئێستاش سۆسیال دیموکرات بونە چەپی دنیا

ئەمانــە هــەموی وەکــو خــەویش وابــون بەئێستاشەوە، لــە1991/1/1 لــەکانی دینــار بــوم بیرخەرەوەی ساڵی 1991 هەندێك گۆرانی تێداکراوە هەروەکو خۆی دەی نوسمەوە، ساڵی 1990 مـان بـەریَ کـرد لەخـەباتی سـەخت و ژیـانێکی نـاخۆش و پرلـەکوێرەوەری و دورە وولاّتی و زۆری لەگەلەکەمان کۆتایی بەو ساڵە پر مەینەتیە هات و پێمان نایە ساڵێکی کەی پر لەجەنجالّ وەیاهۆی چاوەریَ ترو ناخۆشی لیَ دەکرێت ساڵێکی کەی پر مەینـەتی بەلاّم ساڵی 1991 ساڵێکی ئاسایی نیەو بەڵکو چاوەریَ ی گۆرانێکی زۆری لیَ دەکرێت و پیَ ی ناوەتە یا پیَ نایە(10) دەیەکانی کۆتایی سەدەی (20) بیستەمەو بەتەئکید گـۆران یاجیاوازی لەگەلّ ساڵەکانی کەدا دەبێت، ئـەوەی سـەرەوە هـەروەکو جـاران نوسـراوە جگـە لەهەنـــدێك گـــۆران نـــاو و نازنـــاو(محمـــدحاجی محمـــود.. ســـەرباز..کـــاوە.. عـــەزین) پێشمەرگە..پێشمەرگایەتی..شـار کوردسـتانی عێـراق..گـەرەك ..سـلێمانی ..پێنجـوین.. ژمـارەی سـەیارە 8886 ، بەتەئکیـد لـە1991دا ماڵمـان لـەپێنجوێن و سـلێمانیش هـەبوو، لەسـاڵی 1705 لینینگـراد پایتـەختی روسـیا بـووە یاسـۆڤیەت، سـاڵی 1991 زۆرشـتمان چـاوەروان دەکـرد هێزەکـانی بـەرەی کوردسـتانی لـەروی سـەبازیەوە وەزعیـان بـاش نـەبوو جگـە لەهەنـدێك مـەفرەزەی بـچوکی سۆسیالیـست و یـەکێتی لەناوچـەکانی کوردسـتانی کەبەهەمویــەوە لــە(100) پێـشمەرگە تێنەدەپــەرین کەسـێك لەکوردسـتان نـەمابوو زۆری لەسـەرکردەکانی حزبـەکان بیریـان لـەدەرباز بـونی دەرەوە دەکـردەوە بـەلاّم هێرشـی عێـراق بۆکوێت وباری ئاڵۆزی جیهان و لەرۆژهەلاّتی ناوەراست و ناوچەکە بەتایبەتی کەنداو زۆر ئاڵۆزبون و چاوەریَ ی ئەوە دەکرا گۆرانی گەورەی بەسەردا بێت لەگەلّ ئەوەشدا هەندێك لەسەرکردەکانی کورد باوەریان بەهیچ گۆرانێك نەبوو یانەمابوو، ئەمرۆ یەکەم رۆژی ساڵی نویَ یە لەدەیەکانی سـاڵی (2000) دووهـەزار دایـە کەبـەرەو دنیایـەکی پێچاوپێچ دەروات ئەوسەری نازانریَ بەوئاسانیە،

## دوا قۆناغی خۆئامادە کردن بۆرا پەرین

لە1991/1/2 لەکانی دینار کۆبونەوەیەکی هاوبەشی لق و ئامرهەرێمـەکان هـەبون لـەماڵی کاك سـیدقادرجەباری بۆخۆئامـادە کـردن لەگـەلّ نزیـك بونـەوەی وەخـتی ماوەیـە بۆلێـدانی عێــراق لەلایــەن ئــەمریکاوە ئێمــەش هێزمــان ئامــادە کــرد و چــەند مــەفرەزەمان بــەریَ

کردبۆئۆردوگاکـان و ناوچـە جیاجیاکـان، لـە1991/1/3 سـەری کـانی خـەیارانمان داو هێزمان ئامادە کردو جەردی چەك وهێـزو هەرێمـەکان وقوەکان کرا و نامـەمان بۆخـەڵکی عەشائیرو چەکدارەکانی دۆستمان لای رژێم نوسین و داوای هاوکاریمان لێ کـردن وپاشـان چەند پارچە چەکێ لەقوەی کاژاوفرۆشرابوو لەسەر ئەوە ئامر قوەکـەیمان هەرلـەوێ سـجن کرد لەسەر چەکەکان و پێبژاردنی و خۆشی سجن کرا، لە1991/1/5 دوای کۆبونەوەی لق لـەکانی دینـارەوە چـومە سـنەو کرماشـان و لەتەشـریفات پێـشوازیان کـردین وکۆبونـەوە هـەبوو لەگـەڵ مەسئولی قـەرارگا ئاغـای محمدی جعفری و رۆژی دوایـش هەرکۆبونەوەکـە درێــژەی هــەبوو پاشــان گەراینــەوە بۆســنەو ماڵــەوەشمان نــەخۆش بــوو (3)رۆژ بــوو لەنەخۆشـخانە لەسـنە کـەوتبون وعەمـەلیات کرابـون، لـە1991/1/7 لەسـنەوە چـوینە سەقزوبانەوسەردەشـت و نۆکـان و بۆمەکتـەبی سیاسـی بۆقـسەکردن لەسـەر روداوەکـان، لـە1991/1/8 عـزت دوری و سـعدون حمـادی ووەزیـری رێگاوبـانی عێـراق چـونە تهـران بۆچاك کردنی نێوان هەردوولا ئێران عێراق، لـە1991/1/9 طارق عزیـز وەزیـری دەرەوەی عێـراق جـیمس بێکـەر وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا لـەجنێڤ لەسویـسرا کۆبونـەوە لەسـەر کێشەی کەنداو نەگەیشتنە نەتیجەو هەروەکو خۆی مایـەوە، ئێمـە پێمـان بـاش بـوو عێـراق هەرسـوربێت لەسـەر رەئـی خـۆی و نەکـشاندنەوەی هێزەکـەی، لەکۆبونـەوەی رۆژی 1991/1/8 ی مەکتـەبی سیاسـی رەئـەکانیان زۆر جیـاوازبوو لەسـەر هـەموو روداوەکـانی کەنداو وکوردستان وناوچەکەوکێشەی نێوان حزبیش هەروا جیاوازبون یـەکێ لەکێشەکان ئەوە بوودەرکردنی بلاوکراوە لەسـەر کاك قادرجەباری بـوو لەسـەر ئـەوەی لـە1990/8/1 بۆچووە بۆسلێمانی ئـەوان بەخیانـەتیان دەزانـی کـەمن پێـشتر باسمـان کردبـوو لەگـەڵیان ومنیش وەکو ئەندامی مەکتـەبی سیاسـی وبریارمـان دا ئـەوکارە بۆچارەسـەری کێشەکان بکەین، لە1991/1/8 هەرلەبەیانیەوە تاسەعات (1)ی شەو هەرلەسەری قسەمان کـرد هـیچ نەگەیشتینە ئەنجام وادیاربوو هەموو مەکتەبی سیاسـی و کۆمیتـەی ناوەنـدی یـەك رەئیـان هەبوو لەسەرمان و زۆر ناراست و غەدریش بوو ئەوهەموو ماندوبون وخەباتی بێ وچان و نەوەستان و هەوڵوتەقەلای هەمەلایەنەمانیان هیچ لەبەرچاو نەگرتبوو کەبەراسـتی هەنـدێك ئیلتزامی ئەخلاقی نەبوایە  ئەوانە هیچیان هیچ نین و زۆر بێ ویژدانانە باسـی مەسـەلەکان

دەکەن و هیـچی خۆیانیـان زۆر لەبەرچاوگرتووە تاخـەباتی (15)سالی بیّ وچانی ئیّمـە، کەئیّمـە حزبمـان لەچـەندین قۆنـاغ رزگـار کـردووە بـەلاّم ئیّمـە زۆرتـریش لەوبارەیـەوە قسە لەسەر مەسەلەکان بۆچارە سەرو گەیشتن بەئەنجام وخۆمانی بۆماندوو دەکەین بۆئەوەی حزب توشی گیرگرفت نەبیّت وەهەولّی کەشی بۆئەدەین، برادەران لەسەر هیچ رازی نین و خۆشیان هیچیان پیّ ناکریّت وریّگا لەئیّمەش دەگرن بۆهەنگاونان لەسـەرپیّش خستنی حـزب لـەبوارە جیاجیاکانـدا بەتایبـەتی لەسـەر دەرکردنـی کـاک قـادر لـەحزب ئـەوان هـەر سوربون وەقەراری دەرکردنیان دابوو وەو ویّنەیان دابوو بەهەموو حزبەکان کاک قادریش هەم لەترسی دەرکردنەکەی و هەم لەترسی ئیّران شویّن نەبوو خۆی تیّدا بگریّ بەلاّم من کـاک قـادرم دلّنیـا کـرد لـەوەی نەدەرئـەکریّ و هـەموو مـشکلیەکانی بۆچارەسـەر دەکـەم، لـە1991/1/9 هەربـەردەوام بـوین لەسـەر کۆبونـەوەکان هەنـدیّك هـەنگاوی نـا بـەرەو چـاك کردن بەلاّم برادەرانی ئیّمە وەکو ئـەوەی (ئەصحاب الكهف) ئاگایـان لـەدنیا نـەبوو لەسـەر روداوەکـان تـەحلیلیان بۆنـەدەکرا، هەرئـەو رۆژە کـاك مـولازم عومـەرو وەفـدیّك هاتنـە سەردانمان بۆمەکتەبی سیاسی لەنۆکان باسی ئەوەیان کرد کەپیّکەوە بەرنامەیەك دانیّین لەسەر روداوەکانی کەنداو و لەکاتی گەرم بونی شەر ئیّمە چی بکەین وچۆن جەماوەر هـان بـدەین و خۆمـان ئامـادە بکـەین بـۆ هـەر روداویّك و سـود لەهەلومەرجەکـە وەربگـرین، مـن دەمویست کاك عومەر تیّبگەیەنم ئەو هەنگاوە زەروریە بەلاّم کاك رەسول زۆر بەسـەراحەت بە کاك عومەری ووت ئیّمە باوەرمـان بەوەنیـە هـیچ بکریّت و ئیّمـە لـەهیچ هـەنگاویّکی لـەو بابەتە بەشدار نابین بیّ سودبوو دانیشتنەکەیان هیچ ئەنجامی نەبوو هەرچەندە لەوکاتـەدا کاك نەوشیروان لەکوردستان لەجیّگای مام جەلال دەیویست کاك مەسعودوپارتی لـەپیّش هەموو لایەکەوە ریّك بخات واتە ئەو باوەری وابوو پارتی و یەکیّتی بەرنامەیەك دابنیّن ئیتر لەوکاتەوە هەنگاوی ئەوەنرا کەخەت بەسەر حزبەکاندا بیّت و یەکیّتی بیری لەوە دەکردەوە هەردلّی پارتی رازی بکات ئیتر حزبەکانی کە هیچ نیە ئەودوولایەنـە دەتـوانن هـەموو شت پیّکـەوە وەکـوبرا بکـەن ئـەوان ئـەوەیان لـەبیر نـەبوو کـەپارتی بـەهیچ شـیّوەیەك نـەبرای پیّویستەو نەشەریك بۆخۆی قەرار دەدات بەلاّم من وەکو شـاهیدیّك ئاگـام لەوەیـە کـە کـاك مولازم عومەر نازانم کیّ ی لەگەلّ بوو سەری ئیّمەی دا بۆهەمان مەبەست ، لە1991/1/10

لەنۆكانــەوە بــەرێ كــەوتین بــۆ قاسمــەرەش و ئالوتــان ومــیراواو كەوپــەرو خانــەو نەغەدەورەزائیـە شـەو لەرەزائیـە بـوین لـەماڵی كـاك سـیدعبداللە، نیـوەڕۆ وەزعـی كەنـداو زۆرئــاڵۆزبو گەیــشتبووە مەرحەلــەی كۆتــایی، لــە1991/1/12 لەرەزائیــەوە چــوینە مهابادوســەقزو ســنەو بۆمــەریوان وكــانی دینــار(615)كـم بـوو ئـەو ڕێگایـەمان بـری بەسـەیارەیەكی خـراپ، لـەڕۆژانی 13و1991/1/14 هەرلەمـەریوان وكـانی دینـاربوین و پێـشمەرگەمان بـەرێ كـرد بۆمەقـەراتی سـورێن وكـانی خـەیاران وەخۆمـان ئامـادە كـرد بەپێــچەوانەی برادەرانــی مەكتــەبی سیاســی و كۆمیتــەی ناوەندیــەوە، لــە1991/1/15 لەتونس دوو مەسئولی ڕێكخراوی ئازادی خوازی فەلەستینیان شەهید كرد (صاڵح خلف) ئەبو هۆل ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی و(حسن عبدالمجید) ئەوە لەوكاتە ڕوداوێكی گەورە بوو بۆفەلەستینیەكان، لە1991/1/16 دوا مەوعدی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و مجلیسی ئەمن بوو بۆچۆڵ كردنی كوێت لەلایەن عێراقەوە لەم كاتەدا زۆر خەتەرەو(2) دوو دەقیقـەی مـاوە بۆسـەعات (8) و چـۆڵ كردنـی عێـراق لـەكوێت زۆر..زۆر خەتـەرە لەناوچەكەوجیهان و عێراق وكوردستان كەشەرێكی وێرانكاری هەرەشە لەدنیاو ناوچەكە دەكات پێم وایە هەر كورد پێ ی خۆشە لەگەڵ كوێتیەكان چونكە ئێمە واتە كوردو كوێتیەكان هیچمان نەماوە بۆیە ئەوشەرەمان پێ خۆشە، سەعات (8) و هیچ ڕوی نەداو هەرچاوەرێ بوین، شەوی 16-1991/1/17 لەسەعات (2/30) دوونیوی شەو ئەمریكا وهاوپەیمانەكانی بەهێزی هەوایی لەعێراقیان داو زەرەریان لێ داو شەر بەردەوام بوو لە (5) پارێزگا درا (بەغداد، تكریت، ناصریە، میسان، واسط) زۆربەتوندی لێ ی دراو لەسەعات (10)ی سەرلەبەیانی صدام حسێن لەتەفزیون قسەی كرد دەربارەی لێدانەكەی و وا غەدریان لێ كردووە وەكو ئەوەی ئەمان غەدریان لەكەس نەكردبێت و زۆر بەلاوازی قسەی كردو قسەكانی وابون كەعەتفی خەڵكی ڕابكێشێ و بەهاواریانەوە بچن، بەبۆنەی ئەوەی شەری كەنداو دەستی پێكرد ئێمە (20) سەربازی دیلمان لابوو ئازادمان كردن و بەرێمان كردنەوە بۆماڵ وحاڵی خۆیان وەكو شتێكی ئینسانی چونكە زۆر قەلەق بوون بۆكەسوكاریان لەوكاتەدا، عێراقیش دەستی كردەوەو ڕەدی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی دایەوە، ئێمە لەكانی خەیاران بوین تەلەفزیونی عێراق هەمووشتەكانی پیشان دەدا لەسەر

روداوەکان، لە1991/1/17 رۆژێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو رۆژێك بوو مێژوی ناوچەکەی گۆری بەتایبەتی کوردستانی عێراق، عێراق بوو بەکەلاکێك هەریەکە لەلایەکەوە بۆی بروات وچاوی تێ ببرێت (33) دەوڵەتی دنیا رێك کەوتن لەسەر لێدانی عێراق بەهەموو شێوەیەکی سەربازی وسیاسی وراگەیاندن وئابوری ودەریایی و..هتد، گۆرانی زۆری بەدوادا هات بەلاّم لەوکاتەدا کەس نەیدەزانی روداوەکان بەرەو کوێ دەرۆن ئەگەر کەسێك دەوڵەتێك چاودێریەکی وردی روداوەکانی بکردایە دەیزانی شەرەکە بۆکوێ دەروات، من لەوکاتەدا نامیلکەیەکم ئامادە کرد لەسەر مەعلوماتی تەواوی روداوەکان هەر لەچاوپێکەوتن و هەوڵە دیبلۆماسیەکان نامیلکەکەی من لەژێرچاپ بووبۆراکێشان ئامادە کرابوو ئەورۆژە هێرشی زەمینی دەستی پێکردبوو برادەران رایان گرت و وتیان واهێرشی زەمینی دەستی پێکردوەو عێراق دەروخێت نامیلکەکەی من لەژێر ناوی (ئەمریکاوهاوپەیمانەکان صدام حسێن ناروخێنن..تەمێی دەکەن) برادەران ترسابون ئەو قسەی من گورج وادەرنەچێت تاخۆم گەیشتمە لایان پێم وتن ئەوە رەئی خۆمە بەناوی حزبەوە نەم نوسیووە ئەگەر واش نەبوو بامنیش وەکو ئەو هەموو خەڵکە شتی نوسیووەو وادەرنەچوە... بەهەرحاڵ برادەران دوایان خستبوو بەلاّم ئامادەکرابوونزیکەی (100) دانەیەکی لێ راکێشرابوو بەلاّم دەرزیان لێ نەدابوو بۆئەوەی بلاّوی نەکەنەوە، هێرشی زەمینی بەسەرداهات مەجال نەبوو لەوێ تەبعی بکەین ئیتر راپەرینی بەسەردا هات بەلاّم ئەوەی نووسین و مێژوەکەی هەرماوەو برادەرانیش ئەوکات لەراگەیاندن بوون هەموویان دەیزانن من ئەوەم نوسیووە ئەوکاتە لەسەر عێراق و کەنداو و روداوەکان،

## کاری رۆژانەو پانۆرامای گەردەلولی بیابان

لە1991/1/18 عێراق (8) موشەکی زەمین بەزەمینی گرتە شارەکانی تەلئەبیب وحەیفالە ئیسرائیل تائەمرۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی (2) دووهەزار جار لەعێراقیان داوە بەفرۆکە، لە1991/1/19 لەکانی خەیاران بوین وەزعەکە زۆر ئاڵۆزتربوو دیسانەوە عێراق (11) موشەکی تری لەئیسرائیل دا لەشارەکانی تەلئەبیب و قدس و حەیفا یەکێك لەموشەکەکان بەرکۆشکی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی کەوت، هەرلەم رۆژەدا (4)چوارهەزارجار لەعێراق دراوە بەشارەکانی کوردستانیشەوە وەهەرلەم رۆژە (3)

تـەیارەی هاوپەیمانـەکان کەوتـە خـوارەوە، لـە1991/1/20عێـراق دوو موشـەکی زەمـین بـەزەمینی لەسـعودیە دا، هەرلـەم رۆژە بەرنامـەی تەلـەفزیونی عێـراق لەکـەرکوك وەسـتا بـەهۆی لێدانـەوە، لـە1991/1/21 (20) جـار لـەعێراق دراو عێـراقیش (10) موشـەکی لـەریاض وشـارەکانی سـعودیە دا، لـە1991/1/22 شـەر بەگـەرمی بـەردەوام بـوو (8)جـار تـەیارە لەبەغدادی داو جگـە لـە(10) شـاری کـەی عێراق وەکو عـەلی شـەرقی و کـەرکوك و سـنجارو چـەندین شـاری کـەش دیـسانەوە عێـراق (8)موشـەکی لەسـعودیە دا چـەند دانەیەکیان لەهەوا تەقاندەوە پێش ئەوەی زەرەر بدات هەروەکو لەئیسرائیل یش هـەروابوو ئەمریکا لەبەر رەئی عامی عەرەبی وادیاربوو پێش تریش باس کرابوو کەئیسرائیل نابێت بێتـە ناوشـەرەکەوە، عێـراق بۆیـە لەئیـسرائیلی دەدا بۆئـەوەی وەڵامـی عێـراق بداتـەوە خۆعـەرەب لەسـەنگەری ئیـسرائیل شـەری نـەدەکرد ئـەوەبوو ئیـسرائیل بـەهیچ شـێوەیەك وەڵامـی عێراقـی نەدایـەوە لـەو موشـەکانە وەچـەند تەیارەیـەکی ئـەمریکا لـەعێراق کەوتـە خوارەوە، (ئەحمەد بنبیلا) کەلەشەستەکاندا سەرۆکی جەزائیربوولەم کاتەدا  لەبەغدا بـوو بۆکێشەی کەنـداو هـاتبوو کـاتێ شـەر دەسـتی پێکـرد رێگـای لـێ بـراو لەسـنوری قەسـری شـیرینەوە بۆئێران گەرایـەوەو لـەوێوە بروانـەوە چـونکە لەجـەزائیر هـەڵهاتووە کـاتی خـۆی یاچۆڵی کردووە باشەر نەبێت چووە ئێران، لە1991/1/22 کۆبونەوەی لایەنەکانی بـەرەی کوردسـتانی هـەبوو لەدۆڵـەناو لەمەقـەری یـەکێتی لەسـەروەزعی کەنـداو لەسـەرداوای یەکێتی، لەلایەن یەکێتی کاك فەرەیدون عبدالقادروکاك شێخ عەلی شێخ حمەصاڵح و کـاك حامیدحاجی خالیـد وەلەلایـەن پاسـۆك کـاك حسێن بـەگ وەلەلایـەن پـارتی کـاك عوسمـان قادرمنـەوەرو کـاك نـصرالدین وەلـەحزبی شـیوعی کـاك عبداللـە مـامۆ وکـاك نجـم سـۆفی وە لەسۆسیالیـست مـن و کـاك ئەحمـەد قەدەفـەری و کـاك سـیدقادر بەشـداربوین بـاس و لێکۆڵێنەوە لەسەر مەسەلەکان کرا من گلـەیم لـەکاك فەرەیـدون کـرد ووتم ئێمـەش دەتـوانین گـۆران بکـەین ئـەو ووتـی کاکـە رەئـی ئێـوەو سـەرەوەتان جیایـە کـاك رەسـول و بـرادەران ئامادەنین هیچ هاوکاری بکەن ئێوە لێرە خۆتـان ئامادە کـردووەو مـەفرەزەتان نـاردوە لای ئێمە شتێکی تازەیە خۆی لەراستیدا قسەکەی کاك فەرەیدون بـوو بـەڵام مـن ووتم ئێمـەش ئامادەین لەئێستاوە، پارتی و شیوعی ووتیـان ئێمـە تـا تـەعلیماتمان  بۆنەیـەت لەسـەروی

خۆمانەوە یابەرە ناتوانین هیچ بریارێك بدەین وەهاوكاریش ناكەین هەموو لایەك چاوەرێ ی بریاری بەرەو لایەنەكانمان كرد لەوێ، شەوی 22-1991/1/23 عێراق (3) موشەكی دا لەئیسرائیل (3) كەسی كوشت و(94) كەسی بریندار كرد لەئیسرائیل زەرەری زۆری دا كۆشكی شارەوانی، لە1991/1/24 بەحرێنیش بەشداری كرد لەشەر دژی عێراق بەتەیارە، وەتەیارەی فەرەنسا جۆری میراج هاتە سەر عێراق بۆلێدانی، ئێمە لەكانی خەیاران بوین، لە1991/1/25 كۆماری ئیسلامی ئێران سیاسەتی خۆی ئاشكرا كرد بۆعێراق و ئەمریكا لەشەرەكە، لە1991/1/26 بەفر دەباری سەری مەریوانم داو چاومان بەمەسئولینی ئەوشارە كەوت و گەرامەوە سەری ماڵە ئاوارەكانی ئۆردوگای بارام ئاواو دەربەندی درزلیم دا هەرئەمرۆش عێراق (5) موشەكی لەئیسرائیل داو (3) موشەكی لەسعودیەدا، لەو دووڕۆژەدا (3700) جار تەیارە لەعێراقی دا وەزعی خەڵكی عێراق زۆر خراپ بوو، هەرلەم رۆژەدا (7) تەیارەی عێراق هەڵهات و پەنایان بۆئێران بردو لەلای كرماشان نیشتنەوە تەیارەی هاوپەیمانی بەدوایان دەكەوت تاسەر سنوورو دەگەرانەوە، هاوپەیمانی نەی دەویست ئێران بكەوێتە شەرەكەوە عێراق وای دەكرد كەهاوپەیمانی داوای تەیارەكان بكات و توشی شەری بكات وە ئەو فرۆكانەش لەم جۆرانە بون (میراج، سیخۆی 20 و22و24و25، میگ ی 23و29،فالكون،بوینگ،... هتد) لەوجەولەیەدا، هەر لە1991/1/26 محمد زیاد یاسەرۆكی صۆماڵ هەڵهات و وڵاتەكەی خۆی بەجێ هێشت و چریكە صۆماڵیەكان دەستیان بەسەر كۆشكی كۆماریدا گرت، لە1991/1/27 طارق عزیز چاوی كەوت بەدیكویلار، لە1991/1/28 بەتەواوی دەست گیرا بەسەر كۆشكی محمد زیاد سەرۆكی صۆماڵی، هەروەها پۆلێك تەیارەی عێراق هەڵهاتن بەرەو ئێران ئەوەش نیشانەی شكستی عێراق لەبەردەم شەرەكەداو لاوازی پیشان دەدات، من لەمەریوانەوە چومە سنە، عێراق یەك موشەكی لەتەلئەبیب داو یەك موشەكی لەشاری ظهرانی سعودیە دا، وەزیری بەرگری فەرەنسا لەم رۆژەدا ئیستقالەی كرد لەسەر شەری كەنداو چونكە رازی نەبوو بە بەشداری وڵاتەكەی لەشەر دژی عێراق، لە1991/1/29 عێراق لەكوێتەوە هێرشی كردە سەر شارێك (20) كم لەناو خاكی سعودیەدا (خفجي) عێراق دەستی بەسەردا گرت و دیل و كوژراو لەهەردولا هەبوو ئەوهێرشە خۆكوژی بووبەڵام سعودیەی

ترساندبوو، له1991/1/30 لەسنەوە گەراینەوە بۆمەریوان و شەر لەخفجی بەردەوام بوو، شاری خفجی شارێکی سەرسنوری سعودیە کوێتە (20) کم لەسەرسنوری سعودیەدایە، لە1991/1/31 شەر لەخفجی بەردەوام بوو بەلاّم عێراق شکابوو لەشارەکە کشابوەوەو(400) دیلی لێ گیرابوو(4000) سەربازی عێراق هێرشیان کردبووبۆئەو شارەو گرتبویان بەدەبابەو تۆپەوە، لە1991/2/1 (150) طن دەرمان لەئێرانەوە نێرا و گەیشتە عێراق لەسنوری قصری شیرین و کرماشانەوە ، سعدون حمادی وەزیری عێراق لەتارانەوە گەرایەوە عێراق بەسەیارە لەسنوری قصر شیرینەوە بەرەو بەغداد، ئێمە لەدزلّی وکانی خەیاران بوین، له1991/2/2 شەر بەگەرمی بەردەوام بوو ئێمەش لەکانی خەیاران و دزلّی بوین، لە1991/2/3 چوین بۆکانی خەیاران بەفرێکی زۆرباری بوو لەدۆلّەناو رێگانەبوو بەجیهاز پەیوەندیمان کردو گەراینەوە، له1991/2/4 (42)هەزار جار تەیارەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان لەعێراق و کوێتی داو (200) هەزار تەن ئاسن و باروتیان بەسەر عێراق و جەیشی عێراق لەکوێتیدا داوە کەئەوەش لەوشەرەدا کەم وێنە بووە شتێکی وا لەدوای شەری دووەمی جیهانی بکرێت، له1991/2/5 لەمەقەری حزبی شیوعی لەدۆلّەناو کۆبونەوەی بەرەی کوردستانی هەبوو لەسەر روداوەکان وخۆئامادە کردن پاشان چوین بۆ کانی خەیاران بەفری زۆر باری بوو درەنگ گەراینەوە سەیارەکەمان لەبەفرداچەقی و شەومان بەسەرداهات سەری و ئەو برادەرانەی رێکخستنی ناو شارمان دا هاتبوون بۆلامان و دەنگوباسی ناوشارو وەزعەکەیان بۆهێنابوین بەتەفاصیل له1991/2/6 لەکانی خەیاران بوین مەلیك حسێن مەلیکی ئوردون قسەی دژی ئەمریکا کردو پشتیوانی لەعێراق کرد، لەسەرەتای شەرەکەوە تا شەوی 8-1991/2/9 (540)هەزار جار لەعێراق درابوو،

## خۆسازدان بۆ گۆڕان لەعێراقدا

لە1991/2/9 لەکانی خەیاران بوین و (4-5) کەس لەرێکخستنەکانی حزب لەشارەزوورەوە هاتبون بۆسەردان کاك برزوی عزەت بەگیان لەگەلّ بوو، له1991/2/10 لەدزلّی وکانی خەیاران بوین، لە1991/2/11 هەر لەدزلّی وکانی دینار بوین شەری کەنداو بەگەرمی بەردەوام بوو لەهەموو لایەکەوە، لە1991/2/12 چومە شاری سنە

بۆئیشوکار، لە1991/2/13 چومە دیواندەرەو سەقزوبانەوسەردەشت وقاسمەرەش وبۆنۆکان و مەکتەبی سیاسی کاک رەسول لەوێ بوو کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی هەبوو بریار درا کەپێشمەرگە بنێرینە خوارەوە بۆهەمووناوچەکان وکاغەزی شەخسی و مەکتەبی سیاسی ولقەکان و کاک رەسول بۆ هەموو رێکخراوەکانی خۆمان و بلأوکراوەی ناوخۆو نامەکان هەموو ئامادەکران و مەفرەزەو هێز بنێرینە خوارەوە لەنزیکەوە چاودێری ناوچەکان و شارەکان بکات وخۆشمان ئامادەبین لەسنوری لقی سلێمانی وەچەند مەفرەزەیەکمان لەخوارەوە بون لەجەولەدا بون، لە1991/2/27 بریار درا هێزێك برواتە دەوروبەری رانیەو کێوەرەش و حاجی ئاوا و ئەوناوە لەوانە قوەی شەهید عەلی عەسکەری کاک کەمالی کوێخا عومەر و هەرێمی (4) کاک قادرچاوشین وهەرێمی(6)کاک محسین بایزوهەرێمی(10) کاک صابرفەقیانی وهەرێمی (8) ی دەشتی هەولێر، کاک محسین وکاك صابرو کاك کەمال و کاك قادر چونە خوارەوە، لە1991/2/28 لەگوندەکانی پشتی رانیەو کێوەرەش بوون بەلأم کاک صابر لەگوندی گرجان بوو لەحاجی ئاواوچاودێری ناوچەکەیان دەکرد کاک محسین لەگوندەکانی سەروی رانیەوە بوو واتە باکووری رانیە، هەندێك مەفرەزەی هەرێمی(1و2 و5) لەهەڵەبجەی تازەو شارەزووروتانجەرۆوعەربەت وئەوناوە بوون ، لە1991/2/14 لەنۆکانەوە گەراینەوە سنە، لەسەرەتای شەروە تا ئەمرۆ (70)هەزار جار لەعێراق دراوە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە، لە1991/2/15 عێراق هەندێك لەبریارەکانی قبوڵ کرد بەلأم ئەمریکا مەرجی قبوڵ نەکردو داوای سەرجەم بریارەکانی کرد، لەسنەوە کاک عبدالخالق هەورامی مەسئولی علاقات ئاگاداری کردین لەگەڵ کاک رەسول بچین بۆکرماشان ئێمەش بەرێ کەوتین و شەو گەیشتینە سنە، لە1991/2/15 لەگەڵ کاک رەسول وکاک شێخ محمددا چوین بۆکرماشان کۆبونەوەمان هەبوولەگەڵ مەسئولین لەکرماشان داوای تەواجدی معارەزەیان کرد پاشان ئێمە گەراینەوە بۆکامیران وشەو لەماڵی کاک عبدالخالق بوین، بریاربوو رۆژی 1991/2/16 کۆبونەوەی معارەزە بکرێت بەشداربوانی کۆبونەوەکە هێزە بەرهەڵستکارەکان بون(حزبی سۆسیالیست کاک رەسول، یەکێتی نیشتمانی کاک نەوشیروان، پارتی کاک مەسعود بارزانی، حەرەکەی ئیسلامی کاک مەلاعوسمان، مجلیسی

ئەعلای ئیسلامی عێراق سید محمد باقرحکیم،حزب الله شێخ محمد خالیدوشێخ طالب وله‌حزب اللەی شۆرشگێر شێخ ئەدهەم بارزانی، بزوتنەوەیەکی ئیسلامی هەبووقائیدی فەیلەقی (9)ی بدری مجلیس و هەریەکەش وەفدێکی لەگەڵدابوو کۆبونەوەکە (2) جەلسە بوو، جەلسەی یەکەم ئاغای محمدجعفری و هەموو قەرارگای رەمەزان بەشداربون لەسەر هێرشی هاوپەیمانی بۆسەرعێراق لەم کاتەدا ئێمەش دەستی پێ بکەین مجلیسی ئەعلای ئیسلامی لەخوارەوەو بەرەی کوردستانی و هێزەکانی کەش لەسەروی عێراق واتە لەکوردستان پێکەوە هەماهەنگی وهاوکاری نێوان هەموودوولا هەبێت، مجلیسی ئەعلا زۆر بەقەبە باسی خۆی دەکرد وتیان ئەگەر پێویست بوو ئاگاداری کوردو بەرەی کوردستانی ئەکەین واتە وتیان ئێمە خۆمان ئازاد ئەکەین و ئەگەر پێویستمان هەبوو ئەوە بەکوردیش ئەڵێن بابەشداربن لەگەڵماندا ئەوان وا بەتەما بون لەبەصرەوە پەلاماری عێراق بدەن و لەزاخۆوە بێنەوە لای ئێمە یائێوەش لای خۆتانەوە دەستی پێ بکەن زۆر هەوڵ درا باس لەدوای روخاندن بەرنامەیەك هەبێت و مەسەلەی چارەسەری کێشەی کوردو ئوتۆنۆمی و ئەوانە بەڵام مجلس بەلایدا نەرۆیشت وادیاربوو بەرنامەیان دانابوو وەکو ئەوان بەغدادیان لەدەست بێت و ئێمەش لەشاخەکانی کوردستان هەرچیمان ووت فائیدەی نەبوو ئێرانیەکان ووتیان خوادەکات صدام دەروخێ ئەوکات خۆمان رێك دەکەوین بەڵام ئەوەی من دیم قەناعەتم وابووعێراقیش بڕۆخیایە پێیان دەوتین ئەوە عێراق هەموی موسڵمانەو هەموومان پێکەوە دەژین ئەوکات ئێرانیش پشتیوانی لەوان دەکرد بەهەر شتێك بوو نەگەیشتینە نەتیجە وتیان باشە هەردوولا دادەنیشین و حەلی دەکەین پێکەوە کۆماری ئیسلامی ئێران دۆستی هەردوولابوو واتە نەچونە ژێر هیچ شتێك لەوکاتەدا بۆکورد تەنانەت حوکمی زاتیش پارتی و یەکێتی یاکاك نەوشیروان وکاك مەسعود زۆر رێك بوون مام جەلال لەدەرەوەی وڵات بوو پێ دەچوو کاك نەوشیروان هەندێك شتی ناوخۆیانی لای کاك مەسعود درکاندبێت بەراستی بوبێت یابۆتاقی کردنەوەی پارتی هەروەکو کاك نێچرڤان بارزانی لای مام جەلال هەندێك شتی درکاندبوو بۆ تاقی کردنەوەی مام جەلال دەیوت نێچیرڤان لەگەڵ مەسعود کێشەی هەیەولەوە دەچێت لیَ ی جیاببێتەوە بەڵام کاك نەوشیروان پێ دەچووزیاتر وتبێت چونکە هەرلەکۆبونەوەیەکی ئەو رۆژانەی بەرەی

کوردســتانی لەقاسمــەرەش  پــارتی ویــەکێتی دژی ئێمــەبون و دژایەتیەکــەی ئێمــەیان بەپاسـۆك رشـت وقـسەیان بـەمولازم کـەریم وئـەوان ووت، پـارتی ویـەکێتی هـەردوولایان قـسەیان پـیٚ وتـن و ئیهانــەیان کـردن لەدڵـدا دژی ئێمـە بـون وباسـی قیـادەی بـەرەی کوردستانی کرا و دژی پارتی گەلیش قسەیان کرد لەوکۆبونەوەیەدا کاك نەوشیروان ووتی ئێمـە ئـەوە کێشەی خۆمـان بریوەتـەوە کـیٚ مەسـئولی بـەرە بێـت یانـەبێت کـاك مەسـعود لێرەیـەو یائـەو مەسـئولی بـەرە بێـت یامـام جـەلال لـەدەرەوە بێـت ئێمـە وەکـو یـەکێتی نیشتمانی فەرقی نیە و پێمان خۆشە کاك مەسعود قائدی بەرەی کوردستانی بێت لەسـەر ئەوانـە کـاك رەسـول لـەدڵی گرتبـوو جگـە لـەورۆژەش لەکرماشـان کـاك رەسـول وتـی خـوا دەکـات عێـراق دەرۆخێـت ئەوکاتـە ئێمـەو مجلـس واتـە کـوردو مجلـسی ئـەعلا پێکـەوە هەنگاوی بۆبنێین و دەست بەکاربین پێویست ناکات لەئێستاوە  کەهیچ نەکراوە و شـەرەو ئێمـە هـەرا لەسـەر ئەوەبکـەین هـەردوولامان لەوشـاخەین و لـەئێرانین لەکوردسـتان نـین و لـەعێراق نـین ئەگـەر ئەوکاتـەش لـەدوای ئەوهـەموو دەربـەدەری و مـاڵ وێرانـی فرسـەتەمان یـەکمان نـەگرتبوو ئـەو وەزعـەی کەلەسـاڵانی (1961)وە هەیـە لـەعێراق دووبـارە کرایـەوە لەلایـەن مجلسی ئـەعلاوە یـا ئـەوەی لەسـەر حوکمـە لـەدوای ئەورژێمـەی ئێستا بابیکـات و ئێمەش چەك و شاخەکانی کوردستانمان لەبەر دەستە، ئەوان نەپارتی و نەیەکێتی خۆیان لەقەرەی ئەوباسە نـەداو لـەکاتی قسەکانی کـاك رەسـولدا زۆردەموچـاویان تێـك چـوبوون و پێیان ناخۆش بوو قسەکان، لایەنێکی بەرەو چەند رۆژێك پێش ئەوە باسی قیادەی بـەرەی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا کراوەو یەکێتی کاك مەسعودی قبوڵ کردووە بەڵام ئێمـە دانمـان پێدا نەناوەو لەوکاتەش لەسەر ئەو وەزعەی عێراق منیش لام سەیربوو یەکەم جاربوو کـاك رەسول ببینم و دواجاریش بوو قسەبکات  بەو شێوەیەو لەکۆروکۆمەڵدا قسەی نـەدەکرد پاشـان پرسـیارم لێکـرد ووتم کـاك رەسـول ئـەمرۆ ئەوەچـی بـوو، ووتـی ئـەوە لەسـەر مەسئولیەتی بەرەی کوردستانی شەریانە بەڵام لای ئەوانـەی شتیان بەدەستە قسە ناکـەن ئەگەر ئێمەش لەویٚ نەبین یاهەر خۆیان تەنهابن هەموو قسەکانی ئەوانیان قبوڵـە و رەدیـان نیە هەروەها ووتـی ئـەورۆژەی بەرەی کوردسـتانی لەقاسمـەرەش ئیهانـەی پاسـۆکیان کـرد خۆی لەگەڵ ئێمەیان بوو بـەڵام بەپاسـۆکیان رشـت کـەدەیانزانی ئـەوان وەڵامیـان نادەنـەوە

من لەبەر ئەوان زیاتر قسەم کرد، وەلەجەلسەی دووەمدا ئاغای جعفری نەهاتەوەو خواحافیزیشی لیٚ نەکردین ووتیان بەئیشی پەلە رۆیشتووە من ووتم وادیارە ئیشی پەلەترلەوە هەیە هەموو معارەزەی عێراق بەکوردو عەرەبەوە چارەنوسی عێراق باس دەکەین ووتیان ئەوە ئاغای مجیدی لێرەیەو ئەو سەرپەرشتی کۆبونەوەکە دەکات دوای کۆبونەوەکە پێم وایە جگە لەقسە هیچ شتێکی کەی لیٚ سەوز نەبوو چونکە مجلس لەراپەرینی خواروی عێراقدا هیچیان بەئێمە نەوت و هەتا ئاگاداریان نەکردین کەچۆن دەست پیٚ دەکەن و چۆن هاوکاری دەبێت کاك مەسعود قسەی کردوەکاك نەوشیروان قسەی کرد بەلاّم هەموو معارەزە هیچیان لەهەدەفیان نەدا لەقسەکانیانە وەکەسیان باسی ئەوەیان نەکرد ئەگەر عێراق هەموو شتەکانی ئێرانی قبولٚ کرد ئایا ئێران رەئی چی دەبێت لەسەر مەوزوعەکە لەسەر ئەوە ئێران و مجلیسی ئەعلا هەستیان کرد کەقسەکانی کاك رەسول لەقسەکانی کاك مەسعودو کاك نەوشیروان جیاوازە، لەسەعات (6بۆ7/5) کۆبونەوەیەکی دووقۆڵی سۆسیالیست و مجلسی ئەعلا هەبوو لەسۆسیالیست کاك رەسول وکاك شێخ محمدوخالّەحاجی ومن وەلەمجلس سیدمحمد باقرحکیم و شێخ ئەبو عەلی مەولاناو یەکێکی کەشیان لەگەڵدابوو لەسەر داهاتوی عێراق وپەیوەندی کوردوعەرەب و یاحزب و مجلس قسەمان کرد و هەندێك خاڵی گرنگمان باس کرد پیٚ دەچوو ئێرانیەکان و مجلس هەندێك هەستیان کرد کاك رەسول لەقسەکانیدا وەکو دڵگران بێت لەبەرەی کوردستانی و پارتی و یەکێتی بۆیە ئەوان زوو ئەوکۆبونەوەیان ساز کرد چونکە قسەکانی کاك رەسول لەصاڵحی مجلیسی ئەعلا بوو کەکردی ، لەشەوی 16-1991/2/17 عێراق دوو موشەکی لەئیسرائیل دا واتە تائەمرۆ (35) موشەکی لێداوە، لە1991/2/17 ئێرانیەکان داوایان لەئێمە کرد بمێنینەوەکۆبونەوەی کەش ماوە، هەرهەمان رۆژ گۆرباشۆف داوای لەسەرۆکی ئەمریکی بۆش کرد کەهێرشی زەمینی رابگرێت تا طارق عزیز هەرئەمرۆ لەئێرانەوە دەگاتە مۆسکۆو کۆبونەوە دەکەن لەسەر کشانەوەی هێزی عێراق لەکوێت لەسەر ئەوەی کەگۆرباشۆف دەبێتە زەمانەت یاکەفالەت دەکات بۆئەو مەبەستەی سەرەوە، ئێمە لەکرماشان کۆبونەوەی حزب و قەرارگا هەبوو لەسەر بەرنامەی داهاتوومان ئەورۆژە تەسهیلاتیان بۆکردین کەهێزەکانمان بەریٚ بکەین

بۆخوارەوە شەو گەراینەوە کامیران وشەولەماڵی کاك عبدالخالق بوین، مەقەری علاقات لەکرماشان بوو کاك ئازادی حاجی فارسی کفری هەریارمەتی کاك عبدالخالق ی دەدا کاك خلیل ئەوکاتە لەتاران بوو، بۆنیوەرۆکەی دەعوەت بوین لەمەقەری بزوتنەوەی ئیسلامی لای مامۆستا مەلا عوسمان، لە1991/2/18 لەکامیرانەوە بەرێ کەوتین بۆکرماشان کۆبونەوەمان تەواو کردو سەری تاقوستانمان دا جێگایەکی خۆش و گرنگ بوو پاشان چوینە سنە و منیش لەگەڵ کاك رەسول رۆیشتم بۆسەقزو بانە سەعات (10)ی شەو گەیشتینە سەردەشت و مەقەری علاقات لەسەعات (2) ی پاش نیوەرۆوە لەکرماشان دەرچوین لەسەعات (10)ی شەو گەیشتین، لە1991/2/19 هەوڵوتەقەلای سۆڤیەت بەردەوام بوو بۆراگرتنی شەر، هەرئەمرۆ طارق عزیز لەمۆسکۆوە گەرایەوە تاران وچاوی بەئاغای رەفسنجانی سەرۆکی ئێران کەوت کەبگەرێتەوە بەغدادو رەئی صدام حسێن وەربگرێت بۆمۆسکۆ، ئێمە چوینەوە نۆکان، لە1991/2/20 لەگەڵ ئامر هەرێمەکان قسەمان کردو هێزیان ئامادە کرد کە لەرۆژانی 25و26و1991/2/27 بەسێ وەجبە برۆنە خوارەوەو وابریاربوو هەموویان، لە1991/2/20 منیش گەرامەوە بۆسەردەشت و بانەو سەقزوسنە، لە1991/2/21 لەگەڵ ماڵەوەمان لەسنەوە هاتینە مەریوان بۆسەردان و گەراینەوە بۆکانی دینار، لە1991/2/22 طارق عزیز سەعات (3)ی سەر لەبەیانی لەمۆسکۆ لەگەڵ گۆرباشۆف کۆبوەوەو تەرحی شورەویان قبوڵ کرد، هەرئەمرۆ عێراق چەند موشەکێکی دا لەسعودیەو بەحرێن ، طارق عزیز داوای سۆڤیەتی قبوڵ کرد کەلە1991/2/22 هێزەکان لەکوێت بکشێننە دواوە کەبە(19)هەمین پارێزگای عێراقیان دانابوو، لە1991/2/23 لەتایلەند کودەتایەك کراو دەوڵەت روخاو سەرۆك وەزیران سجن کرا،

## سەرەتای را پەرین لەعێراق

لە1991/2/23 لەکانی خەیارن بووم بۆشەوەکەی واتە 23–1991/2/24 سەعات (3/30) ی سەرلەبەیانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هێرشی زەمێنیان دەست پێکرد لەکوێتەوە بەرەو عێراق و بەشێوەیەکی فراوان ، ئێمەش بەرێ کەوتین بۆپشتی بانی بنۆك و ئەشکەوتی دمڵی بۆناردنی پێشمەرگە بۆخوارەوەو پەیوەندی کردن بەو مەفرەزانەی

لەخوارەوە بوون وەزعی ناوچەکەو عێراق زۆر وەزعی خراپ بوو هێرشی زەمینی بەردەوام بوو بەقیادەی جەنەراڵی ئەمریکی شوارزکۆف سەرۆکی هێزی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان لەکەنداو، ئێمە لەشەوی 24-1991/2/25 لەئەشکەوتی دمڵی بوین لەپشتی بانی بنۆك لەسورێن پەیوەندیمان کردو برادەرانمان بەرێ کرد بۆخوارەوە ئەوی کەشمان ئامادەکرد بۆکاتی پێویست بەڵام روداوەکان زۆر بەپەلە دەرۆیشت و ئێمەش فریای نەدەکەوتین بەڵام وەکو هێز تەنها ئێمە هێزمان لەخوارەوە هەبوو چ لەمیحوەری رانیە و چ لەمیحوەری سلێمانی و شارباژێر و شارەزوور لەگەڵ هەندێك مەفرەزەی یەکێتی بەڵام ئەوەی دەوری گرنگی هەبوو رادیوی گەلی کوردستان بوو رادیوی یەکێتی لەوانەیە بپرسین بۆ رادیوی سۆسیالیست و پارتی دەوری نەبوو؟ ئەوەی راستی بێت رادیوی پارتی کەس لێ ی تێ نەدەگەیشت و کەسیش نەی دەکردەوە رادیوی سۆسیالیستیش ئەوکاتە بەئامانەت لای پارتی کرێکارانی کوردستان بوو(PKK) تەنها رادیوی یەکێتی خەڵکی هان دەداو جۆشی دەدا هەروەها جەماوەر متابعەی رادیوی یەکێتی دەکرد وەکو دەنگی بەرەی کوردستانی لێهاتبوو ئێمە زیاتر لە(5)هەزار نامەمان بۆخەڵکی جۆربەجۆری کوردستان ناردبوو بۆخۆئامادە کردن زۆر لەوانە نامەی هەموو لایەنەکانیان بۆرۆیشبون، ئێمە لەدمڵی بوین لەسورێن برادەران لەخوارەوە بەشێوەیەك باسیان کرد ئێمە فریای ئەوە ناکەوین کەبگەرێینەوە کانی خەیاران و پێشمەرگە بەرێ بکەین، لە1991/2/24 لەسورێن بوین خەڵکی شارەزوورم زۆر دی سەرداری برای شەهید جەلال حمەرەشید لامان بوو مەفرەزەیەکی لەگەڵ خۆی بۆناو شاری سلێمانی بۆچاودێری وەزعەکان برد یەکێ لەمەفرەزەکە ئاغای حورمەت بوو سەر بەقەرارگای رەمەزان بوو، لە1991/2/25 ئێمە بەپەلە گەراینەوە کانی خەیاران بۆئامادە کردنی هێزەکان، لە1991/2/26 عێراق زۆر بەخراپی شکابوو(25)هەزار سەربازی لێ گیرابوو داوای کشانەوەی لەکوێت دەکرد بەڵام تازە کارلەکار ترازابوو شەربەگەرمی بەردەوام بوو تەسلیم بون ودەست هەڵگرتن لەجەیشی عێراق بەردەوام بوو هەرئەمرۆش عێراق بەموشەك لەقطری دا، لەسەعات (1)ی سەرلەبەیانی رۆژی 1991/2/26 عێراق بەزۆر لەکوێت دەرکراو ئەوەی گیرا گیرا ئەوەشی دەربازبوون دەربازبون بەرەو عێراق بەرێ کەوتن بەپێ ی پەتی وسەری روت وحاڵی

خراپەوە ئیتر ئەمریکاو هاوپەیمانەکان دەستیان بەسەر کوێت دا گرت وپاشماوەی عێراق لەکوێت نەما، لە1991/2/27 ئەو هێزانەی ئامادەکرابووچونە خوارەوە، هەرلە1991/2/27 (30)هەزار سەربازی عێراقی بەدیل گیراو زۆربەی جەیشی عێراق لەگەمارۆبوون ئەمریکا لەسنوری ناصریەوە (160)کم هاتە ناوخاکی عێراقەوە واخەریکە خوا حەقی کورد لەعێراق وصدام حسێن دەسێنێ، من لەکانی دینارەوە بەرێ کەوتم بۆ مەریوان و سەقزوبانە ماڵی شێخ سەردارو کاك قادرجەباری بۆتەعزیە هاتبون لەوێ بون ، لە1991/2/28 سەعات (8)ی سەرلەبەیانی سەرۆکی ئەمریکی بۆش شەری راگرت لەدژی عێراق ئیتر راپەرین بەقیادەی مجلسی ئەعلای ئیسلامی و پشتیوانی ئێران لەعمارەو ناوچە زۆنگاوەکانەوە دەستی پێکردو بەرەو بصرەو زۆرجێگای کەش دەرۆیشت شەر وەستان بۆئەوە بوو عێراق هەموومەرجەکانی ئەمریکا قبوڵ بکات لەدوای (3)سەعات لەژێر خێمەیەك لەسەفوان عێراق تەنها بە(نعم) وەڵامی ئەمریکای دایەوەوهەموو مەرجەکانی قبوڵ کرد کە(100)سەعات شەربوو هێرشی زەمینی نزیکەی(80)هەزار سەربازی عێراقی بەدیل گیراجگە لەکوژراو کەلە(500)هەزار سەرباز (150)هەزاری دەرچوو بەسەلامەتی ژمارەی دیلی عێراق گەیشتە (175)هەزار سەربازو شکاندنی (3500) دەبابەو (2)هەزار تۆپی گەورە، سوپای عێراق نزیکەی (250)هەزار سەربازو(1000) دەبابەی مایەوە هێشتا بەشی کوردی مابوو، تائەم رۆژە (91)هەزار جار تەیارەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان بەپێ ی هەواڵەکانی شەر لەعێراق و کوێتی داوە لەوماوەیەدا، هەرلە1991/2/28 من وکاك قادرجەباری و کاك نوری چوین بۆمەکتەبی سیاسی ئەوکاتە کاك قادر کێشەی هەبوو ئەوەیەکەم جاربووتائەوکاتە ملی نەدەدا بۆمەکتەبی سیاسی بروات دەیوت دەمگرن بۆیە منیش لەگەڵ خۆم بردم بۆمەکتەبی سیاسی دەرکردن و تەجمیدەکەمان لەسەر کاك قادر لابردبەو مناسەباتەوە کەروی داوە بەڵام وتیان نابێ بگەرێتەوە بۆمەکتەبی سیاسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێت تۆ ئیشی بۆدیاری بکە ئێمەش کۆمیتەی کۆنی سلێمانی کەرکوکمان دامەزراندو کاك قادریش بوو بەئەندامی کۆمیتەکەو لەگەڵ ئێمەدا ووتی دێمە خوارەوە بۆناوچەکان و بەدەم راپەرینەکەوە، لێرەدا دەمەوێت باسێکی شەروەستان و هۆکانی بکەم راپەرین لەخواروی

عێراق بەگەرمی و بەتوندی و رەدفعلی عێراق لەدڵی خەڵکی نارازی و زۆرمعارەزەدا زۆربەتوندی بەرەو پێش دەرۆیشتن و زۆر ناوچەیان ئازاد دەکردو ناوچەیان پاك دەکردەوە بەناوی ئیسلام و شیعەوەو تێکەڵ بوونی پاسداران و دروشمی ئێران و رەسمی ئیمام خومەینی وەکو ئەوەی ئێران بەتەنها لەراپەرینەکەدا بێت و تۆڵە کردنەوە و سەربرین و کوشتن و ئەوەی پێشتر رژێم کردبووی هەربەو شێوەیەبوو، خواروی عێراق لە 60٪شیعەیەو لەسەروی سعودیەش هەرشیعەیە ئەوە وای کرد سعودیەو ولأتانی کەنداو بترسن بەتایبەتی سعودیەو ئێران ئەوکاتە دژی یەك بون وەلەلایەکەوە دەرکەوتنی ئێران لەراپەرینەکەدا پاسداران خۆیان دەیانوت تاعمارەوزۆرجێگای کەش رۆیشتون وزۆرشاری عێراق گەراون ئەوەش وای کرد سعودیە عێراقی ئەوکاتەی پێ باشتر بێت لەوەی شیعە لەعێراق بێتە سەرحکوم و گەورەترین کێشەیان بۆ دروست بکات و ئەوکات کوردیش دەکەوێتە جموجۆڵ بۆیە سعودیە داوای لەئەمریکا کرد بۆراگرتنی شەرەکە دوای لێکۆڵینەوە لەسەری شەرەکەیان لەسەر ئەوهۆیانە راگرت وریگای (2) فرقە جەیش و مدەرەعەو دەبابەیان دا بگەرێتەوە بۆ عێراق بۆسەرکوت کردنی ئەوراپەرینە لەخواروی عێراق کەدەستی پێکردبوو، لەرۆژانی 1و1991/3/2 دەستیان کرد بەسەرکوت کردنی و عەلی حسن مجیدیان ناردە ئەوناوچەیەو هەرزۆری نەبرد سەرکوت کران لەزۆر جێگا، لە1991/3/1 لەمەکتەبی سیاسی بوین لەنۆکان بۆدابەش کردنی ئیشوکارەکان و دەست پێکردن و پەیوەندی کردن بەوهێزانەی لەخوارەوە بون، هەر لە1991/3/1 جەیشی ئەمریکی لەنێوان (ناصریەو سماوە)دا جێگیر بون، لە1991/3/2 لەنۆکانەوە گەرامەوە بۆسەردەشت وسەقزو سنە بەلأم راپەرین لەخواروی عێراق هەرگەرم بوو عێراق بەوهێزانەی کەدەربازیان کردبوو لەراپەرینەکەی دەدا بەتوندی، لە1991/3/3 لەگەڵ کاك قادر وکاك سیدقادرو کاك نوری دا لەسنەوە بەرێ کەوتین بۆکانی دینار و لەوێ هەموو پێشمەرگەمان بەرێ کرد بۆکانی خەیاران و کۆڵ بەرمان نارد بۆشکاندنی بەفرەکە بەکاك نوری مان ووت ئەوە راپەرینە ئێوەش برۆنە خوارەوە کاك نوری ووتی بەخوا هەتا پێشمەرگەی خۆمان لەباریکەو نصرەوە قسەم لەگەڵ نەکەن بەجیهاز کەوا هەمووی ئازاد کراوە باوەرم بەقسەی کەس نیەو نارۆم و سقەم نیە واروخابوو هەتا رۆژی 1991/3/5

راپەرین دەستی پێکرد لەرانیە ئەو هەرنەدەرۆیشتە خوارەوە ئەوکاتە ئامر هەرێم بوو، هەر رۆژی 1991/3/5 هەموو هێزی پێشمەرگەی خۆمان ناردە خوارەوە جگە لە لە(50) پێشمەرگەیەك نەبێت لەگەڵ من دا مانەوە بۆدوای ئیشەکان بەرێ بکەوین وبرۆین، هێزەکانی پارتی هەمووی (262) کەس لەمەقەراتی ئێمەوە لەکانی خەیاران وە بەرێمان کردن دووسێ کەسیان بێ چەك بوون پێشمەرگەی سۆسیالیست رێگایان دان هێزەکانی یەکێتی ئەوەی لەسورێنەوە چونە خوارەوە سۆسیالیست پێشرەویان بون بەلاَم زۆری هێزی یەکێتی لەشارباژێرەوە دابەزین لەمامۆستا جەمال حاجی محمد ئەوکاتە بەتالیۆنی (7) بوو، کاك برهان عیزت بەگی نەوێ ئەو رێگای پیشان دان، مام عبداللەی چەمەکی خۆی پێشمەرگەی سۆسیالیست بووبەلاَم رێگای بەیەکێتی پیشان ئەدا لەئەشکەوتی هەزار ئەستون قاچی پەری هەر ئەورۆژە قاچی کاك ناجی حاجی محمدیش پەری کە پێشمەرگەی یەکێتی بوو، تەنسیقی تەواو کرابوو لەگەڵ ئەو چەکدارانەی سەربەحزب بوون کەچی بکەن و چۆن پێکەوە دەست بەکاربن لەئیشەکانیاندا،

## چەخماخەی را پەرینی کوردستان

سەرلەبەیانی رۆژی 1991/3/5 خەڵکی رانیەو قوتابیان و خوێندکاران پەلاماری ئەمن و مخابراتیان داو لەلایەن دەزگاکانی رژێمەوە تەقەیان لێکراو کپ کرانەوەو کەوتنە دوایان لەمالاَن بۆگرتنیان نزیکەی (30) کەس لەو کەسانەی لەراپەرین بەشداربون نزیکەی سەعات (10)ی سەر لەبەیانی رویان کردە گوندەکانی کونەسەگ ئەوانی کەش بناری کێوەرەش بارانێکی خەست و بەلێزەمە دەباری برادەرانی ئێمەش حەرەسیان هەبوو لەبن ئەشکەوتەکان دابون وتبوویان هەندێك تەقەکراو کۆمەڵێك بەراکردن بەرەو شاخەکە هاتن وادیارە ئیخباری ئێمە کراوە مەفرەزەشمان لە گرجان لەحاجی ئاوا هەبوون برادەران وتیان خۆ ئێستا بارانەوهەورەو لێرەش خۆمان دادەمەزرێنین تادێنە لامان تەقە ناکەین کەنزیك بونەوە لێیان دەدەین و ئەوکات دەتوانین بۆهەر لایەك برۆین کاتێك نزیك دەبنەوە کەچەکیان پێ نابێت ئەوانیش پێشمەرگەکان دەبینن و بانگ دەکەن ئێوە چین! دەڵێن پێشمەرگەی سۆسیالیستین کەکەس لەوناوە نەبوون ئەوان دڵنیا نابن تانزیك دەبنەوە کاك محسین بایز دەناسن و کەدەزانن پێشمەرگەن پێیان دەڵێن لەرانیە راپەرینەو ئەگەر ئێوە

بێن هەموویان دەگرین پێشمەرگە دەڵێن ئێوە وەرن تێمان گەیەنن قسە بکەین..دەڵێن ئێوە پێشمەرگە نین..دەڵێن بەڵێ..ئەوانیش دەڵێن وەرن و قسەمەکەن بەدوامانداد ئێمە بۆرۆژێك دەگەراین رانیە هەموو دەگرین هەندێك لەوانەی راپەرینەکەوە دێن بەپەلەترو لەپێشەوە دەرۆن لەناوشاردا هاوار دەکەن واپێشمەرگە گەیشتنە ناوشار فریاکەون هەموو شوێنەکان بگرن بەجارێك کەهەواڵ گەیشت پێشمەرگە هەرچەندە کەم بوون بەژمارە بەڵام لەروی مەعنەویاتەوە زۆر گرنگ بوو هەرکەس دەستی دایە چەك و راپەرین و پەلاماری مخابرات و ئەمن و هەموودام ودەزگاکان دران و بەهاوکاری چەکدارەکانی ناوشارشەرگەرم بوو بەڵام رژێم مقاوەمەی بۆنەکراو لەدوای نیوو سەعات هەرێمی (10)ی سەفین و کاك صابر هەواڵی رانیەوپێشمەرگەیان پێ گەیشتبوو ئەوانیش پەلاماری چوارقورنەو فیرقەکەیان داو حاجی ئاواش دەستی پێکردو پێشمەرگەیەکمان بەناوی شیروان لەهەرێمی (10)ی سەفین لەفیرقەی چوراقورنە شەهیدبوو ئیتر رانیە پاك کرایەوەو ئەو ریزە بینایەی لای بەنزیخانەکە پێشمەرگەی سۆسیالیست دەستی بەسەردا گرت لەگەڵ بینایەی مخابرات کەدوای بوو بەمەکتەبی سیاسی حزب واتە راپەرین یەکەم پێشمەرگە گەیشتە رانیەو حاجی ئاواو چوارقورنە پێشمەرگەی سۆسیالیست بوون بەهاوکاری رێکخستنەکانی حزب لەوانە کاك بەختیاروزۆری کەیان، هەرلە1991/3/5 ئاغای عیبادی ئەوکات مەسئولی قەرارگای سەردەشت بوولەمەکتەبی سیاسی پارتی پرسی بوو وەزعی کوردستان وتبویان وەڵاسەلامەتی ئێوە شتێکی تازە نیەو ئەوەیە شەر وەستاوەو لەخواروی عێراقیش راپەرین هەیە واتە ئەوەی لەرادیۆ گوێ یان لێبوو ئێرانیەکانیش وتبویان بابە راپەرین لەکوردستان بووەو پێشمەرگەی سۆسیالیست لەرانیەن پاشان ئاغای عیبادی هاتبوو بۆقاسمەرەش لەرێگاتووشی سەیارەی یەکێتی وکۆمەڵێك لەمەسئولەکانیان دەبێت دەڵێت خەبەری خوارەوە ئەوانیش ئاگایان لێ نابێت ئەو پێیان دەڵێت ئەوە راپەرینە لەرانیەو گیراوەو ئێستا لەچورقورنەو حاجی ئاوا شەرەوسۆسیالست یەکێکیان شەهید بووەو شەرەکە بەردەوامە ئەوکات یەکێتی و پارتی هەواڵی راپەرینیان بۆدێت و دەیزانن ئەوراستیانە سەرکردایەتی هەردوولاو ئێران وجەماوەری رانیەو ئەو برادەرانەی ئێمەش لەراپەرینەکەدا بەشداربون زۆرباش ئەو راستیانە دەزانن ئاغای

عیبـادی کەمەسـئولە لەقـەرارگای رەمـەزان هـەمووی بۆبـاس کـردم، لەکاتێکـدا راپـەرین لەکوردسـتان دەسـتی پێکـرد راپـەرینی خـواروی عێـراق لەسـەرکوت کردنـدابوو چـونکە جیاوازی لەنێوان کوردستان و خواروی عێراقدا هەبوو جەماوەری خواروی عێراق لەژێر دەسـەلاَتی رژێـم و خۆشـیان بەشـێك بـوون لـەرژێم تائەوکاتـەو نـەبونی حـزب و رێکخـراو و نـەبونی وەعـی جـەماوەری و مەسـەلەی نەتـەوەیی ئـەوەی کەئـەوانی هـان دەدا مەسـەلەی شیعەو سونی عەرەب و سیاسەتی ناکۆکی مەزهەبی بوو لەنێوان معارەزەو رژێمدا مجلسی ئەعلای ئیسلامیش رێکخراوێکی واپۆلاَین و کۆن و ناسراوی ناو جەماوەر نـەبوو خـەڵکی کۆبکاتـەوە تائەوکاتـەو بەئێـستاشەوە زۆری جـەماوەری عێـراق هەرباسـی حزبـی دەعـوە دەکـەن و یـاحزبی دەعـوە وای کردهەرچـی مجلـس دەیکـات هـەرحزبی دەعـوە دەناسـیٚ و ناسراوە هەرچەندە حزبی دەعوە نەخشی وایـان وەکـو مجلـس نـەبوو لـەو راپەرینـەدا جگـە لـەوەش بـونی ئێـران بـەو قـەبارە گەورەیـەوە ئـەوەش زەرەری لەجولاَنەوەکـە دەدا، ئـەوان هەرەشـەی لابردنـی حـوکمی عێراقیـان دەکـرد بـەلاَم کـورد داوای ئۆتۆنـۆمی دەکـرد ئەوانـە هەمووی جیاوازی بون لەنێوان سەروخواروی عێراق هەروەها لەکوردستان لەساڵی 1961 هـــەتا 1991 شـــۆرش هـــەبووەو جـــەماوەری کوردســـتان جـــەماوەرێکی وشـــیارترو شـارەزاترولەکاتی پێـشمەرگایەتی و شـەرولێزانین دا هەرچـەندە لەراپـەرین وقیـادەی جەماوەری زۆردا کوردیش کۆڵەوار بون بەلاَم بەرەی کوردستانی ئەوانەی بۆداپۆشی بوون و زۆرشـت لەوێـدا شـارابونەوە جگـە لەدەسـتی چـەند حزبـی جیـا جیـا هـەبوو یـەکێتی نیشتمانی هێزێکی کاریگەرو لێزان بوو پارتی هەرچەندە تائەوکاتەش جێگای متمانـەی جەماوەری کوردستان نەبون و هێزی وایـان نـەبوو بـەلاَم وەکـو شـوێنەواری مەلامستەفای بارزانی هەر هەبون،

## هەلاَتنی خۆری ئازادی و چەتری بەرەی کوردستانی

حزبی سۆسیالیست حزبێکی قاڵبوی خەبات و تێکۆشانی (15) ساڵ شاخ و پارتیزان و شەرکەرولەناوجەرگەی جەماوەرەوە هەڵقولاَبون هەبون، لایەنـەکانی کـە یاهـەر لەناوچەیەك بوون یاهەر نەبون هێزی وایان نەبوو حساب بکرێن لەریزی بزوتنـەوەی کوردایەتیـدا جگـە لەحزبی شیوعی عێراق ئەوانیش لەوکاتەدا زۆربەیان لـەدەرەوەی کوردسـتان بـون و هێـزی

چەکداریان کەم بووبەڵام بەشداری هەموو روداو راپەرینەکان بون جگە لەوانەش بەرەی کوردستانی ببووە چەترێك بۆهەموو هێزە کوردیەکان کۆی کردبونەوەو جەماوەریش هەربەوناوەوە راپەری بون و زۆری نامەی لایەنەکانیش هەربەناوی بەرەی کوردستانیەوەبۆخەڵکی دەرۆیشت راستە لەکوردستان ئێران راستەو خۆ هاوکاری نەکرد بەڵام درێغیشی نەکردلەزۆر شت جگە لەوەش هەرحزبێك رێکخستنی تایبەتی خۆی هەبوو لەشارەکان پێشمەرگەو جەماوەری خۆی هەبوو لەئێران سەر سنورەکان غەریب نەبون بەجەماوەری کوردستان و چیاکانی کوردستانیش پشتیوانی هەمیشەیی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان بون جگە لەوانە هانی کوردایەتیش خەڵکی کوردستان بەباش و جاشەوە هەمووی خۆی بەکورد دەزانی و لولەی چەکەکانیان رولە دوژمن کردو لەدوا کۆبونەوەی بەرەی کوردستانیشدا بریاری لێبوردنی گشتی بۆهەموو پیاو خراپ و جاش و مستەشارەکان درا کە هەموو کوردێك عفو بکرێت و بگەرێتەوە بەرەی گەل ئەوەش تەئسیری خۆی هەبوو بۆیە کوردیش راپەری وجەماوەری کوردستان بێ گوێدانە جیاوازی بیروباوەر هەموو بەیەك دەنگ راپەرین دژی رژێم و دەست بەسەر دام و دەزگاکانی رژێم گیراو سەرەتاکەی لەرانیەو پشدەر بوو بەدەروازەی راپەرین جگە لەوەش هێزی ئەمن و ئیستخبارات و مخابراتی زۆری عێراقی لەکوردستان بوو بۆسەرکوت کردنی کورد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتی کوردو منالْ و جەماوەر وجاش و باش و پێشمەرگەو هەواداری هەمولایەك پێکەوە لەسەنگەری کوردایەتیداوبەناوی بەرەی کوردستانیەوە دەستیان بەکار کردورادیۆی (ی.ن.ك) دەوری گرنگ و سەرەکی هەبوو، لە1991/3/6 هێزەکان لەسورێن و شارەزوور لەگەڵ جەماوەردا دەستیان کرد بەپەلاماردانی رژێم، لە1991/3/7 لەناوشاری سلێمانی راپەرین دەستی پێکردو جەماوەر راپەرین و پەلاماری ئەمنە سورەکەو دام ودەزگاکانی رژێم لەناوشاری سلێمانی دران و جگە لەباریکەونصر وعەربەت ومەعەسکەری سەرای سوبحان ئاغا و فرقەی (36) پێشمەرگەی سۆسیالیست وجەماوەر کەوتنە پاك کردنەوەی پاش ماوەی هێزەکانی رژێم لەسورێن و هەورامان و هەڵەبجە و تەواوی ناوچەکە، لەسلێمانی مقاوەمە کرا تا رۆژی 1991/3/8 لەئەمنەکان چەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگە گەیشتنە ناوشارو بەهاوکاری جەماوەر کۆتایی پێهات و

پاك كرايەوە جەماوەرو كەسوكاری شەهيد داخی دڵی خۆيان بەدەزگا داپڵۆسێنەرەكانی ڕژێم دەرشت و كوشتاريان لێ كراو جەماوەر لەترسی ئەوەی ڕژێم دەگەڕێتەوە هەرچيان دەست دەكەوت دەيان سوتاند لەوكاتە من لەكانی خەياران بوم ئەوەی لەوێ مابون بەرێمان دەكردن، لە1991/3/8 بەتەواوی شارەزوور پاك كرايەوە بەبنارەكانی هەورامان و سورێن و شارباژێرو پێنجوێنەوە بەرەو ناوچەی دەربەندیخان وكەلاروكفری لەولاشەوە بۆسلێمانی و چەمچەماڵ هێزەكان بەرێ كەوتن، هەرئەو ڕۆژە چوين تانيوەی ڕێ بەفر ڕێگای نەدا گەراينەوە، لە1991/3/9 سەرلەبەيانی لەسورێن و بانی بنۆك و ئەشكەوتی دمڵيەوە بۆ نەوێ و قاينەجەو مەعەسكەرەكەو چەند سەيارەمان خستە ئيش و ئەو سەربازو ئەفسەرانەی لەسورێنەوە هاتبونە خوارەوە زۆريمان بەسەيارە برد بەرەو سيدصادق و ئەو ناوەو چوينە چەناخ چيان، لە1976 وە تا1991 يەكەم جاربوو برۆمە ناو سەيدصادق وشارەكانی كە بەلآم سيد صادق وێران و تەخت كرابوو ئێمەش چوينە نصرو پاشان بۆباريكەو شەو لەماڵی كاك عومەری حاجی فەتاح بوين لەباريكە، لە1991/3/10 چوينە دەربەندیخان وباوەنورو كەلاروسەردانی هەندێك خەڵكمان كرد كاك محمد حاجی محمود هارونی و كاك حاجی ابراهيم شاتری و كاك حاجی رەفعەت تەرخانی و زۆری كەش لەوێش هێزمان بەرێ كرد بۆسەرليوای خانەقين و ئەوناوە بەلآم ڕێكخراوی نەتەوە يەكگرتوەكان مەجالی عێراقيان دابووكەتەيارەی هەليكۆپتەرو پيلاتۆز هەڵسێنێت بۆپشتيوانی سوپاكەی، ئەوە لەسەر ڕاپەرينی خواروی عێراق و شيعەوبەشداری ئێران وای كرد ئەورێگايە بدەن بەعێراق بۆسەركوت كردنی ڕاپەرينی ناوچەكانی خواروعێراق و سەروی عێراق ، لەهەڵەبجەی تازە بوين و گەراينەوە بۆدەربەندیخان، لە1991/3/11 چوينە سلێمانی و لەدوای (15)ساڵ خەبات و تێكۆشان... چومە ئەمنە سورەكەو ژوورەكان گەراين ئەوەی ئێمە لەناو ئەو ئەمنە سورەكەدا بينيمان لەژێر زەمينەكانيدا جێگای تەعزيب و جێگای هەڵواسين و لێدان و گوريس هەڵواسراوبوو لەژوورەكان وەژووری تەنها كەسی وەلەهەندێ ژوورەكان ئاوی تيابوو وەبۆنی دەهات و خوێن ڕژابوو لەژوورەكان و پێستی سەروتوكی سەر بەديوارەكانەوە بوو پارچە پارچە جلی پياو لەژوورەكاندا كەوتبوو لەگەڵ پاشماوەی كوژراو لەژن و پياو منالْ بەدەستی جەلادەكانی

رژێم وەجلی ئافرەت وشەرواڵی ئافرەت و قژی سەری ئافرەت بەدیوارەکانەوە بوو وەچەند ژوورێکی تر هەبوو پێ دەچوو جێگای بەزۆر فەساد کردنی ئافرەت بێ لەژێر زەمینەکاندا ئەوەندە سوکایەتی بەئافرەت و خەڵکی کورد کرابوو لەو ئەمنەدا زۆر کەس تەحەمولی نەدەکرد ئەو شوێنەوارانەی دەبینی کەپێشتر ئەوانە هەمووی بەنامە بۆمان دەهات بەلاّم کەخۆمان بینیمان بۆمان دەرکەوت کەچەندێ بێ ویژدانن بەرامبەر بەمیللەتەکەمان بۆیە حەقی خۆی بوو کەژن و پیاوی کوردستان پێکەوە داخی دڵی خۆیان بەسەر ئەو تاوانبارانەدا دەرشت و بلۆکیان لەسەریان دەداو دەیان سوتاندن و پانیان دەکردنەوە لەسەر ئەمنە سورەکە هێشتا دەگراو دوکەڵی دەکرد وخەڵکی بەدوای کەسوکاریدا دەگەران، ئێمەش چوینە ناوشارو جەماوەرێکی زۆری شار کۆبونەوە من قسەم بۆکردن لەسەر روداوەکان بەڤیدیۆیش رەسمی گیراوە کەچی بکەین باشەو پاشان سەری بارەگای حزبمان دا کەبرادەران پێشتر لەگەڵ ئەوانەی شار دایان نابوون لەهەوارە بەرزە لەمەکتەبێک کاک

مەلاجەبارو کۆمەڵێك مەقەرەکەیان دانابوو کەپێشتر پۆلیسی نەجدەی سلێمانی بون بۆشەوەکەی ئێمە گەراینەوە باریکە، لە1991/3/12 چوینە نصرو پاشان بۆدەربەندیخان وکەلار کاك شیروانیش لەرانیەوە گەرابووەوە بۆکەلار لەوێ بوون سەردانی هەندێك جێگامان کردو گەراینەوە بۆشارەزوور، لە1991/3/14 لەسلێمانی بوین کاك عومەری حاجی عنایەت ووتی نادی ئەزمر زۆر باشە برادەران مەقەریان لەنادی ئەزمر دانا بەبارەگای لقی سلێمانی ، لە1991/3/15 کۆبونەوەی لق مان لەسلێمانی کردو ئەوانەی لەشارەوە هاتبوون واتە رێکخستنی حزب بوون خۆشیان لەوێ دەست بەکاربوون لەئیشوکاری حزب و هەندێك لەوانیشمان ئیزافە کرد بۆلقی سلێمانی و ئەوانیش حەقی خۆیان بوو بۆتێکەڵ بوونی دەرەوەو ناوشار پێکەوە لەوانە کاك رەشید عارف و کاك ئەحمەد رەشیدمان بۆلق ئیزافە کردو لەناوشارو لەولاش بۆناوچەی سلێمانی چەند کەسێکی کەمان ئیزافە کرد ودەست بەکاربون زۆر مەشغوڵ بوین هەزاران کەس لەحزب

کۆبوەوە لەسلێمانی ئیتر پێشوازیمان لەخەڵك و میوان دەکردو خەریکی ئیشوکاربوین، لە1991/3/16 هەرلەسلێمانی بوین،

## بیرکردنەوە لەئازاد کردنی کەرکوك

لە1991/3/17 یەکەم رۆژی رەمەزان بوو بەرۆژو بوم لەمەقەر خەریکی ئیشوکار بوین و خەریکی خۆئامادە کردن بوین بۆکەرکوك پێشتر لە1991/3/1 لەبارەگای مەکتەبی سیاسی لەنۆکان بوین کاك رەسول رەئی جیاوازبوو لەگەڵ پێشوو وەزۆر تەئکیدی دەکردەوە کەدەست لەدەزگاکانی حکومەت نەدرێت و بەناوی بەرەی کوردستانیەوە لەجیاتی مدیری ناحیەو قائیمقام بنوسرێت لیژنەی بەرەی کوردستانی فلاَن جێگاو دەست لەهیچ نەدرێت وەلەتەعلیماتی حزبیش هەمان رەئی نوسرابوو ئەوەی کاك رەسول تەئکیدی لێ کردەوە ئازاد کردنی شاری کەرکوك بۆ(3) رۆژیش بێت گەورەترین سەرکەوتنە بۆکورد بۆیە ئێمەش هەرلەوێ وە بیرمان لەئازادکردنی کەرکوك دەکردەوە، لەورۆژانەی دوای راپەرین یەکەم کەس گەیشتە رانیە لەقیادەی حزب و کورد رۆژی 1991/3/7کاك رەسول مامەندبووقسەی کرد بۆجەماوەری راپەریو بۆیەکەم جار، دوای ئەویش کاك نەوشیروان و کاك مەسعود بەناوی قیادەی بەرەی کوردستانیەوە هاتنە خوارەوە بۆکوردستان و لای رانیەرۆژی 1991/3/10 پاشان بەرەو سلێمانی هاتن کاك فەرەیدون وکاك شێخ عەلی وزۆری کەشیان لەوکاتەدا، لە1991/3/17 ئێمە هێزەکانمان ناردە بەری کەلارویەلاماری خانەقینیان دا لەگەڵ هێزێکی یەکێتی دەست بەسەر بەشێکی خانەقین و چەندین مەعەسکەری ئەوناوە گیرابوو کەکاك فەرەیدون لەوناوچەیەوە بوو لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان وەکاك شیروان شیروەندی لەسۆسیالیست لەوێ بوو منیش جار جار سەردانم دەکردن، لە1991/3/18 لەکەلاربووم شەهیدمان هەبوو ئێمە و یەکێتی لەخانەقین کاك عەلی بچکۆل و هەندێك لەمەسئولەکانی سۆسیالیست وکاك نوری لەوسنورە بوون کاك عەلی برام و مەفرەزەکەی خۆشم هەرلەسنوری خانەقین بوون و تەنگیان بەخانەقین هەڵچنیبوو (12) شەهید لەناو خانەقین بەجێ مابوون لەوانە شەهید عەلی برای شەهید سالار جاف، هەواڵێکیان دا کەوا شەوی 17-1991/3/18 پارتی و یەکێتی بێ ئاگاداری سۆسیالیست هێرشیان کردووە بۆکەرکوك وشکاون کاك قادر قادرو

کاك دەرویش ئاغاو ئەوان هەندێك جەنازەشیان بەجێ هێشتووە و سەرکەوتوو نەبوون یەکێتی لەقۆڵی لەیلانەوە و پارتی لەقۆڵی خاسەوە هەردوولا شکاون (3) هێرشیان کردبوو لە 17و1991/3/18 شکابوون کاك مولازم عومەروئەوان گەرابونەوە لەبەرەی کوردستانی و هۆڵی رۆشنبیری هێز کۆبکەنەوە ناردیان بەدوای مندا، من بەکاك مەلا فائیق دا قوەتێکم ناردبوو بۆئەوێ لە16و1991/3/17 بۆقەرەهەنجیر و لەوێ برادەرانی پاسۆك کاك مولازم شوان لەوێ بون ئاگاداری هێزەکانی ئەساسی وئەوەی سەربەحزب بوون کرد لەسلێمانی لەمەقەری لق ئامادە بن تامن دەگەمە لایان من لەکەلارەوە گەرامەوە بۆباریکەو نصرو هەڵەبجەی تازەو هێزەکان بۆ1991/3/19 لەبارەگای لق ئامادە بن لەسلێمانی خۆشم چومەوە سلێمانی تا دوای نیوەرۆ زیاتر لە(1000) کەس کۆبونەوە هەموو کۆڵانەکان و جادەرێگا نەبوو پەیتا پەیتا بەرێمان دەکردن لەوکاتەدا سەیارەیەکی حزبی دیموکراتی ئێران هات کاك حمە نزیفی قادری تیابوو سەردانیان کردین پرسیاری ئەوەیان کرد کەچی ئەکەین وتمان ئەچین بۆگرتنی کەرکوك هێزەکانمان بەرێ کردبۆقەرەهەنجیرو ئێوارەش خۆم چومە چەمچەماڵ و بۆقەرەهەنجیر لەودیوی روی کەرکوکەوە رەبایەك لەدەستی چەپی جادەکەبوو لەسلێمانیەوە بۆکەرکوك دەرۆیت چومە ئەوێ کاك دەرۆیش ئاغاو کاك قادرقادرو کاك ئازاد قەرەداغی وکاك مولازم عومەروکاك مولازم شوان لەوێ بون تامن گەیشتم ئەوان هەموو جێگاکانیان دابەش کردبوو کەچۆن هێرش بکرێت لەهەردوو دەستی لەیلان و خاسەوە پێشمەرگە بروات و هێرش بکەن لەجادەوە رۆژی پێشوو نەیان توانیبوو جەنازەشیان بەجێ مابوو نەگەیشتبوون لەوێوە نەرۆن یەکێتی و پارتی بەم شێوەیە بون، ئەوە پێشتر لە1991/3/11 هەولێریش راپەری و ئازاد کرا، لەشەوی 19-1991/3/20 هێزی یەکێتی وپارتی وشیوعی بۆرەحیم ئاواو ئیسکان و مەقەری فەیلەقی یەك و بەرەو کەیوان و شەریکەی نەوت و مەعەسکەر خالید و ماڵی عەلی حسن مجید، ئەوەی بۆئێمەو پاسۆکیان دانابوو هەر لەوتارەکەی یەکێتی ساڵی 1984 لەنامیلکەیەکدا بلاویان کردەوە کەعێراق ناروخێ مەگەر هەربەلەشکرەکەی حسك وپاسۆك لەکەرکوکەوە بەرەو خالص بەرێ کەون وبەغداد بروخێنن دابەشەکەش هەرلەوە دەچوو چونکە هێزی پاسۆك کەم بوون ئەو جێگایانەش بۆئێمە بوون کەمن گەیشتم کاك مولازم عومەر

**خوێندیەوە ووتی تاتۆ هاتویت لێرە دابەشی جێگاکانمان کردوەو برادەرانی ئێوەش لێرەبوون سەیری نەخشەکەم کرد بەم شێوەیە بوو (ئەمنی بەلدە، بلدیەکە، پارێزگا، مەقەری حزبی بەعس فرع کەرکوك، ئەمنی کەرکوك، هەیئەی خاصەی کەرکوك،رادیۆو تەلەفزیونی کەرکوك، حی صناعە، جادەی بەغداد کەرکوك خالص) جا لێرە چەندین هێزو رەبایەو مەعەسکەرو قوەی یەرموك و دەیان قوەی لەوبابەتەو مەعەسکەر و مەقەری جەیش شعبی تێدا بوو سەیرم کرد ووتم کوێ ماوە بۆئێمە دانەنرابێت کاك مولازم عومەر بەپێکەنینەوە ووتی لەوێ هەموومان یەك دەگرینەوەو لەهەر لایەك پێویست بوو بۆی دەرۆین و گرنگ نیە من قسەم نەکردو لەسەری نەرۆیشتم بەڵام بەکاك مولازم عومەرم ووت من لەجادەوە دەرۆم تانزیك سەیتەرەکەی کەرکوك لەوێش بەجارێك سەیارە لایت داگیرسێنێ ئەوان شەریان پێ ناکرێت و سەیارەی هێزی پێشمەرگەو ئەو خەڵکەش بۆتالآن هاتبوون ئەتوانم بڵێم بەری سەیارە بێ لایت گەیشتە سەیتەرەکەی کەرکوك و دوایەکەی لەقەرەهەنجیر تێپەری بوون ئێمە لەپێشەوە چوین نزیك سەیتەرەکە بوینەوە شەرێکی کورت بوو چەند ئار.بی.جی ودۆشکا لەگەڵ ئەوە ئێمە دابەزین و پێشمەرگە لەهەموو لایەکەوەدەستی گەیشتە ناوشارو لەگەڵ تەقەدا هەموو لایتی سەیارەکان داگیرسا ئیتر رژێم چاوی لەوهەموو لایتەبوو شەری پێ نەکرا جگە لەهەڵهاتن نەبێ، لەسەعات (8)ی شەوی 19–1991/3/20 چوینە سەیتەرەکەی کەرکوك و پێشمەرگەش لەپشتەوە دەرۆیشتن من و کاك مولازم عومەر پێکەوە بوین لەسەر جیهازێکی راکاڵ لەسەیارەدابوو کاك عومەر قسەی لەگەڵ علاقاتی سوریا دەکردودەیوت وامن لەسەیتەرەکەوە قسەت لەگەڵ دەکەم هێزەکانی یەکێتی گەیشتنە ناوشاری کەرکوك باسی کەسی کەیان نەدەکرد من لەپەنایە وەستابوم باسی ئەوەی نەکرد کەوا سۆسیالیستمان لەگەڵ دایەو ئەوانیش هاتون بەهەرحاڵ جیهازە هۆکی تۆکیەکانی ئێمە لەناوکەرکوکدا پەیوەندییان دەکرد کەهەر قوەتێك گەیشتونەتە کوێ یەك جیهازی هۆکی تۆکی یەکێتی لای ئێمەدا تەشویشی خستبووە سەر جیهازەکان بانگی دەکرد مام رۆستەم مام رۆستەم بەکامیرای ڤیدیۆیش رەسمی ئەو وەزعەمان گرتووە ئەو قسانەش کراوە دەرچووە لەکامیراکەدا تەنها هێزێك لەوکاتەدا کەکامیرای ڤیدیۆی پێبوو ئێمە بوین ئیتر ئێمە لەوێوە بەرەو ئەو هێزانەو ئەو**

جێگایانەی بۆهێزەکانی ئێمە دیاری کرابون بەرێ کەوتین و گەیشتینە بەلەدیەکە و لەوێ شەربوو ئێمە زۆر شارەزا نەبوین برادەرێکی خۆمان سید رەشید ئەو شارەزابوو لەگەلَ ئێمەدابوو هەرێمی (2و3و5و21) وزۆری کەشمان بەرێ دەکرد مەفرەزەی هەرێمی (1) بەرەو پارێزگا لەبەنزیخانەیەکدا تەقەیان لێکراو گوێم لەهاواری پێشمەرگە بوو گەیشتمە سەری ووتم چیە ووتی بریندارم هەرلەوێ کاك عەلی برام گەیشتە لام و هەلَمان گرت تەقە زۆربوو لەوراستە هێنامانە پەنای دیواری بەلەدیەکە وتمان کویت بریندارە ووتی بریندار نیم وتمان بۆوات ووت ! ووتی نەمتوانی هەلَسم مەسئولەکەیان هاتە پیشەوەو قسەی پێ ووت وهەندێك لەقەی لەقاچی دا ووتی بۆوات کرد فلاَن کەس واتە مەبەستی من بووچەند سالَە ماوە ئێستا لەسەر تۆ خەریك بوو بکوژێت ! ووتم ئێوە پێشمەرگەی کوێن ووتی ئێمە بەتالیونی (7) ی یەکێتی نیشتمانی کوردستانین ودابراوین (7) پێشمەرگەین کەوتوینەتە لای ئێوەوە تائەوەمان کرد پەرینەوە کەوتین بەسەر (3) دەبابەدا وادیاربوو دەنگی ئێمە هات منالێك هاتە لامان تارمایی دەبابەکان نەمانزانی دەبابەیە تاکەوتین بەسەریدا وادیاربوو ئەو منالَە ئەوان ناردبوویان ئەگەر نەگەرایەوە هەلَهاتبون بۆمەقەری فرعی حزبی بەعس و مەقەرێکی جەیش شعبی هەرلەوێدا بوون کاك مەلا فائیق وبرادەران گەرانەوە وتیان ئێمە پارێزگامان گرتووەو زیاتر لە(200) سەیارەی لێ یە و بەتەواوی پارێزگا گیراوە پێشمەرگەمان لێ داناوە بەرەو مەقەری فرع چوین مقاوەمەیان کرد پێشمەرگە خەریك بوون دەبابەیان خستە ئیش بەلاَم زۆریان هەولَدا دوانیان خستە کار ویەکێکیان پاتریەکەی مردبوو، شەو پێشمەرگەمان لەبلدیەکەو بەنزیخانەکەو پارێزگا داناو منیش لەگەلَ (100) پێشمەرگە لەئوتێلێك خەوتین وتم تابەیانی رۆژ دەبێتەوە چونکە بەوشەوەو ناشارەزاین شتێك ناکرێت وابزانم جادەی ئەحمەد ئاغا بوو ئێمەی لێ بوین بەلاَم ئێوارەکەی موکەبەرەمان لەسەر سەیارە دانابوو وەموکەبەرەی بچوك بەدەست پێشمەرگەوە بوون بەکوردی و عەرەبی و تورکمانی قسەیان دەکردو ئەوجەماوەرە پێشوازیەکی واگەرمیان لێ کردین باوەرناکەم قەت پێشوازی دلَسۆزانەی والەکانی دلَەوە کرابێت بەتایبەتی تورکمان ژن و منالَ وگەورەو بچوك هاتبوونە سەر رێگا بەکولیچەو ئاوو نان بۆ بەخێرهاتنەوەمان نیوەی لەخۆشیدا دەگریاو

فرمێسکی خۆشیان دەرشت و ئاویان بەسەیارەو دەم و چاوماندا دەکرد وادیاربوو وەکو دەستور کەسێك بچێت بۆشوێنێك ئاوی لەبەر پێدا دەرژێنن گەورەترین پێشوازی کراین شەوتا تاسەعات (1)ی شەو لەشەربوین لەسەعات (1) بۆ (8)ی بەیانی لەئوتێلەکە بوین بەیانی هەستاین وەکو بۆ دەوام برۆین هێزمان بۆ سەر ئەمن و هەئیەی خاصە ناردبوو منیش لەگەڵ هێزێك بۆسەر فرعی حزبی بەعس رۆیشتین مقاوەمەیان کرد لەوێ دووپێشمەرگەمان لەهەرێمی (1) شەهید بوو لەگەڵ (3) بریندار بەڵام ئێمە هەر چوینە پێشەوەبۆیان لەسەعات (10)ی سەلەبەیانی لە(100) مەتری فرع دا لەنزیك مەقەری جەیشی شعبی من برینداربووم لەشانی راستم نەم هێشت بزانن بەڵام پێشمەرگە خوێنیان دی لەپشتمەوە پێیان زانیم، لەسەعات (1/30) مەقەری فرعی بەعس مان گرت نزیکەی (50) جەیش شعبی کوژرابوون چوینە مەقەرەکەو پێشمەرگەمان لێ دانا پاشان چوینە پارێزگا لەپارچەیەك داری گەورە لێمان نووسی مەقەری لقی کەرکوکی حزب یەکەم رۆژنامەو یەکەم هەواڵی جیهانی ئەوەی پارێزگای پیشان دا کەناوی حزبی سۆسیالیستی لەسەر نوسرابوو، پاشان هێرشمان کرد بۆسەر ئەمنی کەرکوك هەیئەی خاصەو هەموو فرعەکانمان لەسەعات (11) ی سەرلەبەیانی گرت و قوەی یەرموك وهەموو رەبایەکانی تەیارەی هەلیکۆپتەرو تەیارەی پیلاتۆز هاتنە سەرمان(2) هەلیکۆپتەر پێشتر کەوتنە خوارەوە لەسەر کەرکوك زۆری هەربەچەکی خۆیان تەقەمان لێ دەکردن پەلاماری قوەی یەرموکمان دا کەئەمنی دەپاراست بەرگریان کرد هەندێك جێگا بە ئار.بی.جی ئاگری گرت من چومە سەربانی ماڵێك لەخۆرئاوای ئەمنی کەرکوك بۆئەوەی تەقەی لێ بکەم بە ئار.بی.جی سوتفە ماڵەکە کورد بوو زۆر رجای لێ کردین ووتی ئێمە کوردین پاشان دەمانگرن بەکاك حمەی رەمەزانم ووت ئار.بی.جی یەك بدە لەهەورەبانەکەی ئەمنی کەرکوك چونکە لەوێوە تەقەیان دەکرد ئیتر هەڵهاتن من پێش هەموو شتێك بۆژێر زەمینەکەیان چووم قوفڵێکی گەورەی پێوەبوو ویستم تەقەی لێ بکەم لەناوەوە هاوارێکی زۆردەکرا لەکوردو تورکمان وعەرەب بەپارچە ئاسنێك تالیبەر شکاندمان نزیکەی (500) کەس دەبون هەمووی پێیان پەتی بوو پێڵاویان لەپێ نەبوو لێمان دور خستنەوە ووتمان مەترسن ئێمە پێشمەرگەین ئێوەش ئازادن و شارهەمووی گیراوە باوەریان نەدەکرد وەکو

شێت رووبەرومان هاتن خەریك بوو بەژێر پێوەبین چون بۆحەوشەی ئەمن لەسەرەوە سەیرێکی ئەمنیان کرد بەردەمی ئەمن جادەیەکی پان بوو بەراکردن لەجادەکەش پەرینەوە زۆریان سەیری دەوری خۆیان کرد کەوا راستەو ئەمانە چونە ئەوبەری جادەکەش کەس بانگی نەکردن و رۆیشتن لەهەندێکیانم پرسی لەکەیەوە لێرەن وتیان لە(10)ساڵەوە تا(10) رۆژی تێدایە بە(10) رۆژ پێش ئەوە چەند هەزار کەسێك لەگەنجی کوردی کەرکوکیان گرتبون گەرانەوە داوای چەکیان دەکرد یەکێکیان هات بۆلای من ووتی وەرە بۆسەرەوە ژوورێکی پیشان داین هەموو شریتی ڤیدیۆو ئەوکەسانەی کەگیرابون وگولەباران کرابون هەموی تێدابووژورێك چەکی مسادەرەی کۆن وگران بەهای تێدابوو لەتاپروچەکی کەش ژورێکی کەش پربوو لەصندوقە دەمانچەی چواردەخۆری جۆربەجۆر پێشمەرگە بەباوەش هەڵی دەگرتن دەمدانێ ئەوەی لای من گرنگ بوو شریتەکان بوو زۆریم تەسلیم بەکاك محمد رەمەزان کرد وادیاربوو دوایی هەموی فەوتاندبوو (3) شریتی مابووە هەرچی فایل و موستەمسەکی تێدابووسەیارەم لێ بارکرد وادیاربوو هەندێکی لەسلێمانی بەجێ مابوون فایلی ئەوەش کەپێشمەرگەو کەسی لایەنەکان کێ پەیوەندی بەرژێمەوە هەبووە ئەوەشم هێناو فایلی ئەو حزبانەی یەکێتی و پارتی و سۆسیالیست هەریەکە فایلی تایبەتی خۆی هەبوو بەوردی لەدەفتەرێکی گەورە نوسرابون شێوەی رێکخستنی و جۆری حزب و شەخسی ناوحزبەکان هەموو باس کرابوون زۆر شتی کەش ئەو هەموو سەیارەیەش پێشمەرگەو ئەوەش بۆتالآن هاتبون زیاتر دەیان بردن چەند جارێك چوینە سەربانێك تەقە لەئەمن بکەین باش لێ ی نەئەدا ئار.بی.جی چوینە ماڵێك کوردبون ووتی کاکە ئێوە ئێستا لەماڵەکەی منەوە تەقە دەکەن وبەیانی رژێم بێتەوە ماڵ ومناڵی من ئیبادە دەکات ورێگا نادەم برۆنە سەربانی خانوی من وازمان لێ ی هێناو چوینەسەربانێکی کەش قوەی یەرموك زیاتر لە(50) لاندکرۆزی لێ وەستابوو ئەوەی مقاوەمەی دەکرد هەر لەوماڵانەدا خۆیان شاردەوە پێم وایە کەس دەرنەچوبون عەرەب زۆر هاوکاری ئەوانی دەکرد زۆربەکەمی دەهاتنە لای ئێمە، دوای ئەوانە بەرەو رادیوو تەلەفزیونی کەرکوك بەرێ کەوتین دوای مقاوەمەیەکی کەم دەستمان گرت بەسەریدا کاك قادرجەباریان ناسی مدیری رادیۆو تەلەفزیون مهندسێکی مەسیحی بوو یەکێ

لەموزیعەکان ناوی هاشم جەباری بوو ئەویش لەوێ بووپاشان چوینە ناو رادیوو تەلەفزیون زۆر شتی تێدابوو (3) محطة یا(3) جیهازی پەخشی تەلەفزیونی لێبوو لەسەر تایە بوون مدیرەکە ووتی ئەوانە تازەن لەکوێتەوە هاتوون هێشتا ئیشیان پێ نەکراوە بەهەزاران صندوق پارچەی یەدەکی تەلەفزیونی لێبوو ئەو رۆژەش تائێوارە پێشمەرگەمان دانابوون کەئەو (3) محطەو لەگەڵ میکسەرو هەندێك ئەشیای پێویستی رادیوی هەرچەندە ئەو ووتی رادیوی گەورە لەدارەمانە لەوێش زۆری لێبوو هەموومان ئامادەکرد دووسەیارەمان دانا تائەوشتانە باربکەن بیبەین بۆسورێن و بگەرێینەوە ئێمە بەرەو حی صناعەو جادەی بەغداد کەرکوك بەرێ کەوتین، لە1991/3/20 لەسەعات (10)ی سەرلەبەیانی بریندار بووم پاشان منظومەی شمالمان گرت و سەیتەرەی کەرکوك بەغدامان پاك کردەوەو لەیەکێك لەگوندەکان لەسەرپردەکەی بەرەو تازەخورماتوو دەروات مەقەرێکی جەیش شعبی لێبوو زیاتر لە(10) جیهازی راکاڵی گەورەی بەکاملی لێبوو هەموی گیراو چوینە (4-5) گوند کەکورد بون عەرەبیان تێ هێنابوو زۆرترسان وهەندێکیان رایان کردبوە مەعەسکەرەکەی لای صناعەکە ئەو رۆژە هەموو ئەو جێگایانەی دیاری کرابون بەزیادیشەوە تاسەعات (12) ی نیوەرۆ تەواومان کرد تانزیك حی صناعەو لەولاشەوە پردەکەی دەچێتە تازەخورماتوو پاکمان کردەوە پاشان گەرامەوە ووتم شتەکانتان گواستۆتەوە یانە ووتیان شتی باشتر بوون ووتم چی بوو لەوانە باشتر وتیان هەر لەپەنایدا تایەو رۆن بوە وادیاربوو مەخزەنی تایەو رۆن لەوێ دابوو  شکاندبویان لەجیاتی ئەوە من بۆحزبم پێویست بوو ئەوان نەیان هێنابوو تایەو رۆنیان بارکردبوو هەندێکی هەر لەمحافظةو ئەویش هەر لەسلێمانی  خۆیان دابەشیان کردبوو ئەو هەموو شتە چاکەیان لەدەست کردبوو هەر لەهەمان کات مامۆستا عمری ئاوەکەڵە ئەویش لۆریەکی هێنا وام زانی هێناویەتی شتی لێ باربکەین  وتی بەکرێم گرتووە هەندێ ئەشیای پێ باربکەین وادیاربوو ئەویش بردبوی بۆخۆی ، لەرۆژی دوایی هەر چۆڵیان کردبوومامۆستا جەمال حاجی محمد دوای ئەوە چوبوە ئەوێ رۆژی دوایی نازانم ئەو شتانەیان هێنابوو یانە دوای ئەوەیش برادەرانی حەرەکەش سەری ئەوێیان دابوو ، لەئێوارەی 20 -1991/3/21 ئاگری نەورۆز بەئازادی لەشاری کەرکوکدا بۆیەکەم جار

بکرێتەوە دوکەڵی نەوتی بابەگورگورو ئاگری نەورۆزو هەڵپەرکێ و قولەی ژن ومناڵ و خۆشی هەموو لایەکی گرتبوەوە سەرلەبەیانی 1991/3/20 بوو کابرایەکی تەمەن (45) ساڵە هات و ووتی پیاسەیەك بکەم وتمان فەرموو کابرا زیاتر لە(10) جار لەبەردەم قاڵدرمەکانی محافظەوە رۆیشتە ئەو سەرو هاتەوە ئەم سەرو هەنگاوی لەسەر خۆو بەقەناعەتەوە دەناو زۆر بەهێواشی دوای پیاسەکەی هات و تەوقەی گەرمی لەگەڵدا کردین ووتی ئەوە (30) ساڵە بەئاواتەوەم بەبێ ترس لەبەردەم ئەو پارێزگایەوە بڕۆم رێگایان نەداوە لەجادەکەشەوە هاتوچۆ بکەین و هەرگیز نەمان وێراوە سەیری بکەین لەترسی ئەمن و ئیستخبارات وائەمرۆ بەدڵێکی رەحەت و بێ ترس بۆیە ئەو ئاواتەی خۆم بەدی هێناو ئەو پیاسەیەم کرد ئیتر بشمرم قەیناکا کەبەئاواتی خۆم پارێزگای کەرکوکم دی بێ بەعس و پێشمەرگەی تێدابوو، بەهەموو ئامر هەرێمەکانم ووت وەرەقە بکەن بۆخەڵکی و عەزیەتی کەس نەدەن، بەیانی 1991/3/20 کاك قادر جەباریمان ناساند کەمەسئولی بەرەی کوردستانیە لەکەرکوك شتێکمان بۆ نوسی و لەژوورێك هەڵمان واسی و کاك قادرخۆی خەڵکی کەرکوك بوو لەشۆرشی ئەیلولیش لەوێ ببوو دەیان ناسی تورکیشی دەزانی و دەستە دەستە پیاوە ناسراوەکانی شار لەکوردو عەرەب و تورکمان سەری مەقەری سۆسیالیست و هەر لەوێ بەرەی کوردستانیان دەدا کاك قادر دوای ئەو هەمو گیروگرفت وبۆڵەبۆڵەو کێشەی لەگەڵ کاك رەسول ئەوجارەش خستمانەوە گەرو کارکردن، تورکمانەکان داوایان کرد ئەنجومەنی گەرەکەکانیان بۆدروست بکەین هەرلەخۆیان هەمووی خەڵك چەکی هەبوو بەهۆی شەری عێراق ئێرانەوە لیژنەمان دانا زیاتر لە (150)ئەنجومەنی گەرەك دروست کراو هەرواش بەردەوام بوو خۆیان حەرەساتیماڵی خۆیان دەگرت هەر چەندە فرسەتیان دەهێنا لەیەك بۆ تالآن کردن بەلآم هەرباش بوو کوردی کەرکوك نەی دەوێرا خۆی زۆر لەقەرەمان بدات عەرەب خۆیان بەلایەنگری رژێم دەزانی زۆر نزیك نەدەکەوتنەوە بەلآم تورکمان بێ ترس و بەوپەری دڵسۆزیەوە پشتیوانیان لەشۆرش وپێشمەرگە دەکرد لەوانەش هەندێك ترسی ببوبێت بەلآم زۆری پێیان خۆش بوو لەلای ئێمە یەکێ هاتبوو دەگریا ئەمانوت بۆچی دەگریت وامزانی سەیارەوماڵی تالآن کراوە ووتی لەخۆشیدا گریانم دێت شتی وام نەدیووە کورد

لەکەرکوکدا حاکم بێ بۆیەلەخۆشیدا دەگریم پێشمەرگە زۆری لاسەیربوو لەخۆشیدا بگری بەدوای پێشمەرگە بۆ نان خواردن و دەعوەت ئەوەی بێ سنوور بوو بەلاّم تالاّن و برۆیش هەرهەبوو هەموو شوێنەکان دیاری کرابوون بۆئازادکردن هەموو گیرابون جگە لەمەعەسکەر خالید نەبێ کەبۆپارتی دیاری کرابوو بۆیان نەگیرابوو یەکێتی و پارتی هەندێك لەوە نارەحەت بوون بەتایبەتی یەکێتی کەبەناوی بەرەی کوردستانی و بۆپارێزگای کەرکوك مەقەری سۆسیالیستە هەرجارەی بەناوێك گێچەڵیان پێ دەکردین ودەیانوت بائێرە بکەینە مەقەری بەرەوئەوەی نوسراوە مەقەری سۆسیالیست لای بەرن ئەوەشمان قبوڵ کردو مەقەری لقمان بردە جێگای فەرعی تامیم ی بەعس و لەوێ دامان ناو کاك شێخ سەردارو کاك نەوزاد رۆژبەیانی مان لەوێ لێ دانا ووتیان ئەو ئەشیاو شتانە کۆکراونەتەوە بۆ بەرەی کوردستانی و هەر سەعاتێك گێچەڵێك پاشان چوین سەری شەریکەی نەوت بدەین لەرێگا سەیتەرەیان دانابوو وتیان قەدەغەیە لەمەولا کەس بروات بۆکەیوان، ووتمان پێشمەرگەین رێگایان نەدا خۆشەر ناکەین گەراینەوە هەر بەنزیخانەیەك دوو کەسیان لێدانابوو بەنزینیان نەدەدا وەرەقەی بەرەمان دەوێت ، وەرەقەی بەرە.. کاك قادر یامن ئەندامی قیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی بووم نەی دەخوارد بەلاّم سەرتیپێك یائامر بەتالیونێکی یەکێتی بینوسیایە بەناوی بەرەوە دەی خوارد بۆخۆیان هەموو شت حەلاڵ بوو بەلاّم بۆئێمە حەرام بوو هەتا لەگوندەکانی خواروی سەیتەرەی بەغداد دوای ئەوەی کەگیرابوون هەندێگ پێشمەرگەی یەکێتی هاتن کەوتبونە ئەو ناوە بۆ مریشك وشتی تر ووتم ئەوە بۆوا دەکەن ووتیان ئەوانە مریشکی عەرەبن هێناویانەتە ئەو گوندە کوردانەوە دەبێت بگرین دوایی بەماموٚستا جەمال م ووت رێگایان نەدەن هەندێك شت بکەن بەلاّم بەگشتی پێشمەرگە لەناو خەڵکەکەدا دیار نەبوو لەبەر ئەوە هەموو کەسێ شتی خراپی دەکرد بەکەیفی خۆی بەلاّم ئەو ماوەیە جەماوەری کەرکوك هاتن زیاتر لە (20) هەزار وەرەقەی سۆسیالیست بۆخەڵکی کرابوو خەڵکی شاریش سەری کاك قادری دەدا، من یەکێك لەئەو خۆشیانەی یائەو لەزەتەی وەرم گرت لەژیانی شۆرشدا ئەو کاتە بوو کەلەئەمنی کەرامەوە پەرینەوە بۆبەری رەحیم ئاوا و ئەحمەد ئاغا و بەرەو پارێزگاری شار رۆیشتم لەخاصە پەریمەوە ئەو بەرەوە یەکێك بوو

لەسەرکەوتنە گەورەکانی کورد قسەکەی کاك رەسولم لەبیربوو دەیوت بۆ(3) رۆژیش بێت هەر سەرکەوتنە بۆکورد، لەرۆژی 1991/3/21 لێشاوی خەڵك بەرەو کەرکوك هات وئێمەش پێشمەرگەمان ناردە ئەو جێگایانەی پێویست بوون بۆپاراستن چونکە رژێم هەوڵی دەدا بەشەو تەقەو تۆق لەشاردا هەر هەبێت، من لەرێگای سەیتەرەی کەرکوك – بەغداد لای تازە خورماتوو بوین خەڵکی تازە خورماتوو خۆیان راپەرین و ئازادیان کردبوو هاتبوون داوای پێشمەرگەیان دەکرد ناردمان بۆلای کاك مولازم عومەر ئەو پێشمەرگەی لەگەڵدا ناردن بۆتازە خورماتوو ئەو رۆژەش من لەو گوندانەی سەر رێگای بەغداد کەرکوك بووم لەدەستی چەپی جادەکەوە دەچیتە بەرامبەر حی صناعەکەوە ئەوەی خوارەوە عێراق بجوڵێت کەتازەخورماتوو ئازادکرا پێشمەرگەمان لەسەیتەرەکە داناو خۆمان گەراینەوە ئێوارە بۆپارێزگاماڵمان چاك کردبوو بۆئیسراحەتی خۆمان لەبەرامبەری پارێزگادا یەکێتی هاتبون ئەو ماڵە هی عەلی حسن مجیدە و تالآنی دەکەین و شتەکانی بۆشۆرش دەبەین ئەو خانووەشیان پیٚ رەوا نەدەبینین هێشتا چاوەریٚ ی ئەوە بوین عێراق هێرش بکات، لە1991/3/22 هەر لەکەرکوك خەریکی خۆقائیم کردن بوین وردە تەقەش لەدەوری هەبوو، لە1991/3/23 عێراق هێرشی کردبوو بۆکەیوان و شەریکەی نەوت و هەلیکۆپتەرەکانیان گرتبوەوەو هاتبونە پێشەوە، کاك مولازم عومەرو برادەران هاتن وتیان ئەوە عێراق شەریکەی نەوتی گرتوە بەڵکو هێرش ی بۆبکەین ووتیان هێزەکان زۆری بلآوەی کردوەو خەریکی تالآنە منیش پێم وتن خۆئێمە پێریٚ هاتین بۆسەردانتان نەتان هێشت بچین بۆکەیوان بۆئێوارەکەی هێرشمان کرد بۆکەیوان و گرتمانەوە نیوەرۆکەی لەمەتعەمی شەریکەی نەوت نانمان خوارد لای کاك سەفین مەلا قەرە کەئەویان دانابوو بەمەسئولی شەریکەی نەوت وەهەندێك جێگای دەوروبەری و (9) هەلیکۆپتەر و ئەشیای زیادی هەلیکۆپتەرمان گرت بەڵآم ئێمە (2–3) بریندارمان هەبوو، من ووتم تراکتۆر دەهێنم و ئەو تەیارەو هەلیکۆپتەرانە رایان دەکێشین یا بە ترێلەیە بۆسلێمانی دەی بەین کاك شەوکەتی حاجی مشیرو ئەو برادەرانە ئەوەندە پیٚ کەنین و تەعلیقیان دا منیش لیٚ ی پەشیمان بومەوە کەخراپم کرد دەبوو بمان گواستایەتەوە، سەرلەبەیانی رۆژی 1991/3/23 هێزێکی هاوبەشی سۆسیالیست و یەکێتی هێرشمان کرد کە کاك شەوکەت

حاجی مشیر خۆی شەخسی لەپێشەوە لەهێرشدا بوو تەواوی کەیوان و بۆدەشتی حەویجە و بۆ(3) رای کەرکوک .تکریت .هەولێر یادبزمان هەموو پاك کردەوە نەگەیشتینە سەر مەفرەقەکە بەلأم گەیشتینە لای (2–3) قەبرسان گومەزی گەورەی سەوزی لێبوو رژێم مقاوەمەی بۆنەکراو (2–3) هەلیکۆپتەر لەوێوە هەڵسان و (6)سەربازمان لەژێر زەمینێك دەرهێناو وتیان لەسەر شەری ئێوارە ئێمەیان گرتووە کەئعدام مان بکەن فریانەکەوتن و ئێوە گەیشتن وازرگارمان بوو لەمردن وە وتیان حسێن کامیل و عەلی حسن مجید و عیزەت دوری پێکەوەن بەرەو تکریت رۆیشتن و جەیش شەرناکات لەو دەشتە مناڵێکی (10) سالأنمان دی لای مەربوو ووتی من شوانم لەم گوندانە کوردم و خەڵکی ناوچەی شوانم هەمو کەسوکارم ئەنفال کراوە منیش کەوتومەتە ئەم ناوەو لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە لای کاك کەمال کوێخاعومەرو ئەوان ئەو رۆژە شەریکەی هۆنداش لەوێ بون گیران کاك شەوکەت وتی ئەوانە خارجین عەیبە سەیارەیان لێ بسێنین باسەیارەکانیش لەگەڵ خۆیان بەرن باشترە من دەمزانی کاك شەوکەت سەیارەکانیان لێ دەسێنێ چونکە سەیارەکانیان زۆر باش بوون هەموی لاندکروز بوون کاك شەوکەت بەئنگلیزی ووتی بەسەیارەکە برۆنە کەرکوك و لەوێ تەسلیم بەئەو پێشمەرگەیەی بکەن ودوای ووتم کاك شەوکەت تۆ لای من وادەڵێت و بەکابرا دەڵێت سەیارەکەتان لە کەرکوك تەسلیم بەو پێشمەرگەیە بکەن ئەو رۆژە زیاتر لە(80) سەیارە لەکەیوان و شەریکەی نەوت وهوندا گیران ئێمە شەهیدێکمان هەبوو لەو شەرانە لەگەڵ (2) برینداری کەش لەجەماعەتی کاك بەکری کوێخاقادرو کاك حمەی سعید بوون کاك حمەی صۆفی عەلیش گولەیەك بەری کەوتبوو بریندار بوو ئیوارەکەی وابزانم (4–5) پێشمەرگەی پارتیش بۆسەیارە بردن هاتنە ئەوناوە قوەتی هەولێریش هی هەموو لایەك هاتبون خاڵە سید کاکە لەسۆسیالیست و کاك کۆسرەت لەیەکێتی کاك حمە سوریش گەیشتە لامان دوایی گەرانەوە لەشەرەکەدا دوای ئەوشەرەش کرا دوای ئەوە یەکێتی هەم سەیتەرەیان دانابوەوە کەپێشمەرگە هاتوچۆنەکات لێرەوە ئەو رۆژە ئەگەر ئێمە برۆیشتینایە دەچوینە تکریت ئەگەر لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش و دارێژراو برۆیشتینایە، پاشان گەراینەوە، سەرلەبەیانی رۆژی 1991/3/24 هەرچی بوو لەنێوان یەکێتی و پارتیدا هەر دەهات و

دەرۆیشتن هەرچی پرسیارم دەکرد لەئێمەیان دەشاردەوە بەڵام وادیاربوو لەگەڵ یەکێتی نەگەیشتبونە سیغەیەك یاپێشتر پارتی و یەکێتی وارێکەوتبوون لەسەری کاك مولازم عومەر هات ووتی زۆر سەیرە هێشتا شەرەو کەس نازانێ چی بەسەر دێت و پێشمەرگە هەمووی بۆراوروت بڵاوەی لێ کردوەو پارتی مەعەسکەر خالیدیان بۆدیاری کرا نەیان گرتووەو جارێك لەسەر پارێزگاری کەرکوك هەرایانە وە ووتی رەشید عارفیان ناردوە بۆپارێزگاو ئەو حکوم بکات منیش زۆرم لاسەیربوو ووتم کاك عومەر لەبەیانیەوە هەرشتە کەلەئێمەی دەشارنەوە وادیاربوو نەگەیشتنە ئەنجامێك دەیوت پارتی چی حەقیان هەیە پارێزگاری کەرکوکیان هەبێت منیش ووتم کاك قادر جەباری مەسئولی بەرەیەو لێرەیەو خۆشی خەڵکی کەرکوکەو ئێمە ئەومان داناوە تاسەرکردایەتی سیاسی کۆ دەبێتەوە مادام وایە ئێمەش شەر ناکەین و منیش خۆم دەگەرێمەوە حەزیش دەکەم هەرئێستا عێراق بگەرێتەوە لەپەنای پارێزگادا لەناو حەدیقەکەدا دانیشتین ئەو قسانەمان کرد کاك عومەر زۆر هەوڵی داو ووتی حەزدەکەم تۆش بێیت وسەرێکی ناوچەکەو لای حەویجە ومەعەسکەر خالید بکەین منیش لەبەر دڵی کاك عومەر رۆیشتم و چوینە نزیك کەیوان و بۆدەشتی حەویجە هەموو مەعەسکەربوو سەدان دژی هەوایی و تۆپ وشت جێمابوو تەل بەن و کەوتینە لای شمالی مەعەسکەر خالیدو گەراینەوە لای مەعەسکەر خالید بیناکان تازە دروست دەکران تۆپێکی (120) ی یەکێتی لەوێ بوو تەقەی دەکرد وابزانم ئەوەی دەیتەقاند کاك عومەر ووتی کۆمەڵەی ئێرانە کاك شەوکەوت و تەحسین شاویس مان لەگەڵ بوو ئەو کاتە تەحسین لەگەڵ کاك شەوکەت بوو وەکاك شێخ معتەسم برای کاك شێخ جعفری پارێزگاری کۆنی سلێمانیمان لەگەڵ بوو برادەرانی کەی یەکێتیش بوون پارچەیەك تۆپ بەری سەرم کەوت لەوێ بەڵام تەئسیری وای نەبوو سەیری دەبابەی عێراق و مەعەسکەرخالیدمان کردو دوای سەیر کردن بریاردرا هێرشی بۆبکەین بەڵام گەراینەوە کەرکوك من زانیم یەکێتی و پارتی لەسەر زۆر شت قسە دەکەن لەپشتی ئێمەوە، ئێمەش شەر دەکەین بەڵام حسابێك بۆئەوە نەکراوەو ئەوان وەکو برا دابەشیان کردبوو کەهێشتا هیچ رون نەبوەوە من هەر ئەو ئێوارەیە گەرامەوە بۆسلێمانی وبەهێزەکانی خۆشمانم ووت زۆری بگەرێتەوە بۆلای خانەقین جگە لەوەش لەسەیتەرەی کەرکوك سلێمانی یەکێتی

بۆخۆیان سەیتەرەیەکیان دانابوو هەرچی سەیارەو شتی پێ بوایە لێیان دەسەند بۆخۆیان دەیان برد ئێمە ئەو وەزعەمان دی گەراینەوە سلێمانی هەموی لەجیاتی حەرەسیات شەو مەشغوڵی تالأنی بوون بەتایبەتی ئەوانەی کەشارەزای ئەنفال و شەری لای ئێران و ئەهواز و تالأنی کوێت بون پێشمەرگەشیان فێر دەکرد زیاتر لەهەمووی تێکەوتبوون، لە1991/3/24 ئێران (15) لۆری ئاردورۆن و شەکریان ناردبوو بۆسلێمانی بۆبەرەی کوردستانی پێشمەرگەی یەکێتی هەموو سائیقەکانی دارکاری کردن و سەروچاویان شکاندبون و لێیان دابون وایان دەزانی ئیشیان بەئێران نەماوە ئاغای فاضل لەئیتلاعاتی سنەیان سجن کردبوو سەیارەکەیان لێ سەندبوو برادەرانی ئێمەچوبون بەریان دابوون، ئەو کات ئاغای مسجیدی کەماوەیەك پێش ئەوە لەکرماشان سەرپەرشتی کۆبونەوەی هەموو معارەزەی عێراقی دەکرد لەدارمعلمین کەئێستا ئەنجومەنی وەزیرانە لەسەر بەتانیەکی رەش دانیشتبوو کەس لێ ی نەدەپرسی چوبووە لای کاك مەسعود بەهەزار حاڵ چاوی پێ کەوتبوو ووتی پێم وتووە کەئێمە ئەزانین عێراق پەلاماری کەرکوك دەدات چونکە راپەرین لەخواروی عێراق تێك شکاوەو نەماوە ئەمریکایش رێگای داوە تەیارەی هەلیکۆپتەر وپیلاتۆزو دەبابەو جەیش نزیکەی (2) فرقەی بۆرێگا داوە بۆئەوەی سەرکوتی راپەرینی پێ بکات بەکاك مەسعودم وتوە ئێستاش بەئێوە دەڵێم ئێمە پاسداران دەهێنین لەسەر ئەو تۆپ و دەبابەو دژە هەوائیانە بێت و پێشمەرگەش شەربکات نایەڵین کەرکوك بکەوێتە دەستی عێراق هەرکات پێویستان نەبوو ئەوە ئێمە ئەوانەی خۆمان دەگەرێنینەوە دواوە بەلأم کاك مەسعود پێ ی وتوین خۆمان ئەفسەرو لێزانمان هەیەو پێویستمان بەئێوە نیە، من ووتم وەلاّ پێویستمان بەوانەی ئێوە هەیە منیش دەزانم عێراق کەرکوك دەگرێتەوە چونکە هێزی شەرو رێکخراوی لێ نیە بەرگری بکات لەکەرکوك جگە لەوەش ئەو هەموو چەکە باشە ئێمە ناتوانین بەکاری بهێنین بەوپەلەپەلەی ئێستاو بەرگری هەتا هەندێك سەیارەی کۆماری ئیسلامیمان هەبوو کەرەقەمی سوپای پێوە بوو برادەرانی ئێمە لێیان کردبونەوە لەکەرکوك فرێیان دابوو وتبویان تازە پێویستمان بەئێران نیە بەلأم ئەوانە مەسئول نەبون لەقسەی خۆیان، لە1991/3/25 لەسلێمانی بوم خەریکی ئیشوکار بوین ئێوارەکەی چومە باریکەو هەندێك چادرم نارد بۆمیری سور لەوێ هەڵیدەن

هەرچەندە زۆر لەمەسئولەكانی خۆمان دەیانوت جارێكی كە بۆشاخ و شەری پارتیزانیمان دەبەێتەوە كەبەكەس ناكرێت تازە، لە1991/3/26 چومە باریكەو دەربەندیخان و گەرامەوە بۆسلێمانی شەو لەماڵی مامۆستا ئەحمەد عبدالرحمن دۆلأشی بوین، لە1991/3/27 كاك فەرەیدون عبدالقادرتەلەفۆنی كردبرۆم كۆبونەوەی بەرەی كوردستانیە كەچوم وكاك نێچیرڤان بارزانی لەویٚ بون ووتیان ئێستا میوانێكمان هەیە كاك موكەرەم تاڵەبانی لێرەیەو باقسەمان بۆبكات، كاك موكەرەم كاغەزێكی دەرهێنا كە تێبینی لەسەرنوسیبوو ووتی من بەتەنگەوە هاتنی گەلی كوردستانەوە هاتووم بۆلای ئێوە لەبەر ئەوەی كارەكە پەلەیە كاك مەسعود لەشەقلأوەیەو مام جەلال تازە دەگەرایەوە لەسوریاوە لەدەوری دهۆك بوو ووتی من لە1991/3/24 صدام حسێن رای سپاردوم ئەم جارەش مەیكەن بەجاری پێشوو مەبەستی نامەی مانگی 2ی 1988 بوو بۆ لایەنەكانی نوسیبوو ووتی منیان ناردووە بۆگفتوگۆ بەلأم هێزێكی زۆریش لەرێگایە لەجنوب و لەبەغدادەوە بەرەو كوردستان دێت لەرێگاعیزەت دوری وحسێن كامیل ئەوكات وەزیری دیفاع بوو لەگەڵ عەلی حسن مجیدم دیووە رێگا دراون لەلایەن ئەمریكاوە بۆسەركوتی راپەرینی كوردستان لەخواروی عێراق سەركوت كراوە بۆیە من پێم باشە ئێوە بكەونە گفتوگۆ لەگەڵ عێراق پەلەشی لیٚ بكرێت، من ووتم ئەگەر بكەوینە گفتوگۆ ئەوان هێرشی كەركوك ناكەن ووتی باوەر بكەن ئەوان لەهەموو شت خۆش بن لەكەركوك خۆش نابن منیش ووتم ئەگەر هێرشی كەركوك رابگرن هەرئێستا پێمان باشە دەست بەگفتوگۆ بكەین، كاك فەرەیدون وتی منیش ئەو رەئیەم پیٚ باشە بەلأم كاك مەسعود مەسئولی بەرەی كوردستانی وقیادەی بالأی كوردە بائەوی لیٚ ئاگادار بكەین و مام جەلالیش ئەمرۆ دەگاتەوە شەقلأوە پێم باشە قسەی لەسەر بكرێت من وتم پێم باشە ئەگەر لەهێرش دەوەستن بۆسەر كەركوك ئێستا ئامادەی گفتوگۆین وەئەگەر نا هەر ئامادەین بۆگفتوگۆ بەلأم بادوای ئەوەی كەركوك چونكە ئێستا ئەوان بەتەمای پەلاماری كەركوكن من پێم باشە پێش ئەوەی دەرمان بكەن لەكوردستان بچینە گفتوگۆوە، كاك موكەرەم یش هەمان رەئی هەبوو كاك نێچرڤان ووتی من تا ئاگاداری مامم واتە كاك مەسعود نەكرێت بریارمان لانیە و لەوبارەیەوە دەبێت قسە لەگەڵ مامم بكەم وابزانم هەرقسەكان كۆتایی نەهاتبوو بەبروسكە ئاگاداری مام جەلال

كرابوو داواى كردبوو كاك موكەرەم بچىٚ بۆلاى ئەو بۆشەقلاوە ئەويش دەگاتە شەقلاوە لە1991/3/27 بەلاّم عێراق خۆى بۆهێرش ئامادە كرد بۆسەر كەركوك، دواى قسەكان لەبەرەى كوردستانى ئێرانيەكان لەوىٚ بوون(250) هەزار فيشەكيان هێنابوو بۆبەرەى كوردستانى ئەوە زوو برادەرانى يەكێتى نارديان وتيان لەمەقەرى بەرە دابنێن باوەر بكەن هەرلەوىٚ ديمان ئەويش نەمانزانى چى لێهات، كۆبونەوەى خۆمان كرد بەلاّم من لەسەر ئەوەى تێگەيشتم پارێزگاريان بۆكەركوك دانابوو ئيتر من هێزم نەنارد بۆكەركوك ووتم بائەوان بەرگرى لىٚ بكەن لەكەركوك گەيشتمە پێشمەرگەيەكى خۆمان سەيارەيەكى ئۆزۆمۆبيلى پێبوو دووبرا بون هەردوكيان قەڵەو هەردووكيان لەناو سەيارەكە دانيشتبون پێم وتن كاك محى الدين ئەو سەيارە چيە وتى وەلاّ لەماڵى عەلى حسن مجيد هێناومانە دواى دەركەوت كەلەژنێكيان سەندبوو، لە1991/3/27 چوم بۆدەربەنديخان و شەو گەرامەوە بۆباريكە، لە1991/3/28 لەباريكە بوم و سەرى چەند ماڵە شەهيدێكمان دا، لەشەوى 28–1991/3/29 عێراق پەلامارى كەركوكى دا و هەمووى رايكردو هەڵهاتن بەكاك رەشيد عارف پارێزگارى كەركوكەوە پێم وايە ئەو زووتر دەربازببوو، كاك نەوشيروان لە1991/3/24 هاتە كەركوك و زۆرنەمايەوە پێم وابوو كاك رەشيد عارف ئەو هێنابوى بۆپارێزگارى كەركوك هەرچەندە دڵنيا نەبوم بەلاّم بەپىٚ ى ئەوەى يەكێتى بىٚ دەنگ بوو قسەيان نەدەكرد ئەوهێنابوى و گەرابوەوە بەلاّم ئيشەكانى بەرەى كوردستانى بەعەمەلى كاك قادرجەبارى دەيكرد رازى نەبون لەناو ئەو هەموو هەرايەى كەركوكدا سۆسياليست يەك مەسئولى هەبێت ، ئێمە لەوماوەيە لەناو كەركوك كارى باشمان كرد ئەوەى لەتوانادا هەبوو، لەنەوتى كەيوان يەكێتى كاك سەفينى مەلا قەرەيان لىٚ دانابوو رێگا نەدات كەس برواتە ئەوناوە جگە لەرۆژنامەنووس دەستيان بەسەردا گرتبووپىٚ دەچوو وارێك كەوتبون ئەوان شەريكەى نەوت وپارێزگاش بۆپارتى باش بوو بەبۆنەى كاك عومەرەوە كاك سەفين جارجارێك دەعوەتى كردين لەو چێشتخانە خۆشەى شەريكەى نەوت وجێگاى موهەنديسەكان ومەسئولينى حزبى بەعس بوو، هەواڵ هات كە كەركوك گيراوەو پێشمەرگە بەرەوچيمەن و قەرەهەنجير هاتووەو شكاوەو پێشمەرگەى يەكێتى و سۆسياليست شەريان كردوەو نزيكەى (30) شەهيدى يەكێتى لەنێوان چيمەن و

تاقەرەهەنجیر هەیەو سۆسیالیست(13) پێشمەرگەی هەرێمی (3) حمەی دەلاك وكۆمەڵێك پێشمەرگە لەنێوان چیمەن و قەرەهەنجیرو شەهید ببوون لەنزیك قەرەهەنجیر پێشتر (6) پێشمەرگەی كەمان شەهید ببوون بەتەیارە وتۆپی جەیش، لە1991/3/29 چومە چەمچەماڵ كاك مولازم عومەرو برادەران لەوێ بون هێرشی رژێم نزیك ببوەوە هێرشێكمان بۆكردن رژێم شكاو بەدوایدا رۆیشتین لەقەرەهەنجیرەوە تانزیك سەیتەرەكەی كەركوك وچیمەن خەڵكێكی زۆری بێ تاوان كوژرا بون ئەو شەرەی كەجەیش هێرشی كرد سەرە دانرابوو سەرەی سۆسیالیست بوو، لەرۆژانی 28و1991/3/29 سەرەی یەكێتی بوو، ئەوان شەهیدیان لەئێمە زۆرتربوو ئێمەش (19) شەهیدمان هەبوو، پێشمەرگەمان داناو من گەرامەوە قەرەهەنجیر كاك مەلابەختیاریش ئەوكات ئالأی شۆرش بوو پر یەك لۆری كۆكردبوەوە دەتوت لۆری جەژنە خۆیان پیا هەڵواسی بوو بۆشەر لەسەروی قەرەهەنجیر لای ماڵەكان دابەزیبوو بۆراست كردنەوەی تەوازون وادیاربوو هاتبون هێزی شەر نەبوون ئەوەی لەگەڵ دابون من ئەو شەوە لەقەرەهەنجیر مامەوە چونكە چاوەرێ ی هێرشی رژێم بوین بەلأم ئەوشەوە هێرشی نەكرد عێراق وادیاربوو زۆرشكابوو خۆی كۆنەكردبوەوە، لە1991/3/30 جارێكی كەش لەقەرەهەنجیرەوە گەرامەوە بۆچەمچەماڵ و بۆسلێمانی شەو لەماڵی كاك نوری بوین، لە1991/3/31 سەرلەبەیانیەكەی گەرامەوە بۆچەمچەماڵ و نەوەستام بۆقەرەهەنجیر وچومە چیمەن لای كەركوك دەمانتوانی لەو (2-3) رۆژەدا هێرش بكەینەوە بۆكەركوك بەلأم كەس نەبوو جگە لەهێزێكی یەكێتی و ئەوانەی سۆسیالیست كەس لەوناوە نەمابوون، لە1991/3/31 مام جەلال لەدەرەوەی ولأت گەرایەوە و چوین بۆپێشوازی بۆدوكان بەخێرهاتنەوەمان كردوگەرایەوە ناوشاری سلێمانی، لە1991/4/1عێراق هێرشی كردبۆسەرچەمچەماڵ و گرتی، ئێمە لەمەقەری بەرەی كوردستانی بوین مام جەلال ووتی چی كراوە بۆبەرگرتن لەو هێرشە برادەرانی یەكێتی ووتیان واهێزمان داناوەو كاك نێچیرڤانیش ووتی من دەستەكەی خۆم ئەوەی لەگەڵ من دایە (250) كەسن هەمووی بارزانی و لەبازیان دام مەزراندون و تۆپ و چەكی گەورەشیان لایە مەگەر چیاكە (شاخەكە) بروات ئەوان جێ بهێلێ هەر یەكە قسەیەكی كردو منیش دەمزانی وانیە برادەران تازە یا هەرئەوكاتە گەرابونەوە لەگەڵ كاك عەلی بچكۆل وتیان

جەیش لەباینجانەوە بەرەو ئەڵڵاٚیی دێت وتیان کاك دەروێش ئاغا تەنها بووە نەیدەزانی بەرەو کویێ بروات و هەموی شکاوەو کەسی لیێ نەماوە تەیارەش لەسەرەوە ئێستا بەرەو ئەڵڵاٚیی دێت وادیاربوو ئەو هەواڵە گەیشتبووە مام جەلال، مام جەلال ناردی بەدوای مندا ووتی ئەوە مقاوەمە نەکراوە بەڵکو تۆ هەوڵێك بدەیت منیش لەگەڵ هەندێك پێشمەرگە بەدۆشکایەك لەسەر سەیارەکەی کاك نەوزاد عەلی وە بوو رۆیشتین بەرەو تاسڵوجە بەروی ئەڵڵاٚییدا وتیان تەقە نزیکە من هەر چومە خوارەوە بۆپێچەکەی ئەڵڵاٚیی بۆلای بەنزیخانەکەوە سەیارەیەکی لاندکرۆزی ئێرانی لەخوارەوە لەروی باینجان و بازیانەوە دەهات زانیمان ئەوە هی پارتیە دەستمان لیێ راگرت نەوەستا بەدەست و بەقیرە قیر هاواریان دەکرد بگەرێنەوە هات..هات..هات لێمان تێپەربوو هەندێك وەستا من دابەزیم برۆم بۆلایان لێیان پرسیم کاك ئازادی قەرەداغی ووتی بگەرێنەوە هات سەیارەکە پەیتا پەیتا بەردوزیخی ژێری تایەکان خەریك بوو کوێرم بکات تەیارە لەئەڵڵاٚیی دا ئێمە چوینەئۆردوگاکە هەندێك جیهازی راکاڵ لەویێ بوون لەگەڵ کاك کەمال کوێخا عومەر بارمان کردن لەسەیارەکەو گەراینەوە سەری مەرکەزە کۆنەکەی تاسڵوجە چونکە تائەوانەمان کرد کەمتر لە(100) مەترمان بەین بوو لەگەڵ دەبابەکاندا بەرەو تاسڵوجە دەهاتن ئێمە چوینە مەرکەزە کۆنەکەو بەرزاییەکەو تەقەمان کرد لەدەبابەکان و تەیارەکان (10-12) پێشمەرگە کەش هاتن یەکێتی و سۆسیالیست بوون زۆرماندو بون یەکێکی وابزانم حاجی ناوبوو مەسئولی ئەو پێشمەرگانە بوو کەلەچیمەن شەهید ببوون ئەوی کەیان عەلی چەلەبی بوولای ئێمە مانەوەو تەقەیان دەکرد تاخۆرئاوابوو دنیا تاریك بوو جەیشەکە گەراوە دواوەو نەهاتنە پێشەوە هەواڵ هات سلێمانی هەموی چۆڵی کردووەلەوکاتەدا دیعایەکیان بلاٚوکردەوە کەعیزەت دوری گیراوەو شتی لەوبابەتە بەناو بازاردا مناڵ و شوراکان کەوتبونە شعارات و دەیانوت صدام جەیشی نەماوەو عیزەت دوری گیراوە بەلاٚم نەیان دەزانی جەیش گەیشتوەتە تاسڵوجە لەوکاتەدا کاك نەوزاد رۆژبەیانی هات وتی ئەوەیە وتمان وا دەڵێن ئەویش وتی واجەیش لەبازیان تێپەریوەو بەرەو سلێمانی دێت بەلاٚم زۆر لەمەسئولەکان لای مام جەلال دەیانوت مقاوەمە هەیەو شەر گەرمە راستیەکەیان بەمام جەلال نەدەوت کەسی وانەمابوو لای ئێمە شەریش

نەمابوو جێشەکەش گەرایەوە دواوە بۆدەوری بازیان نەك لەبەر ئەوەی ئێمە شکاندمان راستە مقاوەمەمان کرد نەمان هێشت بێنە تاسلۆجە کە زاڵە بەسەر سلێمانیدا بەلاّم وادیاربوو ئەگەر تاسلۆجەیان پێ نەگیرێت بگەرێنەوە دواوە باشترە بۆیە گەرانەوە، جێشەکەش هەمووی جەیشی شەر نەبوون جەیشی دوای شکاندنی کوێت بوو تەنها بۆکوردوهێزی بەرهەڵستکار جەیش بوون ئەگینا هەناسەیان لێ برابوو بەلاّم ئێمەش لەئاستی روداوەکان و جەیشەکە نەبوین بێ تەجروبەی شەری جەبهەوی و شرە خۆری خەڵکەکە ئەخلاقیەتی لەدەست دابوو زۆری دراوسێ ماڵی دراوسێکەی دەدزی ئەو چەند ساڵە رژێم کاری خۆی کردبوو لەناو خەڵکی کوردستان وعێراق بەگشتی کەس جێگای سیقە نەبوو ئەوەش نەخۆشیەکی گەورەو ترسناك بوو بۆهەموو لایەك، لەشەوی 1991/4/2-1 گەراینەوە ناوشار دەتوانم بڵێم شاری سلێمانی لەچۆڵ دەچوو ناردم ئەو شتانەی لەمەقەری لق بون لەنادی ئەزمربەتایبەتی فائیل وموستەمسەکەکان بهێنن ئەو شەوەش هەر فریویان داین وتیان هێناومانە کەچی فائیلە ئەسڵەکانیان نەهێنابوون و زۆریان جێ هێشتبون ئێمەش بەتەمای دەرچون بوین بەرەو لای عەربەت چوین رێگا نەبوو پر بەپری جادەو شۆستەکانیش سەیارەو عەشامات وەستابون پاشان چوینە سەرکارێزورێگای کۆنی عەربەت لەوێش هەر خەڵکی لێبوو هەموو خەڵکی کوردستان واتە خەڵکی کەرکوك بۆچەمچەماڵ لەوێوە بۆسلێمانی، لەکاتی رزگار کردنی کەرکوك لەشەریکەی نەوت کابرایەك پاڵی بەسەیارەکەوە دەنا کاك مولازم عمر وتی کاکە مەرحەبا کابرا قسەی نەکرد وهەرپاڵی دەنا پاشان کاك ملازم عمر پێ ی ووت لەکوێوە بڕۆین کابرا بادینانی بوو وتی چی کاك عمر وتی ئەوە بۆقسە ناکەیت کابرا شەکەت وماندو وتی ئەمن زۆرماندوم لەمەعەسکەری خواروی شەریکەی هۆندەوە ئەو سیارەی بەتەنها بەپاڵ هێنابو دووسەعات رێگا دەبوو هەرئەو رۆژەش لەچەمچەماڵ هەمان زەلامم بینی و هەرپاڵی بەسەیارەکەوە دەنا بەرەوتەکیە بەتەنها بوو دەی هێنا، لەسلێمانیشەوە بۆعەربەت و سەیدصادق و تەوێلەو بۆپێنجوێن لەهەمو لایەکەوە بەرێ دەکەوتن، بەرێگاوە منداڵ و ژنی حامیلەوپیری تەمەن (100) ساڵی تێدابوو لەکەرکوکەوە بەعارەبانەی دەستی بەپاڵ تاسەرسنووری ئێران رۆیشتبون، رۆژی 1991/4/2 رۆژی کۆچی خەڵکی کوردستان بوو

لەکوردستان کەزیاتر لە(3)ملیۆن کورد کۆچی بەرەو سنورەکانی ئێران و هەندێك بەرەو سنوری تورکیا کرد نەدەتوانرا بەیەك سەعات یەك مەتر برۆیتە پێشەوە ئێمە سەیارەمان پێبوو لەخوارەوە دەچوین دەچوینە پێشەوەو بۆدواوە خەڵکەکەمان دەبینی، هەر لەرۆژی 1991/4/2 دوای نیوەرۆ جەیش بەرەوناوشارو دەوروبەری بەرێ کەوت بەلاّم لە1991/4/3 بەتەواوی جەیش هاتە شاروسەرکەوت بۆعەربەت و زەرایەن و هەڵەبجەی تازەوو دەربەندیخان و بەرەو ئەزمریش بەرێ کەوتبون لەعەربەتیشەوە بەرەو بەرامبەری خراپەو لای تەنکیەکەی سەروی بێسان سور مەعەسکەری دروست دەکرد، لە1991/4/3 (2) ملیۆن خەڵك بەرێگاوەبوو بۆ تەوێڵەو پێنجوێن بەرێگاوە بوون لەرێگای نەوسودی سەرسنوری تەوێڵەوە تاسەرباشماغ وگۆخلاّنی سەر سنور رێگای هاتووچۆی نەبوو خەڵکی زۆر بەسەیارەو بەپێ و بەعارەبانە ژن منالّی دەبوومنالّ دەمرد لەوکاتەکانەدا کۆماری ئیسلامی پێشوازییەکی گەرمی لەو خەڵکە کرد کە لەهەولێرەوە بۆحاجی عمران و خانەو لەسلێمانی و کەرکوکەوە بۆباشماغ و نەوسودو نزیکەی (1/5) ملیۆن چونە ناوخاکی ئێرانەوەو چادری بۆهەڵدراو نیوملیۆنیش لەخاکی عێراقدا چادرو ئازوقەو پێویستی پێ گەیشت و هەندێك بەرەو سنوری تورکیا رۆیشتبون مرۆڤ نازانێ چۆن تەعبیر لەو وەزعە بکات نەقەڵەم نەزمان نەمێشك نەکاغەز نەمەرەکەب ونە نوسەرو نەشاعیرو نەپەخشان نووس و کەسێکی وا نەیدەتوانی بەئاسانی رەسمی ئەوخەڵکە بکات و ئەو هەستە لەسەر نووکی قەڵەمەوە برژێنێتە سەر کاغەزو چوارچێوەیەکی بۆدانێ ژن بەمناڵەوەو منالّ دەمرد..پیردەمرد..کەس رەنگی بەروەوە نەمابوو بەلۆری نان و ئازوقە لەئێرانەوە دەهات بەچەند دەقیقەیەك تەواو دەبون لیژنەیەکمان لەرێگای تەوێڵە بۆبەرەی کوردستانی دانا بۆئەو چەکانەی کەخەڵکی دەیبردن بۆئێران نەیدەوێرا چونکە ئێران لێ ی دەسەندن هەر چەندە ئەو خەڵکە چەکەکان ببوە ملی بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا تەسلیمی ئێرانیان نەدەکرد و تەسلیمی شۆرشیان دەکرد پێشمەرگە کۆیان دەکردنەوەو لەپێنچوێن و لەرێگای تەوێڵە سوسەکان ئەوەی رێگای تەوێڵە ئێمە حصەی خۆمان هێناوە بۆ ئەحمەد ئاواو مەقەری مڵەخورد نزیکەی (1000) پارچە چەك بوو بەلاّم لای پێنجوێن هەرحزبەی بۆ خۆی سەیتەرەی دانابوو لەوێش نزیکەی (500) پارچە چەکمان کۆکردەوە

بۆحزب خەڵكی زۆریش پەیوەندی بەحزبەوە دەكرد گرتن و بەربون وزۆرشتی لەوبابەتە هەبوون، لە1991/4/4 هەندێك سەربازو جێبێك و ئیڤایەك هاتبون بۆ سەیدصادق لەویٚ (3) پێشمەرگەی یەكێتی ودووپێشمەرگەی سۆسیالیست لەرێگا لەسەیدصادق مابونەوە سەیردەكەن جەیش هات ئەوانیش تەقەیان لیٚ دەكەن و(2-3) كەسیان لیٚ دەكوژن جەیشەكە هەڵدێن و ئەوانیش دوایان دەكەون هێزێكی كەمی یەكێتیش لەئەزمر شەریان كرد لەگەڵ مەفرەزەیەكی پاسۆكدا لەوشەرە مام ابراهیم ی پاسۆك لەویٚ شەهید بوو (2-3) پێشمەرگەی یەكێتیش شەهید بوون و مقاوەمەیان كردبوو، لە1991/4/5 من لەسوسەكان گەرامەوە بیارە كاك عمری حاجی فەتاح و ئاغای حورمەتم لەگەڵ بوو سەیری ئەو وەزعەو خەڵكەكەمان دەكرد، لە1991/4/6 لەئەحمەدئاوا بوین پێشمەرگەی سۆسیالیست و یەكێتی و پاسۆك لەدوای جەیشەكە چون لەچەناخ چیان راویان نان تامەعەسكەرەكەی لای تەنكی ئاوەكەی بەرامبەری خراپە دنیا سەرمابوو خەڵكی برسی ئەو خەڵكەش هەمووی بەرێگاوە بوو زۆری روی خۆش بوو وەكو ئەوەی بۆسەیران هاتبن، ئەو خەڵكە هەندێك لەبەر ئەوەی دەستی لەراپەریندا هەبوو لەترسان و هەندێك لەبەر ئەوەی نەوەك دوایی بۆیان حساب نەكرێت بەكوردایەتی بائەوانیش بەشداربن و هەندێك ئەوەندە تاوانی رژێمی دیبوو هەركات هاتبووە سەرجێگای روداوێك خەڵكی بیٚ تاوان هەركەس ئەگەر رێبوار بوایە هەر دەی كوشت یانیوە كوشتێكی لیٚ دەكرد كەس نەی دەوێرا لەو وەزعە دابرێت وەهەندێكیش چاو لێكەری دەوری هەبوو لەو مەسەلەیەدا بەلاٚم لەگەڵ هەموو ئەوانەدا یەك پارچەیی كوردی بەهەموو دنیا پیشان دا كەكورد چەند یەككگرتووە ئەوەش هەر سەركەوتن بوو نەك بەرنامەیەك بوو دارێژراو بێت بەلاٚم لەسەر ئەو وەزعە ویژدانی دنیای هەژاندو هەموو دنیاوكامیراو رادیویٚ و رۆژنامەكانی دنیا كورد بوو بەمانشێت و هەموو لەسەركوردهاتبوە جواب و كورد عەتفی دنیای بۆلای خۆی راكێشا، كیمیاوی هەڵەبجەو راپەرین و كۆچەكە (3) ئامێری تەواو كەری یەك بون بۆكوردو مظلَومیەتی كوردی بەدنیا ناساندو هەرلەو رۆژانە مجلسی ئەمن كۆبوەوە لەسەر كێشەی كورد قسەبكات بەسەدان رۆژنامەنووس گەیشتە كوردستان و بریاری (688) نێودەوڵەتی لەمجلسی ئەمن بۆكورد لەمێژوی بۆیەكەم جار دەرچوو كەناوچەی پارێزراوی بۆدانا

لەخەتی (36) کەتادوکان و هەولێرو دهۆك وئەوە دەگرێتەوە و کێشەی کورد چووە مەلەڤ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و مجلسی ئەمنەوەو جەیشی هاوپەیمانی و(MCC) هاتە قاعیدەی ئەنجەرلیك ومەقەریان هاتە کوردستان بۆزاخۆ، ئیتر مەسەلەی کوردزۆر پێشکەوت ئەو کۆچەکە گرنگیەکی تەواوی هەبوو(3) میلۆن خەڵکی کورد ماڵ وحاڵ و سەروەت و ژیانی خۆی بەجێ بهێڵێت لەکۆتایی سەدەی (20)دا هەروا ئاسان نیەو هەروا شتێکی سەرپێی نیە بەڵکو ئەوەلای ئەوانەی باوەریان بەماڤی مرۆڤ هەیە یائەگەر لەسەری بکۆڵنەوە شوێنەواری قوڵی هەیە ئەگینا مرۆڤ هەروا لەدەستی رژێمێك هەڵنایەت و واز لەهەموو ژیانی وسەروەت و ئەوەی کۆی کردەتەوە بهێنێ هەروا ئاسان نیەیەك هەنگاوی لەوبابەتە واتە میللەتێك ولأتێك چۆڵ بکات کەئەوە درندەیی رژێمەکەی پیشان دەدات، لە1991/4/7 لەمڵەخوردەوە بەرێ کەوتین بۆدزڵی ومەریوان لەرێگا پاسدارەکان زۆریان راگرتین ووایان دەزانی ئێمە لەورۆژانەدا کەهاتبون ئازوقەیان بۆسلێمانی هێنابۆئێمە عەزیەتمان داون پاشان چوینە کانی دینار وەعەزیەتی خەڵکیان زۆردا لەسەر سنورەکان، لە1991/4/9 لەمڵەخورد بووم، لە1991/4/11 هێزێکی هاوبەشی سۆسیالیست ویەکێتی وپاسۆك چونە سەر مەعەسکەری بەرامبەری خراپەو لەشەرێکی چاك وقارەمانانەدا مەعەسکەرەکەیان بەکاملی گرت زیاتر لە (40) سەرباز دیلیان گرت و برادەرانی ئێمە دەستیان بەسەر تەواوی جبەخانەو زیاتر لە(60) کلأشنکۆڤ مظلي لەصندوقدا گرت رژێم بەتەواوی شکاو ئار.بی.جی یەك بەر سەیارەیەکی پر تەقەمەنی کەوت و سەیارەکە تەقیەوەو هەموو ئەوناوەی کردبەئاگرو ئەوەندەی کە جەیشەکە شکاو بەرەو عەربەت رۆیشتن ئامر لیواکەشیان بەدیل گیرا کاك شەوکەتی حاجی مشیر ووتبوی مامە داوای کردوە بیبەم بۆلای بردبوی بۆلای مام جەلال لەشارباژێربوو ئەوکاتە نێچیرڤان لەمەریوان بوو، هەرلەرۆژی 1991/4/11 من چومە پێنجوێن و سەیدصادق، پێشتر رژێم نیازی هەبوو بێتە پێشەوە چونکە هاتبوەچەناخ چیان ئیتر ئێمەش بریارمان دا هێرشی بۆبکەین من لەمڵەخورد بووم مام جەلال بروسکەی کردبوو لەرۆژی 1991/4/10 لەرێگای کاك شەوکەت و جیهازی یەکێتی وە کەمن برۆم بۆلای لەچوارتا لەوێ چاوەرێ دەکات، لە1991/4/12 من وکاك قادرجەباری بەرێ کەوتین بۆشلێروپێنجوێن و بۆناڵپارێزو

چوارتا لەرێگاش مولازم کەریم مان توش بوو ووتی مام جەلال داوای کردوە سەری لیٚ بدەم پێکەوە چوین (12) لاندکرۆز بوین و پێشمەرگەشمان لەگەلٚ خۆمان بردبوو بۆئەوەی نەك پێویست بێت ووتیان لەسورە قەلاٚتەو چوین لەگوندی خێوەتە بوون ئێمە چوین مام جەلال نزیکەی (40) پێشمەرگەی لەگەلٚدا بوو ئێمە چوین هەموویان لەدورەوە سەیریان دەکردین ئێمە وامانزانی سەیری ئێمە دەکەن بەلاٚم دوای دەرکەوت چاوەریٚ ی وەفدی عێراق بوون یاچاوەریٚ ی سەیارە بون مام جەلال بروات بۆشەقلاٚوە لەناو سلێمانیەوە کەبەدەستی جەیشی عێراقەوە بوو بۆقسەکردن لەسەر گفتوگۆ لەگەلٚ عێراقدا کەچوین مام جەلال پێشوازییەکی گەرمی لێکردین ئێمەش کامیرای ڤیدیۆمان پێبوو بۆرەسم گرتن من وکاك قادرجەباری ومام جەلال لەژوورەکی چۆلٚ دانیشتین لەسەر دووسیٚ بلۆك میوەیان بۆهێناین و پێش ئەوە بروسکە یەکی کەشی کردبوو بۆمن وادیاربوو وەلاٚمی بروسکەی کاك رەسول بوو، مام جەلال باسی ئەوەی کرد کەپێشمەرگە شەرناکات و ئەوەتا (7) مەسئولم ناردۆتە ئەزمر هەموویان (70) پێشمەرگەیان پیٚ کۆنەکراوەتەوە ئێستا عێراق شەرەکەی وەستاندوەو ئەگەرنا دەهاتە شارباژێر ئەوشەرەی برادەرانی ئێوەو ئێمە کردویانە لەشارەزوور شتێکی باش بوو ئامر لیوایەکەش شەوکەت گرتویەتی وناردویەتی بۆلای من وادیاربوو کاك شەوکەت هەرباسی خۆی کردبوو لەوشەرەدا کەخۆی لای من دەیوت برادەرانی ئێوە زۆرینە بوون و ئەم جارە هەموو چەکە تازەکانیان لەصندوقدا بردبوو هیچیان بەئێمە نەدا لەشەرەکەدا، وادیاربوو مام جەلال پیٚ ی خۆش بوو گفتوگۆو شەروەستاندن لەگەلٚ رژێم کەمن لە1991/3/24 کاتیٚ کەرکوکمان لەدەست بوو داوای وەستاندنی شەرم کرد تازە بریاری (688) مجلسی ئەمن لەسەر کوردو ناوچەی پارێزراو دەرچوبوو، مام جەلال ووتی دوای ئەو قسانەوە پێشمەرگە شەرناکات بۆمان کۆنابێتەوە هەروەها ووتی تۆ چەندت پیٚ کۆدەکرێتەوە ووتم وەلاٚ ئێمە دوێنیٚ شەرێکی گەورەمان کردووەو لیوایەکمان گرتووە دیل ودەست کەوت هەیە بەئامر لیواکەوە مام جەلال ووتی ئێوە رەئتان چیە زانیم تازە بریار دراوە، ووتم مام جەلال منیش لەبەر وەزعی خەلٚکەکەو ئەوە لەوە زیاترعێراق لەدوامان نەیەت و شەر بوەستێت بەلاٚم وادیاربوو کاك فەرەیدون سەفەرێك و کاك دارای توفیق ئاغاش دوو سەفەری کردبوو بۆ بەغدا لەو یەك دوو رۆژەدا،

من ووتم پێم باشە بەڵام چۆن وەفد لەم کاتە کێشەی کورد لەدنیاوە باسی دەکرێت و مجلسی ئەمن باسی دەکات و مەسئولینی یەکەمی حزبەکان نەچن بۆبەغداد لەم کاتەدا مەبەستی من شەخسی مام جەلال خۆی بوو ووتم من گفتوگۆم پێ باشە بەڵام مەسئولی یەکەم نەچێت بۆبەغداد، ووتی وایە، بروسکەی کاک رەسول هاتووە وادیارە کاک رەسول ئاگای لەوەزعی خەڵکی نیە، کاک رەسول وەڵامی بروسکەکەی منی داوەتەوە مام جەلال بۆی خوێندمەوە کە کاک رەسول دەڵێت بۆبەرێز مام جەلال..دوای سلاّو بروسکەتان لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ عێراق پێمان باشە بەڵام لایەنی (3) هەم هەبێت لەنێواندا چونکە سیقە بەعێراق ناکرێت و دوایی لەهەموو شت پەشیمان دەبێتەوەو ئەو مددەی دەرەوەش لەسەر کورد سارد دەکاتەوە، مام جەلال لەبروسکەکەی کاک رەسول رازی نەبوو لەبەر ئەوە دەیوت وەزعی خەڵکەکە زۆر خراپە و ئێستا گفتوگۆ زەروریە خۆی راست بوو رەئەکەی مام جەلال ئەگەر بریاری(688) نەبوایە، بروسکەی کاک رەسول لەسەر رۆشنایی دەرەوەش بوو، پاشان ئێمە بەمام جەلالمان ووت ئەگەر پێویستە ئێمە لێرە دەمێنینەوە ووتی پێویست ناکات و منیش سەفەرم هەیە بۆجێگایەك بەئێمەی نەوت ئێستا دەچمە سلێمانی وبۆدوکان و شەقلاّوەو لەوێ کۆبونەوەی بەرەی کوردستانی هەیە هەردوای ئەوەی ئێمە گەراینەوە بۆپێنجوێن و چوینەوە ئەحمەد ئاوا مام جەلالیش چوبووە سلێمانی وشەقلاّوە و لەوێ بەرەی کوردستانی هەموو بریاریان دابوو گفتوگۆ لەگەڵ عێراق بکرێت وە وتبویان مام جەلال بروات بۆگفتوگۆکان مام جەلالیش وتبوی باشە دەرۆم بۆبەغداد شەری کۆرێش لەهێزی سۆسیالیست ویەکێتی و تاپێشمەرگەی پارتیشی لێبوو لەگەڵ دکتۆر سەعید ناوێکدا هەمووی هەڵهاتبوون کاک مەسعود وتبوی حمایەکانی خۆشم رۆیشتون نازانم بۆکوێ رۆیشتون و خۆشی چوبوو بۆگوندی سارداوی نێوان هاودیان ورێگای بارزان مێرگەسور لەوێ بوو لەوگوندە کاک مەسعود زۆربێزاربوو لەپێشمەرگەو بەتایبەتی هی خۆیان کەچۆن هەڵهاتون و شەریان پێ نەکراوە وە وتبوی خەریکە جامانەکەم بسوتێنم لەداخی پێشمەرگە بەڵام شەری کۆرێ و عەربەت وئەزمر تەوازونی هێزی گۆری و عێراق ملی دابە ئاشتی و گفتوگۆ، لەشەوی 12-1991/4/13 کۆبونەوە بریاری داو مام جەلال سەرۆکی وەفدبێ وبەئەندامێتی کاک رەسول وکاک سامی

و كاك نێچیرڤان بارزانی بۆبەغداد بەڵام مام جەلال شروتی هەبوو ئەویش دەبێ هەموو لایەنەکان ئیمزای بکەن کەلەسەر بریاری هەموویان دەروات وەدەبێ ئەندامانی وەفدەکە خۆی دەست نیشانی بکات کەئەوانە بن ، لە1991/4/13 وەفدەکە گەیشتە بەغدادو بۆشەوەکەی لەتەلەفزیونی بەغداد دەرکەوتن وماچ کردن کەوتە ناوباسانەوە لەوکاتەدا خێزانی کاک رەسول لەتهران لەئوتێل اطلس دەبێت مدیری ئوتێلەکە بۆی باس کردم وتی مام جەلالی پیشان دا خێزانی کاک رەسول دەستی کرد بەجنێودان بەمام جەلال و ووتی ئەوە هەر لەگەڵ رژێم بووە پاشان سامی پیشان دا ووتی ئەوەش دژی کوردەو لەهەکاری کوردی ئیبادە کردوە پاشان کاک رەسولی پیشان دا یەک قسەی نەکرد وتێک چوو یەکسەر هەڵساو رۆیشت تادوو رۆژ هەر قسەی نەکرد دوای ئەویش نێچرڤانی پیشان دا مام جەلالیش وەفدەکەی تەقدیم کردلای صدام حسێن، کاک رەسول وتبوی ئەم لحظةیە ژیان دەزانم و خۆشترین ژیانم ئەم لەحزەیەیە لەخزمەتی جەنابت دانیشتوم برادەرانی یەکێتی ئەوەیان لەسەر کاک رەسول کردبوو بەدعایەك و زۆریان لەسەر دەکرد نازانێ قسە بکات، من بەکاك رەسولم ووت برادەران وادەڵێن کاك رەسول ووتی ئەی ئێمە بۆوەفدو بۆمەسەلەی کورد رۆیشتوین کەچارەسەری کێشە بکەین قابیلە بڵێم دوژمنی بۆموجامەلە هەردەبێت شتێك بڵێن وەفد لەوێ زۆر مایەوە بەڵام دەرکەوتن لەتەلەفزیون ماچ کردن بووبە مزائیدەیەك زۆر لەسەر مام جەلال و وەفدەکە مام جەلال خۆی لێ دەپاراست بەراستی دوو حاڵەت هەبوو یانەچونایە یادەبوو مام جەلال بڵێت باشم کردوە لێشی پەشیمان نیم بەڵام ئەوە لەدەرەوە تەئسیری هەبوو لەسەر کوردو بریاری (688) ، لە1991/4/14 لەمەریوانەوە بەرێ کەوتین بۆپێنجوێن و گۆخلاَن شەو لەپێنجوێن بوین، لە1991/4/15 لەپێنجوێنەوە بەرێ کەوتین بۆسەرای سوبحان ئاغاو بۆچەناخ چیان کەلە رۆژی 1991/4/11 سەیتەرەکەمان داناو گومرگمان لەچەناخ چیان دانا پێشمەرگەی یەکێتی و سۆسیالیستمان دانا، بۆشەوەکەی چوینە ئەحمەدئاوا مەقەری هەرێمی (2) لەوێ بوون وەفدەکە لەبەغداد مایەوە (42) رۆژی پێ چوو پێشتر مام جەلال تێگەیشت کەشتێك ناکەن گەرایەوەو ووتی لەوە دەچێت کاك مەسعودیان پێ باشتر بێت سەری بەغداد بدات لەبەرەش تەرحیان کرد کەکاك مەسعود بروات، لە1991/4/16

لەپێنجوێنەوە چوین بۆ سەیدصادق و ئەحمەدئاوا شەو لەئەحمەدئاوا بوین و ئێوارەکەی لای کاک شەوکەت بوین لەئەحمەد ئاوا مەقەری دانابوو مەقەراتی ئێمەش لەوێ هەبوو چادریان هەڵدابوو شەو چومەوە مەقەری هەرێمی(2)، لە 1991/4/17 گەرامەوە بۆ بیارەو سوسەکان و چومە مڵەخوردو بۆمەریوان، لە1991/4/18 لەمەریوان بوین، لە1991/4/19 گەرامەوە بۆباشماغ و ئاشی شێخ قاسم و پێنجوێن ئیتر مەقەری لق مان لەچوارباخی پێنجوێن داناو دەستمان کردبەئیشوکار لەبەغدادەوە ئاگاداریان کردین کەلیژنەی تەنسیق لەسلێمانی دادەنێن ئێمە مامۆستا عبداللەو یەکێتی شێخ سالارو پارتی کاک فائیقەرەشیان دیاری کرد کەلیژنەی تەنسیق لەگەڵ عێراق بۆچارەسەری هەرکێشەیەك رودەدات و دەست بەکاربوون مەقەری بەرەی کوردستانیش لەچوارتا دانراو ئێمە کاک رەشید عارف مان دیاری کرد لەوێش دەست بەکاربوین و وردە وردە خەڵکەکەش دەگەرانەوە بۆناوچەکان وەفدەکەش لەبەغداد هەر رۆژە رۆژەیان پێ دەکردن ودوایان دەخستن، لە1991/4/20 وردە وردە رێکخراوە نێو دەوڵەتی و خێریەکان دەگەیشتنە کوردستان (UN) و (MCC) گەیشتنە کوردستان وەفدیش هەر لەبەغداد بوو، لە1991/4/21 لەگۆخلان و پێنجوێنەوە رۆیشتین بۆقاینەجەو ریشێن و مەلاوەیسەو گوڵەخانە یەك ماڵ لەگوڵەخانەبوو ماڵی کاك محمدعەلی حبیب لام دایە لایان و زۆر دڵخۆش بووم چومەوە دوای (15) ساڵ نەمتوانی بوو رۆژێ لەگوڵەخانە بم بەڵام گوندی وێران کراو هیچی لێ نەمابوو باخ هەموو سوتابوو برابوو هەتا بەردی دیوارەکانیشیان بردبوو بۆ دروست کردنی مەعەسکەر ورەبایە هەمووی کرابوو بەمەعەسکەرو ئەڵغام و تەلبەند ئەوماڵەش لەناو هەندێك رەبایە کۆنی عێراقدا بون و چادرێکیان لەسەری دابوو حاجی حمە عەلی پیاوێکی بەوەفاو باش و دڵسۆزوکورد پەروەربوو، لە1991/4/21 چوینە ئەحمەد ئاواو بیارەو تەوێڵەو سەری مەقەری بەرەمان لەسوسەکان داو گەراینەوە بۆئەحمەد ئاواو شەو لەوێ بوین، لە1991/4/23 سەری چەناخ چیان مان داو گەرامەوە ئەحمەدئاوا بەتەمای ناردنی هێز بوین بۆ گەرمیان وکەلارو ئەوناوە چونکە هێشتا لەگەڵ جەیش زۆر تێکەڵ نەدەبوو پێشمەرگە حەساسیەتی هەبوو، لە1991/4/24 چوینە پێنجوێن و سەردانی مەقەرمان کردو هەرێمی (5) لەوێ بوون بەڵام هەرێمەکان هەریەکە

ببوون به (700–800) كەسو زۆر زیادیان كردبوو، پێشتر لە1988/8/6 لەكاولان قسەم بۆپێشمەرگە كرد كەهەر گۆڕانێكی سیاسی هەبێت لەناوچەكە هەریەكێ لەئێوە سەدان كەستان لێ كۆدەبێتەوە ئەوكاتە من وام وتبوو دوای (3) سالّ هاتە دی كەهەریەكێ لەو پێشمەرگانە سەدان وهەریەكە لەومەسئولانە بەهەزاران خەلّكی لێ كۆببوەوە حزب زۆر بەپەلە گەشەی دەكرد خەلّكی كوردستان حەقی خەباتی بێ وچانی (15) سالّی رەبەقیان دەدایەو هاوكاری تەواویان دەكرد، لە1991/4/25 لەپێنجوێن بوین، لە1991/4/26 بەرێ كەوتین بۆ مەریوان و كانی دینار هاتوچۆی ئێران بۆئێمە هەروەكو ئەوەوابوو بۆشارێكی كە برۆیت یالە سەیدصادقەوە بۆ خورمالّ یاپێنجوێن بۆهەلّەبجە ئاسان تربوو بۆهەرشارێكی ئێران برۆیشتایە هەرچەندە ئێران پێ ی ناخۆش بوو ئەو گفتوگۆیەی لەبەغداد هەبوو یاقیادەی كوردی ئێرانیان لەبیرچووە ئێرانیش لەئاوەدانی و بەدەمەوە هاتنی خەلّكی كوردستان جگە لەئاوارەكان هەلّوێستەیەكی لێ كرد، پاشان بەرێ كەوتین بۆسنە، لە1991/4/28 لەسنەوە بەرێ كەوتین بۆسەقزو بانەو سەردەشت، لە1991/4/29 بۆپیروران و بەردەپان و سەرسنوری كێلەو بۆدارشمانە مەقەری حزب لەوێ بوو پاشان بۆقەلاّدزەورانیە وچوارقورنە و حاجی ئاوا، لە1991/4/30 چوینە دۆلّی هیران ونازەنین بۆشەقلاّوەولای لقی هەولێر وخالّەسەیدكاكەو برادەران لەشەقلاّوە كاك سامان و كاك حامیدو برادەرانمان دی لەدوای كۆبونەوەیەك لەگەلّ برادەران گەراینەوە بۆرانیەو لەوێ تەرتیبی مەقەرێكمان كرد، لە1991/5/1 لەرانیەوە بەرێ كەوتین بۆ قەلاّدزەودارشمانەو كێلەو بەردەپان وسەردەشت و بۆبانەو سەقزو سنە، لە1983/5/1 لەسورێن بوم یەكێتی هاتبونە سەربارەگای مەكتەبی سیاسیمان لەپشت ئاشان و قرناقەو ئاشقولكە ئەو رۆژەش بەجیهاز بەمنیان دەوت واسۆسیالست (حسك) تەواوبوو كاك نەوشیروان بەدەنگی خۆی بەجیهاز دەیدایە رادیوێ كەیان دەیوت داومانە لەتەپلّی سەری حسك و سەری مارەكەمان پان كردۆتەوە ئێوەش پەلوپۆكانیان لەخوارەوە لێ بكەنەوە منیش لەوەلاّمدا بەجیهازەكەم ووت ئێوە ئێستا لەكوێدا وەستاون ئەو كاتە لەپشتی رەزلّە بوون پێم ووتن لەسنوری توركیاو قەندیل و هەولێرەوە تا ئەوێش كەس نەمێنێ دروستی دەكەمەوە ئەم رۆژەم وەبیر هاتەوە كەئێستا حسك خاوەنی هەزاران جەماوەرو پێشمەرگەیەو ئەوكات وایان پێ

دەگوتین دەرکەوت هێزی سیاسی خاوەن جەماوەر کۆتایی پیۆ نایەت هەرچەند پیلانی بۆ دابرێژیت، لە1991/5/2 لەسنەوە بۆکامیران وکرماشان چوین پاشان گەراینەوە کامیران، لە1991/5/3 لەگەڵ خاڵەحاجی دا لەکامیران لەچەمی پایگە لان دا بۆرەزاو سەرجادەی مەریوان شەو چوینەوە مەریوان و کانی دینار، لە1991/5/4 گەراینەوە بۆگۆخلاڵن و پێنجوێن و سەیدصادق و ئەحمەدئاوا و شەولەویۆ بوین، لە1991/5/5چوینە سیروان و هەڵەبجەو سەیدصادق و کانی پانکەو چەناخ چیان و شەو چوینە ئەحمەدئاوا، لە 1991/5/6 چوینە سەیدصادق و پێنجوێن و گۆخلاڵن ومەریوان، وەفدەکەش بەقیادەی کاك مەسعودبارزانی گەرابونەوە بۆبەغدادو کاك رەسول و کاك سەعد لەسۆسیالست تێدابوو بروسکەیان کردبوو کەمن برۆمە مەکتەبی سیاسی تاکاك رەسول دەگەرێتەوە لقی هەولێر وبرادەرانیش لەشەقلاۆەو حەریر ئەوناوە بوون هیچ جولەیەکیان نەبوو کاك شیروانیش لەلقی هەولێر نەمابوو، ئیتر ئێمە گەراینەوە گۆخلاڵن و سەیدصادق و ئەحمەدئاوا، وەفدەکەی بەرەی کوردستانی لەبەغداد بون لەوێش هەر کێشەیان هەبوو بۆ رۆژێك کاك رەسول لەپێشەوە دەروات کاك نەوشیروان پیۆ ی ناخۆش دەبێت لەسەرپلیکانەی ئەو خانوە یائوتێلە کەلیۆ ی بوون کاك نەوشیروان پاڵێك بەکاك رەسولەوە دەنێت و دەڵێت ئەوە بۆرێگاکەمان بۆچۆڵ ناکەیت گێژ گێژە تە کاك رەسولیش پاڵی پێوە دەنیۆ و قسە بەکاك نەوشیروان دەڵێت و جەماعەت دەکەونە نێوانیان وردە شەریۆ لەوبابەتە هەبوو هەموو دژی یەك بەتەنها تەنها کۆدەبونەوە واتەعێراق هەوڵی دەدا بەتەنهای قسەیان لەگەڵ بکات پارتی هەرکاری وای زۆر دەکرد لەسەر ئەوەکاك رەسول زۆر نەمایەوە لەبەغداد دوای ئەو کاك دکتۆر محمود چووە بەغداد لەگەڵ کاك عدنان مفتی دا پێشتر کاك دکتۆر محمود دژی گفتوگۆبوو وەقسەی بەکاك رەسول دەوت بۆچون بۆبەغدا لەگەڵ مام جەلال بەلاّم کاتیۆ وتیان خۆت برۆ دەنگی نەکردو رۆیشت ، لە1991/5/7 لەمەریوان بووم بەریۆ کەوتم لەگەڵ مام والی قاجری و کاك عومەری حاجی فەتاح وکاك حمەکەریم وکاك نجم الدین بۆکانی دینار، وەفدەکە هەرلەبەغداد بوو، لە1991/5/9 لەسنەوە بەریۆ کەوتین بۆسەقزوبانەو سەردەشت و مەقەری علاقات و پیروان و بەردەپان و کێلەو دارشمانەو قەلادزەورانیە شەو لەئۆردوگای رانیە بوین لەماڵی کاك

ڕەسول ئاغا لەگەڵ کاک محسین بایزدا، لە1991/5/10 لەرانیە تەشکیلاتی هێزەکانمان کردو هەمومان ڕێك خست و (2) هەرێممان ڕێك خست بۆکاك حسێن جعفربۆلای کەڵەکی یاسین ئاغاو ئۆردوگای خەبات، هێزەکانی سنوری قەلادزەو پێشمەرگەم نارد بۆکێلە بۆدانانی گومرك تائەوکاتە پارتی و یەکێتی هەردوولایان گومرکیان دانابوو منیش کاك جەمال حمەصاڵح وکاك ئاواتە ڕەش و حمە سورێك خزمی کاك ڕەسول بوو هەموویانم نارد لەکێلە بەزۆر گومرگیان داناو لەپێش یەکێتی و پارتیەوە تا(10) ڕۆژ وپاشان داوایان کرد پێکەوە هاوبەشی بکەین کاك محسین بایزیش لەگەڵ قوەتێك لەوێ بون پاشان من چومە مەکتەبی سیاسی خەریك بوو لەبرسا دەمردن نان نەبوو بیخۆن لەمەکتەبی سیاسی لەرانیە ڕۆژی (500)هەزار دینار لەکێلە لەپەنایاندا کۆدەکرایەوە ئەوان نەیان دەتوانی بچن مشارەکە بکەن لەو گومرکەدا کاك محسن و برادەران وتیان ئەگەر پارتی و یەکێتی ڕێگەیان نەداین گومرك بکەین منیش پێم وتن لەسەر گومرك شەرکردن حەڵاڵە ئێمە بەو پارەیە مەقەرات و سەیارەوسەیارەیەکم بۆکاك عبداللە همزە کری و هەمووشتمان بۆمەکتەبی سیاسی جێ بەجێ کرد هەرچی بروسکە دەهات من بەناوی قیادەی سیاسیەوە ووتم من ئەندامی قیادەی سیاسیم وخۆشم بریار ئەدەم لەسەر ئەوە لەدوایدا کێشەی زۆر لەسەری دروست بوو، لە1991/5/10 وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت چوبوو بۆئیسرائیل کەدوای شەری دووهەمی جیهانیەوە یەکەم جارە هاتوچۆی نێوان سۆڤیەت و ئیسرائیل و وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بروانە ئیسرائیل، لە1991/5/11 سەری ماڵی کاك سوارەئاغام دا لەسەر کەپکان پاشان چوینە رانیە بۆماڵی کاك ئاکۆی عەباس ئاغا کێشەیەك هەبوو لەنێوان ئەوان وحاجی مەلادابۆچارەسەرکردنی چوین پاشان چوینە خلێفان وحەریروشەقلاوە و بۆگوندی حجران کەمەقەراتی پێشمەرگەی سۆسیالیستی لێبوو خاڵەسەیدکاکە بردینی بۆلای دەبابە سوتاوەکان ووتی هەر لای ئێوە شەر نەبوە وائێمەش دەبابەمان سوتاندوەو شەرێکی باشیان کردبوو هەرباسی سەدی بێخمە دەکرا لەگەڵ خاڵەسەید کاکەوبرادەران چوین بۆشەقلاوەو خلێفان و گەلی عەلی بەگ تائەوکاتە نەم دیبوون پاشان چوینە دیانەو ڕەواندزو قضای صدیق لقی هەولێر بەشێکی لەدیانە بوون سەردانمان کردن وشەولایان بوین، لە1991/5/12 لەشەقلاوەوە چوینە

حەریروسپیلك و جادەیەك سەردەكەوت بۆكلیگد بۆگوندەكانی سەر سریشمەو بۆبیخمە سەدی بیخمەمان دی هیشتا تالآن نەكرابوو تازە دەستی پیّ دەكرد بۆتالآن كردن دوای سەیر كردنی چوینە خلیفان ودیانەو رەواندوز، لە1991/5/13 لەدیانەوە چوینە رەواندوزو خلیفان وگەلی عەلی بەگ لامان داو سەیری بیخالمان كردلەویّ سەردانی مالّی شەهید سەید سەلیم مان كرد پاشان چوینەوە بۆحەریرو شەقلاوە من لەوماوەیەدا ئیشەكانم بەش كردبوو كاك قادر جەباری و خالەحاجی بۆسنوری لقی سلیمانی من دەوامم زیاتر لەرانیەو مەكتەبی سیاسی بوو، هەرلە1991/5/13 كاك عدنان مفتی لەسوریاوە تازە هاتبوەوە كوردستان لەویّ بوو، لە1991/5/14 لەشەقلاوەوە بەریّ كەوتم بۆ چوارقورنەو رانیەو قەلادزەو سەردەشت و بانەو سەقزو دیواندەرەو سنە لەبەر ئەوەی جەیشی عیراق لەسەر جادەی بیستانە كۆیەو دوكان و سلیمانی بون تاعەربەت من لەوریگایە تەئمین نەبوم بۆیە هاتوچۆم لەدیوی ئیرانەوە دەكرد، لە1991/5/15 لەسنەوە چومە كامیران و روانسەرو پاوەو گەراینەوە روانسەرو كامیران لەمالّی مام عبدالخالق بوین، لە1991/5/16 چوینەمەریوان، لە1991/5/17 هەرلەمەریوان بوم، لە1991/5/18 بەریّ كەوتین بۆساوجی و گۆخلان وپینجوین، لە1991/5/19 چوینە شانەدەری و سەری مالّی مارف ئاغای گلآلیمان دا رایان كردبوو لەوناوەبوون پاشان چوینە كانی پانكەو گەراینەوەپینجوین، لە1991/5/20 چوینە سەراو گەراینەوە بۆپینجوین لەوكاتەدا لەبەغداد زۆرحیسابیان بۆوەفدی سۆسیالیست نەدەكرد و لەلیژنەی تەنسیق هەرزیاتر كاك شیخ سالار وكاك فائیقەرەش ئیشەكانیان دەكرد ودەیانوت سۆسیالیست زۆر حەجمی نیە لەسەر روداوەكان من بەتەمای ئەوەبووم لەوكاتەدا كەكاك مەسعودو برادەران لەبەغداد بون پییان بسەلمینین كەسۆسیالیست دەتوانیّ كاری وابكات بەوان نەكریت یاحكومەت روو لەئیمە بكات و قورسایی ئیمە بزانیّ، لە1991/5/21 لەپینجوین و چوارباخ كۆبوینەوەو هەموو هیزەكانمان كۆكردەوە لەبەر ئەوەی پیشمەرگە زۆر زیادی كردبوو لەتەشكیلاتی هەریمدا جیگای نەدەبوەوە كردمان بەهیزی گەورەو هیزی (500) كەس و (700) كەس و (1000) كەسی مان لیّ دروست كردن هەریم و بەتالیون مان بۆدانان كۆمان كردنەوە كاك قادرجەباری قسەی كردو منیش قسەم بۆكردن ئەو هیزانەمان

دروست کرد(هێزی ئازادی، هێزی زمناکۆ، هێزی ئەزمر، هێزی قەرەداغ، هێزی گەرمیان، هێزی پیرەمەگرون) نزیکەی (4)هەزارپێشمەرگە بوون جگە لەلق و ناوچەو هەریەکەش بەشی حەرەسیاتی خۆی پێشمەرگەی هەبوو دەستەکەی منیش (60) پێشمەرگەیەك بوون دەستمان بەرێکخستنی هێزەکان و دیاری کردنی سنوربۆیان ئەوەش ئەهمیەتی خۆی هەبوو لەسەر ساحەکەدا، لە1991/5/22 لەپێنجوێن بوین، لە1991/5/23 چوینە کانی پانکەو سەری ئەو قوەتەی کانی پانکەمان داو گەراینەوە بۆسیروان و چوینە ماڵی حاجی عەلی درکەو ئێوارەش گەراینەوە بۆنەزارە و سەری هەندێك ماڵمان دا، لە1991/5/24 چومە مەریوان ودزڵی و بۆکانی خەیاران سەردانی مەقەرەکانمان کرد لەدوای ئێمە دوو دیلی عەرەب لەوێ بون بۆسەردان چوبون بۆدزڵی لەرێگا لەبەفردا رەق ببونەوەو مردبون پێمان ناخۆش بوو چونکە ئەوانیش بریاری ئازاد کردنیان بۆوەجبەی دووەهەم درابوون پاشان گەراینەوە مەریوان ومەسئولینمان بینی، لە1991/5/25 لەسنە بوین لەگەڵ خاڵە حاجی و کاك سەلام، لە1991/5/26 چوین بۆکرماشان بۆبەردانی کاك محمد حاجی محمود هارونی گیرابوو لای کرماشان، لە1991/5/27 هەر لەکرماشان بوین، لە1991/5/28 گەراینەوە بۆسنە، لە1991/5/29 لەسنەوە چوینە مەریوان، لە1991/5/30 لەمەریوانەوە چومە ساوجی و گۆخلاّن وپێنجوێن وشارەزوورو گەراینەوە بۆپێنجوێن هەر ئەمرۆ خەڵکی شاری سلێمانی و بەهاوکاری برادەرانمان دەستیان گرت بەسەر پارێزگای سلێمانی و هەموویان چەك کردن لەناوشاردا جەیش وەکو پێشو کیسە خۆڵیان لەسەر سوچەکان دانابوو ئیهانەی خەڵکیان دەکرد ئەوەش قبوڵ نەدەکرا بۆخەڵکی کوردستان دوای راپەرین و ئەوانیش هەر لەسەر ئەقلّیەتی پێشوی خۆیان بون بۆیە من بریارم دا لەشارەزوورو لەسلێمانی و لەهەموو ناوچەکان بەرنامەیەك دابنێین بۆچەك کردنی هێزەکانی رژێم لەو رۆژانەدا وەفد لەبەغدادبوو پارتی هەموی جاسوسیان لەسەر ئێمەوە دەکرد رۆژانە وائەمرۆ فلاّن چوو بۆمەریوان وائەمرۆ لەمەریوانەوە پاسداران سەری مەقەری پێنجوێنیان داو یەکێتی و پارتی قەدەغەیان کردبوو ئێرانی بێتە کوردستان لەسەر داوای عێراق بەتایبەتی پارتی زۆر چاودێریان دەکرد، لە1991/5/31 داوایان کرد بڕۆین بۆقەلاّچوڵاّن کۆبونەوەی بەرەی کوردستانی هەبوو لەپێنجوێن

وناڵپارێزوچوارتا مەقەرمان لەویٚ بوو کاك قادرجەباری لەچوراتابوو شەو چوینە قەلاٚچوٚلاٚن وەفدی کوردیش هەر لەبەغداد بوون، لە1991/6/1 کۆبونەوەی بەرە هەبوو پاشان لەدۆڵی جافەتیەوە بەریٚ کەوتین بۆگاپیلۆن و مالومەو مەولان و قەرەهەنگ و دۆڵەبی و سیٚ دەروشارستێن و هەنجیرەو بنگردو سەرئاوەکەو چوینە رانیە کاك دکتۆر محمود لەویٚ بوو ئەو رێگەیەی کەجاران بەپیٚ دەرۆیشتین پاشان چوین بۆقەلاٚدزە ئەو کاتە کاك دکتۆر تازە لەدەرەوە گەرابوەوە بۆکوردستان، لە1991/6/2 لەرانیەوە لەگەڵ کاك دکتۆر محمودوکاك عدنان مفتی بۆهەمان رێگای دۆڵی جافەتی و چوینە ماوەت و کۆیان کردنەوە قسەیان بۆکردن پاشان چوینە قەلاٚچوٚلاٚن و شەولای مام جەلال بوین هەرلەویٚ سەری برادەرانمان دا مەقەریان لەقەلاٚچوٚلاٚن بوو پاشان سەری ئەزمرمان داو سەیری سلێمانی وئەوناوەمان کرد، لە1991/6/4 لەچوراتاوە بەریٚ کەوتین لەگەڵ کاك دکتۆر محمود لەشارباژێرەوە بۆناڵپارێزولای سەرکان لەلایەن برادەرانی خۆمان (150) سەیارە هاتن بۆپێشوازی کاك دکتۆر محمود پاشان چوین بۆپێنجوێن، لە1991/6/5 لەپێنجوێنەوە چوینە کانی پانکە پێشمەرگە لەویٚ بون سەری لێدان و پاشان چوینە چەناخ چیان و بۆبەرزنجەو هێزی ئەزمر لەویٚ بوو مەقەریان لەویٚ سەردانی خەڵك و مەقەرو لایەنەکان و مەرقەدی شێخ عیساو شێخ موسا لەبەرزنجە مان کرد و شەو گەراینەوە بۆهەڵەبجەی کۆن و لەناوچەی هەلەبجە شەو کۆبونەوەمان بەکادروئەو پێشمەرگانەی لەویٚ بوون کرد، لە1991/6/6 کۆبونەوە بەخەڵکی هەڵەبجە کراو جەماوەرێکی زۆر کۆبونەوە پاشان چوینە سیروان و ئەحمەدئاواو تەوێڵە و شەو لەبیارە بوین مەقەری هەرێمی (2) لەبیارە بووکۆبونەوە بەخەڵکی بیارەش کرا و سەردانی مەقەرمان کردو هەندێك ماڵی ئاوارەش لەوناوە بون پاشان ئێمە چوینە پێنجوێن وەفد لەبەغداد پاڵیان لیٚ دابوەوە بەقیادەی کاك مەسعود، لە1991/6/8 چوین بۆگۆخلاٚن کۆبونەوەی جەماوەری هەبوو پاشان بۆچەمی شلێروگەرمك گەراینەوە ناڵپارێز و بۆچوارتا، لە1991/6/9 لەچوارتاوە بۆدۆڵی جافەتی و بنگردوسەرئاوەکەو قەیاغەکە بۆرانیە لەگەڵ کاك دکتۆر وبرادەران دا کاك رەسول داوای کردبوو بگەرێتەوە چونکە لەگەڵ کاك نەوشیروان تێك چووە و لەگەڵ برادەران لەویٚ تەبا نەبون برادەرانی خۆشمان

دەیانگوت قسە ناکات لەکۆبونەوەکاندا، لە1991/6/10 لەرانیەوە بۆچوارقورنە وحاجی ئاواو ئۆردوگاو کۆ کرانەوە قسەیان بۆکران، لە1991/6/11 لەرانیە بوین کاک دکتۆرعزالدین مستەفا رەسول سەردانی کاک دکتۆر محمودی کردو هەندێك قسەکراو هەمان رۆژ کۆبونەوەی جەماوەری بەخەڵکی رانیە کراو نزیکەی (10) هەزار کەسێك کۆبونەوە لەناوشاردا، لە1991/6/12 چوینە قەڵادزە نێوەرۆکەی لەماڵی کاک بایزی ئەحمەد ئاغای مەرگە بوین پاشان چوینە گوندی هەڵشۆو سەردانی ئەو دۆست و لایەنگری حزبمان داو دوای نیوەرۆ کۆبونەوە بەخەڵکی قەڵادزە کراودکتۆر قسەی بۆکردن، لەشەوی 12-1991/6/13 لەمەقەری ناوچەی قەڵادزە بوین کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوچە هەبوو بەکادرەکان لەسەر شێوەی ئیش کردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو وەزعەی کەهەیە پاشان گەراینەوە بۆرانیە، لە1991/6/13 چوینە شەقڵاوە، لە1991/6/14 گەراینەوە بۆرانیە، لە1991/6/15 چوینەوە بۆشەقڵاوە بۆکۆبونەوەو هەمان رۆژ گەراینەوە بۆرانیە کاک رەسول و برادەران لەبەغدادەوە گەرابونەوە کاک رەسول بەخراپی باسی ئوسوڵی وەفدەکەو تعامل و ئەوەی دەکرد لەبەغداد ووتی برادەرانی یەکێتی وەکو ئەوە وایە (2-3) مانگە یادووبرا یەك ساڵە یەکیان نەدی بێت وئێستا یەکیان دیوەو سوعبەت و نوکتەو قسەی سەیر سەیر دەکەن و باسی کوردایەتی هەر ناکرێت و کاك مەسعود بارزانیش گیانمان دەرچوو تالەراژان هێنامانەوە کوردستان و ئێستا لەبەغداد دانیشتووەو بەهەموو شتێك رازیەو ئەگەر فریای نەکەوین هەموو شت مۆر دەکات، نەوشیروانیش کابرایەکی حاقدو خۆبەزل زانە ئێمە ئەو کاتە نەمانزانیبوو لەسەر قادرمەکان کاك رەسول وکاك نەوشیروان شەریان بووەو پاڵیان بەیەکەوە ناوە و قسەیان بەیەك وتووە، برادەران وتیان ماقوڵ نیە ئێمە کەسمان لەوێ نەبێت هەروەها ووتی عێراقیەکان پرسیاریان کردووە بەڵام من وتوومە برادەرانمان دێن وایان زانیوە لەوان عاجز بووم کاك رەسول ئەوەندە بەعاجزی گەرابوەوە جانتاکەی خۆشی لەگەڵ مۆرەکە لەبیرچوبوو لەبەغداد دوای ئەوە لەرێگای مخابراتەوە ناردیانەوە بۆکاك رەسول کەسێك هێنایەوە ناوی رائید زەیدیائەبو زەید بوو، سەرۆکی وەفدی بەرەی کوردستانی کاك مەسعودبوو سەرۆکی وەفدی عێراقیش عەلی حسن مجید بوو ئەوەی لایان بوو مدیری

مخابرات ئەبو وەلید ئەوانە دائیم لایان بوون تەنها وەفدی سۆسیالیست گەرابونەوە، لە1991/6/16 چوین بۆشەقلاوەو حەریرو سەری مەقەرمان داو پاشان چوینە دیانەو شەو لەرەواندوز بوین، لە1991/6/17 لەرەواندوزەوە بۆ بەرزیووەو جوندیان و ریژانوك و پردی زەردو ناپردان و بۆچۆمان سەری مەقەرمان داو پاشان بۆئازادی و حاجی عمران و تاسەر سنور رۆیشتین وگەراینەوە بۆرانیە، لە1991/6/18 لەحاجی ئاوا لەماڵی كاك حاجی ابراهیم رۆستەم بوین، لە1991/6/19 لەرانیەو حاجی ئاواو چوارقورنە بوین، لە1991/6/20 لەرانیەوە چوینە هیران و شەقلاوەو كۆبونەوەمان هەبوو لەشەقلاوە پاشان چوینە رەواندوزو خلیفان و دیانە، لە1991/6/21 گەراینەوە بۆرانیە، لە1991/6/22 لەرانیەوە بەریَ كەوتین بۆچوارقورنەو هیران و شەقلاوە لەگەڵ كاك رەسول دا كاك دكتۆر محمود لەشەقلاوە بوو لەویَ كاك كەریم ئەحمەد سەردانی كردین و پاشان رۆژنامە نووسی توركی هاتە لامان لەرۆژنامەی میلیەت رۆژنامەی (2000) دووهەزار ناوم نەبیستبوو تائەوكاتە، لەنزیك هیران نانی نیوەرۆمان خواردو پاشان چوینە شەقلاوە رۆژنامەنوسەكان مقابەلەی كاك دكتۆریان كرد بەئنگلیزی و پاشان لەگەڵ كاك رەسول كەس نەبوو تەرجومەی بكات بەتوركی بەكاك قادرجەباری لەناو ئەو عەشاماتە واییَ ی عەیب بوو تەرجومە بۆكاك رەسول بكات رەنگێكی هێناو رەنگێكی برد ووتی توركی نازانم كاك قادر خەڵكی كەركوك بوو سەدان جار بەتوركی قسەی كردبوو هەرچیان كرد ووتی نای زانم پاشان یەكیَ لەخۆیان تەرجومەی دەكرد، لە1991/6/23 سەردانی كاك عەزیزمحمد سكرتێری حزبی شیوعی عێراقمان كرد لەشەقلاوە بوو لەگەڵ كاك رەسول و برادەران پاشان گەراینەوە بۆرانیە وشەو بۆچوارتاو لەویَ ماینەوە بریار درا كاك دكتۆر محمود بروات بۆبەغداد لەگەڵ كاك عدنان مفتی دا لەجیاتی حزبی سۆسیالیست، لە1991/6/24 لەچوارتاوە بەریَ كەوتین بۆشانەدەری و سەیدصادق و سیروان شەو لەماڵی كاك محمد حاجی محمود هارونی بوین لەسیروان، لە1991/6/25 لەسیروانەوە چوینە پێنجوێن، لە1991/6/26 چوینە گۆخلاَن، لە1991/6/27 لەگۆخلاَنەوە چوینە مەریوان كاك دكتۆر محمودو وەفدەكەش چون بۆبەغداد كەپێشتر كاك دكتۆر نارازی بوو لەوگفتوگۆیە چونكە خۆی تێدا نەبوو، لە1991/6/28 لە مەریوان وكانی دیناربووم ، لە1991/6/29 لەكانی

دینـاربوم، لـە1991/6/30 لەمەریوانـەوە چـومە كـانی دینـارو دزڵـی و كـانی خـەیاران بـۆ سەردانی مەقەرات بەڵام ئەوپێشمەرگانەی لەویٚ بون بـیٚ تاقـەت ببـون بـەجێیان هێـشتبون، لـە1991/7/1 لـەكانی دینـاربوم، لـە1991/7/2 چـومە سـنە، لـە1991/7/4 هەرخـەریكی ئیشوكار بووم لەسنە پاشـان گەرامـەوە بۆمـەریوان، لـە1991/7/6 لەمەریوانـەوە گەرامـەوە بۆپێنجوێن وناڵپارێزوسەیدصادق و چەناخ چیان پاشان گەرامـەوە بۆهەڵەبجـەو سیروان و پێنجوێن و بۆمەریوان و شەو چومەوە كانی دینـار لەوكاتـەدا كـاك ئازاد قـەرەداغی (2–3) جارهاتبووە مەقـەری هێـزی ئازای لـەپێنجوێن وتبـوی وەرەقـەم دەوێـت بـۆئێران و قـەرارگا لەكوێـدان لەوكاتـە دوو كەسـی قـەرارگا لای ئێمـە بـون لـەهێزی ئـازادی دامـان نـابون و وەرەقەی هاتوچۆیان بۆدەكردین و ئەوەش ببوو بەجێگای نیگەرانی یەكێتی و پارتی هەتا برادەرانی ئێمەیان لەبەغداد پیٚ ئحراج دەكرد چەند جارێك پارتی لەبەر چاوی مەسئولینی عێراق وتبویان فلاٚن لەگەڵ ئێرانەو ئێستا مەقەری تازە هێناوەتە پێنجوێن و چـەندین جار هـەواڵیان دەگەیانـدە بەغـداد لـەرێگای كـاك فائیقـە رەشـەوە لەسـەر حزبـی سۆسیالیـست، لـە1991/7/7 لەمەریوانـەوە بۆپێنجـوێن وهەڵەبجـەو عەربـەت و شـەو گەرامـەوە مـەریوان و بۆكـانی دینـار بۆماڵـەوە، لـە1991/7/8 لـەكانی دینـارەوە چـومە سـنە، لـە1991/7/9 گەرامـەوە بۆكـانی دینـارو شـەو لەماڵـەوە بـووم لەوكاتـەدا ئێرانیـەكان زۆر داوایـان كـرد كـە دووكەسیان بێنە پێنجوێن و مەقەریان لەپێنجوێن بوو بـەڵام هـەموو لایەنـەكانی بـەرە هـەر لـەتحقیق دابـوون تاقیبیـان دەكـردین كـاك قادرقـادر لەوكاتـەدا داوایـان بۆكردبـوو كـاك مەسـعود بـەناوی نەخۆشـیەوە لەبەغـدادەوە بینێرنـە دەرەوەی ولاٚت پـێش ئـەوەی بـروات چەند كەسێكی ناردبوە لای مەقـەری ئێمـەو خۆشـی لەنزیكـەوە چاودێری كردبون تەئكیـد بكـات كەمەقـەری پاسـداران وقـەرارگا لـەپێنجوێن هەیـەو لەبەغـداد لەبەرچـاوی وەفدەكـە وتبـوی حمـەی حـاجی محمـود مەقـەری پاسـدارانی هێناوەتـە پێنجـوێن و لەوانەیـە ئـەو سـەربازە گیراوانـەش كەبـەری نـادەن دابـێتی بـەئێران دوایـش عێراقیـەكان بـەكاك دكتـۆر محمودیان وتبوو بەبرادەرانمان لـەویٚ كـیٚ پـەیوەندی توندی لەگـەڵ ئێـران هـەیە و دەبێتـە هۆی تێك چونی گفتوگۆكە رۆژانە خەڵكی سەربەیەكێتی و سـەربەپارتی دەهـاتن بۆوەرەقـە بـۆئێران هەنـدێكیان بۆئـەوە دەچـون گوایـە ئێمـە لەگـەڵ ئێـران دایـن و ئـەوان دژی ئێـرانن

لەدژی ئێمە دەچون خەڵکیان هان دەدا دژی ئێمە موزاهەرە بکات کەئەوانە جگە لەوەی وەرەقەیان دەکرد تەنها دووکەس بوون هیچ کارێکیان نەبوو بەڵام یەکێتی و پارتی وایان پیشان دەدا لای ئێران و لای عێراق کەحزبی سۆسیالیست ئەو توانایەی نیەو لەحەجم و قەبارەی کەم بکەنەوە لەبەر چاوی جەماوەرو لەبەرچاوی لایەنەکانی ئێرانی واتە هێزە بەرهەڵستکارە ئێرانیەکان و دیموکراتیان دەهێنایە باشماغ و لەوێ رێگایان گرتبوولەیەك لەگەڵ ئەو پاسدارانە خەڵکی ئۆردوگا لەباشماغ بون کەلێرەوە چوبون بۆدیموکرات و پاسدارەکەو سەیارەکەیان لێ ی سەندەوە ژن ومناڵ وعەشائیر چونکە خەڵکی کە لێ ی تێك دەچوو لەوسنورە بەڵام ئێمە لەوێ حەقمان کردەوە واتە ئەو ئەودووکەسەمان گێرایەوەو لەژێر هیچ زەختێك دەرمان نەکردن، لە1991/7/10 لەمەریوانەوە چومە پێنجوێن، لەرۆژانی 11و1991/7/12 هەرلەپێنجوێن بوین، لە1991/7/13 چوینە هەڵەبجەوگەراینەوە بۆپێنجوێن، لە1991/7/14 هەر لەپێنجوێن بووم، لە1991/7/16 چوینە تەعزیەکی خزمی کاك صابری حاجی رەحیم لەشاوەڵێ وپاشان چوین بۆهەڵەبجەی کۆن بۆلای کاك عومەرحاجی عینایەت لەسلێمانی ئاڵۆزی دەستی پێ کردبوو چونکە سەربازەکان بەشێوەیەکی ناشیرین لەسەرجادەوکۆڵانەکان کیسە خۆڵ و رەبایەیان دروست کرابوەوە لەدوای راپەرین هەروەکو هیچ روی نەدابێت لەکوردستاندا لەناو شار پەلاماری جەیش و محافظە درابوو هەمووی چەك کرابوو رەبایە سوتابوو برادەرانی ئێمە دەوری کاریگەریان هەبوو کۆمەڵێك دەبابە گیراو جەیش چەك کراو کاك سلامە رەش لەهەرێمی (3) لەپردی دەباشان لای مەعەسکەرەکە بریندارببوو، لە1991/7/18 بەتەواوی شار پاك کرایەوەو رژێم دەستی کرد بەتۆپ بارانی باریکەو نصرو ئەوناوە ئێمەش پەلامارمان داو تائێوارە تەواوی ناوچەکەمان چەك کرد برادەرانی ئێمە لەکەلارەوە بۆبازیان وشارەزوورهەمومان پاك کردەوەو(3)هەزار دیل و تۆپ و سەیارەمان گرت کەلەناویانە (75) ئەفسەر عەمیدو ئامرلیواو تامولازم، لەوشەرانەدا لەسلێمانی کاك سلامەرەش بریندارببوو لەباریکە جەلال موانی شەهیدبوو لەنێوان عەربەت و سلێمانی لەمەعەسکەرەکەی تانجەرۆش سەرحەدی مەلاوەیسەی شەهیدبوو وەکاك رەووف زەرایەنی بریندارببوو وەچەندین برینداری کەمان هەبوو بەڵام هەموو دیلەکان لە(3)هەزار زیاتربوون

هێنامانـەوەو نـەقڵی سـەرەوەمان کـردن هەرچـی کـاک مەسـعودووەفدەکە سـەخڵەت بـوون وهاواریان کرد هەرئەو رۆژە ئەوەی دەستی یەکێتی کەوتبوو لەسلێمانی تەسلیم بەلیژنەی تەنـسیق وشـێخ سـالاروکاك فائیقـەرەش دەکـرا بۆئـەوە جـەیش خـەڵکی بـیٚ تاوانیـان زۆر شەهیدکرد وایان دەزانی جارانەو هەروا بۆیان برواتە سـەر لەتۆڵـەی شـەهیدو تـۆپ بارانی خەڵکی دا هێـزی پێـشمەرگەی سۆسیالیست لەهەموولایەکـەوە پـەلاماری دا جـەماوەریش هاوکـاری کـرد هـەتا پێـشمەرگەی یـەکێتی و پـارتیش کەبەرنامـەی ئـەوەیان نـەبوو زۆریـان بەشداریان کرد لەوشەرو چەك کردنەدا هەرچـەندە یـەکێتی هەنـدێك پێیـان خـۆش بـوو لای خۆیان لەبەر ئەوەی کاك مەسعود لەبەغداد لیٚ ی تێك بچێت وبگەرێتەوە، من هەرئـەوەرۆژە هـەموو دیلـەکانم بـەریٚ کـرد بۆگردەنـازیٚ کەئـەوکات چـۆڵ بووئـاوەدان نـەکرابووەوە کـاتی دەراسەو گەنم بوو (8)بەرمیلی گەورە سەرەکەیان لابردو پریان لەگەنم و لەسەر بلۆك دایان نـان وەکـو سـیٚ کوچکە ئاگریـان لـەژێردا کـردەوەو ئاویـان تـیٚ کـردن بوبەدانولـەی گـەنمی کـولاٚو ئەوسـەربازە گیراوانـە هەریەکـە کەوچـکێکی گـەورەمان دانـیٚ ئەوەنـدە ئازوقـە نـەبوو وەئەوەندەش قاپ وجێگا لەو پەلەپەلەدا نەبوو تادابەشمان کردن من پێش ئـەوە ئاگـاداری هێزەکـانی خۆمـانم کـرد لەهـەر جێگایـەك دیلیـان گـرت بیهێننـەوە بۆلـق تـۆپ و چـەکی قورسیش لەپیرەمەگرون وبازیان ودەربەندیخان وجێگاکانی کـەوە هـەموویان هێنـاوە لامـان لـەگردەنازیٚ لـەوێش پێـشمەرگە حەرەسـیان بـوو، لـەرۆژانی 18و1991/7/19 لـەرێگای لیژنەی تەنسیقەوە داوا کرابوو لەبەغدادەوە بۆبـەردانی ئـەو سـەربازو ئەفسەرانە وتبویـان ئەوە هەموومان بەرداوە دوایی عێراق خـۆی پـیٚ ی وتبـون بابـە ئـەوە نزیکـەی (3) هـەزاری لای سۆسیالیستە ئەوانیش ناردیان بۆلای ئێمە، ئێمەش وتمان خۆ ئێمە پۆلیسی لیژنـەی تەنسیق نین کـەس بـەرنادەین باعێراق خـۆی داوابکات، لە1991/7/20 لـەپێنجوێن بـوین کۆمەڵێك لەئیستخباراتی فەیلەقی (1) یەك کە(5) کەس بون لەگەڵ برادەرانی خۆمان هاتنە مەقـەری لـق لەچوارباغ لـەپێنجوێن بـەرەسمی داوایـان کـردو وتیـان ئـەتوانین ئەفسەرەکان ببیـنین وایـان تێگەیانـدبون ئەفسەرەکانمان داوە بـەئێران ئێمـە (75) ئەفسەرەکەمان جیـا کردبووەوەو هەندێکیان لەپێنجوێن وهەندێك لەناڵپارێز بوون، مـن ووتم نـەمان داوە بـەئێران وتیان مەبەستمان ئەوەنیە ووتم باشە هەندێکیان لێرەن و هەندێکی لـەناڵپارێز ببیـان بیـنن

هەندێك هۆشیان هاتەوە بەری خۆیان کەزانیان ماون وادیاربوو برادەرانی پارتی خراپیان تیَ گەیاندبون ئەوە بوو خاچی سوری جیهانی بەپەلە هاتە لایان خواردن و بەتانی بۆهێنان و وەعدمان بەوان دا کەهاتبون و کاك عدنانیشیان لەبەغدادەوە ناردەوە سلێمانی بۆهەمان مەبەست لەسەرئەوە بریارمان دا هەندێکیان بەربدەین لەرێگای خاچی سوری جیهانی و(UN) وە (700) کەسمان بەردا لەسەر داوای رەسمی عێراق ولەرێگەی کاك عدنانەوە (3) هەزارەکەمان ناردەوە ناڵپارێزومیری سورو پێنجوێن لەویَ مانەوە ئیتر وەفدی بەغدادیش وەزعەکەی لیَ ئاڵۆزببوو، لە1991/7/23 هەندیَ دیل بەردران لەگردەنازیَ، لە1991/7/24لەپێنجوێن بوین شەو چومەوە کانی دینار بۆماڵەوە، لە1991/7/25 هەر لەماڵەوە بووم، لە1991/7/26 لەگەڵ ماڵەوە لەکانی دینارەوە چوینە مەریوان و ساوجی وگۆخلاَن و بۆپێنجوێن، لە1991/7/27 کە(16)ساڵ ویەك مانگ بوو لەدەرەوە بووم، لە1991/7/28 لەپێنجوێن سەرقاڵی ئیشوکاربوین چومە کانی مانگاو لەماڵی کاك عومەر بوین، لە1991/7/29 هەر لەکانی مانگا بوین، لەرۆژانی 30و1991/7/31 لەپێنجوێن بوین، لە1991/8/1 چوینە هەڵەبجەو گەراینەوە شارەزوور، لە1991/8/2 چوینە گردەنازیَ، لە1991/8/3 لەپێنجوێن بوین لەرێگای لیژنەی تەنسیقەوە داوامان کرد کەیادی 1991/8/8 لەسلێمانی بکەینەوە لەهۆڵی رۆشنبیری بەلاَم وادیاربوو هەردوو نوێنەری پارتی ویەکێتی پێیان خۆش نەبوو وتیان ئێستا وەزعەکە

ئاڵۆزەو ئەوەش زیاتر دەبێت وخراپەو باڵێرە نەکرێت لەسلێمانی کەجوابەکە هاتەوە زۆرم پیَ ناخۆش بوو ووتم ئەگەر شەربووە ئەوە لەسەریادی حزبی سۆسیالیست هەر لەسلێمانی بکەینەوە، وەفدی حزب لەبەغدادەو یەك دیلیش بەرنادەین وەزعەکە گەیشتبوە بن بەست لەیەکیَ لەکۆبونەوەکان عەلی حسن مجید قسەی بەوەفدەکە وتبوو کاك مەسعود وەلاَمی نەدابوەوە دکتۆر محمود بەتوندی وەلاَمی دابونەوەو پیَ ی وتبون ئێوە هیچ ماوە لەگەڵ کوردی بکەن هەمووشتان کردوە ئێستاش پێتان ناخۆشە باسی شەهیدو کیمیاوی و ئەنفال بکەین ئەی کیَ کوشتونی ئەگەر نەبنە شەهیدو شتێك بۆکەسوکاریان

بکرێت ئێمە بڵێین لەسەرچی رێکەوتوین ئەوە بەپێ ی ئەوەی ئامادەبوانی وەفدەکە بۆمنیان باس کرد لەو سەفەرەدا تەنها کاک نەوشیروان و کاک دکتۆر محمود رەئیان لەیەکەوە نزیك بوو، من ووتم هۆڵەکە ئامادە بکەن و پێویستیەکان و ئاهەنگەکەش دەکەین ومن خۆشم دەرۆمە سلێمانی کەرژێم هاتبوەوە لە1991/4/1 وە من نەچوبومە سلێمانی و بریارم دا خۆم بڕۆم بۆیادی حزب بۆسلێمانی کەلەوکاتەدا نەیان دەهێشت لیژنەی تەنسیقی عێراقی هەرچی پێ دەگوتن وەکو جوندی جێ بەجێیان دەکرد ودەیانویست لەسەر ئێمەش جێ بەجێ ی بکەن وادیاربوو ئەو برادەرانەی ئێمەش لاوازبوون لەلیژنەی تەنسیق، تا رۆژی 1991/8/7 هەرلەپێنجوێن و سەیدصادق و هەڵەبجەو شارەزوور بووم، لەرۆژی 1991/8/8 لەپێنجوێنەوە بەرێ کەوتین بۆسلێمانی برادەرانمان لەسلێمانیەوە هاتبون بەدەممانەوە بۆلای عەربەت چونکە ئەوکات تاعەربەت عەسکەری لێبوو زیاتر لە(200) سەیارە بوین هەر لەعەربەتەوە رۆیشتین وتیان لە(60) مەتریەکەوە دوای وتیان کاک دکتۆرو برادەران لەبەغدادەوە گەراونەتەوەو نوێنەری عێراقیان لەگەڵدایە وادیاربوو بۆپرس ورای لای مام جەلال ولایەنەکان هاتبون چونکە گفتوگۆ گەیشتبوە بن بەست وکاک مەسعودیش عاجزبوو لەبەغداد دەیوت چەك کردنی عەسکەری و مشکیلە لەکوردستان لەدژی من یەکێتی دەیکات من دەمویست یەکسەر برۆمە لای هۆڵی رۆشنبیری برادەران وتیان کاك دکتۆر لەلیژنەی تەنسیقەو ئەویش بێتە ئەوێ منیش رۆیشتم بۆلایان بەو قەرەباڵخیەوە وادیاربوو زۆریان پێ ناخۆش بوو بەو قەرەباڵخیە هەر هاتومەتە سلێمانی نەك بۆلیژنەی تەنسیق کەلەنادی مهندسین بووچەند دەقیقەیەك دانیشتم وادیاربوو ئەوان سەرقاڵی خۆیان بوون لەسۆسیالیست کاك دکتۆرو کاك عدنان لەیەکێتی کاك دکتۆر فوادو لەپارتی وابزانم کاك فاضل مطني بوو گەرابونەوە بۆراو بۆچونی خۆیان و رەئی عێراق لەسەرگفتوگۆ لەوەش نارەحەت بون کەئەو جەیشە چەك کرابون جارێ وەفدی پێشوو لەوێ بون لەسەر داوای عێراق وکاك مەسعود، وەفدێك لەهەرسێ لایەن پارتی و یەکێتی وسۆسیالیست وەفدێکی سێ قۆڵییان بەناوی کوردەوە نارده زاخۆ بۆلای (MCC) واتە هێزی هاوپەیمان لەکوردستان کەکورد لەگەڵ عێراق کێشەی نیەو ئێوەش کوردستان چۆڵ بکەن وبرۆنەوەو لەکوردستان مەبن نوێنەری سۆسیالیست مامۆستا سعد عبدالله بوو واتە

هێشتا ڕێك نەكەوتبون لەگەڵ عێراق كورد (MCC) دەردەكرد لەكوردستان وادیاربوو ئەمریكیەكان وەڵامیانیان نەدابونەوەو هەتا پێیان وتبون ئێوە نوێنەری ئەوخەڵكە نین ئەو خەڵكە داوای كردوە كەبێینە ئەوناوە، لە1991/8/8 دوای نێوەڕۆئێمە چوینە هۆڵی ڕۆشنبیری وخەڵكێكی زۆر هاتبون و ڕێگانەبوو لەناوەوەو لەدەرەوەش بۆخەڵكی سەر بەحزب وبێ لایەن یاسەر بەلایەنەكانی كەش هاتبون كۆمەڵێك شانۆگەری و شتی باش ئامادەكرابون وهۆڵەكە ڕازابوەوە بۆیەكەم جاربوو حزب یادی خۆی لەژێر سایەی ئازادی و لەناوشاردا بكاتەوە لەدوای بەخێرهاتن من قسە بكەم ئەوبرادەرانەی ناوشارمان كەلەوێ بون مەسئولەكان وادیاربوو ئەوەندە قسەیان بۆ كردبون كەمن خوێندەوارنیم و هەر ئار.بی.جی دەتوانم بیتەقێنم وهەرخەریكی شەرو هەرام و لەوە ناچێت لەناوشارو لەبەردەم هەزاران كەسی ڕۆشنبیرو خەڵكی بەتوانادا قسە بكەم كەزۆر لەبرادەرانی سەركردایەتی وایان بەمن دەوت یەكەم ڕۆژ گەیشتینە بناری سورێن بۆقاینجەو سەیدصادق هاتین كاك قادرجەباری وتی كاكە ئیتر تائێرە تۆ هەرچیت وتووە ئێمە جێ بەجێ مان كردوە بەڵام گەیشتینە شار تۆ تەوابویت و سەرەی ئێمەیەو ئێمە سەر لەو وەزعە دەردەكەین و چەند ساڵە لەوشاخە تۆچیت وتووە وامان كردوە ئیتر لێرەش سەرەی ئێمەیە ئەم قسەیە لەلای كاك قادر سوعبەت بوو بەڵام بەراستی بەدڵی كاك قادر وزۆری تر لەبرادەرانمان بوو بەراستیان بوو بەقەناعەتەوە وتیان گەیشتینە پێ دەشت و ناوجەماوەر ئیتر تۆ وەرەقەت سوتاوە واتێ گەیشتبون لەمن بۆیە برادەرانی ناوشارمان ناحەقیان نەبوو ترسیان هەبێت ومن لەبەردەم ئەو خەڵكە قسەم بۆنەكرێت بەڵام وەكو خیام دەڵێت (ئەگەرمن شێت بم وگەر بێ ئیمانم، ئەگەر سەرخۆشی مەیخانەكانم، هەریەك بەجۆرێ لەمن تێ دەگات، منیش هەرئەوەم كەخۆم دەیزانم) من لەهەموو ڕویەكەوە خۆم دەناسم نەك خەڵك ئەو چەند دەقیقەیە زیاتر لە(10) كەسیان ڕاسپاردبوو كەپێویست ناكات قسە بكرێت و برادەرارێك شتێك بنوسێت و بیخوێنێتەوەو ئیتر بۆكاكە حمە قسە بكات من هەڵسام و قسەم كرد (1/30) یەك سەعات ونیوو پاشان لەسەر ئەوەی یەكەم جارە یادی حزب لەناوشارداو وەزعی سیاسی وعەسكەری وجەماوەری حزب و وەزعی كوردستان و عێراق وناوچەكە قسەم كردو دانیشتمەوە برادەران ڕوم تێ كردن و ووتم خۆ

ئێوەم شەرمەزار نەکرد، بەڵام ئەوانیش ناحەقیان نەبوو ئەویادە لەناو شارداو بەوشێوەیە هەنگاوێکی گەورەی جەماوەری وسیاسی وهاندانی رێکخستنەکانی حزب بوو هەروەها هەنگاوێکی نویٚ بووبۆحزب لەناوشاردا پاشان دەعوەتی لقی سلێمانی بوین لەباخەکەی جەلال خەفاف(نەورۆز) بۆهەموو ئەو خەڵکەی کەلەدەرەوە هاتبون کاك دکتۆرمحمود و برادەرانیش هاتنە ئەویٚ و لەویٚ قسەمان کرد لەسەر مەسەلەکان بەگشتی شتێکی باش بوو ئەویش باسی ئێران و ئەوەی گەیشتبووە لای ئەوان کردی منیش واقیعەکەم پیٚ ووت ئیتر ئەوان گەرانەوە بۆبەغداد لەرێگای هەولێرەوە چەند ئەفسەری عێراقیان لەگەڵ بوو وەسەیارەیەکی حمایەی عێراقیان لەگەڵ بوو رۆیشتن وئێمەش بەردەوام لەچاوپێکەوتنی خەڵکیدا بوین لەسلێمانی شەو لەئەبوسەنا بوین لەگەڵ کۆمەڵێك لەنووسەر و شاعیرو ئەدیب دا دانیشتین کەبەهۆی کاك حمەسەعید مەلا حمە کریم وە کۆبوینەوە وادیاربوو ئەوانیش هاتبون کەهەندێك پرسیارم لیٚ بکەن کەئێمە لەشاخەوە هاتوین ولەوەزعی شۆرش و کورد تێبگەن وەهەندێك پرسیارەکانیان وەکو پرسیاری تاقیکرنەوە وابوو قسەمان کردلەسەر مەسەلەی سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری و وەزعەکە بۆکویٚ دەروات و گۆرینەوەی بیرورا لەسەر مەسەلەکان، لە1991/8/9لەسلێمانیەوە بەرەو دوکان رۆیشتین جەیشی عێراق لەورێگایەدا هەبووچوینە دوکان و بۆچوارقورنەو رانیە شەو لەرانیە بوین برادەران بروسکەیان کرد لقی هەولێریش یادی حزب لەرەواندوز یادیانە دەکەنەوە ئێمەش چوینە هیران وشەقڵاوە و لەگەڵ برادەران بۆحەریروخلێفان و گەلی عەلی بەگ و بێخاڵ و رەواندوزو بۆدیانە و مەقەری لق وپاشان بۆساحەکەو یادی حزب کرایەوە بەرنامەیەکی باش ورەسمی هەموو ئەوکات (12) ئەندامی سەرکردایەتی شەهید بوون مۆسیقاو گۆرانی ووتارو بروسکەی لایەنەکان و وتاری حزب مامۆستا محسین عوسمان خوێندیەوە نزیکەی (50)هەزار کەس لەخەڵکی ناوچەکە بەشداری ئاهەنگەکە بون زۆر سەرکەوتوبوو بۆئێوارەکەی گەراینەوە بۆشەقڵاوە و شەو لەویٚ ماینەوە، لە1991/8/11گەراینەوە بۆهیزوپ و بۆدوکان و بۆسلێمانی لەپیرەمەگرون لامان داو پاشان بۆسلێمانی شەو لەماڵی کاك محمد بوین، لە1991/8/12 هەرلەسلێمانی بوین وجێگامان چاك کرد لەچوارباخ بۆمەقەری لق بەشێکی لەویٚ دەست بەکاربن تا رۆژی

1991/8/14 هەرلەسلێمانی بوین، لە1991/8/15 لقی سلێمانی لەپێنجوێن ئاهەنگێکی گەورەی سازکردبوو بۆیادی حزب چەندین وتارو گۆرانی و شعیروبروسکەی لایەنەکان خوێندرایەوەو لەسەعات (2)ی پاش نیوەرۆوەتا ئێوارە هەربەردەوام بوو، لە1991/8/16 هەرلەپێنجوێن بوین و یادی پارتی بووبەڵام وادیاربووخۆشیان ئاگایان لێ نەبووچونکە بروسکەمان دانێ و گەران لقیان دەست نەکەوت بروسکەکەیان بدەنێ، لە1991/8/17 لەپێنجوێنەوە چوینە سەیدصادق وریشێن و میری سوروشیرەمەرو بۆسیامێوەو ماڵی شەهید حاجی عبدالله وبۆماڵی مام والی لای سەیدصادقی کۆن، لە1991/8/18 چوینە خەستەخاتەی ئەهلیەکەو سەرمان لێدان دەستی پەریبوو، لە1991/8/19 لەسلێمانی بوین، لە1991/8/20 گەراینەوە بۆپێنجوێن، لە1991/8/21 لەپێنجوێنەوە چوینە ناڵپارێزوریشێن، لە1991/8/22 لەریشێنەوە چوینە سەراو تەعزیەك بوو  پاشان چوین بۆسلێمانی و دوکان و چوارقورنەو رانیەو بۆمەکتەبی سیاسی، لە1991/8/23 لەمەکتەبی سیاسی کۆبونەوە هەبوو لەسەر گفتوگۆی نێوان کوردو عێراق وحزب و عێراق باس کراو کەهەر لایەنێك بۆخۆی بەتەنها پەیوەندی لەگەڵ عێراق هەیەو باسی پارتی کراو باسی سامی کرا ئەوان لەپشتی بەرەی کوردستانیەوە ئەوانەیان لەژێر چەتری بەرەدا کردوە بۆخۆیان وزۆر لەسەر ئەو مەسەلانە کەعێراق شتێك دەکات یان نایکات هەمومان پێمان باش بوو لەسەر ئەساسێك چارەسەری کێشەکان لەگەڵ عێراق بکرێت، لە1991/8/24 لەرانیەوە چوینە شەقڵاوە کاك مەسعودوکاك دکتۆرمحمود تازە لەبەغداد گەرابونەوە لەسەر ئەومەسەلەیە کۆمیتەی مەرکەزی قسەی لەسەر کرد، لە1991/8/25 چوینە بێخاڵ و راوەندوزو بۆساردا و لەسەر رێگای مێرگەسور بارزان و دیانەدایە یاگەلی عەلی بەگ بۆمێرگەسور کاك مەسعود بارزانی لەوێ بوو سەردانمان کرد کاك دکتۆروکاك شیروان و کاك عومەربۆتانی وماڵەوەشمان لەگەڵ بوو لەوێش لەسەر زۆر مەسەلە قسەکراو کاك مەسعود ئەوەی دووبارە کردەوە کەئەو جارێکی کەناتوانێ ئاوارە ببێتەوەو پێشمەرگەش شەرناکات وکاك مەسعود زۆر باسی زەلیلی خۆیی و داماوی پێشمەرگەی کرد لەکاتی هێرشی بۆصلاح الدین و شەری کۆرێ هەر لەوکاتە شەری کۆرێ و شەری ئەزمرو شەری عەربەت بوو توانی عێراق ناچار بکات بۆگفتوگۆ پاشان وتی ئەبێ  هەوڵ بدەین کێشەکان

یەك لایی بکەینەوەو چارەسەری بکەین باشە شەو گەراینەوە بۆشەقلاوە، لە1991/8/26 چوینە هەولێرو گەراینەوە بۆشەقلاوە پێ دەچوو تائەوکاتە لەساڵی 1976وە نەچوبومە هەولێر، لەشەقلاوە پارتی گەل و زەحمەتکێشان میوانمان بون، لە1991/8/27 لەشەقلاوە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی هەبوو، لەرۆژانی 28و1991/8/29 کۆبونەوەی قیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی بوو لەمەقەری یەکێتی لەشەقلاوە لەو کۆبونەوەدا ئیهانەی کاك سامی عبدالرحمن کرا لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە چونکە کاك سامی بەتەنها پەیوەندی لەگەڵ عێراق کردبوو پارەی لەعێراق وەرگرتبوو کەچی بەناوی بەرەوە رۆیشتبوو لەو کۆبونەوەیە لەلایەن سۆسیالیستەوە من وکاك دکتۆرمحمودوکاك رەسول بوین هەروەها مام جەلال و کاك مەسعودیش بەشداربوون لەگەڵ حزبی شیوعیدا، لە1991/8/29 سەرکەوتوانە کۆبونەوەکە کۆتای پێ هات، لە1991/8/30 لەشەقلاوەوە چوینە رانیەو دوکان و سلێمانی و سەیدصادق وریشێن چوینە تەعزیەی کاك حمە ئەمین صالح پاشان گەرامەوە بۆپێنجوێن، لە1991/8/31 لەریشێن بوم، وەلە1996/8/31 لەهەولێر بووم، هەر لە1997/8/31 لەبرۆکسل (بەلجیکا) بوم، لە1991/9/1 چومە سلێمانی سەری کاك عومەرحاجی عینایەتم داو گەرامەوە بۆپێنجوێن و پاشان چومە مەریوان، هەتا 1991/9/6 لەماڵەوە بوم لەکانی دینار و مەریوان لەگەڵ مەسئولینی ئێرانیش قسەمان کرد لەسەر روداوەکان، لە1991/9/7 بروسکە هات کەقیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی کۆبونەوەی هەیە و چاوەرێ ی من دەکەن لەمەکتەبی سیاسی، گەرامەوە بۆپێنجوێن و سەیدصادق و سلێمانی، لە1991/9/8 لەسلێمانیەوە بەرێ کەوتم بۆدوکان و شەقلاوە کۆبونەوەی قیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی هەبوو لەسەر روداوەکان و رێك خستنی دام ودوزگاکان خەڵکی کۆیە تائێمە کۆبونەوەمان کرد پەلاماری حکومەتیان دابوون و چەکیان کردبون دام و دەزگای عێراق چەك کران و تالآن کرابون من چوم بۆسەردانی تەق تەق وکۆیە لەکۆیە وتیان جەیش لەدەوری تەق تەق ماوە من نەچومە تەق تەق بریاری شەریش نەبوو، لە1991/9/9 لەحاجی ئاوا بوین، لە1991/9/10 لەگەڵ کاك رەسولدا چوین بۆخلێفان کۆبونەوەی قیادەی سیاسی بەرەی کوردستانی هەبوو لەسەر مەسەلەی گفتوگۆی عێراق و کورد، یەکێتی دژی گفتوگۆبوو

بەهەموو شێوەکانی وەپارتیش لەگەڵ گفتوگۆدا بوون بەهەموو شێوەکانی لەو کاتەدا سۆسیالیست بەتایبەتی کاک دکتۆرمحمود دژی گفتوگۆبوودەیوت بەعس هیچ ناکات، کاک مەسعود لەکۆبونەوەکەدا ووتی باشە ئێوە چ بەرنامەیەکتان هەیە باسی ئەوە کرا مجلسی ئەمن و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پشتیوانی لەکورد دەکەن بەزۆری ، کاک مەسعود ووتی من جارێکی کە بەئاوارەیی رووناکەمەوە ئێران ئەوەندە ئیهانە کراوم هەرگیز ناچمەوە ئێران و میللەتەکەش ئاوارە ناکەین و هەموو شتێك قبوڵ بکەین لەئاوارەیی باشترە زۆر بەبێزاری قسەی دەکرد هەروەها ووتی درێژە بەگفتوگۆ بدەین، برادەران وتیان ئەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای چاوپێکەوتنی کردووە لەوکاتەدا نامەیەکیان هێنا کاک دکتۆرمحمود سەرۆکی جەلسەی کۆبونەوەی قیادەی سیاسی بەرە بوو لەخلێفان وتیان ئەوە وەفدەکەیە هەردوو سەرۆك ئیمزای بکات واتە مام جەلال و کاک مەسعود، کاک دکتۆر محمود بۆیەکەم جاربوو ووتی خۆیان خۆیان بەسەرۆك دەزانن کێ بەسەرۆکیان دەزانێ من و ئێمە بەسەرۆکیان نازانین و میللەت سەرۆك هەڵدەبژێرێت نەك حزب باهەڵبژاردن بکەین میللەت خۆی سەرۆك هەڵدەبژێرێت ئیتر مەسەلەی سەرۆك لەوەوە دەستی پێکردوکەوتە ناوەوە تائەو کاتە کەس باسی سەرۆکی لەکوردستان نەکردبوو کاك دکتۆر محمود لەوێ ووتی ئەودوو کەسە خۆیان نوسیوە بەسەرۆك ئێمە قبوڵمان نیەو دەبێ هەڵبژاردن بکرێ مام جەلال سەیری کاك دکتۆری دەکردو پێ دەکەنی کاك مەسعودیش قسەی نەدەکرد ئیتر لەوەوە بریار درا بۆهەڵبژاردن لەکوردستان بکرێت، لە1991/9/11 لەرانیەوە گەراینەوە بۆدوکان و پیرەمەگرون و بۆسلێمانی، لە1991/9/12 لەسلێمانی بوین برادەرانمان لەدەرەوەی ولآت هاتبونەوە شەو لەماڵی کاك شێخ طاهر بوین پاشان چوینە ناوچەی سلێمانی میوانمان هەبوو دەعوەتمان کردبون لەسەرچنار، لە1991/9/15 لەسلێمانیەوە بەرەو پێنجوێن ومەریوان بەرێ کەوتین، لە1991/9/16 لەمەریوانەوە چومە کانی دینار، لە1991/9/17 لەکانی دینارەوە چومە سنە، لە1991/9/18 لەسنەوە گەرامەوە مەریوان، لە1991/9/20 گەرامەوە بۆگۆخڵان و پێنجوێن وگردەنازێ وریشێن پاشان گەراینەوە بۆپێنجوێن، لە1991/9/21 لەپێنجوینەوە بەرێ کەوتین بۆسلێمانی و شەو چوینە باریکە، لە1991/9/22 چوینە دەربەندیخان

وگەرامەوە بۆپێنجوێن و پاشان چومە سلێمانی، لە1991/9/23 لەسلێمانی بووم، لە1991/9/24 چوینە قەلاچوالان کۆبونەوەی بەرە هەبوو پاشان گەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/9/25 بەرێ کەوتین بۆدوکان ورانیە، لە1991/9/26 لەرانیە بوین لەمەکتەبی سیاسی، لە1991/9/27 لەرانیەوە بەرێ کەوتین بەرەو هیران و شەقلاوە، لە1991/9/28 لەشەقلاوەوە گەراینەوە بۆسلێمانی و شەوەکەشی شێخ توفیق ژنی مارە بری لەسلێمانی، لە1991/9/29 لەسلێمانیەوە چوین بۆپێنجوێن و باشماغ ومەریوان وکانی دینارو چومە ماڵەوە، لە1991/9/30 هەرلەکانی دیناربووم دەمویست مەقەراتی دیوی ئێران و سەرسنورەکان هەربپێت و برادەرانمان لەسەرکردایەتی زۆریان پێ خۆش نەبوو جگەلەوەی کاتێك کاك رەسول لەبەغداد گەرایەوە ئێران ودەعوەتیان کرد بۆلای سەردەشت ونەغەدەوە لەوکاتەش کاك دکتۆرمحمود لەبەغداد بوو لەوە پێش کاك رەسول بەدەمانچەش رێگایان نەدەدا بۆناو ئێران یادەبوو (2–3) وەرەقە بکەین تا یەك دوو چەکمان پێ بێت بەلاّم لەسەیتەرەکان هەردەیان گرت بەلاّم کاك رەسول بە (7–8) سەیارە دەچووە کێلێ وتیان هەربەسەیارەکانەوە دەرۆی مەسەلەیەك نیە واتە بەدۆشکاو بی.کە.سی و(30–40) کەس بەچەکەوە بۆناوئێران ووتمان کاك رەسول ئەوەیان باش نیە قەیناکە تۆسکرتێری حزبیت و وەفد لەبەغدادەو لەوسنورە هەرئەمرۆ هەواڵەکە دەرواتە بەغدادو تۆ بەوبی.کەی.سی و دۆشکاو چەکەوە دەرۆیتە سەردەشت و بێ ئەوەی شتێکی دیاری کراو هەبێت ئەوەش کاك دکتۆر وایدەزانی لەدژی ئەو لەوێیەو وادەکات چونکە ئەوان لەبەغداد بون نەدەبوو کاك رەسول شتی وابکات لەهەرحاڵەتێکدا، لە1991/10/1 لەکانی دینارەوە چومە ئۆردوگای بارام ئاواو سەری ماڵە پێشمەرگەو ئاوارەکانمان داو بارانیش دەباری وشەو لەوێ بوم، لە1991/10/2 سەری کانی خەیارانم داو چومە مڵەخوردو وشکەناو و ئەحمەدئاواو پاشان چومە قەدەفەری وشەوچوینە هەڵەبجە، لە1991/10/3 لەهەڵەبجەوە گەرامەوە بۆسلێمانی، لە1991/10/4 چومە هەڵەبجەی تازە بۆتەعزیەی ئەحمەد نادری هەواسی و چومە شیرەمەر بۆتەعزیەی حاجی رەسول تەرخانی لەنصرو گەراینەوە بۆسلێمانی هەوالێان دا کەکاك کتۆرمحمود دێت بۆسلێمانی ئێمەش بەنزیکەی (500) سەیارەوە لەسلێمانیەوە دەرچوین بۆلای دوکان وپیرەمەگرون

پێشوازییەکی گەرممان لێکرد لەبەرچاوی جەماوەرو هەموولایەك بۆحزبیش و بۆخۆشی هەر لەرێگا ووتی ئەوهەموو سەیارەیە چیە هێناوتانە خۆ بوك نابەن دوایش لای برادەران وتبوی حمە پێ ی خۆشە ئەو قەرەباڵخەیە من لەبەر ئەووحزب ئەو کارانەم دەکرد پاشان هاتینە ئوتێل سەلام بۆمان گرتبون بۆخەوتن و ئیسراحەت هەرچی لەگەڵی دابون، لە1991/10/6 هەر لەسلێمانی بوین ئەو رۆژەش جارێکی کە جەماوەر خۆی حازرکردبوو لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی سۆسیالیست ویەکێتی بۆچەك کردنی رژێم لەکوردستان ئەورۆژەش بریاربوو ئێمەش لەگەڵ کاك دکتۆرمحمود وکاك عدنان و برادەران برۆین بۆهەڵەبجەی تازە سەیارەیەکی زۆربوین پێشمەرگەش هەموی دانیشتبون بەدیاری جەیشەکەوە مەفرەزەیەك راوەستابون کەئێمە گەیشتینە عەربەت و بۆباریکە لەنێوان باریکەو نصردا ئەو ناوە هەمووی مەعەسکەربوو لەهەموو لایەك بوبەتەقەو شەرو هاوان و دۆشکاو زرمە دکتۆر تورە بوو دەیوت تۆ ئەم کارەت رێك خستووە بۆئەوەی لەوکاتەش من دەگەمە ئێرە ئەوەت کرد کەسبەینێ بڵێن دکتۆرمحمود بوو بەسەبەبی شەرو چەك کردنی عەسکەری و کێشە لەکوردستاندا من دەمزانی کەشەر دەبێت بەلام نەمزانی لەوکاتەی کەئێمە دەگەین دروست دەبێت جەیش لەدوای نیوسەعات هەمووی چەك کراوئەسیرکران ومەعەسکەر هەموی جەماوەری کۆڵنەدەر تالانی کردو هەرچی هەبوو براو لەو وەزعە لەهەمووی سەیرترو شتێکی عەنتیکە بوو کاك عدنان مفتی کەوتبوە ناوشەرەکەو ئەویش لەگەڵ پێشمەرگە دابەزیبوو هێرشی بۆناو مەعەسکەرەکە کردبوو باوەشی بەجوندیەکەدا کردبوو بەزۆر چەکەکەی لێ سەندبوو بەو چەکەش جوندیەکی کەی چەك کردبوو حمایەکەی چەکی نەبوو یەکێکیان دابوو بەحمایەکەی و ئەویشیان بەدەستی خۆیەوە بوو کاك عدنان هەمیشە دژی شەربوو دەستی کەمێك برینداربوو وادیاربوو بەرئەوچەکە کەوتبوو کەسەربازەکە بەری نەدابوو بۆیە ئەویش بەزۆر دەستی بادابوو لێ ی سەندبوو هەواڵیان هێنا ئێمە لەبەر کاك دکتۆر دورمان خستەوە بۆلای مەقەرەکانی پێشمەرگە لەکانی پانکە، هەوالیان هێنا کەکاك عدنان هێرشی کردووەو شەری کردووەو(2) چەکی گرتووە دکتۆر کۆمەڵێك تەعلیقی لەکاك عدنان داو ووتی بۆباسی ماف مرۆڤ وئاشتی دەکات لای کردەوە بەلای من داو ووتی تۆ حەقە ئار.بی.جی هەڵبگریت و ئێستا پەلاماری

حکومەت بدەیت کاك عدنان بەو فەقیریە شەربکات تۆ دەبێت هەرنەوەستیت ناحەقیمان بەتۆکردووە پاشان گەراینەوە بۆسلێمانی ئەوهێزەی شەرەکەی لەشارەزوور دروست کردبەرەو سلێمانیش بەرێ کەوت شەر لەناوشار گەرم بوو بەتۆپ لەناوشاری داو شەر لەهەموو لایەك گەرم بوو دووسەیارە لەبەردەممماندا ئاگری گرت و سوتا ئەوشەوەو رۆژی دوایش هەرشەربوو لەهەموو لایەك پەلاماری حکومەت دراو چەك کران بەپێ ی زانیاری خەستەخانە لە1991/10/9 (876) بریندارو(73) شەهید لەخەڵکی هەبوو لەسەرجەم شەرەکان و پێشمەرگەو جەماوەردا، رۆژی پێشوتر کاك دکتۆر کۆبونەوەی بەئافرەتان کردو سەری چەند ماڵەشەهیدێکمان دا، لە1991/10/10 لەسلێمانیەوە بەرێ کەوتین بۆ شەقلاوە و لەوێوە بۆهەولێر ئاگاداری خەڵکی کرابوو لەمەلعەبەکە ئامادە بن بۆئەوەی دکتۆر قسەیان بۆبکات ئەو هەموو سەیارەی لەدواوەبوو لەناوشاری سلێمانی لەهەرجێگایێك ئەنواعی شیعارات دەوتراو دکتۆر محمود سۆرانی و زۆرشتی کەش لەهولێر لەناو ئەوشارە گەورەیەش کەس چرکەی لێوە نەدەهات خۆ لقی هەولێرخەڵکی هەموو لەسەر رێگای دکتۆر راگرتبون بۆشیعارات بۆ دکتۆر سەرێکی ئێمەی کردو ووتی ئەوە ئەوخەڵکە ئەڵێ ی نازانن قسە بکەن شتێك بڵێن کوا بۆ شیعارات ناڵێن من لەپشتەوە وەستابوم بەیەکێکم ووت ئەوە دکتۆر محمودە بۆشیعارات ناڵێن وتی چی بڵێم.. ووتم بڵێ کێ بوو هات لۆهەولێرێ دکتۆر محمود وەخێرێ ئەوە کەوتە شارە لێرە لێرە دکتۆرمحمود بەخێرە کاك دکتۆر ووتی ئەوە ئەڵێن چی وتم دەڵێت کێ بوو هات لۆ هەولێرێ دکتۆر محمود بەخێرێ ووتی هەی هەی خۆنازانن شیعاراتیش بڵێن بۆماموستا سەعد شتێکی باشی فێرنەکردون ماموستا حمە سەعید حمە کریم مان لەگەڵ بووپاشان چوینە مەلعەبەکە خەڵکێکی زۆر لەوێ بوو دکتۆر ووتی قسە بکەم ووتم بۆ؟ ووتی من وەکو تەسجیلم دەستم پیابنێن قسەدەکەم ودەست پێ دەکەم لەوێش قسەی زۆر باس کراو چەپڵەی زۆر لێدرا منالەکانی خۆم رێژین و ئارین مان لەگەڵ بوو هەر تەماشای کاك دکتۆریان دەکرد لەکاتی قسە کردندا پاشان ئەوەی کاك دکتۆر قسەکانی تەواو کرد ووتی ئەزانی ئەوانە ئێستا لەدڵی خۆیاندا دەڵێن ئەو کابرایە بۆ هەرا هەرایەتی بۆئەو خەڵکە بەشتێکی سەیرم ئەزانن خۆم سەغڵەت کردووە پاشان سەری ماڵی کۆمەڵێك شەهیدمان دا

لەهەولێر ماڵی شەهید کاردۆ گلاڵی و ماڵی شەهید جەمال خۆشناو و چەند شەهیدێکی تر، لە1991/10/11 لەشەقلاوەوە بەرێ کەوتین بۆسلێمانی و پاشان بۆقەدەفەری و دۆڵەچەوت بۆماڵی مامە رەشەی کەچە و سەری ماڵی کاك عومەرمان داو گەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/10/12 لەسلێمانی بوین، لە1991/10/13 چوینە ناڵپارێزوگەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/10/14 چوینە ناڵپارێزونصروباریکە، لە1991/10/15 لەنصرو هەڵەبجەی تازە بوین و سەری ماڵە شەهیدەکانمان دا، دوای چەك کردنی رژێم لەکوردستان ئەوە بوو رژێم بریاری دا لە1991/10/1 دائیرەکان و ئیداراتی خۆی لەکوردستان بکشێنێتەوە دواوەو هەموو لایەك بەکارێکی خراپی دەزانی ودوای کشانەوەی رژێم چی روو بدات تەنها مام جەلال لەسەری قسەی کردو ووتی ئەوە ئەگەر لێ ی بزانین و بتوانین دەبێتە بنەمایەکی کیانێك بۆکورد پارتی و شەخسی کاك مەسعود زۆر نیگەران بوون و چەندین بروسکەیان بۆعەلی حسن مجید کردبوو کەبریاری وامەدەن و بۆهەردوولا خراپەو بابگەرێنەوە کوردستان بەحسێن کاملی هەروا وتبوو زۆر هەوڵی دابوو بۆگەرانەوەیان ئەوان وادیاربوو بریاری خۆیان بوو حکومەتی عێراق گەرانەوەی لەکوردستان و ئیدارات لەبەر چەند هۆیەك بوو..یەکەم دروست بوونی خەتی (36) ونەبونی دەسەڵاتی رژێم ودەرکردنی سوپاکەی لەوسنورە وتبویان ئەگەر ئێمە دەسەڵاتمان نەبێ بۆئیدارات هەبێ ئەوە بوو(2–3)جاربوو تا 1و1991/10/2 و لە17و1991/7/18 و لە5و7و11و16 و1991/3/20 وچەك کردنی سوپای عێراق لەکوردستان وهەرکات ژن ومنداڵ وخەڵکی کوردستان بیویستایە بێ سڵمینەوە پەلاماری سوپایان ئەداو چەکیان دەکردو رەبایەیان لێ دەسەندن خەڵکی داخ لەدڵی کوردستان لەئەفسەری دەداوهەتا وای لێهاتبووقاچاخچی چەك دەچوون شەو رەبایەکیان چەك دەکردو چەکەکانیان دەفرۆشت جەیش واترسابووهەموو کەسی بەپێشمەرگە دەزانی ونەی دەوێرا لولەی چەك لەکەس بکات چونکە جەماوەر دوایی تۆڵەی لێ دەکردەوە جەیش لەبازار دەگەرا شتێکی ناشیرین وبێ رەغبەت بوو هەتا دوکاندار حەزی نەدەکرد شتیان پێ بفرۆشێت و سەیارە سواریان بکات جەیشی شکاو بێ ئیمکانەی زۆری جلی دراو واتە هەیبەتی خۆی لەدەست دابوو (3) جاریش بەزۆری ئەو جەیشە چەك کرابوون

وبێ حورمەتی و سوکایەتیان پێ کرابوو کەجەیشی عێراق کرداری خۆی بوو هاتبووە ڕێگای و یاچاکەی ئەو هەموو تاوانەی پێشوی خۆی بوو دەی دانێ بەرامبەر میللەت، جەیشی عێراق لەتەمەنیدا جگە لەوەی وەکو ئامێرێك بەکارهاتووە بەدەست حکومەتەکانەوە بۆسەرکوت کردنی جەماوەری کوردستان وعێراق بەگشتی شتێکی کەی خزمەتی بەگەلانی عێراق نەکردووە وهیچ سنورێکی لەهێرشی هیچ وڵاتێك نەپاراستووە دوای چەند ڕێکەوتنی عێراق لەگەڵ تورکیا لە سالآنی 1977 و1982 و1984 کەهاوکاری عەسکەری بکەن و لەدوایشدا هەرلایەك یاتورکیا (15)کم بێتە ناو خاکی عێراق ئەو ڕێکەوتنانە لەسەر حسابی کوردو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازەکەی وچارەسەری مەسەلە ڕەواکەی پەنایان بۆ ئەوکارە نارەوایانە بردبوو کەبووبەهۆی لەدەست دانی سەربەخۆیی عێراق و خاکی عێراق ئەوەتا لەساڵی 1991 وەتا کۆتایی ساڵی 1997 جەیش وتەیارەی تورك و میت بەئارەزوی خۆی تەراتێن لەکوردستاندا دەکات وجەیشی عێراق ناوێرێ چرکە لەئاستی بکات کەهەندێك لەوە عێراق خۆی سەبەبی ئەو بارە ئاڵۆزەیە کەروی داوە لەناوچەکەدا هەر لەشەری کوردو ئەنفال وکیمیاوی و شەری ئێران و شەری کوێت جەیشی عێراقی زەلیل وداماو لەئاستی روداوەکان وهەرۆژەی لەدەستی یەکێك یا دەوڵەتێك ئەسیرەو یەکێ سوکایەتی پێ دەکات وهەر دەستی لەوشەرانە بەتاڵ دەبێت دەبێتە شێرو پەلاماری خەڵکی کوردستان دەدات و دەی کوژێ ودەی گرێ و سەرکوت ولەناوی دەبات، میللەت وگەلانی عێراق دژی جەیشە نەك بەجەیشی خۆیانی نازانن وبەپارێزەری نازانن بەڵکو بەدوژمنی خۆیان و بەتالآن و جەردەو جەلادی خۆیانی دەزانن بۆیە گەلی کوردیش هەرکات بۆی بلوێت درێغی لەودوژمنەی ناکات لەماوەی یەك ساڵدا (3) جار گەورەترین هێزیان چەك کردو تەفروتونایان کردن و دەیانوت کوردستان بەبێ جەیش بەکوردستانی ئازادی دەزانین عێراق خۆشی زانی کەجێشەکەی تەواو بێ دەسەڵات ولاوازە لەکوردستان ناتوانن بمێننەوە وسوکایەتی پێ دەکرێت بریاری گەرانەوە یاکشانەوەی ئیداراتی لەکوردستان داو هەموو دام ودەزگاکانی لەرۆژی 1991/10/1 کشانەوە، حکومەت لەو روانگەیەوە بوو کەگەلێك رازی نەبێت بەو حکومەتە بۆئەو مصاریف وئیدارات و خوێندن هەموو بکشێنێتەوە باشتروایە بۆیان بەجێ بێڵێت بەبێ

پارە وبەبێ ئابوری وخۆی دەیزانی کوردستانی واوێران کردوە بەدەیان ساڵ و سەدان ملیۆن دۆلار ئاوەدان نابێتەوە بۆئەو مەبەستەش کەکورد ناتوانێ ئیداراتی کوردستان بکات ودوای ماوەیەکی کەم تووشی سەدان گیروگرفت دەبن و یەك مانگ فەرمانبەر مەعاشی نەبێت ئیتر ناتوانێ دەوام بکات و بەتایبەتی لەروی خوێندن و مامۆستاوە منالی کورد بێ بەری دەبێت لەخوێندن ونەخوێندەواریش دەردێکی کوشندەیە لەناویان بلاّوببێتەوە و بێ سەروبەری و نارەحەتی دروست دەبێت و پاشان خۆیان مەجبور دەبن وداوا بکەن حکومەت بگەرێتەوە کوردستان و ئەوکاتیش حکومەت هەموو مەرجەکانی خۆی جێ بەجێ دەکات و ئەوانیش قبوڵی دەکەن ئەوکات حکومەت دەگەرێتەوە واتە رژێم لەوەشدا بەهەڵەدا چوبون چونکە حکومەت وجەیشی عێراق و دام ودەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات ومخابرات لەکوردستان ئەوەندە پاشەڵیان پاك نەبوو تاخەڵکی عێراق وکوردستان بەتاسەوە بێت وداوای گەرانەوەیان بکات ئەوەندە کاری باشیان نەکردبوو تاگوڵ بەلولەی تفەنگەکانیانەوە بکەن بەڵکو هەمیشە وەکو داگیرکەر سەیری گەلی کوردیان کردوەو بەهەمووئامێرێکی نوێ ئازارو ئەشکەنجەو کوردیان لەناو بردووەو پێ ئازار داوە نەیان دەزانی گەلی کورد سەبری هەموو برسیەتی و نەبونی و بێ پارەیی و بێ خواردن دەکات بەلاّم بەمەرجێك چاوی لەچاوی دام ودەزگاکانی عێراق نەبێت چونکە دام ودەزگاکانی عێراق ئەوەندە ناشیرینن لەناوخەڵکی کوردستاندا یەکێك کەمێك عەبوس بێت یادەموچاوی ناشیرین بێت پێ ی دەڵێن لەدائیرەکانی ئەمن و مخابرات و ئیستخباراتەوە هاتووە چونکە ئەو کارانەی عێراق نەك هەربۆئێستا ئەگەر بیانەوێت کوردو حکومەت پێکەوە بژێ دەبێت ئەقڵیەت و بۆچون و کوشتن و سەرکوت کردن و هەتادەموچاوەکان و بەرنامەی حکومەتی عێراق هەمووی بگۆرن وگەلی کوردی لێ تێبگەیەنن کەئەو دەزگایانە هەموی گۆرانی بنەرەتی تێدا کراوەو ئەو دەزگایانە لەمەودوا لەخزمەت گوزاری جەماوەرن نەك دوژمنی سەرومالّی جەماوەر ونەك تالاّن و تەعداو سوکایەتی بکەن بەخەڵکەوە ئەوەش زەمەنێکی دەوێت و هەروا بەئاسانی ناکرێت وعێراق تێ نەگەیشتووە وایزانی بڵێت  لەکوردستان دەگەرێمەوە خەڵکیش دەکەون بەدوایدا دەچن و خۆیان دەدەنە بەر دەبابەکانیان و ئەگەر بەسەرماندا نەروات  نابێت کوردستان

چۆڵ بکەن وبەجێمان بهێڵن وایدەزانی گوڵی چاندووە لەکوردستان نەیدەزانی درك وتەلی درکـاوی و لـوغم وویـران کـاری لەکوردسـتان چـاندووە هـەتا گۆرسـتانەکانی ویـران کردلەکوردستان ماڵ نیە لەکوردستان تەعزیەی لێ نەکردبێت نزیکەی (72)هەزار ئەنفال و(5) هەزاربەکیمیاوی وزیاتروزیاتر لەوەی شوێنەواری لەکوردستان بەجێ هێشتبوو خەڵکی کوردستان و کەسوکاری شەهیدان وجەماوەری کورد نەبیری لەمەعاش وبرسیەتی ونەبونی دەکردەوە وتیان ئێمە ئازادی برسیەتیمان ناگۆرینەوە بەتێری ژێر دەستەیی هەنگاویان خۆش دەکرد گەرانەوەی دام ودەزگای حکومەت و پیرۆزباییان لەیەك دەکردو گوڵ وکاری رەنگاورەنگیان بۆیەك دەبردولایەنە سیاسیەکانیش جگە لەپارتی نیگەران بوو هەموویان دەیانوت بنیادی کیانێك بۆکورد هاتووتەکایەوە ئەگەر خۆمان تێکی نەدەین هەموو کارمەند وتیان بەبێ مەعاش دەوامی خۆمان دەکەین لەجاران زیاتر وجاران داوای ئیجازە دەکرا ئەم جارە ئەوەش نەبوو چونکە بۆخۆیان کاریان دەکرد ئەوەی ئەرکی قورسی لەسەر شان بووماموستابوو، ماموستایان لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا زۆر دڵسۆزانەو لێهاتوانەو بەوپەری شەهامەتەوە هاتنە مەیدان و دەستی خۆیان نەك هەردوا نەکەوت بەڵکو بەزیادیشەوە دەردەچون ئەوەی هەیان بوو لەماڵەوە دەیان فرۆشت بەلأم ژیانی خۆیان بەکولە مەرگی بۆئەوەی لەدەرسەکان و کارە پیرۆزەکەیان دوانەکەون چونکە ماموستابەحوکمی کارەکەی کەمەجالی ئیشی کەی نیەوهەردەبێت فریای دەرس وقوتابخانە بکەوێت کەئەوەش کارێکی گەورە بوو پێگەیاندنی پیاوان وژنانی دوارۆژی میللەتەکەمان و نەوەکانی داهاتوو بوون و بۆیە حکومەتی عێراق لەوەش هەروەکو کارەکانی کەی بەهەڵەدا رۆیشتبوون میللەت بەردی بەدوادا دەهاویشتنن نەك بیریان لێ بکاتەوە لەسلێمانی ئەمنە سورەکە بەناوبانگ بوو بۆتاوان کردن ئەگەرحزبێك لەو حزبە دەسەڵات دارانە پارتی یایەکێتی کارێکی خراپی بکردایە دەیانوت وەکو نمونە بۆ ئەمن دەیانوت ئەمنە زەردەکەیە یائەمنە سەوزەکەیە بەپێ ی رەنگەکان واتە هەرگیز بیری لەگەرانەوەی رژێم نەدەکردەو خستنە بیری لایەنە سیاسیەکانیش ئەگەر ئێوەش کاری خراپ بکەن جیاوازیتان نیە لەگەڵ رژێمدا بۆیە دوای گەرانەوەی رژێم لەکوردستان ودام ودەزگاکانی بەرەی کوردستانی بیری لەوە کردەوە کەبۆشایەکی ئیداری لەکوردستان

دروست بووەو ئەوبۆشاییە پێویستە هەنگاوی بۆبنێین وپری بکەینەوە ئەوکات پارتی ویەکێتی لەروانگەیەك و لایەنەکانی کەش هەریەك بەجیا لەروانگەیەکەوە سەیری روداوەکانیان دەکردوچۆن مەسەلەکان تەرح بکەن و هەنگاوی بۆبنێن بۆچارەسەری ئەوبۆشاییەو پرکردنەوەی ئەوکاتە بەرەی کوردستانی زۆربەباشی ورێك وپێکی کارەکانی خۆی جێ بەجێ دەکردو هەنگاوی باشی دەناو خەڵکی کوردستانیش هەربەرەی کوردستانیان دەناسی چۆن لەخواروی عێراق تائێستاش هەرلایەنێکی ئیسلامی کارێك بکات دەڵێن (حزبی دەعوە) بوو لەکوردستانیش دەیانوت بەرەی کوردستانیە، بەرەی کوردستانی بوو بەواقعێك لای دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان وجەماوەری کوردستان بەلام پارتی و یەکێتی سەیری دەوروبەری خۆیان کردو هێزو تواناو جەماوەروپارەو پێشوازی ولاتان و چاوپێکەوتن ومل کەچی جەماوەر بۆیان وارێکەوتبوون ئەو دوولایەنە ئەم حزبانە یاهەندێکیان حزبۆکە بون بۆیە نەشەریکی خۆیان ولەبەرەی کوردستانیش ئەوکات لەشاخ بوین هەمووی باوەری بەدیموکراتی هەبوو بریار دەبوو هەموویان بیدەن و بەکۆمەڵێك حزبی رازی نەبێت ئەگەر(10) کەسیش بێت ئەتوانێ بریارێك دوا بخات لەبەر ئەوە بیریان دەکردەوە چۆن ئەوحزبانە بەلاوە بنێن و لەکۆبونەوەی خەلیفان وشەقلاوەش چەندجارێك باسی ئەوە دەکرا بەراستی بەرەی کوردستانی وەختی بەسەر چووەو پێویست ناکات و دەبێت شتێك بکەین لەگەڵ واقعەکەدا بگونجێ بەرە لەشاخ دامەزراوە بەهەمومان (3000-4000) پێشمەرگەی هەبووەو ئێستا لەناوجەماوەرێکی (5) ملیۆنی داین وبۆپێشمەرگە بەرە دامەزراوە ئێستا لەناوجەماوەرداین ولەوبابەتانەو بۆموبەریرێك دەگەران کەچۆن دەسەلاتی ئەو حزبانە کەم بکەنەوە ئەوکات پارەی گومرگ و داهات بەرەی کوردستانی دابەش کرابوو دوای پێ ی نارازی بوون پارتی (35)ویەکێتی (35) و سۆسیالست (13) و پارتی گەل (8) و پاسۆك (4) و زەحمەتکێشیان (3) و دوویش مابووە بۆپارتی و یەکێتی دەیویست (1) ژمارەش بێت زیاتر بێت لەیەکێتی واتە وەکو یەکێتی حساب نەکرێن وهەرگیز نەی دەویست یەکێتی بەبرای خۆی حساب بکات یاشەریك بۆخۆی بریار بدات کەئەو حصەیە بۆهەر حزبێك دەیتوانی کاری دیاری خۆی پێ بەرێوە بەرێت بەلام غەدر لەحزبی سۆسیالیست کرابوو چونکە حەجم و قەبارەی حزبی

سۆسیالیست لەوە زیاتربوو کەحسابی بۆکرابوو لەبەرەی کوردستانی بەلاّم ئێمە بۆئەوەی کێشە دروست نەبێت زۆر هەولّی ئەوەمان دەدا چارەسەری کێشەکان بکەین و دوای کشانەوەی حکومەتی عێراق دام ودەزگاکانی خۆی واتە ئیداراتی لەکوردستان کشانەوە .

## لەبەرەی کوردستانیەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان

ئێمە هەولّی پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کوردستانمان دەدا تەرحی ئەوە کرا کەبەرەی کوردستانی گۆرانی تێدا بکرێت وپرۆگرام و پەیرەوی دەست کاری بکرێت و فراوان ترو رێك و پێك تر بکرێت بۆئەوەی هەر بەرەی کوردستانی قیادەی سیاسی بزوتنەوەی کورد بکات و ناسراوەو تەسبیت بووەوتوانی بنەبری شەری براکوژی بکات لەکوردستان و توانی قیادەی ئەو جەماوەرەی زیاتر لە(200)هەزار کەس لەئێران بکات و توانی قیادەی راپەرین بکات و توانی قیادەی کوردستان بکات لەپاش کشانەوەی ئیداراتی رژێم لەکوردستان بۆیە دەبێت هەولّ بدەین هەندێك گۆرانی لیّ بکرێت بریارێك بێت بەئەکسەریەت و ئەقەلیەت و هەرچەندە بەرەی کوردستانی زۆرشتی کردبوو هەر لەپەرلەمان و مەسەلەی جیا جیای کوردستان هەندێك شت هەبوو تازە لەگەلّ واقیعەکەدا کەئەوەش بەئاسانی دەکراو هەندێك قانون ناسو کەسانی شارەزا دەیان کردو دەخرایە بەردەم قیادەی سیاسی وبریاری لەسەر وەردەگیران بەلاّم ئەوەی راست بێت یەکەم کەس باسی هەلّبژاردن کراو باسی سەرۆك کرا بەهەلّبژاردن کاك دکتۆر محمود بوو لەکۆبونەوەکانی قیادەی سیاسی لەشەقلاّوە و لەخەلیفان کردی، زۆرجارکاك مەسعود هەر حەزی نەدەکرد بێتە کۆبونەوەی بەرەی کوردستانی کاك سامی هەرجارەی یەکێکی لەگەلّ خۆی دەهێنا لەسەربازی فیرارو شتی وادەچوو بۆکۆبونەوە کاك مەسعود لیّ ی دەپرسی ئەوبرادەرە ناناسم بۆهاتووە بۆکۆبونەوە کەحەقی بوو کەزۆرلەوبابەتانە دا هەبوو لەدوایشدا برادەرانی پاسۆك لەو خەلّکانەیان دەهێنایە کۆبونەوەی بەرەی کوردستانی هەرلەسەر ئەوە ماوەیەك مانەوە کەگۆرانکاری بکەین لەبەرەو بەرە سەرکردایەتی سیاسی بێت و گەورە ترین دەسەلاّت بێت بۆکورد بەلاّم مناقەشەی ناو بەرە وای کرد کەبەتایبەتی پارتی فێری مناقەشە نەبوون هەرچۆن ببێت ئەو حزبانە سنوریان بۆدابنرێت هەتا بیرلەوە دەکرایەوە هەندێك لەحزبەکان لەقیادەی سیاسی نەبن ولەئامانەی گشتی جگە لەیەکێتی و

پارتی و سۆسیالیست وادیاربوو ئەوەش نەکراو مەسەلەی کیان یادەوڵەت بۆکورد لەلایەن یەکێتی وە کیانێك بۆکورد تەرح کراو پارتیش لەسەر ئەوە مەسەلەی حوکمی زاتی و چارەسەری کێشەکان لەگەڵ عێراق تەرح دەکردوئاراستەکانی هەردووکیان بۆدووجێگای جیاواز دەرۆیشتن پارتی هەر خۆی تەنها بوو جگە لەوەی لەحوکمی زاتی بۆکوردستان ودیموکراتی بۆعێراق لەگەڵ حزبی شیوعی یەکیان دەگرتەوەو پاشان حزبی شیوعی خۆی بۆماف چارەنووس بۆگەلی کوردستان، پارتی لەروانگەی خۆیەوە داوای هەڵبژاردنی دەکرد کەبۆسەرۆك زۆرینەی دەنگ دەهێنێ و لەگەڵ عێراق ئەوکات شەرعیەتی هەیەو رێك بکەوێت کەلەکوردستان زۆرینەی دەنگی هێنا دەبێتە خاوەنی بریارو لەگەڵ حکومەتدا رێك دەکەوێت ئەوکات ئەوهەموو حزبانە بەیەکێتیشەوە پێ ی رازای نەبوو یەکێتیش بیری لەوە دەکردەوە کەلەهەڵبژاردن هەرچەندە دەترسا یەکێتی بەلاّم دەیویست رەئی بهێنێ و ئەوکات هەموو لایەك بەتایبەتی پارتی و یەکێتی پێکەوە ببنە خاوەنی بریاری سیاسی لەکوردستاندا بەتەئکید هەردوولا پێویستە موادی ئەوەیان هەبێت کەخەڵکی خۆیانی پیێ قەناعەت و یادژایەتی بەرامبەرەکەی پێ بکەن ئەوەش چۆن دەبێت هەرکات یەکێتی و پارتی سەرچاوەی ژیان و بریاریان لەیەك جێگاوە بۆبێت ئاشتبونەتەوەو هەرکات جیابوبێت ئەوە ناکۆکی بونەو هەردوولاش بۆنیان لەململانێیانەوە سەر هەڵدەدات چونکە ئەگەر سراعێك لەنێوان هەردوولادا نەبێت موبەرریریش هەبوون یان یەکێکیان نامێنن (لەساڵی 1977 کاتێك کاك مەسعود بارزاتی هاتە سوریاومام جەلال لەوێ بوو کۆبونەوەو رێك کەوتنێکیان مۆر کردو دوای بارزانی خوالێخۆشبوو زانی قسەی بەکاك مەسعودیش وتبوو بریارەکەشی پێ هەڵوەشاندنەوەو نەسیحەتی کردبوو کەهەرگیز لەکوردا نابێت کەس بکەن بەشەریکی خۆتان وکەس لەهاوشانی خۆتان حساب بکەن دەبێت هەموو کەس لەخواروی خۆتانەوە بێت وەئەگەر کەستان کرد بەشەریك بۆخۆتان ئەوە ئێوە تیادەچن و کۆتایتان دێت دەبێت ئێوە خۆتان حاکم و خاوەن بریارو دەسەلاّت بن و مەرجەعیەتی کوردیش هەر لای ئێوەیەو دەبێت کوردیش قبوڵی بکات بەهەر شێوەیەك بۆتان کرابێت ئەوە وای کردبوو کەپارتی هەرگیز شەریك بۆخۆی قەرار نەدات)، لەساڵی 1987 یش لەئێران بون هەردوولا ئاشتیان بووەوەو پاشانیش بەرەی کوردستانی

دروست كراو سەرچاوەی هەردوولا لەوكاتە لەئێران بوو لەدوای راپەرین هەردرێژەی كێشاو تاسەرچاوەی ژیان پێكەوە بوون تائەوكاتەی پارتی بیری لەوە دەكردەوە دەتوانێ ابراهیم خلیل داگیربكات بۆبیدات بەو ملۆزم بۆخۆی دروست بكات و دژی بێت كەیەكێتی یە، هەموو شت بگرێتە ژێر دەستی خۆی یەكێتی نیشتمانیش گەیشتبووە ئەوقەناعەتەی بەتایبەتی لەپێش راپەرین بەچەند مانگێك هەردڵی پارتی رازی بكات ئیتر حزبەكانی كە هیچ نین و خۆیان هەردوولا خاوەنی بریاردەبن وپارتیش ئەوە دەبێتە ئەمری واقیع و پێویستە بونی یەكێتی قبولْ بكات بەلاَم پارتی هەمیشە بەحەزەرەوە بوو لەو كاتانەدا كەدەیانوت هەردوو سەرۆك كاك مەسعود دەموچاوی تێك دەچوو بەلاَم مام جەلال وانەبوو لەكۆبونەوەكانی بەرەدا دەگەیشتنە مناقەشە لەسەر ئیمزای هەردوو سەرۆك كاك مەسعود خۆی لیْ دەبوارد یاخۆی مەشغولْ دەكرد یاقسەكانی تووشی كاك فرانسۆحەریری دەكرد ئەو وەلاَم بداتەوە لەكۆڵی ئەوی بكاتەوەو لەو ئیحراجیە رزگاری بكات تاكاك دكتۆر محمود لەویْ دەبوو كاك مەسعود یەكسەر دەیوت باكاك دكتۆر سەرۆكی جەلسە بێت نەك كاك مەسعود جارێك سەرۆكی جەلسە بوو جاری دووەهەم دەبێت مام جەلال سەرۆكی جەلسە بێت ئەوكاتە كاك مەسعود ناتوانیْ لەخواری مێزەكەوە دانیشێت وئەوە شەرعیەت بەمام جەلال دەدات یاسەرۆك بێت یاشەریك بۆیە هەرگیز نەی دەهێشت شتی وا بكرێت برادەرانی ئێمەش دەیانوت كاك دكتۆر بۆخۆی شتێكە ئەگینا پارتی و كاك مەسعودو مام جەلال قبولْیان نەدەكرد ئەو سەرۆكی جەلسە بێت من چەند جار باسی ئەوەم دەكرد لەكۆبونەوەكان تێبینی وردی هەموانم دەكرد بەتایبەتی كاك مەسعود ومام جەلال بۆئەوەی لێیان تێبگەم من باش لەبۆچونی كاك مەسعود تێگەیشتم هەرواش لەهی مام جەلال بەلاَم ئەوان چۆن لەمن تێگەیشتبوون یابرادەرانی كەش ئەوە خۆیان دەزانن هەتا لەسەر هەندێك خەڵكی گیرابوون لای حاكمەكان لەشەقلاَوە ئەو كات كاك عمر دەبابە مەسئولی دادگای شۆرش بوولەبەرەی كوردستانی پارتی چون لەدادگاو بەزۆر لەحاكمەكانیان سەندو سجنەكانیشیان شكاندبوو هەردوولایان رێك بون لەسەر ئەوەی چۆن ئەوكەسانە كیْ بریاری ئیعدام بدات هەموو لایەك وتیان كاك مەسعود ومام جەلال ئیمزای بكەن كاك مەسعود ئامادە نەبوو دەیوت باحسك ئیمزای بكات یاحاكمەكان خۆیان ئیمزای بكەن

حاکمەکان نەیان دەوێرا چونکە دوایی دەیان کوشتنەوە کەسوکاریان لای پارتی و یەکێتی بوون حاکمەکان چەندیان لێ کوژرا یالەشەقلاوە بەزۆر قاتیلەکانیان لەسجن دەرهێناو ئیهانەی حاکمەکان کران یەکێتی هەروا لێ ی بێ دەنگ بوو لەشەقلاوە هێشتا لەسەر ئەوەشەوە پارتی کارەکەی کردبوو سجنی شکاندبوو ئیهانەی حاکمەکان و قانونی خۆیان ئیمزایان کردبوو کەچی وتبویان لەکارگێری بەرەی کوردستانی ئەگەر ئەو مەسەلەیە باس بکرێت ئێمە نایەینە کۆبونەوەو لەبەرەی کوردستانیش دەکشێینەوە یەکێتیش دەیانوت چۆن ئەو کارە گەورەیە کراوە لەبەرە باسی نەکرێت دوای رازی بون باسی نەکرێت ئەو رۆژەی خەلیفان وتیان لەپێشەوە لەگەڵ مام جەلال و کاک مەسعود قسە بکەن باگرژی نەیەتە ناو قیادەی سیاسیەوەو ئەو مەسەلەیە باس نەکرێت، لەو کاتەی کەیاداشت بۆوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نوسرابوو یابۆ(سەرۆك بۆش) بوو ووتیان هەردوو سەرۆك کاك دکتۆر محمود هەڵی دایەو ووتی سەرۆك ئەوەیە میللەت هەڵی دەبژێرێت ئەوەش بوو بەباسێك کەپارتی و یەکێتی بەبێ سراع ناژین وبەبێ یەك ناژین یەکێتی دامەزرا قیادەی موەقەتە دروست بوو بۆبەرامبەری لەوحاڵەتەدا چونکە هەردوولا دوو قوتابخانەن و دوو بۆچونی جیاوازن ودوو بیرکەرەوەو دوو ئەقڵیەت و دووبەرنامەو دوو تەشکیلەی جیاوازن هەریەکە لەروی ئایدۆلۆژی و لەروی سیاسی و لەروی عەسکەری و ئیداری و بیری کۆن و نوێوە جیاوازن، پارتی پشوی درێژەو صەبری زیاترە بەلأم یەکێتی پشووی کورت و صەبری کەمترە هەر ئەوەشە یەکێتی تووشی کێشە دەکات و پارتی لەزۆر کێشە دەرباز دەکات، پارتی هەمیشە بەدوای تۆڵەی خۆی دەگەرێت و بەرچاوی رونە لەسەر بریاری خۆی وەئامانجی دیاری کراوی هەیە وەحزبێکی عەشائیرین و خێزانێك سەرپەرشتی دەکات بەلأم دراسات و موەسەساتیان هەیە بەلأم یەکێتی شتیان لەبیرناچێ وەئامانجیان رۆژانەیە لەگەڵ لایەن و دەوڵەتان و حزبێکی مۆدێرنە و بەلأم موەسەسات و دراساتیان نیە، تەحلیلی یەکێتی و پارتی لەروی سیاسی و ئایدەلۆژی و سایکەلۆژی و ئوسلوبیانەوە پێویستە کەسانی شارەزاو بەتوانا کاری لەهەردوولا کردبێت وبتوانێ ئەو تەحلیلە بەئاسانی بکات یاکاتێکی زۆری دەوێت ئەوە من شارەزام لای یەکێتی و هەندێك لەپارتی لەکاتی جودو بەرەی کوردستانی چەندرۆژێکی یەکگرتندا ئەوەش وەخت و

بابەتێکی تایبەتی دەوێت لەسەری بنوسم وقسەبکەم وحەقی خۆیان بدەمێ بەویژدانەوە بۆیە لێرەدا بەجێ ی دەهێڵم و دەچمەوە سەر بابەتکەی خۆم ئەو ماوەیە وردە وردە پارتی بەرەو عێراق ویەکێتییش بەرەو ئێران هەردوولا حەجمی خۆیان لەسەر ئەو دەوڵەتە بۆحاڵەتی هەڵبژاردن دەکرد وپشتیوانیان لێ بکرێت پەیوەندی پارتی بەنهێنی و ئاشکرا بەردەوام بوو لەگەڵ عێراقدا هەر لەورۆژانەشدا جەیش عێراق لەکوردستان دەکشایەوە یالەدەرەوەی سلێمانی بووئەو کات کاک جەوهەرناميق مەسئولی یاسەرپەرشتی سلێمانی و کەرکوکی پارتی دەکردو نوێنەری پارتی بوو لەگەڵ حکومەتی عێراق لەپشتی بەرەی کوردستانیەوە لەو دوو پارێزگایەدا ئەو مەوعیدی تایبەتی خۆی لەگەڵ قائید فیرقەو قائید فەیلەقدا هەبوو رۆژێك هەردوای کۆبونەوەی بەرەی کوردستانی لەسلێمانی وکەرکوك چوبوو بۆمەعەسکەر سەلام کۆبونەوەی لەگەڵ فرقەو پاشان بۆدەوری کەرکوك چوبوو پێمان ووت بۆلەگەڵ عێراق لەپشتی بەرەوە دادەنیشیت ووتی من ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیم حزبەکەی خۆم پێم دەڵێت مەجبورم من بریاری حزب جێ بەجێ دەکەم نەك بەرە، بەرە ئامرازێکە بۆپێشخستنی حزب لەراستیدا قسەکەی راست بوو ئێمە کاك قادرجەباریمان لەبەرەی کوردستانی دانابوو ئەوەی سیاسەتی حزب بوو ئەو بەلایدا نەدەچوو بەڵکو پەیرەوی سیاسەتی حزبەکانی کەشی دەکرد لەناوبەرەدا سیاسەتی ئەوانیشی فەرز دەکرد لەسەر حزب بەلاّم بەقەدەر زەرەیەك نەخزمەتی حزبی کردو نەهی کەسوکاری شەهیدو نەسیاسەتی حزب واتە قسەکەی کاك جەوهەر راست بوو لەوەدا، لە1991/10/15 لەئۆردوگای نصروباریکە وهەڵەبجەی تازە بوین سەری چەند ماڵەشەهیدێکمان دا، لە1991/10/16 لەسلێمانی بوین، لە1991/10/18 بەرێ کەوتین بۆ شارەزوورو دەربەندیخان و باوەنورو کەلارو لەوێ ماینەوە، لە1991/10/19 چوینە صمودو کفری و سەری مەقەرات و رێکخستنەکانمان داو خەریکی ئیشوکاربوین پاشان گەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/10/23 لەناڵپارێزبوین، لە1991/10/24 چوینە باریکەو پەردەمان لەسەر وێنەی شەهیدان عەلی عەسکەری و دکتۆرخالید لادا، لە1991/10/25 پەردەمان لەسەر وێنەی شەهیدصاڵح یوسفی لادا لەرێگای هەڵەبجەی تازە. سلێمانی. دەربەندیخان خەڵکێکی زۆر ئامادە ببون پاشان گەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/10/26

لەسلێمانیەوە چوینە رانیە، لە1991/10/27 لەپاش تەواوبوونی کۆبونەوە گەراینەوە بۆسلێمانی وچوینە چەمچەماڵ، لە1991/10/28 گەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/10/29 چوین بۆدەربەندیخان کۆبونەوەش هەبوو بەناوچەکان لەماڵی کاك شیروان بوین لەکەلار، لە1991/10/30 لەکەلارەوە چوینە باوەنورو دەربەندیخان و زەرایەن و گەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/10/31 لەسلێمانی بوین، لەرۆژانی 1و2و1991/11/3 لەپێنجوێن بوین، لە1991/11/4 بەرێ کەوتین بۆرانیە لەگەڵ کاك رەسول چوینە شەقلاوە کۆبونەوەی قیادەی سیاسی هەبوو لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن و چۆن بکرێت وهەندێك لەحاکمەکانیان راسپارد کارگێرقسەبکات کەچۆن دەکرێت و کەی دەتوانین بیکەین بەڵام لەسەر دائیری و نسبی قسەکرا یەکێتی نیشتمانی و سۆسیالیست دائیریان پێ باش بوو پارتی و حزبی شیوعی و گەلیش نسبی یان پێ باش بوو پێیان داگرت لەسەر نسبی، پارتی باسی لە10٪ و لەوبابەتە بەڵام لەدواجار پارتی لە7٪ نەهاتە خوارەوە یەکێتی حەزی دەکرد کەم بکرێتەوە ئێمەش ولایەنەکانی کە چونکە 7٪ زۆرەو لەدنیادا شتی وانەبووەونیە بەڵام پارتی مەبەستی یەکێتی و هەموو حزبەکان بوو پارتی واتێگەیشتبوو یەکێتیش 7٪ ناهێنێ یائەگەر هێنای تەنیایەو کەم ئەقەلیەتەو حزبەکانی کەش نای هێنێ و لەکۆڵیان دەبنەوە لەوە زیاتر لەگەڵ عێراق دەستیان پێکردو پەیوەندیان زیاتربوو یەکێتیش بۆئەوە هەوڵی دەدا لەگەڵ ئێران وحزبەکانیش نزیك ببێتەوە بۆبەرنگاربونەوەی ئەو مەسەلەیە لەکۆبونەوەی قیادەی سیاسیدا زۆرشت باس کران، لە1991/11/5 گەراینەوە رانیەو شەو لەماڵی کاك دکتۆر عەلی سلێمان بوین لەرانیە، لە1991/11/6 لەرانیەوە گەراینەوە بۆسلێمانی وتا رۆژی 1991/11/8 هەر لەسلێمانی بوین، لە1991/11/9 چوینە پێنجوێن و مەریوان، لە1991/11/11 چوین بۆسنە، لە1991/11/13 گەراینەوە بۆمەریوان و پێنجوێن، لە1991/11/14 چوین بۆسیروان و هەڵەبجەو گەراینەوە ناڵپارێز، لە1991/11/15 لەهەڵەبجەی تازە بوین، لە1991/11/16 لەهەڵەبجەی تازەوە چوینە هەڵەبجەی شەهیدو سەری منالە بێ باوکەکانمان دا بێ سەرپەرشت بوون لەکیمیاوی هەڵەبجە و هەندێك هاوکاریمان کردن وگەراینەوە بۆباریکەو چوینە ماڵی کاك محمد دۆڵاشی، لە1991/11/17 چوینە

هەڵەبجەی تازەوگەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/11/18 لەسلێمانیەوە چوینە پێنجوێن و باشماخ و مەریوان، لە1991/11/19 لەمەریوانەوە چوینە سنەو شەوەکەی بەرێ کەوتین بۆتهران لەوچەند رۆژە لەتهران کۆبونەوەمان هەبوو وەهەندێك شتی اعلام مان کری بۆحزب، لە1991/11/24 لەتهرانەوە گەرامەوە بۆسنە و چومەماڵەوە، لە1991/11/25 لەسنەوە چومە مەریوان، لە1991/11/26 گەرامەوە بۆپێنجوێن و ناڵپارێزو قەدەفەری و هەڵەبجەی تازە، لە1991/11/27 چوینە سلێمانی و شەو لەماڵی شێخ جمیل بوین، لە1991/11/28 لەسلێمانی بوین هەرلەم رۆژەدا کوردێك بوو بەوەزیری دەرەوەی تورکیا بەناوی (حیمکت چەتین) و پێمان خۆشبوو کوردێك ئەو پۆستەی وەرگرتووە، وەهەر ئەمرۆ کاك مەسعود چووبۆبەغداد هەرخۆی بەتەنها، لە1991/11/29 سەری مام جەلالمان دا لەقەڵاچوالان وپاشان چوین بۆپێنجوێن، لە1991/11/30 چوین بۆهەڵەبجەی تازە، لە1991/12/1 لەسلێمانی بوین، لە1991/12/2 لەسلێمانیەوە چوینە عەربەت و سەری مەقەری هێزی ئەزمرمان دا لەبەرزنجە، لەشەوی 3–1991/12/4 سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەجێگای خافێر پێرێزدیکیوێلار هەڵبژێردرا کەئەفریقی و عەرەب بوو ناوی بطرس غالی بوو، لە1991/12/4 لەپێنجوێنەوە گەراینەوە بۆسلێمانی لەرێگا زۆرهیلاك بوین باران و بەفرێکی زۆربوو، لە1991/12/5 لەباریکەبوین بەفر لەزۆر جێگا باری بوودنیا زۆرساردبوو، لە1991/12/6 لەهەڵەبجەوە چوینە سلێمانی و پاشان چوینە پێنجوێن بەفرێکی زۆربوو شەولەماڵی کاك ئەحمەدقەدەفەری بوین، لە1991/12/7 بەهۆی بەفروساردی دنیا هەرلەپێنجوێن ماینەوە، لە1991/12/8 چوینە گۆخلاڵن بەلاَم لەرێگای گەرمك و سەرسوراو لەسەر چەمی سوراوە بۆمەریوان، لە1991/12/9 لەکانی دینابوین، لە1991/12/11 لەمەریوانەوە چومە سنە، لە1991/12/12 لەسنە بوین بەفرێکی زۆروبەتوندی دەباری وەکو کوڵکی خوری دەهاتە خوارەوە (کوڵك ئەوەیە بەدەست خوریەکە ئامادە دەکرێت ولەیەك پێچراوەو سپی یەو شۆراوە بۆرستن یابادان ئامادە دەکرێ)، لە1991/12/13 لەسنەوە گەراینەوە مەریوان، لە1991/12/14 گەراینەوە بۆگۆخلاڵن و پێنجوێن وناڵپارێز و پاشان چوینەوە بۆپێنجوێن، لە1991/12/15 لەپێنجوێنەوە بەرێ کەوتین بۆ ناڵپارێزوقەدەفەری و میری سوروو خورماڵ وگەراینەوە

بۆباریکەونـصر دوای ئیـشەکانمان لەوسـنوورە، لـە1991/12/16 لەسـلێمانیەوە چـوینە باریکەوهەڵەبجەی تـازە بۆتەعزیـەی حـاجی قـادری حمـە سـەعید وکـاک عبـدالکریم غـولاّمی پاشان گەراینەوە بۆسلێمانی، لە1991/12/17 لەسلێمانیەوە چوینە باریکـەو گەراینـەوە بۆســـــلێمانی، لــــە1991/12/18 لەســــلێمانی بــــوین زۆر مەشــــغولّ بــــوین، لە1991/12/19لەسلێمانیەوە بەرێ کەوتین بۆرانیە،

## هاتنی وەفدی هاو پە یمانەکان و ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی

لە1991/12/20 لەرانیەوە چوینە شەقلاّوە، ئـەمرۆ یـەکێتی سۆڤیـەت هەڵوەشـایەوە لەبـەر یەك، پێشتر لەرۆژانی 19و1991/12/20 کاك رەسـول بروسـکەی کردبـوو کەبەپەلـە بـرۆم بۆرانیەولەوێ تەحالف داوایان کردووە بەتەنها حزبی سۆسیالیست ببینن وچاویان بـەکاك رەسول وکـاك دکتـۆر ومەکتـەبی سیاسـی بکـەوێت وقسـەی تایبـەتی خۆیـان هەیـەو چـەند جارێك تەئکیـدیان کردبـوەوە کەتـەنها حزبـی سۆسیالیـست ببیـنن و ماوەیـەك پـێش ئـەوە هاتبوونە شەقلاّوە وکاك رەسول وکاك دکتۆریان دیبوو قسەیان کردبوو لەبـەر ئـەوە زیـاتر رویان لەکاك دکتۆر کردبوو بەهۆی ئەوەی زمانەکەی دەزانـی کـاك رەسـول پـێ ی نـاخۆش ببـوو ئـەو کۆبونەوەیـە کـاك دکتـۆری تێـدا بێت وئەگـەر بروات شـەقلاّوە ئـەوە دەبێـت کـاك دکتۆریشی تێدابێت کاك رەسول وکاك شێخ محمد وخاڵەسەید کاکە هەرسێکیان لەرانیـە بـون پێکـەوە ئیـشەکانی مەکتـەبی سیاسییان دەکـرد منـیش جـار جـار سـەرم لـێ ئـەدان و سەری شەقلاّوەشم دەدا بۆراگرتنی تەوازنی نێوان کاك دکتۆر وکاك رەسول عەمەلیـەن بـوو بەدوو سـەرکردایەتی و دووقیـادەی جیـاواز لەقسەو هەڵسوکەوت و ئوسلوب و بۆچـون و هـەموو شـێوەیەك هەسـتی پـێ دەکـراو کـار گەیـشتبووە زەم وزەم کـاری دژی یـەك و زیـاتر قیـادەی شـەقلاّوە زەمـی دەکـرد ئـەوکاتیش کـاك سـەعد تـازە لـەکاك رەسـول هەڵگـەرابوەوە تائەوکاتە دژی دکتۆر ولایەنگری کاك رەسول بوو لەناو حزبدا، کاك عـادلیش لەوماوەیـەدا دژی کاك رەسول بوو لەهەموان زیـاتر بـوو، خاڵـە سـەیدکاکەو کـاك شـێخ محمـدو مامۆسـتا مەلاناصـیح و کـاك شـیروان لەرانیـە بـون زیـاتر کـاك مەلاناصـیح نـەی دەویـست بـرواتـە نـاو ئەوهەرایەوە، کاك شیروان دژی کـاك رەسـول بـوو بـەلاّم نەیـدەزانی مـن پـشتی کـاك رەسـول دەگرم یاپشتی کـاك دکتـۆر مـن پێویـستم بەکەسـیان نـەبوو هـەردووکیان پێویـستیان بـەمن

هەبوو ململانێ کەیان کاك عدنان وکاك عادل وکاك سەعد وئەوانەی دائیم نزیك بون لەگەڵ کاك دکتۆردا بون هەموو هێلکەکانیان لەقولینەی کاك دکتۆر دانابوو برادەرانی کەش لای کاك رەسول من نەم دەویست خۆم باواتێگەن پشتیوانی لەیەکێك لەوان دەکەم واش تێبگەن من دژی یەکێکیانم، کاك عومەربۆتانی و کاك نظام الدین تازەکرابون بەئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی کاك عومەر لەگەڵ کاك رەسول رێکەوتبوو لەولاشەوە دڵی کاك دکتۆری راگرتبوو سۆپەرێکی بۆکریبوو لەپارەی ابراهیم خلیل ودوایش لێ ی سەندەوەو فرۆشتی بەڵام خاڵە حاجی رەئی لەگەڵ منە جیانەبوو کاك قادرجەباریش شیروتیری لەکاك رەسول دەساوی دوو محیوەری جیاوازو دوو سەرکردایەتی نێوان شەقڵاوەو رانیە بەیەك شت چارەسەر دەکرا ئەویش ئەوەبوو کاك رەسول لەهەولێر دانیشێ و دەبووە سەرکردایەتی بەڵام کاك رەسول لکابوو بەرانیەوە و فرقە کۆنەکەی لای چوراقورنە و دەستی لێ نەدەبوەوە، خزمەکانی کاك رەسول دەوری خراپیان هەبوو وایان دەزانی کاك رەسول لەرانیە دوربکەوێتەوە تیادەچێت نەیان دەهێشت کاك رەسول ئەوەندە ئیشی عەشائیری و کێشەی خزمەکانی دەکرد نیوو ئەوەندە ئیشی حزبی نەدەکرد ئەوە وای کردبوو کەکێشەکان زیاتر بکات وتەئسیری سلبی لەسەر حزب هەبێت، خاڵەسەیدکاکە ووتی ئەوە (3-2) رۆژە هەر لەمنی دەشارنەوە کاك رەسول وکاك شێخ محمدشاکەلی و داوایان کردوە کە ئەمریکیەکان وهاوپەیمانی(MCC) دێن بۆچوراقورنەو لێرە میوان بن وتی ئەوان وتویانە لەروی سیاسیەوە ئێمە ناتوانین بێینە ئەو ناوچەیە ئێمە تاشەقڵاوە وصلاح الدین وخلێفان زیاتر ناتوانین بەرەو لای سلێمانی بەتەیارە برۆین و تەئکیدیان کردبووە کەئەوان تائێستا پارتی ویەکێتی یان دیوەو دەیانەوێت حزبی سۆسیالیست وەکو هێزێکی گەورەو هێزی سێ یەم تعامولی لەگەڵ بکەن بۆیە لەلایەن دەوڵەتەکانی خۆیانەوە راسپێراون کەئێوە ببینین ومەکتەبی سیاسی وشەخسی یەکەمی حزبی سۆسیالیست بەڵام ئایا ئەو سەرکردایەتیە دەتوانێ سود لەوهەلە وەربگرێت و رایەڵێك دروست بکات ئەو (4-5) رۆژە دواوەڵامی هاوپەیمانی بریاریان دابوو نایەنە ئەو ناوەو ئەوان وتبویان لەمەقەری خۆتان لەشەقڵاوە باشەو ئێمە دینە لای ئێوە دادەبەزین بەڵام لەدوایشدا کاك رەسول رازای نەبو لەمەقەری سۆسیالیست لەشەقڵاوە کۆبونەوەکە بکرێت دکتۆر یاسەرکردایەتی شەقڵاوەی

تێدا بێت و بەوە بزانیٚ کاک عبداللەی برازای کاک رەسول یان ناردبوو بۆماڵی کاک عومەرئاغای سورچی کەکۆبونەوەکە لەماڵی ئەوان بکرێت باشترە لەوەی لەمەقەری سۆسیالیست بێت لەشەقلاٚوە کاک عبداللە گەرابوەوەو کاک عومەر ئاغا لەویٚ نەبووە پاشان ناردبویانەوە بۆلای کاک حسێن ئاغای سورچی لەسەرچیا لەکەلەکین بەناوی کاک رەسول وە پیٚ ی وتبوو کەمیوانی هەیە لە1991/12/21 میوانەکان نوێنەرانی ئەمریکاو بریتانیاو فرنساوتورکیان و لەگەڵ (2–3) کەسی مەکتەبی سیاسی لەماڵی ئەوان میوان دەبن ئەوانیش هەرزۆربەگەرمی وتبووی ماڵی خۆتانەو ماڵی کاک رەسولەو بابفەرمون (50) پێشمەرگەش بن، کاک رەسول (4–5) رۆژ پێش ئەوە ناردبوی بەدوای مامۆستا شەوکەت نوری عەبەکە لەلقی سلێمانیەوە هێنابوی بۆرانیە بۆئەوەی تەرجومەی بۆبکات من لەرانیە دانیشتبوم وکاک رەسول ووتی خۆتان حازربکەن بەیانی دەرۆین، لە1991/12/21 رۆیشتین بۆچاوپێکەوتنی هاوپەیمانەکان وتیان لەبەر ئەوەش فریا بکەوین زوو دەربچین سەیدکاکە هاتە لای من تائەو کاتە سەیدکاکە پشتیوانی لەکاک رەسول دەکرد ئەو شەوە منی بانگ کردە ژوورێکی کەوە وزۆربەبێزاری وتی ئەوکابرایە هیچ نازانیٚ واتا کاک رەسول هەروەها ووتی لەوکەونە مەعەسکەرەداو لەرانیە خۆی عاسی کردوە بیٚ ئەوەی شتێك بۆحزب بکرێت و دکتۆر محمودیش لەشەقلاٚوە سەرکردایەتیەکی بۆخۆی دروست کردووە بەلاٚم ئەوەی لەو (3–4) رۆژە دیوومە بەتەواوی نائومێد بوم لەکاک رەسول کەبەگویٚ ی کەس ناکات جگە لەکاک شێخ محمد نەبیٚ کاک سەید کاکە دژی کاک شێخ محمد شاکەلی زۆر قسەی کرد منیش پێم باش نەبوو هەموی باس بکەم هەروەها وتی لەدنیادا نیە مەقەری خۆمان هەبێت وکابرای میوان هی دەوڵەتێکی گەورەی وەکو ئەمریکاو بریتانیاو فرنسا وتورکیا ئەوە (3) جارە دەنێرن بێنە مەقەری سۆسیالیست لەبەرچاوی دنیاو لایەنەکانی کەش ئەو دەڵێت مەیەرە مەقەری سۆسیالیست ودەیبەنە ماڵی عومەرئاغای سورچی ئامادەیە ئەوان لەکۆبونەوەکەدا بن بەلاٚم دکتۆر محمود وئەوانی تێدا نەبێت وادیارە براوەتەوە ئەو دوو برادەرە پێکەوە ناژین وکێشەش بۆئێمە دروست دەکەن ووتی من نایەم لەگەڵ پیاوێك کەمەقەری خۆی پیٚ خراپ بێت و ماڵی حسێن ئاغای پیٚ باش بێت بەلاٚم تۆ برۆ نەوەك شتی خراپ باس بکەن من

لەئێستاوە هەرگیز لەگەڵ ئەوبۆچونانە نیم و دژی دەبم ئیتر خاڵە سەیدکاکە لەو رۆژەوە ڕەئی گۆرا نەك دکتۆری پێ باشتربێت لەکاك رەسول بەڵکو کەوتە ئەوەی ئیتر ئیش بۆخۆی بکات و کیانێك بۆشەخسی خۆی وماڵ ومناڵی دروست بکات ئیتر زۆر بیری لەسیاسەت وکاری حزب نەدەکردەوەو زۆر خۆی پێوە ماندو نەدەکرد هەندێك جنێوشی دا من ووتم وەلا منیش ئەوەم پێ باش نەبوو دەبوو کابرای ئەمریکی داوای کردوە لەمەقەری خۆمان پێشوازی لێ بکربایە و نێوان کاك رەسول و کاك دکتۆر نەگاتە ئەو سنورەی کەخەڵکی دەرەوەی حزبیان لەیەکتر پێ باشتربێت و ئەوەندە دژی یەك بن دوای ئەوە سەید کاکە لەشەقلاوەگیراوە واتە ئەویش چووە سەرکردایەتی شەقلاوە ناحەقی نەبوو منیش پێم ووت دەبێت ئیدارە بکەین وەزعەکە هاتووەو ئێمە نابێت تەرف بین لەوەزعەی کەهەیە وایان بریاردا شەو برۆینە شەقلاوە وبەیانی زوو لەوێ دەربچین سەرلەبەیانی 1991/12/21 چوینە حەریرو بۆخەلیفان و گەراینەوە لای سەرچیا ئەوجێگای کەهەلیکۆپتەرەکانی لێ دەنیشێتەوە چاوەرێ بین تا وەفدەکە بەتەیارە دێن بریاربوو سەعات (11) بێنە ئەو جێگایە و لەوێشەوە برۆینە ماڵی حسێن ئاغا کەجەنەراڵی ناب ئەو وەزعەی دیبوو وایزانی بوو لەشەقلاوە کۆدەبینەوەو نان خواردن دەچینە سەرچیاو ماڵی حسێن ئاغا و لەرێگاوە هاتبونە صلاح الدین لای دابوو وتبوی نیوەرۆ لەسەرچیاین دەعوەتی کاك رەسول ین بەلام لەشەقلاوە لادەدەم دوای دەرۆین وادیاربوو کاك وشیارزێباری وکاك جەوهەرنامیق و لەیەکێتیش کاك کۆسرەت و کاك حسێن سنجاری و (2-3) کەسی کەو هەموی لەگەڵی دابون وهاتبووە شەقلاوە دابەزی بوو هەواڵی کاك رەسولی پرسیبوو وتبویان لێرەنیەو کاك دکتۆر محمود لێرەیەو دابەزی بوو لەگەڵ کاك دکتۆر وماموستا سەعدو ئەوان دانیشتبوو قسەی خۆیان کردبوو بەقەرەباڵەغ و لەشکرەکەوە خۆیان بەتەیارەو حمایەو ئەو هەموو مەسئولەش بەتەیارە بۆکەلەکێن وماڵی حسێن ئاغا ئێمە وەستاین سەیرمان کرد ئەوەی ئێمە چاوەرێ نەبوین لەناو هەلیکۆپتەرەکە دابون و لەرێگای علاقاتی زاخۆوەو کاك عومەربۆتانیەوە پەیوەندیەك کرابون وکاك عومەر هەر لەزاخۆوە لەگەڵیان دابوو دابەزین و بەخێرهاتنمان کردن وهێنایان لەسەیارەکەی مندا سواربن هەموو حمایەکانی کاك رەسولیش هاتن سواربوون

جێگاتەنگ بوو لەوکاتەدا کاك جەوهەری حسێن ئاغاش لەکەڵەکین بوو لەگوندەکەوە هاتە خوارەوە بۆمەرحەبایان ئەو دابەزی بۆلای کاك جەوهەر وتی خۆ لەوێ جێگا تەنگە لێرە سواربە لای کاك جەوهەر سواربون و بەرێ کەوتین بۆکەڵەکین واتە حمایەکانی کاك رەسول ئەوەندە قەڵەباڵغیان کرد لەسەیارەکە جێگای کابرای ئەمریکی نەبوەوە کەمیوانی کاك رەسول بوو یەك یەك سەیارە هەرخەریك بوو دەعم بکەین من ئەوکات نەحسێن ئاغام دەناسی و نەکاك جەوهەر هەریەکەم جاریش بوو بڕۆمە ئەوێ هەرلەوێ وەزعەکەم دی وام کرد هەرنەم ناسن من لەسوچێکەوە دانیشتم و قەرەباڵغی زۆربووزیاتر لە(70) کەس لەژوورەکەدابوو کاك عومەربۆتانی هەردابەزی بەمنی ووت بۆواتان کردوەو ئەوکۆبونەوەیە لەبارچوو زۆرگرنگ بوو بۆحزب هەروەها ووتی وادیارە کۆبونەوەکەمان دەکەوێتە جارێکی کە ئیتر لەوێ دەست کرا بەمجامەلەو وتیان تەلەفزیون دەگاتە کەڵەکین حسێن ئاغا ووتی ناگات و وتیان داوا لەجەنەراڵ ناب بکەین تەلەفزیونێکی وامان بۆپەیدا بکات کەبگاتە ئێرە واتە سەرچیا بەتایبەتی وەختی دعایەی هەڵبژاردن پێویستەو تەسلیم بەبەرەی کوردستانی بکەن، کاك کۆسرەت ووتی (ناب) بیکات و تەسلیم بەیەکێتی بکات بۆهەموو کورد باشە وانیە (ناب) ووتی شت کەوتە دەستی ئێوە نای دەن بەکەس کەسودی لێوەربگرێت سوعبەت بوو بەلاَم ئەو قسەیەی (ناب) بێ شت نەبوو وادیاربوو وایان تێگەیاندبون کەیەکێتی وابیردەکاتەوە دوای مجامەلەی زۆر حسێن ئاغا ووتی کاك رەسول ئنگلیزی نازانی وتی نا.. وتی لەبریتانیا نەبویت ..ووتی زۆرلەوێ نەماومەتەوە وادیاربوو حسێن ئاغا دەیویست هەندێك قسەبکات پێش ئەوەی نان بخۆن بابکەونە قسەکردن کەئەو قسەی خۆی بکات، (ناب) بەکاك رەسولی ووت کۆبونەوەکە دەکەوێتە جارێکی تر ئیترحسێن ئاغا ووتی بەکاك جەوهەر بڵێن بەجەنەراڵ ناب هەندێك قسەم هەیە بیکەم ئەویش وتی فەرموو جەوهەر بۆی تەرجومە بکەن ووتی باشە بفەرموون من و حسێن ئاغا یەکێ لەمیوانەکان لەنێوانمان دابوون باش گوێم بۆقسەکانی گرتبوو، حسێن ئاغا ووتی ئێوە ئەمڕۆ خاوەن دەسەلاَتی دنیان پێش ماوەیەك سۆڤیەت و ئێوە هەبوو کارێکی خراپ لەدنیا بکرایەت هەرلایەکتان چاکەکەتان بۆخۆتان وخراپەکە بۆئەوەی ترتان دادەنا، من سەرۆك عەشیرەتی سورچیم و (20) هەزار کەسەو بەناوی هەمویانەوە قسەدەکەم و(75)

عەشیرەتی کەش دۆست و خزم ونزیکمان هەیە و قسەی ئێمەیان قبوڵە من بەناوی سەرجەم عەشائیری کوردەوە ئەو رەئیانەت بۆ باس دەکەم بەلآم ئێستا ئێوە خاوەنی هەموودەسەلآتی دنیان و هەرچی رووبدات لەدنیادا ئێوە لێ بەرپرسیارن لەچاکی و لەخراپی وە وتی من قسەکانم عەشائیریانەیە بادوای ئەو حزبە سیاسیانە قسەی خۆیان بکەن ئەوان تەعبیر لەسیاسەتی حزبەکەی خۆیان دەکەن بەلآم من تەعبیر لەجەماوەری عەشائیری کوردستان دەکەم ئێمە میللەتێگی گەورەی ئەو دنیایەن و تائێستابێ بەرین لەزۆرشت و حەقی خۆمان هەیەو بمان پارێزن و جارێکی کە نەمان دەن بەدەستی بەعسەوە ئێوە پشتیوانی لەدەوڵەتێکی چەند هەزارکەسی دەکەن بەلآم ئێمە (30)ملیۆن کوردپشتیوانی و هەرچی ئێوە بڵێن واتان لەگەڵ دەکەین ئێوەش بەفریامانەوە بێن و بەجێمان مەیەڵن هەروەها وتی ئەو قسانەی من بگەیەنە سەروی خۆت و حکومەتی ئەمریکا ئێمەش چاوەرێ ی هیمەتتان دەکەین و کورد بۆلای خۆتان رابکێشن و ئێستا کورد چاوی ئومێدی لەئێوە بریوە پاشان روی کردە بریتانیەکەو ووتی ئەوە ئنگلیزەکەیە وتیان بەڵێ وتی کاک ئنگلیز ئێوە زۆر قەرزاری کوردن چونکە ئێوە حکومەتی شێخ محمودتان تێك داو لەسەر وەعدی ئێوە کورد وازی لەتورکیا هێناو خۆی خستە سەر عێراق ئەو کاتە ئێوە کەفالەت و خاوەن وەعدی کورد بون بەلآم لەوکاتەوە تائێستا عێراق کورد لەناو ئەبات ئێوە نەك هەر لێتان نەپرسی بەڵکو هاوکاری عێراقتان کرد دژی کورد وەکورد حەقی لای ئێوەیە وەئێوە پێویستە ئێستاو لەم کاتەدا خەریکە هەندێك رەئتان باش دەبێت و کوردیش ئیعادەی نەزەرتان بۆبکاتەوە وەدەبێت بۆهێنانەوەی سیقەی لەدەست داوی خۆتان لای کورد خۆتان ماندوبکەن بۆئەوەی کورد لەخۆتان رازی بکەن و هەموو تەعویضە کۆنەش لاتانە بۆکوردی بکەنەوەو ئێمەش لەم مەینەتیە رزگاربکەن وە وتی ئەوەش رەنگی لەفەرەنسی دەچێت وتیان بەڵێ وتی ئێمە لەگەڵ فەرەنسادا دور بوین بەلآم لەروی روحیەوە فەرەنسامان بەدۆستی خۆمان زانیووەو هاوکاریەکانی ئەو دوای فەرەنساو یارمەتی رێکخراوە انسانیەکان وژنی سەرۆکی فەرەنساو بەشداربونتان لەشەری دژی عێراق و لەپاراستنی کوردستان جێگای دڵخۆشی کوردە وهیوادارین ئێوەش بەردەوام بن و کوردلەو ناخۆشیە رزگاربکەن و میلەتێکی گەورەی وەك کورد بکەن

بەدۆستی خۆتان پاشان وتی ئەم برایەش نوێنەری تورکیایە لەسەری رۆیشت و ووتی کورد وتورك لەکۆنەوە هاوسنورو دۆستی یەکن و پێش دروست بوونی عێراق کورد یائێرە کوردستانی عێراق یەك ولایەت بوو لەدەوڵەتی گەورەی عوسمانی ئێوەش هەوڵێ بدەن ئەو دۆستایەتیە بپارێزن بالەئێوەش پەشیمان نەبینەوە وەکو ئێستالەعێراق پەشیمانین لە ساڵی 1920 و لەسەرەتای (20) کان دەنگمان بۆعێراق داو ئەوە (70) ساڵ زیاتر دەمان کوژێت ئێستا لیێ ی پەشیمانین وە وتی من هەر ئەوەندە قسەم هەبوو نان حازرەو بابفەرمون بۆنان و ئەگەر کەموکوریشی هەبوو ئەوە کاك رەسول لیێ ی بەرپرسیارە چونکە ئەو وتی کەمین و نانی (50) کەسمان دروست کردوە لێرەدا قسەکانی حسێن ئاغا زۆرم لا پەسەند بوو حسێن ئاغام بەپیاوێکی ئاقڵ وشارەزا هاتە پێش چاو پێم خۆشبوو عەشائیری کورد ئاگای لەدنیا هەیە ئەوە بوو ئیتر کۆبونەوەی حزبی سۆسیالیست و هاوپەیمانی (MCC) وای بەسەرهات بەلاّم قسەکانی حسێن ئاغا زۆرباشبوو بۆکوردو بۆئەو جەلسەیەی کەدانیشتبوین ئەوکات و ئەو رۆژەش کەسیان منیان نەناسی ومنیش ئەوانم نەناسی هەرلەویێ دیمن و دەیانوت فلاّن وفیسارکەس من دەمزانی بەلاّم حسێن ئاغام دی وزانیم ئەوە حسێن ئاغایە دوای نان خواردن هاتینەوە لای فرۆکەخانەکەی سەرچیاوکەڵەکین ئەوان خواحافیزیان کردو ئێمەش بەسەلامەتی گەراینەوە، وەفدی ئێمەش دەست لەچۆکان شۆرتر گەراینەوە بۆشەقلاّوەو مامۆستا سەعد ووتی خۆهاتنە ئێرەو لێرەوە هاتن بۆئەویێ کەکاتیێ باسی تەلەفزیون و ناوچەکە دەکرا جەنابی کاك رەسولی کردبەشاهید ئەگەر لای یەکێتی بێت بەکەسی کەی نادات بەلاّم کاك رەسول قسەی نەکرد هەرچی بوتایە لاکەی کە دڵی عاجز دەبوو بەلاّم وتی ئێوە بیدەن بەکوردوبەرەی کوردستانی بەحزبی مەدەن لەرێگا کاك رەسول وتی وەلاّئەوانیش چاك یەکێتی دەناسن، کاتی کەگەیشتین کاك سەید کاکە وتی چیتان کرد وتم کاك سەید باش بوو کۆبونەوەیەکی باشمان بۆکاك حسێن ئاغاو (MCC) رێك خست بەلاّم کاك حسێن ئاغا قسەی زۆرباشی کرد.

## ناكۆكی نێوان بەرەی كوردستانی و یەكەم گەشتم لەگەڵ مام جەلال دوای راپەرین

پاشان چوینە شەقلاوەو شەو لەوێ بوین چونكە قیادەی سیاسی كۆبونەوەی هەبوو لەخەلیفان، هەرلەوكاتەدا سۆڤیەت لەبەریەك هەڵوشایەوەو پەرتوبلاوبوون ومەدی قەومی وئیسلامی لەو ولآتە سەری هەڵداو هەرلایەك لەلایەكەوە هەوڵی لەت بون وجیابونەوەی دەدا هەموو شیوعیەت سەرسام ببوون، لە1991/12/22 كۆبونەوەی قیادەی سیاسی بوو زۆر گرژی لەنێوان پارتی و یەكێتی هەبوو ئەوكات كاك عومەردەبابە و ئەوان سەرپەرشتی دادگای شۆرشیان دەكرد لەوێ بوو پارتی و یەكێتی زۆر بەحەزەرەوە هاتبون پێش ئەوە كارگێر باسیان كردو كاك قادر ووتی ئەمرۆ كێشەی نێوان پارتی و یەكێتی گەیشتوەتە سنورێك كەلەیەك دابرێن و یابەرەی كوردستانی تێك دەچێت كۆبونەوە دەستی پێكرد وكاك دكتۆر سەرۆكی جەلسەی بەرەبوو وایان دەكرد وەزعەكە ساردبكەنەوە پێش ئەوەش سەدی بێخمە فرۆشرابوو بەعومەرئاغای سورچی پارتی ویەكێتی فرۆشتبویان زۆری مابوو ئێمە لای گەلی عەلی بەگ سەیتەرەیەكمان دانابوو رێگامان نەدا بیبەن جارێك ویستیان پارتی و یەكێتی بەزۆر بیبەن تەقەمان لێكردن ولقی هەولێر سەیارەی سوتاندن وئاگاداری خەڵكی خەلیفانمان كرد ئەوانیش هاتنە سەر جادەكە جارێكی كە كاك فرانسۆحەریری خۆی بەقوەتێكەوە چوبوو بۆبەرێ كردنی چونكە فرۆشتبویان بەئێران ئێمەش رێگامان لێگرت و خەڵكی خەلیفان هاتنە سەرجادەو بەپەلە رایان كردو گەرانەوە بارەكان دەستی بەسەردا گیرا ماوەیەك رۆژێك لەبەرەی كوردستانی كاك فرانسۆ ووتی ئەو سەیتەرەی لای گەلی عەلی بەگ لای بەن منیش وتم بۆلای بەین..ووتی بێ قانونیە منیش ووتم لەبەر ئەوەی ئێوە بەبێ قانونی ئەو ئەشیایانەی بێخمە دەرنەكەن..ووتی جا لەبەر ئەو سەیتەرەیەی ئێوە ناتوانین بیبەین ووتم بەڵێ ئەگەر دەتانتوانی ئێستا چەند جار بردبوتان و نەدەچونە لایان وپێیان بڵێن پارەو سەرانەتان ئەدەینێ بەسەیتەرەكە كەرێگاتان بدەن ودەری بكەن، پارتی بەئاشكرا شەری پێ دەفرۆشتین كاك جەوهەرنامیق لەبازیان ئەندامێكی حزبی سۆسیالیستی گرتبوو بردبویان زۆریان لێدابوو وەتەعزیبیان دابوو ئێمەش هێزێكمان كۆكردەوە بۆیان چوین بۆچەمچەماڵ وبازیان بەزۆر پێمان بەردان كاك جەوهەریان  دەرباز كردبووبۆدەربەندیخان و شەو بەتكای حزبەكانی بەرەی

کوردستانی قبوڵمان کرد بیهێنن کاك جەوهەر وکورەکە هاتن کورەکە ناوی( ظاهر)بوو ناردیانەوە بۆمان کەیەك حەفتەبوو بەخۆشی تکامان لیَ دەکردن بەریان نەدەدا یەکێتی پیَ ی ناخۆش نەبوو ئەو هەرایە لەسەر گومرکی کێلەو لای رانیەش کاك مەسعودبارزانی داوای گرتنی ئاواتی حسن رەشی خزمێکی کاك رەسول کردبوو موستەشاربوو کاتی خۆی دوایی پێشمەرگەی ئێمەبوو داوایان کردبوو دەبێت تەسلیمان بکرێت وبروسکەیەك بۆمەکتەبی سیاسی سۆسیالیست کردبوو وەکو بۆلقکێکی خۆیان دەڵێت ئاواتم بۆ بنێرن بەگیراوی ئەگینا خۆم دەنێرم بیگرن من وەڵامی بروسکەکەم دایەوەو وتم هەرکات توانیت محاسەبەی چەکدارەکانی خۆت بکەی ئەوکات بروسکەی لەوبابەتە بکە بۆی وەئەگەر بەرەی کوردستانیش هەڵوەشاوەتەوە نایەنێرم زۆریش بیَ منەتین لێتان پاشان کاك قادر جەباری نامەی ناردبوو خۆی هاتبوو وتی کاك مەسعود عاجز دەبێت و تۆوەڵامی بروسکەت واداوەتەوە منیش ووتم هەموو کوردیش تیَ بچیَ بەوشێوەیە بەعینادی کەس نانێرم بۆبەرەی کوردستانیش نەك بۆلای ئەو لەسەر ئەوەش ماوەیەك لەسەر ئاوات کێشەهەبوولەگەڵ پارتیدا پاشان من گەرامەوە خۆیان چیان بەسەرهات رەفتاری زۆر ناشیرینیان هەبوو لەگەڵ ئەو حزبانەی کەهاوخەبات و پێکەوە بوون و هەموویان لەبیرچوبووەو نەیان دەگۆریەوە بەیەکێك وەکو تحسین شاوێس وە ئەویان پیَ باشتربوو تاهاوخەباتی خۆیان لەدوای کۆبونەوەی قیادەی سیاسی لە1991/12/22 گەراینەوە شەقلاوەو بۆرانیە، لە1991/12/23 گەراینەوە بۆسلێمانی مام جەلال بروسکەیەکی بۆکردبوم لەگەڵیدا جەولەیەکی شارەزوورو گەرمیان بکەم دووجاربروسکەی کردبوو چوم بۆلای کاك رەسول ووتم مام جەلال داوای کردووە جەولەیەکی شارەزوورو گەرمیان لەگەڵیدا بکەم کاك رەسول وتی لەبەرچی بۆپێویست ناکات پیَ ی خۆش نەبوو منیش ووتم کاك رەسول مام جەلال داوا لەتۆش بکات دەچیت لەگەڵیدا بۆجەولە ئەو پیَ ی خۆشە و مام جەلال حەقی هەیە لەسەرمان گەیشتمەوە سلێمانی و بروسکەیەکی کەش هات و منیش چوم بۆلای مام جەلال لەهەڵەبجەی شەهیدبوو نیوەرۆ لەماڵی کاك سەیدنجم هانە سورە بوین پاشان چوینە سەیدصادق و بۆماڵی حاجی جەزای حمەتالیب میکایلی و شەو من گەرامەوە بۆسلێمانی، لە1991/12/25 چوم بۆهەڵەبجەی تازە من گەیشتم مام

جەلال قسەی بۆجەماوەرێکی زۆر دەکرد وابزانم سەرەتای دعایاتی هەڵبژاردن دەستی پێکردبوو بەڵام بەوناوەوە نەبوو مام جەلال دەیویست پێش ئەوە جەولەیەك بکات بۆئەوەی لەوەختی هەڵبژاردندا سەردان بکات نەڵێن بۆئەوە هاتووەو پێشتر نەهاتووە لەوکاتەدا پێشمەرگەی سۆسیالیست لە(6) مەرکەزی تەدریب مەشقی دەکرد بۆنمایشێکی سەربازی لەیادی راپەریندا بۆ1992/3/5 لەسلێمانی سازی بدەین بەبۆنەی یادی یەك ساڵ تێپەربوون بەسەر راپەریندا هەر یەکەی (200) کەس و(1200) پێشمەرگە بۆئەو نمایشە بەشداری بکات مام جەلال و جەماوەر لەبەردەم یەکێ لەمەرکەزەکان لەوکاتەدا تێپەربوون مام جەلال ئیشارەتی بەبەرهەمی خوێنی شەهیدان وکوردا و ووتی ئەو کورە کوردانە ئەو پێشمەرگانە مەشق دەکەن بەرهەمی خوێنی شەهیدو ماندوبونی کوردە هەر لەدوای کۆبونەوەکە مام جەلال ووتی سەری مەرکەزی تەدریب بدەم چوین بۆلایان ئەفسەرەکان پێشوازییەکی باشیان کردو چاوی بەچەك و ئەو شتانەی حزب کەوت لەجێگای تەلەفزیونی شارەزووری ئێستا لەهەڵەبجەی تازەو سەیری تەدریبەکەی کرد و لەمەرکەزی تەدریبی سۆسیالیست (1000) هەزار قات جلی پێشکەش کردن ئێمەش سوپاسمان کرد مام جەلال پیاوێکی دەست کراوەیە پیاوێکە حەز بەیارمەتی هەموو کەس دەکات ئەوپارەی هەیە بەهی خەڵکی دەزانێ و بۆخەڵکی سەرف دەکات پێم وایە لەهەموو کورد دا کەسێکی وەکو مام جەلال نیە پارە سەرەف بکات کەخەڵکی  تموحێتی پێ ناگات دەیان هەزار دۆلاری یارمەتی سۆسیالیست داوە کەلەبەشێکی کە باسی دەکەم ، پاشان چوینە دەربەندیخان و لەماڵی کاك محمدحاجی محمود هارونی میوانداری کردو لەوێش قسەی بۆخەڵکی کرد وەلەماڵی کاك محمد خەڵکی زۆر ناسراوی بینی، لە1991/12/26 چوینە باوەنور لەوێش پێشوازییان لێ کردین پاشان چوینە کەلارو صمود، لەصمود قسەی بۆخەڵك کرد وەلەکەلاریش سەردانی مەقەری سۆسیالیستی کرد و لەلایەن کاك شیروان وبرادەرانەوە پێشوازییان لێ کرد، پاشان چوینە ماڵی کاك حاجی ابراهیم شاتری و شەو گەراینەوە باوەنور و بۆدەربەندیخان، لە1991/12/28 چوینە نصرو عەربەت و قەلاّچوالان ئیتر من لەوێ گەرامەوە بۆسلێمانی ئەو جەولەیە بۆیەکێتی و سۆسیالیست باش بوو خەڵکی ناوچەکەش پێ ی خۆشبووچونکە دۆستی هەردوولابوون هەرچەندە

لەوکاتەدا هەندێك دیعایەیان دژی من کرد لەسەر ئەو جەولەیە گوایە من پەیوەندییەکم هەیە بەیەکێتی وە بۆ ئەو جەولەیە، حەق بوو قیادەی کورد مام جەلال وکاك مەسعودیش هەمیشە وابیریان بکردایەتەوە و فەرق وجیاوازییان نەکردایە بەتایبەتی مام جەلال لەگەڵ لایەنە کوردیەکانی کەدا چونکە مام جەلال کراوەتروپیاوێکی بەوەفایە ئێمەش دەرۆیشتین بەدەمیانەوە، لەساڵی 1987 کاك نەوشیروان لەدەرەوەی وڵات دەگەرایەوە لەشارەزوور لەگوندی دۆڵاش کەچۆڵ کرابوو گەیشتەلامان و لای ئێمە نیوەرۆ ئیسراحەتی کردو وتی پێم باشە نامەیەك بۆمام جەلال بنوسیت و منیش بۆی دەبەم منیش پێم خۆش بوو یەکێتی و سۆسیالیست دۆست و بون و ئاشت ببونەو هێزێکی سۆسیالیست رۆیشتبون لەشەری قەیوان ماوەت پێشمەرگەمان بەشداربوون و مام جەلال لەوکاتەشدا تەنها قیادەی کوردبوو لەخاکی کوردستانی عێراق لەژێرچەکی کیمیاوی و ناپاڵمدا بوو بەرەنگاری رژێم، ئاشت بونەوەی گشتی جاردابوو منیش پێم خۆشبوو وەلەکۆنیشەوە جگە لەبیروڕای جیاواز وەکو شەخسی ومەسەلەی میللەتی کوردو شۆرش ومام جەلال م هەمیشە احترامی زیادم بۆی بووەو رێزی لام هەمیشە بووە هەتا لە کاتی شەردا بوین بەقیادەیەکی راست و پاك ولێهاتووی کوردم زانیووە و دەشزانم ئەگەر وازی لیٚ بهێنن زۆر شتی پیٚ دەکرێت نامەیەکی پر لەرێزم بۆ نوسی و نوسیم ئەمرۆ هەلومەرجێکی لەبارو باش هاتووەتە پێشەوە هەموو میللەتان راستە خەبات و فیداکارو لەخۆبوردو ون بەلاٚم بیٚ رەمزێك نەیان توانیوە سەرکەوتن وەدەست بهێنن ئەو هەنگاوانەی ئەو ساڵی رابردوو ئەم ساڵی جەنابت و خەریکە زەمینە خۆش بکات جەنابت ئەو رەمزەی کوردیت و گەلی هند بیٚ گاندی و گەلی ڤێتام بیٚ هۆشی مینە و صین بیٚ ماوتسیتۆنگ و تیتۆو جەواهیرلال نەهرۆو گەلەکەیان بیٚ رەمز دەمایەوە من وەکو کوردێك بەبیٚ ئەوەی ئیشم بەمام جەلال هەبووبێت ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست و مەسئولی مەکتەبی عەسکەری و بەبیٚ من هیچ بریارێك لەحزبی سۆسیالیست نەدەدرا وەمن ئەو نامەیەم نوسیووە وئێستاش وداهاتووش لیٚ ی پەشیمان نیم ونابمەوە لەدانیشتنێکدا جارێك کاك نەوشیروان وادیاربوو نامەکەی لای مام جەلال پیشانی دابوون لای ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی خۆیان بەتەعلیقەوە باسی ئەو نامەیەی کرد نەك وا کەمن تێبگەم بەلاٚم

من زانیم مەبەستی من بوو کاك نەوشیروان لەحزبەکەی مام جەلال بوولەگەڵیان بووە و شەری بۆدەکرد بەلاّم من هەر لەحزبێکی کەبووم و کەچی ئەو نامەیەی منی قبوڵ نەبوو بەهەرحاڵ من لەژیانی کارکردندا ئەوەی قەناعەتم پێ هەبوو کردوومەو هەرگیز لێ پەشیمان نیم وهەموو مەبەستێکم خزمەت کردنی میللەتەکەبووەو ئەو کەسەش خزمەتی بکات کەسی منە وەهیچ کاتێك بۆژیانی خۆم کارم نەکردووە، لە1991/12/29 لەسلێمانی بووم، لە1991/12/30 لەهەڵەبجەو سلێمانی بوم و خەریکی ئیشوکار بووم، لە1991/12/31 دوا رۆژی ساڵی 1991 بوو لەهەڵەبجەوە چوینە قەدەفەری و سەیدصادق وبۆسلێمانی و چوینە لای کاك صباحی حمەسەعید بەگی دەرەشیش پیاوێکی باش ودڵسۆزبوو بۆکورد کەماوەیەکی کەمبوو دۆستی من بوو بەلاّم پەیوەندی ئەوماوەیەمان زۆر لەوە زیاتر بوو لەگەڵ وەختەکەدا بەداخەوە دوایی لەکارەساتێك شەهیدبوو کەدوو تاقم دوژمندار شەریان ببوو ئەویش لەبەینیاندا بەرکەوت، ساڵی 1991 مان بەرێ کرد کە(9) مانگی تەواوی ئەوساڵە ئازادی بوو من لەبیرم نایەت هەردەیانوت ئەم بەهارە بەهاری ئازادییەو نەبوو بەلاّم بەهاری 1991 یائازاری 1991 بوو بە بەهاری ئازادی ئاگری نەورۆز لەناوشاری کەرکوك کرایەوە، ساڵی 1991 ساڵێکی پر لەخۆشی و شادی و کامەرانی وئاشتی و برایەتی و بەیەك شادبونەوەی کوردبوو، ساڵی مژدەی ئازادی کورد کوردبوو ساڵی سەرکەوتنێك بوو کەکورد هەرگیز نەی دیبوو بەچاوی خۆی کەپارچەیەکی گەورەی کوردستان ئازاد بێ لەخانەقین بۆزاخۆو مەساحەیەکی فراوان بەزۆر دوژمن راماڵێت و دەری بکات وتۆڵەی چەندساڵەی لێ بکاتەوە وفرمێسکی خۆشی برێژێت و حزبی سیاسی هەبێت و جەیشی هەبێت و سەدان رێکخراوی خێری ئەوروپاو ئەمریکا ودنیا لەکوردستاندا بێت و دەوڵەتانی گەورەحمایە بۆکورد دابنێن و بیپارێزن و یارمەتی بدەن و تەقەیەك لەکوردستان ببێت شەو لەهەموو دنیا باسی بکرێت و کێشەی کورد بڕواتە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و مجلسی ئەمن و بریاری (688) ی نێو دەوڵەتی بۆکورد دەربکرێت و رۆژانە دەنگی کورد لەکوردستانەوە بگاتە هەموو دنیاو بەسەدان ملیۆن دۆلار بێتە کوردستان و جگە لەوەش کورد خۆی حاکم بێت و لەکوردستاندا بێت وکەس حوکمی نەکات ئەوە نەك هەر ئۆتۆنۆمی یە بەڵکو

سەربەخۆیشە، ساڵی 1991 ساڵێکی گرنگ وپڕ لەخۆشی و مێژویی بوو بۆگەلی کوردو ئەوهەموو خەبات و تێکۆشانەی کورد کەهێشتا لەسەروی ئەوەشەوە بوو بەلاّم ئەوەی ئێستا بەدەست هاتووە ئەگەر خۆمان تێکی نەدەین سەرکەوتنێکی گەلێ گەورەو مێژوییە ودەتوانین زۆر شتی لەسەر بنیات بکەین لەداهاتوودا ئەگەر خۆمان تێکی نەدەین وەکۆچی (3) ملیۆنی خەڵکی کوردستان بەهەنگاوی مێژویی و گرنگ بوو وە بەرەی کوردستانیش ئامێرێکی گرنگ بوو کوردی یەك خست و کۆی کردنەوەو سەرپەرشتی کردنی راپەرین و جوڵانەوەی ئازادی خوازی گەلی کوردبوو، هەروەها رۆژی 1991/3/5 شانازییەکی گەورە بوو بۆکوردو حزبمان کە ئەو هەموو ئاوات و شۆرشەی گەیاندە قۆناغی سەرکەوتن.

**بەخواتان دەسپێرم تابەرگی چوارهەم**

**********

تێبینی :

لەبەر هۆکاری تەکنیکی و ئاسان خوێندنەوەی کتێبەکە لەلایەن میوانانی جەماوەرنیوزەوە ، بەڵگەنامەو وێنەکانمان بڵاونەکردەوە.

خوێنەران دەتوانن لە دەقی چاپکراوی هەر سێ بەرگی رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک سەرجەم وێنەو بەڵگەنامەکان ببینن.